# نەتەوەو حەکایەت

## بەرگی یەکەم

# نەتەوە و حەکایەت

## (بەرگی یەکەم)

### ڕێبوار سیوەیلی



**Nation and Narration**
Critical essays I&2
By
Rebwar Hama Amin Siwayli
2end edition 2008
Mukriyany Publisher
Arbil, Iraq: Kurdistan.

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **نەتەوە و حەکایەت** (بەرگی یەکەم)
- **بابەت:** (وتاری ڕەخنەیی و فیکری)
- **نووسینی:** ڕێبوار سیوەیلی
- **تایپ و نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **ژمارەی سپاردن:** ٩٥٥
- بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ٢٠٠٨
- **نرخ:** ٦٠٠٠
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٧٨)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێڕست


پێشەکی چاپی دووەم ..... ٩

وتەیەك بۆ چاپی یەکەم ..... ١١

**بەشی یەکەم: پۆلیتیکا** ..... ١٣

- سوڕی خوێنی نەتەوە ..... ١٥
- کاتێ کەشتی دەبێتە نیشتمانت! ..... ٢١
- چی سنوور بۆ دەسەڵاتی سەردارانی شەڕ دادەنێت؟ ..... ٢٩
- ئەزموون و ێرانە ..... ٣٩
- سیاسەت لە نێوان ئاڵوگۆڕو لێداندا ..... ٤٩
- گازگرتنی سیاسی/ سیاسەتی گازگرتن ..... ٥٩
- لە دژی تیرۆریزم: شارێك بەپێوە! ..... ٦٧
- لە دوای تیرۆر: هەستی تۆڵەکردنەوە، یان لۆژیکی بەردەوامیی ..... ٧٣
- لە تۆڵەوە بۆ لێکبووردن ..... ٧٧
- تیرۆری ئاشکرا، تیرۆری داپۆشراو ..... ٨٥
- (بچووك) و (گەورە) لە سیاسەتدا ..... ٩٩
- گۆڕانکاری: لە پرۆسەیەکی سیاسیەوە بۆ گوتارێکی فیکری ..... ١٠٥
- گوتاری تێکەڵکردن: لە ئەمەریکاوە بۆ خێڵی حەمە؟ ..... ١١٥
- لە دژی شەرمنیی سیاسی! ..... ١٣٣
- سیاسەتمەدار و فەیلەسووف ..... ١٣٩





**بەشی دووەم: خود، ناسنامە، ئەویتر** ..... ١٤٣

- دیموکراتیزەکردنی خود ..... ١٤٥
- خودی دەنگدەر، خودی دەنگبۆدراو ..... ١٥٥
- بەدوژمنکردنی بەرامبەر و فاشیزمی متبوو ..... ١٦١
- نەتەوە گەورەکان، گەورەیی نەتەوەکان ..... ١٧١
- نەتەوەو حەکایەت ..... ١٧٧
- لە رەهەندی (مێژوویی)ـەوە بۆ رەهەندی (یۆتۆپیایی) ئەنفال ..... ١٨٣
- ژیاندۆستی (کوێر) لە کۆمەڵگای (نابینا)دا ..... ١٩٣
- لە بەدگومانییەوە بۆ ئازادی ..... ٢٠٥
- ستەم و ئازادی ..... ٢٢٥
- ئازادی و نیشتماندۆستی ..... ٢٣٧
- رەتکردنەوەی ترس ..... ٢٤٩

**بەشی سێیەم: پانتایی هاوبەش** ..... ٢٥٧

- شار، فەنتازیا، شوێنی زۆرەملێ ..... ٢٥٩
- پاسە ڕیمەکان: لە نێوان عەقڵانیەتی رۆشنگەر و عەقڵانیەتی تێکدەردا ..... ٢٦٧
- مازدا، لاداو بەرازیلی: (ئاڵۆزی کایە کۆمەڵایەتیەکان) ..... ٢٧٣
- زانست و بیرۆکراتیەت ..... ٢٨٩
- مەنهەج، کەلتوور، سانسۆر ..... ٣٠٥
- نەوەی هەستیاری، نەوەی ڕەخنە ..... ٣١٧
- لاوەکان و کۆمەڵگا ..... ٣٢١
- لە وەڵامی پرسیارێکدا: کێشەی لاوەکان لەچیدا دەبینی؟ ..... ٣٣٩
- لە وەرزی زستانەوە بۆ وەرزی ژیان ..... ٣٤٣
- ترس لە ئاوێنە و نەفرەت لە بۆنی خۆش ..... ٣٤٧

- لێدوانێك بۆ تێزابرێژەكان ........................................ ٣٥٣
- ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ئاگر ........................................ ٣٥٩
- وتاری (كارەبا) ........................................ ٣٦٧
- دڵ مانای چییە؟ ........................................ ٣٧٥
- چارەسەركردن لە نێوان (پسپۆڕی)و (میهرەبانی)دا ................... ٣٧٩
- (هوشیاری) و (نێرگسیەت) لە ڕاگەیاندنی كوردیدا ................... ٣٩٧

**بەشی چوارەم: ئێستاتیكا** ........................................ ٤١١
- ئەدەب و فەلسەفە ........................................ ٤١٣
- لەودیو ستایشكردنی ئەدەبەوە ........................................ ٤٢١
- فڕین بەشێوازێكی دی ........................................ ٤٣٣
- جوانیی مرۆڤ، جیاوازیی هونەر ........................................ ٤٣٧
- ئەنفال: جەستەكانی رزاند، رووخسارەكانی نەمر كرد ................... ٤٤٩
- نووسین و فیگەر ........................................ ٤٥٥
- فۆتۆگرافی: راستیەكی بینراو، درۆیەكی رووناك ................... ٤٧١
- شاملو: پێیەكانی لەسەفەركەوتن، شیعرەكانی نەء! ................... ٤٧٩
- مرۆڤدۆستی خودا ........................................ ٤٨٥
- بێدەنگیی شیعر ........................................ ٤٩٥
- شیعرییەتی بوون ........................................ ٥٠٥
- پاكژبوونەوە لە رەنگدا ........................................ ٥٢٣
- لە ستایشی كتێبدا ........................................ ٥٢٧
- دایكانێكم هەن، میهرەبانترین لەگەڵای درەخت! ................... ٥٣٣

# پێشەکی چاپی دووەم

کاتێ چاپی یەکەمی بەرگی یەکەمی ***نەتەوە و حەکایەت***، بڵاوکرایەوە، هەروەك چۆن چاوەڕوانم نەدەکرد ئەو پێشوازییە زۆرەی لەلایەن خوێنەرانەوە لێبکرێت، ئاواش دڵنیا نەبووم بە هەمان ستایلی وتارنووسی و ئاستی ئیستاتیکی خۆدەربڕین، بەردەوام دەبم. وەلێ ئێستا بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە لە دوو بەرگدا و بە هەمان شێوازی نووسین ئەم کتێبە دەبێتەوە کتێبی خوێنەرەکانی.

من لە دوو توێی ئەم کتێبەدا، ویستوومە بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە بیر لە کۆمەڵگای خۆمان و گۆڕانکارییەکانی ناوی و هەندێ کێشەی گرنگ بکەمەوە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە، (هەرچەندە لە ئاستێکی سادەدا)، بەڵام هەمیشە بە شێوەیەکی شەففاف و ئیستاتیکیانە، ڕەهەندە جیاوازەکانی واقیع هەڵبسەنگێنم و ڕەخنەکاریان بکەم. بەمجۆرەش لە واقیعێکدا کە زۆرینە حەز بە ستایشکردنی خۆیان و یەکتری دەکەن و لە هەوڵی هێشتنەوەی دۆخەکاندان تا ئارامیی ژیانە ڕەزیلانەکەیان و ژیانێك کە تیایدا خۆیان کردووە بە کۆیلە، نەشێوێ، ئەوە ئەم کتێبە لە دوو بەرگدا ڕێگای ڕخنەکاری و پرسیار و دووبارە بیرکردنەوە لە کۆی ئەو پەیوەندی و تێگەیشتنانە دەگرێتە بەر، کە واماندەزانی نابێت بەشێوازێکی دیکە بیریان لێبکەینەوە.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە باجی زۆرم داوە، بەڵام هەموو نووسین و بیرکردنەوە و قسەکردن و هەڵوێستێکی دەروەستانە، باجی خۆی دەوێت. من لە کۆی وتارەکانی ئەم کتێبەدا ویستومە واقیعیبوون و ڕەخنە لە ئاستێکی ئیستاتیکی دەربڕیندا، بەرجەستە بکەم. واقیعیبوون لەبەرامبەر درۆی ئایدیۆلۆژی و پیرۆزی نەریتەکان، ڕەخنە لەبەرامبەر پیاهەڵدان و دووپاتکردنەوەی بێتاقەتکەر، ئێستاتیکای دەربڕینیش لەبەرامبەر مەسرەفکردنی زمان و بەرهەمهێنانی بێمانایی.

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری زۆرینەی ئەو خەمانەیە کە لەماوەی شازدە ساڵی ڕابردوودا، ئێمەیان ناچارکردووە بەشێوەیەکی هزری و ڕەخنەیی



ڕووبەڕوویان ببینەوە. لەهەمان کاتیشدا ئاستێکی دەربڕینی خەمەکانی مرۆڤی ئەم دەڤەرەن، کە لە نێوان مۆدێرنیزەبوون و نەریتگەرایی، توندوتیژی و ناتوندوتیژی، بەخودبوون و شەرمنی و لەنێوان بێدەنگی و قسەکردندا، گیری خواردووە. ئەم کتێبە حەکایەتی دروستبوون و دۆڕانە بەردەوامەکان و تراژیدیا دووبارەوەبووەکان و کامەرانییە کورتخایەنەکانە و چەندە بەوردی و هێمنی بیر لە باتەکانی کراوەتەوە، هەوڵدراوە ئەوەندەش بە زمانێکی بوێرانە خۆیان دەرببڕن، بۆیە پێویستییان بە خوێنەرێك هەیە هەم وردبین و هەم بوێر بێت. من ئەگەر توانیبێتم لە کۆی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، بەو جۆرە خۆم دەرببڕم، کە خوێنەر لە کات و لەدوای خوێندنەوەیان کەمتر ناعەقڵانی و زۆرتر عەقڵانی، کەمتر توندوتیژ و زۆرتر ناتوندوتیژ، کەمتر نالێبووردە و زۆرتر لێبووردە بێتە دەرەوە، کەمێ لەو ترسەم کەمدەبێتەوە کە لە ئاست دنیای خوێنەردا هەمە. هیوادارم جیهانی کەسم نەشێواندبێ و کەسیشم بۆ هیچ شتێ هاننەدابێ کە دواجار نایگەیەنێتەوە بە خودی خۆی.

سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە گەڵاڵەکردن و چاپی ئەم بەرهەمەدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، هەوڵیاندا، بەتایبەتی هاوکاران و کارمەندانی دەزگای موکریانی.

ڕێبوار سیوەیلی

٢٠٠٨/١/٢٢

## وتەیەک بۆ چاپی یەکەم

وتارەکانی ئەم کتێبەم لە ژێر چوار ناونیشاندا پۆلێن کردوون، کە پێموایە لەهەمان کاتیشدا دەستنیشانکردنی ئەو چوار پانتاییە ڕۆشنبیری و هزرییەیە، کە لەماوەی ساڵەکانی ڕابردوودا، خولیای من بوون: (پۆلیتیکا)، (خود، ناسنامە، ئەویتر)، (پانتایی هاوبەش) و (ئێستاتیکا).

ئەوە زۆر بۆ من گرنگ نیە چەندە لەم کتێبەدا بابەتەکانم باش پێکاون، بەڵکو خاڵی گرنگتر ئەوەبووە، کە توانیبێتم هەنگاوێ بنێم بۆ ڕزگارکردنی ژانری وتارنووسی لە گەرووی تێرنەبووی ڕۆژنامەگەری و بۆنە تایبەتییەکان. بە مانایەکی تر: نەمویستووە بە نووسینی ئەم وتارانە هەر تەنیا ئاستێك لە مەعریفە و لێکدانەوە بەرهەم بهێنم، بەڵکو مەبەستیشم بووە بەشێواز و ڕیتم و تەکنیکێکی ئەوتۆ بنووسم، کە زەوق و چێژی بۆ خوێنەر تێدا بێت، دوای ئەوەی من بۆخۆم چێژی تایبەتیم لەم چەشنە نووسینە وەرگرتووە. دەتوانم بڵێم کۆنترین بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ، وەلێ شەڕ تەنیا بەشێکی وتارەکانی بۆخۆی بردوون و بابەتەکانی ئێرەش کۆی ئەو بەرهەمانە نین کە من لە ساڵی نەوەدو چوارەوە نوسیومن.. دیارە دەبێت بارودۆخێکی زۆر ئازادانەتری سیاسی و لێبووردەییەکی پتر لە ئارادابێ، تاکو بتوانرێت سەرجەمی ئەو بەرهەمانە بڵاوبکرێنەوە!

دەبێت لێرەدا سوپاسی تایبەتیم بۆ گشت ئەو خوێنەر و فێرخوازانەی زانکۆکان دووپات بکەمەوە، کە بە وردی بابەتەکانیان دەخوێندەوە و تۆوی بەردەوامییان لە خەیاڵمدا دەچاند. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە لەگەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی بەرهەمەکەدا هاوکارم بوون و ناوهێنانی هەموویان لیستێکی درێژە، وەلێ ناتوانم ڕۆڵی گرنگی کاك ئاسۆ کەریم و هاوکارانی دەزگای موکریانی: هاوڕێم: موسڵیح ئیراوانی و کاك مراد حەکیم و کاك گۆران ڕواندزی، کاك یەعقوب قادر و



کاك تەها حوسێن و کاك محەمەد هاشم لەبیر بکەم، کە زۆر خۆیان ماندووکرد و منەتباریان کردم..

هەروەها بەپێویستی دەزانم سوپاسی تایبەتیم ئاراستەی هاوڕێی دێرینەم، د. فەرهاد پیرباڵ، بکەم کە بەسەلیقە جوانەکەی لە پەیداکردنی وێنە و نیگارەکاندا ئەرکی کێشا.


دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی سپیرێس و بەتایبەتی برای شاعیر کاك موئەیەد تەیب، بەسنگێکی فراوانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە پیشاندا، جێگەی سوپاس و ستایشن..

ڕ. س

٢٠٠٢

# بەشی یەکەم

# پۆلیتیکا



# سووری خوێنی نەتەوە:
# (لە شەڕی نێوخۆوە بۆ شەڕی خێلاعی)(★)

هەموو لەوەدا تەبان کە(پیاو) و (ژن) لە ڕووی بایۆلۆژییەوە جیاوازن، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەو جیاوازییە دەستنیشانی شوێنی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا ئەکات، بیروڕای جیاوازمان هەیە.

لە کەلتووری ولاّتی مندا، خوێندانانی مانگانەی ژنان بەلای پیاوانەوە، بەپیس بوون و بێ عەمەلبوونی ئافرەتان دادەنرێ و ئەمەش جەهەندەمێکە دەبێ پیاوان بە شێوەیەکی گشتی، ساڵی دوازدە جار قبووڵی بکەن! واتە لەماوەی دانانی خوێندا ژنانی لای ئێمە هەم گوناهە مێژوویییەکەیان لەسەر دەنووسرێ و هەم بەر تاوانی (پیس بوون)یش دەکەون.

ئەم بۆچۆنە بۆخۆی ئاشکراکەری بۆچوونێکی گەورەترە و ئەوە دەردەخات، کە پیاوان لە ولاّتی مندا ناچنە لای ژنەکانیان، بەڵکو دەچنە لای ئەندامی مێینەیی ژنەکانیان. ئەمەیش بەپێی ئەو باوەڕەی کە هەم ژن و هەم ئەندامی مێینەیی ژن، بەشێکن لە سەروەت و سامانی پیاو. پیس بوونی عەورەتی ژن، خۆی دەستدرێژکردنە بۆ سەر (زەکەر)ی پیاو.. ئەگەر دریژە بەو قسانەی سەرێ بدەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە خوێندانان پرۆسەیەکی ناحەزە و ژنێ کە بە هۆی خوێن دانانەوە هەڕەشە لە زەکەری پیاوەکەی بکات، ژنێکی پیسە. ئەمە دیدێکە لە کەلتووری مندا بەرهەم هاتووە تا پیاوانی ئێمە، پیاوانی (پاك)ی ئێمە خۆیانی پێ لە ژنان جوێ بکەنەوە.

بەڵام لە کەلتووری مندا نیشانەکانی پرۆسەیەکی نوێ دەرکەوتوون کە دەشێت لەدوا رۆژدا ڕای سەرجەمی بایۆلۆژیست و جیناسەکان بگۆڕێ! وە رەنگە لە پاشەرۆژێکی نزیکدا گەورەترین تاقیگە لە کوردستاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرۆسەیە، دابمەزرێ..

بەڵێ لە (ك/و/ر/د/س/ت/ا/ن)دا، نەك هەر ژنان سووری خوێندانان تەی دەکەن، بەڵکو پیاوانیش بە سووری خوێندانانەدا ئەڕۆن. ئەمە ئەو دیاردە نوێیەیە کە پیاوان لە فەرهەنگە دێرینەکەی مندا بەرهەمیان هێناوە و من گەرەکمە لێرە بەدواوە زیاتر لێی بدوێم. پێش هەموو شتێ قسەیەکی ئەوتۆ شوێنی سەر سوڕمانە بەڵام بۆئەوەی ماوەی



سەر سووڕمانەکە درێژ نەبێتەوە و تووشی سەرەگێژەمان نەکات پێویستە هەر زوو چەند خاڵێك دەستنیشان بکەم.

(یەکەم): پیاوانی نیشتیمانی من هەرگیز وەك ئافرەتان سووری خوێندانان دووبارە ناکەنەوە چونکە: ژنانی ولاّتی ئێمە بەنهێنی و لە نهێنیدا خوێن دادەنێن. لە ماوەی خوێندانان دا دوورەپەرێزن، ئارەزووی سیکسی و جووتبوونیان دەکووژن و هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی وریایانە هەموو پاشماوەیەکی خوێن دانانەکە بشارنەوە و شوێندەست بە هیچ شوێنێکەوە جێ نەهێڵن. بۆ ئەوەی دواجار بە پاکی بگەڕێنەوە لای پیاو.

(دووەم): بەڵام پیاوانی نیشتیمانی من هەمیشە بە ئاشکرا خوێن دادەنێن و هەردەم بە ئامادە بوون و تیوەئالاّندنی سەرجەمی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا و بەبێ شاردنەوەی هیچ جۆرە پاشماوەو شوێندەستێ، هەڵدەستن بەو کارە. کاتێ پیاوان لە ولاّتی مندا خوێن دادەنێن، بەئاسانی دەتوانین پاشماوەی خوێندانانەکەیان لە سەر شەقامەکان، لە حەوشە و هەورەبانی ماڵەکاندا، لە باخچەی گشتیدا، بەسەر درەختەکانەوە، لە نزیك تانکیی بەنزیخانە و قوتابخانەکاندا، بە دەرگا و جامی ئۆتۆمبیلەکان و پاسەکانەوە، بە لەشی کەری بەرەڵلا و سەگی برسییەوە، ببینرێتەوە! ژنان لە ولاّتی ئێمەدا و لە هەر ولاّتێکی دیکەی ئەم جیهانەدا بەپێی وادە و پەیمانێکی تایبەتی لەگەڵ ژنی دیکەدا نایەن دەست بە دانانی خوێن بکەن، بەڵکو پرۆسەیەکی ئۆرگانەکانی لەش تەی دەکەن کە دەورەی سرووشتیی مانگانەی لەشی ئافرەتان ڕادەگرێ. واتە هەرگیز ژنێ نایەت بە ژنێکی تر بڵێ: (با خوێن دابنێین)، بەڵام سووری خوێنی پیاوانی لای ئێمە هەردەم بە ئامادەبوونی دوو پیاو یاخود دووجۆر پیاو دێتە ئەنجام:

پیاوی یەکەم دەیەوێ خوێن دابنێ، پیاوی دووەمیش بە هەمان شێوە، بەڵام دەشێیت ئەم دوو پیاوە، نموونە و نوێنەری دوو شاری جیاواز، دوو ناوچەی جیاواز، دوو گەڕەك، عەشیرەت، حیزب یان عەقیدەی جیاوازبن و لێرەیشەوە، هەریەکەیان ببێتە هۆی خوێندانان بە شار و ناوچە و حیزب و عەشرەت و عەقیدەی ئەویتر. باشترە بڵێم: تەنیا دوو پیاو بەسە بۆ ئەوەی سەرجەمی نەتەوەی ئێمە، وەك نەتەوەیەکی دێرینە لە مێژووی ناوچەکەدا، دەوران و سووری خوێندانانی نەتەوەییمان دووبارە بکاتەوە!

(سووری خوێندانانی نەتەوەیی) ئێمە هیچ ژوان و کاتێکی دەستنیشانکراوی بۆ دانەندراوە. واتە لە مێژووی ئەو بۆنە میللی و کەلتووری یەی ئێمەدا، هیچ رۆژێ لە

مانگدا، هیچ مانگێ لە ساڵدا وە هیچ سەعاتێ لە رۆژدا پێشبینی نەکراوە کە بە پێی ئەو کاتە تایبەتە فەڕڕەی دووبارە کردنەوەکە رووبدات.. کەی دوو پیاوەکە لە بەرامبەریەکدا وەستانەوە، ئەوە سووڕی خوێن گیانی بەبەردێت و سەرجەمی پیاوان لە شار و لادێ و هەندەراندا ئامادە ئەبن بۆ بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان و بە شەوقەوە چاوەڕێی ساتەوەختی هاژەی خوێن دەکەن. جا لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی نیشتمانەکەی من پەیڕەوی لە یاسای عادەت دەکا، ئەوا لە هەموو چرکەیەکدا ئامادەیە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دووجۆر پیاوەکە و trووکانی حەزی عادەتمان.
سووڕی خوێن لە لای پیاوانی نیشتمانی من پەیڕەوی لە هیچ پرۆسەیەکی بایۆلۆژی ناکات، بەڵکو ملکەچی فەرمانێکی دێرینەی کەلتووری کۆمەڵگای ئێمەیە و ئەو فەرمانە رەوتی شارستانیی ئێمە بەڕێوە دەبات. جاری وا هەیە تەقینی فیشەکێ، لە دەست دەرچوونی گوللەیەك، دەمە بۆڵەی نێوان دووکەس یاخود، زەڕینی کەرێ بەسن بۆ ئەوەی سووڕی خوێندانانی نەتەوەیی ئێمە هێلکە تروکێن بکەن. لێرەوە ئیدی برایەتییەکانی ئێمە، دیموکراسیەتەکەی ئێمە، حکومەتەکەمان و هەموو ئەو بەهایانەی دڵمان پێخۆش کردوون، دەبنە ئەو حەپ و دەرمانەی کە ئێمە بە هۆیانەوە رژانی خوێنی عادەمان دوا دەخەین، دەنا بچووکترین ناکۆکی، نیگایەکی کەچ، یاخود کەمترین بە هەڵە لێك حاڵیبوون، بەسن بۆ ئەوەی دوو پیاوەکە لە بەرامبەریەکدا بوەستێنێ و حکومەت و دیموکراسیەت و برایەتیەکانمان بەدرۆ بخاتەوە. ئەگەر مێژووی ئێمە لە هەندێ قۆناغی خۆیدا، شانازی و سەرکەوتنێکی بۆ خۆی تۆمار کردبێ، ئەوە دەبێت ئێمە ئێستا سوپاسی ئەو تاقە پیاوە بکەین، کە نەبۆتە هۆی trووکانی حەزی سووڕی خوێن لە جەستەی نەتەوەدا. بەڵام ئەوە دێرزەمانێکە کۆمەڵگەی ئێمە نەیتوانیوە لە دوو جۆر پیاو زیاتر بەرهەم بهێنیت. ئەم دوو پیاوەش لە سەرجەمی خانەکانی کۆمەڵی ئێمەدا خۆیان دابەش کردۆتەوە و توانیویانە هەریەکەیان لە جۆری خۆی پیاوی هاوشێوەی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە.
ئیدی لە سایەی ئەم دوو جۆرە پیاوەدا و بە هێزی پیاوانی هاوشێوە، سووڕی خوێندانانی نەتەوەیی ئێمە لە وەخت و بێوەخت دا دووبارە بۆتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی چیدی ئەو دوو پیاوە نەتوانن خۆیان بەسەر هاوشێوەکانیاندا بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکەنەوە و کەلتووری ئێمە مەحکوم بە ئارەزووەکانیان بکەن، پێویستە هەر هەموومان لێرە بەدواوە



ویردی (موتاشیۆن) بکەین. موتاشیۆن پرۆسەیەکی بەڕێکەوتە و لە کاتی دابەشبوونی بەکتریادا رووددەدات و بەکتریایەك دروست دەبێت جیاوازە لەوەکانی پێش خۆی: (بە هەڵ دابەشبوون!). بەهەڵەدابەشبوون تەنیا چارەیەکە ئێمە لە دوو پیاوەکە و لە دابەشبوونەوە هاوشێوەکانیان رزگار دەکات و تاقە پیاو دروست دەبێت... دەنا تا ئەو رۆژە، پیاوانی ئێمە باشترین هاوڕێی ڤایرۆس و بەکتریاکانن. (من ئەوەم لە رۆژنامەنوسێکی بەکتریایی بیست  کە تازە لە نیشتیمانی خۆمانەوە گەڕا بۆوە!). بەمجۆرە ئەوەی لە نیشتیمانی مندا روودەدات وەك زۆربە بڕوایان وایە: (شەڕی نێوخۆ) نیە. بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ خوێندانان بە مەرجێ دوو پیاوەکە، یان دوو پیاوی هاوشێوە لە بەرامبەریەکدا وەستابن. زاراوەی شەڕی نێوخۆ هیچمان لەسەر ئەو نەرێتە پێنالێت کە دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی سووڕی خوێنی نەتەوەیی ئێمە!

هەر بۆیەشە شەڕەکانی وڵاتی ئێمە زۆر دوورن لە (ئیرۆتیکا)وە و بەڵگەن بۆ نەبوونی ئیرۆتیك لە شارستانیەتی ئێمەدا. بە پێچەوانەوە، ئەو شەڕانە تا سەر ئێسقان پەیڕەوی لە (پۆڕنۆگرافی، واتە: خیلاعیەت) دەکەن: پیاوی یەکەم دەیەوێت پیاوی دووەم ببەزێنێ و هی دووەم گەرەکیە یەکەم  ژێر خۆی بخات، ئەویان خەون بە ڕەدوونانی ئەمەوە دەبینێ و ئەمیشیان پلان بۆ رووشکاندنی ئەو دادەنێ.. ئامادە نەبوونی ئیرۆتیکا لە کەلتووری ئیمەدا، بۆتە هۆی پتەوکردنی پۆڕنۆگرافیا، پیاوانی ئێمەش باشترین جیبەجێکەری ئەمەی دوایین. بەهیزبوونی پۆڕنۆگرافیا لە لای ئێمە، شتێکە پەیوەندی نیە بە ئامادەبوونی هیزی سێهەمەوە، یاخود بەهیزێکی دووژمنکارەوە، کە بیەوێت پیاوی یەکەم بە گژ پیاوی دووەمدا بکات، بەڵکو بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەر دوو جۆرە پیاوە تاقانەکەی ناو کەلتووری  ئێمە خۆیان بێگانەی یەکترن، واتە (خۆی- بێگانەن. یان: بێگانەن لە خۆ).
ساڵانێکی زۆر بوو ئێمە بە ئامادە بوونی راستەوخۆی دووژمن، قوربانیمان دەدا و خوێنمان دەڕژا، بەڵام لە رژانی ئەو خوینانە سەربەرز بووین و لە پاڵ مێژووی لە ناوچوون و چەوساندنەوەدا، میژووی سەرکەوتن و قارەمانیی نەتەوەمان تۆمار دەکرد. بۆچی؟ چونکە لایەنی بەرامبەرمان هێزێکی  دووژمنکاربوو. ئەو کاتەیش دووژمن ئەو مافە بە خۆی دەدات لە وڵاتی خۆتدا هەوڵی توانەوەت بدات، ئەوە تۆیش هەموو مافێکی لە خۆ بەرگریکردنت بەدەستەوەیە. ئێمە ساڵانێکی دوورودرێژ لە نیوەندی ئەم پەیوەندییە نا یەکسانەدا بووین و بەئاسانی دەمانتوانی دواکەوتوویەکانمان، تیکشکانەکانمان و

ئازارەکانمان وەکو ئەنجامی کردەوەی داگیرکاران بە خەڵکی جیهان رابگەیەنین، لەو رێگەیەشەوە هەوڵمان دەدا جیهان بکەین بە بەشێ لە خۆمان و دووژمن لە جیهان دابڕ بکەین.

بەڵام لە سووری ئەمجارەی خوێنداناندا هیچ دووژمنێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەئارادا نیە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەوە دووژمن نیە کە وەك فاکتەریکی بەهیز بۆتە هۆی دروست بوونی شەڕ، بەڵکو هەموو ئەو پارچانە ئامادەن، کە ئەگەر بێت و پێکەوە گرێیان بدەینەوە، یاخود لە ژێر گەرماییەکی بەتین دا بیانتوێنینەوە (پلەی ئەو گەرمییە نابێ لە پلەی گەرمی شەڕ خۆی کەمتر بێت!) و پاشان لە قالبیان بدەینەوە، ئەوە لە ئەنجامدا دوو جۆر پیاوەکەمان بۆ دروست دەبێتەوە. ئەو دوو جۆرە پیاوەی ناشێیت بە قارەمانی نەتەوە، یان شۆڕشگێڕی گەل ناویان ببەین، بەڵکو تەنیا وزەیەك لەواندا هەبێ ئەوەیە کە بۆ کۆپیکردنەوەی خۆیان بە کاری دەهێنن، نەك بۆ گەشەدان بەپرۆژەکانی کۆمەڵ..

دەنگێ کە لەمەوبەر، سیاسەتێ کە پێش ئێستا باسی یەکگرتنەوەی هەر هەموو پارچەکانی (کو-ر- د- س- ت- ا- ن) ی کربێتە ئامانجی خۆی و ویستبێتی سنوورە زۆرە ملێیەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوە سیاسەتێکە رۆڵی هەردوو جۆرە جەنتڵمەنەکەی لە بیرکردووە: دەنگی ئاشتیخواز لە داهاتوودا ئەو دەنگەیە کە هەوڵبدات چۆن پارچەکانی نێو هەر پارچەیەکی کوردستان پێکەوە تەبا بکاتەوە. چیدی شۆڕشی گەورە ئەوە نیە کوردستانێکی گەورە دروست بکاتەوە بەڵکو ئەوەیە چۆن ناوچەی بادینان و ناوچەی سۆران، عەقیدەی بەرزانیەت و عەقیدەی سۆرانیەت، ئاگایی هۆزی بارزان لەگەڵ ئاگایی هۆزی تاڵەباندا پێکەوە تەبا بکاتەوە بۆ ئەوەی لە دوا ئەنجامدا سەرجەمێکمان بێتە دەست کە بشێت ناوی بنێین(کورد).

دوو پیاوەکە لە ناو لەشی هەر یەکێکماندان. کەسمان بە تەنیا هەڵگری سیمای تەنیا یەکیکیان نین: من شارەکەی خۆمم لە شارەکەی تۆ خۆشتر دەوێ، بە پێشکەوتووتری دەزانم و بە زمانی پاکی ئەوێ دەدوێم، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە شارەکەی تۆ، لە پێشکەوتن و رۆشنبیریی و شۆڕشگێڕێتی و لەهجەی شارەکەی تۆ بەدگومان بم. تۆ بە پێی هەمان ئەو نەریتانە نارۆیت کە لەمەڵبەندی مندا باون، هەمان ئەو ئایدیالانە پەسەند ناکەیت کە من هەمن! کەواتە تۆ لە دەرەوەی سیستەمی بیرکردنەوەی منیت، تۆ (خۆی- بێگانە)ی منیت. بەمجۆرە هەریەکەمان هەوڵدەدەین بە پێی رۆشنبیریی ناوچەچێتی خۆمان



ئەوی دیکەمان لە خۆمان فۆتۆکۆپی بکەینەوە، کە ئەمەیش لەدوا ئەنجامدا نیشانەی هەبوونی ووزەی دوو جۆرە پیاوەکەیە لە ئیمەدا.

لە داهاتوویەکی نزیکدا، پەیمانی وەستاندنی شەڕی نێوان دوو جۆر پیاوەکە دەبەستریت. لە چەندین رۆژی داهاتوودا دیموکراسیەتەکەی ئێمە و ئاشتیخوازییەکەمان دەکەویتەوە گەڕ. دەستی یەکتر رادەگوشین و ئەمەش بەختەتی گەورە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانمان و ئیزگەکان و کانالی تەلەڤزیۆنەکانمان رادەگەیەنرێ. هەموو ئەمەیش ناودەنێین: (تازەکردنەوەی برایەتی) (وە هیچ کەسکێش پرسیار لەوە ناکات، ئەگەر برایەتیەك بوونی هەبێت، تازە کردنەوەی مانای چی؟) بەڵام ئەوە بە مانای بڕانەوەی (شەڕی نێوخۆیی) نیە. شەڕی نێوخۆیی هەر بەردەوام دەبێت، چونکە تا ئێستا هیچ جۆرە بە هەڵە دابەشبوونێك (مووتاشیۆن) رووی نەداوە و تا ئێستا دوو جۆری پیاوەکە پڕن لە خەون و ئارەزوو، کە بە هۆی جەنگەوە دێنە دی. بۆیە بەردەوام دەبن لە خۆ دابەشکردنەوە و ئێمەش دەکەوینەوە بانگەوازە ساویلکە و سادەکانمان بۆیەکێ لەو دوو پیاوە، بۆ رەنگی جێ پەسەندی یەکێکیان و چاوەڕێی ئەو فاکتەرانە دەکەین، کە دیسانەوە دەبنە هۆی پژانی سووڕی خوینی نەتەوەییمان! ئەمە مەزنترین دەستکەوتە، پیاوانی نەتەوەکەی من لەم چەرخەدا پێشکەش بە شارستانیەتیان کردووە. بۆیە هەر بزووتنەوەیەك لە کەلتووری مندا کە رزگارکردنی ژنانی کردۆتە ئامانجی خۆی و گەرەکیە هەموو ئەو ئەفسانانە لە بارەی دەورەی خوێنی مانگانەوە بە شیوەیەکی (زانستی) بۆ میشکی (عامەی خەڵك) روون بکاتەوە، ئەرکی سەرشانیەتی بە زمانێکی عامیانەیش (عیلمیەتی سووڕی خوێنی پیاوان) روون بکاتەوە لە کەلتووری ئێمەدا.

من، مەزنترین دەستکەوت و دیاریی پیاوانی نیشتمانەکەم بەنەفەرەت دەکەم. تا سەر ئێسقان بەنەفرەتی دەکەم...

**کۆپنهاگن: ١٩٩٤/٥/١٩**

(*) لە مانگنامەی هەنگاو دا، لەندەن، بڵاوکراوەتەوە.

# کاتێ (کەشتی) دەبێتە نیشتیمانت؟![*]

(١)

لە کۆتایی ساڵی ٩٧ و سەرەتای ساڵی ٩٨دا، سێ کەشتیی دەریایی لە رۆخ سنووورە ئاوییەکانی ئیتالیا لەنگەریان گرت. کەشتییەکان لە تورکیاوە هاتبوون و سەرجەمی رێبوارەکانی ناویشیان  کورد بوون. ئەمە ناوەرۆکی ئەو هەواڵە بوو کە زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی رایانگەیاند و وێنەی رێبوارەکانیشیان، (کە زۆربەیان منداڵ و ژن بوون) لەگەڵدا بڵاوکردەوە. ئەم هەواڵە، لە پێشەوە بووە هۆی نارەزایی دەربڕینی هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپی لەئاست دەوڵەتی ئیتالیدا کە (سیاسەتێکی پتەوی نییە بۆ پارێزگاریکردنی سنوورەکانی) و ئەمەش هەلێکی گونجاوی بۆ قاچاخچییەکان رەخساندووە تا بە شێوەیەکی نایاسایی خەڵك بکەن بە ئەوروپادا. بەڵام بە هاتنی کەشتیی دووەم و خەبەری بەڕێوەبوونی کەشتیی سێهەم، رەخنەکە راستەوخۆ ئاراستەی رژێمی تورکی کرا، ئەمەش بەوەی کە لەپشت ئۆرگانیزەکردنی ئەم سەفەرانەوە وەستاوە. هەندێکیش (پ.ك.ك) لە پشت ئەم کارەوە دەبینین، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەبوو کە لەناو رێبوارەکاندا ژمارەیەکی زۆر کوردی ژێر دەستی رژێمی تورکی بەرچاو دەکەون کە وا دەکا بگوترێ: ئەگەر فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی تورك ئاگادار نەبن و رازی نەکرابن، ئەمانە ناتوانن ئاوا بەو ژمارە زۆرە و راستەوخۆ لە تورکیاوە بێنە دەرێ.. هەندێکیش ئەمە بە هەوڵدانی تورکیا لێکدەدەنەوە بۆ تەنگەتاوکردنی دەوڵەتی ئەوروپی و وەك تۆڵەسەندنەوەی تورکیا لە ئاست بڕیاری یەکێتی ئەوروپا حسابی بۆ دەکەن، کە رازیی نەبوو تورکیا بۆ ناو ئەو مەجلیسە داوەت بکات. لە روانگەی لایەنە رەسمییەکانی ئەوروپاوە، پرسیاری هەرە سەرەکیی تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە ئەوەیە، کە چۆن سنوورەکانی ئەوروپا قاییم بکرێن، نەك چ هەڵوێستێ لە ئاست بارودۆخی کوردستاندا، کە یەکێك لە ئەنجامە خراپەکانی کۆچکردنی هاووڵاتییانە، وەربگیرێت. غایب بوونی ئەو



هەڵوێستە، بە ئاشکرا ئەو گۆڕانە گرنگە لە ئاخاوتنی ئەوروپادا لەسەر کورد دەردەخات کە ئێمە لەسەردەمی راپەڕین و دواتریشدا توانیمان هەستی پێبکەین. لەو سەردەمەدا ئاخاوتنی رەسمیی ئەوروپی و راگەیاندنی گشتی، هەمیشە تۆنێکی (بەزەیی ئامێزی) پێوە دیاربوو. وێناسازیی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ کورد وێناسازیەك بوو، کوردی وەك (نەتەوەیەکی چەوساوەی وڵات داگیرکراوی هەژار) دەخستە روو، کە چارەنووسی بەندە بەو فشارەی خۆرئاوا و ئەمەریکا لە ژێر ناوی (رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ) دەیخەنە سەر رژێمەکانی ناوچە بۆ باشتکردنی گوزەرانی کورد. ئەم وێناسازییە چەندە راستی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد دەپێکا، لێرەدا گرنگ نییە، بەڵام لەگەڵ هەموو لایەنە نێگەتیڤ و لەگەڵ هەموو شێواندنەکانیشی بۆ حەقیقەتی قەیرانی کوردی، هێشتا بەهۆی ئەوەی کە تۆنێکی بەزەیی ئامێزی پێوە بوو، توانی ویژدانی رای گشتی جیهان و بەتایبەتی ئەوروپی بجولێنێت و لێرەشەوە کورد ببێتە بەشێ لە (ئاگایی) مرۆڤی ئەم هەرێمە.

گۆڕانی گەورە لە ئاخاوتنی ئێستای هەمان ئەو لایەنە رەسمی و دەزگا راگەیاندنانەدا، لەوە دا دەبینرێت، کە چیدی ئەو تۆنە بەزەیی ئامێزە نابیستین و چیدی لەسەر ئاستی مافەکانی مرۆڤەوە قسە لەسەر کوردەکان ناکرێت. لێرشەوە وێناسازی دەزگاکانی تەلەفزیۆنی جیهانیی بۆ کورد، بۆتە وێناسازییەك تیایدا کوردەکان وەك ئەو دەم و چاوانە پیشاندەدرێن کە بە بڵاووونەوەیان بە ئەوروپادا، ژمارەیەکی زۆرتری خەڵك بە دوای خۆیاندا رادەکێشن. دەگوترێ: ئەم پەنابەرانە (لە ژێر فشاری ئابووریدا و بەشێوەیەکی نایاسایی دێن بۆ ئەوروپا و دەیانەوێت پارووەکانی خۆشبەختیمان لەگەڵ دابەش بکەن)! کەواتە ئەرکی سەرەکی ئەوە نییە چی بکەین بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەم خەڵکە لە کوردستان چارەسەر بکرێت؟، بەڵگو ئەوەیە کە ژمارەی پۆلیسەکانی سەرسنوور زیاد بکرێن و کەوشەنەکانی ئەوروپا بەجۆرێك قاییم بکرێن، کە چیدی بوار نەبێت بۆ مرۆڤی بەشەکانی دیکەی دنیا لێیان بپەڕنەوە بۆ ئەمدیو!

(٢)

وەلێ، با کەمێ لە مانای (خەبەر)ی و ناوەرۆکی (دەنگ و باس)یانەی ئەم رووداوە خۆمان بدزینەوە و لە ئاستێکی سیمبولیدا مامەڵەی لەگەڵ بکەین، واتە لەو

ئاستەدا کە شتێکی تازەمان لەسەر ژیانی کورد لە ساتەوەختی ئێستادا پێدەڵێت. لێرەشەوە دەبێ (کەشتی) لە ئاستی هۆیەکی گواستنەوە بکەینە دەرێ و وەك نیشانە و شوێنێ تەماشای بکەین بۆ مانەوەی مرۆڤ لە هەرێمی (ژیان)دا. لەم روانگەیەوە کەشتی هەر بە تەنیا هەوارێکی مانەوەی کاتی نییە بۆ کورد کە لە ساتێك لەساتەکانی تراژیدیاکەیدا پەنای بۆ دەبات، بەڵکو جێگرەوەیەکیشە بۆ ئەو هەوارەی، یان ئەو پەناگەیەی پێشتر کورد لە ساتە تراژیدیاکانی رابردوویشیدا پەنای بۆ دەبرد و چەندین سەدەی مێژوویش تاقە ماڵ و خانەی ئەم نەتەوەیە بوون. بەمانایەکی دیکە پێویسە کەشتی وەك ئەو شوێنە ناچاریە ببینین کە میللەتێك لە ژێر فشاری ساتەوەختی تراژیدیانەی ئێستای خۆیدا پەنای بۆ دەبات. دەکرێ ئەمەش وەك گۆڕانێکی گەورە لە تێگەیشتنی کورد بۆ چەمکی (مانەوە) لێکبدەینەوە، چونکە ئەگەر جاران کورد مانەوەی خۆی لە کونی ئەشکەوت و بنار چیاکاندا بەدەست دەهێنا، لەبەر ئەوە بوو کە ئەم مانەوەیەی دەبەست بە مانەوەی شتێکی گەورەترەوە. پەنابردنی کورد بۆ ناو چیاکان لە هەمان کاتیشدا پێماندەڵێت کە ئەم میللەتە نرخی مانەوەی خۆی بە ئومێدی (مانەوەی لەسەر خاکێك) دەبینی کە بە نیشتمانی خۆی دەزانی. ئەمە ویستێ بوو بە درێژایی مێژوو وایکرد، بوونی مرۆڤی کورد ببەستێ بەبوونی نیشتمانەکەیەوە، هەر ئەمەش بوو کە توانای بەرگەگرتن و خۆ راهێنانی بەجۆرەها شێوازی ژیانی سەخت لەو خاکەدا، بە کورد بەخشی و، وایکرد هەندێ لە مێژوونووس و گەڕیدەکان لە وەسفکردنی کوردا سیفەتی (ئازایی) پێ ببەخشن، ئەگەرچی لەو کاتەدا ئەوان دەیاننوسی (ئازایی) بیریان لە (دڕەندەیی) دەکردەوە!

لە راستیدا بۆ مانەوە لە هەرێمی ژیاندا ئەبێ دڕندەبیت، بەتایبەتی کە هەر چواردەورەت بەو هێزانە گیرابێت کە دەیانەوێ بتسڕنەوە و بەرەو مەرگت راپێچ بکەن. ئەگەرچی چیاکان خۆیان سنوورێك بوون (کورد) و (مردن)یان لێکدی جودا دەکردەوە، بەڵام دواجار چیاکانیش لاوازیی خۆیان هەبوو، پەناگەیەکی ئاشکرا بوون و شوێنەکەیان زانراو بوو، بۆ هێزی مردن ناسراو بوون و بۆیان هەبوو لە هەر ئان و ساتێکدا ببنە جێی شاڵاوە لەپڕەکانی لەشکری مەرگ. ئەمەش راستییەك بوو لەم سەدەیەدا بۆ کورد ئاشکرا بوو: چیاکان چیتر گەرانتی مانەوەی ئەم نەتەوەیەیان



نەدەکرد. دوژمنەکان بە هێزتر ببوون و توانای دەستنیشانکردنی نهێنی مانەوە و بەرگرییەکانی کوردیان بە دەست هێنابوو. تەکنەلۆژیایەکیان هاتبووە بەردەست هەم کاریگەرتر و هەم خێراتریش بوو، چیدی بە ناوی (کافرو چەتە و ڕێگرەوە) مەشروعیەتیان و بە کوشتنی کورد نەدەبەخشی. بەڵکو ئەوان بەناوی (شارستانییەت و پێشکەوتن)ەوە هاتبوونە مەیدانەوە و بۆ سەرکەوتنیشیان لەمەدا، دەبوو ئەو (بەربەری و یاخی و دڕندانە)ی چیا پاك بکەنەوە، کە دوژمنی مەدەنییەت و رێگرن لەبەردەم شارستانییەتدا.

لێرەوە چیا وەك شوێنکی (نەبزواوی بێجووڵە و لە دوژمنەوە دیار) چیتر نەیدەتوانی پشت و پەنای کوردان بێت. چونکە مەرگ چیدی (چاوەڕێکەر) نەبوو، بەڵکو شاڵاوهێنەرێك بوو دەیتوانی دەستی بە هەموو شوێنێك بگات و لە هەموو سنوورێك بپەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆری ویست تا کورد تێبگات کە تازە سنوورەکانی نهێنی مانەوەی، هەوارگە و ئەشکەوتەکانی خۆشبەختی، هەموویان نرخی خۆیان دۆڕاندووە و ئیتر  ناتوانن لە مەترسی لەشکری مردن بیپارێزن. رەنگە هۆی ئەمەش ئەوە بێت، کە ئولفەتی چەندین ساڵەی کورد بەو پەناگایانەوە (لە زەین و بیرکردنەوەیدا)، ببووە عادەتێکی نەگۆڕ کە وازهێنان لێی کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی کە عادەتەکان هەمیشە بە جۆرێ لە (پیرۆز)ییش دەوریان گیراوە.

(٣)

رێك لەو کاتەدا کە چیا نەبزواوەکان بۆ سوپای مەرگ دەبنە شوێن ئامانج و بۆ کوردیش دەبنە کوشتارگەیەکی دیکە و ناتوانن لە هەرێمی ژیاندا بیهێڵنەوە، خاك و نیشتمان سیمبولیەتی خۆیان لەدەست دەدەن. واتە چیتر رەمزییەتی خاك و بەهەر نرخێ مانەوە لەسەر ئەو خاکە ناتوانێت ویستی مرۆڤەکانی ناوی بۆ (ژیان و مانەوە) بە خۆیەوە گرێ بدات، ئەمەش سەرەتایە بۆ کرانەوەی دەروازەکانی ئاوارە بوون:

کۆچ و ئاوارەیی لەو ساتە تراژیدیەوە دەستپێدەکا، کە چیدی مرۆڤ ناتوانێت لە ماڵی خۆیدا وەك مرۆڤ بژی و بەو ژیانە خۆشبەخت بێت.. کۆچکردن بڕیارێکی بیرلێکراوەی پلان بۆ داڕێژراو نییە، بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەی ئەو نائارامی و پەشۆکانەدا تەماشای بکەین کە بە تێپەڕبوونی زەمەن وا لە مرۆڤێ دەکات نەتوانێت

لەماڵە جەهەندەمیەکەیدا، بیر لە هارمۆنییەت و ئارامی و دوارۆژی خۆی بکاتەوە. کاتێکیش مرۆڤ لە سەر لێشێواویدا بڕیاری سەفەر دەدات، ناتوانین پێی بڵێین (گەشتگەر) یان وەك کەسێ تەماشای بکەین، کە بە دوای حەزەکانیدا بۆ پارە، ئافرەت یان ڕەفاهیەتی ژیان و تاقیکردنەوەی دنیاکانی دیکە دا عەودالە. ئەو کەسە هەر هاندەرێك (مۆتیڤ)ێکی لەو بابەتەشی لە قوژبنێکی بیرکردنەوەیدا هەبێت، هێشتا ناتوانرێت لەو مافە بێبەری بکرێت کە مافی ویستی ئەوە بۆ ژیانێکی بەهادار و ئینسانیی. لەگەڵ ئەوەشدا کە زانراوە کوردەکان پارەیەکی زۆر لە سەفەرەکەیاندا مەسرەف دەکەن و (شارەزایان)یش لە شاشەکانەوە پێمان دەڵێن: کە ئەو پارەیە دەتوانێت دەرامەتی ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا بۆ ماوەیەکی زۆر دابین بکات، هێشتا ناتوانرێت مافی ژیانێکی پڕ بەها وەك مۆتیڤی هەرەسەرەکیی ئامانجی سەفەرەکەیان، بێ بایەخ بکرێت، تەنانەت ئەگەر سەرجەمی ئەم نەتەوەیە ڕێگای سەفەر بگرێتە بەر. بەڵام ڕێك و ڕاست ئەمە ئەو مافەیە کە چیدی لە نیشتیمانی کورددا نایەتە دی و ناچاری دەکات بە سەفەرێکی مێژوویی دیکە تا لە پێناوی مانەوەی خۆی لە هەرێمی ژیاندا، شەڕی بۆ بکات.

خاڵی هەرە دیاری ئەم شەڕە لەوەدایە کە شوێنی (نەگۆڕ و نەبزواو جێدەهێڵێت و چارەنووسی خۆی دەداتە دەست شوێنێ، کە بە هیچ مانایەك ناتوانێت چەسپاو و نەگۆڕ بێت. ئەمەش سەفەرێکە لە وشکانییەوە بۆ تەڕایی، لە چیاوە بۆ دەریا و لە خۆ حەشاردانەوە بۆ خۆ ئاشکراکردن. چونکە بەراستی بە شێکی زۆری چەوساندنەوەکانی کورد و لایەنێکی گەورەی تراژیاکەی لەو پەناگایانەی سەر خاکی وڵاتەکەیدا وندەکران و لە بیر دەبرانەوە، کە لە هەمان کاتیشدا دەبوونە گۆڕستانە بە کۆمەڵیەکانی. بەم پێیەش تراژیدیای کورد چیدی تراژیدیایەك نییە مەترسییەکەی تەنیا لە سەر ژیانی کورد بێت، بەڵکو ئەم تراژیدیایە هاتووە تا هەڕەشە لە (ژیان بە گشتی) بکات. مانایەکی شاراوەی ئەم تراژیدیایە ئەوەیە جەخت لەسەر هەبوونی هێزێکی شەڕانی لە جیهانی ئەمڕۆدا دەکاتەوە، کە چیدی نەك هەر ترسی نییە لە شاردنەوەی قوربانییەکانی، بەڵکو دەشیانکاتە پیشانگایەك لەبەردەمی جیهاندا. بینینی ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لەسەر کەشتییەکان تەنیا بێدەسەڵاتی کورد، یان



قەبووڵکردنی ڕۆڵی بوون بە قوربانیی لەژێر چەپۆکی ئەو هێزە شەڕانییەدا، ئاشکرا ناکات، بەڵکو ڕۆڵی چالاکبوونی کوردیش لەپێناوی ئاشکراکردنی شەڕانییەتیدا دەسەلمێنێ. لێرەشەوە بۆ یەکەمجارە جیهان پێویستی بە ناسینەوەی قوربانییەکان نییە، تا تاوانبارەکان دەستنیشان بکات، بەڵکو خودی قوربانیی دەبێتە ئەکتەرێکی دیار و، دێت بۆ ئەوەی دەستی جیهان بگرێت و بیباتە سەر شوێنی تاوانەکان. بەم پێیەش دەکرێ کورد بە یەکێ لە قوربانییە زیندووەکانی ئێستای بەشەریەت ناوبەرین..

(٤)

سەفەری کوردەکان ئا لێرەوە لەگەڵ ئەو داستانە (تەورات)ییەدا یەکانگیر دەبێتەوە، کە دوای تۆفانە گەورەکە، گیانەوەرەکانی ناو کەشتییەکەی (نووح) بوونە گەرانتی بەردەوامیی ژیان لەسەر زەوی. کۆچی بەلێشیاوی هاووڵاتیانی ئێمە زەنگی مەترسی تۆفانێکی نوێ بەگوێی دنیادا دەدات، ئەگەرچی زەوییەك نییە بۆ پیادەبوون لە کەشتییەکان و بەردەوامیدان بە ژیان..

ڕەنگە ئەم ڕووداوە هەر بەتەنیا باسی چەند سەد کەسێکمان بۆ نەکات کە خۆیان داوەتە دەست شەپۆلەکانی دەریا، بەڵکو باسی مەرگەساتی کورد بەگشتی لەناو (داهاتوو)دا دەکات. ئەم هەواڵە تەنیا هەر هەواڵێکی ڕاگەیاندنی نییە، بەڵکو مێژوویەکیشە لە داهاتوودا ڕوو دادەت و هەر لە ئێستاشەوە داوامان لێدەکات لێی ورد ببینەوە. بەخۆڕایی نییە لەناو کەشتییەکەدا کوردی هەر چوار بەشەکەی کوردستان دەبینرێن! ئەمەش لەکاتێکدا بە درێژایی ئەم سەدەیە دەسەڵاتی سیاسی داگیرکەران ڕێگەیان نەداوە کوردەکان تێکەڵ بە یەکتری بن. کەواتە بۆمان هەیە بپرسین: چ حیکمەتێك لەپشت یەکگرتنەوەی کوردی ناو کەشتیەکانەوە هەیە؟! چ قەدەرێك کەشتییەکان دەکاتە (ویلایەتێکی یەکگرتووی کوردی؟)

دیارە دەکرێت خوێندنەوەیەکی گەشبینانە بۆ ئەم دیمەنە بکەین و بڵێین: ئەم ڕووداوە مژدەی ڕووداوێکی گەورەترمان دەداتێ کە دروستبوونی نیشتمانێکی گەورەترە بۆ کورد. بەڵام ئەمە خوێندنەوەیەکی واقیعیی نیە و بۆ کەسانێك ئاگاداری بەسەرهاتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کورد بن، بۆچوونێکی بێمانایشە. کۆبوونەوەی ڕەمزییانەی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان لەسەر کەشتییەکان، لە

بەرجەستەکردنێکی هاوچەرخانەی (مانای تراژیدیەکەیان) زیاتر، ناتوانێت هیچ مانایەکی تری هەبێت. کوردەکان هاتوون تا پێمان بڵێن: ساتی ئێستای تراژیدیای ئێمە ساتێکی دەستنیشانکەرە بۆ مانەوە، یان کۆتاییهاتنمان لە دنیادا. ئەم وێنەیە پێماندەڵێت: ئێمە وەك سەرجەمی نەتەوەیەك لە مەترسیبیداین و چارەنووسیشمان بەستراوە بەیەکەوە، چونکە هۆی بوون بە قوربانییەکەمان خاڵی هاوبەشی (کوردبوونمان)ە.. لێرەشەوە کۆبوونەوەی رەمزیانەی کوردەکان ئەنجامی نغرۆبوونێك و مردنێکی مێژوویی هاوبەشمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەم پێیەش لەبەردەم قوربانییەکی زیندوودواین کە بەر لە مردن، مەرگی خۆی دەبینێ...

(٥)

گۆڕینەوەی نیشتمانێ لە خاك بە نیشتمانێ لە تەڕایی، گۆڕان لە خاڵێکەوە کە تۆ قوربانییەکی شاراوەیت بۆ خاڵێك کە تیایدا خۆت دەکەیتە قوربانییەکی ئاشکرا، سەفەر لە وشکانییەوە بۆ ئاو، لە شوێنی سکوونەتەوە بۆ شوێنی بێسکوونەت.. هەموو ئەمانە هاوشانیشن بە یاخیبوون و جێهشتنی ناخودایەك (کەشتییەوانێك) و خۆ دانە دەست کەشتییەوانێکی دیکە. ئەگەر لە نیشتمانی خاکیی و سکوونەتدا، کەشتیەوانەکان ئەو سیاسی و سەرکردە سیاسیانە بوون و هەن، کە بەبێ نەخشە کەشتی چارەنووسی کوردیان بە ساتێکی تراژیدیانەی بێ وێنە گەیاند و لە کۆتاییشدا رێگای خۆیان لە خەڵك جیا کردەوە، ئەوە ناخودای کەشتی کوردە ئاوارەکان، بەبێ ئیرادەی خۆی، چارەنووسی خۆی بەستووە بە چارەنووسی تراژیدی ئەوانەوە: ئەوان یان پێکەوە دادەبەزن یان پێکەوە نغرۆ دەبن. ئەو کەشتییەوانەش کە لەگەڵ رێبوارەکانیا یەك چارەنووس هەڵدەبژێرێ، هەمیشە بەرێزترە لە کەشتییەوانێ کە پێش گەیشتنەوە بەخاك یان نغرۆبوون، لە کەشتییەکەی دادەبەزێ و خۆی دەدزێتەوە، چونکە ئەگەر ئەمکارەی کرد، چیدی ناتوانیت بەخۆی بڵێت ناخودایەکی سەرفراز، بەڵکو دەبێتە ناخودایەکی دۆڕاو. ئەو نەتەوەیەش کە خاوەنی ناخودای دۆڕاو بێت، ناچارە سەفەری هات و نەهات بکات و خاکی نیشتمانەکەی بگۆڕێتەوە بە تەختایی سنگی کەشتییەك! رەنگە ئەمەش لایەنە کۆمیدییەکەی ئەم تراژیدیایە بێت. لە راستیشدا لە هەناوی تراژیدیانەی هەموو سەفەرەکاندا هەمیشە رەگەزێکی کۆمیدیا لەو دەمەوە



سەر هەڵدەدات کە ئەو بەشەی رێبوارەکان، کاتێ بە سەلامەتی دەگەنە جێ، دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان دەکەن و لەناو بیرەوەرییە تاڵەکانیاندا جاروبار فرسەتێك دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی قاقا بە ناخودا دۆڕاوەکانیان پێبکەنن...!

**١٩٩٨/١/٤**

(*) لە مانگنامەی هەتاودا، لەندەن، بڵاوکراوەتەوە و پاشانیش لە هەفتەنامەی رێگای کوردستاندا ساڵی ٢٠٠٠ چاپکراوەتەوە.

# چی سنوور بۆ دەسەڵاتی سەردارانی شەڕ دادەنێ؟[*]

ئێمە زۆرجار بەپێی عادەت و بەبێ هیچ بەڵگەیەك وشەی (ئەرك) دەبەستین بە هەبوونی توندوتیژی و فەرمانبەرداریییەوە. وادەزانین ئەرك ئەو كارەیە بەبێ ئیرادەی خۆمان خراوەتە سەر شانمان و دەبێ گوێڕایەڵی بین، چونكە بارودۆخێك نیە بۆ خۆمان لە هەڵبژاردنیدا دەستمان هەبووبێ و حەزی خۆمان لەدەستنیشانكردنیدا بەكار هێنابێت. جا ئەگەر هات و پرسیارمان كرد ئەی (ئازادی) چییە؟ ئەوا یەكێك لەوەڵامەكان ئەوەیە كە دەڵێت: ئازادیی ئەو بارودۆخەیە كە هەركەسە حەزەكانی بە ئارەزووی خۆی دەهێنێتەدی. كەواتە ئەگەر (ئەرك) سنوور دانان بێت بۆ (خود)، ئەوا بە پێچەوانەوە، (حەز) شكاندنی هەموو سنوورێكە. ئەو مرۆڤەی ئاگاداربێ لە حەزەكانی خۆی ئەوە لە (خود)ی خۆیشی ئاگادارە. مرۆڤی ناكام و سەر لێتێكچوویش ئەو كەسەیە كە نازانێ چیدەكات، چونكە ناتوانێ ئەوەبكات كە خۆی حەزی لێیەتی...

ئامۆژگارییەكەی سوكراتی فەیلەسووف كە دەیگوت: (خۆت بناسە)! لە هەمان كاتیشدا مانای (حەزی خۆت بناسە)! دەدات بەدەستەوە. مرۆڤ چەندە لە ئەركەكانی ئاگاداربێت و بیانزانێت، هێندەش دەكەوێتە كێشە لەگەڵ حەزەكانی خۆی.

***

ئەو سەربازە جەنگیە كێیە لەبەردەمی مایكرۆفۆنی رۆژنامەنووس و هەواڵنێرەكاندا بەرووخسارێكی شێوێنراو و دەستێكی پەڕیوەوە (كە هێشتا خوێنی لەبەر دەڕوات) دەڵێت، ئامادەیە دوای چاكبوونەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەرەكانی جەنگ؟ ئەو پێشمەرگەیەی چەندین جار لەشەڕی بەرامبەر دوژمندا گیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە و كەچی لەسەردەمی ئازادیدا بەشداری شەڕی براكوژی دەكات، كێیە؟ ئایا ئەمانە ئەو مرۆڤانەن كە لەگەڵ خۆیاندا كێشەیان هەیەو سەریان لێ تێكچووە؟ یاخود ئەو كەسانەن لەگەڵ ئێمە و ئەو تەقالیدانەدا كێشەیان هەیە كە، شەڕ و توندوتیژی و زەبروزەنگ ڕەتدەكەنەوە..؟ ئایا ئەو مرۆڤانە لەبەر ئەوە بەلای ئێمەوە نامۆن چونكە



وەكو خۆمان بیر ناكەنەوە و بەگوێی حەزی خۆیان ناكەن، یاخود وەك تەناف بازەكان سنووری خۆ ویستییان بەزاندووە و (ئەركی) خۆیان جێ بەجێ دەكەن؟

***

(هانا ئارنت) لە كتێبی (توندوتیژی: ل٤٨)[1]دا دەنووسێ: (دەسەڵات و زەبروزەنگ دژی یەكترین و لەو شوێنەدا یەكێكیان ببێتە فەرمانڕەوای موتڵەق ئەوی دیكەیان لەنێو دەچێت). مەبەستی هانا ئارنت لە بەركارهێنانی زاراوەی دەسەڵات ئەوەنیە كە دیكتاتۆریەت و تۆتالێتێریەتمان بەبیر بێتەوە. لای ئەو، دەسەڵات بەمانای دەسەڵاتی یاسایە و دەسەڵاتێكی ڕەوایە: كەسێك دێت و لەناو خەڵكدا پشتیوانیەكی زۆر بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەكان دەهێنێتە دەست، بەو جۆرەیش ئەو كەسە دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەمەیش دەسەڵاتێكی ڕەوایە و هەمان ڕەوایەتیە كە لەناو دەزگا دیموكراتیەكاندا كاری پێدەكرێت، بەڵام توندوتیژی و زەبروزەنگ هەرگیز ناتوانێ ڕەوا بێت، ئەگەرچی زۆرجاران جۆرێ لە حەقانیەت بەدەست دەهێنێ: ( زەبروزەنگ هەموو دەم دەتوانێ دەسەڵات لەناو بەرێ. كاریگەرترین فەرمان لە لوولەی تفەنگەوە دەردەچێت و یەكسەرە جێ بەجێ دەكرێت). بەڵام هەر كات دەسەڵات لە ئارادا نەما و توندوتیژی جێگەی گرتەوە، ئەوە هێزی بەرامبەر بە توندوتیژی (وەك بەبیردا دێت)، (نا توندوتیژی) نیە: بەڵكو دەسەڵاتی ڕەوایە، دەسەڵاتی یاسا.. كەواتە لەو شوێنەی دەسەڵاتی یاساو ڕەوایەتیەكەی ئەم دەسەڵاتە بەتووندی ئامادەبێت، توندوتیژی نادیارە، هەموو ئامادەبوونێكی توندوتیژیش مەترسییەكە لەئاست مانەوەی دەسەڵاتی ڕەوادا.

بۆ دووبارە كردنەوەو پەسەندیی قسەكەی هانا ئارنت، (میكایل ئیگناتیف) لە كتێبەكەیدا سەبارەت بە جەنگی (سێرب و كۆروات) دەڵێ:(ڕق و توندوتیژی ئەتنیكی ئەنجامی ئەو ترسەیە، كە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەواوە سەر هەڵدەدات). ئەگەر بڕوات بە هاوسێكەت نیە، لەبیری كە، ئەگەر ناتوانی لەلایەوە بژی، بڕۆ لەگەڵ ئەوانەدا بژی كە بابەتی خۆتن. ئەمەیە لۆژیكی تواندنەوەی ڕەگەزە ئەتنیكییەكان، جا چ لە یۆگۆسلاڤیا كار بكات یاخود لە ڕواندا و لە كوردستاندا...

ئیگناتیف ئەم بارودۆخە تازەیە بە (ئاژاوەی بەر لە سیاسەت) ناو دەبات، كە ئەمەش بارودۆخێكە لە پێش دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنەوە دێتە دی و كەش و

هەوایەکی چاخەکانی نێوەڕاستی هەیە. ئەو بڕوای وایە بەشێکی زۆری یۆگۆسلاڤیای ئەمڕۆ لەلایەن هێزێکەوە فەرمانڕەوایی دەکرێ کە لە چاخەکانی نیوەڕاستەوە نەبینراوە: ئەو هێزەش هێزی سەرداران و پیاوانی شەڕە[٢]. گوتاری سەردارانی شەڕ بەشێوەیەکی گشتی ناسیۆنالیزمە. بەڵام ئەو پیاوانە لەجیاتی ئەوەی شارەزایی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بن، زیاتر لە بەکارهێنانی تفەنگدا لێهاتوون! بەهۆی بەکارهێنانی چەکیشەوە، دیارە، کۆمەڵ دەگێڕنەوە بۆ ئاستێکی سەرەتایی و جەنگەڵی، چونکە لەو دۆخەدا هەموو شێوازێکی دەسەڵات و حوکمی یاسا و گشت جۆرە ڕێکخستنێك لەناوچووە، لێرەوە لۆژیکی (خۆپاراستن) دروست دەبێت" لەگەڵ هاو ڕەگەزەکانی خۆتا بژی تاکو لە ئاسایش دا بژی).

***

بەڵگەیەکی دی بۆ ڕاستی وتەکەی هانا ئارنت، کتێبەکەی (ئالاین مینس) ـە. بەگوتەی مینس:(سەدەی ناوەڕاستی هاوچەرخ) بەدەست نەبوونی (ڕێکخستنێکی گەردوونی)ـەوە دەناڵێنێ، واتە هیچ پرنسیبێکی ڕێکخستن لە ئارادا نیە تا گەرانتی ژیانێکی ئاساییمان بداتێ:

دەوڵەتەکان و دام و دەزگانیان لەکشانەوەدان، دەستەڵاتی یاسایی لە دارماندایە و کۆمەڵگا (نمونەیی)یەکانیش چیدی مل نادەن کە بەشێوە سیاسییە- تەقلیدیەکەی جاران بەڕێوە ببرێن. (مینس) ئەو جۆرە کۆمەڵگا تازانەی لەدوای هەرەس و دارمان و یاخیبوونەوە سەر هەڵدەدەن، بە (زۆنی خۆڵەمێشی) یاخود کۆمەڵگەی خۆڵەمێشی ناو دەبات.

کۆمەڵگەی خۆڵەمێشی یانی چی؟ ئەمانە جۆرێ لە کۆمەڵگای تازەن کە لە دڵی کۆمەڵگا (هەرە دیموکراتیەکانەوە) سەر دەردەهێنن. واتە ناوچەیەك، یان گەڕەکێك لەناوچەو گەڕەکی شارە گەورەکان یاخی دەبێت و خۆی لە سەرجەمی ئەو یاساو ڕێکخستنانە جوێ دەکاتەوە کە دەستیان بەسەر سەرجەمی ناوچەکانی دی هەمان شاردا گرتووە. (ئەم ناوچانە، یاخود کۆمەڵگاو زۆنە تازانە چیدی گوێ بۆ فەرمانی دەوڵەت ڕاناگرن و لەلایەن دەستەو باندی چەکدارەوە دەچن بەڕێوە). بۆ نمونە دەشێت ئەم جۆرە



زۆنە لە نێوان بازاڕی ڕەسمی و بازاڕی قاچاغ دا، پارەی سپی و پارەی ڕەش دا، یاخود کاری ڕەسمی فەرمانگە و بازاڕی تەزویر دا سەرهەڵبدات.

لە کۆمەڵگای خۆڵەمێشیدا بیری زاڵ ئەوەیە کە دەڵێ: هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت سنوور بۆ دەسەڵاتی سەرکردە ناوچەییەکان دابنێ، بێجگە لە خودی ئەو سەرکردانە. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەوەیە کە لەو ناوچانەدا دەسەڵاتی یاسا لە کار دەخرێت و حوکمی دەوڵەت لەبەردەم فەرمانی سەردارانی شەڕدا بەتاڵ دەبێتەوە.

لێرەشەوە جۆرێ لە دەزگاو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی تازە بەدیار دەکەون، کە دیسانەوە لەلایەن هەمان ئەو سەردارانەوە بەرنامەیان بۆ چێدەکرێ و بەهۆی (توندوتیژی و هەڕەشە و بارمتە سەندنەوە) دەچن بەڕێوە. هەمان تاس و حەمامی کۆمەڵگای سەرەتایی کە خەسڵەتی چەتەگەری تیایدا زاڵە.

بەلای (مینس)ـەوە، مافیا نە فۆلکلۆری خوارووی ئیتالیایە، نە کارگەیەکی فرە نەتەوەیی بۆ دەستدرێژکردن. بەڵکو جۆرێکی تازەی کۆمەڵگایە، جیاواز لەو کۆمەڵگایانەی ئێمە تا ئەم ساتەوەختە ناسیومانن. ئەوانە زۆنێکی خۆڵەمێشین. لە زۆنی خۆڵەمێشیدا یان قاو و قیژی ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی بەرز دەبێتەوە یاخود جۆرێ لە بونیادگەرایی، بەڵام لەڕاستیدا ئەم زاراوانە تەنیا قاوغێکی چاوبەستن بۆ ڕەواییدان بە میلیشیاگەری و تیرۆر. لەناو ئەو زۆنە خۆڵەمێشیانەدا، چیدی (شەڕ درێژەدان نیە بە (سیاسەت) بەهۆکاری دیکە، بەڵکو درێژەدانە بەشەڕ خۆی لە غیابی سیاسەتدا، بەڵام بەهۆکاری دی)..

***

سەرنجەکانی (ئالاین مینس) لە زۆر ڕووەوە نامێلکەی ( لەبەردەم دیمەنی شەڕی ناوخۆدا)مان بیر دەخاتەوە، کە نووسەری ئەڵمانی (هانس ماگنۆس ئایزینبێرگ) لە ساڵی ٣٩٩١دا بڵاویکردەوە[٣] ناوبراو دەیەوێ بەهۆی ئەم نووسینەوە پێشانمان بدات کە (شەڕی نێوخۆیی دیاردەیەك نیە تەنیا تایبەت بێ بە ئەفریقا و باڵکان و ئاسیاوە، بەڵکو لە وڵاتانی ئەوروپیشدا بەتوندی ئامادەیە)،کە ئایزینبێرگ ئەو شەڕانە ناو دەنێ (شەڕی نێوخۆیی مولیکیولی)[٤]

بەلای ئایزینبێرگەوە، شەڕی مولیکیولی لەلایەن باندێکی شەڕخوازەوە هەڵدەگیرسێنرێ، کە هیچ بەڵگەیەکی ئایدۆلۆژییان بەدەستەوە نیەو ستراتیژی ئەم شەڕانەش بریتیە لە زەبروزەنگی گشتگرەوە، هەمان زەبروزەنگ و توندوتیژی کە لە شوێنەکانی تری جیهاندا کار دەکات.

(ئایزینبێرگ) بەشێوەیەکی خوتبەئامێز دەڵێ: جاران دەگوترا کە ئێمەی خەڵکانی زیندووی ئەم جیهانە بەرژەوەندی چوون یەکمان هەیە و گشتمان بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەوە بەستراوین بەیەکەوە. دەگوترا ئێمە لە گوندێکی گەردوونیدایین. بەڵام دەبێ ئێستا ددان بەوەدا بنێین: جیهان وا خەریکە لێکدی هەڵدەوەشێ و ئێمەش لە گوندە گەردوونیەکەوە بەرەو گوندە لۆکاڵیەکانمان دەگەڕێینەوە: (ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە تایبەتمەندێتی شارستانیەتە هاوچەرخە سەراپا گرەوەکەی، زیاتر شێوەیەکی رواڵەتی و درۆزنانەی هەیە نەك واقیعیەتێکی قووڵ).

بەپێچەوانەی رایەکانی ئایزینبێرگەوە، (مینس) وای بۆ دەچێ، وێڕای ئاژاوە و نا ئارامییە بەربڵاوەکان، جیهان هێشتا لێکدی دانەبڕاوە و کۆمەڵگاکان بەرپرسیارن لە ئاست یەکدیدا، بەڵام پێویستە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئاگاداری بەردەوامبوون و ئاکامەکەکانی ئەو نا ئاراميیە بێت کە لە ئارادایە.

ئایزینبێرگ ڕەشبین و کارەسات بینە، لە کاتێکدا ئالاین مینس کارەساتبینێکی وریا کەرەوەیە.

هەردوو نووسەر هێما بۆ رێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان دەکەن. لەهەمان کاتیشدا رەخنە ئاراستەی دەوڵەتەکان دەکەن لە ئاست پەرەسەندنی باندەکانی توندوتیژیدا: بەلای (مینس)ەوە دەبێ دەوڵەت سەرلەنوێ ئیرادەی خۆی لەپێناوی ئاسایشی ژیان و گوزەرانی هاوولاتیاندا پێشان بداتەوەو لەبواری نێو نەتەوەییشدا ئەو (چەق)انەی دەسەڵات زیندوو بکاتەوە کە هانا ئارنت بە (جەمسەری دژی زەبروزەنگ) ناوی بردوون، بەڵام بەلای ئایزینبێرگەوە ئەم ڕێگاچارەیە شوێن بڕوا نیە، چونکە جیهان بەرەو هەڵوەشاندنەوەو لێك دابڕان هەنگاو دەنێ.

ئەوجا ئایزینبێرگ لە کۆتایی نووسینەکەیدا، بەزمانێکی شاعیرانە خوێنەر بەرەو گەشێك داوەت دەکات. گەشتێ لە تاریکایی کارەساتەکانەوە بەرەو سپیدەی



داهاتوویەکی دوورە دەست کە تیایدا جارێکی دی (شارستانیەت) دروست دەبێتەوە.. دروستبوونەوەیەك تەنیا لە دوای نەمانی سەردەمی توندوتیژییەوە بواری سەرهەڵدانی بۆ دەڕەخسێ:

(ژنێك قاوە خانەیەك دەکاتەوە. نامە بەرێك پەیدا دەبێ، قازییەك دوکانێکی فیتەری دەکاتەوە!). هەموو شتێ سەربەخۆیانە و بەبێ رێکخستنێکی لەپێشەوە بڕیار لەسەر دراو سەرهەڵدەدات، ئەمەیش ئەو شارستانیەتەیە کە دەوڵەتی نیە، یاخود لەپێش سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە دروست دەبێ!

\دیارە لەودیو ڕەشبینییەکەی ئایزینبێرگەوە تۆنێکی گاڵتەجاڕانەش هەستی پێدەکرێ، گاڵتەجاڕییەك بەهەموو سیاسەتێکی بێبەرنامە و دەوڵەتێکی بێدەسەڵات و هاندانمان بۆ لەیادکردنی ڕەهایان...

ئەوەی کە تێزی هانا ئارنت لەلای هەریەکێ لە نووسەرانی دیکەی ئەورووپی دووبارە دەبێتەوەو لەبەر تیشکی هەل و مەرجی دیکەدا بەرهەم دەهێنرێتەوەو، دواجار وەك تیۆرییەك خۆی ئاشکرا دەکات، نیشانەی شێلگیری و دیقەتی ئەو نووسەرانە لە ئاست جیهانی هاوچەرخ و دیاردەکانیدا، ئاشکرا دەکات. هەر بۆیەشە ئەوەی لای ئیگناتیف بە (ئاژاوەی بەر لە سیاسەت) ناوی دەبرێ، لەلای (مینس) دەبێتە (زۆنی خۆڵەمێشی) و لەلای (ئایزینبێرگ) لە شێوەی ( جەنگی نێوخۆیی مولیکیولی)دا خۆی بەیان دەکات.. ئەگەرچی ئەمان لە شیکردنەوەدا لێکدی جوێ دەبنەوە، بەڵام لە دەستنیشانکردندا یەك بۆچوونیان هەیە: عەقڵی سیاسی و بۆچوونە سیاسیەکان، دابەشکردن و لێکدانەوەکانی پێشوو هەر هەموویان لە گۆڕاندان و چیدی ناکرێ بەشێوە تەقلیدیەکە قسەیان لەبارەوە بکرێ.

***

بەڵام پرسیاری گرنگ کە دەشێیت لەم دەرفەتەدا بکرێ، ئەوەیە: ئایا زاراوەکانی وەك: (ئاژاوەی بەر لە سیاسەت)، (زۆنی خۆڵەمێشی)، (کۆمەڵگەی سەردارانی شەڕ) و (جەنگی نێو خۆیی مولیکۆلی) و هتد. هەر تەنیا تایبەتن بە کۆمەڵگای هاوچەرخی خورئاوا؟ ئایا ئەم زاراوانە بە تەنیا دیاردەی شارە گەورەکان و کۆمەڵگا نمونەییەکانن، یاخود دیاردەی جیهانگرەوەن؟ ئایا توندوتیژی و زەبروزەنگی بێ ئایدۆلۆژیا هەر

تایبەتن بە کۆمەڵگا گەورەکان، یاخود هیچ سنوورێکی جیا کارەیی نیە کە پێمان بڵێت: زەبروزەنگ لەکوێ دەتوانێ کارا بێت و لەکوێ ناتوانێت؟ ئایا ئێمە چیدی دەتوانین بەهۆی چەمکە سیاسیە تەقلیدیەکانەوە، بۆ نمونە کردەی حیزبە سیاسیەکانمان هەڵسەنگێنین؟ بە چەکدارەکانمان بڵێین تێکۆشەر؟ بە سەرۆك پارتەکان بێژین ڕابەری شۆڕش؟ ئەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەکەونە چ خانەیەکی شیکردنەوەوە؟

ئەگەر حیزبە تەقلیدیەکانی وڵاتی ئێمە نمونەی (ئاژاوەی بەر لە سیاسەت) نەبن و کەسێتی سەرکردەکانیان هەمان بونیادی کەسێتی (سەردارانی شەڕ)یان نەبێت، کە لە بەرکارهێنانی چەکدا زیاتر لێهاتوون وەك لە سیاسەت خۆیدا، ئەی دەبێ کێ بن؟ ئایا گێڕانەوەی ماناو بەها بۆ زاراوەکانی وەك: (ناوچەی بادینان) و (ناوچەی سۆران)، پەیڕەوی کردن نیە لەو سیاسەتەی کە دەڵێ: ( ئەگەر بڕوات بە هاوسێکەت نیە، لەبیری کە، ئەگەر ناتوانی لەلایەوە بژی، بڕۆ لەگەڵ ئەوانەدا بژی کە بابەتی خۆتن)؟! وە ئایا کێ درێژە دەدا بەم سیاسەتە، جگە لەو سەرکردە ناوچەییانەی کە (بێجگە لەخۆیان کەسی دی تواناى نیە سنوور بۆ دەسەڵاتیان دابنێ؟).

❊❊❊

ئەگەر بزووتنەوەی بونیادگەرایی لە وڵاتی ئێمەدا ئەوڕۆکە گوتارێکی سیاسی هەیە و بۆتەهۆی دروستبوونی (باندی خودا)، ئەوەی لەو دیو ئەو گوتارەوە خۆی مەڵاس داوە، نە بونیادێکی دینییە، نە تیۆرەیەکی نوێی سیاسەت، بەڵکو هیچ شتێکی (شاراوە) لە ئارادا نیە، بێجگە لە جیاکردنەوەی زۆنێك و مەڵبەندێکی زەبروزەنگاوی، تا یاساکانی ئەو مەڵبەندە لەلایەن پێشەوایانەوە بەرنامەڕێژ بکرێت.. لەو زۆنەدا (تفەنگ و فەتوا) دوو هۆی درێژەدان بەشەڕن بەبێ هیچ سیاسەتێك، وە خودا ئەو نادیارەیە کە هەموو جەریمەیەکی لە پێناودا و بەناوەوە دەکرێ. سەیر نیە کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەموو فەتواکان یان لە لولەی تفەنگەوە دەردەچن یاخود شێوازێکی دیکەی (توندوتیژی بە ئاشکرا) بەخۆیانەوە دەگرن. واتە بەلای ئەندامانی باندی خوداوە هیچ شتێکی شاراوە، هیچ نادیارێکی سیاسی و هیچ ستراتیژێك لە ئارادایە نیە، بێجگە لەیەك ستراتیژ: کردنەوەو بەرفراوانکردنی ( زۆنی سەربەخۆ)!. لێرەوە دەتوانین بڵێین، لەکاتێکدا هیچ سەرچاوەیەکی ئایدۆلۆژی، یاسایی و سیاسی لەئارادا نەبێت کە ڕۆڵی ڕێکخستن و یاسا



دەستنیشان بکات، ئەوە زەبروزەنگ و توندوتیژیی بێ ئایدۆلۆژیا باشترین هۆی پراکتیزەکردن و سەپاندنی سنوورەکانی زۆنی سەربەخۆن.

ئایا لە شەڕی پارتی و یەکێتیدا چ ستراتیژێکی ئایدۆلۆژی، یاخود نەریتێکی کوردایەتی (کە هەر دوو ئەو لایەنە بانگاشەی بۆ دەکەن) لە ئارادایە؟ ئەو یاسایە کامەیە کە ڕەوایەتی زیاتر دەداتە لایەنێکیان بۆ ئەوەی لایەنەکەی دی بتوێنێتەوە؟ لەکام بەند و پەرەگرافی پرۆتۆکۆڵی کوردانەی ئەو دوو پارتەدا دەتوانین بەڵگە بۆ ئەو تاوانانە بهێنینەوە کە ئەوان یەکتری پێ تاوانبار دەکەن.؟ ئەو ئایدۆلۆژییە کامەیە کە ڕەوایەتی دەدا بەلایەنێك بۆ تالان و نغرۆکردنی لایەنەکەی دی، بۆ دەرپەڕاندن و دوورخستنەوەی لایەنگرانی یەکدی لە (ناوچەی سۆرانە)وە بۆ (ناوچەی بادینان)؟

ئەو شەریعەتەی فەرمانی ، گوێ بڕین، گون بڕین، کێر بڕین و شێواندنی لاشەی مردوویەك دەردەکات، تەنیا ئەوکاتە دەبێتە شەریعەت کە هیچ یاسایەکی ئاسمانی لەئارادا نەبێت.. لەو کاتەشدا کە یاساکان هەڵدەوەشێنەوە تەنێ یەك ڕەوایەتی دەمێنێ: کارکردن بە توندوتیژی.

❊❊❊

بەو جۆرە دەبینین کە لە نیشتمانی ئێمەدا چەندین زۆنی خۆڵەمێشی دروست بوون و لەناو هەریەکێکیشیاندا شەڕێکی مولیکولی بەرپاکراوە. قیژەی فەندمەنتالیزم و قاوە قاوی ناوچەگەرا و هۆزەوانان دوو دەنگی ناسازن ڕۆژانە دەیانبیستین. نە ئایدۆلۆژیایەك لە ئارادایە و نە یۆتۆپیایەك.. خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە شەڕپەرستان سنوورە خۆڵەمێشییەکانی خۆیان، بازاڕەکانی قاچاخ و ژمارەی ئەندامانیان بەرفراوانتر بکەن.. بەکورتیەکەی شەڕ لەناو ئەو مەڵبەندانەدا درێژەدان نیە بە (سیاسەت) بەهۆکاری دیکە، بەڵکو درێژەدانە بەشەڕخۆی لە پیوار (غیاب)ی سیاسەتدا. ڕاستە شەڕی براکوژی فۆلکلۆرێکی کوردی نیە، بەڵام خەسڵەتی (بوون بە فۆلکلۆر)ی تیا بەهێزترە نەك ئەوەی دیاردەیەکی ڕاگوزەری سیاسی بێت.

بەڵام بۆچی هەبوونی (زۆنە خۆڵەمێشییەکان) و (باندەکانی شەڕ) لە وڵاتی ئێمەدا نابنە هۆی دروستبوونی هیچ تیورە و لێکدانەوەیەك؟

کورتترین وەڵام ئەوەیە، کە ڕۆشنبیرەکانی ئێمە، (بەپێچەوانەی ڕۆشنبیرانی ئەوروپاوە) ئەگەر خۆیان ئەندامی یەکێك لەو باندانە نەبن و لە ئاژاوەی بەر لە سیاسەتەوە نەگلا بن، ئەوە بێ هیچ گومانێك بەشێوەیەك دەدوێن کە سنووری جیاکارە لەنێوان قسەی ئەوان و قسە و فەتوای سەردارانی شەڕدا زۆر بوودەڵەیە و نەبۆتە سنوورێکی دابڕاو. ئایا ئەمانیش وەك ئەو سەربازە جەنگیە هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی (ئەرك)ی سەرشانی خۆیان؟ یاخود وەك ئەو پێشمەرگە لەخۆنامۆبووەی لە گیانی خۆی وەڕسە، نازانن چۆن حەزەکانی خۆیان ببەن بەڕێوە و هێشتا خۆیان ناناسن؟ یاخود بەڕاستی بیری ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و زەبروزەنگ چیدی ئەو مانایەی جارانی نەماوەو بۆتە تەقلیدێکی شاعیرانەی فیکری؟! یان لەدوا لێکۆڵینەوەدا دەبێ بەو ئەنجامە بگەین کە ڕۆشنبیرانی کورد زیاد لە پێویست گوێڕایەڵی سیاسیەکان دەکەن بۆ ئەوەی پێشنیارەکانیان نەچنە خانەی تیۆرەوە!!(*)

**١٩٩٤ دانمارك**

(*) لە مانگنامەی هەنگاو، لەندەن، بڵاوکراوەتەوە

### پەراوێزەکان:

(١) هانا ارنت: خشتونت، ت: عزت الله فولادوند (٩٥٣١- تهران: خورازمی)

(٢) بڕوانە ڕابوون ژ: ٠١-١١، لاپەڕە ٥٣ کە (د. ڕۆنالد مۆنش) هێمایەکی لەم بابەتەی کردووە. وەرگێرانی دکتۆر هەژار.

(3) H. M. Enzenberger: Med usigt til borgerkrigen, 1993

(٤) بڕوانە: نگاه نو: ٠٣ خرداد-تیر ١٣٧٣: ص ٩٧.

(٥) دوورکەوتنەوە لەتیۆر و تیۆریزەکردنی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی، (ئامۆژگارییەکی) د. فۆاد مەعسومە لە مانگنامەی (هەنگاو: ژمارە ٧، ئابی ١٩٩٤)دا. بڕوانە لاپەڕە ٩ی ئەو سەرچاوەیە.

# ئەزموون و وێرانە(*)

**ئەزموون** و وێرانە دژی یەکن: لەو شوێنەدا ئەزموون سەرهەڵدەدات، ئاوەدانی دێتە ئاراوە، لەو شوێنەشدا ئەزموون دیار نییە، وێرانە بەرپا دەبێت. ئەزموون ئەنجامی بزاوتن و خەبات و ئیرادەی تاکەکان، یاخود ئەندامانی نەتەوەیەکە لە ڕێڕەوی دروستکردنی خۆیاندا، لە کاتێکدا وێرانە نیشانەی پارچەپارچەبوون و دەست لەخۆبەردان و بێ متمانەیی مرۆڤە بە بوونی کۆمەڵایەتیانەی خۆی. ئەزموون دروستکەری مێژووە بەرەو ئایندەی خۆی، لە کاتێکدا وێرانە ئەو پانتاییەیە کە مێژوو خستوێتیە پەراوێزی خۆیەوە و لەناو زەمەندا فەرامۆشیکردووە. ئەزموون ئەنجامی نییەتپاکی مرۆڤە لە ڕێچکەی دۆزینەوەی ئینسانیەتی خۆیدا و وێرانە ئەنجامی شەڕانییەتی مرۆڤە لە بەردەم ئەو هێزانەدا کە لەسەر ڕێگای بوون بە ئینسان هەڵیدەخلیسکێنن. دەشێت ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر لۆژیکی ئەزموون مێژووی خۆی دروستدەکات بۆ چەندین نەوە، لە ڕێچکەی بەئاواتگەیشتنی خۆیاندا تووشی ئازار و خەسارەت و تێکشکانیش بن، بەڵام دواجار (ئەزموون) دەبێتە ئەو دیارییەی کە زامی برینەکانی مێژووی ئەو نەتەوەیە ساڕێژ دەکات و وەکو سەرجەم خەباتی ئەندامانی نەتەوە بەرجەستە دەبێت. لەکاتێکدا بۆی هەیە ژیانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی کە مرۆڤەکانی بەهەڵەدا دەبات و لە وزە و توانایان شەڕ بەرپا دەکات و دەیانکات بە هەڕەشە بەسەر ئەندامانی نەتەوەکانی ترەوە، چەندین سەرکەوتن و بردنەوە و دەستکەوت تۆمار کرابێت، وەلێ دواجار کەوتبێتە زاری بەرینی (وێرانە)وە.

لێگەڕێن کەمێ ئەو لێکدانەوەیەی پێشوو بە نموونەیەك ڕوونتر بکەمەوە: من مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد، واتە ئەو مێژووەی بە دروستبوونی یەکەمین ڕێکخراوە سیاسییەکانی مرۆڤی کورد وەك پەرچەکردارێك لەبەرامبەر چەوسانەوەی



نەتەوەییدا، دەستپێدەکات، بە مێژووی دروستکردنی ئەزموونێك دەزانم کە مرۆڤی کورد بەرەو (خۆ دروستکردن) دەبات، ئەگەرچی لە ڕاستەڕێی ئەو خەباتەدا چەندین زیانی گەورەشمان لێکەوتووە، چەندین قوربانییمانداوە و گەلێك جاریش دووچاری شکان و نائومێدیش بووین. لە کاتێکدا هەوڵدانی هەموو ئەو هێزانەی کە دژی ئەم ئەزموونەی کوردبوون و ڕێگربوون لەبەردەمیدا، بە مێژوویەك دەزانم کە دەچێتەوە سەر وێرانەسازی و خۆ جیاکردنەوە لە ڕەوڕەوەی مێژوو، بەو مانایەی کە مێژوو نیشانەی خەباتی مرۆڤە لە هەوڵدانیدا بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی و تەبایی و یەکسانی. ئەمەش هەمان تێگەیشتنە کە فەیلەسووفە ڕۆشنگەرەکانی ئەورووپا بۆ بزاڤی مێژوو هەیانبوو.

کێشەی من وەك کوردێك ئەوە نیە چۆن وێرانە بکەمەوە بە ئەزموون و ئەزموون بهێنمەوە ناو مێژوو، کێشەی هەرە سەرەکیی من لە ساتەوەختی ئێستادا ئەوەیە کە چۆن ئەو ئەزموونەی تا ئێرە دروستیکردووم بپارێزم و بیکەمە ئەزموونێکی مرۆڤانەتر بۆ ئەوەی لەناو مێژوودا بمێنمەوە. بەمانایەکی دیکە، کێشەی هەنووکەیی من ئەوەنییە چی بکەم بۆ ئەوەی ئەو هێز و دەسەڵاتانە کامەران بن و لێم ڕازی بن، کە وێرانەیان لەسەر جەستەی من بەرپاکردووە، هێندەی ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەو ئەزموونە بپارێزم و دەوڵەمەندی بکەم، کە ئەنجامی مانەوەی منە لەناو مێژوودا.

***

وەلێ ئەزموون چ مانایەکی هەیە ئەگەر هەر تەنیا ستاییشمان کرد و شێوازێکی پیرۆزکراومان پێبەخشی، وەکئەوەی هەندێ لە دەزگا حیزبییەکان لە بۆنەی جۆربەجۆردا ئیشی لەسەر دەکەن؟ بێگومان ئەم کارە هیچ سوودێکی ستراتیژی و نەتەوەیی نییە، چونکە هەموو بەپیرۆز کردنێك دەرچوونیشە لە چوارچێوەی مێژوو کە تیایدا واقیعێکی دیاریکراومان هەیە و پەیوەندیی ئێمەش بەو واقیعەوە دەبێت لەسەر بنەمای تێگەیشتنەوە بێت نەك باوەڕ پێهێنان و تەقدیس کردنیەوە. هەموو بەپیرۆزکردنێك دەستنیشانکردنی سەرچاوەیەکە لە دەرەوەی واقیع و لێرەشەوە دابڕکردنی مرۆڤە لەو واقیعەی تیایدا دەژی و ئەزموونی دەکات. ڕەنگبێ لەساتێك لە ساتەکاندا بەرژەوەندیی هێزێکی سیاسی لەوەدا بێت کە مرۆڤەکان لە واقیعی

کۆمەڵگاکەیان دابڕ بکا و کاریێ بکا خۆیان بە شتی دیکەوە سەرقاڵ بکەن و مەرجەعێکی دیکەیان بۆ دەستنیشان بکا بۆ ڕووتێکردن، وەلێ مەرج نییە هەموو ساتێك بەرژەوەندیی هێزەکان بەرژەوەندیی کۆمەڵگا بێت. دەمەوێت بڵێم: ئەزموونی هێزەکانی ناو کۆمەڵگا هەمیشە نابێتە ئەزموونی کۆمەڵگا خۆی. بۆیە کاتێك دەڵێم، لەو شوێنەدا ئەزموون هەیە ئاوەدانی دێتە ئاراوە و لەو شوێنەشدا ئەزموون نەبێت وێرانە سەر هەڵدەدات. لەم بەکارهێنانەدا، مانای (شوێن) واتە (کۆمەڵگا) و مانای ئەزموونیش واتە کۆی ئەو خەبات و تێکۆشانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە. ئالێرەوە: (ڕاپەڕین) ئەزموونی ئێمەیە وەك نەتەوەیەك و هەر لەبەر ئەمەش ئەزموونێکی سەراپاگیریی کۆمەڵگایە، بەڵام (شەڕی ناوخۆیی) تەنیا ئەزموونی هێزە ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵگایە و هەر لەبەر ئەمەش بەمانا فراوانەکەی، ئەزموون نییە چونکە بۆتە هۆی وێرانە سازی و نائومێدی و بەپەراوێزبوونی نەتەوەی ئێمە لەناو بزاڤی مێژوودا.

***

هەر ئەزموونێك ستاییش نەکرا و بەپیرۆز نەکرا ئەزموونێکی واقیعییە و هەموو ئەزموونێکی واقیعییش شایانی ئەوەیە لە چەند ڕوانگەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لێرەدا چوار خاڵ دەستنیشان دەکەین: (ڕەخنە لێگرتن)، (لێوەفێربوون)، (بەخشندەیی) و (متمانەپێکردن). لێگەڕێن کەمێ زیاتر لەم چەمکانە ڕامێنین:

## ڕەخنەلێگرتن:

ئەگەر ئەزموون ئەزموونی هەموومان بێت وەك ئەندامانی نەتەوەیەك و نیشانەی خەبات و کۆششی یەکبەیەکی ئینسانەکانی ناو کۆمەڵگا بێت، ئەوە ڕەخنە لێگرتنی نەك هەر کەسانێکی تایبەت ناگرێتەوە، یان دەستەیەکی تایبەت کە خۆیان لەئاست بەڕێوەبردنی ئەزموونەکەدا بەرپرسیار کردووە و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، بەڵکو ئەو ڕەخنەیە دەبێتە ڕەخنە لە کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا. ڕەخنەگرتن لە ئەزموونی کوردیی بە جووڵەخستنی ئینسانی ناو کۆمەڵگای کوردییە وەك بەشداربوویەك لە پێکهێنانی ئەو ئەزموونەدا نەك بۆمبا تەقاندنەوە بێت لەژێر پێی ئەم لایەن و فلانە



کەسایەتیی سیاسیی و ئەو حیزبدا. دوای ئەوەش ئەو ڕەخنەیە، ڕەخنەیەکە دەبێت پێش هەموو کەسێك کورد خۆی بیگرێت، چونکە کورد مرۆڤێکە لەناو ئەم واقیعەدا دەژی و ئەزموونی دەکات. هونەر نییە حوکمەت و هێزەکان دەرگای ڕەخنە بۆ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان بکەنەوە و بەوپەڕی (سنگفراوانیی دیموکراسیانە)ی کوردییەوە، گوێ لە ڕا و بۆچوونەکانیان بگرن. هونەر لەوەدایە حوکمەت و هێزەکان لە هاووڵاتیی کورد هاووڵاتییەکی ڕەخنەگر، واتە هاووڵاتییەك دروستبکەن کە بەردەوام بەواقیعی خۆیدا دەچێتەوە و سەرلەنوێ پەیوەندیی پێوە دەکاتەوە لەپێناوی تەندروستکردنی کۆمەڵگادا. هونەر ئەوەیە هەموو ئیمکانیەتەکانی ناو کۆمەڵگا(ئیداریی، پەروەردەیی، ئیعلامی، وەرزشی، ڕەفاهی، پیشەیی، ڕێکخراوەیی و هتد) پێش هەموو کەسێك بخرێنە بەردەست تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی، بۆ ئەوەی هەمان ئەو تاکانە ببنە گەرانت بۆ پاراستنی ئەزموونە هاوبەشەکەمان و بواریان پێبدرێت توانای خۆیان بە باشترین شێوە بسەلمێنن، نەك ئەو ئیمکانیەتانە بخرێنە بەردەست ئەو دەزگاو کەسانەی کە لە میکانیزمی سەرکوتکردنی هاووڵاتی و ستایشکردنی کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان زیاتر هیچی دیکە نازانن و نایکەن و لە تواناشیاندا نییە!..

ڕەخنەگرتن لە ئەزموونی کوردیی، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەزموونەدا وەك ئەزموونێکی زیندوو. ئەگەر هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆك بین کە ئەم ئەزموونەی ئێستا بۆ ئینسانی کورد ئەزموونێکی مردووە، ئەوە پێویست بەوە ناکات ڕەخنەی لێبگرین. بۆیە من پێموایە ئەم ئەزموونەی ئێستای کورد، بە حکومەت و ئیدارە و ئاستەکانی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردنیشیەوە شایانی ڕەخنە لێگرتنە و ڕەخنە ئەو نرخ و شەرەفەیە کە ئێمە پێیدەبەخشین چونکە بە ئەزموونێکی زیندووی ناو واقیعێکی ڕاستەقینەی دەزانین. ئەوانەی ڕێگە دەگرن تا ئەزموونی کوردیی ڕەخنەی لێبگیرێت، یاخود هەوڵدەدەن سیمای کەسانێك کە ڕەخنە دەگرن، بشێوێنن و دووژمنێکیان لێدابتاشن، یەکەمینی ئەو کەسانەن کە چاڵ بۆ ئەم ئەزموونە هەڵدەکەنن، چونکە بێبەریی دەکەن لەو زیندوێتیەی ڕەخنە پێیدەبەخشێت و تازەی دەکاتەوە. ڕەخنەگرتن لەم بەکارهێنانەیدا ئەو مانا برینداركەرەی نیە کە لە کەلتووری

ئێمەدا وەریگرتووە، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە ڕەخنە لێگرتن جۆری پەیوەندییکردنی مرۆڤی کوردە بە واقیعی خۆیەوە لە پێناوی گۆڕین و تازەکردنەوەیدا.

هیچ نەتەوەیەك لە دنیادا نییە بتوانێت بوونی خۆی بەردەوام بکات و لەسەر پانتایی زەوی بە زیندوویی بمێنێتەوە ئەگەر نەیتوانی توانای ئەندامەکانی لە پێکهاتەیەکی خێڵەکییەوە (کە پەیوەندییەکان تیایدا لەسەر ئاستی ملکەچی و دووبارەکردنەوەی نەریتەکانە)، بگۆڕێ بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵگایی (کە پەیوەندییەکان تیایدا لەسەر ئاستی ڕەخنە و ململانێوەیە). بۆ ئەوەی توانای مرۆڤ لە توانای کائینێکی ملکەچەوە بۆ نەریت و یاسا چەسپاوە پیرۆزەکان، بگۆڕین بۆ توانای فەردێکی کۆمەڵایەتی و ئازاد، پێویستە فێری ململانێی بکەین و ململانێی کۆمەڵایەتی بکرێتە گۆڕەپانی دروستبوونی تاکی کوردی. دڵنیاشم لە کۆمەڵگایەکدا کە پانتایی ململانێ بەرین دەکرێت و گرووپەکان دەتوانن داکۆکیی ئاشکرا لە مافەکانی خۆیان بکەن، ئەوە پانتایی تیرۆر کەم دەبێتەوە و پانتایی لێبووردن و سنگفراوانی و جیاوازیی قەبووڵکردن بەرین دەبێت.

لێرەوە بوونی نەتەوەیەکی زیندوو دەبەستمەوە بە بوونی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ململانێی شەرعی و بەردەوامیی ئەمیشیان دەبەستمەوە بە پەروەردەکردنی تاکەکەسی ڕەخنەگرەوە، واتە تاکە کەسێك، نەك هەر لە کۆمەڵگادا دەژی و دەبێتە مشەخۆر، بەڵکو ژیانی خۆی دەکاتە جۆرێك لە خەباتکردن و ژیان دروستکردن. ڕەنگە دروستکردنی تاکەکەس بە وێژدانێکی دەستەجەمعییەوە، لە سەرەتاکانی هەر ئاراستەیەکی هزری و سیاسیی بێت کە لەسەر گیانی نەتەوە ئیشدەکات و لە پێناوی پاراستنی دۆزی نەتەوەییدا خەبات دەکا..

### لێوەفێربوون:

ڕەخنەلێگرتن لە ئەزموونی کوردیی لە دەرکی ئێمەوە هاتووە بە زیندوویی ئەم ئەزموونە، چونکە ڕەخنە داینەمۆی بەردەوامیدانە بە شتەکان و تەنیا شتە زیندووەکانیش نرخی ئەوەیان هەیە ڕەخنەیان لێبگیرێت. کەواتە دەمەوێت بڵێم: ڕەخنەگرتن شێوازێك نییە لە دوژمنایەتیکردنی ئەزموونی کوردی بەڵکو ستراتیژێکە



بۆ ئاشکراکردنی دوژمنەکانی ئەم ئەزموونە. واتە ئێمە لە ئەنجامی ڕەخنەکاریمانەوە لە دۆخی ئێستای ئەزموونەکەمان فێری ئەوە دەبین هەمان دۆخەکانی تێکشکانی ڕابردوو، نائومێدی و زەلیلییەکانی ڕابردوو دووبارە نەکەینەوە. ڕەخنەگرتن جۆرێکە لە ڕێگیریکردن لە دووبارە نەبوونەوەی ڕابردوو، چونکە یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ڕەخنە ئاییندەخوازییەکەیەتی. دەمەوێت بە نمونەیەك مەبەستی خۆم لەو قسانەی پێشوو ڕوونبکەمەوە و تێبگەین داخۆ مەبەستم چییە کە دەڵێم: هەموو ئەزموونێکی واقیعی شایانی لێوەفێربوونە؟

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاکو ناوەڕاستی هەمان سەدە، بەلای کەمەوە شەش شۆڕش و ڕاپەڕینی بەرچاو لە وڵاتی کوردانـدا ڕوویانداوە: ڕاپەڕینی شێخ عەبدوسەلامی بارزان، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاك، شێخ سەعیدی پیران، ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی حەفید لە دژی داگیرکاریی ئینگلیز، ڕاپەڕینی ئارارات بە سەرکردەیی ئیحسان نوری پاشا، ئەزموونی کۆماری مهاباد بە سەرۆکایەتی قازیی محمد.

ئێستا کاتێك ئێمە بەسەرهات و بیرەوەری بەشێك لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە دەخوێنینەوە کە لەلایەن کەسانێکی بەشداربوو تیایاندا، نووسراون و جێگەی متمانەی تەواومانن، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بەشێکی گەورەی تێکشکانی ئەو ڕاپەڕینانە نەك هەر دەگەڕێتەوە بۆ دڕندەیی هێزی بەرامبەر، بەڵکو بۆ دڕندەیی هێزەکانی ناو کۆمەڵگای کورد خۆیشی. هەمیشە کەسانێکی کورد هەبوون کە لە پشتی پەردەوە دەستیان لە دەستی دووژمن ناوە و بە گیان و دڵ و لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا هاوکاریی بەرامبەریان کردووە بۆ لەناوبردنی ئەزموونی کوردی.. خستنەڕووی دەستی چەپەڵی خیانەتکار، لە کات و شوێنی تایبەتیی خۆیدا، هەمیشە کارێکی ئاسان نیە و تەنیا بە تێپەڕینی زەمەن ئەو دەستە کەشف دەبێت. خۆ ئەگەر دەستێکی ئەوتۆ لە کاتی خۆیشیدا ئاشکرا بوو ئەوە ئەو سزایەی وەریدەگرێ کەمترە لەو سزایەی پاشان مێژوو بە نسیبی دەکا.

من چووزانم لە حاڵی حازردا چەند کوردی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت دەستیان لە دەستی دوژمنەکانم نەناوە و لە ژێرەوە کار ناکەن بۆ سەرلەنوێ زەلیلکردن و نائومێدکردنم؟ ئایا دەبێت زەمەنێك تێپەڕێت و ئەزموونەکەمان لەدەست دەربهێنرێت

و کەسانێك بیرەوەریەکانی خۆیان بنووسنەوە و ڕاستییەکانمان پێبڵێن، تاکو تێبگەین مێژوو دڕندەیی کورد لە دژی ئەزموونی خۆی چۆن دووبارە دەبێتەوە؟

پەروەردەکردنی زەینییەتێکی ڕەخنەکار، واتە سەندنەوەی ئایندەی ئەم ئەزموونە لە دۆخی تێکشکان و تەسلیمکردنی بە دۆخی بەردەوامیی. ڕەخنە دەسەڵاتێکی بیناکەرە، ئەمەش بەو مانایەی ڕەخنە هەمیشە لەسەر مەبدەئی کەشفکردنی مەترسییەکانی ئێستا و ڕۆشنگەریی ئاییندەوە ئیشدەکات. بۆیە هەر ئەزموونێکی زیندووی واقیعی پێویستی بە هێزێکی ڕەخنەیی ئاشکراکەر و ڕۆشنکەرەوە هەیە. من لە ئێستادا پێویستم بەوەیە کە ڕەگەزەکانی تێکشکان لەناو ئەزموونەکەمدا ئاشکرا بکەم تاکو ئاییندەم ببێتە شاییەکی بەردەوام، نەك لە ئێستادا دەرگای هەلپەرستی بۆ کەسانێك بخرێتە سەر پشت و ئاییندەم ببێتەوە بە شکست و کۆست. بۆیە چەندە ئێستا ڕەخنە لە ئەزموونی کوردیی بگرین هێندەش زیاتر ڕووبەرە شاراوەکانی ئەم ئەزموونەمان بۆ ئاشکرا دەبێت و بایی ئەوەندەش دەستی دووژمنەکان کورت دەکەینەوە و لە ئەزموونەکانی پێشووەوە فێر دەبین.

**بەخشندەیی:**

هیچ ئەزموونێکی واقیعی لە دنیادا نییە ئەگەر ئەزموونێکی بەخشندە نەبێت و بەخشندەیی نەبووبێتە خەسڵەتێکی بەهێزی ئەو ئەزموونە. زیندوویی ئەزموونێك بەپلەی یەکەم لەوەدایە بەخشندەبێت بۆ ئەو کەسانەی بەشداربوون تیایدا و بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا سەری هەڵداوە، (واتە دەبێت توانای هەبێت ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا خۆش بکا)، پاشان بەخشندە بێت بۆ ئەو هاوزمان و هاوڕەگەزانەی کە لە ژێر سایەی هێزی بێگانەدا دەژین، (واتە ببێتە پشتیوانێکی ڕۆحیی بۆیان و داڵدەیان بدات) و بەپلەی سێیەمیش: بەخشندە بێت بۆ کۆمەڵگای جیهانی، (واتە بتوانێت هەرێمێك لە جیهان لە شەڕ و ئاژاوە و پێکدادان ڕزگار بکات).

من نازانم ئەم ئەزموونەی ئێستا چەندە دڵی یەکبەیەکی هاووڵاتیانی نێو کۆمەڵگاکەمانی خۆشکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە دڵخۆشیی شتێك نییە بتوانین لە ڕێگەی سەرژمێریکردنەوە ڕێژەکەی دەربهێنین، لەلایەکی تریشەوە



کەسمان ناتوانین دڵخۆشیی خۆمان بە دیاردەیەك، بکەینە قیاس بۆ دڵخۆشیی هەموان بە هەمان دیاردە، بەڵام دەزانم ئەم ئەزموونەی ئێستا چەندە بۆ کوردەکانی خۆرهەڵات و باکوور و خۆرئاوای کوردستان گرنگە و چ ژیلەمۆیەکی لە دڵی ئەواندا بووژاندۆتەوە. لێرەوە من چەندە لە شێوازیی بەرەوپێشبردنی ئەم ئەزموونە کوردییە نارازیی بم و بەشایانی ڕەخنە لێگرتنی دابنێم، هێشتا ڕەخنەکاریم ناگا بەوەی ئاخ بۆ فەشەلی یەکجارەکیی هەڵبخوازم. ئەمەش نەك هەر لەبەر ئەوەی نامەوێ بکەومە بەرەی دوژمنەوە چونکە دڵخۆش نیم، بەڵکو لەبەر ئەوەی مافی ئەوەم نییە شتێك لە هاوزمانە کوردەکانم لەبەشەکانی دیکەی کوردستان بستێنمەوە کە جێی دڵخۆشییانە. من کاتێك لە دانمارك گەڕامەوە، چەند هاوڕێیەکی کوردی خۆرهەڵات و باکووری کوردستان ئاواتیان بوو دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان بێن لێرە بە خۆڕایی خزمەت بە میللەتەکەیان بکەن و کاتێك لێرە بەڕێکەوت یەکێکیانم دییەوە، تێگەیشتم ئەو هاوڕێیەم کەمتر خەڵکی سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجە و زاخۆ نییە، ئەگەرچی ئەو لە گوندێکی نزیك (دەرسیم) لەدایك بووە.

ڕەنگە هەڵسەنگاندنی هاووڵاتییەکی ئێرە بۆ ئەم ئەزموونە لە ئەنجامی شەڕەناوخۆییەکانەوە، بە پەرچەکردارێکی دەروونی بارگاوی بووبێت و یادوەری ئێمە پڕ بووبێت لە گومان و نائومێدی. وەلێ من پێم وایە خودی ئەزموونی کوردی گەورەترە لەوەی بچووکی بکەینەوە لە تاریکایی شەڕەناوخۆییەکاندا. شەڕەناوخۆییەکان هیچ بەخشندە نەبوون و کەسیشیان دڵخۆش نەکرد، بەڵام ئەزموونی ڕزگاربوونی هاوبەشیی ئێمە لە زووڵمی دیکتاتۆریەت، ئەزموونێکی دانسقەیە و حەق نییە هیچ ئاڵۆزییەکی ئێستای کۆمەڵگاکەمان ناچارمان بکات ئاوات بۆ ڕۆژە ڕەشەکانی بەعس هەڵبخوازین.

سەبارەت بەوەی ئایا چەندە ئەزموونی کوردیی بۆ کۆمەڵگای جیهانیی و مرۆڤایەتیی بەخشندە بووە، پەیوەندییەکی توندیی هەیە بە سەقامگیربوونی ئاشتییەوە لەناوچەکەدا، وەلێ پەیوەندییەکی گرنگیشیی هەیە بە ڕاددەی ئاوێزانبوونی کۆمەڵگای کوردەوە بە دنیای دەرەوەی خۆی.. جوانترین دیاریی ئێمە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوە نییە ببینە بازاڕێکی تازەدۆزراوە و هەر ڕۆژە بەجۆرێك

دیموکراسیەتی کوردستان بەراوورد بکەین بە دیموکراسیەتی وڵاتانی تر و لەئاست دیکتاتۆریەتی هەندێ وڵاتدا لەخۆمان بایی ببین و دووکانی مەکدۆناڵز بکەینەوە.. جوانترین دیاریی ئەزموونی ئێمە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەوەیە سیاسەت ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستانە وەربگرێت و ئاشتیی ببێتە جەوهەری سیاسەتی کوردی.

**متمانەپێکردن:**

ئەمەیان زۆر ئاسانە: متمانەی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بە ئەزموونی هاوبەشی خۆیان لەوێوە دێت کە یادوەری ئەوان بەدووبارەکردنەوەی ڕەفتارەکانی دووژمن بریندار نەکرێتەوە.

ئێمە نەتەوەیەکین نزیکترین یادوەریمان لەگەڵ زوڵم و دیکتاتۆریەتدا هەیە، بۆیە هەموو ڕەفتارێکی زاڵمانە و دیکتاتۆرانە متمانەی ئێمە بە ئەزموونەکەمان دەسڕێتەوە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. وێرانە لەوێوە سەرهەڵدەدات کە یادوەری بۆی نەبێت خاڵی جیاوازیی لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا دروستبکا و بەردەوام هاوشێوەکانی ڕابردوو لە ئێستادا بناسێتەوە. لێرەوە دەگەڕێمەوە سەرەتای قسەکانم: وێرانە دژی ئەزموونە، چونکە ئەزموون ئیشکردنە بەئاراستەی خوڵقاندنی جیاوازیدا و وێرانەش ئیشکردنە بە ئاراستەی نەمرکردنی ڕابردوودا. هەر بۆیەشە نابێت هیچ ئەزموونێکی ڕاستەقینە و زیندوو تەنیا ستایش بکەین، بەڵکو دەبێت ڕەخنەی لێبگرین و لێوەی فێرببین و بیخەینە سەر مەداری بەخشندەیی تاکو جێگەی متمانەمان بێت.

٢٠٠١/٧/١٦

(*) لە هەفتەنامەی گوڵان دا بڵاوکراوەتەوە.

## سیاسەت:
## لە نێوان (ئاڵوگۆڕ) و (لێدان) دا(*)

(١)

**(فلان** لێی درا)، (وریابە لێنەدرێی)، (ئەو ساڵەی کە لە فلانکەس و فیسارە گرووپ درا) و هتد. ئەمانە ئەو ڕستانەن کە ئێمە لەپانتایی سیاسەتی کوردیدا گوێمان لێیان دەبێت و گەلێ جار خودی سیاسییەکانیش بەپیری و لەکاتی چاوگێڕانەوەیاندا بە ژیانی سیاسی و پەیوەندیی ڕابردووی خۆیان بە حیزبێکی دیاریکراوەوە، ئەم چەمکە بەکار دەهێنن و بەهەناسەیەکی ساردەوە دەڵێن: (ئێمەش،.. لێدراین).

بەڵام لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا پرۆسەی لێدان هەمان مانای نیە کە ئێمە لەناو خێزان و کۆمەڵگادا بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین. کاتێ دەڵێین (باوکێ لە کوڕەکەی خۆی دا)، بەمانای ئەوەیە کەسی یەکەم، کە بەپێی سیستەمی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ناوی (باوك)ە و ئەم باوکەش دەسەڵاتێکی بێسنووری لەو دوو سیستەمەوە وەرگرتووە، هەڵدەستێ بە دەست، یان بە مقاش و هەر شتێکی دیکە پەلاماری جەستەی کەسی دووەم دەدات کە بەپێی ناولێنانی هەمان دوو سیستەمی ناوبراو، بە (کوڕ) ناوی دەبرێت. لێرەدا مەبەست لە (لێدان)، لێدانی فیزیکی و بەکارهێنانی زەبری جەستەیەکە بەسەر جەستەکانی تردا، لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشە و سوکایەتی پێکردنانەی لە کاتی خودی لێدانەکەدا، لە ڕێگەی زمانەوە بەسەر لێدراوەکەدا دەبارێن. ئەگەرچی ئەم مانایەی لێدان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هیچ خۆش نیە لەناو ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەدا کوڕ بیت و باوکێکی دەستوەشێنت هەبێ و لە کاتی لێدانتدا جوێنت پێبدات بەبێ ئەوەی دەستووری زمان پەیڕەوەی بکات، (وە بەبێئەوەی هیچ پسپۆڕێکی زمانزانی ناو زانکۆ، لەمبارەیەوە توێژینەوەیەکی (زمانەوانیی جوێن)ی بۆ نوسیبێن)!



(٢)

کاتێ لە سیاسەتدا دەگوترێ: (فلانکەس لێی درا)، یاخود (فیسارکەس و گرووپ بەر لێدان کەوتن)، مەرج نیە مانای لێدان لەم بەکارهێنانەیدا لێدانی جەستەیی و شەڕە تفەنگ و کوشتن و تێرۆرکردنی ئەو کەس و گرووپ و توێژانە بگرێتەوە، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمەدا هەمیشە ئەگەری ئەم حاڵەتەش لە ئارادا هەیە. هێندە هەیە لێدان لە کەسێ، یان لە توێژێك، یاخود لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و ئیدارەیەك و لە ڕۆشنبیرێك و ڕۆژنامەنووسێ، مەرج نیە هەمیشە بگاتە ئاستی لێدانی جەستەیی. بەڵکو لێرەدا (لێدان) بەو (دەستە نەبینراوە) پێناسە دەکرێت، کە دەچێتە بن کلێشەی لایەنی لێدەر و دەسەڵاتەوە و بۆ ساتێ (نابینا)ی دەکات تاکو هەڵەیەکی پێبکات، کە جێبەجێکردنی خودی پرۆسەی لێدانەکەیە و ئیدی ئەو دەستە دەکشێتەوە دواوە!. واتە ئەو (دەستە نەبینراوە) (کە دەشێ لە کۆمەڵێ کەسانی دڵڕەق و بەرژەوەند تەسك پێکهاتبێ، یاخود لە کەسانێکی نەشارەزا و لێنەهاتوو)، بۆ ساتێ، ئیغراکەرانە خۆی بەدیاردەخات و دەسەڵات دەکاتە (هۆکارێك) بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی و هەموو هێزی لایەنی لێدەر لە مشتی خۆیدا کۆ دەکاتەوە تا بیدات بە سەری کەسێ، دەزگایەك، پرۆژەیەك، یان گرووپێکی سیاسیدا، یاخود توێژێکی کۆمەڵایەتی وەك ئافرەتان و ڕۆشنبیران و قوتابیاندا.

کە دەڵێم ئەم دەستە (دەسەڵات دەکاتە هۆکار و بۆ تاوێ ئیغرا و نابینای دەکات)، مەبەستم ئەوەیە دەسەڵات لە یاساوە، لە شەرعییەت و وزەیەکی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوە، هەڵدەخلیسکێنێ و دەیکاتەوە بە زەبر. واتە لە دەسەڵاتێکی ئیجابییەوە دەیکاتەوە بە وزەیەکی تێکدەر و شەڕانی و دەسەڵاتێکی شەڕخواز و توندڕەو، کە ئیدی نەتوانێ و فرسەتی ئەوەی نەبێ ئەو کەس و لایەن و توێژ و دەزگایانەی گومانیان هاتۆتە سەر، بەپێی لێپرسینەوەیەی یاسایی لەشوێنگەی خۆیان دوور بخاتەوە و تەحقیقیان لێبکات. بەڵکو دێت یەکسەر و بەبێ ئاگادارکردنەوەی هیچ ئۆرگانێکی یاسایی و پشکنین و توێژینەوەی تایبەت، ئەو کەسایەتی و توێژ و لایانەنای دەستە ئیغراکەرەکە ئاماژەی بۆ کردوون، دەمودەست لەکار دەخات، کارکردی سیاسی و ئیداریان لێدەستێنێتەوە و لە دەسەڵات نامۆیان

دەكات. بەمانايەكی دی: هەموو ئەو مانايانەيان لێدەستێنێتەوە كە تا كاتی پێش لێدانەكە، شوێنی ئەو كەس و لايەن و توێژانەيان لەناوسەرجەمیی سيستەمەكەدا پێناسە دەكرد و ڕووخسارێكی ياسايی و مەدەنيانەيان دەدايە هەمان سيستەمی دەسەڵاتیش. پاش ئەمە، ئەو دەستەی كە لێدانەكە بە دەسەڵات (جێبەجێی دەكات) و لە دەسەڵاتێكی بيناكەرەوە دەيكاتەوە بە زەبر و توند و تيژی، (زمانی دەسەڵات)يش دەگۆڕێ بۆ سەر ئاستی زمانی فەرمانگەيەكی سەربازيی و وا لەدەسەڵات دەكات كە لەسەر ئيقاعی عەريفێكی سوپا، بە جەندرمەكانی بڵێت: (هێرش بەرن، لێپرسينەوە نييە)، (گوناهەكانيان مەژمێرن، سزايان بۆ ببڕنەوە) و (گوێ لە پاكانەكانيان مەگرن، لە سەريان بدەن)!.

(٣)

ئەم تێگەيشتن و كاركردنە بە چەمكی (لێدان)، تێگەيشتنێكە، هەروەكو پێشتر نووسيم: سياسەت لە ئاستی ئيدارەكردنی ياسايی وڵاتەوە دادەبەزێنێتە سەر ئاستی دەستێكی بەزەبر، كە بۆی هەيە لەهەر فرسەتێكدا لێمان بدات و خودی وشەی (سياسەت) لە مانا بنەڕەتيەكەی بەتاڵ بكاتەوە. لەبەرئەوە من پێموايە چەمكی (لێدان)، لە سياسەتی هێزە كوردييەكاندا، هەروەكو چەمكی (تێوەگلاندن) و (پڕوپاگەندەبۆكردن) و (تۆمەتدانەپاڵ) و (ناو و ناتۆرە بۆ دروستكردن) و (پاشقول لێگرتن)، بەپلەی يەكەم زادەی قۆناغی شاخاويانەی سياسەتە. واتە قۆناغێ كە هێشتاكو شار/دەوڵەت (polis)مان نيە تا سياسەتيش بووبێتە (پۆليتيكا: politika) واتە بووبێتە مەسەلەی (بەڕێوەبردنی دەوڵەتشار و ئيدارەی بەتەگبيری كۆمەڵگا لە ڕێگەی بەگەڕخستنی ئاوەز و هووشيارييەوە)، وەك ئەوەی لە يۆنانی كۆندا باو بوو. ئەمەش لەبەر ئەوەی سياسەت لە شاخدا مانەوەی خۆی لەسەر لێدانی بەردەوامی ئەوانيترەوە دابين دەكات و دەتوانم بڵێم لەم ئاستەشدا هێشتا نەبۆتە سياسەت، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر لە قۆناغی لێدان و زەبر بەكارهێناندا ماوەتەوە و زياتر لەوەی پلانێكی عەقڵانی بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی كێشەكان، بريتيە لە پەرچەكردارێكی غەريزی و عەفەوی مرۆڤ لە ئاست ئەو مەترسيانەدا كە ڕووبەڕوويان دەبێتەوە. شاخ، وێڕای هەموو لايەنە ئيجابيەكانی ديكەی، شوێنێكە مرۆڤ تيايدا



بەپلەی يەكەم گەشە دەداتەوە بە غەريزەكانی خۆی، نەك بە ئاوەز و فەنتازيا خولقێنەرەكانی و ئەمەش لە سياسەتدا، لە ڕێگەی زەبروزەنگ و ئيمان هێنان بە پرنسيپی لێدان و بۆسەنانەوە و هێرش بردن و تێوەگلاندنی ئەوانيترەوە، تەعبير لە خۆی دەكات.. لەكاتێكدا سياسەت لە (شار) دا، پێش هەمووشتێك بريتيە لە (ئالۆگۆڕ، واتە: كۆميونيكەيشن)ی نێوان لايەنە بەشداربووەكان لە ئيدارەی كۆمەڵگادا.

(سياسەت وەك لێدان) لەسەر فيكرەی نەفيكردن و لەپەلوپۆخستن و سڕينەوەی ئەوانيترەوە بەندە، لەكاتێكدا (سياسەت وەك ئالۆگۆڕ) بريتيە لە قەبووڵكردنی ئەويتر وەك لايەنێكی يەكسانی بەشداربوو لەو گفتوگۆيانەدا كە دەبێت بۆ باشتر ئيدارەكردنی كۆمەڵگا لە ئارادا بن. لە سياسەتێكدا كە لەسەر پرنسيپی (لێدان)ەوە بچێت بەڕێوە، مەساحەيەكی گەورەمان هەيە لە ترس و ڕەهاييگەری و وەستان، چونكە هەمووان دەترسێن لێنەدرێن، لەبەرئەوە هەموو لە شوێنی خۆياندا دەوەستن! بەڵام لە سياسەتێكی ئالۆگۆڕئاميزدا (communicative)، مەساحەيەكی بەرفراوانمان هەيە لە نيسبييەت، ئازادی و جياوازی و جوڵە و بەردەوامی، چونكە هەمووان دەيانەوێ بەشدار بن لە گۆڕانكاريدا بەبێ ئەوەی بيانەوێ حەق تەنيا بەلای خۆياندا ڕاكێشن. لێدان وەك ميكانيزمێكی سياسی، بوونی تاكەكان پووچدەكاتەوە بۆ سەر ئاستی بوونی ئەو كائينە بێ متمانە بەخۆيەی، كە هيچ عەشقێك و دڵخۆشبوونێكی بەكارەكەی خۆی نيە و بوونی ئەو (وەك فەردێكی بكەر و داهێنەر) بچووكدەكاتەوە بۆ سەر ئاستی مووچەخۆرێكی ئاسايی كە لە كار و ژيانی خۆی وەڕسە. لە كاتێكدا سياسەت وەك ئالۆگۆڕ، تاكەكان لە مووچەخۆری (ڕۆبۆت ئاسا) و ملكەچ و تۆقێنراوەوە دەكاتە ئەو مرۆڤانەی كە هەر ڕۆژە بەهۆی بەردەوامیی كاركردنەوە، ناسنامەی خۆيان بينا دەكەن و گەشە بە كەسايەتی خۆيان دەدەن و ڕەونەق بۆ دەوڵەت و دەسەڵات دەگێڕنەوە.

(٤)

بەڵام يەكێ لە گەورەترين ئەو زيانانەی كە سياسەتی لێدان دروستيدەكات و پێش هەموو شتێ بەسەر بەرژەوەندييەكانی خۆشيدا دەشكێتەوە، بريتيە لە هەڵوەشاندنەوە

و بێماناکردنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە تاکو ساتی پێش لێدانەکە ئیشیان بۆ کرابوو، بەدەستهێنرابوون و خولْقێنرابوون. سیاسەتی لێدان، دێت تاکو هەموو ئەو وزەیە بەکەم بگرێ و فڕێی بدات و تفی بکاتەوە، کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانە سەرفمانکردبوو.. (لێدان) دێت تاکو دیوارێکی ئەوتۆ دروستبکات، کە نەتوانین بەو دەستکەوتانەوە سەرکەوین بەسەریا و خۆمان لە تەنگژەکەمان ڕزگار بکەین بۆ ئەودیو.. بەم پێیەش (لێدان) گێڕانەوەی ئیقاعی ئیشکردنە بۆسەر پلەی سفری جوڵە، بۆ وەستان و دەستپێکردنەوە لە ئاستێکەوە کە تەنانەت نزمتریشە لەو ئاستەی جاری یەکەم دەستمان پێکردبوو.. هەموو لێدانێك لەدەستدانی وزەیەکی ئەوتۆیە کە هەرچەند ماوەی هەستانەوەمان کورت و خێراش بێت، هێشتا ناتوانین بەهەمان ڕێژەی وزەی پێشووەوە دەست پێکەینەوە. ڕاستە کەسی لێدراو، گرووپی لێدراو یان توێژی لێدراو، لێدانەکەی بۆ دەبێتە (ئەزموون) و شوێنی سوودلێوەرگرتن. وەلێ ئەوان دەبنە خاوەنی (یادوەرییەکی تاڵ)یش لەسەر هەمان ئەو ئەزموونە، کە هەموو جارێ بەبیرکردنەوە لێی وەك (ئەزموونێکی تاڵ)، بەشێکی زۆر لە وزەی مەعنەوی و جەستەییشی دەڕوات.

کەواتە لێدانی سیاسی هەر ڕووداوێك نییە بۆ ساتەوەختێکی کورت لە ژێر کاریگەری و ئیغرابوونی دەسەڵات بە (دەستە نادیارەکە)، ئیشی خۆی بکات و دەستی خۆی بوەشێنێ و هەڵچێت و پاشان هەوڵدات بارودۆخەکە نۆرماڵیزە بکرێتەوە، پەشێمان ببێتە و تەنانەت داوای لێبووردنیش بکات. لێدانی سیاسی وەستانێکی درێژخایەن، کەئابەیەکی ناخۆش و مالیخولیایەکی پێچاوپێچ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە پێویستی بە (ئیرادە)ی گەورەی گرووپی لێدراو، کەسی لێدراو یان توێژی لێدراو هەیە تا بتوانێت حەکایەتەکەی، ماجەرا و بەسەرهاتەکەی، ئەوەی لە کاتی لێدانەکەدا بەسەری هات، لە (بیرەوەرییەکی تاڵ)ەوە بگوێزێتەوە بۆ سەر ئاستی (ئەزموونێکی بەسوود) و بەردەوامبێت. دەستپێکاتەوە و بە ئامادەیی خۆی لە ناو دەسەڵات و کۆمەڵگادا، ڕێبگرێت لەو دەستە ئیغراکەرەی کە هەمیشە دەیەوێت دەسەڵات نابینا بکات لەئاست جەوهەری بیناکەرانەی خۆیدا.. ئەزموونی شکست لە ژیانی مرۆڤی خاوەن ئیرادەدا، بەو وێرانە کاتییە دەچوێنم کە پاش ماوەیەك دەبینین وا



خەندەکی خانووێکی نوێی، بە نەخشەیەکی تازەوە لەسەر هەڵکەندراوە و گوڵ و لاسکەگیا سەوزەکانی ئەو ناوەش، مژدەی باخێکی خۆش ڕادەگەیەنن..

(٥)

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتا: ئێمە تێگەیشتین کە مانای لێدانی باوك بۆ کوڕ، جیاوازە لە مانای لێدانی سیاسیانەی حیزبێك بۆ ئەندامان و دەزگاکانی خۆی، یاخود بەرامبەرەکانی، یان نەیارەکانی و توێژەکانی کۆمەڵگا.. بەڵام ئایا لە هەڵوێست و لێکدانەوەی ئێمەدا سەبارەت بە بارودۆخی لێدراوەکان، دەبێت چ جیاوازییەکی بەرجەستە هەبێت؟ بە مانایەکی دیکە: ئایا ئێمە بۆمان هەیە چ پەرچەکردارێ لەئاست ئەو باوکەدا وەربگرین کە بەناوی باوکایەتییەوە لە کوڕەکەی خۆی دەدات و دەبێت پەرچەکردارمان چی بێت لە ئاست ئەو لایەنە سیاسیەدا کە سیاسەتی لێدان جێبەجێدەکات؟

بە بڕوای من لە ئاست بارودۆخی یەکەمدا، کاری ئێمە لەوە زیاتر تێپەڕ ناکات کە (ناڕەزایی) بەرامبەر کردەوەی باوکەکە دەربڕین و لایەنگری لە کوڕەکە بکەین. ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنمانەوە لەو شێوازی پەروەردەکردنە، باوکەکە ناچار بکەین کە دەست لەو کارە ناشایستەیەی هەڵبگرێ، بەبێ ئەوەی بتوانین ئەمەی بەسەردا بسەپێنین. بە مانایەکی دیکە: ئێمە دەتوانین ئامادەیی خۆمان لە بەرامبەر ئەو دیمەنەی کە تیایدا باوکێ لە کوڕەکەی خۆی دەدات، بکەینە (ئامادەییەکی چالاك) تاکو بتوانین باوکەکە بەخۆمانەوە سەرگەرم بکەین، تا ئەوکاتەی تووڕەییەکەی دەنیشێتەوە و دەست لە لێدانی کوڕەکەی هەڵدەگرێ. یاخود لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین (پەیمانێ) لە باوکەکە وەربگرین کە چیدی لە ڕێگەی لێدانەوە پەیوەندیی نێوان خۆی و کوڕەکەی دەستنیشان نەکات، چونکە ئەو پەیوەندییە ئاستێکی نایەکسان و نا مرۆڤانەی هەیەو هتد.. هەموو ئەمەش مانەوەیە لە ناو ئەخلاقناسیی (کانت)یانەدا، واتە ئێمە بەو جۆرە ڕەفتار دەکەین، کە ڕەفتارەکەی ئێمە ببێتە بنەمایەکی ئەخلاقیی بۆ گشت مرۆڤایەتی و لەم حاڵەتەشدا خۆزگەی ئەوە بخوازین ڕۆژگارێ بێت باوکان دەست لە لێدانی کوڕەکانیان هەڵبگرن. بەم مانایەش ئێمە ناتوانین نۆرمێك، یان یاسایەك بەسەر باوکەکەدا بسەپێنین کە خۆمان پێمان باشە،

بەڵکو دەتوانین لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ڕەفتاری ئەوەوە لەئاست کوڕەکەیدا، یەکەم: خۆمانی لێ جیا بکەینەوە، دووەمیش: شێوازێکی دیکەی ڕەفتارکردنی پێ بناسێنین و ئاواتەخواز بین کە ئەمەی دواییان پەسەند بکات و لێدان نەکاتە ڕێگا چارەیەك بۆ پەروەردەکردنی کوڕە لاسارەکەی!

کەواتە ئێمە لەم بارودۆخەدا، ڕەفتارێك ڕەتدەکەینەوە، بەوەی خۆمانی (لێبەدوور بگرین)، بەوەی (خەسڵەتە بەدەکانی) ئاشکرا بکەین و دواجار بەوەی (نارەزایی) لە ئاستدا دەر ببڕین. کاری ئێمە لەمە زیاتر ناتوانێ تێپەڕ بکات، ئەگەر بمانەوێ ڕەفتارەکەمان ببێتە سەرمەشق. چونکە هەر هەنگاوێکی دیکە بنێین بەرەو بەکارهێنانی زۆر و هێز، ئەو هەنگاوە ڕەفتارەکەی ئێمەش دەخاتە ڕیزی ڕەفتاری باوکەکەوە.

(٦)

سەبارەت بەوەی دەبێت پەرچەکردارمان لە ئاست ئەو لایەنە سیاسیەدا چی بێت، کە سیاسەتی لێدان جێبەجێ دەکات، مەسەلەکە تەواو جیاوازە. ئێمە لێرەدا ناتوانین هەر بە نارەزایی دەربڕین و خۆزگە هەڵخواستن و دۆعاکردن بۆ ئەوەی دەسەڵات ڕەفتاری خۆی لە ئاست کەسەکان، دامودەزگا و گرووپەکان و تەنانەت نەیارەکانیشیدا بگۆڕێت، دڵمان خۆشکەین کە گوایە ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووە. هەڵەیەکی گەورەیە بێدەنگیی خۆمان بەوە پاساو بدەینەوە، کە گوایە ئەو کەسەی، یان ئەو دەزگایەی لێیدراوە و تەجمید کراوە، هی حیزب خۆیەتی و ئێمە بۆمان نیە قسەی تیا بکەین. ئەرکی ئێمە بەوەش تەواو نابێت بەیاننامەیەکی توند دەربکەین و ئەو ڕەفتارە مەحکوم بکەین، کە دەسەڵات لە ژێر کاریگەریی دەستە ئیغراکەرەکاندا، بەرامبەر کەسان و لایەنەکان دەینوێنێ. بەڵکو ئەرکی ئێمە بریتیە لە (هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست جەوهەری دەسەڵات) خۆیدا وەك دەسەڵاتێکی بیناکەر و ڕێکخەری یاسایی، کە ئیدارەکردنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی لەسەر شانە. پێویستە هەمیشە (جەوهەری سیاسیانە)ی دەسەڵات بەبیری پراکتیزەکارانی دەسەڵات و دەسەڵاتداران بهێنینەوە و بەردەوام جەخت بکەینەوە سەر ئامادەیی ئەو مەشرووعیەتەی کە پێویستە لە هەموو ڕەفتار و جوڵەیەکی دەسەڵاتدا هەبێت، تاکو نەبێتە دەسەڵاتێکی



زەبروزەنگاوی و وێرانکار. چونکە دەسەڵات لە جەوهەری سیاسیانەی خۆیدا شتێ نیە، ئێمە بتوانین بەهۆی دۆعاو ئاواتخواستنەوە، نەهێڵین بەرەو وێرانکاری هەڵخلیسکێ، یاخود وەك ئەو باوکە تەماشای بکەین کە بە مقاش کەوتبووە ئاوێزی کوڕەکەی خۆی و بمانەوێ بە تکا و ڕجا دەستی پێهەڵگرین!. بەڵکو دەسەڵات شتێکە پێویستە ئێمە بەردەوام لە ڕێگەی بیرخستنەوەی جەوهەرەکەیەوە، کە پراکتیزەکردنی سیاسەتە (politika)، یاخود وەك ئەرستۆ گوتویە: هونەری ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی ئینسانیە، دروستی بکەین و بەرهەمی بهێنین و بەرجەستەی بکەین.

بەمانایەکی دیکە: کاری ئێمە هەرتەنیا نارەزایی دەربڕین و نواندنی ڕەفتارێکی نمونەیی نیە لە ئاست هەڵخلیسکان و ساتەکانی زەبری دەسەڵاتدا و بەجێهێشتنی بەو ئومێدەی خۆی بێتەوە سەر ڕێگەی دروست. بەڵکو کاری ئێمە بریتیە لە هەڵوێست وەرگرتن لە دژی ئەو زەبرە وەك مەسەلەیەکی بنەمایی بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵێ پرنسیپ کە بڕوامان پێیان هەیە و دەتوانین بیسەلمێنین کە بەسوودن بۆ کۆمەڵگاکەمان. چونکە لێدانی باوك لە کوڕەکەی خۆی هەرچەندەش کارێکی بەد و زەبراوی بێت، لە بارودۆخی خێزانێك و چەند کەسێ زیاتر ناشێوێنێ و ناتوانێت شیرازەی هەموو کۆمەڵگا تێکبدات. بەڵام لێدانی زەبرئاسا و شاخاویانەی دەسەڵات بۆ ئەندامەکانی خۆی، بۆ گرووپەکان و توێژە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ دامودەزگا مەدەنی و یاساییەکان و هتد، پێش هەموو شتێ شێواندنی شیرازەی سەرجەمی کۆمەڵگایە، ئەگەرچی ماوەی لێدانەکەش کەم بخایەنێت و زۆر شاراوەش بێت.

ئەوەی ئێمە پێویستە هەڵوێستی لە ئاستا وەربگرین، پرسیارە لەو پێناسەیەی کە دەسەڵات پێشتر لەسەر خۆی بەرهەمی هێنابوو، شانازی پێوەدەکرد و دەیکردە دەرسێکی قوتابخانە و لە ڕاگەیاندنەکانیەوە بانگەشەی بۆ دەکرد. واتە ئەو پێناسەیەی کە دەسەڵاتی وەك وزەیەك بۆ بەڕێوەبردنی یاساییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیداری وڵات و وەك پارێزەری مافی تاکەکان (بەو حوکمەی تاکەکان هاووڵاتین لەو کۆمەڵگایەدا کە دەسەڵاتەکە دەیبات بەڕێوە) دەناساند. چونکە ئەگەر دەسەڵات لە ڕێگەی پرۆسەی لێدانەکانیەوە و بەبێ هیچ پاساودانەوەیەکی یاسایی و مەشرووع،

هەمیشە ئامادەبێت بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگاو دامەزراوەکانەوە ببێتە زەبروزەنگی لێدان، ئەوە جەوهەری سیاسیانەی خۆی دەدۆڕێنێ و ئەوکاتەش ڕۆژگاری زێڕینی دەستە ئیغراکەر و هەڵخلیسکێنەرەکان دەستپێدەکات تاکو لەناو شاردا، لەناو ژیانی مەدەنی و بەبەرچاوی درووشمەکانی یاساوە، لەسەر شەقام و ناو باخچە و چێشتخانەکان، غەریزە شاخاویەکانی خۆیان پیادە بکەن.

من پێموایە ئەرکی ئێمە وەك هاوولاتی و ئەندامی ئاسایی کۆمەڵگا، وەك پیشەیی و پسپۆڕ، وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، وەك سیاسەتمەدار و دادوەر و هتد، بەرگریکردنی بەردەوام بێت لە جەوهەری سیاسیانەی دەسەڵات و ڕەخنەگرتنی هەمیشەیی بێت لە سیاسەتی لێدان. لەبەرئەوەی تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین (سیاسەتێکی ئاڵوگۆڕ خواز) بەرهەم بهێنین و سنوور بۆ ئەو دەستە پڕ زەبرانە دابنێین کە لەپشت سەری ئێمەوە و بەبێ گوێدانە ئاساییشی گشتی و ڕێزگرتن لە یاسا و تەبایی کۆمەڵایەتی، دەکەونە فسکە فسك بە گوێی دەسەڵاتداراندا و لەو ڕێگەیەشەوە دەسەڵات دەکەنە هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی غەریزە تێکدەرەکانی خۆیان و لەئاست پەیڕەوکردنی یاسا دا نابینای دەکەن.

**٢٠٠٠/٨/٣ هەولێر**

(*) لە هەفتەنامەی گولان دا بلاوکرایەوە.

## گازگرتنی سیاسی،
## سیاسەتی گازگرتن!(*)

**بۆچی** لە ساتێك لە ساتەكاندا، گازگرتن دەبێتە بەشێك لە زمانی سیاسەت و مرۆڤی سیاسی تەعبیری مرۆڤێكی گازگر بەخۆی دەبەخشێت؟ من ئەم پرسیارەم كاتێ لەلا دروستبوو كە لە خوێندنەوەی ئەو باس و گفتوگۆیانە بوومەوە، كە هەفتەنامەی (هاوولاتی) لە چەند ژمارەی پێشوویدا بلاویكردوونەتەوە.

با لە پێناسە هەرە سادەكانەوە دەستپێبكەین: گازگرتن كردەیەكی بایۆلۆژییە و بریتیە لەو بارودۆخەی كە تیایدا هەردوو بەری (سەرو) و (خواروو)ی ددان لە ڕێگەی (هێز)ێكەوە، كە لە دەروونێكی (ئاگا)وە سەرچاوەی گرتووە، دەهێنرێنەوە یەك، ئەمەش بەمەبەستی ئازاردان و كونكردن و پچڕاندن و شێواندنی شیرازەی ئەو شتەی گازی لێگیراوە، واتە بەمەبەستێكی تەواو عەقلانیی و بیرلێكراوە. بەپێی ئەم پێناسەیە، مرۆڤێكی عاقڵ لەبارودۆخێكی ئاگایانەدا بڕیار دەدات كۆی ئەو هێزەی لە ئەنجامی یەكانگیركردنەوەی ددانەكانیەوە دێتە بەرهەم (هێزی چالاك)، لە پچڕاندنی شیرازەی قەبارەیەكی دیكەدا (هێزێكی ناچالاك) بخاتەكار. بۆنمونە لە كاتی نەبوونی مەقەستدا بۆ بڕینی پەتێك (كە پەت خاوەنی هێزێكی ناچالاكە)، بەكارهێنانی هێزی ددانەكان (وەك هێزێكی چالاك) ئەركی مەقەستەكە ئەنجام دەدات و كردەیەك بەرهەم دێت كە پێی دەگوترێ: گازگرتن..

ڕەنگە بتوانین لە ئەنجامی وردبوونەوەمان لەم دیاردەیە سەرلەنوێ مێژووی مرۆڤایەتی بەجۆرێكی دیكە بنووسینەوە..

پێدەچێت لە بنەمادا گازگرتن جۆرێكی دیكەی لاساییكردنەوەی حەیوانەكانی دی بێت. مرۆڤ بەرلەوەی ببێتە بووێكی عەقلانی و توانای هەبووبێت لە ڕێگەی پلان و نەخشەكێشان و بەپشتیوانیی بەڵگەی دروستەوە، كردارەكانی پێناسە بكات، لاساییكەرەوەیەكی سرووشت و ئاژەڵەكانی دیكە بووە كە لەسەر بنەمای میكانیزمە



غەریزەییەكانەوە پارێزگارییان لە ژیانی خۆیان كردووە. گیاندارەكان گەلێ دەرسی سەیریان فێری مرۆڤ كردووە، كە پاشان بوونەتە بەشێ لەنەستی ئێمەو ئیدی نەبوونەتە جێگەی تێڕامانمان و وەك سیفەتێكی مرۆیی دووبارەمان كردوونەتەوە. بەڵام هێندە هەیە دیاردەی گازگرتن لای حەیوان دیاردەیەكی تەواو جیاوازە لەو دیاردەیەی لەلای ئینسان دەیبینین و پێشتر پێناسەمان كرد. چونكە حەیوانات لە ئەنجامی ئەو ترسەی كە لەسەر ژیانیان هەستی پێدەكەن، لە ئەندامەكانی لەشیان ئەو ئامرازانە دروستدەكەن، كە وێڕای وەزیفە بایۆلۆژیەكەیان، بتوانن وەك ئامرازی بەرگریكردنیش لەخۆیان سوودیان لێوەربگرن. لێرەوە تەماشا دەكەین (لاق)ی حەیوان جگە لەوەزیفەی گواستنەوەی جەستە، بەكاریش دەهێنرێت بۆ (لەقە)هاویشتن. (شاخ)ی ئاژەڵ جگە لەوەی كە نیشانەیەكی سرووشتیی جیاكەرەوەی جنسی نێر و مێیە لە هەمان ڕەگەزدا، ئەوە بۆ (شۆق)هاویشتنیش بەكار دێت، دواجار ددانی حەیوان كە وەزیفە هەرەسەرەكییەكەی هاڕین و كاوێژكردنە، كەچی دەبینیت بۆ گازگرتنیش بەكار دێت و مێژوو پڕە لەو بەشەرانەی، كە نەك لە ڕێی نیشتیمان و ئایدیۆلۆژیای حیزبدا گیانی خۆیان لەدەستداوە، بەڵكو بوونەتە قۆچی قوربانیی گازی حەیوانێك، كە ئیدی ئەو حەیوانە جگە لە گازگرتن نەیتوانیوە بەشێوەیەكی دیكە بەرگریی لە خۆی بكات. (دیارە من لێرەدا پتر بیر لە ئاژەڵە ماڵییەكان دەكەمەوە نەك لەو ئاژەڵە كێویانەی كە غەریزەی ڕاوكردنیان بەهۆی چنگووڕ و قەپاڵگرتنەوە جێبەجێ دەكەن).

دەشێت بەشێوەیەكی دیكەش باس لە پرۆسەی لاساییكردنەوەی مرۆڤ بۆ حەیوانات بكەین، لەوانەش لاساییكردنەوەی كردەی گازگرتن، ئەمەش بەبێ ئەوەی زۆر لەو پێناسەیە بگۆڕین كە پێشتر لەسەر ئەم دیاردەیە خستمانە ڕوو. لاساییكردنەوەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ بەم مانایەی كە لێرە بەدواوە باسی دەكەم، بەمەبەستی ئاسانكاریی بووە لە ژیانی خۆیدا و لەبەرامبەر هێزی سرووشتدا، كەئەمەش دۆخێكی بەر لەشارستانیەتمان بۆ ئاشكرا دەكات. لاساییكردنەوەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ، لاساییكردنەوەی كائینێكی سرووشتییە بۆ كائینێكی دیكەی سرووشتیی: واتە بەر لەوەی مرۆڤ فێری ئەوە بووبێت لە ڕێگەی هەڵگرتنەوەی بەرد و پاشان بەكارهێنانی وزەی ماسوولكەیی خۆیەوە بۆ فڕێدانی ئەو بەردە بەرەو شتێكی دیكە،

یان تیژکردنی و بەکارهێنانی بۆ بڕینەوەی تەنە مادییەکان، یاخود بۆ ئازاردانی گیانەوەرەکان کاروباری ژیانی خۆی ئاسان بکات، ئەوە ددانی خۆی (بە تەقلید لە حەیوانات) بەکارهێناوە بۆ هەمان مەبەست. ئەم لاساییکردنەوەیەش لەسەر ئاستی پەیوەندییەکی دیداریانەوە دروستبووە، چونکە دیارە مرۆڤ بەرلەوەی ماسوولکەکانی لەکردەی داهاتنەوەی دا بۆ هەڵگرتنی بەردێك بەکاربهێنێت، واتە بەرلەوەی نیگای بکەوێتە سەر زەوی و تەماشاکردن ئاراستەیەکی سەربەرەوخوار وەربگرێت، پێدەچێت تەماشاکردن ئاراستەیەکی ئاسۆیی وەرگرتبێت و یەکەمجار بەرامبەری بینبێت و لەبەرامبەریشدا نیگای کەوتبێتە سەر ڕووخسار و سیمای بەرامبەر. بۆیە دەشێت یەکەم تەقلیدکردنەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ تەقلیدی تەعبیرەکانی سیما و ڕووخسار بێت. بەم پێیەش، چاو یەکەم پەیوەندیی لەنێوان مرۆڤ و سرووشت و مرۆڤ و ئاژەڵاندا دروستکردووە. بەشێکی ڕاستیی ئەم لێکدانەوەیەشمان لە مێژووی هونەری کۆنی سەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەڵگری دەلالاتی گرنگیی چاوە لە ژیانی مرۆی سەرەتاییدا.

دەمەوێ بەهۆی ئەم قسانەوە بڵێم: مرۆڤ لە ئاژەڵەوە فێری بەرد بەکارهێنان و ئامراز دروستکردن نەبووە، چونکە ئەوانە هەموویان زادەی گەشەی هزری مرۆڤ خۆین لە تێڕامانیا لە دەوروبەری و ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەرهەڵدانی سەرەتاکانی شارستانیەت و بەرهەمهێنانی ژیار. ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵەوە فێری بووە بریتییە لە ناسینی توانای جەستەیی خۆی و بەکارهێنانی.. ئاژەڵ (جەستە)ی بە مرۆڤ ناساند و فێری کرد چۆن لەسەر بنەماکانی ژیانی سرووشتییەوە، جەستەی خۆی بەکار بهێنێت و تێیبگات و ڕایبهێنێت.. بێگومان پاشتر بە زاڵبوونی بنەماکانی ژیار بەسەر بنەماکانی سرووشتدا، واتە زاڵبوونی عەقڵ بەسەر غەریزەدا، مرۆڤ گەلێ لەو دەرسانەی لە بیرچۆوە کە لە ئاژەڵەوە فێری ببوو بۆ بەکارهێنانی جەستەی خۆی، بێجگە لە بەکارهێنانی جەستە لەبواری سێکسی دا. چونکە مێژوویێکی دوور و درێژی ویست تا غەریزەی سێکسی بێتە ژێر ڕکێفی بنەما ژیارییەکانەوە و ئەویش وەك نانخواردن و جلپۆشین و خۆڕازاندنەوە و شەڕکردن و هتد، کە زۆر پێشتر پەیوەندییان بە دۆخە سرووشتیەکەیانەوە پسابوو، دیسیپلین بکرێت و کەلتووریزە بکرێت. هەربۆیەشە



زۆر جار، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە کردەی سێکسیی مرۆڤ دەگوترێ (غەریزەی حەیوانیی). لەڕاستیشدا سێکس بەو مانایەی کە کات و شوێن تیایدا فەرامۆشدەکرێن و لەدەرەوەی حساباتە عەقڵانی و کەلتوورییەکان دێتە ئەنجام، غەریزەیەکی سەراپا حەیوانییە و مرۆڤ تەنیا لە سێکسدا جەوهەری حەیوانیانەی خۆی پاراستووە و هەر ئەمەشە لەززەتی سێکسی پێکدەهێنێ!.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: گازگرتن وەك تەقلیدێکی جەستەیی مرۆڤ لە ئاژەڵ، ئەنجامی شوناسکردنی هوشیارانەی مرۆڤە بۆ تواناکانی خۆی و ئاکامی تێگەیشتنێتی لەوەی کە ئەندامەکانی جەستە، جگە لەوەزیفە سرووشتییەکانی خۆیان، بۆ ئەنجامدانی کاری دیکەش دەگونجێن. بۆنمونە دەشێت (ماچکردن) لە بنەماوە هەر هەمان غەریزەی (لستنەوە) بێت لای ئاژەڵ و پاشتر لەلایەن مرۆڤەوە بووبێتە ئەو کردە چێژ بەخشەی کە هەرچۆنێ ئەنجامی بدەین، خەسڵەتە حەیوانیەکەی خۆی ون ناکات!. وەلێ با زۆر لە باسە سەرەکییەکە دوور نەکەوینەوە و بێینەوە سەر باسی گازگرتن.

ئەگەر ئاژەڵ لەبنەمادا وەك کردەیەکی غەریزی گاز بگرێت، ئەوە گازگرتنی مرۆڤ کردەیەکی هوشیارانەیە و لێرەشەوە مرۆڤ لە ئەنجامی تێگەیشتنی لە توانای جەستەیی خۆی و بڕی ئەو هێزەی کە لەئەنجامی گازگرتنەوە دروستدەبێت و دەشێت تەنەکانی بۆ بقرتێنێت، یاخود پێی بهۆش بکات و لەناوی بەرێت، هەڵدەستێت بە گاز گرتن وەك هۆیەك بۆ دابینکردنی مانەوەی خۆی لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە. ئابەمجۆرەش ئینسان لە حەیوان و دۆخی غەریزەیی لە دۆخی عەقڵانی جیادەبێتەوە. چونکە ئەگەر گازگرتن لە دۆخی غەریزەییدا پەرچەکردارێکی سرووشتیانەی گیانداران بووبێت لەئاست هەڕەشەکاندا، ئەوە لە دۆخی عەقڵانیدا دەبێتە کردەیەکی مەبەستدار، نەك هەرتەنیا بەمەبەستی ئاسانکاری و ڕاییکردنی ساتەوەختەکانی ژیان بەهۆی پێبەخشینی وەزیفەیەکی نابایۆلۆژییەوە بە جەستە، بەڵکو بەمەبەستی بەکارهێنانی جەستە وەك سەرچاوەیەکی زەبروزەنگ لەبەرامبەر ئەوانیتردا. کەواتە گازگرتنی ئینسان لە هەر شتێك، جگە لەکاتی نانخواردندا، ئەوە شێواندنی وەزیفەی بایۆلۆژیانەی ددانە و ئەنجامی تێگەیشتنە لە جەستە وەك سەرچاوەیەکی هێز بۆ ئازاردانی ئەوانیتر. لەکاتێکدا

گازگرتنی حەیواناتی دی، هەرچەند زەبروزەنگاویش بێت، لە جێبەجێکردنی وەزیفەیەکی غەریزی و بایۆلۆژی زیاتر نیە.

لێرەدا پرسیار ناکەم: بۆچی مرۆڤ بەگشتیی گاز دەگرێت و نوقرچ دەگرێت و چنگوڕ دەگرێت و زللە دەوەشێنێت و شەق دەهاوێت و هتد؟ چونکە وەڵامی ئەم پرسیارەم بەوە دایەوە کە بڵێم: مرۆڤ هوشیارە بەوەی وەزیفەی نابایۆلۆژی بداتە ددانەکانی و پەنجەکانی و پێیەکانی بەمەبەستی ئازاردانی ئەوانیتر.. هەروەکو چۆن دەشتوانێت وەزیفەی نابایۆلۆژی بەمەبەستی ئاشتیخوازانە بداتە ئەندامەکانی لەشی، بۆ نمونە وەك بەکارهێنانی دەست بۆ تەوقەکردن و پەنجەکانی بۆ نەوازشکردن و پێیەکانی بۆ شێلان و نینۆکەکانی بۆ خوراندن و ختوکەدان و هتد.. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە بۆچی مرۆڤ لە کایەی سیاسیدا، کە کایەیەکی عەقڵانییە، بە چەمکەکانی غەریزە دەدوێت و خۆی وەکو داروەشێنێك، بەردهاوێژێك و گازگرێك دەناسێنێ؟

ئێمە دەزانین سیاسەت خۆی بەرهەمێکی شارستانی و کەلتوورییە و لە بنەمادا بۆ ئەوە هاتووە بێسەرەوبەرەیی لە کۆمەڵدا نەهێڵێت و بە ڕێکخستن و ئیدارەکردن و هاوسەنگکردنی کۆمەڵگا پڕی بکاتەوە. لێرەشەوە سیاسەت بەپێویست دیاردەیەکی مرۆڤانەیە لە دۆخی عەقڵانیدا، نەك دیاردەیەکی غەریزیی لە دۆخی سرووشتیدا. یۆنانەکان سیاسەتیان بە (هونەری ئیدارەکردن) پێناسەکردووە و بەپێی ئەم پێناسەیەش سیاسەت بەرزکراوەتەوە بۆسەر ئاستی هونەر، کە دەزانین یەکێ لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی هونەر بریتییە لە هێنانەدی هارمۆنیا و سڕینەوەی زەبروزەنگ. کەواتە سیاسەت لە بنەمادا دژی زەبروزەنگە و هەڵگری گەلێ وادەیە بۆ خۆشبەختکردنی مرۆڤ، چ لەسەر زەوی و چ لە ئاسمانیش..

بەپێی ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت، ئەو مرۆڤەی بەناوی سیاسەتەوە بیەوێ گازبگرێت، مرۆڤێکە لەلایەکەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی غەریزیی و تەقلیدی حەیوانات بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێت سیاسەت لە هونەری ئیدارەکردنەوە بچووك بکاتەوە بۆ سەر ئامرازێکی زەبروزەنگ.. کێشەکە لەوەدایە کە دۆخی غەریزی پێویستیی بە سیاسەت نیە، چونکە سیاسەت بەرهەمی کەلتوورە و ناشێت لە دنیای پێش ژیار و کەلتووریشدا سیاسی بین، لەبەرئەوەی یاساکانی سرووشت



فەرمانڕەوان. لەولای دیکەیشەوە: ناکرێت لە دنیایەکدا، (بەتایبەتیش دنیای ئێمە)، کە تاسەر ئێسقان پێویستیی بە ئیدارەکردنی هونەرمەندانە هەیە بەهۆی سیاسەتەوە، غەریزەییانە بیربکەینەوە و مرۆڤ بگێڕینەوە بۆ دۆخی سرووشتیی. بۆیە مرۆڤێ کە لەناو سیاسەتدا لەسەر ئیقاعی غەریزە بیر دەکاتەوە، مرۆڤێکە هەم بەسیاسەت و هەم بە غەریزەش نامۆیە. کەواتە دەبێت لە شوێنێکی دیکەوە لەوە تێبگەین کە بۆچی لەم ساتەوەختەی کۆمەڵگاکەماندا، گوتارێکی غەریزەیی لە سیاسەتی ئێمەدا سەرهەڵدەدات و لەجیاتی بەکارهێنانی چەمکەکانی سیاسەت، چەمکەکانی غەریزە ئیشیان پێدەکرێت!؟.

من لێرەوە سەرهەڵدانی تەعبیری (گازگرتن) لە گوتاری سیاسیی ئێمەدا، وەك ئیستیعارەیەك تەماشا دەکەم، کە لەڕێگەیەوە ویستراوە بگوترێت: ئێمەش خاوەن هێزین و دەتوانین هێزی خۆمان لە دژی ئەوانە بەکاربهێنین کە دەیانەوێ بە ئامانجی خۆمان نەگەین. لێرەشدا هێز دەبێتە ئامرازی زەبروزەنگ نەك ئامرازی دەسەڵات. تەفسیریشم بۆ جیاوازیی ئەم دوو چەمکە بەمجۆرەیە: هێز وەك ئامرازی زەبروزەنگ، هێزێکی شەڕخوازە و وێرانەی لێبەرهەم دێت و نیەتێکی ئەهریمەنانەی لە پشتەوەیە. هێزیش وەك ئامرازی دەسەڵات ئەو هێزەیە کە سیاسەت بۆ بیناکردنەوە و ئاساییش پێویستی پێیەتی و مرۆڤی ژیر و کارامەی لەپشتەوەیە، جا ئەو مرۆڤە هەر بیروباوەڕێکی سیاسی و ئاینیی هەبێت.

کەواتە با پرسیارەکەمان بگۆڕین و بڵێین: بۆچی بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئیستیعارەیە لە ئێستای گوتاری سیاسیی ئێمەدا سەرهەڵدەدات؟

لەڕاستیدا دەبێت ئەمە بەپلەی یەکەم پەیوەندیی هەبێت بە ئامادەیی ئەو نەغمە شەڕانییەوە کە لە کایەی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەگشتی و کایەی سیاسیماندا بەتایبەتی ئامادەیە و هەرئەمەشە وایکردووە کە نە کایەی ڕۆشنبیری و نە کایەی سیاسی لەناو واقیعی ئێمەدا بەدەگمەن ببنە کایەی ئالوگۆڕخواز (communicative). بە مانایەکی دیکە: هیچ یەکێ لەم دوو کایەیە تێگەیشتن و گفتوگۆکردنی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا نەکردۆتە (پرۆژەی سەرەکیی) خۆی، هێندەی ئەوەی بیری کردۆتەوە لە سڕینەوە و لەناوبردنی بەرامبەرەکەی بەهۆی پووچکردنەوەی مەشرووعیەتەکەیەوە،

یان گەورەکردنی مەترسییەکانیەوە. بێگومان ئەمەش پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بە ئامادەیی ئەو بەدگومانییە زۆرەوە کە لە کۆمەڵگایەکی بچکۆلەی وەك ئەوەی ئێمەدا، بەپێی هەلومەرجە مێژووییەکانی خۆی، چرپۆتەوە و کەڵەکە بووە. لەناو ئەو هەلومەرجانەدا ئاراستەی باوی گوتاری ڕۆشنبیریی ئەوە بووە، کە بەناوی (ڕۆشنگەرییەوە)، هێرش بکاتە سەر توندڕەوی لە سیاسەتی ئاییندا، بەمەش زۆرجار بۆخۆیشی ببێتە توندڕەو. ئاراستەی باوی گوتاری سیاسیانەی ئایینیش ئەوە بووە کە بەناوی (بەرگریکردن لە ئایینەوە)، فوو لە چرای هەموو ڕۆشنگەرییەك بکات و فەتوا بەسەر نەیارەکانیدا ببەشێتەوە و ببێتە تێزابرێژ.. کێشەکە لەوەدایە کە بەدەگمەن لە ئەزموونی مێژووی بەشەرییەتدا، گوتارێکی ڕۆشنگەرانەی بێ ئایین و گوتارێکی ئایینیی بێ ڕۆشنگەریمان هەیە. لە ئاستی فیکردا، ڕەنگە مێژووی فەلسەفە و مێژووی تیۆلۆژیا(خوداناسیی) دوو نموونەی بەرجەستە بن: ئەفلاتوون لەلایەك و ئاگۆستین لەولای تر، ئیبن الروشد لەوبەر و غەززالی لەمبەر، دیکارت لەلایەك و و سپینۆزا لەولای دیکە، کانت و مارکس، هایدگەر و فردریك بارت، هانری کۆربن و گاستۆن باشلار، پۆڵ تلیخ و جیانی ڤاتیمۆ و هتد. هەموو ئەمانە یان فەیلەسووفانی ئیماندارن، یاخود ئیماندارانی ڕۆشنگەر، بەبێ ئەوەی ئەم ئیمانە لە ڕۆشنگەریدا و ئەو ڕۆشنگەرییە لە ئیماندا دەست لە پرنسیپەکانی خۆیان هەڵبگرن.

ڕەنگە جوانترین ساتەکانی ڕۆشنگەری ئەو ساتانە بێت، کە نەبێتە ڕۆشنگەرییەکی تاکڕەهەند و چرای ئیمانی تیا نەکوژێتەوە. جوانترین ساتەکانی ئیمانیش ئەو ساتە بێت، کە ئایین نەکرێتە تاریکەسەلات. ئەوکاتەش نە ڕۆشنگەران پێویستییان بەوە دەبێت لەسەر جیاوازییەکانیان تیرۆر بکرێن و نە ئیماندارانی ڕاستەقینەش بۆ پاراستنی ئایین پێویستیان بەوە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ چەمکەکانی غەریزە و دەستوەشاندن و گازگرتن.

**٢٠٠١/٢/٤**

**هەولێر**

(*) هەفتەنامەی هاوڵاتی ژ: ٢١ی ٢٠٠١/٢/١٥

## له دژی تیرۆریزم
## شارێك بەپێوە! (*)

**هەمیشە** لەناو کۆمەڵگایەکدا کە هەستدەکەیت مرۆڤەکانی حەز بەئاشتی و تەبایی دەکەن و خەڵکەکەی ترووسکایی هەموو ئاشتبوونەوەیەك بە خۆرێکی تازە هەڵهاتوو دەچوێنن، تیرۆر ئەو زللە لەپڕەیە کە تەکانمان پێدەدات و پێمانـدەڵێت: لە ماوەی عینادی و ڕێکنەکەوتن و دواخستنی پرۆسەی ئاشتیدا چ بۆشاییەك کەوتۆتە پەیوەندیمان بەیەکترەوە و چەندەمان متمانە بەیەکدی دۆڕاندووە و چۆنیش فرسەتمان بۆ دوژمن ڕەخساندووە تاکو دەستی خۆی بوەشێنێت؟!. تیرۆر لەناو ئەو بێ متمانەیی و فەرامۆشکارییەدا لەدایك دەبێت، کە دووژمن دەیکاتە جێ مۆڵگەی خۆی و گەرای پلانە شەڕانیەکانی خۆی تیا دادەنێت. بەم مانایەش تیرۆر کایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە و دیار نیە، بەڵکو ئەو ساتەوەختە پڕ زەبرەیە کە لەناو ئاڵۆزیی و ناکۆکیی کایەکاندا فرسەت بۆ دەست وەشاندنی خۆی دەدۆزێتەوە و شیرازەی کۆمەڵگا دەشێوێنێت و لەگەرمەی دڵبەخۆ خۆشکردن و بڕوا بەخۆبوونماندا، بیرمان دەخاتەوە، کە هێشتاش کەلتووری مەرگ و تیرۆر لەناوماندا ئامادەیە.

***

هەفتەی ڕابردوو تیرۆر لە هەولێر بوو.. لەناو کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکانی ناوی حەز بە ئاشتی و تەبایی دەکەن و خەڵکەکەی وەك تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستان و دۆستانی ڕاستەقینەی کورد، هەموو تروسکاییەکی ئاشتی بەو خۆرە دەبینن کە سەرەتا بەرزاییەکانی (قەڵا) و منارەی (چولی) ڕووناکدەکاتەوە و پاشانیش دڵی هەموو مرۆڤێکی وڵاتەکەمان دەکاتە چراخان. هیچ شتێك لەم وڵاتەی ئێمەدا هێندەی ئاشتی و تەبایی چاوەڕێ و تامەزرۆ نەکراوە، هەربۆیەشە کە تیرۆر دێت و شار داگیر دەکات، گشت هاووڵاتیان دەڕژێنە سەر شەقامەکان و بە حزووری خۆیان لەبەردەم شوێندەستەکانی تیرۆرخوازیدا بەپێوە ڕادەوەستن. ڕاوەستانی هاووڵاتیانی شاری هەولێر



لە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوودا، وەستانێکی پڕ لە دەلالەت بوو کە دەبێت جێگەی تێڕامان و لێخووردبوونەی جیدیی هەموومان بێت و دەرسی گەورەی لێوە فێر ببین.

***

لە وڵاتی ئێمەدا ڕاوەستان و بەپێوەبوون، کەلتوورێکە پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بەو بارودۆخە جۆربەجۆرە سیاسیانەوە، کە مێژووی کوردیان پێدا تێپەڕیوە: بەشێکی زۆری قارەمانە کلاسیکیەکانی ئێمە و خەباتکارانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی، ئەو مرۆڤانەبوون کە بەپێوە گوولەباران کراون. وێنەکەی قازی محەمەد و هاوەڵەکانی لەکاتی لەسێدارەدانیاندا، بەڵگەیەکی زیندووی ئەم کەلتوورەیە. لە هەشتاکاندا کە بەعس پرۆژەی لەپەلوپۆخستنی نەتەوەی ئێمەی دەستپێکرد، کەلتووری پیاسە و بەپێ ڕۆیشتن، نەك هەر جۆرێك لە وەرزش و جووڵە نەبوون بۆ سەلامەتیی جەستە، نەك هەر تەنیا خواستی مرۆڤی ئێمە نەبوون بۆ خۆنواندن و دۆزینەوەی هاوەڵ و مەعشووقە لەسەر جادەکان، بەڵکو جۆرێك بوون لە بەرگریکردنی خەڵك لەئاست پرۆژەیەکی سەرکوتکەردا کە ئامانجی ئەوە بوو چۆك بە مرۆڤی ئێمە دابدات. پیاسەی هەشتاکان، ڕۆیشتنی بەردەوامی خەڵکی شارەگەورەکانی ئێمە و بەدەرەوەبوونی هەمیشەییان لەسەر شەقامەکان، جۆرێك بوو لە تازەکردنەوەی پەیمانێکی نهێنی کە ئەوانی لەئاست دووژمندا پێکەوە دەبەستەوە. هەنگاوەکان هەنگاوی بەردەوامکردنی جەستەبوون لە ڕۆیشتندا وەك جەستەیەك کە دەبوو بەپێوە بمێنێت و ملکەچ نەکات و ئەژنۆکانی نەلەرزن.

پاشان ساتەوەختی ڕاپەڕین وەك بەناوەکەیدا دیارە، تەکانێکی دیکەی جەستەی مرۆڤی ئێمە بوو، جووڵەیەك بوو لە حاڵەتی کپبوونەوە، کە زووڵمی بەعس سەپاندبووی، بۆ حاڵەتی ڕاپەڕینی ئەو جەستەیە و ڕاوەستانەوەی لەبەرامبەر دوژمندا. ڕاپەڕین بزاوتێك بوو پێش هەموو شتێك، جەستەی ئێمەی ڕێککردەوەو ئاراستەی نیگامانی لە تەماشاکردنی زووڵمەتی قەبرەکانەوە گواستەوە بۆ تەماشاکردنی ئاسۆکانی بەردەوامیی و ژیان. ڕاپەڕین سەرمانی بەرزکردەوە و کارێکی کرد ئێمە جارێکی دیکە وەك مرۆڤ هەست بەبوونی خۆمان بکەینەوە.

لە سەردەمی کۆڕەوەکەشدا هێزی سرووشت کە لەبارانێکی زۆردا بەرجەستە بوو، ملی بە هێزیی تەکنەلۆژیا کەچ کرد و باران کارێکی کرد هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی تەکنەلۆژی و هاتووچۆ، کە دەبێت تیایاندا لەسەر کورسییە نەرمەکان دابنیشین، لەکار بکەون و خەڵك پەنا بۆ کەلتووری ڕۆیشتن ببەنەوە. لە ڕاستیدا کۆڕەو، هەموومانی قەرزارباری پێیەکانمان کرد!

ساتەوەختێکی دیکە لە کەلتووری بەپێوەڕاوەستانی نەتەوەی ئێمە، بریتییە لە ساتەوەختی وەستان لەبەردەم سندووقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنی حوکمەت و پەرلەماندا. ئەمە ساتەوەختێك بوو کە ئێمە تیایدا وەك ئاپوورەیەکی مەزن، وەك شەپۆلێ لە مرۆڤی ئازادیخواز تێکەڵبووین بە مێژووی جیهان و بۆ یەکەمجار بەپێوەبوونەکەمان وەك بەشداریکردنێکی جیدیی بۆ پاراستنی کولتوری دیموکراسی، لێکدرایەوە. پاشان ساڵە کورتخایەنەکانی سەردەمی ئاشتی دەستیان پێکرد، کە ئیدی نەتەوەی ئێمە لە خۆشیاندا بواری نەبوو دابنیشێت و بەردەوام لە هەڵپەڕین و شایی گێڕاندا بوو. لە ساتەوەختەکانی شەڕی ناوخۆییشدا، زۆربوون ئەو گرووپ و دەستە کۆمەڵایەتیانەی کە لە هەوڵدانیاندا بۆ سەقامگیرکردنەوەی ئاشتی، ڕاوەستان و بەپێوەبوونیان کردەوە بە شێوازێکی خەباتکردن، کە ئەمەشمان لەزۆربەی ئەو ڕێ پێوان و خۆپیشاندانانەی کوردەکانی تاراوگە و ڕۆشنبیراندا بینی و دایکی شەهیدەکانیش کە لە سلێمانییەوە بەپێ هاتنە هەولێر، کەلتووری ڕاوەستانیان گەیاندە لوتکەی جوانیی خۆی، ئەگەرچی ئەو کاتە ڕێزێکی ئەوتۆ لە پێیە ماندووەکانیان نەگیرا..

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردووش هاووڵاتیانی هەولێر، لە مەراسیمی بەڕێکردنی دوو قوربانیی دیکەی تیرۆرخوازیدا، جارێکی دی کەلتووری ڕاوەستانی بە کۆمەڵییان زیندوو کردەوە. ڕاوەستانێك کە هەم ترسی نەتەوەیەکی لەبەرامبەر دەستە دووژمنکارەکاندا بەرجەستە دەکرد و هەم بەرجەستەکەری جۆرێکیش لەبەرگریکردن و بەگژداچوونەوە بوو لەئاست کەلتووری تیرۆردا. هەولێر بە ئیرادەی خۆی و لە ئەنجامی ڕاچڵەکینێکی تووندەوە هەستایە سەرپێ و ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمە ئەو پەیمانە نهێنیەیان بۆ یەکدی تازەکردەوە، کە بەشێکە لە جەوهەری کەلتووری بەپێوە ڕاوەستان. بەڵام ناکرێت ئەم ڕاوەستانە هەر وەك پەرچەکردارێك لەئاست شڵەژانی باری ئاسایی شاردا لێکبدەینەوە، ئەگەر ڕەهەندە شاراوەکەیشی باس نەکەین: ڕاوەستانی جەستەیی یەك شار، نمونەی ڕاوەستانی ویژدانی سەراپای نەتەوەی ئێمەیە لە ئاست ئەو دەستدرێژیانەدا کە دوژمنان لە هاووڵاتیان و تەبایی کۆمەڵگەکەمانی دەکەن. ئەو دەرسەی لەم ڕاوەستانەوە فێری دەبین، ئەوەیە: جارێکی دیکە بەبیری حیزبە کوردییەکان دەهێنێتەوە، کە ماوەی عینادی و بایەخ نەدان و دواخستنی پرۆسەی ئاشتی، ئەو بۆشایی و کەلەبەرە ترسناکە دروستدەکات کە دوژمنان بۆ پەرەپێدان بە کەلتووری تیرۆریزم بەکاریدەهێنن. چونکە وەکو لە سەرەتاوە نووسیم، تیرۆر لەناو ئەو بێ متمانەیی و فەرامۆشکارییەدا لەدایك دەبێت، کە ساردی و بێموبالاتی دروستیدەکات و دووژمنیش دەیکاتە جێ مۆڵگەی خۆی و گەرای پلانە شەڕانیەکانی خۆی تیا دادەنێت.

ڕاوەستانی جەماوەریی شارێکی گەورەی ئێمە لەبەرامبەر تیرۆردا، ناکرێت ڕاوەستانی ڕەمزییانەی سەراپای نەتەوەی ئێمە نەبێت بۆ وریاکردنەوەی هێزە کوردیەکان و تەمەننای نەتەوە نەبێت بۆ یەکخستنەوەی خەونی کوردی و پاککردنەوەی وڵاتەکەمان لە هەموو دەستێکی تیرۆرخواز. کاتێ یەك شار وەك ڕەمزی نەتەوەیەك بەپێوە ڕادەوەستێ، بەمانای ئەوەیە یەك نەتەوە تیرۆریزم بە مەترسییەك دەزانێت بۆسەر ئایندە و خەونەکانی خۆی و دەیەوێت بەم ڕاوەستانەی هەم لە ماتەمینیەکانی کایەیەکی دەسەڵاتدا بەشدار بێت و هەم کایەکانی دەسەڵاتیش هانبدات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی عینادییەوە دروستبووە و دوژمنیش بۆ تێکدانی کۆمەڵگەکەمان سوودی لێوەردەگرێت. هەرچۆنێك ئەم ڕاوەستانە جەماوەرییە لێکبدرێتەوە و ئاراستە بکرێت، هێشتا گەورەیی نەتەوەیی ئێمە و بچووکیی دوژمنەکانمان دەردەخات. ئەوکاتانەی دووژمن لە ئەنجامی خراپەکارییەکانییەوە ئاپوورەی خەڵکی ئێمە دەبینێت بە بریندار و دڵشکاوی، نەك هەر دڵی خۆش نابێت، بەڵکو ترسێکی تایبەتیشی لێدەنیشێت، چونکە ڕاوەستانی شارێکی ئێمە بەپێوە، هەیبەت و سامی هاووڵاتیان دەردەخات و کاتێکیش ئەم دیمەنە دەگوێزرێتەوە بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی جیهان، دەبێتە هۆی بێدارکردنەوەی دۆستەکانمان و بەدیهاتنی هەستی هاودەردی و بەرزبوونەوەی ڕێزی نەتەوەکانی دی لە ئاست ئێمەدا. بەڵام گرنگترین و پێوسیتترین ڕێز ئەو ڕێزەیە کە لەناوخۆوە لەم ڕاوەستانەی خەڵك بگیرێت. ئەمەش بەوەی کە هەرچی

زووتره کار بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دووژمن تیایدا گەرای داناوەو گەرەکیەتی لە هەموو ساتەوەختە ناسکەکانی ژیانی ئەم نەتەوەیەدا زللەیەکی لەناکاومان تێسرەوێنێ و لەگەرمەی دڵبەخۆ خۆشکردن و بڕوا بەخۆبووغاندا، بیرمان بخاتەوە، کە هێشتاش کەلتووری مەرگ و تیرۆر لەناوماندا ئامادەیە.

لەمەودوا گرنگ نییە هێزە کوردییەکان هەر لەماتەمییەکان و کۆستەکاندا هەستی هاودەردیی بۆیەکتر بەیانبکەن و بەشداریی بکەن لە دڵدانەوەی یەکتردا، بەڵکو گرنگە پێکەوە و لەگەڵ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا، بەپێوە لە دژی تیرۆریزم ڕاوەستن. پێکەوە ئەو بۆشایی و کەلەبەرە پڕ بکەنەوە کە دوژمن لێوەی دێتە ژوورێ و لەم ڕێگەیەشەوە بەهاوکاریی یەکدی ببنە هێزێکی دژ بەتیرۆر و متمانە بگێڕنەوە بۆ ناو کۆمەڵگەکەمان.

ئەگەرچی تیرۆر دەتوانێت بەو هەموو بچووکیەی خۆیەوە پانتاییەکی شەڕانیی بەرفراوان لەدوای خۆی جێبهێڵێت و بەجۆرێ زەبری خۆی بوەشێنێت کە واهەستبکەین هیچ ترسێکی لە هیچ شتێك نیە، بەڵام لەڕاستیدا تیرۆر هەمیشە لە کەلتوورێکی مەزن زەندەقی چووە کە کەلتووری ئاشتییە. ئاشتی لەهەموو زەمەنی خۆیدا نەخشەی یەك قەتڵ دادەڕێژێت، کە قەتڵی تیرۆرکردنە، لە کاتێکدا تیرۆر هەموو زەمەنی خۆی لەسەر کوشتنی یەك بەیەکمانەوە بینا دەکا. با بەپێوە و لەکەنار یەکتردا بوەستین بۆئەوەی نەخشەکانی تیرۆر پووچکەینەوە..

**هەولێر: ٢٠٠١/٢/١٢**

(*) ڕۆژنامەی برایەتی، ژ: ٣٣١٨ی ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٢٢

# لەدوای تیرۆر:
# هەستی تۆڵەکردنەوە، یان: لۆژیکی بەردەوامی؟[*]

**تیرۆر** هەرتەنیا لەو ساتەوەختەدا زەبری خۆیمان لێناوەشێنێت کە کارەساتەکە بەرپا دەکا و پاشان دەبێتە بەشێك لە ڕابردوو، بەشێك لە هەواڵی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو میدیاکان.. بەڵکو هێزی گەورەی تیرۆر لەوەدایە کە لە ڕێگەی سارمۆنیای بەڕێکردنی قوربانییەکانەوە، لەسەر گۆڕی کوژراوەکانەوە، لەناو هۆڵی تازیە و ماتەمینییەکانەوە، خۆی پەلکێشی داهاتووشمان دەکات. تیرۆر نەك هەر ڕابردووی هاوبەشمان لێدەستێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت داهاتووی هاوبەشیشمان لەژێر دەست دەربهێنێت. سارمۆنیای بەڕێکردنی قوربانییەکان هەمیشە بەدیهێنەری کەشێکی دڵگەرمیی و کۆست و حەماسەیە، لێرەشەوە لەژێر کاریگەریی ئاپوورەی جەماوەر و ئەو پێکەوەبوونە چڕەدا کە هاوشانە بە وتاربێژی، یادگاریی خوێندنەوە، فاتیحا دادان، دڵسووتان و فرمێسك ڕشتنێکی بەکوڵ و کپبوونێکی سام لێنیشتوو، هەستی تۆڵەکردنەوە سەرهەڵدەدات.

هەڵەیەکی گەورەیە وا تێبگەین دوای کارەساتەکە تیرۆر بەجێی هێشتووین و لەناوماندا نەماوە. هەڵەیە گەر وابزانین تیرۆر تەنیا بە ڕاپێچکردنی قوربانییەکان بۆ ناو زوڵمەتی قەبرەکان کاری خۆی بەئەنجام گەیاندووە. سەرکەوتنی تیرۆرخواز هەر لەوەدا نیە کە بیەوێت بۆماوەیەك شیرازەی وڵات و شارەکەمان بشێوێنێت و ڕەشپۆشمان بکات، بەڵکو ئەو تا دوایین سات، تاکو ئەوکاتەی ناچار بە بڕیاری تۆڵەسەندنەوەمان دەکات، لەناوماندا دەمێنێت و ئەوکاتەش کە گوێی لە هاوار و دروشمەکانی ئێمە بوو بۆ تۆڵەکردنەوە، ئەمجا قاقایەك لێدەدات و بەجێمان دەهێڵێ و دەڕواتەوە ناو ئەشکەوتە خوێناویەکانی خۆی. لەپشت هەموو نەخشەیەکی تیرۆرخوازانەوە تەمەننایەك هەیە بۆ ناچارکردنمان بەبڕیاری تۆڵەکردنەوە. تەنیا لەو کاتەدا کە ئێمە بڕیاردەدەین تۆڵە بکەینەوە، تیرۆریست هەست بە تەواوکردنی ئەرکی خۆی دەکات و سەرکەوتنی کۆتایی بۆخۆی تۆمار دەکات. چونکە لۆژیکی تیرۆر هەرتەنیا شێواندنی ژیانی ئێستامان و هەڵخلیسکاندنی ئێمە نیە لەسەر ڕێگای پڕۆژەکانی ئێستامان، بەڵکو ئەم لۆژیکە کاتێ



ئامانجی خۆی دەپێکێت کە ناچارمان بکات بە تۆڵەکردنەوە بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە ژیانی داهاتوو و پڕۆژەکانی ئایندەشمان بشێوێنێت. لێرەوەیە تێدەگەین بۆچی تیرۆریستەکان دەستی خۆیان هێندە بەتوندی و بەزەبرەوە دەوەشێنن و لەئان و ساتدا دەیانەوێت لەهەموو عەقڵانییەتێك دابڕمان بکەن و بڕیارێکی ناعەقڵانیی وەك تۆڵەکردنەوەمان پێبدەن.. تیرۆر وەك کردەیەکی ناعەقڵانی، تەنیا ئەوکاتە بازنەی سەرکەوتنی خۆی تەواودەکات کە ئێمەش بکاتە کائینێکی ناعەقڵانی و هۆڵی تازیە و مەراسیمی ماڵئاوایی‌کردنمان لە مردووەکان، (کە خۆی لەخۆیدا شوێنی هاودەردی و دڵنەوایی‌کردنن،) لێبکاتە شوێنێ بۆ بڕیاردانی خوێنڕشتن و زەبر وەشاندن.

لۆژیکی تۆڵەکردنەوە، نەك هەرتەنیا لە دژی لۆژیکی تیرۆر نیە، بەڵکو ئەو غەفڵەتەیە کە تیرۆر دەیخاتە بەردەممان تاکو دەستمان پێ هەڵگرێت لەو کار و پڕۆژانەی تا ئێستا خەریکیان بووین. تیرۆر بۆیە دێت چونکە ئەو شتانەی تائێستا خەریکیان بووین مەترسییان دروستکردووە بۆسەر مانەوەی ئەو: ئەگەر ئێمە خەریکی دروستکردنی ئاینده بین، ئایندەی تیرۆر مایەپووچ دەبێت. ئەگەر ئێمە خەریکی دروستکردنی متمانە و ئاساییش بین، بوارێك نامێنێت بۆ نەخشە ئەهریمەنیەکانی تیرۆر. ئەگەر ئێمە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان بین، تیرۆر لە کوێدا نیشتەجێ ببێت؟! ئەگەر ئێمە خەریکی ئاشتی بین، بوارێك نامێنێت تیرۆر ئاژاوەی تیادا بگێڕێت و وێرانکاریی بنێتەوە.

بەمجۆرە هەمیشە تیرۆر لەوکاتانەدا دێت کە ئێمە دڵمان بەو پڕۆژانە خۆشکردووە کە ئێستا پێیانەوە سەرقاڵین و ئایندەی خۆمانیان لەسەرەوە بەندە. تۆڵەکردنەوەش ئەو چەکەیە بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین لە نەخشەی تیرۆریست جێدەمێنێت و لەناخی ئێمەدا جێی بۆ دەکاتەوە تاکو ئەوەی خۆی لەسەر شەقامەکان بۆی تەواو نەکرا، ئێمە لەناو دەروونی خۆمان و لەناو نەخشە و پڕۆژە ئاییندەییەکانی خۆماندا تەواوی بکەین. ئەمەش لەبەرئەوەی بەرلەوەی تۆڵەکردنەوە هێزێك بێت بەرەو تیرۆریست ئاراستە بکرێت و لەناوی بەرێت، هێزێکە بەرەو ناخی خۆمان و پڕۆژە هەنووکەییەکانمان ئاراستە دەبێت و وێرانمان دەکات. تۆڵە هەمیشە وزەیەکی وێرانکەرە بۆ ناخی تۆڵەستێن و ئەو کەس و لایەنەی دروشمی تۆڵە بەرز دەکاتەوە. چونکە هەستی تۆڵەکردنەوە لەسەر مەبدەئی (کینە)وە بەندە و ئەمەش ئەو هێزەیە کە هەرچی وزەی بەردەوامیمانە بەرەو ئایندە،

لێدەمژێت و بە ڕقێکی ئەستوور پفمان دەدات کە ناتوانین ئایندەی لێوە ببینین. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، کە ئەو بڕی وزەیەی بۆ تۆڵەسەندنەوە سەرفی دەکەین و تازە نایەتەوە شوێنی خۆی، ئەو ئیمکانیەت و توانا مرۆییەی بۆ ئەو مەبەستە دەیخەینە کار و بەفیڕۆ دەڕوات، گەلێ زیاتر و خەسارەتبارترە لەو وزەیەی بۆ پڕۆژەکانی ئێستامان تەرخانی دەکەین و دەسکەوتەکانی ئایندەی لێوە بەدەست دەهێنین. ئەمە جگەلەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی تاکو ساتەوەختی بڕیاری تۆڵەکردنەوەکە بەدەستمان هێنابوون و هەموو ئەو بانگەوازانەی بۆ دیموکراسیەت و ئاسایشی وڵات و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە بەرزمان کردبوونەوە، دەکەونە بەر مەترسیی فەوتان و لەدەستدانی ئیعتیباری خۆیان!

هەربۆیەشە، پێدەچێت عەقڵانیترین ستراتیژ لە دژی تیرۆر، ستراتیژی بەردەوامیی بێت. بەردەوامی و سوور بوون لەسەر وەدەستهێنانی ئایندەیەکی تەبا و کامەران بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو پەیمان و وادە و ڕێککەوتننامانەی ئیمزامان کردوون و دەزانین بە جێبەجێکردنیان، مانەوەی خۆمان و نەتەوەکەمان چاوەڕوانیمان دەکات. ڕەنگە لە تۆڵەکردنەوەدا خاڵێکی سەرکەوتن بۆ نەفسیەتی برینداری خۆمان و ئەندامانی خێزانەکەمان و لایەنگرانی حیزبەکەمان تۆمار بکەین و بەمەش دڵمان ئاو بخواتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەم (دڵ ئاوخواردنەوەیە) بەتەنیا نابێتە دەستکەوتێك بۆ ئایندەی نەتەوەیی و ژیانی هاوبەشمان. چونکە لەو کاتەوە کە بڕیاری تۆڵەکردنەوە دەدەین تا ئەوکاتەی ئەگەری تۆڵەکردنەوەکە نزیك دەبێتەوە، ئێمە ناچار دەبین گشت ئەو پڕۆژانە بوەستێنین کە بەرژەوەندیی گشتیی و دڵنیاییەکی زیاتریان تێدایە بۆ بیناکردنی داهاتوو. تیرۆر بەوەی بڕیاری تۆڵەکردنەوەمان پێبدات، بەو (شوان خەڵەتێنەرە)یە دەچێت، کە لەم بن بەردەوە دەفڕێت بۆ ئەو بن بەرد و هەرگیز خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵام دەتوانێت شوانەکە لە مەڕەکان دوور بخاتەوە و بیانخاتە بەردەم گورگەکان!

ستراتیژی بەردەوامیی، ناتوانێت ستراتیژی زیندووکردنەوەی ڕابردوو و هەڵگری گوتارێکی نۆستالیژیانە بێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە ستراتیژی بەردەوامیی بێت بەرەو داهاتوو لە ڕێگەی هەڵگرتنی گوتارێکی یۆتۆپیاخوازەوە. ڕێك ئالێرەشدایە کە ئێمە دەتوانین سنوورێکی ئەستوور بۆ سەرکەوتنەکانی تیرۆر دابنێین و نەهێڵین لە داهاتوومان‌دا دووبارە ببێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی بەردەوامیی تیرۆر لەسەر



بەردەوامیی تۆڵەسەندنەوە بەندە و سووربوون لەسەر تۆڵەسەندنەوەش ڕێگرە لەبەردەم داهاتوودا و لە دژی یۆتۆپیا و فەنتازیاکانمان دەکەوێتەوە. کەواتە بۆ ئەوەی داهاتوو بکەینە هی خۆمان و نەهێڵین تیرۆر لە ڕێگەی پانتاییەکانی ڕق و کینەوە بێتە ناو داهاتوومانەوە و خۆی دابچێنێتەوە، پێویستە هەڵگری سیاسەتێکی حەکیمانە بین لە بڕیارداندا.

سیاسەتی حەکیمانە چییە؟ ئەو سیاسەتەیە کە لەلایەکەوە، لەسەر بنەمای خۆشەویستییەوە بۆ داهاتوو بەندە و ئامادە نیە دەست لە داهاتوو هەڵبگرێت (ئەمەش لە ڕێگەی بەردەوامیدانییەوە بە ئێستا)، لەلایەکی دیکەشەوە، سیاسەتێکە ئیرادەی بەرگەگرتنی کۆست و قەیرانەکانی خۆی هەیە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا. سیاسەتی حەکیمانە سیاسەتێکە بەپێویست دەبێت خاوەن بڕیار بێت (بەوحوکمەی سیاسەت زانستی بڕیاردانە)، هەروەها سیاسەتێکیشە کە هەردەم بەئاراستەی دروستکردنی داهاتوودا بڕیار دەدات و لەسەر چارەنووسی ئێمە داوەریی ئەخلاقیانە دەکات. بەمجۆرەش سیاسەت دەبێتە تێکەڵێك لە حیکمەت و بڕیار، لە ئیرادە و ئیدارەکردن. لە شیعر و لە مەعریفە و ئەخلاق.

هەر سیاسەتێك ڕەهەندی حەکیمانە و شیعری و مەعریفی و ئەخلاقیی خۆیشی فەرامۆش بکات، دەکەوێتە بەردەم غەفڵەتی ئەو تەڵەیەی تیرۆر بۆی دەنێتەوە، تاکو بیکاتە سیاسەتێکی تۆڵە ئەستێنی بێ ئایندە و بێ پڕۆژە و بێ مێژوو.. سیاسەتێك کە دواجار دژی ئەو بەرنامە و درووشم و وادە و پەیمانانە ئیشدەکات کە ڕایگەیاندبوون و ئێمەی پێ دڵخۆش کردبوون. سیاسەتێك کە دواجار بە لۆژیکی تیرۆر بیردەکاتەوە. دەزانم ئاسان نییە لەو دەستە ڕەشە خۆش ببین کە لەپڕ زەبری خۆیمان لێدەوەشێنێت، بەڵام دەشزانم ئاسان نیە وازهێنان لە داهاتوو، وەلێ بۆ ئەوەی سیاسەت لە هونەری ئیدارەکردنەوە نەکەین بە ئامێری تۆڵەکردنەوە دەبێت بڕیار بدەین بەرەو داهاتوو بەردەوامبین و هەموو وزەی خۆمان بۆ دروستکردنی ئەو داهاتووە تەرخانبکەین...

**هەولێر: ٢٠٠١/٢/٢٢**

(*) هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژ: ١٥ی ڕۆژی ٢٠٠١/٣/١١

# له تۆڵەوە بۆ لێکبووردن[*]

***ئایا توندڕەوی وەك گوتارێك، واقیعی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستان بەرهەمی دەهێنێت، کەواقیعێکە دەرفەتی گوزارشتکردنێکی تەندروست بۆ ئەو هێزانە ناکاتەوە؟ یان: مەرجەعێکی ئایدیۆلۆژی لەدەرەوەی ئەو واقیعە بەرهەمی دەهێنێت و لێرە، لەشێوەی باوەڕبوونێکی رەها دەردەکەوێت، کە دەخوازێت، سیمایەکی توندڕەوانە بداتە کۆمەڵگای کوردی؟***

**مێژووی** بەشەریەت لە هەمان کاتدا مێژووی هەوڵدانەکانی مرۆڤە بۆ خۆ دەربازکردن و خۆڕزگارکردن و جیابوونەوە لەهێزە سروشتییەکان و پێکهێنانی یەکەیەك بەناوی (کۆمەڵگا). بەم مانایەش کۆمەڵگا چوارچێوەیەکی داخراوی شوورابەند نییە، کەیەکجار و بۆ هەمیشە دروستبووبێت. کۆمەڵگا هەمیشە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانە لە دۆخی دروستبوون و خۆگۆڕیندایە: هەندیك لە کۆمەڵگاکان بە خێرایی دەستیان دەچێتە خۆیان و ئامادەن گۆڕانی بنەمایی لە بونیادی خۆیان و دامەزراوەکانیاندا بکەن و هەر لەبەر ئەم خەسڵەتەش بە (کۆمەڵگای کراوە) ناودەبرێن. لە کاتێکدا بەشێکی دیکەی کۆمەڵگاکان پێیان دەگوترێت (کۆمەڵگای داخراو)، چونکە ئامادەنین بە ئاسانی دەست لە خەسڵەت و بەها جێگیرتووەکانی خۆیان بەردەن و خۆیان نویێ بکەنەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی لە جۆری یەکەمن (مێژوو) دروستدەکەن و مێژوو دەبێتە داینەمۆیەك بۆ یادهێنانەوەی پەیمانێکی نهێنی لە نێوان ئەندامەکانیانداو ئەمەش وادەکات نیگایان بەرەو ئایندەیەکی باشتر و یەکسانتر و رەواتر ئاراستە ببێت تاکو (بەردەوامبوون) ببێتە مەبدەئی بنەڕەتییان.

وەلێ کۆمەڵگاکانی جۆری دووەم، لەسەر دووبارەکردنەوەی (یادەوەری) دەژین و دیدی روانین تیایاندا بەرەو رابردوو ئاراستە دەبێت، کە تیایدا برینی سارێژنەبووی تراژیدیاکان خۆیان مەلاس داوەو دەنگێك هاواری حەقسەندن و تۆڵەکردنەوە دەکات.



خاڵی گرنگ لەوەدا نییە کە (بونیادی داخراو) لە کۆمەڵگا کراوەکاندا نییەو کۆمەڵگا داخراوەکانیش بێبەشن لە (بونیادی کراوە) چونکە لە هەموو کۆمەڵگا کراوەکاندا هەندێك خاڵی تاریك هەن رێگەمان لێدەگرن تاکو ئەو کۆمەڵگایانە بە کۆمەڵگای (نموونەیی و کراوەی رەها) پێناسە بکەین و لە زۆربەی کۆمەڵگا داخراوەکانیشدا هەندێك تروسکایی بەدیدەکرێن، کە خەسڵەتی (تاریکەسەلاتی) نەدەینە ئەو کۆمەڵگایانە. بۆ نموونە: زۆرینەی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوای ئەورووپاو دەوڵەتەکانی سکەندەناڤیا، بە کۆمەڵگای کراوەو دیموکراتی ناودەبرێن، لە کاتێکدا رەگەزپەرستی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و یاسایی، خاڵی رەشیانن و دەسەڵاتی ئابووری لەپشت گەلێك لەو پێشێلکاریانەوە ئامادەیە کەنەك هەر بەرامبەر بە مرۆڤ (بەتایبەتیش پەنابەر و بێکارەکان دەکرێن)، بەڵکو هەمان دەسەڵات لەپشت ئەو پێشێلکاریانەشەوەیە کە لەدژی مافی ئاژەڵان، سروشت و کۆمەڵگاکانی تریش دەکرێن. نموونەشمان بۆ کۆمەڵگا داخراوەکان، کۆمەڵگای ئێرانە، کە کۆمەڵگایەکە پڕە لە ناکۆکی و ستەمکاری، بەڵام کۆمەڵگایەکیشە خاوەنی دینامیکیەتی خۆیەتی و تیایدا باس لەستەمکاری و نایەکسانی دەکرێت و هێزگەلێك هەن، کە نەبوونی یەکسانی و ئازادی و رەوایەتی دەکەن بەگوتارێکی باو، تا ئەم کۆمەڵگایە بەرەو یەکسانییەکی زیاتر و ئازادیەکی فراوانتر و رەوایەتییەکی تۆکمەتر ئاراستە بکەن.

لێرەوە دەمەوێت بڵێم: ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەست هەڵگرین لەوەسفکردنی کۆمەڵگا کراوەکان بەکۆمەڵگای (نموونەیی) و (ئایدیاڵی)، چونکە خەسڵەتی نموونەیی و ئایدیاڵی ئەو قیاسە پێشبینیکراوانەن کە دەبێت لە ژێر رۆشناییاندا بارودۆخی کۆمەڵگاکانیان پێ بخوێنینەوەو ئەو مۆدێلە وێناکراوانەن کە پێویستن بۆ رەتکردنەوەی واقیع.. هەروەها دەبێت دەستیش هەڵبگرین لە تۆمەتبارکردنی کۆمەڵگا داخراوەکان و وەسفکردنیان بە کۆمەڵگای (تاریك) و (رەهاخواز).

ئەو راستییەی کەڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان پێمان دەڵێ ئەوەیە، هەموو کۆمەڵگایەك (ساتەوەختی نموونەیی) و (ساتەوەختی تاریکایی) خۆیانیان هەیە. هەموو کۆمەڵگاکانیش خاوەنی مێژوو و یادەوەری، پەیمانبەستن و پەیمانشکێنی، کەرنەڤاڵ و تراژیدیای خۆیانن. خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین مودارا

لەگەڵ ساتە نموونەییەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا بکەین و لەدژی تاریکاییەکانیان بوەستینەوە. لە مێژووییانەوە دەرس وەربگرین و لە یادەوەرییاندا تۆوی لێبوردوویی بچێنین، ئاوێزانبین لەگەڵ دەنگی ئەو دەسەڵات و گوتارانەیاندا کە کۆمەڵگایان بەرەو ئاشتی و ئازادی ئاراستە کردووە و ڕەخنە لەو هێزانەیان بگرین کەدەیانەوێت بەرەو توندڕەوی و تۆڵەکردنەوەیان بەرن.

دەمەوێت لەم قسانەوە ئامادەژە بەوە بکەم: هەموو کۆمەڵگاکان مێژووییەکیان هەیە لە توندڕەوی و ناتوندوڕەوی، لە تیرۆر و لێبوردن و لەساتەوەختی تاریك و ساتەوەختی گەشاوە. لێرەشەوە کۆمەڵگایەکی (پیرۆز و خاوێن) وەك ئەوەی لە کتێبە ئایینییەکاندا باسی لێوەکراوە، بوونی نییە. چونکە لەوکاتەدا کۆمەڵگا خەسڵەتی (پیرۆزی) وەردەگرێت دوو زیان دەکات: لەلایەکەوە، ئەو کۆمەڵگایە سیفەتی (ئەکتەری کۆمەڵایەتی) لە ئەندامەکانی دەستێنێتەوە (کە ئەکتەرێکە ململانێ دەکات و لەو ڕێگەیەشەوە ناسنامەی خۆی لەناو کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دروستدەکات) و، ناسنامەیەکی درۆزنانەیان پێدەبەخشێت، کە لەسەر دووبارەکردنەوەی یادەوەرییەکان و قاودانی بەردەوام و بارگاویکردنیانەوە بەرۆحییەتێکی تۆڵەئەستێن، بەردەوامی دەداتەوە خۆی و، لێرەشدا مێژوو ڕۆڵی خۆی دەدۆڕێنێت. لەلایەکی تریشەوە: کۆمەڵگای پیرۆز دەبێتە پانتاییەکی داخراو بەسەر گۆڕان و رەخنەو نوێبوونەوەدا، چونکە ئیدی دۆخێکی مەندو بێ جووڵە سێبەری بەسەردا دەکات و ئەمەش وا دەکات، ئەو کۆمەڵگایە لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی (شوێنکاتی)ییەوە ببێتە بەهەشتێکی فریشتەیی لەودیو زەمەنەوە.

خۆشبەختانە، کۆمەڵگای ئێمە بەو مانایە کۆمەڵگایەکی نموونەیی نییە! هەرچەندەش کۆمەڵگا دووربێت لە نموونەیی بوون، هێندەش کۆمەڵگایەکی واقیعی و مرۆییە لەناو ڕەوتی گۆڕانکاریەکان و کارلێکردنەکاندا.

کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە بەرەو خۆدروستکردن و بوون بە کۆمەڵگا دەڕوات، کە ئەمەش پرۆسەیەکە بەرلەوەی بمانەوێ حوکمی بەسەردا بدەین، پێویستە لێی تێبگەین و چاودێری ئەو ئاراستەیە بکەین کە دەیگرێتە بەر.



وەك کۆمەڵگایەکی واقیعی، کۆمەڵگای ئێمە کەوتۆتە ناو ململانێی ساتە تاریك و ڕووناکەکانی خۆیەوەو دووچاری هەندێك کێشەو بەربەستی ئەوتۆ بووە، کە نە دەکرێت بەکۆمەڵگایەکی (کراوەی نیسبی) ناوببەین و نە بە کۆمەڵگایەکی (داخراوی ڕەها). کۆمەڵگایەکی ئەوتۆش لە ژیانێکی پڕ دژایەتی و پارادۆکسیدا دەژی: لەو کاتەدا کە دەیەوێت مێژووی خۆی دروستبکات، یادەوەری یەخەی دەگرێت و دەیخاتەوە ناو گۆمی خوێن و تراژیدیاوە.. لەوکاتەدا هەنگاو بەرەو ئاشتی و تەبایی دەنێت، توندڕەوی و تیرۆر تاسەر سنووری مردن دەیهەژێنن.. لە کاتێکدا دەیەوێت قۆناغی مۆدێرنی خۆی بژی، تەقلیدیەت ئالاکانی هەڵدەدات و بەهاکانی زیندوودەکاتەوەو لە ئەنجامی ئەمەش مۆدێرنێتەیەکی درۆزنانە و نەرێتگەراییەکی توندوتیژ بەرهەم دەهێنێت. لەوکاتەشدا گەرەکیەتی لەسەر بانگەشەکردنیەوە بۆ بەهاکانی وەك: (یەکسانی و فرەرەنگی و ئاسایشخوازی)یەوە، بەشێك لەپێناسەی دیموکراسیبوون بۆ خۆی بپچڕێت، تەماشا دەکەیت (ئافرەت کوشتن، پێشێلکردنی یاسا، گەندەڵی ئیداری، نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری)، دەبنە دیاردەی هەرە زاڵی ناو ئەم کۆمەڵگایە. لە کاتێکدا دەمانەوێت ببینە نەتەوەو حکومەتێکی یاسایی دروستبکەین، ئەخلاقی خێڵ و عەشیرەت تەراتێنی خۆیان دەکەن و کاتێکیش (عیلمانیەت) دەبێتە ناسنامەی بەشێك لە هێزەکانی ناو کۆمەڵگا، (ئیسلامیەت)یش خۆی وەکو ناسنامەیەکی بێ جێگرەوە، دەخاتەڕوو و کێبڕکێیە لەسەر ئەوەی کێ بەڕاستی عیلمانیەو چ لایەنێکیش بەڕاستی ئیسلامی؟

ئەم سیما ناکۆکەی کۆمەڵگا، بەلای کەمەوە، لە دە ساڵی رابردوودا بۆتە قەدەری مرۆڤی ئێمەش: مرۆڤی ئێمە بۆتە قوربانیی ئەو هێزانەی کەکۆمەڵگای ئێمە ئاراستە دەکەن و ئەو سیمایەی پێدەبەخشن کەڕەوتی بەکۆمەڵگابوون لە وڵاتی ئێمەدا سست و ئیفلیج دەکەن. لێرەشەوە هەم هێزە بەناو عیلمانیەکان و هەم هێزە بەناو ئیسلامییەکان لەبەردەم بەخۆداچوونەوەیەکی رادیکاڵدان بە مەبەستی چۆنیەتی چارەسەرکردن و درێژەدان بە ململانێکان، تاکو لەدواجاردا، بتوانن خۆیان لەدەست مۆتەکەی یادەوەری رزگار بکەن و مێژووییەك دروستبکەن بە قازانجی کۆمەڵگاکەمان بێت.

کەواتە توندڕەوی چ وەك کردارو چ وەکو گوتاریش ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی واقیشی کۆمەڵایەتی/سیاسیی کوردستانی ئێمەیەو هیچ خزمەتێکی ناکەین ئەگەر خۆمان لەم راستییە دزییەوە. وەلێ بەلای منەوە ئەمە کێشەو خاڵی سەرەکیی نییە، کە لە ئێستادا بیسەلمێنین توتدڕەوی لەلایەن ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێمەوە بەرهەمهاتووە، یاخود مەرجەعێکی ئایدیۆلۆژی لە دەرەوەی ئەو واقیعە بەرهەمی هێناوە؟ چونکە بەڕاستی ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا پانتاییەك بۆ توندڕەوی نەبێت، ئەوە ئەو کۆمەڵگایە قبوڵی وەرگرتنی هیچ توندڕەوییەکی ئاراستەکراویش ناکات، کە لە دەرەوە نێردرابێت (ئەم قسەیە ئەو جۆرەی توندڕەوی ناگرێتەوە کە هێزەکانی سروشت وەك لافاو، بورکان و ئاگرکەوتنەوە... هتد دەیسەپێنن).

کەواتە کشەی سەرەکیی ئەوە نییە بیسەلمێنین: مەرجەعێکی ئایدیۆلۆژی رەهاخواز لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردییەوە توندڕەویمان ئاڕاستە دەکات. ئەمەش لەبەرئەوەی کۆمەڵگای ئێمە بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەی و بوونی ئەو هێزانەی لە دەوروبەرمانن و سیخناخن لە توندڕەوی و رەگەزپەرستی و خۆ بەگەورە زانیدا، بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێ، توندڕەوی ئاڕاستەکراوەو هەولدراوە کۆمەڵگاو رۆحی مرۆی ئێمە شیرازەیان هەڵوەشێت. کێشەی سەرەکی ئەوەیە، کە بۆچی ئێمە بەرەو ئەو شوێنە ئاراستە دەبین و رێك خۆمان لەناو ئەو زەلکاوەدا دەبینینەوە، کە لەلایەن هێزگەلێکی دیەوە دەخرێتە بەردەممان؟

ئەو هێزە مێژوو دروستکەرانەی ناو کۆمەڵگای ئێمە، بۆچی لەبەردەم ئەو هێزانەدا کە توندڕەویمان ئاراستە دەکەن، تەسلیمی جۆرێکی دیکە لە توندڕەوی دەبن؟ ئایا توندڕەوی کۆمەڵگای ئێمە توندڕەوییەکی سروشتییەو پەیوەندی هەیە بەچۆنیەتی پێکهاتەی کۆمەڵگاکەمان و سایکۆلۆژیای هێزە باڵادەستەکانی ناوێوە، یاخود توندڕەوییەکی کەلتوورییەو پەیوەندی هەیە بەشێوازی ژیانی ئێمەوە؟ با بەشێوەیەکی راشکاوانەتر پرسیار بکەم: بۆچی لە دە ساڵی رابردوودا کە دەسەڵاتی ئاراستەکەری کۆمەڵگای ئێمە لە دەستی دوو هێزی وەك پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا بووە، ئەم دوو هێزە بەدەگمەن نەبێت نەیانتوانیووە لەکاتی کێشەکاندا لەگەڵ هێزە



توندڕەوەکان، خۆیان لەو توندڕەوییە قوتاربکەن کە ئەو هێزانە، یاخود دەسەڵاتی پشتەوەی ئەو هێزانە، خستوویانەتە بەردەمیان؟

ئێمە دەزانین کە ئەم دوو حیزبەی کوردستان، هاوشان بەهەموو هێزە رزگاریخوازەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگای ئێمە، بنەمایەکی ئازادیخوازانەو رزگاریخوازانەیان هەیەو مێژوویەکیان هەیە پڕە لە قوربانیدان و کۆست. بنەمای دروستبوونی ئەوان هەرچەندە بنەمایەکی شێوە ئایدیۆلۆژی جیاوازیشی هەبێت، هێشتا لە ئامانجدا کە بریتبووە لەگەیشتن بە رزگاریی نەتەوەیی و ئیعتیبار گێڕانەوە بۆ کەسایەتی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، یەك ئامانج بووە. ئەدی چی وا دەکات ئەم دوو هێزە وەڵامی توندڕەوی بەجۆرێکی دیکەی توندڕەوی بدەنەوە، ئەویش نەك لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا کە لە دەرەوەڕا توندڕەوی بەسەر کۆمەڵگاکەماندا دەیسەپێنن، بەڵکو لە بەرامبەر ئەو هێزانەشدا، کە لە کۆمەڵگای کوردی خۆی، تۆراون؟ هەموو ئەمەش لەکاتێکی زۆر نەگونجاودا، کە هێندەی پێویستیمان بەوەڕووخستنی نیەتی ئاشتیخوازانەی نەتەوەییمان هەیە، هێندەمان پێویست بە مانۆڕی سەربازی و هێز پیشاندان نییە!؟

وەڵامی ئەوان بۆ ئەم پرسیارە لەسەر بنەمای هەر یادەوەرییەکەوە بێت، هێشتا ناکرێت راستیەکمان لە بیر ببەنەوە، کە پێمان دەڵێت: ئەم دوو حیزبە زۆرجار مێژووی هاوبەشی نەتەوەیی دەکەنە قوربانیی یادەوەری خۆیان لەگەڵ یەکترداو، بەم کارەشیان لە دژی جەوهەری دروستبوونی خۆیان دەوەستنەوە، کە جەوهەرێکە تا ئەو شوێنە بڕوای بەتوندڕەوی هەیە کە سەربەخۆیی دەهێنێتە دەست و دوژمن لە خۆی دووردەخاتەوە.

کەواتە توندڕەوی لەلایەن واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی خۆیەوە، بەرهەم هاتبێت، یاخود مەرجەعێکی ئایدیۆلۆژیی دەرەکی هەبێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە بڵێم: ئەم دوو لایەنە باڵادەستە لە بەرپەرچدانەوەی توندڕەویدا، توندڕەو بوون، کە ئەمەش نیشانەیەکی بەدحاڵیبوونە لە مێژوو، چونکە مێژوو لەسەر بنەمای لێبووردنەوە دروست دەبێت.

باشترین جۆری بەرپەرچدانەوەی توندڕەوی و رەتکردنەوەی شێوەکانی، لەلایەن ئەو دوو هێزە باڵادەستەی ئێمەوە، کە لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ جەوهەری ئازادیخوازانەی

خۆياندا تەبابێت، ئاوەدانكردنەوەی سەنگەرەكانی جەنگ نییە، بەڵكو بریتییە لە نەچوونە ئەو پانتاییەوە كە ئەوان لە دروستبوونی خۆیانەوە لە دژی راپەڕیون و قوربانییەكی زۆریان لە پێناودا بەخشیوە. باشترین شێوازی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی بۆ ئەوان ئەوەیە، كە نەهێڵن هیچ هێزێك ماهییەتی خۆیان لێبستێنێتەوەو لەسەر رێگای ئەو ئامانجە مێژووییە هەڵیان خلیسكێنێت، كە بۆی دروستبوون و رایانگەیاندبوو، چونكە تەنیا لەم رێگەیەوە، ئەوان دەتوانن لەناو واقیعی ئێمەدا بوونێكی تەندروستانە بژین و ئەمەش ببێتە گوزارشتێكی ڕەوا بۆ بەردەوامیی ئەوان.
كۆمەڵگای ئێمە جەنگەڵێك نییە، كە حەیواناتەكانی ناوی بەسروشتی خۆیان دڕەندە بن. ئێمە كۆمەڵگایەكمان هەیە بۆ خۆی باجێكی زۆری ئەو توندڕەوییەی داوە كە بەسەریدا سەپێنراوە. توندڕەوی مرۆڤی ئێمە جیاوازە لە دڕندەیی ئەو گورگەی كە تاو دەداتە بینە قاقای مەڕەكان! مرۆڤی ئێمە لەناو هەلومەرجە كۆمەڵایەتییەكاندا دەژی و ئەگەر ئەو هەلومەرجانە بێرەحم بن، لێرەشەوە ئاراستە دەبێت بەرەو ئەو شوێنەی كەدواجار دەیخاتە باوەشی توندڕەوییەوە. توندڕەوی تەڵەیەكی ناو هەلومەرجەكانی ژیانە، كە ئەگەر مرۆڤ لە ژیاندا سەری لێتێكچوو، بەو تەڵەیەوە دەبێت. ئێمە هیچمان زاهید و قەدیس نین تاكو سایەی پێغەمبەران پارێزگاریمان لێبكات. ئێمە لەناو مێژوویەكی (گشتی و هاوبەش)ی خوێناویدا زۆرجار مێژوویەكی (شەخسیی) خوێناویش دەژین، كە دەشێت ئەنجامی دواكەوتنمان بێت لە ژیان و خۆپێگەیاندن، لە بێ سەرپەرشتی و بێ ئیمكانیەتی، لە تێكشكان لەعەشقداو گەیشتن بە ئەویتر، لە كۆست و مەحرومیەت و بێنازی.. كە بۆی هەیە هەموو ئەم مێژووە شەخسییە لە غیابی سیستەمێكی پەروەردەیی كارا و باوەشێكی سۆزئامێز و دەسەڵاتێكی هوشیاری یاساڕاگردا، كاراكتەرێكی توندڕەومان بەسەردا بسەپێنێت و بمانكاتە ئەندامی باندێكی تیرۆریستی.

بەڕاستیی دەمەوێت بڵێم: هەموو تیرۆریستەكانی ناو كۆمەڵگای ئێمە (بە خۆڕسك و بەكرێگیراو و ئاراستەكراوەكانیشیانەوە) شایەنی ئەوە نین بەتیرۆركردنەوەیان سزایان بدەین. ئەمەش نەك هەر تەنیا لەبەرئەوەی ئێمە بەم كارەمان لە دژی ماهییەتی ئاشتیخوازانەی نەتەوەیی خۆمان دەوەستینەوە! بەڵكو تەنیا لەبەرخاتری



ئەوەی، ئێمە یەكێكین لە میللەتە لە خوێن هەڵكشكاوەكانی ناو مێژوو، ئەوە نابێت رێگە بەخۆمان بدەین كوشتن لەسەر دەستی ئێمە چیدی درێژە بكێشێت. ئەخلاقی قوربانیی ئەوە نییە درێژە بەسەربڕین بدات، بەڵكو ئەوەیە هەموو چەقۆكان بنێژێت و كارێك بكات، چەقۆهەڵگرەكان بەناو پرۆژەكانی تێكەڵبوونەوەو سیستەمی پەروەردەو فێركردن و رۆشنبیریدا، بێنەوە ناو كۆمەڵگاو تەبایی ژیانی هاوبەش وەكو دۆخێكی ئاسایی قبوولّ بكەن و ببنەوە بەكائینێكی كۆمەڵایەتی. بۆیە لە بارودۆخی ئێستاماندا باشترین سەنگەرگرتن لە تیرۆریستەكان لەبەرەكانی جەنگدا نییە، بەڵكو لەناو دەزگاكانی كۆمەڵگادایە..

**هەولێر ٢٠٠١/١٢/١٧**

(*) وەڵامە بۆ پرسیارێكی كاك توانا ئەحمەد لە تەوەری (دیالۆگ و گوتاری توندڕەوی)، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ: ٣٤٦٢ی ڕۆژی ١٠٠٢/٢١/٦٢

# تیرۆری ئاشکرا، تیرۆری داپۆشراو[*]

## تیرۆر له نێوان ئیبلیس و ئادەم دا:

**تیرۆر** دیاردەیەکی مرۆڤانەیە و لێرەشەوە دیاردەیەکە لە سەر زەوی نەك لە ئاسمان و، هەم تیرۆریست و هەم تیرۆرکراویش دوو مرۆڤی مێژوویین. کاتێك دەڵێم: تیرۆر دیاردەیەکی مرۆییە، مەبەستم ئەوە نیە کە چاوپۆشی بکەم لە ململانێ زۆرەکانی ئاسمان و ناکۆکیی نێوان خواوەندەکان و نێوان خواوەند و فریشتەکان، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم، ململانێکانی ئاسمان هیچ کاتێك نەگەیشتوونەتە پلەی تیرۆر بەو مانایەی ئێمە لە وشەکە تێدەگەین. باشترین فرسەت بۆ پەیدابوونی تیرۆری ئاسمانی، ڕەنگە ساتەوەختی خەڵقکردنی ئادەم و فەرمانی یەزدان بێت تاکو فریشتەکان کڕنووش لەبەردەم ئەم کائینە لە قووڕ و ئاو دروستکراوەدا ببەن. بێگومان ئیبلیس ئەمە ڕەتدەکاتەوە و ئیدی قەدەری بەنەفرەتکراوی خۆی قەبووڵدەکا، نەك کڕنووش بردن بۆ بووێك، کە لەڕووی جەوهەرەوە کەمبایەخ ترە لە جەوهەری ئاگرینی خۆی.. ساتەوەختی سەرسەختیی ئیبلیس ساتەوەختێکە دەبوو تیرۆر وەك دیاردەیەکی ئاسمانی سەر هەڵبدات، چونکە ئێمە دەزانین کە هەموو تەکنیکەکانی تیرۆر لە ئاسماندا ئامادە بوون و ئیبلیسیش دەیتوانی بەهۆی سەرەوگومکردن و بۆسە بۆنانەوە و چاڵ بۆ هەڵکەندنەوە، ئەو بووە قوڕینەیە لە کۆڵ خۆی بخاتەوە. هەروەها دەشزانین زەمینەی ململانێ ئاسمانیەکان، لە نێوان خواوەندەکاندا هەمیشە لەبار بووە و خواوەندەکان خاوەنی گەلێك مەهارەتی جیاواز و سەرسووڕهێنەر بوون بۆ لەناوبردن و لاوازکردنی دەسەڵاتی یەکتری..

ئێمە دەتوانین بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی پلان و دەسیسە و لێدان و هەڵکوتانەسەر و پەلاماردان، بگەڕێینەوە بۆ نێوەندێکی یەزدانی و مشتومڕ و ململانێی نێوان خواوەندەکانی ناو ئەفسانە و ئایینەکان بکەینە نمونە، بەڵام کاتێك قسەمان لەسەر تیرۆر بێت، ئەوە دەبێت یەکسەر دابەزینە سەر زەوی و بۆ ناو مرۆڤەکان! بۆیە سەیرە



کە یەکەم تیرۆر لە ئاسمان ڕوونادات و لە زەوی و لەسەر دەستی مرۆڤێك لەبەرامبەر مرۆڤێکی دیکەدا ڕوودەدات، برایەك بۆ برایەکی تر، قابیل و هابیل..

وەك دیاردەیەکی مرۆیی، تیرۆر لەسەر دوو ئاست خۆی ئاشکرا دەکات: تیرۆرێکی جێبەجێکراوی کردەیی و بەپێی بەرنامەیەکی عەقلانی، کە لە ساتێك لە ساتەکاندا بە ئاشکرا دەستی خۆی دەوەشێنێت، هەروەها تیرۆرێکی متبووی داپۆشراو، کە نازانیت کەی قووڵپ دەدات و لە قۆناغی متبوونەوە دەچێتە قۆناغی تەقینەوەوە. جۆری یەکەمی تیرۆر لە ئەنجامی ڕاهێنان و مەشق و نەخشەی وردی پێشینەوە دەبێتە کردەیەکی ئاراستە کراو، کە لە پڕ شوێنێکی دیاریکراو لە ژیان جوێ دەکاتەوە و دەیکاتە مەیدانی زەبر وەشاندنی خۆی و دۆخی ئاسایی هەڵدەگێڕێتەوە بۆ دۆخێکی شپرزە. دیارترین جۆری ئەم تیرۆرە، تیرۆری سیاسی و کەسایەتیە دیارەکانە و دەشێت ئەمجۆری تیرۆرکردنە لە ماوەیەکی ژیانی کۆمەڵگادا پەرە بستێنێت و لە ماوەیەکی دیکەدا خاو ببێتەوە. هەموو ئەمە پەیوەندیی هەیە بە داڕشتنی بەرنامەیەکی ئاساییشی نەتەوەییەوە کە حوکمەت بەرپرسیارە لە نەخشە بۆداڕشتن و جێبەجێکردن و بەردەوامیی پێدانی.

بەڵام جۆری دووەمی تیرۆر، کە بە تیرۆری داپۆشراو ناوم برد، هیچ نەخشە و مەشقێکی پلان بۆ داڕێژراوی لە پشتەوە نیە. بۆی هەیە لە هەموو شوێنێکی پانتایی ژیاندا سەرهەڵبدات و هەموو پانتایی ژیانیش بیمار بکات و هەرگیز لە پڕیش زەبری خۆی ناوەشێنێت، بەڵکو هەر ئەوەندە دەزانین داگیری کردووین و هاتۆتە ناو خوێن و هەناسەمانەوە. مەترسیەکەش لەوەدایە کاتێك بەو هەموو سەبر و هەدادانەوە دەگاتە پلەی دەرکەوتنی خۆی، ئیدی زەحمەتە بەخێراییش بڕەوێتەوە و لە ناو بچێت. ئەمەش پەیوەندیی نیە بە هەبوون، یان نەبوونی بەرنامەی ئاساییشی نەتەوەیی و نەخشەی حوکمەتەوە، بەڵکو پڕۆژەی تاکەکانی کۆمەڵگایە و هەر ئەوانیش دەتوانن بەهۆی مومارەسەکردنی شێوازێکی دیکەی ژیانەوە، بەرەنگاری ببنەوە.

تیرۆری داپۆشراو، داپۆشراو نیە بەو مانایەی دیار نەبێت و ئامادەیی بەرچاوی نەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هێندە ئامادەیە و هێندە ئاشکرا و ئاساییە، کە چیدی نابینرێت و کەس وەك جۆرێ لە تیرۆر نایناسێتەوە. تیرۆری داپۆشراو، ڕۆژانە لەنێوان

هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوەدا، لە نێوان چاو داخرانێك و كردنەوەیدا، ژەهری خۆی لە ناو ئێمەدا دەڕێژێت. حەزی زۆری ئێمە بۆ زانین و كەشفكردن و پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەوانیتر، چوونە ناو وردەكاریەكانی ژیانی ئەوانیترەوە و وێنە داتاشینی بێ بەڵگە لەسەر كەسانێكی دیكە، هەموویان دەچنە خانەی تیرۆری داپۆشراوەوە. هەروەها دووبارەكردنەوەی بێ پرسیاری ئەو زانیاریانەی لەسەر كەسانێك دەیانزانین و لق و پۆپ كردنەوە لەو سەرە داوانەی لەبارەی كەسانێكەوە دەیانبیستین، بێكاركردنی ئینسانەكان و بەزۆر كارپێكردنیان، چاومۆڕكردنەوە و كەچ تەماشاكردنی حیزب بۆ ئەندامەكانی خۆی، بەڕێوەبەر لە فەرمانبەرەكانی خۆی، وەزیر لە كارمەندەكانی خۆی، دەوڵەمەند لە هەژارەكان، جوانەكان لە ناشیرینەكان، لاوازەكان لە قەڵەوەكان، شارییەكان لە لادێییەكان، فرۆشیار لە كڕیارەكان، خاوەن سەیارە تازەكان لە خاوەن سەیارە كۆنەكان و هتد. هەموو ئەمانە بەشێكن لە تیرۆری داپۆشراو.

بەم مانایەش تیرۆری ناوبراو كار لەسەر لەناوبردنی جەستە ناكات، بەڵكو كار لەسەر شێواندن و كەچكردنی بەهای ئینسانیانەی ئەویتر دەكات لە ناو جەستەدا. ئیش ناكات بۆ ئەوەی ئەویتر وەك جەستەیەكی فیزیكی و وەك قەبارەیەك لە دیمەنی ژیانی كۆمەڵایەتیدا بسڕێتەوە، بەڵكو كار دەكات بۆ ئەوەی ئەو جەستەیە لە ناو پانتاییە كۆمەڵایەتیەكاندا لە بەهاداری و گەورەیی بەتاڵ بكاتەوە. پرۆژەی تیرۆری داپۆشراو كاركردنە لە پێناوی سڕینەوەی مرۆڤ لەناخەوە، نەك لەدەرەوە. كاركردنە بۆ بێ نرخكردنی تاكەكەس لەسێبەری ئەو خەسڵەتانەی بۆی دروستكراون و دراونەتە پاڵی، نەك لەسەر ئەو خەسڵەتانەی كە بەڕاستی خاوەنیانە. لێرەوە تیرۆری داپۆشراو لە بڕوا نەبوونەوە بە بوونی تاكەكەس دەست پێدەكات، لە كاتێكدا تیرۆری كردەیی و ئاشكرا، بوونی كەسەكان لەبەردەم خۆیدا بە هەڕەشە و ڕێگر دەزانێت. شوێندەستی تیرۆری ئاشكرا بریتییە لە پەڵەیەك خوێن و پێكانی سەر دڵی قوربانییەكان و كونكردنی دەڕڕابەی دووكانەكان و شكاندنی شووشەی فرۆشگاكان و لە ئەنجامیشدا: كەمكردنەوەی ژمارەی مرۆڤەكان. لە كاتێكدا شوێندەستی تیرۆری داپۆشراو



بریندارکردن و نائومێد کردن و بێ نرخکردن و پووچکردنەوەی بەهای ئینسانیانەی مرۆڤە بەبێ ئەوەی بیكوژێت و ژمارەی مرۆڤەكان كەم ببێتەوە!.

بۆ ئەوەی تیرۆری ئاشكرا جێبەجێ ببێت هەمیشە پێویستیمان بە ئامرازێك هەیە، بە بەردێك، چەقۆیەك، تەورێك، دەمانچەیەك، كیلۆیەك تی ئێن تی، شرینقەیەك تێزاب، یان هەر شتێكی دیكە، بۆ ئەوەی بتوانین بەهۆیەوە هێزی خۆمان بگەیەنینە جەستەی قوربانیەكان و لەناویان بەرین.. كەچی لە تیرۆری داپۆشراودا تەنیا توانا جەستەییەكانی خۆمان بەكار دەهێنین: دەنگدابڕین و قسە لەگەڵ نەكردن، حساب بۆنەكردن و گرنگی پێنەدان، نیگای كەچ، متمانە پێنەكردن، توانج لێدان و قسەی ڕەق، بەكەمگرتن، ناو بۆ دۆزینەوە و قێز لێكردنەوە و حەسوودی و ترساندن و هتد.. دیارە لە ئەنجامی بەكارهێنانی ئەم تەكنیك و توانا جەستەییانەوە، ئەویتر وەك جەستە ناكەوێتە مەترسییەوە، بەڵام نرخەكان و بەهاو گەورەییەكانی كەسایەتی هەڕەشەیان لێدەكرێت و ئینسانیەتی ئەو بەشێوەیەكی تایبەت و زۆر ئازاراویتر تیرۆر دەكرێت..

تیرۆری ئاشكرا خەسڵەتێكی كۆمەڵایەتیانەی كۆمەڵگایە و بۆی هەیە لە ڕێگەی داڕشتنی بەرنامەیەكی ورد و ئاساییشخوازانەوە ڕێژەی ڕوودانەكانی كەم بكرێتەوە و نەمێنێت، لە كاتێكدا تیرۆری داپۆشراو خەسڵەتێكی كەلتووریی هەموو ئەو تاكەكەسانەیە، كە لەناو سیستەمێكی سیاسی و پەروەردەیی و خێزانییدا پەروەردەكراون، كە تیایدا ددان بە تاكەكەس و بەهاكانیدا نانرێت. نەبوونی تێگەیشتنێك بۆ بەهاكانی تاكەكەس لەناو كەلتوورێكی دیاریكراودا، دەبێتە هەڕەشەیەكی بەردەوام لەسەر ژیانی تاكەكان خۆیان. بۆیە چ ئەوانەی بە نیگایەكی گوماناوییەوە دەڕواننە هەموو شتێكمان و تیرۆری گەورەیی كەسایەتیمان دەكەن، چ خۆشمان كە لە ئەنجامی ئەو نیگایەوە دەكرێینە قوربانیی، وەك (تاكەكەس) زەلیل دەكرێین.

هەموو جارێك كە دكتۆرێك نەخۆشەكەی نائومێد دەكات و دڵی دەشكێنێ، هەموو جارێ كە فەرمانبەرێك گوێ ناداتە جێبەجێكردنی داواكاریی هاووڵاتیەك، هەموو كاتێ كە پۆلیسێك زیاتر دەسەڵات بەرامبەر بە ڕێبواری دەنوێنێ، كە

وەزیفەکەی ڕێگەی پێنەداوە، ئێمە لەبەردەم پووچبوونەوەی بەهای تاکەکەسداین.. بەوەی کە دکتۆرەکە دڵم بشکێنێت و نرخێکم بۆ دانەنێت و سزام بدات، هەر من نابمە قوربانیی، بەڵکو دکتۆرەکەش شوێنی خۆی لەگەڵ کەسێکدا دەگۆڕێتەوە کە ئازاری کەسانێك دەدات و لە ئەنجامدانی وەزیفەکەی خۆی کە چاککردنەوەی منە، هەڵدەخزێت بۆ ئەنجامدانی شتێکی تر کە دوورە لە ئیشی ئەوەوە وەك دکتۆرێك.. هەموو جارێ کە فەرمانبەرێك کەمتەرخەمی دەکا لە جێبەجێکردنی معامەلاتی هاووڵاتیاندا، هەم بەهای یاسایی خۆی دادەبەزێنێت و هەم ئەو بەهایەش کە یاسا بۆ هاووڵاتی داناوە. هەموو جارێ کە پۆلیسێك لەبەرامبەر تاوانبارێکیشدا زیاتر لەوە دەکات کە وەزیفەکەی ڕێگەی پێداوە، وێنەی خۆی وەك یاسا پارێزێك دەشێوێنێت و کەسێتی ئەو هاوڵاتیەش بچووکدەکاتەوە لەو ساتەوەختەدا کە تیایدا بۆتە تاوانبار.

بۆیە لە تیرۆری داپۆشراودا کۆمەڵگا دووجار زیانی لێدەکەوێت و دوو جۆر تاکەکەس دەکەونە بەر هەڕەشەی پووچبوونەوەی بەهای کەسێتی و گەورەیی ئینسانییان. مەترسیی تیرۆری شاراوە لەوەدا نییە کە لە پێش، یان لە دوای تیرۆری ئاشکراوە ڕوودەدات، بەڵکو مەترسییەکەی لەوەدایە کە هەم لە پێشەوە و هەم لەدوای تیرۆری ئاشکراوە ڕوو دەدات و ئامادەیە و بەردەوامیی وەردەگرێت. تیرۆری ئاشکرا ماددەیەکی باشی بوارەکانی ڕاگەیاندنە و بۆ ماوەیەك سەرقاڵمان دەکا، وەلێ تیرۆری شاراوە هێندە ئاسایی و ئامادەیە و سرووشتییە، کە هیچ سەرنجی بوارەکانی ڕاگەیاندن ڕاناکێشێت و نابێتە ڕووداوی سەر شاشە و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.

لەبەر ئەوەی تیرۆری داپۆشراو بەپێچەوانەی تیرۆری ئاشکراوە، زەبری خۆی لە کەسێك یان گرووپێکی دیاریکراو ناوەشێنێت و وەك دیاردەیەکی کۆمەڵگا هەموو ڕووبەرەکانی ژیان دەکاتە مەیدانی زەبر وەشاندنی خۆی، ئەوە دەبێت لەناو سیستەمە گەورەکانی کۆمەڵگادا بۆی بگەڕێین و بیبینین. یاخود ڕاستترە بڵێیم: دەبێت لەناو سەنتەرەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بیناسینەوە و بیخەینەوە سەر مێز.. هەروەها مەیدانێکی دیکەی ناسینەوەی تیرۆری شاراوە، ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەن کە لەساتێك لەساتەکاندا ڕوودەدەن و ئێمە ناتوانین هەر تەنیا بە گەڕانەوە بۆ هۆکارە (تایبەتی و گشتییەکان) لە هەمان دیاردە تێبگەین. بۆ نمونە دیاردەی کۆچکردنی



لاوەکان هەرتەنیا پەیوەندیی بەو هۆکارانەوە نییە کە بەردەوام دووبارە دەکرێنەوە و گوایە بە چارەسەرکردنیان کۆچی لاوەکان کەم دەبێتەوە. ئێمە دەبێت بگەڕێین ئاخۆ کۆچکردن هەر تەنیا پەرچەکردارە بەرامبەر هۆکارەکانی دروسبوونی دیاردەی کۆچ، یاخود پەرچەکرداریشە لەبەرامبەر شێوازێکی تیرۆری داپۆشراودا؟

من پێموایە چەندە کۆچکردن پەرچەکردارە لەبەرامبەر ئەو هۆکارانەدا کە دیاردەی کۆچ پەرە پێدەدەن، هێندەش پەرچەکردارە بەرامبەر بە جۆرێك لە فەسسادی ئیداری و شێوازی ئیشکردنی بوارەکانی بەڕێوەبردن و سیستەمەکانی ڕاپەڕاندن و خزمەتگوزاری. وەرن با لەم ڕوانگەیەوە تەماشای کۆچ بکەین و بزانین هاووڵاتیانی ئێمە، بەتایبەتی لاوەکان، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا و لە هەموو ئەو شوێنە ئیداریانەی ئیشیان تێیان دەکەوێ، ڕووبەڕووی چ شێوازێکی تیرۆری شاراوە دەبنەوە. با بۆ ساتەوەختێك بیر لە سەفەری هاووڵاتییەك بکەینەوە کە لەبەر دەرگایماڵەوە سەفەر دەکات بۆ بەردەرگای ئیدارەیەك و لەوێشەوە بۆ بەردەمی مێزی کارمەند و کاربەدەستێك.. پێموایە تێگەیشتن لەم سەفەرە پڕ ئازار و ئەشکەنجەیە زۆر شتمان لەسەر دیاردەی کۆچکردن و نیشتیمان جێهێشتن بۆ ڕووندەکاتەوە. ڕاستە لەو سەفەرەدا تاکەکەسی نێو کۆمەڵگای ئێمە دووچاری زەبروزەنگی جەستەیی نابێت و لە زۆر حاڵەتیشدا هرووژمی ناکرێتە سەر، بەڵام چەندین جار دەخرێتە بەردەم ئەو ئاوێنەیەی، کە ئەو تیایدا گەورەیی کەسایەتی خۆی بە شکێنراوی دەبینێت. هەر ئەوەی کە ئەو هیچ شتێکی بە بێ ڕیشوە بەخشین و واسیتە و ناسیاوەتییەوە بۆ جێبەجێ ناکرێت، بۆخۆی ئازارێکی زۆرە و نیشانەی نەبوونی تێگەیشتنە لە مانای فەرد لە سیستەمە ئیدارییەکانی وڵاتی ئێمەدا. هەر ئەوەی کە بۆ ئیمزایەك لە دائیرەیەکدا پێویستت بە ئەوە هەبوو کەسێك لە شوێنێکی ترەوە تەلەفۆنێك بۆ بەڕێوەبەری ئەو ئیدارەیە بکات و تۆی پێ بناسێنێت و ئەمجا ئەو فەرمان دەرکا بۆ کارمەندی پەیوەندیدار بەکارەکەی تۆوە تاکو ئیمزاکەت بۆ بکات، نیشانەی نەبوونی ڕێزلێنانە لە گەورەیی تاکەکەس لە وڵاتی ئێمەدا.

نەبوونی ئەم ڕێزە و ئەو تێگەیشتنە بۆ تاك، وادەکا هاووڵاتی بەردەوام خۆی لەبەردەم هەڕەشەیەکدا ببینێتەوە، ئەگەرچی وڵات ئاساییش و شەقامەکان خاوێن و

پارکەکان ڕازاوە و ژیانی تایبەتیشی گونجاو بێت. بەخۆڕایی نییە هاووڵاتیانی ئێمە لەماڵێکی حازر و ژیانێکی ئاسایی و هاوسەنگەوە ملی سەفەرێك دەگرنە بەر، کە هیچ نازانن بەرەو کوێیان دەبات. ڕەنگە ئەوان هەر لە بنەماوە بۆ شوێنێکی تری جوگرافیی نەگەڕێن و مەسەلەکە هەر تەنیا گواستنەوەی جەستە نەبێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، هێندەی ئەوەی دەربازکردنی ڕۆح و ڕزگارکردنی گەورەیی ئینسانیانەی خۆیان بێت لە زەبرەکانی تیرۆری شاراوە. لێرەوەیە کە ئێمە ناتوانین تەنیا بەگەڕانەوە بۆ هۆکارە ڕاستەخۆکانی کۆچ، لەم دیاردەیە تێبگەین. لێرەوەیە تێدەگەین وڵات بەجێهێشتن هەر تەنیا پەرچەکرداریّ نییە لەبەرامبەر شەڕەکانی ناوخۆ و گەورەبوونی قەبارەی حیزب و بەرزبوونەوەی هەستیاریی ئێستاتیکیانەی مرۆڤی کورد بۆ سەفەر و گەشت و گوزار لە سەردەمی بەجهانیکردندا. بەڵکو کۆچکردن لە کاتێکدا دەبێتە دیاردە، کە ئێمە پێمانوایە شتەکان بەرەو دۆخی ئاسایی دەچنەوە و وڵات ئاساییشە و تیرۆری ئاشکرا کەم بۆتەوە و نیشتیمانەکەمان دۆخی گەشەکردنی خۆی تەیدەکا، کە بێگومان هەموو ئەمانەش بە ڕێژەی جیاواز لە ئارادان.. ئەوەی لە بیرمان دەچێت و سەرمان دەسووڕمێنیّ، ئەوەیە، کە تیرۆری داپۆشراو ڕێك لەناو ئەم جۆرە فەزایانەدا بە شێوەیەکی سرووشتی گەرای خۆی دادەنێت و کۆمەڵگا و سیستەمەکانی دووچاری غەفڵەت دەکا و لێیاندەگەڕیّ لەناو خیتابەی بەخۆ هەڵگوتندا مەست بن.. تیرۆری شاراوە لە شوێنێکەوە دێتە ژوورەوە کە پێمانوابوو نەفەس نادات، لە شوێنێکدا نیشتەجیّ دەبێت کە بیرمان بۆی نەدەچوو، هێندە بەچڕی ئامادە دەبێت کە بڕوا ناکەین و هێندەش بەربڵاو و دیارە، کە نایبینین.

## بۆچی حەیوانات نابنە تیرۆریست؟

لە سەرەتاوە پێناسەی تیرۆرم وەها لێکدایەوە کە دیاردەیەکی سەر زەمینی و مرۆڤانەیە. بەڵام ئێستا دەبێت ئەوە ڕوونبکەمەوە کە یەکێك لە پێناسەکان، بەتایبەتی لە دوای (ئەرستۆ)ی فەیلەسووفەوە، بۆ مرۆڤ ئەوەیانە کە دەڵێت: (مرۆڤ حەیوانێکی قسەکەرە) و واپێدەچێت ئەمەش بمانخاتە بەردەم ناکۆکیەك. وەلیّ با



کەمێك وردتر ڕامێنین: تیرۆر وەك دیاردەیەکی زەمینی لە ژیانی مرۆڤەکاندا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە، چونکە ژیانی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیانەدا فۆرمی خۆی وەردەگریّ و ئالێرەشەوە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی کەلتووریشە و دروستکراو و بەرهەمهێنراوی دەست و فەنتازیا و عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی. کەواتە تیرۆر وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و زەمینی، دیاردەیەکی کەلتووری ناو ژیانی ئاسایی مرۆڤەکانیشە. ئەم قسەیە مانای چی؟ مانای ئەوەی کە تیرۆر پابەندی غەریزەکانی مرۆڤ نیە و بەپێی میکانیزمی یاسا سرووشتییەکان ناچێت بەڕێوە. لێرەشەوە حەیوانیەتی ئینسان لە حەیوانیەتی ئاژەڵەکان جیا دەبێتەوە، چونکە ئەگەرچی ئاژەڵەکانیش لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیانەدا دەژین، بەڵام یاسا کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی ئاژەڵان، لە غەریزە حەیوانیەکانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن نەك بەپێی کەلتوورێکی تایبەت. بەمانایەکی دیکە: حەیوانات کۆمەڵگایان هەیە بەڵام کەلتووریان نیە. دڕندەترین حەیوان نەخشەی کوشتنی نێچیرەکەی خۆی لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و کەلتوورییەوە دانارێژێت، بەڵکو ناچارییەك، (کە برسێتییە) هانیدەدات بۆ ئەوەی غەریزەیەك لە ساتێك لە ساتەکاندا تێر بکات.

تێرکردنی غەریزە لای حەیوانات بەپێی پلانێکی (پێشتر بیرلێکراوە) بەئەنجام ناگەیەنرێت، بەڵکو هێزی غەریزەکان هەموو توانای جەستەیی حەیوانەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ئاراستەیان دەکا بەرەو لەناوبردنی جەستەیەکی دیکە. ئەمەش پێماندەڵێت: کە حەیوانات تەنیا لەسەر ئاستی غەریزەوە دڕندەن، نەك لەسەر بنەمایەکی کەلتووریەوە. حەیوانات هەر هێندە بەدووی کوشتنی نێچیرەکانیاندا دەڕۆن تاکو دەیانگرن و هەر هێندەشیان لێدەخۆن تاکو لێیان تێر دەبن.

ئەگەر ئەرستۆ لە پێناسەکەیدا تەنیا بیگوتبا: (ئینسان حەیوانە) ئەوە کێشەی ئێمە چارەسەر دەبوو، بەڵام ئەو مەرجی حەیوانبوونی ئینسان بە قسەکردنیەوە دەبەستێتەوە: ئینسان حەیوانێکی قسەکەرە. واتە ئەو یەکسەر حەیوانیەتی ئینسان دەبەستێتەوە بە توانای ئەوەوە بۆ قسەکردن و ئاخاوتن. ئاخاوتنیش ئینسان لە حەیوان جیا دەکاتەوە، حەیوانات بۆیە حەیوانن چونکە وێناکردنێکی عەقڵانییان بۆ ژیان و دەوروبەری خۆیان نیە. ئەوان ناتوانن تەعبیر لە ژیان و ئەزموونەکانی خۆیان

بکەن و یادوەری و فەنتازیاشیان نیە، چونکە مەرجی حەیوانیەتی حەیوان بێ زمانیەکەیەتی و مەرجی حەیوانیەتی ئینسانیش ئەوەیە کە زمانی هەبێت. زمانیش هەم دەرکەوتەیەکی عەقڵە وهەم دیاردەیەکی کەلتووریش، لێرەشەوە (تیرۆر و غەریزە) لێکدی دوور دەکەونەوە و غەریزە وەك مەسەلەیەکی سرووشتی دەمێنێتەوە و تیرۆریش دەبێتە دیاردەیەکی کەلتووری.

تیرۆر لە غەریزە دوور دەکەوێتەوە، چونکە غەریزە لە دۆخێکی بێزمانیدا چالاك دەبێت و پێویستیی بە زمانێك نییە، پێویستیی بە دەرکەوتەیەکی عەقڵی نییە بۆ تەعبیرکردن لە خۆی، لە کاتێکدا کە لە دۆخی کەلتووردا تیرۆر بەر لەوەی ڕووبدات، بەر لەوەی زەبری خۆی بوەشێنێت، بە چنینێکی زمانیدا تێپەڕ دەبێت: بیری لێدەکرێتەوە، نەخشەی بۆ دادەڕێژرێت، جێبەجێ دەکرێت و دواجار ستایش دەکرێ یاخود ڕەتدەکرێتەوە.

حەیوانات، بە دڕندەترینیشیانەوە، ناتوانن تیرۆر بکەن، چونکە تیرۆر لەناو کەلتوورەوە سەرهەڵدەدات و لەناو زماندا نیشتەجێ دەبێت و خەیاڵ و عەقڵیش دەخاتە خزمەت جێبەجێکردنی خۆیەوە. لێرەشەوە دەتوانم بڵێم: بەو پێیەی تیرۆر دیاردەیەکی زەمینی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە، ئەوە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت هەستێ بە کاری تیرۆریستانە: چ تیرۆری ئاشکرا بێت و چ هی شاراوە، حەیوانەکان و فریشتەکان، بە ئیبلیسیشەوە، خاوێنترن لەوەی بە تیرۆریست ناویان ببەین!

## ئافرەت و تیرۆر:

ئایا دەکرێ باس لە تیرۆری ئاشکرا و تیرۆری داپۆشراو بکەین و پراکتیزەکردنی هەردوو جۆری ئەم دیاردەیە بەسەر توێژ وگرووپ و کایە کۆمەڵایەتیەکاندا، پشتگوێ بخەین؟ بۆ نمونە: ئایا دەکرێ لە کەلتووری خۆماندا و بەپێی ئەو سیستەمە پەروەردەییەی لە خێزان و قوتابخانە و زانکۆکاندا بەسەر منداڵ و گەنجاندا پیادە دەکرێ، میکانیزمەکانی تیرۆری داپۆشراو، کە وەك لە پێشاندا گوتم: تیرۆرێکە لەسەر ناخ و ڕۆح ئیشدەکات و دەیەوێ گەورەیی ئینسان پووچ بکاتەوە، لە یاد بکەین؟ ئایا دەکرێ ئەو ستەمەی لە ناو ئەو دامودەزگایانەدا بەسەر ئەو گرووپانەدا دەسەپێنرێت



بە (پەروەردەکردن) ناو ببەین و نەکەوینە بەردەم ناکۆکیەك لەگەڵ ئەو پێناسە زۆرانەی بۆ کایەی (پەروەردەکردن) دەکرێن؟!

سەبارەت بە ئافرەتیش مەسەلەکە تەواو جیاوازە: لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئافرەت چییە جگە لە مادەیەك بۆ تیرۆر؟ ئەگەر مێژووی ئێمە پڕ بێت لە زنجیرەیەك تیرۆری ئاشکرا بۆ پاککردنەوەی جەستەیی ئافرەتان، ئەوە بنەمای کەلتووری ئێمە لەسەر تیرۆری داپۆشراوی ئەم کائینەوە دروستبووە و باوك سالارییەکەشمان ئەنجامێکی بەرجەستەی ئەم مامەڵەکردنە کەلتووریەیە لەبەرامبەر ئافرەتاندا. ئەوە ڕاستە کە (سەرخانی کەلتووریی) ئێمە، واتە ئەوەی لە هونەر و مۆسیقا و گۆرانی و ئایدیۆلۆژیاماندا (بەئایین و سیاسەتیشەوە) بەرجەستە بووە، بریتیە لە ستاییشکردنێکی بێسنووری ئافرەتان، بریتیە لە دروستکردنی بازنەیەکی پیرۆز بەدەوری ئەم کائینەدا. وەلێ (ژێرخانی کەلتووریی) ئێمە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت و لەسەر بنەمای نەفیکردنی ئافرەتەوە بینا بووە. ئافرەتانی ئێمە لەناو زماندا، کە بڕبڕە پشتی سەرخانی کەلتوورییە، ستایش دەکرێن و یەکێ نەمان ناسێت وا دەزانێ ئێمە شاعیرترین نەتەوەی سەر ئەم عەردەین، بەڵام مێژووی ژیانی ئافرەت وەك جەستەیەك و وەك ڕۆح لەبەرێك لەناو واقیعێکی مێژووییدا، پڕە لەو کارەساتانەی کە دەیسەلمێنن ئەم جەستە ڕۆح لەبەرە هەمیشە بابەتێکی تیرۆر بووە. بۆیە پێدەچێت سەرخانی کەلتووری ئێمە ئەو چاو بەستە بێت کە هەمیشە بەهۆیەوە پەردەیەك بەسەر ژێرخانی کەلتووریماندا دادرابێتەوە.

لێرەوە تێدەگەین، ئافرەتان بە پێچەوانەی گرووپەکانی ترەوە، بۆ نمونە بە پێچەوانەی ئەو گرووپانەوە کە تەنیا بابەتی سەرەکیی تیرۆری ئاشکرای سیاسین، (وەك سیاستەمەدار و ناودارەکان)، هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی هەردوو جۆری تیرۆرکردندا بوون. بەمانایەکی دیکە: مێژووی ئێمە، بەتایبەتی مێژووی ئەم دە ساڵەی سەربەخۆبوونمان، بە تۆمار کراو و تۆمار نەکراویەوە، پڕە لە تیرۆرکردنی ئاشکرای ئافرەتان و تەسفییەکردنی جەستەییان، واتە پڕە لەو ڕووداوانەی کە ئافرەتیان وەك بووێکی کۆنکرێتی و بەرجەستەبوو لە کۆمەڵگادا، سڕیوەتەوە. بەمدیوی تریشدا: کەلتووری ئێمە دریغی نەکردووە لە تیرۆرکردنی داپۆشراوی ئافرەتان، واتە ئەو هێزە

کەلتوورییانەی کە هەڕەشەیان لە بەهای ئافرەت و گەورەیی ئینسانیيان لە کۆمەڵگادا کردووە، کەم نەبوون. بەم مانایەش ئافرەتان هەمیشە دووجار لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆردا بوون و لێرەشەوە بوونەتە بابەتی سەرەکیی تیرۆر.

بۆیە پێموایە هەموو ئیشکردنێك بۆ نەهێشتنی تیرۆری ئاشکرا لەدژی ئافرەتان لە واقیعی ئێمەدا، دەبێت لە هەمان کاتیشدا ئیشکردن بێت بۆ نەهێشتنی تیرۆری داپۆشراو لە کەلتووری ئێمەدا. واتە تەرخانکردنی هەموو بەرنامەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ سنووردانان لەبەردەم ئەو هێزانەدا کە بەئاشکرا و لەسەر شەقامەکان تیرۆری ئافرەتان دەکەن، دەبێت هاوشان بێت بە تەرخانکردنی بەرنامەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ سنووربەندکردنی ئەو هێزانەش کە لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتی وپەروەردەییەکاندا، بەشێوەیەکی شاراوە دژی گەورەیی ئینسانیيانەی ئافرەتان زەبری خۆیان دەوەشێنن. چەوساندنەوەی ئافرەتان لەناو دائیرەکاندا و بەهەر بۆنەیەکەوە بێت، کەمتر نیە لە تێزاب پیاڕشتنیان لەسەر شەقامەکان.. نابێت تەنیا لەسەر ئاستی دابەزینی ژمارەی ئافرەتە کوژراو و سووتێنراوەکانەوە ئەنجامگیریی ئەوە بکەین، کە تیرۆری ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. تیرۆر هەر تەنیا لە کوشتن و سووتاندن و سەربڕینی ژناندا بچووك ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت هەوڵی جیدی بدەین بۆ کەمکردنەوەی تیرۆر لە ناو زمان و نیگا و بیرکردنەوە و ڕەفتاریشماندا..

**ژنانی تیرۆریست؟:**

ئەگەرچی تیرۆر لە میتۆلۆژیا و ئایینیدا ڕەچەڵەکێکی نێرانەی هەیە و دایە حەوا پڕیشکی ئەو تاوانەی بەرناکەوێت، یان هێندە ڕاستەوخۆ بەری ناکەوێت، کە کوڕەکەی ئەنجامی دا، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین: تەنێ پیاو دەکارێ ببێتە تیرۆریست و مێژووی تیرۆر لە ئۆباڵی ڕەگەزی نێردایە. ئەم قسەیە بەشێکی زۆری ئەو مێژووە دەسڕێتەوە کە تیایدا ئافرەتان هەستاون بەو کارە، بۆ نمونە: بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان پڕن لەو ئافرەتانەی، ئەگەر ڕاستەوخۆش دەستیان نەبووبێت لە کوشتن و نەخشەدانان بۆ لەناو بردنی کەسانێکی دیکەدا، ئەوە بەڕەفتار و بیروڕای خۆیان بوونەتە هۆی وێرانکردن و شێواندنی ژیانی کەسانێکی دیکە.. کەم نین ئەو



عاشقانەی بەهۆی عینادی و بەهەڵە تێگەیشتن و لوتبەرزیی دڵخوازەکانیانەوە، ئەوێ کێوان کەتوون و بە (فەرهاد) و (مەجنون) و کێ و کێ ناوبانگیان دەرکردووە..

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەم مێژووە نیە، بەڵکو بیرهێنانەوەی ئەو خاڵەیە، کە دەڵێت: تیرۆر دیاردەیەکی کەلتوورییە و تایبەتە بە دنیای مرۆڤەکان. دەبێت وەك دیاردەیەکی کەلتووریش، تیرۆر ئەو چالاکییە بێت کە ژن و پیاو وەکو یەك فێری بن، چونکە هەموو دیاردە کەلتوورییەکان جۆرێ لە چالاکیی بەدەستهێنراو (مکتسب)ن و لێرەشەوە قابیلی ئەوەن هەردوو ڕەگەز فێری بن. لە جەوهەری تیرۆر خۆشیدا شتێك نیە ببێتە هۆی ئەوەی نەهێڵێت ئافرەتان فێری ئەم دیاردەیە بن. هێندە هەیە: تیرۆر ساتەوەختێکی خزانی مرۆڤە لە ئینسانیەتی خۆی و لە خەسڵەتە سرووشتییەکانی ڕەگەزی خۆی. بۆیە ئەو هێزەی نازناوی تیرۆریست بە ئافرەت و پیاو دەبەخشێت، ئەو ساتەوەختەیە لە خزاندن و بە لاڕێدابردنی ئینسان. چ نێر و چ مێ لە ساتەوەختی تیرۆردا، کار بە توانا سرووشتی و ڕەگەزییەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو کار بەو خەسڵەتانە دەکەن کە ساتەوەختی خزان لە ناخیاندا دەیرووێنێت و هەموو وجودی ئەوان دەخاتە خزمەت مەبەستی خۆیەوە. دەمەوێت بڵێم: تیرۆریستەکان لە ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتوون، بەڵکو مرۆڤگەلێکن وەکو هەموومان، لەناوماندا دەژین و لە خۆمان دەچن و ئەندامانی بە حەققی ئەم کۆمەڵگایەن. ساتەوەختی خزانی مرۆڤ بەرەو ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستانە، ساتەوەختێکە لە چاوەڕوانیی هەمووماندا. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ ئەو ساتەوەختەدا و لەگەڵ ئەو هێزەدا کە توانا ئینسانیەکانمان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ توانایەکی وێرانکەر.. لەبەر ئەوە خەباتکردن لە دژی تیرۆر بە هەموو چەشنەکانیەوە، خەباتێك نیە لەپێش و لە دوای تەقینەوەکان و کارەساتەکانەوە دەست پێبکات، بەڵکو خەباتێکە لەگەڵ هەموو هەناسە هەڵکێشان و هەناسەدانەوەیەکی مرۆڤدایە. خاڵی دەستپێکردن ئەوەیە، چ سیستەمێکی یاسایی و ئیداری و سیاسی و پەروەردەیی هەڵبژێرین بۆ ئەوەی بەها و گەورەیی ئینسان پارێزراو بێت و ژیان لە ساتەوەختە بەهادارەکانی خۆیەوە نەخزێت بۆ ژیانێکی بێ بەها، چونکە لەو دیو بێنرخیی ژیانەوە تیرۆر چاوەڕێمان دەکا.

**ئەنجام:**

ئایا لەو کاتانەدا کە هیچ پەڵە خوێنێك بە دیواری شەقامەکاندا نەپژاوە و هیچ پەنجەرەیەك بەهارەی تەقینەوەکان هەڵنارژێتە خوارەوە و کەس بێ سەروشوێن ناکرێت، تیرۆر لە کوێدایە؟ ئەو کاتانەی هەستدەکەین ئاسایش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە و هەڕەشەیەك لەسەر ژیانمان نیە و تیمەکانی ئاسایش وەڕسبوون لە بێکاریی خۆیان، تیرۆر چی بەسەر هاتووە و لە کوێدا خۆی مەڵاسداوە؟

بێگومان تیرۆر بوونێکی غەیبانی نییە و لە شوێنێکی نادیارەوە نایەتە خوارەوە بۆسەر زەوی. تیرۆر دیاردەیەکی سەر ئەم عەردەیە، خەڵکی ئەم وڵاتەیە و لەناو ئەم کەلتوورەدا نیشتەجێیە. هێندە هەیە، تیرۆر یەك سیما و یەك دەموچاوی نیە، تیرۆر دیاردەیەکی فرە سیمایە: یەکێك لە سیماکانی ئەوەیە کە دوای تەقینەوە و تێزابرێژی و مرۆڤکوشتنەکانی سەر شەقامەکان دەردەکەوێ و سیماکانی دیکەی بە ژمارەی گۆڕان و لە یەکنەچوونی سیمای مرۆڤەکان دەگۆڕێن! وەلێ هەرگیز نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئەو کاتانەی تیرۆری ئاشکرا خۆی لەسەر شەقامەکان و شوێنە گشتیەکان پیشان نادات، ئەوە دەبێتە تیرۆری داپۆشراو و دەچێتە ناو دائیرە و سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و ناو مامەڵە و ڕەفتاری ئینسانەکان لەگەڵ یەکتردا. دێتە ناو نیگا و زمان و بیرکردنەوەی یەکەبەیەکمانەوە و داگیرمان دەکات.. دەبێت ڕێك تا لێرەشەوە خەبات بۆ نەهێشتنی و سنوور بۆدانانی بکەین. چونکە ئاسایشیی سەر شەقامەکان و هێمنیی شەوانەی ناو پارکەکان و پڕبوونەوەی سەیرانگاکان لە سەیرانکەر، هیچیان بەڵگەی ئەوەمان نادەنێ، کە مرۆڤ لەناو دایەرەکان و سیستەمەکانی پەروەردە و یاسا و کۆنترۆڵکردندا بەشێوەیەکی داپۆشراو هەڕەشەی لێناکرێت و ڕۆژانە بێ بەهایی و شکانی گەورەیی خۆی بە چاوی خۆی نابینێت. ئیدارەکردنی هەر کۆمەڵگایەك لەهەمان کاتدا کە پارێزگاریکردنە لە ژیانی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایە، دەبێت



پارێزگاریکردنی نرخی ئینسانیانەی مرۆڤیش بێت. چونکە دەشێت کۆمەڵگایەکمان هەبێت وەك جەستە کەسی تێدا نەکوژرێت و زیندانەکان چۆڵکرابن و بووبێتن بە مۆزەخانە، وەلێ گەورەیی و نرخی ئینسان لەناو سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندندا هیچ حسابێکی بۆ نەکرابێت. کۆمەڵگایەکی ئەوتۆش هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی قەیران و تەنگژەی مەزندا خۆی دەبینێتەوە، کە بێگومان ئەو تەنگژانە ئەگەری مانەوە و بەردەوامیی ئەو سیستەمی ئیدارەکردنەش دەخەنە مەترسییەوە.

(*) لە ژمارە ٣٣٤ و ٣٣٥ی هەفتەنامەی گوڵان، ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠١دا بڵاوکراوەتەوە.

## (بچووك) و (گەورە) لە سیاسەتدا(*)
## (خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆڵی حیزبە بچووكەكان لە كۆمەڵگادا)

**لە** كەلتووری سیاسیی ئێمەدا و لە مێژووی حیزبی كوردیدا، ئەوەندەی گرنگیی بە ڕۆڵی حیزبە گەورەكان دراوە، ئەوەندە توێژینەوە لەسەر ڕۆڵ و ئەركی حیزبە بچووكەكان نەكراوە. هەڵبەتە لێرەدا (بچووك) و (گەورە) مانایەكی ڕێژەییان هەیە، بەو مانایەی حیزبی گەورە هەبووە هێندە گرنگیی نەبووە و هی بچووكیش هەیە ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە. هاوكێشەكە ئەوە نییە كە (گەورە) هەمیشە (كێشەی گەورە) دەخاتە ڕوو و بچووكیش خۆی بە كێشە بچووكەكانەوە خەریك دەكا، بەڵكو ئەوەیە كە (بچووك) ئەگەر نەشتوانێت كێشەی گەورەتر لەوەی حیزبە گەورەكان دەیخەنە ڕوو، بخاتە ڕوو، ئەوە دەتوانێت كێشە بچووكەكان (گەورە) بكات، ئەگەرچی كێشەكانی كۆمەڵگا بەشێوەیەكی گشتی كێشەی گەورەن چونكە پەیوەندییان هەیە بە ژیانی مرۆڤەكانی ئەو كۆمەڵگایەوە.

لێرەوە و لە كۆمەڵگای ئێمەدا و لەم ساتەوەختەدا پێویستیی هەبوونی حیزبە بچووكەكان دێتە پێشەوە. دیارە لێرەدا مەبەستم لەم دەربڕینە ئەوە نییە حیزبە بچووكەكان وەك لەشكرێكی زیادە، وەك سووپایەكی ئامادە بۆ جەنگ لەبەرەی حیزبە گەورەكاندا لەقەڵەم بدەم، بەڵكو مەبەستم لە دروستكردنی ئەو پەیوەندییەیە كە حیزبە بچووكەكان دەتوانن لە نێوان (كایەكانی كۆمەڵگا) و حیزبە گەورەكان و حوكمەتدا، دروستی بكەن. بەمانایەكی دیكە: هەرچەندە حیزبە بچووكەكان لە مەرامی حیزبە گەورەكانیشەوە نزیك بن و لەپەراوێزی ئەوانیشدا چالاك بن، هێشتا پێویستن، چونكە ئێمە وەك كۆمەڵگا پێویستیمان بە دابەشبوون و فرەڕەنگیی ئەو سەنتەرانە هەیە كە هێز بەرهەم دەهێنن، ئەگەرچی ئەم فرەڕەنگییە لەئاستێكی ڕووكەشیشدا بێت. دابەشبوونی سەنتەرە بەرهەمهێنەرەكانی هێز هەمیشە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدایە و دەسەڵاتیش ئەو سەنتەرەیە كە كۆمەڵگا ڕێكدەخات و دەیبات بەڕێوە. بۆیە كەسانێك



كە لەخەمی بەڕێوەبردن و ئاساییشی كۆمەڵگادان و كۆمەڵگا وەك یەكەیەكی دابەشبووی ئاڵۆز دەبینن، كە دەبێت لە ڕێگەی ململانێی كۆمەڵایەتییەوە پێش بكەوێت، پێویستە بەردەوام نەخشەی دابەشكردن و شەففافكرن و تەنكردنەوەی ڕووبەرەكانی هێزیان هەبێت لە پێناوی فراوانكردنی دەسەڵاتدا. ئەمەش لەبەرئەوەی كە دەسەڵات یاسا دابین دەكا، لە كاتێكدا هێز یاسا دەخاتە پەراوێزەوە و زەبروزەنگ پیادە دەكا.

***

دەمەوێت بڵێم: گرنگ نیە حیزبە بچووكەكان چ دروشمێكیان بەرز كردۆتەوە، بەڵكو گرنگییەكە لە ئامادەیی ئەواندایە لە نێوان كایە كۆمەڵایەتیەكان و كایەی دەسەڵاتی یاسایی وڵاتدا. لێرەشەوە حیزبە بچووكەكان ڕۆڵێكی سۆسیۆ/سیاسی بەخۆیانەوە دەگرن، كە ئەمەش بەلای كەمەوە لە چەند ئاستدا خۆی دەنوێنێ:

ئاستی یەكەم: ئەوان وەك (حیزبی سیاسی) هەن و ئەمەش جیایان دەكاتەوە لە ڕێكخستنەكانی دیكەی كۆمەڵگا كە ناچنە خانەی ڕێكخستنی سیاسییەوە. بۆ نمونە دەشیێت ئەندامانی گرووپێكی تۆپ تۆپێن یان دەستەیەكی سەیرانكەر كە بەردەوام پێكەوە دەچن بۆ سەیران، یاخود ئەندامانی نەقابەیەكی پیشەیی، زیاتر بن لە ئەندامانی حیزبێكی بچووك، بەڵام لەڕووی سیۆسیۆ/سیاسییەوە و لەلایەن حیزبە گەورەكانەوە هێندەی حیساب دەكرێ بۆ حیزبە بچووكەكە، هێندە حیساب بۆ گرووپەكانی دیكە ناكرێت. واتە یەكەی سیاسی حیساب بۆ یەكەیەكی دیكەی سیاسی دەكات تا بۆ یەكە كۆمەڵایەتیەكانی تر.

خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە كە ئەم یەكە سیاسیە بچووكە (بەڵام حیساب بۆكراوە) چۆن سوود لە شوێنگەی خۆی وەردەگرێت و دەیخاتە خزمەت چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگاوە و ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە تەنككردنەوەی هێز و پتەوكردنی دەسەڵاتدا؟

بێگومان هەموو ئەمانە پابەندن بە چڕی و زۆری و قەبەیی و واقیعیبوونی ئەو دروشمانەوە كە حیزبە بچووكەكان بەرزیان كردۆتەوە و لە ڕێگەیانەوە خۆیان خستۆتە چوارچێوەیەكەوە. هەڵبەت هەتا دروشمەكان شەففاف و واقیعی و پوختە بن، ئەوە

ئازادیی حیزبە بچووکەکان لەناو ئەو چوارچێوەیەدا زیاترە و لێرەشەوە خزمەتکردنی ئەوان بە کێشەکانی کۆمەڵگا پتر دەبێت. بۆنمونە: بەلای منەوە ئاساییە دروشمی حیزبێکی بچووك، پەیماندان بێت بە هاووڵاتیان بۆ هەڵمەتی پاکژکردنەوەی ئاوەڕۆی بەردەمی ماڵان، یان هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پەروەردەیی باخچەی ساوایان و دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی ئەم سیستەمە بێت، یاخود وادە پێدان بێت بۆ تاپۆکردنی خانووەکانی کارگە لەسەر کرێکارەکان.. مەرج نیە حیزبە بچووکەکان هەمیشە دروشمی سەراپاگیر و قەبەی ئەوتۆ بەرز بکەنەوە، کە توانای جێبەجێکردنیان لە واقیعدا نەبێت. مەرج ئەوەیە ئەو دروشمانەی بەرزیان دەکەنەوە بەڕاستیی کێشەی کۆمەڵایەتی بن و بەجێبەجێکردنیان بەشێك لە کۆمەڵگا ئاسوودە بێت. دەمەوێت بڵێم: لە بنەڕەتەوە مەرج بەرزکردنەوەی دروشمەکان نییە، بەڵکو شێوازی بەرزکردنەوەیان و چۆنێتی گەورەکردنیانە لەلای حیزبە گەورەکان و دەزگاکانی جێبەجێکردنی دەسەڵات و یاسا. حیزبی بچووك دەتوانێت بەبێ دروشمی گەورە و بەبێ هێڵێکی ستراتیژیی دوور مەودا، بەردەوامی بەخۆی بدات، بەڵام ناتوانێت لەدەرەوەی کایە و کێشە کۆمەڵایەتیە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا بێت. ڕێك ئا لێرەشەوەیە کە ڕۆڵی گرنگی (بەپردبوونی حیزبە بچووکەکان) لەنێوان دەسەڵات و کایە، یان دەستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەدیار دەکەوێت.

دووەم ئاستی ڕۆڵی سۆسیۆ/سیاسی حیزبی بچووك: حیزبی بچووك بەوەی کە حیسابی سیاسی بۆ دەکرێت، دەتوانێت پۆستەبەرێکی باش بێت لە نێوان دەسەڵات و ئەو دەستە و گرووپە کۆمەڵایەتیانەدا کە تا ڕاددەیەکی باش خۆیان ئۆرگانیزە کردووە، بەڵام ڕاستەوخۆ دەنگیان بە پنتەکانی دەسەڵات ناگات. بۆنمونە: گرووپی گەنجان، ئافرەتان، ڕۆشنبیرە بێلایەنەکان و ئەو لادێییانەی کە دژواریی ژیانی گوند فڕێی داونەتە قەراخ شارەکان و ئێستاش لە ژیانێکی دژوارتردا دەژین و هتد.

حیزبی بچووك بەوەدا دەبێتە پرد، چونکە لەلایەکەوە خۆی لەناو ئەم کایە کۆمەڵایەتیانەدا دەژی و پێدەچێت بەشێکی لە ئەندامەکانی خۆی لەناو ئەو کایە کۆمەڵایەتیانەشدا ئەندام بن، لەلایەکی تریشەوە ئەو شتێکی لەم کایە کۆمەڵایەتیانە (زیاترە) کە ئەویش خۆ ناساندنێتی بە دەسەڵات وەك (کایەیەکی سیاسی) و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حسابی بۆ بکرێت. حیزبە بچووکەکان هەرچەندە لە دروشمەکانی خۆیاندا باسیان بۆ نمونە: لە ئازادیی ڕۆشنبیران و کێشەی ئافرەتان کردبێت و بانگەشەی چاککردنی باری یاسایی ژنانی ئەم وڵاتەیان کردبێت، هێشتا ناتوانن خۆیان لە ڕۆڵی پراکتیکی بۆ چاککردنی باری ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا بدزنەوە. ئەوە پاساویان ناداتەوە کە پێمان بڵێن: ئافرەتان و ژنان خۆیان خاوەنی ڕێکخراوی خۆیانن و دەبێت دەنگی خۆیان لە ڕێگەی ئەندامەکانی خۆیانەوە بگەیەنن، بەڵکو پێویستە حیزبە بچووکەکان زۆرجار و لە کاتی کێشەیەکی کۆنکرێتی وەك ئافرەتکوشتن و تێزابرێژی و لاقەکردنی کچاندا، وەك ئەندامی ڕێکخراوێکی ئافرەتان هەڵسوکەوت بکەن. هەروەها ئەمە بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی نووسەران و ڕۆشنبیران و بەپەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگاش هەر ڕاستە و وا چاوەڕێدەکرێ حیزبی بچووك توانای گەورەکردنی کێشەی ئەم کایە کۆمەڵایەتیانەی هەبێت. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: حیزبی بچووك پێویستە هەمیشە ئامادەیی تێدابێت کە ببێتە (حیزبێکی سیاسی بریکار)، واتە لە کاتی کێشە کۆنکرێتیەکاندا خۆی بەئەندامی هەموو ئەو کایە کۆمەڵایەتیانە بزانێت کە دووچاری کێشە بوون و لە جیاتی ئەوان و بەهاوکارییان کار بکات، ئەگەرچی ئەمە لە پرنسیپ و بەرنامە ئایدیۆلۆژیەکەیشیدا نەهاتبێت.

سێیەم ئاستی ڕۆڵی سۆسیۆ/ سیاسی حیزبە بچووکەکان لە مەسەلەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنگەریدایە: پێویستیی حیزبە بچووکەکان لەوێدا نییە کە بارەگای پڕ لە پێشمەرگە و هۆردووی سەربازیی تەییار و پۆشتە بکەن. بەڵکو پێویستیی ئەوان لەوەدایە بازنەی ڕۆشنگەریی لە کۆمەڵگادا بەرفراوان بکەن، کە ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕاگەیاندنێکی ڕۆشنگەر و ڕەخنەگرانە وە دەبێت. دەتوانم بڵێم: هەموو هێزی حیزبە بچووکەکان لە پەرەپێدانی ڕاگەیاندنێکی عەقڵانیانەی بوێردایە لەبەرامبەر کێشەکانی واقیعدا. ئەوەی کە حیزبە گەورەکان ناتوانن و نایانەوێت لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا بیخەنە ڕوو (گوایە لەبەر پاراستنی هێڵە ستراتیژییەکانی حیزب و پەیوەندیەکانی دەرەوە)، دەبێتە بابەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی بچووك! هەروەها پێویستە ئەم ڕاگەیاندنە کۆی ئەو زانیاریانەی ناو سیستەمی ئیداری و دەسەڵاتی حیزبە گەورەکان بەپێی ڕێککەوتنێکی تایبەتی نێوانیان، بەئەمانەتەوە ڕابگوێزێتە ناو خەڵکەوە و

بیکات بە ماددەی قسەکردنی ڕۆژانە و بەئەمانەتیشەوە ئەو بیروڕا ڕیزپەڕ و تەنانەت دەنگە دژەکانی ناو کۆمەڵگاش، کە لە میدیای حیزبە گەورەکانەوە بەرگوێمان ناکەون، بەرجەستە بکات و سانسۆرشکێن بێت. بەکورتی: پێویستە ڕاگەیاندنی حیزبە بچووکەکان لە هەموو ڕاگەیاندنێکی دیکەی حیزبی، (کەمتر حیزبی بێت)، بەو مانایەی کەمتر بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیای خۆی بکات.

چوارەم و ڕەنگە گرنگترین ئاستی ڕۆڵی سۆسیۆ/سیاسی حیزبی بچووك: لە ئامادەکردنی ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی گشتییدا بێت، بەومانایەی (یورگن هابرماس) باس لە ڕووبەر، یان پانتایی کۆمەڵایەتی گشتی دەکات و دەیخاتە نێوان (پانتایی تایبەتی) و (پانتایی دەوڵەتییەوە).

یەکێك لەو هۆکارانەی کە لە ڕووبەری گشتیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بوارەکانی چاپەمەنیین، کە دەتوانن لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن. بۆیە بەو حوکمەی لە خاڵی پێشوودا قسەمان لەسەر ڕاگەیاندنی ڕۆشنگەرانەی حیزبە بچووکەکان کرد، ئەوە دەبێت ڕۆڵی هەمان ڕاگەیاندنیش سەبارەت بە زەمینەسازی بۆ هێنانەکایەی ڕووبەری گشتی باس بکرێت.

کاتێك دەڵێم پێویستە ڕاگەیاندنی حیزبە بچووکەکان کەمتر بانگەشەکردن بێت بۆ ئایدیۆلۆژیای حیزبەکە خۆی، لەبەر ئەوە نییە کە ئایدیۆلۆژیای حیزبی بچووك بەکەم بگرم، بەڵکو بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئەم جۆرە حیزبانەیە لە وەدیهێنانی ڕووبەری گشتیدا، کە ڕووبەرێکە مرۆڤ هەم تیایدا دەبێتە قسەکەر و هەم بکەریش. ڕووبەری گشتیی ئەو شوێنەیە کە ئێمە وەك خۆمان و بەبێ هیچ کەم و زیادێك ڕووبەڕووی کەسەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا دەبینەوە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ئیمتیازێکی ئیداری و پیشەیی و پەروەردەیی. ڕووبەری گشتی گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ سادەترین پێناسەی خۆی کە بریتییە لەوەی کە پێماندەڵێت: مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بەبێ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ڕاگۆڕینەوە بژی. کەواتە هەموو ئیشکردنێك بۆ وەدیهێنانی ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی گشتی، ڕاستەو خۆ دەچێتە خزمەت بەردەوامکردنی ژیانەوە و لێرەشەوە حیزبی بچووك فرسەتی بۆ هەڵدەکەوێ خۆی لە هێز و توندوتیژیی داماڵێت و بەرگی گفتوگۆ بپۆشێت، چونکە بەردەوامکردنی



ژیان پێویستیی بە ئامادەیی ئینسانەکان هەیە لە بەرامبەر یەکتردا بەو جۆرەی کە ئازادن و یەکتری قەبووڵ دەکەن..

هەر کۆمەڵگایەکی تەندروست و هەر سیستەمێکی یاسایی و سیاسی کراوە، بەبێ بوونی حیزبە بچووکەکان و ئازادی پێدانیان لە ئیشوکارەکانیاندا، نەخۆش دەکەوێت و دادەخرێت بەسەر خۆیدا. تۆتالیتاریزمی سیاسیش لە شوێنە داخراو و نەخۆشکەوتووەکانەوە سەر هەڵدەدات. هەر بۆیەشە بوونی حیزبە بچووکەکان لە کۆمەڵگادا، وەك بوونی ئەو کلیلە وایە کە دەرگای بچووك دەکاتەوە، بەڵام بەسەر ماڵێکی گەورەدا.

ئێمە بۆمان نییە لە سێبەری چەمکە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکاندا ئامۆژگاریی حیزبە بچووکەکان بکەین و ئاراستەیان بۆ دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناو واقیع، ئاراستەکانیان بخوێنینەوە.

(*) هەفتەنامەی میدیا، ژ: ١٠١ی ڕۆژی ١/٨/٢٠٠١ هەولێر.

# گۆڕانکاری:
# لە پرۆسەیەکی سیاسییەوە بۆ گوتارێکی فیکری(*)

**وەرن** با قسەکردن لەسەر گۆڕانکاری، لە مەبەستێکی سیاسیی و ئیداریی ڕووتەوە بگوێزینەوە بۆ ئاستێکی فیکری و ڕەهەندێکی دیکەی پێ ببەخشین، ئەمەش بەو هۆیەوە کە یەکێك لە خاڵەکانی سەرکەوتنی هەر سیاسەت و ئیدارەیەکی سیاسی، لە ڕەهەندە فیکرییە قووڵەکانیدایە. دەمەوێت هەر لەسەرەتاوە بڵێم: هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی ڕووتمان نیە ئەگەر لەهەمان کاتدا ئەو گۆڕانکارییە مەبەستێکی قووڵی فیکری لە پشتەوە نەبێت، چونکە سیاسەت خۆی جۆرێکە لە ئیشکردنی فیکر، جۆرێکە لە بیرکردنەوەی داڕێژراوی تۆکمە و چڕ بۆ هەرچی باشتر ئیدارەکردنی وڵات.

ماوەیەکی زۆرە لەم هەرێمەدا باس لە گۆڕانکاریی دەکرێت و کەسانێك هەن لەمبارەیەوە قسان دەکەن، کە من دابەشیان دەکەم بەسەر سێ دەستەوە، یەکەم: ئەوانەی لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیر دەکەنەوە، دووەم: ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕانکاریی دروستبکەن و سێهەم و لەهەمووشیان مەترسیدارتر: ئەوانەی دەیانەوێ بگۆڕدرێن و لەناو گۆڕانکارییەکدا جێگەیەك بۆخۆیان دەستنیشان بکەن بەبێ ئەوەی خۆیان گۆڕانێك دروستبکەن.

ئێستا دەمەوێت یەکبەیەك باس لەم سێ گرووپە بکەم و ئەو هاندەر و پەیوەندیانە دەستنیشان بکەم، کە لەودیو خواستی هەر کامێکیانەوەیە بۆ گۆڕانکاریی:

**یەکەم: ئەوانەی لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیر دەکەنەوە:**

کابرایەکی مریشکفرۆش کە دەست و پلی ڕۆژ تا ئێواریٚ لە خوێن و تووکدایە و هاڵاوی مەنجەڵی بەسەردا دێت و دەزانێت کە بۆنی مریشکەکانی گرتووە و دراوسێ دوکانەکانی لێی وەڕسن، بیر لە گۆڕانکارییەك دەکاتەوە کە لەو بارودۆخە ڕزگاری



بکات. بەهەمان شێوە پێشمەرگەیەکی دڵشکاو، کە ساڵەهای ساڵ دووریی لە خێزان و منداڵەکانی وەك قەدەری خۆی قەبووڵکردووە و ئێستاش هیچ ئاییندەیەکی ڕوونی لەبەرچاودا نییە و ڕۆژانە لە چاییخانەیەك دادەنیشێت، بیر لە گۆڕانێك دەکاتەوە، کە هیچ نەبێت ئیعتیبار بۆ ڕابردووی دابنرێت و گوزەرانی باشتر بکات. ژنێك کە چەند ساڵە دەیەوێت لە مەحکەمە لە مێردەکەی جیابێتەوە، بەڵام کابرای کۆنە مێرد لەڕێی پەیوەندییە شەخسییەکانیەوە کارێکی کردووە کەس گوێی لێنەگرێت، بیر لە گۆڕانێك دەکاتەوە کە بتوانێت هەرچی زووتر تەڵاقنامەکەی بکەوێتە دەست. مرووریێکی گەنج، کە ڕۆژانە لەبەر قرچەی هەتاودا دەسووتێت و بەرگەی تووڕەیی شۆفێرەکان دەگرێت و لە کۆتایی مانگیشدا هێندەی مووچە پێنادرێت کە بتوانێت فەحسێکی خۆی پێبکات، بیر لە گۆڕانکارییەك دەکاتەوە کە مافەکانی ئەو هێندەی ڕەنجکێشانەکەیان لێبێت..

بەمجۆرە لیستەی ناوی ئەو کەسانەی بیر لە گۆڕانکاریی دەکەنەوە و ڕاستیش بیر دەکەنەوە لە ڕووی ژمارەوە گەلێك زۆرن، چونکە ئەمانە ئەو کەسانەن کە لە واقیعی کۆمەڵگادا دەژین و ڕۆژانە لە نزیکەوە و لەسەر جەستە و ڕۆحی خۆیان تاڵیی ئەو واقیعە دەچێژن. بیرکردنەوەی ئەمان لە گۆڕان بنەمایەکی واقیعیانەی هەیە، نەك لەبەر ئەوەی تەنیا دەیانەوێت گۆڕان بەسەر ژیانی شەخسیی خۆیاندا بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەڕاستیی واقیعی کۆمەڵایەتی و حەیاتیی ئێمە پێویستی بە گۆڕانێك هەیە، هێندە بنەمایی بێت کە توانای گۆڕینی هەلومەرجی ژیانی بچووکترین و پەراوێزکراوترین ئەندامەکانی خۆیشی هەبێت.

کەواتە ئەوانەی لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیردەکەنەوە بەشی هەرە زۆری ئینسانە واقیعییەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەن و کۆی ئەو خەڵکانەن کە هەموو بوونی خۆیان دەکەنە بارمتە بۆ دابیکردنی ژیانی ڕۆژانەیان. ئەمەش شتێك نیە ئێمە وەك ڕۆشنبیر دروستی بکەین و زیادەڕۆیی تێدا بکەین و قەبەی بکەین، بەڵکو ئەمە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە لەم شارەدا و لەناو دامەزراوە حکومی و ئەهلی و پیشەییەکاندا.

بۆ ئەوەی لەو هاندەرە تێبگەیت کە لە پشت ئارەزووی خەڵکەوەیە بۆ گۆڕانکاریی دەبێت بچیتە ناو واقیع خۆیەوە، چونکە هێندە بەس نیە لە میدیاکاندا ڕووداوەکان

بخوێنینەوە، هێندە بەس نیە لە ڕێی کەسانێکەوە کە ئیشمان بۆ دەکەن، خەبەرگەلێکمان پێبگات، هێندە بەس نیە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئاساییشەوە بزانین خەڵکی بەچییەوە سەرقاڵن.. بۆ چوونە ناو واقیع پێویستە ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێت کەوەك نەخۆشی ساختە بچینە لای دکتۆرەکان بۆ ئەوەی تێبگەین چۆن مامەڵە لەگەڵ نەخۆشە ڕاستەقینەکاندا دەکرێت. پێویستە وەك هاووڵاتییەك سەر بکەین بە دائیرەکاندا بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی هیچ قیبەمێکی ئیداری و ئیشوکار ڕاپەڕاندنی هاووڵاتیان لەم وڵاتەدا نەماوە، دەبێت معامەلەمان بکەوێتە بەردەم کارمەندێکی پلە پێنج تاکو تێبگەین کە هیچ معامەلەیەك لەم وڵاتەدا بەبێ ڕیشوە و واسیتە و پەیوەندیی ژێر پەردە ناچێت بەڕێوە. دەبێت وەك شایەت و تاوانباری ساختە بچینە بەردەم دادوەر و موحەقیقەکان تاکو تێبگەین بەر لە هەر حوکمێکی یاسایی، چەندە ئیهانەی شایەت و تاوانبارە ڕاستەقینەکان دەکرێت. دەبێت لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا ئیش بکەین تاکو تێبگەین چەند ڕۆژنامەنووسی بەئەمەگ و خاوەن هزری جوان لەبەر قامچی ڕۆژنامەنووسێکی پیر و بەوەفادا بۆ حیزب، لەشیان دارزێنراوە. دەبێت بچینە ناو پۆلەکانی قوتابخانە و زانکۆ، ناو هۆڵی تاقیگا و هۆڵی نەشتەرگەریی کۆلێژی پزیشکی، بۆ ئەوەی دیکتاتۆرانەترین و عەسکەریترین یاسای دکتۆرە کۆنەکان بەرامبەر بە پزیشکی خوێندکار و نەخۆشەکان بەچاوی خۆمان ببینین.

لەبەر هەموو ئەمانەیە کە دەڵێم: هەموو گۆڕانکارییەك لە کاروباری ئیداری و لە ئاستی سیاسیدا، پێویستە گەرانتێك بێت بۆ گۆڕان لەو واقیعەدا کە خەڵك ژیانی تێدا دەباتە سەر. سیاسەتی گۆڕنکاری، واتە سیاسەتێك کە دەیەوێت بە گۆڕانکارییەکانی، ڕێژەی بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەی هاووڵاتیان دابین بکا و لە مرۆڤگەلێکی پاسیڤەوە بیانگۆڕێت بە هاووڵاتی چالاك. واتە سیاسەتی گۆڕانکاری دەبێت جۆرێك بێت لە ئاوێزانبوون (ئیندیماج) لەگەڵ خواستی ئەو بەشە هەرە زۆرەی خەڵکی ئێمەدا کە بیر لە گۆڕان دەکەنەوە و بەڕاستییش ئومێدیان بە گۆڕانکاریی هەیە.

گۆڕانکاریی لەوێوە مەشرووعیەتی خۆی بەدەست ناهێنێت، کە کەسانێك پلە و پایە وەربگرن چونکە حیزبێك، یان لایەنێکی سیاسی تەزکیەیان دەکا، بەڵکو مەشرووعیەتی خۆی لەو کاتەوە دەهێنێتە دەست کە تۆ ناوی پۆستە نوێیەکان



ڕادەگەیەنیت و ڕەزامەندیی لە سیمای خەڵکدا بەدی دەکەیت. ئەگەر هەستت بەو ڕەزامەندییە نەکرد، دەبێت بەر لە ڕۆژی ئیعلانکردنی ڕەسمی و دوای ئەو ڕۆژەش، سەرلەنوێ بیر لەگۆڕانێکی دیکە بکەیتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی دڵی کێ زویر دەبێت!

متمانەی خەڵك، مقۆمقۆی خەڵك و ناڕەزایی خەڵك لەسەر ئەو ناوانەی کە بۆ پۆستە ئیدارییەکان هەڵدەبژێردرێن، مێژوو و پێشینەی ئەو کەسانەی پۆستی ئیدارییان پێدەدرێت لە لای خەڵك و لەسەر جادەکان، جێگەی سەرنجە و وا چاوەڕوان دەکرێت ئیعتیبار بۆ پارسەنگی هاووڵاتیان دابندرێت لەسەر کەسایەتیان، چونکە تەنیا لێرەوەیە خاڵی پەیوەندیی لە نێوان ئەوانەی لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیردەکەنەوە (واتە: بەشی هەرە زۆری خەڵك) و ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕانکاریی دروستبکەن(واتە سیاسەتمەدارەکان)، دروست دەبێت. سیاسەتیش هیچ نیە لە هونەری پەیوەندییەستن زیاتر..

## دووەم: ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕانکاریی دروستبکەن:

هەموو گۆڕانکارییەك جۆرێکە لە خەڵقکردن و هێنانەکایەی ئەو پەیوەندیانەی، ئەو هەلومەرجانەی، یاخود ئەو دیاردانەی کە پێشتر نەبوون و پێویستیی کۆمەڵگا دەخوازێت بێنە کایەوە. لێرەوە گۆڕانکاریی لە سیاسەتدا، نیشانەی هەبوونی سیاسەتێکی کارامە و ئیرادەیەکی پتەوە بۆ خۆ تازەکردنەوە و بەردەوامی وەرگرتن، هەروەها نیشانەی دەرکی ئەو زەرووڕەتەیە کە سیاسەت دەکاتە (هونەری ئیدارەکردن و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان). هەر بۆیەشە پێویستە لە پشت هەموو سیاسەتێکی گۆڕانکارییەوە وەڵامێك هەبێت بۆ ئەو پرسیارەی کە دەپرسێت: گۆڕانکاری لە پێناوی چیدا؟

ڕەنگە پتر لە شێوازێکی گۆڕانکاریان هەبێت، بەڵام من بڕوام بە هەبوونی دوو شێوازی سەرەکی هەیە: یەکەمیان: گۆڕانکاریی لە شێوەدا و دووەمیشیان: گۆڕانکاریی لە جەوهەردا.

ئەوەی یەکەمیان گۆڕانکارییەکی کاتییە و لەسەر ڕووبەری کێشەکان ئیشدەکات، بۆ نمونە: من لە ماوەیەکی ژیانمدا هەستدەکەم پەیوەندییەکانم وەکو پێویست نین و هاوڕێ و برادەر و تەنانەت کەسوکاریشم وردە وردە لێم دەتەکنەوە. ئیدی دەکەومە خۆم بۆ ئەوەی شتەکان بێنمەوە شوێنی خۆیان: ئەگەر وەهای لێکبدەمەوە کە دوورکەوتنەوەی کەسەکان لەبەر ئەوەیە، وایان هەستکردووە من لوتبەرزم و خۆمم لە ئەوان جیاکردۆتەوە، ئەوە دەکەومە نواندنی سنگفراوانی و لێبووردنێکی ئەوتۆ، کە ئەوان سەریان سووڕ بمێنێت و ئەمەش ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتریان، چونکە پێشتر خەسڵەتی وەهایان لە من نەدیوە و ئێستاش هەروا بەئاسانی منیان وەك فریشتەیەك بۆ قەبووڵ ناکرێ!. ئەم گۆڕانکارییە شێوازی هەڵسوکەوتی من دەگۆڕێت بەڵام جەوهەری من ناگۆڕێت و هەر بۆیەشە لەدوای ماوەیەك دەبمەوە بە مرۆڤەکەی جاران و گۆڕانەکە کاتی دەبێت. بۆ ئیشکردنێکی جەوهەریانە لە خۆمدا، پێویستم بەوە هەیە لە خەسڵەتی لوتبەرزی و خۆبەشتزانی تێبگەم، ئەمجا بزانم ئەم خەسڵەتانە چ زیانێك لە پەیوەندەکانم دەگەیەنن و بۆچی کەسوکار و هاوڕێکانم لێدوور دەخەنەوە و پاشانیش هەوڵبدەم بەپێی پرۆسەیەکی درێژخایەن، لە خۆمدا بیانکوژم تاکو پەیوەندیەکانم ئاسایی ببنەوە.

لە سیاسەتیشدا بەهەمان شێوە: دەکرێت حیزبێکی سیاسی، یان دەسەڵاتێکی ئیداری لە ماوەیەکدا هەستبکات زەمینە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی لەدەستداوە و وەك جاران ڕەغبەتی نیە، چونکە لە خەڵك دوور کەوتۆتەوە، یان هەستیکردووە لە هەندێ بارودۆخدا سیاسەتێکی توندوتیژی بەکارهێناوە، یاخود ئیرادەی خۆ تازەکردنەوەی خۆی تاقیبکاتەوە، یان هەر هۆکارێکی دیکە.. گرنگ ئەوەیە ئەم حیزبە سیاسیە یان دەسەڵاتە ئیدارییە بکەوێتە سەر ئەو بڕوایەی، کە پێویستە هەندێ گۆڕانکاریی بکات بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ زەمینە کۆمەڵایەتیەکەیدا، کە دیارە ئەمەش شتێکی ڕەوایە. هێندە هەیە دەبێت لەسەرەتاوە بڕیاری دابێت ئەو گۆڕانکارییەی پێی هەڵدەستێ لە ڕووی شێوەوەیە، یان لە پێناوی جەوهەردایە. ئاسانە بۆ هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لەپڕ (لێبووردن) دەربکات و بوار بۆ میدیاکان بڕەخسێنێت کە (ڕەخنە) بگرن و هەندێ پۆستی ئیداری لە کەسانێك وەربگرێتەوە



وکەسانێکی دیکەیان لە جێگە دابنێت.. بەڵام ئەمە گۆڕانکارییەکی جەوهەری نیە، بەڵکو لەوەدا دەبێتە گۆڕانکاریی جەوهەری، کە ئەو پێشتر بڕیاری دابێت لێبووردن بکاتە (خەسڵەتێکی نەگۆڕی سیاسیی خۆی)، ڕەخنە بکاتە (هۆیەکی بەردەوامبوونی خۆی) و کەسانێکیش بکاتە فەرمانڕەوا بەسەر خەڵکەوە کە بتوانن (پەیوەندیی دەسەڵات و ئیدارەی سیاسی بە زەمینە کۆمەڵایەتیەکەیەوە پتەو و بەردەوام) بکەن..

لێرەشەوە و دوای ئەو دوو نمونەیە لەسەر گۆڕانکاریی شێوە و جەوهەر، دەچمەوە سەر کرۆکی بابەتەکە خۆی و باس لە پەیوەندیی نێوان ئەوانەی بیر لە گۆڕانکاری دەکەنەوە (خەڵك) و ئەوانەی گۆڕانکاری دروستدەکەن (سیاسەتمەدارەکان) دەکەم.

ئەوانەی دەیانەوێت گۆڕانکاریی دروستبکەن لە ڕووی ژمارەوە کەمترن لەوانەی کە لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیر دەکەنەوە. بەڵام دیارە ئەمان بە دەسەڵاتتر و خاوەن بڕیارترن. سیاسەتیش بەردەوامیدانە بە دەسەڵات لە ڕێگەی بڕیاری شێلگیر و دلڕاگرتنی خەڵکەوە. متمانەی نێوان خاوەن بڕیارەکان و خەڵك، نێوان سیاسیەکان و جەماوەر، کاتێك دەبێتە متمانەیەکی سیاسیی بە بەرهەم، کە ببێتە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕ (Communication). سیاسەت لە بنەمادا جۆرێکە لە تەکنیك بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەوانەی سیاسەتکارن و ئەوانەی ئەو سیاسەتەیان بەسەردا پراکتیك دەکرێت. دەسەڵات لە بنەمادا هیچ نیە ئەگەر نەبێتە دەسەڵاتێکی ئاڵوگۆڕکەر لە نێوان جەماوەر و سیاسەتمەدارەکاندا، سیاسەتی گۆڕانکاریش واتە ئەو ساتەوەختە لە دەسەڵات، کە پەیوەندیی نێوان سیاسەتمەدار و خەڵك دەگاتە لوتکەی ئاڵوگۆڕکەرانەی خۆی.

سیاسەتمەدار لە هیچ سەردەمێکدا هێندەی سەردەمی گۆڕانکارییەکان پێویستیی بە پەیوەندی و گوێڕادێران لە خەڵك نییە، ئەمەش بەمانای ئەوە نالێم کە دەبێت خەڵك ڕێگا بۆ سیاسەتمەدار دابنێن، بەڵکو بەو مانایەی کە لەم ساتەوەختەدا خەڵك لەهەموو کاتێك زیاتر دڵی خۆیان و هەستەکانیان لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکاندا دەکەنەوە و چاوەڕوان دەبن داخۆ چ گۆڕانێکی پراکتیکی لە ژیانی واقیعیاندا ڕوو دەدات. ڕەنگە خەڵك نەتوانن هێندەی سیاسەتمەدار عەقڵانیانە و سیاسیانە بیر لە گۆڕانکارییەکان بکەنەوە، بەڵام ساتەوەختی گۆڕانکاری هەر تەنیا ساتەوەختێکی

(عەقلانیی و سیاسیی) نیە، بەڵکو ساتەوەختێکیشە کە تیایدا ناخ و هەستەوەریی مرۆڤ دەورووژێت. هیچ هەڵەیەك لە سیاسەتدا هێندەی ئەوە گەورە نیە کە بەبێ ڕەزامەندیی خەڵك گۆڕانکاریی بکەیت و هیچ ئازاردانێکی خەڵکیش لەوە ناخۆشتر نییە کە کەسانێکیان بەسەرەوە بکەیتە فەرمانڕەوا و بڕیاردەر، کە نەیانتوانیبێت خۆشەویستیی خەڵك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بۆیە دەڵێم: سیاسەتی گۆڕانکاریی واتە ئەو ساتەوەختە لە دەسەڵات کە پەیوەندیی نێوان سیاسەتمەدار و خەڵك دەگاتە لوتکەی ئاڵوگۆڕکەرانەی خۆی.

کەواتە ئەوانەی گۆڕانکاریی دروستدەکەن لە ڕووی ژمارەوە کەمن، بەڵام ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە بۆ بڕیاردان چونکە توانیویانە واقیع بخوێننەوە و گوێ بۆ بەرژەوەندیی خەڵکە ئاساییەکەی ناو کۆمەڵگا بگرن و پەیوەندییان لە گەڵدا دروستبکەن تاکو ئەو کەسانەیان بخەنە خزمەتەوە، کە دەتوانن ئەم پەیوەندییە بەردەوام بکەن و لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا یارمەتیدەری هاووڵاتیان بن. سیاسەتی گۆڕانکاری، واتە وەگەڕخستن و دانانی کەسانێك لە پلەوپایەی جۆربەجۆردا، کە بتوانن پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك، نێوان سیستەمی سیاسی و کایە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوام بکەن و گەشەی پێبدەن. ئەگەر کەسێکت دانا و شایانی ئەو پلەوپایەیە نەبوو، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بیری لەوە کردەوە چۆن لە خەڵك دوور بکەوێتەوە، چونکە ئیدی ئەو بۆتە کاربەدەست، چۆن سەیارەیەکی هەبێت کەس نەیبێت، چۆن لە گەڕەکی (دۆلاراوا) خانوویەك بکڕێت، چۆن زۆرترین خزمەکانی خۆی بنێرێت بۆ هەندەران و چۆن ڕەئیی خۆی بەسەر یاسادا زاڵ بکات و هتد.. ئەوە مانای وایە ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕانکاریی دروستبکەن، نەیانتوانیوە باش گوێ بۆ خەڵك ڕابگرن و سیاسەت بکەنە هونەری پەیوەندییکردن بە خەڵکەوە، هەربۆیەشە نەیانتوانیوە کەسانێك بەسەر خەڵکەوە بکەنە فەرمانڕەوا کە پێشتر لە هەستیاریی خەڵکدا جێگەی خۆیان کردبێتەوە و هەر لەبەر ئەمەش ئەو پەیوەندییە بەردەوامی وەرناگرێت و تەماشا دەکەین پێش ئیعلانکردنی ڕەسمی ناوی پاڵێوراوەکان، نائومێدیی ماندووی خەڵك، بەسەر شەقامەکاندا دێت و دەچێت.



لە سیاسەتدا شەرم نیە لەبەر خاتری ڕای گشتیی خەڵك، تۆ لە ڕای خۆت و لە بڕیارەکانی خۆت پاشگەز ببیتەوە، چونکە ئەمە تاقە ڕێگایەکی سیاسەتمەدارە بۆ ئەوەی نەهێڵێت وێنەی دیکتاتۆرێکی بۆ دابتاشن و لەو مێژووەدا سەقامگیر بکرێت کە بە مێژووی (تۆتالیتاریزمی سیاسی) بەناوبانگە. نەتەوەی ئێمە لە ڕووی مێژووییەوە نەتەوەیەکی بریندارە و لە ژیانی ڕۆژانەشیدا کائینێکی زەحمەتکێشە، بۆیە ڕەنگە هەرگیز هێندەی ئێستا، کە فەرمانڕەوایی وڵات بەدەست خۆمانەوەیە، چاوەڕوان نەبووبێت لەوەی کە ڕێز لە بریندارییە مێژووییەکەی بگیرێت و زەحمەتەکانی ڕۆژانەی کەمبکرێنەوە. ئەوانەی دەیانەوێت گۆڕانکاریی دروستبکەن دووڕیانێکی ئاسانیان لەبەردەمدایە بۆ ڕازیکردنی نەتەوەی ئێمە: لەلایەکەوە دەبێت گوێ بۆ ئەم نەتەوەیە بگرن و پەیوەندیی لەگەڵدا دروستبکەن، لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە چیدی نەهێڵن کەسانێك بەناوی سیاسەتەوە بەردەوام لە هەڵپەی گۆڕینی پلەوپایەی خۆیاندا بن، بەبێ ئەوەی خۆیان گۆڕانێك دروست بکەن!

لێگەڕێن با لە پەرەگرافی کۆتاییدا باس لەم دەستەیە بکەین...

**سێهەم: ئەوانەی دەیانەوێ بگۆڕدرێن، بەڵام گۆڕانێك دروستناکەن:**

کەسانێك هەن کە ساڵەهای ساڵ دەتوانن لەئاست واقیع و کێشەکانیدا بێدەنگ بن و بێدەنگیش بوون، کەچی لەماوەی گۆڕانکارییەکاندا زمانیان دەپژێت و دنیامان لێداگیر دەکەن!. ڕۆژێك لە تەلەفزیۆنەوە دەردەکەون و دەبنە فەیلەسووفی گۆڕانخوازی، ڕۆژێکی دیکە لێمان دەبنە کەڵە هزرڤان و لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا پرۆژە و تیۆری و بەرنامەی گۆڕان بۆ ئاییندەی نەتەوە دادەنێن، ڕۆژێکی دیکە خۆیان بۆ گۆڕانکاری دەپاڵێون و ڕۆژی سێهەم بەهەڵەداوان لە حیزبێك ئیستیقالە دەکەن و خۆیان دەکەن بە حیزبێکی تردا بۆ ئەوەی شتێکیان بە نسیب ببێت و ڕۆژی چوارەمیش بە پەلەپەل لە ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە تا لە نیشتیماندا خزمەت بکەن!

پرسیاری هەرە گرنگ لەم دەستەیە ئەوەیە کە: چی ڕێگەی لێگرتبوویت پێش دەنگوباسی گۆڕانکارییەکان، لەبارەی گۆڕانکارییەوە بدوێیت؟، تیۆریزە بکەیت؟، پرۆگرام و پرۆژە دابڕێژیت؟، ببیتە وتارنووس و ستوون نووسی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان؟

چی ڕێگەی لێگرتبوویت پێش پیادەکردنی سیاسەتی گۆڕانکاری، ئیستیقالە بۆ حیزبە کۆنەکەت بنووسیت؟، ببیتە ئەستێرەی تەلەفزیۆنی و هەموو شەوێ دەرکەویت و ڕەئی بدەیت؟ لە ئەورووپاوە بگەڕێییتەوە و لێرە خزمەت بکەیت؟

دەکرێ بەچەندین شێوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بەڵام پێموایە وەڵامێك بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە: ئەوەی ڕێگەی لێگرتبوویت ئەو ڕۆحە کۆنەپارێزییەیە کە نەیدەهێشت ئەوەی هەتبوو لەدەستت دەرچێت. تۆ بەردەوام دەتەوێ شتێك بیت و پلەوپایەیەکی ئیداریت هەبێت و ئاماژەت پێبکرێت بەبێ ئەوەی بتەوێت لەدەستی بدەیت، تەنیا لەیەك بارودۆخدا نەبێت: کاتێك بزانیت دەتوانیت پلەوپایەیەکی ئیداریی باشتر و بەرزتر و بەرچاوترت دەستکەوێت. تەنیا لەم حاڵەتەدا مل بۆ گۆڕان دەدەیت، بەڵام هیچ گۆڕانێك دروستناکەیت، چونکە خواستی تۆ بۆ گۆڕان خواستێکە بۆ گۆڕینی شێوە نەك لە پێناوی جەوهەردا. خواستی تۆ بۆ گۆڕان لە دەرککردنی تۆوە بۆ واقیع نەهاتووە، چونکە دوای ئەوەی وەزیفە تازەکەت درایە، ئیدی ڕۆحە کۆنەخوازیەکەت دەکەوێتەوە جووڵە و هەموو وزەی تۆ لەوەدا سەرفدەکا، کە لە دەستی نەدەیت و بەمجۆرەش لە واقیع دوور دەکەویتەوە، چونکە پیاوێ کە دەیەوێت ئیش لە پێناوی گۆڕاندا بکا هەمیشە خۆی دەخاتە بەردەم مەترسیی ئەوەی وەزیفەکەی لەدەست بدات.. ئەمەش جەوهەری کاری سیاسییە: ئیشکردن لە پێناوی گۆڕاندا تا سنووری ڕیسککردن بە پلەوپایە و لەدەستدانی وەزیفە. جیاوازیی زۆرە لەنێوان ئەوەی بمانەوێ بگۆڕدرێین و لەسەر وەزیفە تازەکەمان بمێنینەوە، لەگەڵ ئەوەی بمانەوێ گۆڕانکاری دروست بکەین و بشزانین لە پێناوی ئەمەدا یەکێك لە گریمانەکان ئەوەیە پلەوپایەی خۆمان لەدەست دەدەین..

**ئەنجام:**

دەشێت هەموو ئەوانەی لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیر دەکەنەوە (واتە خەڵکە زۆرەکە) نائومێد بن، لەبەرئەوەی ئەوانەی گۆڕانکاری دروستدەکەن (سیاسیەکان) گوێ لە بیروڕایان ناگرن، چونکە هەموو ئەوانەی دەگۆڕدرێن کەسانێکن خۆیان ناتوانن گۆڕان دروستبکەن. دەشێت بەمدیوی تریشدا: هەموو ئەوانەی بۆ پۆستی گۆڕانکارییەکان



دەپاڵێورێن، پێشتر لەلایەن ئەوانەوە پاڵێورابن کە لە پێناوی گۆڕانکاریدا بیر دەکەنەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانەی گۆڕانکاری دروستدەکەن گوێیان بۆ خواستی خەڵك ڕاگرتووە و سیاسەتیان کردووە بە هونەری پەیوەندیکردن بە هاووڵاتیانەوە. وەلێ ئێمە کاتێك دڵخۆش دەبین کە لێمان ئاشکرا بێت گۆڕانکارییەکان بۆ گۆڕینی شێوەی پەیوەندییەکان نین، بەڵکو لە پێناوی گۆڕانکاریین لە جەوهەری پەیوەندییەکاندا.

لێرەوە، وەك لەسەرتاشەوە نووسیم: پێویستە قسەکردن لەسەر گۆڕانکاری، لە مەبەستێکی سیاسیی و ئیداریی ڕووتەوە بگوێزینەوە بۆ ئاستێکی فیکری و ڕەهەندێکی دیکەی پێ ببەخشین، ئەمەش بەو هۆیەوە کە یەکێك لە خاڵەکانی سەرکەوتنی هەر سیاسەت و ئیدارەیەکی سیاسی، لە ڕەهەندە فیکرییە قووڵەکانیدایە. چونکە هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی ڕووتمان نیە ئەگەر لەهەمان کاتدا ئەو گۆڕانکارییە مەبەستێکی قووڵی فیکری لە پشتەوە نەبێت، چونکە سیاسەت خۆی جۆرێکە لە ئیشکردنی فیکر، جۆرێکە لە بیرکردنەوەی داڕێژراوی تۆکمە و چڕ، بۆ هەرچی باشتر ئیدارەکردنی وڵات.

(*) هەفتەنامەی گوڵان، ژ: ٣٤٢ی ٩ی ئاب، ٢٠٠١

## گوتاری (تێکەڵکردن)
## لە ئەمەریکاوە بۆ خێڵی حەمە(*)

**ئێمە** هەموومان شتەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکەین و ئەمەش زۆرجار کارێکی لەززەتبەخش و دڵخۆشکەرە: مرۆڤ بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی مەسەلەکان وەها وەسفبکا و لێکیان بداتەوە، کە چێژی پێدەبەخشن. جاری وا هەیە تێکەڵکردن دەبێتە جێگای پێکەنین، چونکە هێندە جەمسەری دوور لە یەکتر پێکەوە بەستراونەتەوە، کە ئیدی هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نەماوە. وشەیەکی دیکە بۆ ئەم دۆخە بریتیە لە وڕێنەکردن، بەڵام لە نێوان تێکەڵکردن و وڕێنەکردندا جیاوازییەکی بنەمایی هەیە: وڕێنەکردن بریتیە لە تێکەڵکردنێکی بێ مەبەست و بێ بەرنامە و بێ ئەنجام، وەلێ تێکەڵکردن بریتیە لە ئاڵۆزکردن و شێواندن و دەستێوەردانێکی مەبەستدار و بەرنامە بۆ دارێژراو، کە دەبێت ئەنجامێکی تایبەت بدات بە دەستەوە. لێرەشەوە وڕێنە هیچ مەترسییەك دروستناکات، لەکاتێکدا تێکەڵکردن مەترسی ئەوەی لێدەکرێت وێنەیەکی شێواومان لەسەر واقیع بداتێ و ئێمەش وابزانین ئەوە حەقیقەتی واقیع خۆیەتی.

لەهەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کە تێکەڵکردن ببێتە گوتارێك و لە کەناڵە ڕەسمییەکانەوە ئیشی پێبکرێت و ئاوێزانی زمانی سیاسەت بکرێت. ئالێرەدا ئیتر ناتوانین وەك حاڵەتێکی بێگوناە تەماشای بکەین و پێویستە هەوڵدەین لێی تێبگەین و چاودێری ئەو کەسانە بکەین، کە تێکەڵی دەکەن و بەوکارەش مەترسیی بۆ سەر ژیانی هەمووومان و دۆخی وڵاتەکەمان دروستدەبێ. من دەمەوێت لەمیانەی وەرووخستنی هەندێ بۆچوونەوە لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا و کوردستان، بەڵگە بۆ ئەوە بهێنمەوە، کە لە سیاسەتی ئێستای کوردی و لە ڕاگەیاندنی حیزبی کوردیدا، تێکەڵکردن بۆتە گوتارێك و بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە. سرووشتی ئەم تێکەڵکردنە لەوەدایە کە ڕێگای خۆشکردووە، تا ئێمە



بە وردی و بە قووڵی بیر لە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان نەکەینەوە و پتر پەلەی هەڵوێست وەرگرتن و حوکمدان و بەدەستهێنانی چەند ئەنجامێکدا بین. لێرەشەوە،تێکەڵکردن ڕەهەندە چێژبەخش و بێگوناهەکەی خۆی لەدەستداوە و وەك مەترسیەك بەرجەستە بووە، کە پێویستی بە قسە لەسەر کردن هەیە.
با لەسەرەتاوە ئەو ڕستە کلێشەییە دووبارە بکەینەوە کە دەڵێت: لە یازدەی ئەیلوولەوە، کە بەپێی نەخشەیەکی تیرۆریستانە هەردوو تەلاری بازرگانی نێودەوڵەتی تەقێنرانەوە و پاشان لە هێرشەکانی جوندی ئیسلامەوە بۆ سەر خێڵی حەمە، ئێمە کەوتینە ناو دنیایەکی ترەوە. دنیایەك، کە جێگەی لێخووردبوونەوەی ورد و تێڕامانی جیدییە. ئەوەی کە بەلای منەوە زیاتر لەهەر شتێ جێگەی تێڕامانە، (فیکر و ڕۆشنبیری) خۆیەتی، چونکە پێموایە ئەو ڕووداوانە چەندە جوگرافیای تیرۆری بەرینکرد و دڕندەیی کائینێکی پیشانداین کە بەناوی عەقیدە و ئیمانەوە تیرۆر دەکا، هێندەش زیاتر ڕووە تاریکەکانی فیکری پیشانداین کە بەناوی (حەقیقەتی ئایدیۆلۆژیا) و (حەقیقەتی ڕاگەیاندنەوە) ئیشدەکات و بەشێوازێکی ناواقیعی و هەندێجاریش بریندارکەر تەعبیر بۆخۆی دەدۆزێتەوە.

ئێمە لەو ڕووداوەوە جارێکی تریش بۆمان دەرکەوت، کە تیرۆر یەك سیمای نیە، یەك ناسنامەی نیە و یەك بەرجەستەبوونیشی نیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لێمان ئاشکرا بوو کە شێوازی قسەکردنی مرۆڤەکان و ڕاگەیاندنەکانیش لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە و تەنانەت لە دژیشیان، جۆرێکە لە زەمینەخۆشکردن بۆ مانەوەی تیرۆر، نەك سڕینەوە و بێ ناسنامەکردنی.
ئەو ڕووداوانە بەدەگمەن، بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنی حیزبی کوردی و لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، (کە لێرەدا زیاتر مەبەستی منە قسانی لەبارەوە بکەم)، ئەو سیمایەی ئیشکردنی فیکری پیشانداین، کە بەدوای حیکمەت و ڕۆشنگەری و بڕیاری عەقڵانیدا دەگەڕێت و پەلەیەکی نیە لە بەدەستەوەدانی ئەنجامگیرییەکان و حوکمدانەکان. هەربۆیەشە وەك بینیمان و دەبینین، لەدوای ئەو ڕووداوانەوە لێشاوێك لە قسە و ژمارەیەکی زۆر لاپەڕە پڕ کرانەوە، کە مرۆڤ لە نێوان ڕستە و دێڕەکانی بەشێکی زۆریاندا، نەك هەر سەنگینی فیکر و حیکمەتی تێڕامان نابینێت، بەڵکو مەزەندەی

ئەوەش دەکا، کە بەشێکی زۆری ئەو قسە و وتارانەی ئێمە نووسیمانن، تۆوی شەڕە دەروونییەکانی داهاتوویان هەڵگرتوون. دیارە ئەمەش لە مێژووی بەشەریەتدا دیاردەیەکی تازە نییە و پێشینەیەکی لە مێژینەی هەیە: جەنگە ئایینیەکان و پاکتاوکردنەکان و قەڵاچۆکردنەکانی ناو مێژوو، لەسەرەتاوە زۆربەیان پڕۆژەی ڕۆشنبیرانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیبوون و لەپاشاندا بوونەتە پڕۆژەی مەیدانەکانی جەنگ و پێکدادانە سەربازییەکان. بۆیە لەدوای ئەو ڕووداوانەوە، ئەوەندەی ئێمە بە پرۆفیسۆرەکانی شەڕ و دکتۆرە پسپۆڕەکانی تیرۆر و سیاسەتمەدارەکانی هەڵوێست و مامۆستا و ڕۆشنبیرەکانی تەکتیك و ستراتیژ و شاعیرەکانی حەماسەت، ئاشنا بووین، ئەوەندە مرۆڤی حیکمەتدۆست و سیاسەتمەداری بە ئەزموون و ڕۆشنبیری ئاشتیخوازمان نەبینی، کە لە ساتەوەختی گرژییەکاندا، گوتاری ئاشتبوونەوە و لێکبووردن بەرهەم بهێنێت و باس لە ئایندەیەك بکا، کە دەبێت بەهەمووی جیاوازییەکانمانەوە تیایدا بژین. من لە بەشێکی زۆری ئەو وتارانە نائومێدبووم کە تیرۆریان کردە بابەتی بیرکردنەوە، بەڵام نەیانتوانی بیرکردنەوە خۆی، لە گرژی و توندو تیژی بەدوور بگرن.

ڕەنگە بەشێکی ئەمە پەیوەندی بە خێرایی ڕووداوەکانەوە هەبێت کە بواریان نەداینێ بە هەدادانەوە بیریان لێبکرێتەوە، بەڵام پێدەچێت بە زۆری پەیوەندی بە نەبوونی کەلتوورێکەوە هەبێت، کە ڕێگە نەدات ڕووداوەکان لەگەڵ خۆیان ڕاپێچمان بکەن و ڕێگە نەدات ڕووداوێکی تایبەت بکەینە قیاس بۆ حوکمدان بەسەر گشتێکدا و ڕێگەش نەدات بەوەی بەر لە دڵنیابوونی تەواومان لە شەرعیەتی بڕیارەکانمان، هیچ حوکمێك بدەین. چونکە هەموو ئەنجامگیرییەك لە بەشێکی بچووکەوە و سەپاندنی بەسەر گشتێکدا و هەموو گومانێك لەبارەی شەرعییەتی بڕیارێکەوە، دواجار حوکمێکی هەڵەمان پێدەدات. کاتێکیش ئەو حوکمە لە ڕاگەیاندنی ڕەسمییەوە دەردەچێت، ئەوە دەبێتە حوکمی هەموان و گشت کۆمەڵگا بەهەڵەدا دەبرێت!
من دەپرسم بۆچی ئەو ڕووداوانە لە لای ئێمە بوونە دەروازەیەك بۆ ڕەخنەگرتنێکی هەمە لایەن لە ئایینی ئیسلام و لە هەموو ئەو کەسانەی بڕوایان بەم ئایینە هەیە؟، بۆچی لە پشت هەر ڕەخنەیەکمانەوە لە تیرۆریستان و جوندی ئیسلام، نییەتێك و



فرسەتێکیش بۆ ڕەخنەگرتن لە ئیسلام وەك ئایینێك بەدی دەکرێ، کە خاوەنی جیهانبینییەکی تایبەت بە خۆیەتی و دەتوانین ئەم جیهانبینیە لە ناو دەقەکانی ئەو ئایینەدا دەربهێنین؟. بەمانایەکی دیکە: بۆچی ئێمە یەکسەر پەیوەندییەکمان لە نێوان کردەوەی کەسانێکدا، کە بە (مسوڵمان) خۆیان پێناسە دەکەن و ئایینێکدا، کە سەرچاوەکانیمان لەبەر دەستایە، دروستکرد و لێرەشەوە: دەرگامان کردەوە بۆ تێکەڵکردنی حوکمدان و سزادان بەسەر کەسانێکدا لەگەڵ حوکمدان و سزا بڕینەوە بۆ باوەڕێك؟ دیارە هەموو ئەمەش لە سەردەمێکدا کە ئێمە ئەزموونێکی دوور و درێژی مێژووی بەشەریەتمان لەبەر دەستایە، کە پێمان دەڵێت: مەرج نییە ئەوەی بەناوی ئایینێك و ئایدیۆلۆژیایەك و هزرێکەوە دەکرێت، ماهییەت و جەوهەری ئەو ئایین و ئایدیۆلۆژیا و هزرە بێت. مێژوویەکمان لەبەر دەستایە کە پێمانەدەڵێت، مەرج نییە ئەوانەی بەناوی بیروڕایەك و جیهانبینیەکەوە کردەوەیەکی ناپەسند دەکەن و خۆیان لە سێبەری ئەو جیهانبینیە هەڵدەخەن، تەعبیر لە جەوهەری ئەو جیهانبینیە بکەن و ئەو کارەیان پراکتیزەکردنی خاڵ بەخاڵی ئەو دنیابینیە بێت. دواجار مەرج نییە ئایین و ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینیەکان لەساتەوەختی سەرهەڵدانیاندا هەمان ئامانج و چارەنووسیان بۆ خۆیان لەبەر چاو گرتبێ، کە لە ئێستادا و لە کردەوەی کەسانێکدا وەك (ئامانج) و چارەنووسی ئەو ئایین و بیروباوەڕانە خۆی ئاشکرا دەکا. وێڕای ئەوانەش: ئێمە مێژوویەکمان هەیە کە دەریدەخات، مرۆڤ توانایەکی بێسنووری هەیە لە شێواندن و بەلاڕێدا بردن و هەڵخلیسکاندنی بەرهەمەکانی بیر و بەرنامەکانی عەقڵ و، بچووککردنەوەی خەونە ڕزگارکەرەکان و یۆتۆپیاکان، لە بەندیخانەی دۆگماکان و چەقبەستن لەناو بەرنامەکانی حیزب و درێژەدان بە کۆنەخوازی لە سێبەری ئایینندا.

بۆیە چەندە قسەکردن لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ڕووی سیاسیەوە گرنگە، (کە ڕاگەیاندنی جیهانی و کوردی هانمان دەدەن بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستیاندا لە پێناوی لایەنگیری کردن و ڕەتکردنەوەیان)، هێندەش گرنگە باس لەو گوتارانە بکەین کە ئەم ڕووداوانە لە ئاستی فیکری و ڕاگەیاندندا بەرهەمیان دەهێنن و لەسەر

لۆژیکی تێکەڵکردن ئیشدەکەن. من لێرەدا سێ هۆی سەرەکیی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پێشوو دەستنیشان دەکەم و دەیانبەستم بە واقیعی خۆمانەوە:

**یەکەم: غیابی هزر لە ژێر کاریگەریی ڕووداودا:**

لە واقیعێکدا کە بچووکترین ڕێز لە عەقڵ بگیرێت و لێکدانەوەی عەقڵی حسابی بۆ بکرێت، ئەوە ڕووداوەکان چەندە لەپڕ بێن و چەندەش تەکاندەر بن، هێشتا قابیلی ئەوەن بەشێوەیەکی عەقڵانی لەبارەیانەوە تێفکرین، تاکو بوار نەدەین بە هەستەکانمان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕاپێچی ژێر کاریگەریی خۆیانمان بکەن. بەمجۆرەش ڕووداوەکان یەکەمجار ڕووداون بۆ هەستەکانمان: چونکە یەکەم پەرچەکرداری مرۆڤ لە ئاست هەر ڕووداوێکدا، پەرچەکردارێکی هەستەوەرانەیە کە لەهەمان کاتیشدا بەڵگەیە بۆ زیندوویی ئێمە وەك مرۆڤ و تەندروستبوونمان لەڕووی فەسلەجییەوە. بەڵام کێشەی هەستەکان لەوەدایە گومان هەیە لەوەی کە دەتوانن بەهەڵەماندا ببەن و ڕێگای گەیشتن بە ئەنجامگیری و تێگەیشتنی مەعریفیانەمان لێبگرن، کە ئەم کێشەیە هەر لە (ئەفلاتوونەوە تا دیکارت و لۆك و کانت و کەسانی پاشتریش) مشتومڕێکی زۆریان لەبارەوە کردووە. بۆیە لە پێناوی ئەوەدا کە پەرچەکرداری هەستەوەرانە نەبێتە تاکە پەرچەکردار، مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە لە ڕووی عەقڵیشەوە پەرچەکردار لە ئاست ئەو واقیعەدا بنوێنێت، کە تیایدا دەژی، واتە دەبێت ڕووداوەکانی واقیع بکەینە ڕووداوی فیکر، بەو مانایەی پێویستە ڕووداوەکان لە هەستەوەری ڕزگار بکەین و بیانخەینە بەردەمی لێکدانەوە عەقڵییەکان.. دیارە ئەمەش بەو مانایە نیە کە عەقڵ دەتوانێت حوکمی کۆتایی بەسەریاندا دەر بکات، چونکە دواجار عەقڵیش هەڵگری تاریکاییەکانی خۆیەتی و وەك تیۆری زانین پێماندەڵێت: بابەتگەلێك هەن عەقڵ ناتوانێت چارەیان بکات. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا گرنگە، پەلکێشکردنی هووشیاریی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی زانینێکی ڕاستەقینەی نیسبی و ئەنجامگیرییەکی تەندروستانە لەبارەی ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژی و بەگەڕخستنی توانایی تاکەکەسەکانە بۆ چالاکبوون لەو واقیعەدا بەمەبەستی گۆڕین و ڕەتکردنەوەی.



کێشەی هەرە گەورە لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە ڕووداوەکان بەدەگمەن دەبنە (ڕووداو بۆ فیکر و هزری مرۆڤ) و تەنیا وەك (ڕووداو بۆ هەستیاری) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەمجۆرەش تاکەکەسی ناو واقیعی ئێمە ڕێگەی لێدەگیرێت تاکو تێگەیشتنێکی هووشیارانە لەسەر دنیای خۆی بەرهەم بهێنێت. بۆئەوەی بزانین ئەو هێزە کامەیە کە ڕێدەگرێت لەوەی ڕووداوەکانی دنیا و واقی خۆمان بۆ مرۆڤی کورد ببنە ڕووداوی فیکری و ئاستی هەستەوەرانە جێبهێڵن، دەبێت چاوێ بە میکانیزمی ڕاگەیاندنی حیزبە کوردییەکاندا بگێڕینەوە، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبە زلەکەی کوردستان: پارتی و یەکێتی (کە بێگومان لە دیدی کەسانێکەوە ئێمە بەم قسەیە تاوانێکمان کرد!) دیارە ئەم دەستنیشانکردنەش لەوێوە هاتووە کە تاقە دەنگێکی ڕەسمی لە وڵاتی ئێمەدا لە ڕاگەیاندنی ئەو دوو حیزبەوە دەردەچێت، بەبێ ئەوەی مەسەلەکان تێکەڵ نەکات و زەمینەی شێواندنیان نەڕەخسێنێ.

ڕاگەیاندنی حیزبی لە کوردستاندا، بە درێژایی ئەم دە ساڵەی ئازادی و سەربەخۆیی و پێشتریش، بەدەگمەن گوتارێکی بەرهەم هێناوە کە تیایدا دواندنی عەقڵ ببێتە (ئامانج)ی ئەو گوتارە و هووشیاریی مرۆڤی کورد بێدار بکاتەوە. ئەوەی لە بۆنە و ڕووداوەکاندا دەبێتە ئامانج بۆ ڕاگەیاندنی حیزبەکان، بێدارکردنەوەی هووشیاریی مرۆڤی ئێمە نیە، بەڵکو دواندنی هەستەکانیەتی و ڕاپێچکردنەوەیەتی بۆ ناو یادوەرییەکی پڕ لە هەرەس و تێکشکان و نائومێدی. ئەو دوو حیزبە هیچ یادوەرییەکییان نیە کە بەدەست دوالیزمی (تراژیدیا و کەرنەڤاڵ، سەرکەوتن و نوشوستی و دۆڕان و بردنەوە)وە، گیری نەخواربێت و ئەمەش بەشێوەیەکی هەستیارانە لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە یادی نەکرابێتەوە. بەشێکی ئەوەی کە دواندنی هەستەکانی مرۆڤی کورد بوونەتە ئامانجی ڕاگەیاندنی کوردی، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بۆ دواندنی هەستەکان پێویستیمان بە شێوازێکی ئینشانووسیی و هۆنینەوەیەکی تایبەت هەیە کە بتوانێت ڕاستەوخۆ کاریگەر بێت بۆ سەر دڵی مرۆڤ و ڕێگەی لێکدانەوەی هۆشمەندانەی لێبگرێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرلەنوێ گوێ لەو وتارانە بگرینەوە کە ڕادیۆی هەردوو ئەم حیزبە لە قۆناغی شاخدا، بڵاویان دەکردنەوە، دەبینین بەردەوام لە هەوڵی خولقاندنی کەشێکی حەماسی و هاندەرانەدا بوون و ئێستاش بەشێکی

زۆری بێژەرەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان لەسەر هەمان ئیقاع دەنگ و باس برووسکە و وتارەکان دەخوێننەوە. بەڵگەیەکی دیکەی قسەکانم ئەوەیە، کە ئەم شێوازی ئینشانووسییە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، هەردەم بۆتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی (دەماغێکی حیزبیی بیرکەرەوە) و سەرهەڵدانی ئەو کەسەی کە (تیۆریزە) بۆ حیزب و پەیامەکانی دەکات.

هەر لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئێمە شایەتی چەندین بۆنەی گرنگ بووین: یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی و شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و پاشان تیرۆرکردنی ئەندامانی بەرزی ئەم دوو حیزبە و هەڵبژاردنەکان و هتد.. بینیمان ڕەگەیاندنەکانیان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ڕووداوە گرنگانەدا کرد و لە کەشێکی موناسەبەیی و حەماسەسازی و درووشمخوازیدا قەتیس و سەقامگیریان کردن. هۆی ئەمەش هەر ناگەڕێتەوە بۆ ئەو نەرگسیەتەی کە هەر حیزبێکی سیاسی هەیەتی بۆ ئەوەی بەردەوام گوێی لە مەدح و سەرکەوتنەکانی خۆی بێت، بەڵکو دەشگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو عەقڵە هووشیارەی کە بتوانێت بۆنە و ڕووداوەکان لە ڕاگەیاندنی ڕەسمیدا، لە (ڕووداو بۆ هەستەکان)ەوە بکاتە (ڕووداو بۆ هزر و تێڕامانی فیکری).

بەمجۆرەش لە کەناڵی ڕەسمیی قسەکردنی ناو واقیعی ئێمەدا، هزر، وەك داینەمۆی چالاککردنی تاکەکەسی ئێمە، غائیبە و ئەم کەناڵە ڕەسمییە تەنیا هەستەکانمان دەدوێنێت، بەجۆرێ کە ئیدی ئێمە لەگەڵ ڕووداوەکان ڕاهاتووین و پێش ڕوودان و یادکردنەوەیان (ئاشناین) بەوەی چییان لەبارەوە دەگوترێت و هەر ئەوەش وادەکا، کە هیچ سەرنجمان ڕانەکێشن. ئەوەی ڕاگەیاندنی حیزبی لەم دۆخە ڕزگار دەکات، بەرزکردنەوەی زیاتری تۆنی خوێندنەوەی وتارە ڕەسمییەکان و جۆشدانی زیاتری حەماسی جەماوەر نیە لە ئاست ئەم، یان ئەو ڕووداودا، بەڵکو (نائاشناکردنەوە)ی ئێمەیە بە لۆژیکی ئەو ڕاگەیاندنە خۆی. (دیارە من لێرەدا چەمکی نائاشناکردنەوە لە قوتابخانەی فۆرمالیستەکانی ڕووسەوە قەرز دەکەم). بەرجەستەترین خاڵ لە ڕاگەیاندنی حیزبی کوردیدا ئەوەیە، کە لە(دوا)ی ڕووداوەکانەوە دێتە قسەکردن و کاتێکیش قسان دەکا هەمیشە بەجۆرێ دێتە ئاخاوتن، کە ئێمە لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئاوێزان بین، یاخود ڕەتیان بکەینەوە. بەمانایەکی دیکە، ئەم ڕاگەیاندنە بواری



گفتوگۆی عەقڵی لەگەڵ ڕووداوەکاندا ناهێڵێتەوە: ئەگەر ڕووداوەکە ڕووداوێك بێت لە دژی، ئەوا گوتاری ڕاگەیاندن دەبێتە هاندانمان تا ئێمەش لە دژی بین و، ئەگەر لەبەرژەوەندیشی بێت ئەوا داوای هەماهەنگی و قەبوولکردنیمان لێدەکا. بەمجۆرەش ئێمە لەگەڵ لۆژیکی ڕەگەیاندنی حیزبەکاندا ئاشنابووین و لەگەڵ ڕوودانی هەر ڕووداوێکدا دەزانین چی لەبارەیەوە دەگوترێ و پێویستە هەڵوێستمان چۆن بێت، تاکو دووچاری کێشە و لێپرسینەوە نەبینەوە. زۆرجاریش ڕووداوەکان وەك ئەوەی لەواقیعدا ڕوودەدەن هێندە تازە و تەکاندەرن کە ئێمە بۆخۆمان لەئاستیاندا ئەو هەڵوێستە دروستە عەقڵییە هەڵدەبژێرین کە پێویستە هەمانبێت، کەچی هەر لەم کاتەدا ڕاگەیاندن دێت و هەڵوێستە عەقڵانیەکان دەکاتەوە بە هەڵوێستی هەستەوەرانە.

نمونەم بۆ ئەم قسەیە بریتیە لەو مامەڵەیەی کە ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبی ناوبراو لەگەڵ ڕووداوی تیرۆرکردنی فرەنسۆ حەریری و ڕووداوی خێڵی حەمەدا کردیان و لە ئیقاعێکی حەماسیانە و هەستیارانەدا بچووکیان کردنەوە، ئەمەش لەکاتێکدا دەبوو هەردوو ئەو ڕووداوە وەك دەروازەیەك بۆ بەخۆداچوونەوە و خۆ قاییمکردنی زیاتر، تەماشا کرابان و ڕاگەیاندن ئاسۆی قسەکردنی دیکەی بۆ هەردوو لایەنی ناوبراو دەستنیشان کردبا. دەمەوێت بڵێم: ئەو دوو ڕووداوە وەك ئەوەی لە واقیعدا ڕوویاندا، زۆر گەورەتر بوون لەوەی کە لە ڕاگەیاندنی حیزبدا باسیان لێوە کرا. خاڵی هاوبەشی هەردووك ئەو ڕووداوە، لەوەدا بوو کە کەسانێك لە پشتیانەوە بوون کە خۆیان بە (ئیسلامی) پێناسە کردووە، خاڵی هاوبەشی هەردوو ئەو ڕاگەیاندنەش لەوەدایە کە نەیانتوانی ئەم خۆ بە (ئیسلامی) پێناسەکردووانە لە (ئیسلام) وەك ئایینێك جیا بکەنەوە، کە هەزاران کەسی دیکە لەم وڵاتەدا باوەڕیان پێیەتی و لەدژی ئەو ڕووداوانەشن.

بۆیە لە هەردوو دۆخەکەدا بینیمان هەموو مسوڵمانێك لەم وڵاتەدا هەستیانکرد هەڕەشەیەکیان لەسەرە و دەشێت بەو دەلیلەی (بڕوایان بە ئایینێکی دیاریکراو هەیە) دووچاری مەترسی ببنەوە. هەڵەیەکی گەورە کە ئەم دوو حیزبە دەیکەن ئەوەیە، کە وا دەزانن ئیسلامیەکان تەنیا لە ناو توێژی هەژارانی ئەم وڵاتەدان، بۆیە هەرکات ڕووداوێك بەناوی ئیسلامییەکانەوە دەکرێت، یەکسەر هێزەکانیان دەنێرنە گەڕەك و

ناوچە هەژارنشینەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو مسوڵمانانی هەژاری ئەم وڵاتە ترس دایان بگرێ. ئەوان بیریان دەچێت کە زۆرینەی خەڵکی وڵاتی ئێمە، بە دکتۆر و مامۆستاکانی زانکۆ و دادوەر و قوتابی و گەنجەکان و کاسبکار و کەسانی دیکەی پایە بەرزیشەوە بڕوایان بە ئیسلام هەیە وەك ئایینێك، بەڵام بەشێکی زۆریان بە مانا سیاسیەکەی (ئیسلامی) نین. لێرەشەوە دەچمە سەر خاڵێکی دیکەی جەوهەری، کە لە گوتاری ڕاگەیاندنی ئێمەدا بەردەوام بەهۆی میکانیزمی تێکەڵکردنەوە بزر دەبێت.

**دووەم: نەبوونی ستراتیژێک بۆ ئایندەی هاوبەش:**

تێکەڵکردنی کەسانێك کە بەناوی ئایینێکی دیاریکراوەوە کاری تێرۆریستی ئەنجامدەدەن، لەگەڵ کەسانێك کە بڕوایان بە ئایینێکی دیاریکراو هەیە، تێکەڵکردنێکە زیان لە ئایندەی هاوبەشی ئێمە بە ئیسلامی و موسوڵمان و ڕەخنەگرەکانیشیانەوە، دەگەیەنێت. ئەم تێکەڵکردنە لەلایەکەوە خەڵکێکی زۆرت لێ دەتۆرێنێت و زویریان دەکات (کە لە ئاستی نەتەوەییدا بەهەزاران داو پێکەوە بەستراویتەوە) و لەلایەکی تریشەوە، کردەی باوەڕهێنان بە ئایینێکی دیاریکراو دەکاتە کردەیەکی (یاساخ). دیارە ئەمەش لە کاتێکدا کە ئێمە دەمانەوێ نمونەی دیموکراتەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پێشەنگ بین لە چەسپاندنی کۆمەڵگایەکی فرە کەلتووری و فرەئایینیدا!

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا ژمارەیەکی زۆر مسوڵمانت هەیە کە هەستی کوردبوونەکەی لاوازتر نییە لە باوەڕدارییەکەی: ئەو وەك کوردێك لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا گونجانێکی نەتەوەیی هەستپێدەکا و وەکو باوەڕدارێکیش پراکتیزەی سلووکی ئایینێکی تایبەت. بۆیە هەموو زویرکردنێکی ئەم حەشاماتە لە مرۆڤ، بەتایبەتی لە گەنجەکان و لاوان، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و زەبر وەشاندن لە ڕێژەی ئەو گونجانە نەتەوەییە و، لەلایەکی دیکەیشەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی ژمارەی تیرۆریستەکان: چونکە وەك لە شوێنێکی دیکەشدا نووسیومە: (تیرۆریستەکان لە ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتوون، بەڵکو مرۆڤگەلێکن وەکو هەموومان، لەناوماندا



دەژین و لە خۆمان دەچن و ئەندامانی بە حەقی ئەم کۆمەڵگایەن. ساتەوەختی خزانی مرۆڤ بەرەو ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستانە، ساتەوەختێکە لە چاوەڕوانیی هەمووماندا. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ ئەو ساتەوەختەدا و لەگەڵ ئەو هێزەدا کە توانا ئینسانیەکانمان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ توانایەکی وێرانکەر) (بڕوانە وتاری: تیرۆری ئاشکرا، تیرۆری داپۆشراو).

مەرج نییە تەنیا هەژاری و دەستکورتی، ئینتیما بۆ چین و توێژێکی خوارووی کۆمەڵ و نەخوێندەواری، بمانکاتە کەسانی توندڕەو، کەیەکێك لە بەرجەستەبوونەکانی توندڕەوی، تیرۆرە، بەڵکو بۆی هەیە دڵشکاندنێك، لەبیرچوونەوەیەك و حساب بۆ نەکردن و بەپەراوێزکردنێك ببنە هۆی بێداربوونەوەی هەستێکی توندڕەوانە لە مرۆڤدا و ئاراستەکردنی ئەمەش لە ژێر سایەی بیروباوەڕێکدا: توندڕەوی چ بەناوی نەتەوە خوازییەوە بێ، چ بەناوی ئیسلامباوەری و چ بەناوی چەپگەراییەوە، هەر توند ڕەوییە، هەر بۆیەشە ئەم توندڕەوییە ماهییەتی ناسیۆنالیزم و ئایین و ئایدۆلۆژیا پێکناهێنێت و پتر دەربڕی کاراکتەری توندڕەوانەی ئەو کەسانەیە کە لەژێر سێبەری ئەو بیروڕایانەدا کردەوەکانیان ئاراستە دەکەن. ئەو کاتەی تۆ ناتوانیت مسوڵمانبوونی گەنجێکی کورد قەبووڵبکەیت، دەشبیتە مەترسی بۆ سەر کوردبوونەکەی، تەنیا لەبەر ئەوەی بیروڕاتان و سەرچاوەی باوەڕهێنانتان جیاوازە. بیروڕای جیاوازیش مەشرووعیەت نادات بە هیچ جۆرە ستەمێك لەبەرامبەر ئەویتردا، با ئەو ستەمە تەنیا لە ڕێگەی قسەکردنیشەوە بێت. بۆیە گرنگە لە ڕەخنەگرتندا لە کەسانێك کە خۆیان بە ئیسلامی پێناسە دەکەن و تێرۆرکاریی پیشەیانە، پێویستە ئاگاداری گەورەیی ئینسانیەتی کەسانێك بین کە تەنیا سلووکێکی مسوڵمانانەیان هەیە. بەمانایەکی دیکە: ڕەخنەگرتن لە توندڕەوی ئیسلامیانە، نابێت ببێتە دەروازەیەك بۆ ڕەخنەگرتن لە سلووکی مسوڵمانانە. ئەمەش لەبەر ئەوەی توندڕەوی ئیسلامیانە و هەر توندڕەوییەکی دیکە، بەڵگەی پچڕاندنی پردی پەیوەندیی نێوان ئێمە و توندڕەوەکانە، لە کاتێکدا لە نێوان ئێمە و کەسانێکدا کە سلووکێکی مسوڵمانانەیان هەیە، (جیاوازی) لەئارادایە و جیاوازیش ئەو دۆخەیە کە دەبێت لەئاستیدا لێبووردوو بین. هەر قسەگوتن و هێرشکردنە سەر کەسانێك و

گرووپگەلێك لەسەر بیروڕای جیاواز، ئەو قسە و هێرشانە ماهیەتی ئەوان ئاشکرا ناکات، بەڵکو دەریدەخات کە ئێمە چۆن شتەکان تێکەڵ دەکەین و چەندەش توندڕەوین. بەرامبەرەکەم هەرچەندە بیروڕاشی لەگەڵ من جیاواز بێت، ناگا بەوەی من بتوانم و ڕێگە بەخۆم بدەم وەك مرۆڤ، وەك هاووڵاتی و وەکو کوردێك ناوبانگی بزڕێنم و بەدگومانیی لەسەر دروستبکەم و هەوڵبدەم لە کۆمەڵگای بتۆرێنم و تێکی بشکێنم.

تێکەڵکردنی تیرۆر لە ئەمەریکا و بەستنەوەی ئەمە بە کاری تیرۆریستانەی جوندی ئیسلامەوە لە دژی خێڵی حەمە، تەنیا یەك حەقیقەتی تێدایە، کە ئەویش (تیرۆریستانەبوونی) هەردوو حاڵەتەکەیە. ئەم دوو کردەوەیە، وەك کردەوە، یەك جەوهەریان هەیە بە دوو ئاست و تەکانی جیاواز، بەڵام هەڵەیە گەر سەرچاوەی ئەم کردەیە ببەستین بە بنەمای ئایینێکەوە کە ئایینی ئیسلامە. سزا برینەوە و سەرزەنشتکردنی کەسانێکی تیرۆریست، بەپێی ئەو کردەوەیەی ئەنجامیانداوە و شیرازەی ژیانی ئێمەیان پێ شێواندووە و لەبەهای ئاشتیخوازانەی مرۆڤیان هێناوەتە خوار، لە ژێر ناوی هەر ئایین و پەیامێکدا بێت، سزایەکە مەشرووعیەتی خۆی هەیە، وەلێ هەرکات ئەم سزایەمان کردە سزا بەسەر هەر بڕوادار و پەیامهەڵگرێکەوە، ئەوە مەشرووعیەتی خۆی لە دەست دەدات و خودی ئەو حوکمدانەی ئێمە دەبێتە تێکدەری شیرازەی ژیانی هاوبەش و نرخە ئینسانییە هاوبەشەکانمان. لە سزادانی یەکەمدا ئێمە (حەق و یاسا و شەرعییەت) دەکەینە پێوەر بۆ حوکمدانەکانمان، بەڵام لە جۆری دووەمدا خۆمان کارێکی ناحەق و بەدوور لەیاسا و ناشەرعی ئەنجام دەدەین.

من لەم دۆخەدا پێویستیم بەوە نیە ئەو مرۆڤە بکەمە بەرپرسیاری کارێك، کە تا تۆزێ پێشتر پێکەوە ئیدانەی ئەو کارەمان دەکرد و ئێستا هەمان ئەو مرۆڤە چووە لەمزگەوت نوێژ بکا و سلووکێکی ئایینی جێبەجێ بکات. لەنێوان من و ئەم کەسەدا تێگەیشتنێکی هاوبەش و پێکهاتنێکی عەقڵی هەیە لەسەر ئەوەی، ئەو کردەیەی لە ئەمەریکا و لە هەڵەبجە بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدرا، کردەیەکی توندڕەوانەی دژ بە ژیانی مرۆڤە، لەکاتێکدا لە نێوان ئێمە هەردووکمان و ئەوانەدا کە هەستان بەو کردەیە، هیچ پێکهاتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەئارادا نییە. دروستکردنی



ستراتیژێك بۆ ئاییندەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا بەوە نایەتە دی کە بەجۆرێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم، کە ئەو وا بزانێت من لە ڕیزی توندڕەوەکاندا حسابی بۆ دەکەم، بەڵکو ئەوە منم دەبێت بەبیری بهێنمەوە، کە حسابی بۆ دەکەم و حساب بۆ ئەو مێژووەش دەکەم کە ئەو لە ئاستی باوەڕداریەکەیدا خۆی بە خاوەنی دەزانێت، تاکو مێژوویەکی لەگەڵدا دروستبکەم کە لەئاستی هاووڵاتی بوون و ئەندامبوونمان لە هەمان کۆمەڵگادا، ببێتە مێژووی هاوبەشمان و پڕۆژەیەك بۆ پێکەوە ژیانی ئایندەمان. لێرەوە، پڕۆژەی من بریتی دەبێت لە دڵڕاگرتنی گەنجێکی کوردی ئیماندار، نەك سازشکردن و هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ سەرکردەی حیزبێکی ئیسلامیی توندڕەودا. بەمانایەکی دیکە: هیچ کردەیەکی توندڕەوانە کە بەناوی ئایینێکی تایبەتەوە دەکرێت، ڕێگەم لێناگرێت تا پڕۆژەی هاوبەشم لەگەڵ ئیماندارەکانی ئەو ئایینەدا نەبێت، چونکە من ئیماندارەکانی ئایینێك لەو کەسانە جیا دەکەمەوە کە توندڕەوی خۆیان بەناوی ئایینەوە ئاراستە دەکەن.

لێرەشەوە دەچمە سەر هۆیەکی دیکەی ئەو تێکەڵکردنەی مەسەلەکان، کە لە گوتاری سیاسی و ڕاگەیاندنی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە و ئەویش نەبوونی کەلتووری لێبوردن و ئامادەیی حوکمە پێشینەکانە.

**سێیەم: نەبوونی کەلتووری لێبووردن و ئامادەیی حوکمی پێشینە:**

لۆژیکی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا لۆژیکێکە تا سەر ئێسقان پابەندی حوکم و بەدگومانیی پێشینەیە. ڕەگوریشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو بەدگومانییەی مێژوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ئێمەدا دروستیکردووە و هەر لێرەشەوە پەرپیوەتەوە بۆ ناو یەکبەیەکی ئەندامەکانی کۆمەڵ و ناو ئەو گوتارەشەوە کە پێی دەگوترێ گوتاری ڕۆشنبیری کورد.

لە کەلتوورێکدا کە هەزر و ئاوەز نەتوانن داوەری بکەن، ئەوە یادەوەرییەکان بەردەوام خۆیان لە شێوەی حوکمی پێشینە و بەدگومانیدا دەسەپێنن و داوای حەقسەندنەوە و تۆڵەمان لێدەکەن، کەئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژی هاوبەش بۆ داهاتوو: هەر هێزێکی کوردی دەگرێت خاوەنی

چەندین یادوەری خوێناوی و تاڵە لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا و ئەمەش لۆژیکێکی بۆ دروستکردووە بەردەوام پێیدەڵێت: تۆ لە ڕابردوودا و لەگەڵ هێزی بەرامبەردا ئەزموونی تاڵ و ناخۆشت هەیە و نابێت ڕێگە بەخۆت بدەیت پێکەوە بچنە ناو یەك ئاییندەوە. ڕێك ئالێرەشەوەیە کە ئیرادە و خواستی حیزب زاڵ دەبن بەسەر ئیرادە و خواستی نەتەوەدا. حیزب ناتوانێت لە پێناوی ڕزگارکردنی مێژوو و هەیبەتی نەتەوەدا، کە مێژوویەکی پڕ لەتراژیدیایە و هەیبەتێکی بریندارە، دەست لە یادوەرییەکانی خۆی هەڵبگرێت و بە سارێژکردن و دڵدانەوەی برینەکانی نەتەوە، بریندارییە تایبەتییەکانی خۆی سارێژ بکاتەوە، بە وەدەستهێنانی دەستکەوتێکی ستراتیژی بۆ نەتەوەش دڵی ئازارەکانی خۆی بداتەوە. بەمجۆرەش زەمینەی بەردەوامیی حوکمە پێشینەکان دووبارە دەبێتەوە و (لێبووردن) لەسیاسەتی ئێمەدا، تەنیا وەك درووشمێك دەمێنێتەوە. هەر بۆیەشە هیچ کامێك لە ڕووداوەکان و هیچ یەکێك لە چالاکییە تێرۆریستیەکان و پلانە دووژمنکارییەکان، کە لە وڵاتی ئێمەدا و لە ناوچەی ئیداریی هەردوو حیزبە گەورەکەدا ژمارەیان زۆرە و مەترسیی جیدییشیان بۆ هەردوو لا دروستکردووە، نابنە هاندەر و دەرس بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی هاوبەش..

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر ناڕەوایی و دەستدتێژی کرانە سەرکۆمەڵگای ئێمە، کە بەرژەوەندی هەموو هێزە کوردییەکانیشیان خستنە بەردەم مەترسیی زۆر جیدییەوە، کەچی پەرچەکرداری ئەوان لە برووسکە ناردن و هاودەردیکردن و دەستگیرۆییکردنی مادیی تێپەڕی نەکرد. لەکاتێکدا ئەگەر لۆژیکی بەدگومانی و حوکمی پێشینە هێندە لە سیاسەتی کوردیدا ئامادەییان نەبوایە، دەبا ئەو ڕووداوانە ببونایەتە هاندەر بۆ بە عەقڵانیکرنی سیاسەت و داڕشتنی پەیماننامەیەکی نەتەوەیی و دامەزراندنی دادگایەکی سەراپاگیر بۆ سزادان و حوکمدان بەسەر هەموو ئەوانەدا کە بەناوی عەقیدە و ئایین و ئایدیۆلۆژیاوە، دەستدرێژی دەکەنە سەر تەبایی کۆمەڵایەتی و فرسەت لە دابەشبوونی ئیدارەی کوردی وەردەگرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی کە ئەزموونی ئێستامان دەخەنە مەترسییەوە.

لەدۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوەندەی پێویستیمان بە ڕاگەیاندنی سەرکەوتنەکان و دروستکردنی لایەنگر هەیە لەدژی تیرۆریست و خراپکارەکان،



هێندەش زیاتر پێویستە ئیش بکرێت بۆ ڕزگارکردنی سیاسەت لە بەدگومانی و حوکمە پێشینەکان و دەیان ئەوەندەش پتر پێویستیمان بە دامەزراندنی کەلتووری لێکبووردن و مودارا هەیە. لە ڕووی مێژووییەوە بەدگومانی دۆخێکە لەناو هەموو کەلتوورەکاندا هەبووە و هەیە، بەڵام لێکبووردن کەلتوورێکە دەبێت دروستبکرێت و یەکێك لە گرنگترین جۆرەکانی لێکبووردنیش سازدانی لێبووردوویی سیاسییە. ئێمە ئێستا لە وڵاتێکدا دەژین کە هەموو شتێك تێکەڵ بە هەموو شتێکی دیکە دەکرێت و هیچ شتێك لەبەر هۆی تایبەتیی خۆی هەڵناسەنگێندرێت، ئەمەش بۆتە هۆی لاوازکردنی بڕیاری عەقڵانی و سڕینەوەی خەونی هاوبەش و حوکمدانی ناشەرعی و نغرۆبوون لە ناو بڕیارە پێشینەکاندا. مەترسیی گەورە لە دروستبوون و گەورەبوونی هێزە توندڕەوەکان و زۆربوونی پلانە دووژمنکارییەکان و زیادبوونی هەڕەشەکاندا نیە، بەڵکو مەترسی هەرە گەورە مانەوەیە لە دۆخی تەسلیمبوونی هەمیشەیی بە یادوەری و گوێگرتن لە حوکمەپێشینەکان و ڕەواجدان بە بەدگومانی، کە هەموو ئەمانە ڕێگرن لەبەردەم عەقڵانیەتی سیاسیدا کە یەکێك لە ئەنجامەکانی هەر عەقڵانیەتێك بریتییە لە دروستکردنی کەلتووری لێکبووردن.

هیچ گەرانتێك نیە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوەکان بە شێوەی دیکە و لە ئاستی دڵتەزێنی تردا، هیچ گەرانتێك نیە کە سبەی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستان ڕووبەڕووی کۆستی دڵتەزێن نەبنەوە و زەفەریان پێنەبرێت و ئەندامی بەرزی خۆیان لەدەست نەدەن، هیچ گەرانتێك نیە ئەو ئاساییشە نیسبی و دەستکەوتە سیاسی و کەلتووری و ئابووری و ئیداریانەی ئێستای ئەم بەشەی کوردستان کۆتاییان پێنەیەت. هیچ گەرانتێك نیە کە ئێمەی کورد لە موعادەلە سیاسیەکانی سبەینێی جیهاندا، ئەو خەسڵەتەمان تیا دەمێنێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی پشتگیرییمان لێبکرێت. هیچ گەرانتێك نیە کە سەرکردەی هەردوو حیزب و ئیدارییە بەرزەکانی هەردوو حکومەتی هەرێم، دووچاری ڕووداوی سرووشتی و تەندروستی ئەوتۆ نابن، کە ببێتە هۆی لەناوچوونیان.. ئەوەی دەبێتە گەرانت بۆ هێشتنەوەی ئەم دۆخە و پاراستنی بەرژەوەندییەکان، ئیشکردنی عەقڵانیانەیە بۆ گۆڕینی شێوازی ململانێکان: لە ململانێی نێوان دوو (هێز)ەوە کە بەردەوام لە نیەتی یەکتری بەدگومانن و ترس

نێوانیانی داگیرکردووە، بۆ ململانێی نێوان دوو (دەسەڵات)ی سیاسی، کە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە و دەتوانن لەسەر ناکۆکیەکانیان گفتوگۆ ساز بکەن و لەپێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا هاوکاریی ئیدارییانەی یەکتری بکەن. تەنانەت (ئاشتی)ش ناتوانێت گەرانتییەك بێت لەبەردەم ڕووداوە گریمانەکراوەکانی داهاتوودا، چونکە ئاشتی بۆتە یۆتۆپیایەك، کە دەشێت لەداهاتوودا خۆی بسەپێنێت، بەڵام نابێت چاوەڕوانیکردنی ئەو ئاشتییە یۆتۆپییایە، ببێتە ڕێگر لە بەردەم هەنگاو هەڵهێنانەوەی هەنووکەییدا لە دژی هەڕەشەکان.

کێشەکە لەوەدایە هەردوو هێزی ناوبراو، وەها تەماشای ئاشتی دەکەن، کە دۆخێکە تیایدا ئەوان (تێکەڵ) بە یەکتر دەبن و هەریەکەیان سەربەخۆیی تایبەت بەخۆی لەدەست دەدات. ئەوەی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە لە دۆخی ئاشتی هەڵدەگێڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی واقیعیانە، بریتیە لە دامەزراندنی ئەو دەزگا و دامەزراوانەی کە بارودۆخی ناوخۆیی لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی دەپارێزن.

لەبەر ئەوە ئاشتی تێکەڵبوون نییە بەیەکتر، بەڵکو ئیشکردنە بۆ هێنانەکایەی دۆخێك کە تیایدا ئاسایش بێتە کایەوە و لە سایەیدا دەسەڵاتە جیاوازەکان ململانێ بکەن بەبێ ئەوەی وزەی خۆیان بۆ چاودێریکردنی یەکتر تەرخان بکەن. ئەوەی پێویستە چاودێری بکرێت، ئەو هێزانەن کە مەترسی لەسەر هەنووکە دروستدەکەن و بەم یان بەو شێواز، شیرازەی کۆمەڵگاکەمان دەشێوێنن. دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جوندی ئیسلام و هاوکارەکانیان، بەس نیە هەڵەبجە ڕزگار بکرێت و بکوژانی فەرەنسۆ حەریری و هاوڕێکانی بە سزای خۆیان بگەن، بەڵکو دەبێت ئەم ڕووداوانە هاندەر بن بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایانەی ئاسایشی گشتی دەپارێزن و دەزگا ئەمنیەکانی یەکێتی و پارتی ڕزگار دەکەن لەوەی، لە پێناوی چاودێریکردنی یەکتریدا، ببنە پرد بۆ پەڕینەوەی تیرۆریست و توندڕەوەکان بەناو مەڵبەندەکانی وڵاتدا. ئەمکارە پێویستی بە ئاشتی نییە وەك بنەمایەك و وەك یۆتۆپیایەك، کە بۆی هەیە لەداهاتوودا بێتە دی، بەڵکو پێویستی بە وازهێنانە لە بەدگومانی و یادەوەرییە تاڵەکان و دامەزراندنی کەلتووری لێکبووردن و مودارا، چونکە بەبێ دامەزراندنی کەلتوورێکی ئەوتۆ، هیچ ئاشتییەك بە پایەداری



نامێنێتەوە. ئەوەی ئەم دوو حیزبە پێی دەڵێن: (ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی) شتێك نییە لە دەرەوەی (ڕێکخستنی دەزگا ئاسایشەکانی حیزب) و دروستکردنی تیمی هاوبەشی تایبەت لەهەردوولا، کە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەکرابن بۆ هاوکاریکردن لەسەر ئەو مەبدەئەوە کە دەڵێت: کورد لەسەرووی پارتی و یەکێتییەوەیە. چونکە بەڕاستی ئەگەر ماڵی کوردی ڕێکبخرێتەوە، دەبێت پارێزگاریشی لێبکرێت..

**ئەنجام:**

دەشێت تێکەڵکردن و وڕێنەکردن دوو ڕووی یەك سکە بن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دوو کردەی چێژ بەخش بن، وەلێ کاتێك لەسیاسەت و ڕاگەیاندندا شتەکان تێکەڵ دەکەین، ئیدی دەبێت لەسەر ئەم دۆخە بوەستین و بیری لێبکەینەوە.

سیاسەتی ئێستای هێزە کوردییەکان، لە ئاست ڕووداوەکاندا، سیاسەتێکی ناواقیعیە و ئەمەش وایکردووە سیاسەتێکی نا عەقڵانی بێت. ناعەقڵانی بەو مانایەی کە عەقڵ لەم سیاسەتەدا نەبۆتە بەهایەك و ڕەگەزێکی بنەمایی بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی زانین و مەعریفە لەسەر بارودۆخەکانی کۆمەڵگا و ڕووداوەکان. لێرەشەوە ئەوەی لەم سیاسەتەدا بۆتە پارسەنگ بریتیە لە یادەوەری حیزب و تێگەیشتنێکی هەستەوەرانەی پڕ لە بەدگومانیی دەستوپێگر، کە هەمیشە داوای ڕێژەیەك لە لایەنگیری و تەئیدکردنمان لێدەکات. ئەمەش لەکاتی سەرهەڵدانی ڕووداوەکاندا، دەبێتە سیمای دیاری ڕاگەیاندن و گوتاری سیاسی و ناهێڵێت ڕووداوەکان لە ئاستێکی هەستەوەرانەوە بچنە ئاستێکی فیکرییەوە، کە تیایدا هێزی ڕەخنەگرتن و بەخۆدا چوونەوە چالاك بن.

دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان، لەکاتی ڕووداوەکان و یادکردنەوەکاندا چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکەن لە تراژیدیا و کەرنەڤاڵەکانیاندا بەشدار بین و بڕژێینە سەر شەقامەکان و ڕۆژنامەکان بە وتاری لایەنگیریکردن پڕ بکەینەوە، بەبێ ئەوەی ڕەخنە و پێشنیارەکانمان لێ قەبوڵبکەن. لەوکاتانەشدا کە ئێمەی هاووڵاتی دەمانەوێ بەشداری لە بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی دیکەدا بۆ ڕووداوەکان بکەین و

یادکردنەوەکان بکەینە دەروازەیەك بۆ خوێندنـەوەی ڕابردووەکـان، بـەوە تاوانبارمـان دەکەن کە لە دژی بەرژەوەندی نیشتیمانی دەجوولێینەوە و ئەزموونی کوردی بەرکەند دەکەین و چەواشەکاری دەکەین. لەو کاتەشدا کە خۆمان تەسلیم ناکەین بـەو گوتـارە سادانەی کە ڕاگەیاندنی ئەوان لەسەر ڕووداوەکان بەرهەمی دەهێنن و ئینشانووسەکان دایدەڕێـژن، بـە نـەیاری خۆیانمـان لەقەڵـەم دەدەن. کێـشەکە لەوەدایـە، حیـزب تـا هەنووکەش نەیتوانیوە جیاوازی بکات لە نێـوان هەڵوێـستی ڕەخنـەیی هاووڵاتیـان و هەڵوێستی تێکدەرانەی تیرۆریستەکان، تا ئێستاش زەرووەرەتی ڕەخنەگرتن و گفتوگۆی کراوە لە کردەی تیرۆریستی و خەراپکاری جیا ناکەنەوە.. حیزبەکان بیریان دەچێت کە لە ساتەوەختی هەر ڕووداوێك و تیرۆرکردنی هەر کەسایەتی و شیرازەتێکـچوونی هـەر ساتەوەختێکدا، ئێمەش خەمدەخۆین و بریندار دەبین و ترس یەخەمان دەگرێت. حیزب نایەوێت بزانێت، کە دڵسۆزەکانی ئەو لەم وڵاتەدا گـەلێك لـە ئەندامـە ڕەسمییـەکانی زیـاترن. لێرەشـەوە حاڵەتـەکان تێکـەڵ بەیـەکتر دەکـرێن و هـاووڵاتی لـە نـەیار و، تیرۆریست لە ڕەخنەگر و، خۆبە ئیسلامی پێناسەکردوو لە مسوڵمان جیاناکرێنـەوە و بەمجۆرەش پانتایی توندڕەوی بەرین و بەرینتر دەبێت.

تێکەڵکردن خۆش و چێژ بەخش و ئاسانە، وەلێ نەك لەسەر حسابی جیاکردنەوەی ورد و دیققەتی تێڕامان و ئاییندەیەکی هاوبەشەوە، کە هـەمووومان بەرپرسـیارین لـە دروستکردنیدا.

**هەولێر ٢٠٠١/١١/١٥**

(*) هەفتەنامەی گوڵان ژ: **٣٥٧** و **٣٥٨**ی ٢٠٠١

# لە دژی شەرمنیی سیاسی![*]

**یەکێك** لە ئەرکەکانی فیکری سیاسی خۆتێهەڵقورتاندن و خۆخستنە بەردەم مەترسییە، بیرکردنەوە لە سیاسەت لە بنەمادا هەنگاونانە بەرەو گریمانەی چاوەڕواننەکراو، کە ڕەنگە یەکێك لەوانە ئەوە بێت کەسی بیرکەرەوە ببێت بەتەڵەی خۆیەوە، وەلێ تەڵەیەك کە نەماندەزانی بۆمان داندراوە. پەرلەمەنتار و سیاسەتمەدارەکان، ڕۆژانە کە دەچن بۆ پەرلەمان و مەکتەبی ئیشکردنی خۆیان، هەرتەنیا ناکەونە بەردەم هەڕەشە و شاڵاوی تێرۆریستەکان، بەڵکو بۆی هەیە هەموو ئەو بڕیار و پەیمانانەی کە بەخەڵکیشیان دەدەن، دواجار وەك هەڕەشەیەك بکەوێتەوە بۆسەر ئەو متمانەیەی کەدەبێت ئەوان هەیانبێت. با وای دابنێین جێگەی وەزیرێك لە کابینەی حکومەتدا چۆڵە، ئەرکی هەرە گرنگ ئەوە نیە کە وەزیرێك بەدڵی سەرۆکی کابینە و حیزبی دەسەڵاتدار بدۆزینەوە و پێیبڵێین: فەرموو دەستبەکار بە. ئەرکی هەرە گەورە و زیرەکی لەوەدایە چۆن بە دامەزراندنی ئەوکەسە لە پۆستی وەزارەتدا بڕێکی زۆر متمانە لەلای خەڵك دروستبکەین و گوێمان بە هاواری خەڵك بزرینگێتەوە کاتێك دەڵێن: (ئافەرین، کەسێکی شیاو بۆ شوێنێکی شایان). بەداخەوە ئەوەی سیاسەت لەوڵاتی ئێمەدا بیری لێناکاتەوە، متمانەیە و هەربۆیەشە لەگەڵ دەستبەکاربوونی هەر کەسێکدا بۆ پۆستێکی نوێ، خەڵك سەردەنێن بەسەری یەکەوە و دەکەونە هەڵوەشاندن و شیتەڵکردنی ڕابردووی ئەو کەسە و نائومێدی خۆیان بەقاقای ئەو پێکەنینە لەبیر دەبەنەوە کە لە ڕابردووی کاکی تازە وەزیرەوە دێت.

مەرج نیە کاتێك ڕەفتاری خەڵك بەمجۆرەیە، هەمیشە ڕاست بێت کە پێیان بگوترێ: ئەوە بەخیلی و ئیرەییە وایان لێدەکات دان بە وەزیرە تازەکەدا نەنێن. کێشەی گەورە لەوەدا نیە کە بەڕاستی خەڵك بەخیل بن، چونکە بەخیلی و ئیرەیی بردن خەسڵەتێکی کەلتوورییە و لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا لانە دەکا، بەڵکو کێشەی گەورە لەوەدایە کە سیاسەت لەوڵاتی ئێمەدا موخاتەرە ناکات و خۆی ناخاتە ناو تەڵەی گریمانەکانەوە. هەربۆیەشە هەتا دێت حیزبەکانی ئێمە لێکدی نزیکدەبنەوە، بەبێئەوەی ئەو دەستکەوتانەمان بێتە دەست کە دەبێت لێکدی نزیکبوونەوە بیانبەخشێت. سیاسەتێك کە



خۆی ناخاتە بەردەم مەترسی و ڕیسکەکان تاقیناکاتەوە، سیاسەتێکی شەرمن و هەمووشتێك تیایدا بێتاقەتکەر و باوێشکهێنەرە.

وەرن با خۆمان بخەینە بەردەم مەترسییەکانی بیرکردنەوەی سیاسی و لەم ڕوانگەیەوە بیر لە سیاسەتی کوردی و هەڵوێستی لەئاست کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا بکەینەوە. ئایا ئێمە بەڕاستی: فەلەستینین یاخود ئیسرائیلی؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئایا ئێمە لایەنگری لە فەلەستینیەکان دەکەین و ئەمەش بەئاشکرا دەردەبڕین، یاخود لەبنەمادا لایەنگیری لە ئیسرائیلییەکان دەکەین و ئەمەش دەشارینەوە؟

ئەگەر لەهەموو شتێکدا ڕێژەیەك لە گومان پێویست بێت، ئەوە (بێ گومان) چل ساڵ پترە ئێمەی کورد هەم لە سیاسەت و هەم لە ئەدەبماندا لایەنگیری کێشەی فەلەستینیەکان بووین و ئەمەش ڕەهەندی ئازادیخوازانەی سیاست و ڕەهەندی مرۆڤدۆستانەی ئەدەبی ئێمەی پێکهێناوە و ئەمەشمان بەدەنگی بەرز دەربڕیوە. دوایین بەڵگە لەمبارەیەوە کە من بۆخۆم گوێم لێبووبێت، وتارێکی سەرۆکی پەرلەمان بوو کە بەزمانی عەرەبی و لە پایتەختی هەرێم و لە پشتیوانیکردنی گەلی فەلەستیندا خوێندیەوە. بەم مانایەش ئێمە هەمیشە کورد و فەلەستینی بووین پێکەوە. بەولای دیکەدا، هەر لەو ماوە مێژووییەدا چ عەرەبەکان و چ فەلەستینیەکان (بەبێ هیچ گومانێك) و بەدەنگی بەرز ئێمەیان بەوە تاوانبارکردووە کە ئیسرائیلین و ئیسرائیل ئێمەی لەخشتە بردووە. تەنانەت کاتێك لە دانمارك بووم هاوڕێیەکی فەلەستینیم هەبوو کە نۆ ساڵ بوو دەمناسی و زۆرجاریش پێکەوە باسی چەوساندنەوەی ناڕەوای فەلەستینیەکانمان بەدەستی دەوڵەتی ئیسرائیلی بۆ دانمارکیەکانی هاوڕێمان دەکرد. لەماوەی ئەو نۆ ساڵەدا یەکێك لەو حەکایەتانەی کە من بۆ هاوڕێ فەلەستینیەکەم دەگێڕاوە، ئەوە بوو پێمدەگوت: من کوڕی کابرایەکی کوردی مسوڵمانم و هەمیشە تا ئەوکاتەی زوڵمەتی قەبریش ئەو پیاوەی ڕاپێچی مەرگ کردەوە، هەر گوێی بۆ ڕادیۆکەی دەگرت بەشکم خەبەرێکی خۆشی لەسەر کورد پێبڵێت و کەچی بەردەوام بەو خەبەرە ناخۆشانە دڵگەرمیان دەکرد کە لەسەر فەلەستینیەکان دەخوێندرانەوە و لەتاو دەردی ئەوان ئازاری خۆمانی بیر دەچۆوە. وەلێ دڵنیا نیم بەو قسانە توانیبێتم ئەو یەقینە لە دڵی هاوڕێکەمدا بسڕمەوە کە دواجار لەچاوی ئەوەوە منی دەکردە لایەنگرێکی ئیسڕائیل، چونکە کورد بووم!

ئێستا دەمەوێت سێ بەڵگە بهێنمەوە کە چی دەبێ گەر ئێمە لە ئاستی ڕاهێنانی فیکریشدا بێت ئەو لۆژیکە عەرەبییە قەبووڵ بکەین و دان بە ئیسرائیلی بوونی خۆماندا بنێین، بەڵام بەمەرجی خۆمانەوە. بەڵگەکان ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** پێویستە ئێمە ئیسرائیلی بین لەئاست کۆمەڵگای ئیسرائیلدا بەومەرجەی پەیوەندیی ئێمە بە ئیسرائیلییەکانەوە پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە بێت لە توندڕەوی و ناحەقی دەوڵەتی ئیسرائیل لەئاست فەلەستینیەکاندا. ئیسرائیلیبوونی ئێمە لەوێوەیە کە کۆمەڵگای ئیسرائیلی کۆمەڵگایەکە ڕەوایەتی جیهانیی خۆی هەیە و بەبەراوورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگایەکی فرەکەلتووری و دیموکراسییە. ئەو زەبرەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئاست فەلەستینیەکاندا پیادەی دەکات لە ماهیەتی کەلتوور و کۆمەڵگای ئیسرائیلییەوە نەهاتووە، بەڵکو زەبرێکە باڵی توندڕەوی دەسەڵاتدار و فەندەمەنتالیزمی یەهوودی بەرهەمی دەهێنێت و پێدەچێت لەپشت ئەمەشەوە هەندێ ئیغراکردنی دەرەکی ئامادەیی هەبێت. ئێمە بۆمان هەیە ئەم جیاکارەیە لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئیسرائیلدا بکەین، چونکە بۆخۆمان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا ژیاوین و لەمێژوودا زەبری ئەو دەوڵەتانەمان چەشتووە، کە وەك کۆمەڵگا ڕەگەزپەرست و وەك دەوڵەتیش تۆتالیتارین. لە کۆمەڵگای ئیسرائیلدا چەندین دەنگ و ڕێکخراو هەیە کە دژی سیاسەتی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسرائیلن و لایەنگری مافی ڕەوای فەلەستینیەکانن، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی سیاسیکارە چالاکەکانی ناو بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستینی لەسەر ئەو خاکە ژیاون و دەژین کە دەوڵەتی ئیسرائیلی تیایاندا فەرمانڕوایە. لەکاتێکدا ئەو جۆرە دەنگ و ڕێکخراوانە لەو کۆمەڵگایانەدا دەگمەنن کە ئێمەی کورد بەزەبری مێژوو، لەڕووی سیاسیەوە پابەندیانین. ئەو ئەنجامەی لێرەوە بەدەستی دەهێنم ئەمەیە: ئێمە بۆمان هەیە خەون بە ژیانێکەوە ببینین کە تیایدا کۆمەڵگایەکی دیمواکراسی هەبێت و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە بەچاوی پلانگێڕ و جوداخواز تەماشامان نەکەن، کە هەمیشە دەمانەوێ بەرژەوەندیەکانی ئەوان بخەینە مەترسییەوە. بەڵکو بەچاوی هاوولاتیەك بمانبینن کە داوای مافی نەتەوەیی و کەلتووری خۆمان دەکەین. ئەم خەونە لە کۆمەڵگای ئیسرائیلیدا خەونێکی ڕەوایە، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەرا دابەشبووە خەونێکی مەرگهێنەرە.



**دووەم:** ئێمە ئیسرائیلین بەو مانایەی نامانەوێت وەك فەلەستینیەکان بین: فەلەستینیەکان، جگەلەوەی نوێنەری خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، ئەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتانی جیهان گەلێك فرسەتیان خستنە بەردەم، بەبێئەوەی سوودیان لێوەربگرن، بەتایبەتیش لە نەوەدەکاندا.. بێگومان ئەگەر هەندێك لەو فرسەتانە بۆ ئێمەی کورد ڕەخسابان ئێستا لە ئاستێکی دیکە دەبووین و کاتێکیش دەڕەخسێن نابێت لەدەستیان بدەین و ئەزموونی فەلەستینیەکان دووپات بکەینەوە. باشترین نمونە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە ئەوەیە، سیاسەتمەدارە فەلەستینیەکان لە کۆڕی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وەك ئەو کەسایەتیانە پێشوازییان لێدەکرێ، کە دەوڵەتێکی ڕانەگەیەنراو دەبەن بەڕێوە. لەکاتێکدا تا ئێستا نەك هەر باسکردنی کیانێکی کوردیی گوناهێکی گەورەیە، بەڵکو لەئاستی دیپلۆماسییەتی کوردی و کەسایەتیە سیاسیەکان و جالییەی کوردی دەرەوەشدا، دڵمان بەو پەرلەمانتەر و خێرخواز و ڕۆژنامەنووسانە خۆشە، کە جاروبار لەودیو کەوالیسەکانی شانۆی سیاسیەوە، دەنگمان بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و سیاسەتمەدارانی جیهانیی دەگەیەنن.

لەلایەکی دیکەوە، هەتا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی نەتەوەیی و هیچ پەرلەمانێکی حکومی بەهەموو سەرمایەی مێژوویی و ڕەمزیی خۆیەوە نەهاتۆتە پێش بۆ ناوبژیکردن لە نێوان کێشەی ئێمە و ڕژێمەکانی ناوچە، وەکئەوەی نەرویجییەکان لەسەرەتای نەوەدەکاندا لەگەڵ فەلەستینیەکان کردیان. گرنگیی ئەو هەنگاوەی نەرویج هەر لەوەدا نەبوو، کە لایەنێکی ڕەسمیی ئامادەیی خۆی بۆ ناوبژیکردن دەربڕی و هەنگاوی بۆ ئەوکارەش هەڵهێنایەوە، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدا بوو کە نەرویج وەك کۆمەڵگایەکی خاوەن مێژوو و کەلتوور، خۆی خستەبەردەم ڕیسکێکی سیاسی کە پڕە لە ئاڵۆزی و بەدگومانی. ئەوە متمانەیەکی کەم نیە وڵاتێکی بێلایەن هەموو مێژووی خۆی بخاتە بارمتەوە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەیەکدا کە بەچەندین فرسەخ لێوەی دوورە. لەڕاستیدا ئەوە نرخاندێکی بەرزی خەباتی فەلەستینیەکان بوو، لە کۆمەڵگایەکدا کە هاوسۆزییەکی مێژوویی و ئایینی بۆ ئیسرائیل هەیە. دۆڕاندنی متمانەی نەرویجیەکان لەلایەن فەلەستینیەکانەوە، نەك هەر زیانێکی گەورەبوو بۆ کێشەی فەلەستینییەکان وەك گەلێکی ستەمدیدە، بەڵکو لەگەڵێشیدا متمانەی گەلێك لەو کۆمەڵگایانەش کە هاوسۆزن

لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، بە کێشەی هاوشێوەی فەلەستینییەکان دۆڕا. چیدی ئاسان نیە کۆمەڵگایەك و دەوڵەتێك هەموو سەرمایەی مێژوویی و ڕەمزیی خۆیان بخەنە بارمتەی کێشەی میللەتێکی ستەمدیدەی ترەوە. توندڕەوی و لاساریی سیاسەتمەدارانی فەلەستینی خەڵکی ئەو کۆمەڵگا خێرخواز و ئاشتیخوازانەی سڵەماندەوە، کە دەشیا ببنە گرووپی گوشار لەسەر دەوڵەتەکانیان تاکو بەقازانجی میللەتانی ستەمدیدە ئیش بکەن. فەلەستینی بوون، بەم مانایە گورزێکی کوشندەیە لە مافی ئەو میللەتانەی کە دەیانەوێ بەچاودێری و ناوبژیکردنی دەوڵەتان کێشەکانیان چارەسەر بکرێن.

**سێهەم:** کێشەی فەلەستینییەکان کێشەیەکی ڕەوایە، حەقە و ئەوان گەلێکی ستەملێکراون و دەوڵەتی ئیسرائیلیش بێڕەحمانە سەرکوتیان دەکا، وەلێ شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ئەوان سرووشت و خەسڵەتێکی دژەئاشتیخوازانەی وەرگرتووە و هۆی ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ توندڕەوی باڵەسیاسییەکانی ئەو وڵاتە. ئێمە هەتا ئێستا نازانین ژمارەی ئەو فەلەستینیانەی توندڕەوی وەك ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردن ڕەتدەکەنەوە، چ ڕێژەیەك پێکدەهێنن. چونکە ڕاگەیاندنی عەرەبی و فەلەستینی هەمیشە وێنەی بوونەوەرێکمان پیشاندەدات کە دەیەوێت (تۆڵە) بکاتەوە و بۆ ئەمەش جگە لە تفەنگ و بەرد و دار، پەنا بۆ یەزدانیش دەبات.

هەر شێوازێکی بەرەنگاربوونەوە کە خەسڵەت و سرووشتی دژە ئاشتیخوازی وەردەگرێ و لە توندڕەوی و زەبروزەنگدا مەترسیی بۆسەر خەڵکی مەدەنی کۆمەڵگای بەرامبەر دروستدەکات و تەڕ و ووشك پێکەوە دەسووتێنێ، زیانێکی کوشندەش بە جەوهەری ئازادیخوازانەی خۆی دەگەیەنێت. ئەمە جگە لەوەی ئەو وێنەیەی لەسەر خۆی پێشکەشی دەکات و لە میدیاکاندا دروستیدەکات، تا ئاستێك و بۆ ماوەیەك دەتوانێت سۆز و پشتیوانی بۆخۆی ڕابکێشێت. چونکە بەدووبارەبوونەوەی وێنە لێکچووەکان چاوی بینەر ڕادێت و چیدی ئەو کاریگەرییەی نامێنێت. من هیچ قارەمانییەك لەوەدا نابینم کە مرۆڤێك بەبەرچاوەمەوە خۆی بتەقێنێتەوە و ئەمەش وەك کردەیەکی مرۆڤانە حسابی بۆ بکرێت. لە مێژووەوە فێربووین هەرکات مرۆڤ بچووککرابێتەوە بۆ کائینێك خۆی بتەقێنێتەوە و لەگەڵ خۆشیدا خوێنی مرۆڤەکانی دیکە بڕێژێت، ئەمە سەرکەوتن نەبووە، بەڵکو بێحورمەتی بووە بە مرۆڤ خۆی. بینینی دیمەنی مرۆڤێکی هەلاهەلا و



پارچەپارچەبوو، بەرلەوەی مرۆڤبوونی خۆمم بیربخاتەوە، پڕم دەکات لەو هێزی ترس و تۆقینەی کە دوورم دەخاتەوە لەوەی ببمە خۆم و مێژوویەکی مرۆڤانە دروستبکەم کە تیایدا وەك مرۆڤ بەردەوام بم لە ژیان. بۆیە سنوورێك هەیە لە نێوان کردەی شۆڕشگێڕانە و کردەیەکدا کە ناشۆڕشگێڕانەیە، چونکە یەکەمیان لە دوائامانجدا کردەیەکی مرۆڤانەیە و لە خزمەتی گەورەیی مرۆڤدا و دووەمیشیان پەرچەکردارێکە لە ئاست مرۆڤ و ژیاندا. نا شۆڕشگێڕترین ڕەفتار ئەوەیە کە ئامانجەکەی لە دژی مانەوەی ژیانی مرۆڤدا بێت و ئەمەش فەشەلی زۆربەی ئەو شۆڕشانەیە کە بۆ ئازادبوون لەدووژمن هەوڵدەدەن، کەچی لە میانەی بەرەنگاربوونەوەیاندا وێنەی دووژمن بەرهەم دەهێننەوە و بەمەش جیاوازیی لەنێوان ستمەکار و ستەملێکراو و شۆڕشگێڕ و شۆڕش بەسەرکراودا نامێنێت.

من فەلەستینم تا ئەو شوێنەی وێنەی فەلەستینی وێنەیەکە ماهییەتی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەی خۆی ون ناکات، وەلێ ئەوکاتەی شۆڕش خەسڵەتە مرۆییەکانم تیادا دەکوژێت لە دژی ئەو شۆڕشە دەوەستمەوە، چونکە نامەوێت یادهێنەرەوەی ڕق و کینەبم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. من نامەوێت بە بەرهەمهێنانەوەی وێنەی توندڕەوانە شەرعیەت بە زەبروزەنگ بدەم و لە ڕێگەی ڕق و کینەسازییەوە بەشداریی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بکەم.

سیاسەتی شەرمنی لە مرۆڤدا شتێکی جوانە، چونکە ئەو سیاسەتە پرسیار١ دەجولێنێ و ئەوانیتر هاندەدات بۆ نزیکبوونەوە و پەردە هەڵدانەوە لەسەر شەرمەکان، هەروەك چۆن کوڕێك عاشقی شەرمنیی کچێك دەبێت و فزوولانە بەسەر ئەڵغامەکانی عەشقدا دەڕوات تا دەیگاتێ و شۆڕش بەرپا دەبێت.. وەلێ شەرمنیی سیاسیی دۆخێکی کوشندەیە چونکە مرۆڤ دەکاتە کۆیلە و ناچاری دەکات تا دەمرێ پاساو بۆ ئەو گوناهانە بهێنێتەوە کە نەیکردوون.

**٢٠٠٢/٤/٢٦ هەولێر**

(*) ڕۆژنامەی برایەتی، ژ: **٩٧٦٣** ڕۆژی **٢٠٠٢/٥/٧**

## سیاسەتمەدار و فەیلەسووف

**(بە یادی (واڵتەر بنیامین)ـەوە..)**

(١) هەردووکیان حەزیان لە دەسەڵاتە: یەکەمیان بە هۆی هێزەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست و دوومیشیان بەهۆی وشەکانەوە.

(٢) هەردووکیان بڕیار لەبارەی دنیاوە دەردەکەن، وەلێ لەپاش ئەنجامی بڕیارەکانی سیاسەتمەدارەوە بە (وێرانە) ئاشنا دەبین و لە پاش بڕیارەکانی فەیلەسووفیشەوە بە: (هەڵە). جیاوازییەکە لەوەدایە: وێرانە خەسارەتێکە جوبران ناکرێتەوە و هەڵەش: قابیلی ڕاستکردنەوە!

(٣) هەردووکیان لە کۆڕ و کۆنگرە و فیستیڤاڵە (زانستی/ئەکادیمی)یەکاندا دەردەکەون: سیاسەتمەدار لە پشت مایکرۆفۆنەوە و فەیلەسووف لە پشت قسەکانیەوە.

(٤) لە دوای هەر کارەساتێك، سیاسەتمەدار داوای تۆڵەکردنەوە دەکا و فەیلەسووفیش داوای: بەخۆداچوونەوە.

(٥) پەیوەندیی نێوان سیاسەتمەدار و کۆمەڵ لەسەر بنەمای (ترس)ـەوە دروست دەبێت، هی فەیلەسووفیش لەسەر بنەمای (گفتوگۆ)وە.

(٦) هەردووکیان نایانەوێت گرنگترین شتی خۆیان بدۆڕێنن، سیاسەتمەدار: کورسیەکەی، فەیلەسووفیش: مەبدەئەکەی.



(٧) سیاسەتمەدار پێویستی بە کائینێکە بە ناوی (جەماوەر)، فەیلەسووف عەودالّی کائینێکە بەناوی: (تاك).

(٨) شێوازی کارکردنی سیاسەتمەدار بۆ ڕاکێشانی جەماوەر بەلای خۆیدا: خەساندنیانە، شێوازی فەیلەسووفیش ئەوەیە: بیانکاتەوە بە خودی خۆیان.

(٩) سیاسەتمەدار هەموو جارێ کە نامەیەکی لە خەڵکەوە پێدەگات، وادەزانێ داوای سواڵی لێدەکەن و بەلالووتێکەوە دەیداتە دەست سکرتێرەکەی. هەموو جارێکیش کە فەیلەسووف نامەی پێدەگات: بیر لە پرسیارەکانی ناوی دەکاتەوە.

(١٠) ئەگەر لە بۆنەیەکدا، پاسەوان و جاسووس و سکرتێر و خۆبەرەپێشەوە و کاسەلێسەکان، لە سیاسەتمەدار دوور خەینەوە، تەنیاترین مرۆڤی لێدەردەچێت. فەیلەسووف لە تەنیاییەکانیدا پتر لەهەر کاتێ لە قەڵەباڵغیدا دەژی.

(١١) بۆ ئەوەی سیاسەتمەدار تووڕە نەبێت و وانەزانێت، بەگەورەی خۆمانی نازانین، هەمیشە پێویستیمان بە بەکارهێنانی ڕاناوگەلێکی زیادەی وەسفکردن هەیە: (جەناب، گەورەم، قوربان، سەیدا، پایەدار، بەڕێز، ئەزبەنی، تێکۆشەر، هێژا) و هتد. گەورەیی فەیلەسووف لە ناوی شەخسیی خۆیەوە دێت: سوکرات!

(١٢) سیاسەتمەدار بۆ هەر شوێنێ سەفەر بکات، لە پێش خۆیەوە پاسەوانەکانی لەوێن، فەیلەسووفیش: هزر و کتێبەکانی!

(١٣) سیاسەتمەدار چاویلکەیەکی لە چاودایە ژیانی لەلا بچووك دەکاتەوە بۆ: (تاکتیك) و (ستراتیژ)، فەیلەسووفیش لەپشت هەموو تەماشاکردنێکیەوە: پانتایی ژیان گەورەتر دەکات.

(١٤) سیاسەتمەدار و فەیلەسووف هەردووکیان بۆ دەرزی لێدان، چوونە لای برینپێـچێك. کاتێك دێنە دەرەوە، ڕۆژنامە نووسێك دەپرسێ: بۆچی جەنابتان چوونە لای برینپێچ؟
ـ سیاسەتمەدار: وەڵام ناداتەوە.
ـ فەیلەسووف ڕاشکاوانە دەڵێت: دەرزییەکی لە قوونم دا!

(١٥) لەهەر کاتێکدا کەسێ بە ڕاناوی (ئێمە) دوا، یەکسەر بزانە ئـەوە سیاسـەتمەدارە، چونکە فەیلەسووف هەمیشە دەڵێت: (من)!

(١٦) لە خوێندنەوەی وتاردا، هەردووکیان تەماشای کاغـەزەکانی بـەردەمیان دەکـەن، فەیلەسووف بۆ ئەوەی لە مەبەستەکانیدا ڕوون و کۆنکرێتی بێـت. سیاسـەتمەداریش بـۆ ئەوەی لەخوێندنەوەی ئەو نووسراوەدا هەڵە نەکات، کە بۆیان نووسیوە!

(١٧) (حکومەتی ناوەندی) زاراوەیەکە سیاسەتمەدارەکان دایانهێناوە بۆ تەعبیرکردن لـە (ئەدەب و شـەرمنیی کـورد) لـە ئاسـت حەقیقەتێکـدا. بـەڵام فەیلەسـووف هەمیـشە بەبیرمان دەهێنێتەوە: ئەو حەقیقەتە (بەعس)ـە.

(١٨) هـەردووکیان بابـەتی مێـژوون: فەیلەسـووف لـەو مێـژووەدا کـە دوای مردنـی دەنووسرێتەوە. سیاسەتمەداریش لەو مێژووەدا، کە بەدەستی خـۆی دەیـشێوێنێ، تـا لـە شەرمەزارییەکانی کەم بکاتەوە.

(١٩) ئەگەر ویستت سەبارەت بە خۆشەویستی ڕای فەیلەسووف بزانـی، دەتنێرێتـە لای شاعیر. ئەگەر ویستیشت لەوبارەیەوە ڕای سیاسـەتمەدار بزانیـت، بـچۆرە لای مریـشك: بەس نیە ئەو قرتە قرتێ دەکات!

(٢٠) هەردووکیان زاراوەی (میللەتەکەمان) بەکار دەهێنن، بەڵام مەبەسـتی سـەرەکیی سیاسەتمەدار لەو بەکارهێنانە: (حیزب)ـەکەیەتی.



(٢١) هۆڵدرلین، شاعیری گەورەی ئەڵمانیا، گوتویەتی: (بۆی هەیە پیاوی سیاسییش لـە کۆتایی تەمەنیدا خولیای جوانپەرستی تیا دروستبێتەوە). وەلێ نەیگوتووە: لـە خـوار، یان لەسەروی کەمەرییەوە!

(٢٢) بۆی هەیە ژیانی هەردووکیان بە خۆکوشتن دوایی بێـت: فەیلەسـووف لەبەرئـەوەی نایەوێت کەس بکوژێ، سیاسەتمەداریش لەبەر ئەوەی کەس نامێنێت نەیکوشتبێ.

(٢٣) هەر یەکەیان بە ڕێگای خۆیـدا دەڕوات.. تاقـە شـوێنێ تیایـدا بەیـەکتر بگـەن: ئاودەستە!

## بەشی دووەم

# خود، ناسنامە، ئەویتر



# دیموكراتیزەكردنی خود(*)

**كاتێك** لەبواری كۆمەڵایەتی و سیاسیدا باس لە پرۆسەی دیموكراتیزەبوون و دیموكراتیزەكردن دەكەین، پانتاییەك دەهێنینە پێشچاوی خۆمان، كە تیایدا زیاد لە جەمسەرێك ئامادەیە و زیاد لەدەنگێ دەیەوێ گوێی لێرابگیرێت و كاریگەربەخش بێت و شوێندەستی خۆی لە بوارە جیاجیاكاندا بەدیار بخات. دیموكراتیزەكردن، بەم مانایە، پرۆسەیەكە بۆ دروستكردن و هێنانەكایەی فەزایەك تاكو لایەنە ئامادەكان بەجیاوازییەكانی خۆیانەوە بواری خۆسەلماندنیان بۆ بڕەخسێ. واتە پێویستە دوو یەكە، یان زیاترمان هەبێت و هەریەكەشیان هەڵگری دروشمگەلێك بێت بۆ باشتركردنی دیاردەیەك، یان بارودۆخێكی كۆمەڵگا لەچوارچێوەیەی گفتوگۆیەكی دانپیانراودا و بەپێی میكانیزمی ململانێی ناو كایە كۆمەڵایەتیەكان.

ئالێرەدا هابرماسی ئەڵمانی و پیێر بۆردیۆی فەرەنسی وەكویەك قسەی شێلگیر و بەسوودیان هەیە: هابرماس قسە لە بارودۆخی گفتوگۆی ئایدیاڵی دەكات و پێیوایە ئەم بارودۆخە مۆدێلێكە پێویستە لایەنە بەشداربووەكانی گفتوگۆیەكی دیموكراتیانە بیهێننە پێشچاوی خۆیان تاكو بتوانن بەپشتیوانی پرنسیپەكانی ئەم گفتوگۆیە، درێژە بە گفتوگۆكانی ناو واقیع بدەن. مەرجی هابرماس بۆ هاتنە دی ئەو جۆرە بارودۆخە بریتیە لەوەی كە بەشداربووەكان لە خەڵوەتی تەنیایی خۆیان بێنە دەرێ و لەگەڵ كەسانی تردا (گفتوگۆ) بكەن و بەهۆی ڕەچاوكردنی لۆژیكی گفتوگۆكردنەوە، بگەنە شێوەیەكی دروست لە مامەڵەكردنی ئەخلاقی. بە مانایەكی دی: ئێمە تەنیا لە ڕێگەی دیالۆژەوە خۆمانمان بۆ دەردەكەوێت. بوونی ئەوانیتر واتە خۆ بینینەوەمان لەبەر چاویاندا و لە بواری مامەڵە و هەڵسوكەوتی پێكەوەییماندا.

بەپێی تێگەیشتنی هابرماس، كاتێ بمانەوێ یاسایەك، یان بڕیارێك لەپێناوی سەلماندنی ئەوەدا دەربكەین، كە ئایا سوودەكانی كۆمەڵگا بەشێوەیەكی ڕەوا دابەشكراون یان نا؟ ئەوە پێویستە ئەم یاسایە لەلایەن هەموو ئەوانەوە بڕیاری لەسەر



بدرێت كە یاساكە و بڕیارەكە دەیانگرێتەوە. واتە دەبێت هەموو ئەوانەی كە ژیانیان دەكەوێتە ژێر كاریگەریی ئەو یاساو بڕیارەوە، بۆیان هەبێت لە گفتوگۆیەكدا گوێبگرن و گوێشیان لێبگیرێت. لێرەوە، بەكارهێنانی زمان لای هابرماس دەبێتە كیمیای فەلسەفەی ئەخلاق. چونكە لەو ساتەوەختەوە كە دەكەوینە بەكارهێنانی زمان، ئەوە قەبوڵیشمانكردوە، كە ئامانجمان لە یەكتری (تێگەیشتن)ە. بۆ هەموو تێگەیشتنێكیش لەیەكتری، پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لە گشت كردارێكی بەزۆر و هەڵسوكەوتێكی توندوتیژانە و بەرژەوەندیە تایبەتیەكانمان نەكەینە سەنگی مەحەك لە ڕووبەڕووبوونەوەماندا لەگەڵ بەرامبەردا. چونكە خستنەكاری كەمترین توندوتیژی لە ئامانجی گفتوگۆكەمان دوور دەخاتەوە و دەمانخاتە باوەشی توندڕەوییەوە.

هەوڵی تیۆریانەی (بۆردیۆ)ش لە میانەی قسەكردنیدا لەسەر جیاوازیی كایە كۆمەڵایەتیەكان، بریتیە لە ئاشكراكردن و تێگەیشتن لە میكانیزمی ململانێی كایە كۆمەڵایەتیەكان بەئاراستەی دەرەوە و ناوەوەی كایەكان خۆیاندا. بەلای بۆردیۆوە، كۆمەڵگا لەچەند كایەیەكی جیاوازی كۆمەڵایەتی پێكهاتووە و ئەم كایانە هەریەكەیان خاوەنی بەرژەوەندیی تایبەت بەخۆی و هەڵگری شوناسێكن، كە لەلایەكەوە دەیانخاتە ململانێیەوە لەگەڵ ئەندامانی خودی ئەو كایەیە و لەولای تریشەوە ڕووبەڕووی ناكۆكییان دەكاتەوە لەتەك بەرژەوەندیی و شوناسی كایەكانی دیكەدا. لێرەوە بۆ قسەكردنێكی بابەتیانە و زانستیی بەدوور لەهەر حوكم و بەدگومانییەكی پێشینە، پێویستمان بەوەیە لە میكانیزم و شێوەی پیادەبوونی ئەو ململانێیە تێبگەین و سنوورەكانی دەستنیشان بكەین، تاكو بتوانین لە ئاڵۆزیی كۆمەڵگاكان تێبگەین.

وەك دەبینین لەلای هەردوو كۆمەڵناسی ناوبراو، كۆمەڵگاو ئەكتەرەكانی ناوی بە پلەی یەكەم شوناسی خۆیان لەو گروپەوە یان كایە كۆمەڵایەتیەوە، یاخود بارودۆخی گفتوگۆكردنەوە بەدەست دەهێنن كەخۆیانی تیا دەبیننەوە، یان تیایدا بەشدار و ئەندامن. بەمانایەكی دیكە: لەم مۆدێلەدا ڕووبەڕووبوونەوە هەمیشە ڕووبەڕووبوونەوەیەكی دوو جەمسەرییە لەگەڵ بەرامبەردا و هەرگۆڕان و بڕیارێك ڕوودەدات دەبێت بە ئامادەیی ئەویتر بێت وەك جەمسەری بەرامبەر. ئەویتر مەرجە بۆ

ئەوەی بارودۆخێك بێتە ئاراوە، گفتوگۆی تیا بكرێت و بەشداربووەكان بۆیان هەبێت ململانێ و داكۆكی بكەن لەسەر ئەو پێناسانەی هەڵگریانن. كەواتە لێرەدا باس لە دوو یەكەی جیاواز دەكرێت، كە پێویستە لەرێگەی ڕووبەڕووبوونیانەوە لەگەڵ یەكدیدا، لەسەر ئەو خاڵانە ڕێك بكەون كە دواجار بە (ڕێككەوتنێكی دیموكراتیانە)یان ناودەبەین و بەشداربووی هەر لایەنێكیش بە (ئەكتەری دیموكراتیزەبوو) لەقەڵەم دەدەین. هەر لێرەشەوەیە كە باس لە دیموكراتیزەكردنی دامەزراوەكان و حوكمەت و سیستەمی ئیداری لە ئاست گرووپە كۆمەڵایەتی و هاووڵاتیان و تاكەكاندا دەكەین و نمرەی سەركەوتن و كەمتەرخەمییان بەسەرا دەبەخشینەوە!

وەلێ ئایا ئەو یەكەیەی كە دابەش نابێت و یەك جەمسەرە و چوونیەكە، دیموكراتیزە دەكرێت، لەكاتێكدا پرۆسەی دیموكراتیزەبوون وەك گوتم: پێویستیی بە جەمسەری ناچوونیەك و لێكنەچوو هەیە؟ ئایا دەكرێت باس لە (دیموكراتیزەبوونی خود) بكەین وەك یەكەیەكی دابەشنەبووی تاكجەمسەر كە خەسڵەتی هەرە دیاری تاكەكانە لەناو جەستەی خۆیاندا؟ ئایا دەكرێت من باس لە دیموكراتیزەكردنی خودی خۆم بكەم وەك یەكەیەكی سەربەخۆی ناو ئەم جەستەیە كە بەرجەستەكەری شێوەی ئینسانیی منە؟ بەمانایەكی دیكە: چ دەبێ گەر لە پێش قسەكردنماندا لەسەر دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا و دەزگا و سیستەمەكان، باس لە دیموكراتیزەبوونی خودی خۆمان بكەین بەبێ ئەوەی شێوەیەكی جوت جەمسەری بەم پرۆسەی دیموكراتیزەبوونە بدەین؟

ئەم شێوەی باسكردنەی دیموكراتیزەكردنی خودە، دەمانخاتە بەردەم پرسیاری ئەوەی ئایا خود لەبەرامبەر چیدا خۆی دیموكراتیزە بكات؟ بێگومان لەبەرامبەر خۆیدا. چونكە وەك فەیلەسووفی گەورەی دانمارك (سۆرن كیاكەگۆرد) دەڵێت: (لە قەدەری هەر مرۆڤێكدایە كە ببێتە خۆی). بەڵام بوونە خود مانای چی؟ مانای ئەوەیە كە خود بتوانێ خۆی بێت و پەیوەندیی لەگەڵ خۆیدا ببەستێ. لەگەڵ خودی خۆی گەورە ببێت و دەست بەسەر خۆیدا بگرێت و خۆی بناسێت و خۆی نەدۆڕێنێ. خۆدیموكراتیزەكردن واتە خۆ دۆزینەوە و بەدەستهێنانی خودی خۆمان و سەندنەوەی لەو هێزانەی كە دەمانخەنە باوەشی شەڕانیەتەوە. بەڵام كاتێك ئێمە باس لە دیموكراتیزەكردنی خود



بكەین وەك یەكەیەكی سەربەخۆ، نەك وەك جەمسەرێك لەبەرامبەر جەمسەرێكی دیكەدا، بەڵكو لەبەرامبەر خودی خۆیدا، ئەوە بە چ مانایەك باس لەو هێزانە دەكەین كە دەمانخەنە باوەشی شەڕانیەتەوە؟ بەو مانایەی كە خود هەمیشە بەو هێزانە دەورەی گیراوە و لەبەردەم هرووژمی ئەو هێزانەدایە كە ناهێڵن خود، خودی خۆی بێت. واتە ئەو هێزانەی كە خود بەلاڕێدا دەبەن و هاوسەنگیی و سەقامگیرییەكەی دەشێوێنن. كاتێ دەڵێین خود دەبێت خۆی بێت، واتە دەبێت توانای هەبێت خۆی لەو هێزانە دەرباز بكات كە ڕێگەی پێنادەن خۆی بێت و پەیوەندیی لەگەڵ خۆیدا ببەستێت بۆ ئەوەی ببێتە خودێكی سەربەخۆی مرۆڤێكی خاوەن خود. چونكە خود نابێتە خود ئەگەر خودی مرۆڤێك نەبێت، بەڵام مرۆڤێك كە نەتوانێت خودی خۆی بەدەست بهێنێت واتە مرۆڤێكە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ئەو هێزانە خۆی ڕزگار نەكردووە كە خودی ئەویان زەوت كردووە. مرۆڤێكی بێ خود ناتوانێت ببێتە مرۆڤێكی دیموكراتی لەبەرامبەر ئەویتردا، ئەگەر نەیتوانیبێت خودی خۆی دیموكراتیزە بكات. چونكە ئەو مرۆڤەی لەژێر دەسەڵاتی هێزە داگیركەرەكانی خود دایە، بەشێك لە دەسەڵاتی ئەو هێزانە لەبەرامبەر مرۆڤەكانی دیكەدا دووبارە دەكاتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بكاتە مرۆڤی بێ خود و بەمكارەیشی قەرەبووی خودە لەدەستچووەكەی خۆی دەكاتەوە.

بەڵام ئەو هێزانە كامانەن كە خود لە مرۆڤ زەوتدەكەن و ناهێڵن مرۆڤ لەپێش ئیدیعایەكردنی بۆ دیموكراتیزەبوون لە ناو پەیوەندییە جەمسەردارەكانی كۆمەڵگادا، خودی خۆی دیموكراتیزە بكات؟

ڕەنگە لەناو ئەو هێزانەدا هێزی (بەدگومانی و بڕیاری پێشینە و وێناكردنی بەرامبەر) سێ هێزی هەرە سەركیی بێتن. لێگەڕێن با كەمێ لەبارەیانەوە تێفكرین:

**بەدگومانیی:**

من هەرگیز نابمە خاوەنی خودی خۆم ئەگەر مرۆڤێكی بەدگومان بم، چونكە بەدگومان كەسێكە لە بنەڕەتدا هەڵوێستێكی شەڕانیی بەرامبەر بە ژیان هەیە و دەیەوێت پێناسەیەكی بێنرخ بە ژیان ببەخشێت تاكو پاساوی دەستەوەستانیی خۆی بەو كارە

بداتەوە. تەنیا ئەو کەسانە دەبنە خاوەن خودی خۆیان کە دەتوانن ژیاندۆست و چالاك بن لە دروستکردن و بەردەوامییدانیان بە ژیانی خۆیاندا. مرۆڤی بەدگومان مرۆڤێکە بێ خود، هەر بۆیەشە مرۆڤێکە ناتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەشدا ببەستێت و ناشتوانێت وەك خاوەن خودی سەربەخۆ بیانبینێت و بەردەوام بەدگومانە لێیان، کە زۆرجار ئەم بەدگومانییە دەیخاتە سەر ڕێگای سڕینەوەی بەرامبەریش. دەشێت منی بەدگومان لەبارودۆخێکی تایبەتدا و لەناو کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەرپرسیارییەکم هەبێت و لە ساتێك لەساتەکانی ململانێی ئەو کایەیەدا دروشمی دیموکراتیزەکردن و ئاشتبوونەوەم بەرزکردبێتەوە و گوتارێکم سەبارەت پەیوەندییەکی دیموکراتیانە بە ئەوانیترەوە، بەرهەم هێنابێت. بەڵام لەبەرئەوەی هێزی بەدگومانیی جەوهەری خودی خۆمی لێسەندوومەتەوە، ئەوە جەوهەری ئەوانیتریشی لێشاردوومەتەوە و بەدگومانییەکەی خۆم خستۆتە جێگەی شوناسی جەوهەریی ئەوانیتریش. لێرەوە تێدەگەین بۆچی لەساتی ئێستادا لەگەڵ هەموو بانگەشەکردنێکی ناو کایەی سیاسی ئێمە بۆ ئاشتی و تەبایی، کەچی پرۆسەی ئاشتبوونەوە بەردەوام دوادەخرێت و هەمیشە ئەگەری ناکۆکی و گەڕانەوەی توندوتیژی بۆ ناو واقیعی سیاسی وڵاتی ئێمە ئەگەرێکی مومکینە. بەدگومانی ئەو هێزەیە کە شوناسی ڕاستەقینەی خۆمانمان لێدەستێنێتەوە و ڕێگرە لەبەردەم پەیوەندیکردنەوەی ئێمە بە جەوهەری خۆمانەوە و لێرەوە ڕێگریشە لەبەردەم دیموکراتیزەکردنی خود و ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆماندا، چ جای ڕێگرییە لەبەردەم ئاشتبوونەوە و بەدیموکراتیزەکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانیتریشدا..

بەدگومانیی لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا جۆرێکی دیکەی دڵپیسییە: لەپشت ئەم بارودۆخەوە هەردەم سڕینەوەی ئەویتر و شێواندنی حەقیقەتەکەی ئامادەیە، بەجۆرێ ئەویتر هەموو کاراکتەرێك وەردەگرێ تەنیا کاراکتەری خۆی نەبێت. مرۆڤی دڵپیس ئێمەی بەهەموو سیفاتێکەوە قەبووڵە بێجگە لە سیفاتەکانی خودی خۆمان و لێرەشەوە بەردەوام داوامان لێدەکات کەسێکی تر بین لەوەی کەهەین. ئەو داوامان لێدەکات خودی خۆمان بدۆڕێنین و ملکەچی ئەو شوناسە بین کە فەنتازیاکانی ئەو پێمانی دەبەخشێت. لەهەردوو بارودۆخدا، چ بارودۆخی



بەدگومانیی و چ دڵپیسیی، هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێك (comunication) نایەتە دی، چونکە ئاڵوگۆڕکردن، ئاڵوگۆڕە لەنێوان خودە سەربەخۆکاندا. بەهەمان شێوەش هیچ جۆرە دیموکراتیزەبوونێك سەرهەڵنادات، چونکە دیموکراتیەت ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی ئاڵوگۆڕکردن.

**بڕیاری پێشینە:**

بڕیاری پێشینەش هێزێکی دیکەیە کە ئێمە لە خودی خۆمان بەتاڵ دەکاتەوە. چونکە لە پنتێکدا سەقامگیرمان دەکات و ڕاماندەگرێ کە پنتی بەردەوامیی خود نییە. خود بۆئەوەی وەکو خودێکی چالاك بەردەوامبێت، پێویستە بە زەمەنی ئێستاوە گرێدرابێت نەك بە زەمەنی ڕابردووەوە. بڕیاری پێشینە خود دەخاتە زیندانی وەستان لەڕابردوودا، بەڵام لەبەرئەوەی کە بزاڤی زەمەن ڕوو لە داهاتووە، ئەوە چەندە خود لەو زیندانەدا بمێنێتەوە، هێندەش لە زەمەنی ئێستا بزر دەبێت. خودێك کە لە ئێستا بزر بووبێت، خودێتی خۆی بزرکردووە و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش ناتوانێت جەمسەری هیچ جۆرە پەیوەندییەك پێکبهێنێت، چونکە تەنیا ئەو مرۆڤانەی لە ئێستادا خودی خۆیان دەژین، دەتوانن لە پێکهێنانی جەمسەرەکانی ئێستاشدا بە شداریی بکەن. بەم پێیەش بڕیاری پێشینە ئەو هێزە شەڕانگێزەیە کە ناهێڵێت خود ئەزموونی خۆی بکات و بەرلەوەی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا ببێتە جەمسەرێکی دیموکراتی، ڕێگە نادات لە ئاستی خۆیدا دیموکراتیزە ببێت.

دیسانەوە بڕیاری پێشینەش وەکو بەدگومانیی، ناتوانێت ببێتە هۆی هاتنەدی گفتوگۆی ئازاد و ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی. ئەمەش لەبەرئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی گفتوگۆی ئازاد بریتییە لە بەتاڵبوونەوەی خود لەهەموو حوکمێك کە پێش سەرهەڵدانی گفتوگۆکە دراوە و لە زەمینەی گفتوگۆکەدا نابێت دووپات بکرێتەوە. گفتوگۆی ئازاد، واتە خۆخستنە شوێنی یەکتر و لە ڕوانگەی یەکترەوە تەماشاکردن و گوێگرتن بۆ بەڵگەکانی یەکدی بەبێ هیچ حوکمێکی پێشینە کە ڕۆڵی هێزێکی سەرکوتکەر ببینێت. مەترسیی بڕیاری پێشینە بۆسەر خود بریتییە لەوەی کە خود سەرکوت، یان بچووکدەکاتەوە لەناو پانتاییەکانی ڕابردوودا و مافی ئەوەی پێنادات

ببێتە خودێکی ئێستایی. ئەمەش لەکاتێکدا کە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی خود پرۆژەی بەردەوامی ئێستایەکی هەمیشەییە. خود بۆ ئەوەی خودێکی دیموکراتیزەبوو بێت، پێویستە بەردەوام خودێك بێت لە ئێستادا، خودێکی ئازاد و سەرکوتنەکراو، واتە خودێك لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیدا بەبێ ئەوەی (بچووککرابێتەوە) یان (گەورە کرابێت)، یاخود کرابێتە (خودێکی درۆزن).

**وێناکردنی بەرامبەر:**

لەدوای بەدگومانی و بڕیاری پێشینە شەڕانگێزترین هێز لەبەردەم خوددا پرۆسەی وێناکردنی ئەوانیترە وەك دوژمن، یان میکانیزمی بەدوژمنکردنی بەرامبەرە. وێناکردنی بەرامبەر پێبەخشینی کۆی ئەو ڕەمز و خەسڵەتانەیە بە ئەویتر کە ئێمە لە خۆماندا و بۆخۆمان خۆشمان ناوێن، بەڵام بۆ ڕاگرتنی ئاستێك لە ئاستەکانی خۆشەویستی لەبەرامبەر خۆماندا، پێویستە بیانبەخشینە ئەوانیتر. وێناکردنی بەرامبەر لە بنەڕەتدا بونیادێکی خۆویستانە دەبیات بەڕێوە: من هێندە خۆویست و سەرسامبووم بە خۆم، کە دەبێت بەردەوام هەندێ وێنای دوژمن بدەم بە ئەوانیتر تاکو ئەو ئاستی خۆویستی و بەخۆسەرسامبوونە لە بەرامبەر خۆمدا نەدۆڕێنم. ئەویتر وەکئەوەی کە هەیە، هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر من، بۆیە دەبێت (ئەویتر وەکئەوەی کە بۆخۆی هەیە)، بکەم بە (ئەویتر وەکئەوەی کە دەبێت بۆ من هەبێت). وەلێ من ئەویترم ناوێت لەخۆم بچێت و هەڵگری هەمان ئەو خەسڵەتانە بێت کە بوونەتە سەرچاوەی سەرسامبوونی من بە خۆم، چونکە لەو حاڵەتەیا دەشێت ئەویتریش بۆ من ببێتە جێگەی سەرسامی و خۆشەویستی و ببێتە هێزێك من لەخۆم دوور بخاتەوە (وەکئەوەی لە عەشقدا ڕوودەدات). بەڵکو دەبێت من ئەویتر وێنا بکەم بە ڕەنگی هەموو ئەو هێمایانەی کە ئەویتر لە خۆم دوور دەخەنەوە و جەخت لەسەر دانسقەیی خۆم دەکەنەوە و لەئەنجامی ئەوەش ڕەنگی من جیادەبێتەوە لە ڕەنگی ئەوانیتر. لێرەوە وێناکردنی بەرامبەر هەمیشە لەلایەن جۆرێ لە فاشیزمی متبووەوە جڵەو دەکرێت کە هەڵگری پرۆژەی سڕینەوەی تەواوی ئەویترە لە ڕێگەی گەورەکردنی خودەوە. خودی گەورەکراو، خودێکی ناهاوسەنگە و خودێکە دەیەوێت ئەوانیتر



قووتبدات لەڕێگەی بچووککردنەوە و بێنرخکردن و نەبینینیانەوە، نەك خودێك بێت کە بیەوێ لەڕێگەی بینینی قەبارەی ڕاستەقینەی ئەوانیترەوە، قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیشی بۆ ئاشکرا ببێت. بۆیە خودێك کە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بزر کردبێت، ناتوانێت لە فەزایەکی وەك فەزای دیموکراتیەتدا کە خوازیاری ئەوەیە بەشداربووەکان بە قەبارەی یەکسان و ڕاستەقینەی خۆیانەوە ئامادە بن، بەشداریی بکات. خودی گەورەکراو خودێکە ناتوانێت پانتایی شوێنەکان بەپێی جیاوازییەکان دابەشبکات، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی سڕینەوەی جیاوازییەوە خۆی بکاتە جێگرەوەی شوێن، بەجۆرێ کە نەهێڵێ جێگە بۆ ئەوانیتر بمێنێتەوە!

**خودی سۆفی و خودی دیموکراتیزەبوو:**

قسەکردن لەسەر خودێك، کە نابێت بەدگومان بێت، نابێت لەژێر دەسەڵاتی بڕیاری پێشینەدا بێت و نابێت بەرامبەر لە وێنای دوژمندا ببینێت، قسەکردن نیە لەسەر زاهیدێك یان سۆفییەك، ئەگەرچی سیفاتی هاوبەش لە نێوانیاندا زۆرە. بەڵام جیاوازییەکی زۆر گرنگ لەنێوانیاندا هەیە کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی کۆی لێکچوونەکانیان: ئەو هاوسەنگی و خۆ پاککردنەوەیەی سۆفیەکان کاری بۆدەکەن، لەئەنجامی ئەو ترسەوە هاتووە کە ئەوان لە هێزێکی باڵای (بان مرۆیی) هەیانە و گەرەکیانە بەپاکترین شێوە خۆیانی تەسلیم بکەنەوە. لێرەوە سۆفییەکان بەناچاریی دەبێت خۆیان بەدوور بگرن لەهەموو ڕووبەڕووبوونەوە و پەیوەندییەك کە دووریاندەخاتەوە لەم ئامانجە. لەکاتێکدا خودی دیموکراتیزەبوو خۆی لە هێزە شەڕانیەکان خاوێندەکاتەوە بۆئەوەی بتوانێت وەکو خودێکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی مرۆڤەکانی دیکە ببێتەوە. زوهدی خودی دیموکراتیزەبوو، زوهدێك نیە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە دنیا و مرۆڤەکانی ناوی، بەڵکو خۆ ئامادەکرنێکە بۆ ئەوەی بە ئاساییترین شێوە و لە پلەیەکی یەکساندا بگاتەوە بە دنیا و تێکەڵ بە مرۆڤەکانی دیکە ببێتەوە. لێرەشەوە ئاراستەی سۆفی چەندە بەرەو خودا و هێزە بان مرۆییەکانە، ئەوەندەش دوورکەوتنەوەیە لە خود و گەیشتنە بە تەنیایی. لەکاتێکدا ئاراستەی خودی دیموکراتیزەبوو چەندە بەرەو تێکەڵبوونەوەیە بە مرۆڤەکانی دیکە ئەوەندەش

بەدەستهێنانەوەی خود و ڕزگارکردنێتی لەتەنیایی. لە سۆفییەتدا خود هەڵدەوشێت و لەناو سیفاتەکانی خودی باڵادا دەتوێتەوە، لەکاتێکدا خودی دیموکراتیزەبوو خودێکە بەردەوام بەرەو خۆی چڕ دەبێتەوە و پارێزگاری لە تۆکمەیی و تاکێتی خۆی دەکات.

دەشێت باس لە چەند ئاستەنگێکی دیکەش لەبەردەم بەدیموکراتیزەبوونی خوددا بکەین، بەڵام پێموایە ئەم سێ هێزەی پێشتر بەکورتی ئاماژەم پێدان، کۆی ئەو ئاستەنگانە لەخۆ دەگرن کە لە ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، ڕێگرن لەبەردەم خود دا بۆئەوەی خۆی بێت. پرسیاری هەرەگرنگ لێرەدا ئەوە نیە کە چۆن خود خۆی لەم هێزە شەڕانیانە ڕزگار دەکات و دیموکراتیزە دەبێت؟، بەڵکو پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە کە خودێکی نادیموکراتیزەبوو ڕێگری هەرە بنەماییە لەبەردەم بەدیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگا و سیستەمەکانیدا. بێمانایە باس لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و سیاسەت و دامەزراوەکان بکەین، ئەگەر پێشتر خودێکی دیموکراتیزەبوومان ئامادە نەکردبێ. چونکە خودێکی لەمجۆرە گەرانتێکە بۆ مەشرووعیەت بەخشین بەو کۆمەڵگا و سیاسەت و دامەزراوانەی کە بانگەشەی دیموکراتیزەبوونی خۆیان دەکەن. بەمانایەکی دیکە: ئەگەر لەساتێك لەساتە مێژووییەکانی کۆمەڵگایەکدا پێش بانگەوازکردن بۆ بەدیموکراتیزەکردنی خود، بەزۆری بانگەشە کرا بۆ بەدیموکراتیزەکردن و بەمەدەنیکردنی سیستەم و کایەکان و ڕێکخراوەکان (وەکئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەکرێ)، ئەوە بەمانای ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە نەیتوانیوە تاکەکانی و هاوڵاتیەکانی بکاتە خودێکی ڕاستەقینە و دەسەڵاتی زاڵ دەیەوێت بەبازهەڵدان بەسەر ئەم پرۆسەیەدا، لە ئەندام و هاوڵاتیان (خودێکی درۆزن) دروستبکات تاکو بشتوانێت سیستەم و دائیرە و دامەزراوەکانی خۆی پێ بەڕێوە ببات. خەسڵەتی هەرە دیاری خودی درۆزن ترس و ملکەچبوونیەتی، ئەمە جگەلەوەی ناشتوانێت جەستەی خۆی بکاتە بەرجەستەکەری خودی خۆی، بەڵکو خودی خۆی لە جەستەی فڕێدەداتە دەرێ بۆ ئەوەی ببێتە جەستەیەکی ڕامکراو.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا تارماییەك بەناوی دیموکراتیزەبوونەوە باڵی کێشاوە: سیاسی و ڕۆشنبیران و کاسبکار و پیشەیی و پسپۆڕەکان و ڕاگەیاندنەکان، هەموویان



وێڕای ناکۆکیەکانیان لەسەر شتە هەرە ئاساییەکان، لە شتێکی هەرە گرنگ و ئالۆزدا تەبا و کۆکن، کە بریتییە لە ئیدیاعەکردن بۆ دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای ئێمە وەك ڕێگاچارەیەك بۆ دەربازبوون لە قەیرانە سیاسی و ئەخلاقیەکانمان. ئیدیاعەکردن بۆ بەدیمواکراتیزەکردنی کۆمەڵ و کایەی سیاسی وەك پانتاییەکی چەند جەمسەری، شاردنەوەی دیمواکراتیزەبوونی خودە وەك یەکەیەکی تاکجەمسەر و دابەشنەبوو. هەربۆیەشە هیچ کاتێك هێندەی ئێستا خودی ئینسانی ئێمە لەبەردەم هەڕەشەدا نەبووە، چونکە هیچ کاتێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێندەی ئێستا لەسەر حسابی مافەکانی خود و کەرامەتی خود، ئیدیعایە بۆ دیموکراسیەتی کۆمەڵگا و کایەی سیاسی نەکراوە. خود هەرتەنیا لەڕێگەی دیسیپلینکردن و زیندانیکردن و سزادانەوە لە کەسەکان و هاوڵاتیان و ئەندامانی کۆمەڵ ناسەنرێتەوە و جەستەیان لە جەوهەری خودێتی بەتاڵ ناکرێتەوە، بەڵکو دەکرێت لەڕێگەی بێدەنگبوونیشەوە لە خود، لەڕێگەی بڕەودان بە بەدگومانی و بڕیاری پێشینە و بەدوژمنکردنی بەرامبەر، کەسەکان بکرێنە کەسی بەتاڵ و ئەو قەدەرە هەڵوەشێنرێتەوە کە (کیاکەگۆرد)ی فەیلەسووف دەیگوت: مرۆڤەکان دەکاتە خاوەنی خودی خۆیان.

شۆڕشگێڕترین و مەدەنیترین کەسەکان ئەوانەن کە لەپێش بانگەشەکردنەوە بۆ بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو بەمەدەنیکردنی دامەزراوەکان، دەیانەوێت بەرەو قەدەری خۆیان هەنگاو بنێن و خودی خۆیان دیموکراتیزە بکەن.

**٢٠٠١/٢/٢ هەولێر**

(*) بۆ یەکەمجار لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە: ١١ی ١٠٠٢/٢/٨ دا بڵاوکراوەتەوە و پاشانیش لە گۆڤاری ڕەهەند دا چاپکراوەتەوە.

## خودی دەنگدەر، خودی دەنگ بۆدراو..(*)

**هەموو** هەڵبژاردنێك تاقیکردنەوەی خودی مرۆڤە لەبەردەم ئیرادەی خۆیدا، چونکە لە هەموو ڕەفتارێکدا کە مرۆڤ بە خواستی خۆی ئەنجامی دەدات و بەدووره لە دەسەڵاتێکی دەرەکی، ئیرادە ئەو هێزەیە کە مانا دەبەخشێتەوە بە خود. منداڵێك کاتێ لەناو ژمارەیەکی زۆری ئەسپاپی یارییەکاندا دانەیەکیان هەڵدەبژێرێ و ورکی بۆ دەگرێ، خودی خۆی تاقیدەکاتەوە و هەر شێر و ڕێوییەکی بۆ بهێنرێتەوە سوودێکی نابێت بۆ گۆڕینی ئەو بڕیارە، تەنیا مەگەر دەسەڵاتێکی دەرەکی بەسەردا بسەپێنرێت و هەڕەشەی لێبکرێت و حاڵیی بکرێت، کە ناتوانرێت و لەتوانادا نیە ئەو یارییەی بۆ بکردرێت. لەو هەڵبژاردنەشدا کە هێزێکی دەرەکی (بەهەر بیانوویەکەوە بێت)، دەخرێتە گەڕ و هەڕەشە نەنووسراوەکانیش خۆیان مەڵاسدابێت، مانایەك بۆ پرۆسەی (هەڵبژاردن) نامێنێتەوە و دەنگدەرەکان دەبنە ئەو لەیستۆکانەی کە دەستێکی نادیار سەمایان پێدەکات.

هەڵبژاردن بۆیە تاقیکردنەوەی خودی مرۆڤە لە بەردەم ئیرادەی خۆیدا، چونکە ئیرادە تەنیا لە فەزایەکی (ئازاد و سەربەست)دا مل بۆ تاقیکردنەوە دەدات. هەڵبژاردن پێش هەموو شتێك واتە: گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ خودی تاکەکەس و ئازادکردنی لە بڕیارێکدا، کە دەبێت بە پێویست بڕیاری (تاکەکەسێکی خاوەن خود) بێت.

گرنگیی هەڵبژاردن لەوڵاتی ئێمەدا و لەئاستە ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەیدا، هەر لەوەدا نییە کە بۆ دنیای ئاشکرا بکەین: ئێمە چ میللەتێکی (دیموکراسین) و چەندەش بۆ (مەدەنیەت و شارستانیەت) سووتاوین، چونکە واقیعی ئێمە هەتا ئێستاش پڕە لەو دیاردانەی کە چەندە یارمەتیمان دەدەن بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگاکەمان وەك (کۆمەڵگایەکی مەدەنی)، ئەوەندەش ئەم واقیعە پڕە لەو دیاردانەی کە دەیسەلمێنن هێشتاش لێرە (بەربەریەت) ئامادەیە.



گرنگیی هەڵبژاردن لەو ئیعتیرافە شاراوەیەدایە، کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، بە تاکەکەس و بە ئیرادەی تاکەکەس و بە دەسەڵاتی خودی تاکەکەس دەکرێت. دیارە ئەمەش پێچەوانەی ئەو پرۆسە ئایدیۆلۆژییەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا تاکەکەس ڕاپێچدەکاتەوە ناو گرووپ و گرووپ دەکاتە سەنتەر و حیزب دەکاتە سەروەر بەسەر کۆمەڵگاوە و کۆمەڵگاش لە ژیانێکی شارستانی بێبەش دەکات. چونکە لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕۆڵی تاکەکەس گرنگیی پێنەدرێت و خودێتی ئینسانەکان لە دەسەڵات بخرێت، ئیدی دەسەڵاتی گرووپ باڵا دەست دەبێت و ئیدی زەمینەی ژیانێکی شارستانیش دەکەوێتە مەترسییەوە. بەمانایەکی تر، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کە ئەخلاقی گرووپ زاڵدەکرێت، زەمینەی چەوساندنەوەی (خود)یش چێدەکرێت و ئیتر بێمانایە باس لە مەدەنیبوونی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت، چونکە مەدەنیەت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە تاکەکانەوە دروستدەبێت.
لێگەڕێن با هەڵبژاردن لە ناو تۆڕی ململانێ سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی هێزەکان بهێنینە دەرێ و وەك فەزایەك تەماشای بکەین کە خودی مرۆڤ تیایدا ئیرادەی خۆی تاقیدەکاتەوە. هەڵبژاردن لەو شوێنەوە بۆ من گرنگە، کە تاکەکەس بەتاقی تەنیا دەچێتە بەردەم سندووقی دەنگدان و لەناو ئەو لیستەدا کە پێشتر ئامادەکراوە، دەنگ بۆ کەسانێك دەدات، یان هەر نایدات، کە قەرارە خەونەکانی ئەم وەك هاووڵاتییەك بهێننە دی.

ساتەوەختی دەنگدان و چوونە ئەو دیو پەردەی سندووقەکانی دەنگدانەوە، ساتەوەختێکی دەگمەنە لە ژیانی نەتەوەی ئێمەدا، چونکە لەو ساتەوەختەدا، (تاکەکەس)ی ئێمە ئازادە لەوەی ئیرادەی خۆی بخاتە کار و سوود لەو ئازادییە وەربگرێت کە زەمەنی هەڵبژاردن ڕەخساندویێتی. هەروەها ئازادیشە لە تەسلیمکردنەوەی لیستەکان بەبێ دەستنیشانکردنی هیچ ناوێك و هیچ نوێنەرێك. لێرەوە گرنگیی هەڵبژاردن لەوەدا نییە کە ئێمە فرسەتێکمان بۆ ڕەخساوە تاکو تیایدا سزای کەسانێك بدەین بەوەی کە هەڵیان نەبژێرینەوە و لە کاریان بخەین، یاخود شەرەفی هەڵبژاردن بدەینە کەسانێکی دیکە، بەڵکو گرنگیی هەڵبژاردن لەوێوەیە، کە

ئێمە وەك خودێکی خاوەن ئیرادە، کەسایەتی و مافی خۆمان وەك هاوولاتییەك بە هەند دەگرین و دیارە دەبێت بەرگەی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەش بگرین.

دەمەوێت بڵێم: دەروەستی و بەرپرسیارێتی هەڵبژاردن هەر تەنیا لەوەدا نیە، کە لەلایەن دەنگدەرەکانەوە دەستنیشانی کەسانێك دەکرێت بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کاروبار کە پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە. بەڵکو دەروەستی و بەرپرسیارێتی ساتەوەختی هەڵبژاردن لەوەشدایە کە ئێمەی دەنگدەر، چەندە خودی خۆمان و ئیرادەی تاکەکەسیی خۆمان دەکەینە (پێوەر) بۆ باشترکردن و دابینکردنی ژیانی داهاتووی کۆمەڵگا. کاتێك لە درووشمەکانی هەڵبژاردندا دەنووسرێت: (دەنگدان ئەرکێکی نیشتیمانیە)، یان: (دەنگدان کردارێکی مەدەنیانەیە)، ئەوە دەبێت ئەم درووشمە (کە دەشێت چاوبەستێك بێت هێزێکی دیاریکراو بۆ شاردنەوەی خواستێکی خۆی دایهێنابێت)، هەڵبگێڕینەوە بۆ کردارێك کە تیایدا ئیرادەی خۆشەویستیمان بۆ نیشتیمان و ژیانێکی مەدەنیانە ئاشکرا ببێت. من چۆن بتوانم خۆشەویستی خۆم بۆ نیشتیمان و ژیانێکی بەهادارانەی شارستانی دەرببڕم؟ بێگومان بەوەی کە دەنگی خودی خۆم بە فیڕۆ نەدەم و بەو پەڕی جیدییەتەوە بیدەمە ئەو کەسەی کە پێموایە خاوەنی (خودێکی ڕاستەقینەیە) و دەکرێ ببێتە نوێنەری من. لێرەشەوە هەڵبژاردن بریتییە لە (گەڕان بەدوای ئەو کەسانەدا کە خودێتی خۆیان بەرز ڕاگرتووە) و یادوەری ئێمەیان پڕ کردووە لە ئەمەگداری و هەروەها خۆشەویستیی خۆیان بۆ نیشتیمان و ژیاندۆستی سەلماندووە و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە وەفای ئەو ئەمەگدارییەیان بدەینەوە. تەنیا بەم پێوەرە و لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانین ئەو چاوبەستانە بەتاڵ بکەینەوە کە هێزەکان لە ململانێی نێوان خۆیاندا لەسەر دەنگەکانی ئێمە دروستیان دەکەن و لە پڕ کەسانێکمان وەك (پاڵێوراو) پێدەناسێنن، کە ئێمە پێوەرێکمان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیرادە و خودێتی و کەسایەتییان. ئەگەر داواشمان لێبکرێت کە دەبێت پێوانەی هێزەکان بۆ ئەو کەسانە، ببێتە قیاسێك بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتییان لەلایەن ئێمەشەوە، ئیدی شتێك نامێنێت بەناوی (هەڵبژاردنی ئازاد)، چونکە لەو کاتەدا کە ئێمە بە پێوانەی لایەنێکی دیکە قیاس دەکەین، ئەوە زوولم لە ئیرادەی خۆمان دەکەین و ملکەچی ژێر دەسەڵاتێکی دەرەکیی دەکەین.



هەڵبژاردن بۆیە ئازادە و ئازادییش بۆیە جوانە، کە معیاری دەنگبەخشین بەپاڵێوراوێك لە خودێتی خۆمانەوە هاتبێت نەك لە شوێنێکی دیکەوە فەرز کرابێت. بۆیە دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم: ئەوەی هەڵبژاردن دەکاتە (ئەرکێکی نیشتیمانی) خۆشەویستی نییە بۆ حیزب و گرووپ، یان بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، بەڵکو خۆشەویستییە بۆ نیشتیمان خۆی و هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی لە ئاست ژیانێکی هاوبەشدا. ئالێرەوەیە کە هەڵبژاردن تاقیکردنەوەی خودە بۆ ئیرادەی خۆی، چونکە خود لە کاتی هەڵبژاردندا چەندە تەنیایە و ئازادە، لەهەمان کاتیشدا دەنگدانەکەی دەبێتە ئەو پردە هاوبەشەی کە لە نێوان خۆی و کۆمەڵگادا دروستیدەکات، واتە لە نێوان خۆی وەك تاکەکەسێك، کە بەهۆی دەنگدانەکەیەوە سەربەخۆیی تاکەکەسیانەی خۆی بەدەست دەهێنێت و لە هەمان کاتیشدا ئەم سەربەخۆییە دەخاتە خزمەت کەشێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و ئینسانییەوە. چونکە ئەگەر ئێمە هەریەکەمان بمانتوانیبا و بمانویستبا بە تەنیا بمێنینەوە و فەرمانڕەوایی کۆمەڵگاکەمان بکەین، ئیدی پێویستیی بە دەنگدان و هەڵبژاردن نەدەکرد.

لەولای ترەوە: ئەگەر بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەرپرسیارکردنی خودی خۆمان بێت لە ئاست دەستنیشانکردنی داهاتووی کۆمەڵگاکەماندا، ئەوە بەشە گرنگەکەی دیکەی بریتیە لە بەرپرسیارکردنی ئەو کەسانەی کە ئێمە هەڵیاندەبژێرین، دوای ئەوەی بەپێی پێوەرەکانی خۆمان کەسایەتیانمان هەڵسەنگاندووە. لەڕاستیدا ئێمە کاتێك کەسێك هەڵدەبژێرین، ئەوە ئەم هەڵبژاردنە هەر تەنیا کردەیەکی میکانیکیانە نیە، بەڵکو هاوشانیشە بە پێبەخشینی یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی خودێتی خۆمان کە (دەنگ)مانە. من کاتێك تۆ هەڵدەبژێرم، ئەوە دەنگی خۆشمت لە پێناوی ئەنجامدانی ئەو کارەدا کە بۆی هەڵبژێردراویت، پێدەبەخشم. دەنگی من لەم حاڵەتەدا شتێکی ماتەریالی و بەرجەستە نییە کە تۆ لەناو پاکەتێکدا لە دەستەکانمی وەربگریت، بەڵکو دەنگی من (متمانە)ی منە بەتۆ لەگەیاندنی خواستەکانمدا وەك ئەوەی خۆم دەربڕیان بم. من کاتێك دەنگی خۆم بەتۆ دەبەخشم، ئەوە مانای وایە خۆم دەکشێمەوە لەو مافە ئینسانییەی کە هەمە بۆ دەنگهەڵبڕین لە

هەموو ساتێكدا كە نارازیم و متمانەت پێدەكەم تا تۆ لە جیاتی من دەنگ هەڵبڕیت وەكئەوەی من بۆخۆم دەنگم هەڵبڕی بێت. متمانەی من بەتۆ لەوێوە هاتووە، كە تۆ بەڕاستی دەتەوێت خزمەتی ئەو كەشە هاوبەشە بكەیت كە خۆتت بۆ پاڵاوتووە و منت هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی كە دەبێت دەنگی خۆمت پێببەخشم.

بەڵام ئەگەر من بزانم تۆ خۆشەویستیت بۆ هێزێكی تایبەت و ئایدیۆلۆژیایەكی تایبەت و حیزبێكی دیاریكراو خستۆتە پێش خۆشەویستیتەوە بۆ نیشتیمانێكی هاوبەش و ژیانێكی مەدەنیانە، ئەوە دەتوانم بە ئاسانیی دەنگی خۆمت لێبستێنمەوە. ئەمەش بەمانای ئەوە نیە كە ئیدی من توانام هەیە ئەو پلەو پایەیەت لێبستێنمەوە كە لەئەنجامی هەڵبژاردنەكەوە بە تۆ بەخشراوە و بە هۆی چاوبەستەكانی حیزبەوە پێیان گەیشتویت، بەڵكو بەمانای ئەوەیە من تەنیا (متمانە)ی خۆمت لێدەستێنمەوە. دەشێت حیزب یان ئایدیۆلۆژیا لە بەدەستهێنانی دەنگی مندا و لە پرۆسەیەكی هەڵبژاردندا یارمەتیت بدات، بەڵام ناتوانێت لە هێشتنەوەی متمانەی من بە تۆ هیچ یارمەتییەكت بدات. چونكە متمانەی من لە ئەنجامی بەردەوامیی تۆوە لەسەر جێبەجێكردنی ئەو كارانە دروستدەبێت، كە دەبوو بیانكەیت و پەیمانت دابوو جێبەجێیان بكەیت و بۆیان هەڵبژێردراویت.. ئەگەر نەتتوانی پەیمانەكانت ببەیتە سەر، من چاوەڕێی هیچ مەحشەرێ ناكەم و تەنیا بەوەی كە متمانەی خۆمت لێبستێنمەوە هەموو ساتێكت لێدەبێتە ڕۆژی حەشر. چ لەوە ناخۆشترە مرۆڤ بەناوی ئەنجامدانی كۆمەڵێ وادە و پەیمانەوە پلەو پایەیەكی دەستكەوێت و كەچی هەستی ئەوەی لەلا دروستببێت، كە ئەو شایانی ئەو پلەوپایەیە نییە و وادەكانی تەنیا چاوبەستێك بوون بۆ گەیشتن بە مەبەستێكی تایبەت و كەسیش متمانەی پێی نەماوە؟ شاردنەوەی ئەم هەستە لە ناخی مرۆڤدا وزەیەكی زۆری دەوێت و هەر ئەو وزەیەش بەسە بۆ داڕزاندنی ئەو مرۆڤەی كە بەردەوام هەستدەكات (خۆی هەڵبژارد و كەچی متمانەی لەدەستدا)!.

بۆیە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە هەڵبژاردنێكە بتوانێت هەم دەنگدەر و هەم دەنگپێدراو لەئاست خودێتی خۆیاندا بەر پرسیار بكات و ئیرادەیان بخاتە بەردەم تاقیكردنەوە. جوانترین پەیوەندیی نێوانیشیان كاتێك دروستدەبێت كە خۆیان لە گەمەكانی



ئایدیۆلۆژیا بەدوور بگرن و خۆیان بەیەكتر ببەخشن وەكئەوەی ساڵەهایە بۆ یەكتری دەگەڕێن تاكو یەكتری بەرپرسیار بكەن لە ئاست ژیانێكی هاوبەش و نیشتیمانێكدا كە دەبێت ببێتە نیشتیمانی كەسانێك كە ئامادەبوون لە پێناویدا بەخشندە بن.

هەڵبژاردن لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێمەدا پرۆسەیەكی گرنگە، چونكە گێڕانەوەی ئیعتیبارە بۆ سەربەخۆیی تاكەكەس، ئەمەش لە كۆمەڵگایەكدا كە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە، خودێتی مرۆڤ بەردەوام لەلایەن یاساكانی گرووپەوە سنووردار دەكرێت و داوای ئینتیمای لێدەكرێت و لە بەهای دەهێنرێتە خوارەوە. ڕەنگە جوانترین جۆری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم واقیعەدا تاقیكردنەوەی خودی خۆمان بێت لەبەردەم ئیرادەی خۆیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەو كەسانەی خۆشماندەوێن و وەلادانی ئەو كەسانەی نەیانتوانیوە خۆشەویستیی ئێمە بەلای خۆیاندا ڕابكێشن. چونكە هەڵبژاردن هەمیشە هەڵبژاردنە لە نێوان دوو جەمسەردا: لەو كاتەدا كە شتێك هەڵدەبژێرین، چەندین شتی دیكە هەڵنابژێرین و بۆمان گرنگ نین. هەروەك ئەو منداڵەی لە نێوان چەندین لەیستۆكدا دانەیەكیان هەڵدەبژێرێت كە زۆر بەلایەوە گرنگە و تەنیا ئەوەیان دڵخۆشی دەكا، پێویستە ئێمەش بە ڕۆحێكی منداڵانەوە، ئەو كەسە هەڵبژێرین كە جێگەی ئومێدە و دەكرێت سوودبەخش بێت بۆ كۆمەڵگا و شارەكەمان و نائومێدمان نەكات لە ئاست ئەوەی كە ئێمە (دەنگ)ی خۆمانمان پێبەخشی. چونكە ئەگەر نائومێدمان بكات دەتوانین (متمانە)ی خۆمانی لێبستێنینەوە و كارێ بكەین ئەو لەسەر كورسیی پلەو پایەكەشی، هەست بە بەتاڵی و تەنیایی و بێدەسەڵاتی بكات!

**٢٠٠١/٥/١٩ هەولێر**

(*) لە بڵاوكراوەی (ڕێگا) پێنج شەممە ٢٤/ئایاری ٢٠٠١دا بڵاوكراوەتەوە.

## بەدوژمنکردنی بەرامبەر و فاشیزمی متبوو(*)

(١)

**سەپاندنی** هەموو تواناو خەسڵەتێکی خراپ و بەربەریانە بەسەر میللەتان، ڕەگەز و تەنانەت تاکە کەسەکانیشدا، کە سەر بە ئایینێك و چینێکی کۆمەڵایەتی دیکەن، پێش هەموو شتێك لە پێویستییەکی بنەمایی دەروونی تاکەمرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ. ئەمە هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر و لەپێناوی ئەوەدایە مرۆڤ بتوانێ وەڵامێ بۆ پرسیارێکی گرنگ بدۆزێتەوە: من کێم؟

هەموو مرۆڤێ لە ژیانی خۆیدا هەڵدەستێ بە دروستکردنی هەندێ وێنا(تصور)ی سادەی حازربەدەست لەسەر دنیای دەوروبەری خۆی و مرۆڤەکانی ناوی، هەم بەوجۆرەی کە هەن و هەم بەوجۆرەش کە دەبوو هەبن، یاخود کە خۆی حەزی پێدەکات، مەرجیش نییە ئەو وێنایانە هەمیشە لەسەر دەوروبەرێك و مرۆڤگەلێکی دوور لەخۆمانەوە بن و بێگانە بن بە کۆمەڵگای خۆمان: ژیانی منداڵیی زۆربەمان پڕە لەو دڵشکانانەی باوك و دایکمان و ئەندامانی دیکەی خێزان بەهۆی ڕەتکردنەوەی داخوازییە سادەکانمانەوە بەسەریاندا سەپاندووین و ئێمەش لەئەنجامی ئەوەوە کاراکتەری ئەوانمان چواندووە بەهەموو ئەو سیما ناحەزانەی لەناو ئەفسانە و حەکایەتەکاندا پێیان ئاشنا بووین! کەم کەس هەیە ڕۆژگارێ لە ژیانی قوتابێتی خۆیدا هەستی نەکردبێ بەوەی مامۆستاکەی (غەدر)ی لێکردووە و (نمرەی پێویست)ی نەداوەتێ و ئیدی ئەمە بووبێتە سەرەتا بۆ ئەوەی کاراکتەری مامۆستا لە شێوەی (غەددار)ێکدا بەرجەستە بکا. کەم کرێکار و کارمەندی دایەرەکانی ئەم دنیایە هەیە کە وێنایەکی ناحەزی لەسەر کارفرما و بەڕێوەبەرەکەی خۆی ساز نەدابێ. هەروەها هەمووشمان باش دەزانین ئەو سیاسیەی ڕۆژگارێ بارانی چەپڵەلێدان بەسەریا دەباری، لە ڕۆژگارێکی دیکەدا کە ئیدی ئەو لەبیری چۆتەوە چ پەیمانێکی پێدابووین، چەپڵەکان دەبنە مشتی پڕ لە تووڕەیی و ئەو سیمایە دەشکێنن کە ببووە سیمای شوێن



ڕەزامەندیی هەموان.. ڕەنگە لەژیانی عاشقیشدا هەمان میکانیزمی بەدووژمنکردنی بەرامبەر دووبارە ببێتەوە، بەتایبەتی کاتێ ئەوکەسەی تا دوێنێ شایانی ئەوە بوو خۆمانی بۆ بدەین بەکوشت، ئەمڕۆ دەبێتە (بێوەفا) و (پەیمان شکێن)!

لەپشت ئەم پێویستییە دەروونییەوە خواستێکی داگیرنەکراوی مرۆڤ هەیە بۆ ڕێکخستنی دنیا و دانانی شتەکان لەشوێنی خۆیاندا. چونکە ئەگەر بڕیار وایە ڕووداوەکانی ژیان لە شێوەی شەپۆلێ ئاڵۆزدا سەرهەڵنەدەن، پێویستە مرۆڤ هەندێ وێنەی لەبارەی (چاکە) و (خراپە)، (ڕاست) و (هەڵە) و شوێنی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی لە دنیادا، هەبێت.

(٢)

پێناسەکردنی شوێنی خۆمان لە دنیاداو لێرەشەوە پێناسەکردنی ناسنامەی خۆمان، هەم وەکو تاکە کەس و هەم وەکو ئەندامی گرووپێکی گەورەتر (بۆ نمونە: شارێك، کۆمەڵگایەك یاخود نەتەوەیەك و هتد.) لەڕێگەی وێنا دژەکانەوە، هەمیشە شێوەیەکی هەمەپەسەند بووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری: ئێمە کێین؟ بێگومان (ئێمە) وەك (ئەوان) نین: ئێمە شارستانین و ئەوان (خۆ نەشۆر)، (خوێنتاڵ)، (کافر)، (قوولەڕەش)، (پێپان)، (تووڕە و ڕقاوی)، خاوەنی نەریتی سەرسووڕهێن و بەزمانێکی ناحاڵییش قسان دەکەن، کورت و موختەسەر: ئەوان بەربەرین. بەمجۆرە هەرکاتێ بمانەوێ ڕوونیبکەینەوە ئێمە کێین و چین؟، ئەوە بەشێوەیەکی خۆبەخۆیش دەکەوینە سازدانی هەندێ وێنەی سادە لەسەر ئەوەی (ئەوانیتر کێن و چین؟)!. ئەوانیتریش نەك هەرجیاوازن بەڵکو زۆربەی کات و هەمیشە مرۆڤگەلێکی لە ئێمە (خراپتر)، (تەمبەڵتر) و (ناشارستانیتر). بەکورتی ئەوانیتر هەرگیز ناتوانن لەسەر وەسفەکانی ئێمەوە بۆیان و لەسەریان، خۆیان بناسنەوە و ڕێك ئالێرەشدا دەردەکەوێ کە وەسفەکانی ئێمە هەرچییەك بن و لەسەر هەر بەڵگەیەکەوە دامەزرابن تەنیا وەکو (وێنا)ی ئێمە بۆ ئەوان دەمێننەوە نەك حەقیقەتی ئەوانیتر. بەڕاستییش بۆ تێگەیشتن لەئەوانیتر بەلای کەمەوە دەبێت (ببینە ئەوان) و ئەمەش مەحاڵە ئەگەر زانیمان

بوونی ئێمە پێش هەموو شتێ بوونێکی تاکەکەسانەیە و ئەگەر لەسەر ئەوەش ڕێکەوتین کە تێگەیشتنی تاکەکەسیش لە خودی خۆی پرۆسەی ژیانێکی دوورودرێژە.

(٣)

وێناسازی لەسەر ئەوانیتر، کە من لێرەدا بە (وێنای دوژمن)، یاخود (بەدوژمنکردنی بەرامبەر) ناوی دەبەم، لەلایەکەوە دیمەنێکی ڕوونمان لەسەر ئەو حوکمە نەرمە پێشوەختانە دەداتێ کە لە دەربڕینەکانی وەکو: خەڵکی فلان شوێن ساردن، خەڵکی فیسار شوێن میزاجین، فلان ڕەگەز توندوتیژن و تیپی تۆپی پێی وڵاتانی ئەفریقا لەکاتی یاریکردندا زەبروزەنگاوین، دەردەکەون. لەسەرێکی تریشەوە ئەم وێناسازییە ئەو توانای ڕەتکردنەوە و دوژمنکاریە دەردەخات کە ئێمە لە ئاست ئەوانیتردا دەیخەینە کار: (بەخوا گوندیت!) (بەرازی ڕەش)، (موحەممەدی)، (عەرەبی پێپەتی)، (کوردی دۆ نەدیو) (شارەزووری) و هتد. لە بارودۆخی یەکەمدا ئێمە ئەو کەسانە دەناسینەوە کە زۆر لەخۆمان دەچن و دەتوانین بڵێین لێمانەوە نزیکن و هاوڕێمانن، بەڵام لە بارودۆخی دووەمدا هەموو ئەو شتانە دەدەینە پاڵ ئەوانیتر، کە خۆمانیان لێبەدوور دەگرین و نامانەوێ لەسەرمان حساب بن.

خاڵی گرنگ ئەوە نییە کە وێنای ئێمە بۆ دوژمن و بەدوژمنکردنی بەرامبەر کارێکی ڕاستە یان هەڵە. دوژمنە ڕاستەقینەکانمان ئەوانەن کە ئێمە بە پێچەوانەی خۆمان و دژی خۆمان دەیانبینین و لێیان تێدەگەین، کە تەنیا بوونیان بەسە وەك هەڕەشەیەك و دواجاریش وەك ڕەخنەیەك لەسەر نەرێت و نۆرمەکانی خۆمان، لەسەر چۆنێتی ئیشکردنی ئێمە بۆ ڕێکخستنەوەی جیهان و جیهانبینیمان حسابیان بۆ بکرێت.

هەر لەبەرئەوەی دوژمن دژی ئێمە و پێچەوانەی ئێمەیە، هەڵگری خەسڵەتێکی سەرنجڕاکێشیشە!. ئەم خەسڵەتە ڕەهەندی ئەودیوی هەموو وێنایەکی دوژمنە و تارادەیەك ئەوەش دەسەلمێنێ کە بۆچی ئێمە لە ڕەسمکردنی ژیانی جنسی (ئەوانیتر)دا زۆرجار پەنا بۆ دیمەنی تۆقێنەر و گرۆتێسکی دەبەین. (بۆنمونە ئەو دیمەنەی مسوڵمان لەسەر ئافرەتی غەرب هەیەتی، یاخود ئەو دیمەنەی لە خۆرئاوا لەسەر تەماعەکانی



پیاوی (مسوڵمان) هەیە). بەپێی ئەم دیمەنانە، هەموو ئەوەی لای ئێمە یاساخە، لای ئەوان موباحە، هەربۆیەشە باسکردن و وەسفکردنی ژیانی جنسیی ئەوانیتر، هەمیشە وەکو سەرقاپێك وایە لەسەر هەموو ئەو فەنتازیا و خەونە یاساخانەی کە لەلای خۆمان و لەناو کۆمەڵگای خۆماندا بواری نەفەسدانیان بۆ نارەخسێ. بۆئەوەی ئەو سەرقاپە لە فشاری کولانێدا نەتەقێ، پێویستە باسی ئەوانیتر بکەین و لەو ڕێگەیەشەوە کەمێ لە زەختەکانی سەرخۆمان بهێنینە خوارەوە. بەوەی کە فەنتازیاکانی خۆمان بدەینە پاڵ ئەوانیتر، هەمیشە دەتوانین لاپێچێ لە سانسۆری دەسەڵاتدارەکانی لای خۆمان بدەین و نەهێڵین لەگەڵ نۆرمە سەپاوەکاندا بکەوینە ململانێوە. بە درێژایی مێژووی ئەو ئەدەبەی خۆرئاوا لەسەر دنیای ئیسلام بەرهەمیهێناوە و تیایدا چەند ڕستەیەکی کلێشەیی دووبارە دەبێتەوە، بۆ نمونە مەسەلەی (چەوساندنەوەی ئافرەت)، فەنتازیایەکی گەرمی فزوولیانەش هاتۆتە بەرهەم کە ئاخۆ ئەبێت لەناو چواردیواری (حەرەم)دا چی ڕوویدات! بەهەمان شێوە، نیگارەکانی مەسیحیەتی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر دۆزەخ و هەروەها فیلمەکانی جیهانی ئیسلام لەسەر شەڕی (مسوڵمانان و کافرەکان)، کە هەمیشە یەکەمیان بەبەرگی سپییەوە و دووەمیان ڕەشپۆش و دزێو دەردەکەون، هێندەی ئەوەی سەرچاوەیەکی باشن لەبارەی نەستی هونەرمەندانی مەسیحی و فیلمسازانی مسوڵمان و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارەوە، هێندە سەرچاوەی باش نین لە مەڕ چۆنێتی ڕوودای ناو ئەو بەرهەمانە بەو جۆرەی لەپێشزەمینە مێژوویەکەیاندا ڕوویانداوە، یاخود بەو جۆرەی ڕوودەدەن. زنجیرەی ئەو فیلمانەی کەمپانیای هۆلیوود لەمەڕ داستانەکانی کتێبی پیرۆزەوە بەرهەمی هێناون، بێگومان باسی سەرکەوتنی ئایینی مەسیحیەت دەکەن، بەڵام هۆی ئەوەی کە ئەو فیلمانە دەستەیەکی زۆریان لە بینەران لە خۆیان کۆدەکردەوە و دەیکەنەوە، بریتیە لە ئیشتیاق و چاوەڕوانیی ئەو بینەرانە بۆ دیتنی وردەکارییەکانی شەهوەترانیی نیرۆن و کالیگۆلا. ئەوەی لەم فیلمانەدا ئاشکرا دەبێت، ڕاستییەکی مێژوویی نییە کە سینەما پیشانیدەداتەوە، بەڵکو زیاتر بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە وێنایەیە لەسەر (ئەوانیتر) کە لەهەمان کاتدا ببێتە وێنای بینەر لەسەر خۆیشی.

(٤)

لەگەڵ ئەوەشدا ناشێت دروستکردنی وێنای دوژمن و سازدانی حوکمی پێشینەیی بەتەنیا بچووکبکەینەوە بۆسەر ئاستی چۆنێتی ئیشکردنی سایکۆلۆژیای تاکەکان. بێگومان بیرکردنەوەی ڕەش و سپی یەکێکە لە پێویستییە قووڵەکانی ناوەوەی مرۆڤ، بەڵام ئەم پێویستییە لەڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە هێندەی تر بەهێز دەکرێت و بەدرێژایی مێژوویش توانای سیاسی، ئابووری و دینی ئەوتۆ هەبوون کە هەوڵیانداوە ئەو وێنە و حوکمە پێشینانە بەهێز بکەن و لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بهێنن.

لە چاخە دێرینەکان و سەدەکانی ناوەڕاستدا ئیمکانی دەستبەسەراگرتن یان مانۆپۆلێزەکردنی مەرکەزیی کەمبوون و بواری کاریگەریبەخشینە سەر خەڵکیشیان لە دانیشتوانی ناوچەیەکی بچووك تێنەدەپەڕی. بەڵام بەدۆزینەوەی هونەری چاپ و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەدەی پازدەیەمەوە، هۆیەکانی دەستبەسەراگرتن و کۆنترۆڵ لەلایەن کاربەدەستانەوە، مەحکەم و چالاك کران تا بتوانن لەکاتی پێویستیی کاریگەریکردنە سەر جەماوەری سادەدا بەکاریان بهێنن: سووتاندنی جادووگەران، ڕەدوونانی یەهودیەکان، چەوساندنەوەی ئافرەتان، بەژێرپێوەکردنی مافی نەتەوەیی و ڕەگەزیی کەمەنەتەوەییەکان و بەرهەمهێنانی وێنەی خۆرئاوا بۆ جیهانی سێهەم و میتۆدی (خۆرهەڵاتناسی) لەو نمونانەن. هەمان شێواز بۆ دروستکردنی وێنەی بەرامبەر بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و شەڕە بەردەوامەکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی بیستەم بەڵگەی زیندووی ئەمەن. حیزبی کوردییش لەمیانەی شەڕی ناوخۆیی و لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنییەوە لەمەدا درێغی نەکردووە. دواجار ئەو سنوورانەی لە زمان و فەنتازیادا بەرهەم دەهێنرێن دەشبنە سنووری ناو واقیع.. لەهەر وڵاتێ کێشەی (ناوخۆیی) هەبێت، ئەوە نارەزایی لەشێوەی ڕقێکی توونڕەوانە لەبەرامبەر دوژمنێکی کەم تا زۆر ڕاستەقینە و داتاشراوی (دەرەوە) دا ئاراستە دەکرێت، ئەگەرچی ئەو (دەرەوە)یە بۆی هەیە ماڵەکەی دراوسێمان، گوندەکەی نزیك شار و شارێکی دیکە بێت!



(٥)

بەڕاشکاوی پەیوەندییەك هەیە لە نێوان شێوازە متبووەکانی فاشیزم و میکانیزمەکانی بەدووژمنکردنی بەرامبەردا، یاخود مەترسی ئەوە دەکرێ هەموو ئاستەکانی بەدووژمنکردنی بەرامبەر و حوکمدان و داوەریکردن لەبارەیەوە، لەباوەشی فاشیزمدا خۆیان ببیننەوە. خەسڵەتی هەرە دیاری فاشیزمی متبوو، یان سەرەتایی وەکو ئۆمبێرتۆ ئیکۆ لێکیداوەتەوە: گوێڕایەڵیکردنەکەیەتی بۆ تەقلیدیەت و سەلەفیەت[*] واتە بۆ هەموو ئەو میراتەی کە بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە (ڕاستیی) لەسەر هەموو شتەکان بۆ بەیانکردووین. هەموو بزاوتە فاشییەکانی دنیا مەشرووعییەتی خۆیان لە شکۆمەندیی و پیرۆزیی ڕابردووەوە بەدەست دەهێنن. ئەمەش ڕێك و ڕاست ئەو هەنگاوەیە کە میکانیزمی بەدووژمنکردنی بەرامبەر ئیشی لەسەر دەکات: وێنەی دزێوی من لەسەر تۆ و حوکمی ئێمە لەبەرامبەر ئەواندا لەو ڕاستییەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە من و ئێمە خاوەنی ڕابردوویەکی شکۆمەندین و حەقیقەتی جوانی و پاکیی ئێمەش لەو ڕابردووەوە هاتووە.

ڕابردووپەرستی خۆی لەخۆیدا وەستانەوەیە لە دژی مۆدێرنیتە و تازەگەریی. ڕابردووپەرستەکان ئەگەر گرنگیش بدەن بە بەرهەم و سیماکانی تازەگەری ئەوە لە ئاستێکی ڕواڵەتیدا گرنگی پێدەدەن و تەنیا بۆ ئەوەی پیشانمان بدەن کە ئەوانیش لەگەڵ پێویستییەکانی ڕۆژگار و سەردەمدا ڕێدەکەن. تازەگەریی بەلای ئەوانەوە شکاندنی ئەو نۆرم و بەهایانەیە کە ڕابردووپەرستەکان گەورەیی خۆیانیان لەسەرەوە بیناکردووە و بازنەی ئارامیی خۆیان لەسەرەوە پێکهێناوە. بەم پێیەش دەتوانین پێناسەیەکی دیکە بۆ ڕابردووپەرستی بکەین و بە جۆرێ لە ناعەقڵانیەتی ناو بەرین کە لەسەر بنەمای (خۆتازەنەکردنەوە) بەندە. لێرەوە کاتێ عەقڵ لە چوارچێوەی ڕابردوو و بەهاکانی ڕابردوو و خەسڵەتەکانی ڕابردوودا سەقامگیر دەکرێ، ئەوە باشترین زەمینە بۆ بەدووژمنکردنی بەرامبەر دێتە ئاراوە: چونکە وەسفەکانی ئێمە بۆ ئەوان و بەرجەستەکردنی کاراکتەریان لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی (ئێستا)ی ئێمەوە بەئەوانیدیکەوە نەهاتوون، بەڵکو ئێمە لەناو ئەو بازنەیەدا ئەوانیتر دەبینینەوە کە لە (ڕابردووەوە) بۆمان ماوەتەوە و ئێستایان بە ئاوەزی ڕەش و سپیی ڕابردوو

هەڵدەسەنگێنین. لێرەوە ئەو شارەی بۆ یەکەمجار سیفەتی قارەمانپەروەری پێدەبڕێ ئەگەر بشبێتە وێرانە هەر بە شاری قارەمانان ناودەبرێ. ئەو میللەتەی یەکجار سیفەتی (پێپان) وەردەگرێ، ئیدی بشبێتە (ساندرێلا)ش هەر پێپان دەمێنێتەوە. چونکە هەروەکو پێشتر نووسیم: میکانیزمی بەدووژمنکردنی بەرامبەر، عەقڵ لە ئاستێکی ڕەش و سپیدا بەکار دەهێنێت و ئەمەش دەیخاتە باوەشی ناعەقڵانیەتەوە.

ناعەقڵانیەت بریتییە لە کارکردن بە عەقڵ لەپێناوی کارکردنەکە خۆیدا بەبێ هیچ تێڕامانێك: کاتێ کارەکە لە خۆیدا جوان و پەسەند بێت ئیدی پێویست ناکات پێش هەستان بەوکارە و دوای جێبەجێکردنی بیری لێبکەینەوە و ئەنجامەکانی و مەترسییەکانی لێکبدەینەوە. ڕابردووپەرستەکان تازەگەران بە خیانەتکار ناودەبەن و مۆدێرنیتەش بە دووژمنی تەقلیدیەت و نەریتەکان. ئەوەی لێرەدا ئیشدەکات بریتییە لە دزێوکردنی تازەگەران لە بەرامبەر سەلەفدا، نەك لێکدانەوەیەکی ژیرانە بۆ تێگەیشتن لە کردەی تازەگەریی خۆی. چونکە ئەمەی دواییان ئاستێکی بەکارهێنانی عەقڵی ڕەخنەیی دەخوازێ و ئەوەی پێشتریش ئاستی بەکارهێنانی عەقڵی ڕەش و سپی.

فاشیزمی متبوو ڕەخنەش قەبوول ناکات. ڕەخنە واتە توانای بەکارهێنانی عەقڵ بەرەو گۆڕان و فراوانکردنی مەوداکانی جیاوازیی و مانابەخشین بە ڕەهەندەکانی یەکنەگرتنەوە. لەکاتێکدا هەموو هەوڵدانێکی فاشیزم بۆ یەکخستنی جیاوازییەکان و پێکهێنانی ئۆردووگایەکی زۆرەملەی یەکگرتووە. لەم ڕوانگەیەوە پڕۆژەی یەکگرتن و توانەوە و گونجاندن پڕۆژەیەکە بۆ گەشەپێدانی ئەو ترسەی لەبەرامبەر جیاوازبووندا هەیە. چونکە ئەگەر ئێمە نەتوانین لەبەرامبەر ئەوانیتردا یەکگرتوویی، خاوێنی و هاوخوێنی خۆمان بەرجەستە بکەین، ئەوە هەڵدەوەشێین و داگیرکردن و پەرتەوازەبوونمان ئاسان دەبێت. بۆیە ئێمە بەردەوام پێویستمان بە بەدووژمنکردنی بەرامبەرە تاکو لەناو خۆماندا و بەسەر یەکدا بتوێینەوە! لەڕاستیدا بوونی ئەوانیتر مەرجە بۆ پێکهاتن و دروستبوونی ناسنامەی ئێمە، چ وەکو تاکەکەس، نەتەوە، کۆمەڵگا و چ وەکو شاریش، چونکە ئەگەر هەموو تاکێکیش لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا ببێتە دووژمن، ئەگەر هەموو نەتەوەش لەناو خۆیدا ئاژاوەی تێکەوتبێ و ئەگەر



کۆمەڵگا و شارەکانیش لەگەڵ یەکدا دووچاری ئاڵۆزی بووبن، ئەوە هێشتا دەبێت لەبیرمان نەچێت کە ئێمە لەسەر هەمان (عەرد) لەدایکبووین لەکاتێکدا ئەوانیتر لەسەر عەردێکی بێگانە لەدایکبوون و ئاوێکی دیکەیان خواردۆتەوە: بێگومان ئاوێکی پیس!

(٦)

ڕاستییەك هەیە نابێت چاوی لەئاستدا بخافڵێنین: ئەم بەرهەمهێنانەی وێنەی دوژمنە و بە دووژمنکردنی بەرامبەرە، شتێ نییە (دەمڕووت) و (خەڵکانی هەژار و بێسەرەوبەرە) و (نەخوێندەوار و دواکەوتوو) وەك ناڕەزایی دەربڕین لەئاست هەلومەرجەکانی ژیانی خۆیاندا بەرهەمیان بهێنن. ڕاستییەکەی ئەوەیە لەهەموو سەردەمەکاندا ڕۆشنبیرانی پێشکەوتوو (بەدەگمەن نەبێ)، خۆیان خستۆتە خزمەتی ئەو دەسەڵاتدارانەوە کە بەهۆی سیاسەتێکی تایبەتەوە بوونەتە هۆی لەناو چوونی هەزاران و ملیۆنان مرۆڤ. شەڕی خاچپەرستان کە ئەمڕۆ ناتوانین وەکو شێوەیەکی دیکەی دزەکانی دەریا تەماشایان نەکەین، لەلایەن مامۆستا و پێشەوایانی کەنیسەی کاتۆلیکیەوە خرایە گەڕ و زەمینەی بۆ خۆشکرا. لە ماوەی شەڕە ئایینیەکانی سەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەمدا، گووللەتۆپەکانی هەردوو لایەنی بەشدار لە شەڕدا، لەلایەن بیریار و هونەرمەندانی ناوداری ئەورووپاوە ستاییش دەکران و هەمان شتیش لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا دووبارە بۆوە، کە بەرهەمهێنانی وێنای دوژمن و بە دوژمنکردنی بەرامبەر گەیشتە چڵەپۆپەی هیستریانەی خۆی. لە مێژووی هاوچەرخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، شەڕی نێوان عێراق و ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨) ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند و شاعیری هێنایە دەنگ کە بە حەزی خۆیان بەم یان بەولایاندا هەڵدەگوت و سەرلەنوێ هەموو ئەو ئیستیعارانە کاریان پێکرایەوە کە پێشتر لە شەڕی فتوحاتی ئیسلامیدا ئیشیان پێکرابوو. شەڕی ناوخۆیی و ململانێی نێوان هەردوو زلهێزەکەی خوارووی کوردستانیش بەشی هەرەزۆری ئەو قەڵەمکارانەی بەسەر خۆیدا دابەشکردوون کە بەناچاریی دەبێت لە ژێر چەمکی (ڕۆشنبیر)دا پۆلێنیان بکەین: ڕۆشنبیرێکی شەرمن و بێدەنگ و ملکەچ، کە ئەمانەش ئەو سێ خەسڵەتەن نەك هەر مەشرووعیەت دەدەنە هەموو شێوەیەکی بە دووژمنکردنی بەرامبەر، بەڵکو ڕۆڵێکی

دزێویش دەبینن لە بە دوولەتبوونی یەك نەتەوە و جیابوونــەوەی زاراوەکــانی زمــان و جیهانبینماندا.
ئەوەی ڕەگەزپەرستیی بەدیهێنا نازیەکان نــەبوون، ئــەوان دەیــانتوانی بگەڕێنــەوە بــۆ مێژوویێکی دوورودرێژی لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە و ســوودی لێــوەربگرن. ئــەو کاتــەی نازیەت لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەسەڵاتی گرتە دەست، سەد ساڵ زیــاتر بــوو پرۆفیسۆرەکانی پیشەسازیی دەرمان لە خۆرئاوای ئەوروپادا، خۆیان خەریککردبوو بــە ئەندازەگرتنی کەللەسەری میللەتانی هەرچوارلای جیهان، توێژینەوە لــە دەماخیــان و ئەمەش بە گەلێ (ئەنجامی زانستانە)شی گەیاندبوون کە دڵنیای دەکردنــەوە: مرۆڤــی خۆرئاوای ئەوروپا لە خەڵکانیتر (زیرەکتر) و (بــەتواناترن). کۆمیدیاکــەش لــەوەدابوو ئەوان پێشتر بەم ئەنجامە گەیشتبوون بەڵام دەبوو سیمایەکی زانــستانەی پێببەخــشرێ تاکو ڕەوایەتی بۆ دەستەبەر بکرێ و خەڵکانێکی پێ چاوبەستکرێ!
بەڵام ئەگەر زانست و ڕۆشنبیرەکان چاوبەستی خــەڵك دەکــەن و ئەگــەر جــەماوەریش خۆی ئامادەیە چاوبەست بکرێ و دەستی بەسەرا بگیرێت، ڕێگــەی چارەســەر چــییە؟ چۆن بتوانرێ حوکمەپێشینەکان و دیاردەی بەدووژمنکردنی بەرامبەر لەناو ببرێ؟ چۆن بتــوانین دنیایــەك بهێنینــە دی کــە گفتوگــۆ و لێبــووردن تیایــدا بەرقــەراربێت نــەك دەسیسەو کەللەڕەقی و حوکمی لەپێشدا ئامادەکراو؟
پێموایە دەشێت لەسەر دوو ئاستی وەڵامدانــەوەی ئــەو ئەوپرســیارە قــسان بکــەین: یەکەمیان ئەوەیە کە پێماندەڵێت، مرۆڤ دەتوانێت چاکەخواز و لێبووردوو بێت ئەگــەر هاتوو لەلایەن کۆمەڵگاکەیەوە لەناو نەزانیدا سەقامگیر نەکرا و لــەڕووی ئــابووری و سیاسیشەوە بێدەسەڵات نەکرا. چونکە لێبووردن بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زانــین و هووشیارییەوە، بەهۆی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ بەرامبەر، لەڕێگەی پەڕینــەوە بــۆ ســنووری بەرامبــەر لــە پێنــاوی ئاشــتیدا، بــەهۆی بڕیــاردانی دیموکراتیانــەی ڕاســتەقینەوە و لــە ڕێگــەی دابەشــکردنێکی یەکــسانانەی دارایییــەکانی کۆمەڵــەوە، دروستدەبێت.
وەڵامی دووەم کە من بە وەڵامێکــی واقیعــیتری دەزانم و کــەمتر چاوبەســتماندەکات ئەمەیە: پێویستییەکی دەروونیە کە ئێمەی مرۆڤ تا ڕادەیەك وێنەی دووژمــن لەســەر



ئەوانیتر دروستبکەین و حوکمی پێشینەمان لەسەریان هەبێت. خاڵی گــرنگ ئەوەیــە لەهەمان کاتدا فێری ئەوەش ببین کە مەودایەکیش لەگەڵ ئەو پێویــستیە دەروونیــەدا دروستبکەین و نەهێڵین لەژێر کاریگەریدا دنیا بەسەر ڕەش و سپیدا دابــەش بکــەین. بەمانایەکی دیکە: هەنگاوی یەکەم ئەوەیە دان بەوەدا بنێین کــە لەهــەر یەکێکمانــدا سەگێکی هار خۆی ماتداوە، بۆئەوەی بتوانین لەهەنگاوی دووەمدا بەپــەتێکی کــورت بیبەستینەوە، دەنا ئەو ســەگەهارە نــەك هــەر پــەلاماری ژیانمــان دەدات و دنیامــان لێدەکاتە دوژمن، بەڵکو دواجار دەکەوێتە پەلاماردان و زامدارکردنی خۆشمان.
لــە کۆمەڵگایەکــدا کــە میکانیزمــەکانی بــەدووژمنکردنی بەرامبــەر کاریــان پێبکرێت، پێویستە پڕۆژەی ڕۆژانەی هەریەکــەمان، ســات لــەدوای ســات گــەڕانێکی بەردەوامبێت بەدوای شێوەیەکی فاشیزمی متبوو لــە نــاخی خۆمانــدا. دەمــەوێ دان بەوەدا بنێم ك: دەشێت هەتا ئەو کاتەی تەنیام و دوور لە تۆ، لە سەدا ســەد لەســەر حەق بم، بەڵام کە تۆ دێی لەسەدا پەنجای حەقیقــەتی مــن بــەتاڵ دەبێتــەوە: ئەمــەش جــوانترین ســەرەتایە بــۆ گفتوگــۆکردن و ئاشــتیی، بــۆ بەدەســتهێنانی ناســنامەی ڕاستەقینە و بۆ تووڕهەڵدانی هەموو ئەو وێنایانەی لــە خــەڵوەتی خۆمانــدا ئــەویتری لێکردوینەتە دووژمن. لێگەڕێ ئیــدی بــەدوای یــەکتردا بگــەڕێین، لــەم گۆشــەگیرییە ڕزگارمان بێ. ئاه، چ مەرگەساتێکە بەتەنیا خاوەنی هەموو حەقیقەت بین؟!

**٢٤/٤/٢٠٠٠**

**هەولێر**

(*) U. Eco: "Den evige fascisme" i Moralske Tanker, 1997, s. 26- 47

(*) ساڵی ٢٠٠٠ لە ژمارە ١٧٥ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری برایەتیدا بڵاوکراوەتەوە

## نەتەوە گەورەکان، گەورەیی نەتەوەکان(*)

**نەتەوەکانیش** وەکو تاکەکەسەکان، لە ژیان و مێژووی گەشەکردنی خۆیاندا، دەکەونە هەندێ هەڵەی ئەوتۆوە، یاخود هێندە بەلاڕێدا دەبرێن، کە دەبێت هەموو مێژووی ئایندەی خۆیان تەرخان بکەن تاکو ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ پاساودانەوەی ئەو کارەی کە نەدەبوو بەناوی ئەوانەوە بکرێت و تۆمار بکرێ. ئێمە هەریەکەمان لە ژیانی فەردیی خۆماندا، چ لە کاتی منالّیی و چ لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی عەقلانیماندا، ڕەفتارگەلێکی ئەوتۆمان لێوەشاوەتەوە و قسەگەلێکی ئەوتۆمان لەدەم هاتونەتە دەر، کە سەدان سەرخستنە سەر بالیفی شەوانەی دەوێ تاکو لەخۆمان خۆش دەبین.

ئەو وزەیەی مرۆڤ بۆ لەیادکردنی ساتە شووم و ناپەسندەکانی ڕابردووی خۆی تەرخانی دەکا، کە تیایاندا کەوتۆتە غەفڵەتەوە، گەلێ زیاترە لەو وزەیەی بۆ دروستکردنی ئایندەی، بۆ بیرکردنەوە لەو ڕۆژانەی کە دەبێت تیایاندا (بەختیار) بێت، سەرفی دەکا. بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، هەریەکێکمان تەمەنێك لەدەست دەدات لەپێناوی لەیادکردنی ئەو ساتەوەختەی وەکو پێویست لەگەڵ ئەو ڕێبوارەدا نەجولاینەوە، کە گوناهی گەورەی ئەوەبوو: پرسیاری ناونیشانێکی لێکردین! عومرێ دەڕوات و ئێمە هەربەخۆمان دەڵێین: بۆچی هێندە بە ڕەقی لەگەڵ فلانکەسدا جولامەوە؟ ڕۆژگارێ تێدەپەڕێ و ئێمە هێشتا گێنگڵ بەئازاری ئەو ناحەقییەوە لێدەدەین کە لەگەڵ مرۆڤێکی دیکەدا کردوومانە. تۆ چووزانی ئەوکاتانەی قسە بۆ من دەکەیت و من ئاگام لێت نەماوە، خەیاڵم بەرەو چ ساتێك ڕاپێچی کردووم کە ئینسانێکم تیا بریندار کردووە؟ من چووزانم کاتێ بەهەموو توانامەوە ناخی خۆمت بۆ هەڵدەڕێژم، تۆ لە یادوەری خۆتا بەرەو ساتێ ڕاپێچ نەبویت کە تیایدا زوڵمێکت لێوەشاوەتەوە؟ کێ دەڵێ ئەو ساردبوونەوە لەپڕەی لەکاتی عەشقبازی و جووتبووندا یەخەمان دەگرێ و زەمەنی ئەفسانەیی ئیرۆسیانەمان تێکەڵ بە زەمەنی



کۆمەڵایەتیمان دەکاتەوە، تووڵەڕێگەی خەیاڵێك نیە بۆسەر ڕووداوێکی ناپەسند، کە نەدەبوو بیکەین و کەچی تازە بەشێکە لە ژیانمان؟ چۆن لەو خانمە، لەو قوتابییە، لەو هاوڕێیە و لەو پۆلیسە تێبگەیەنین، کە کەمتەرخەمیی ئێمە لەئاست چاوەڕوانیەکانی ئەواندا ناگەڕێتەوە بۆ گرنگیی نەدان بەزەمەنی ئەوان و کەسایەتی ئەوان، بەڵکو دەشگەڕێتەوە بۆ گیرۆدەییمان بە زەمەنی خۆمان و کەسایەتی خۆمانەوە؟ هەر بۆیە بەشێکی زۆری پشتیوانیی ئێمە بۆ یەکتری، لەبەرئەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ کێشەکانی یەکتردا بەتەواوی خۆمان گونجاندووە و وەك هی خۆمانیان لێهاتووە، بەڵگەی ئەوە نییە کە منیش هاتومەتە شوێنی تۆ و هێندەی تۆ ئازار و خەم بەو قەیرانەوە دەچێژم کە بۆمنی باسدەکەی.. بەڵکو زۆربەی پاڵپشتیی و هاودەردییەکانمان دەگەڕێنەوە بۆ وەبیرهاتنەوە و خۆگونجاندنمان لەگەڵ ئەو زەمەنە شەخسیەی خۆماندا، کە نەدەبوو ئەو شتانە بکەین، کە کردوومانن، نەدەبوو، ئەو قسانە بکەین کە گوتوومانن و نەدەبوو ئەو ڕەفتارانەشمان لێبوەشێتەوە، کە لەدەستمان دەرچوون.

پانتایی زەمەنی تاکەکەس، ڕوویەکی دیکەی پانتایی زەمەنی نەتەوەیە. نەتەوەش لە ناو ڕابردوو و ڕەفتار و مێژووەکانی خۆیدا گیری خواردووە. لەبەرئەوە نەتەوەش بەشێکی زۆری وزەی خۆی بۆ ڕزگاربوونی لەو ساتەوەختانە تەرخاندەکا، کە نەدەبوو بەناوی ئەوەوە تۆمار بکرێن. کاتێ نەتەوەکان پشتیوانی لەیەکتر دەکەن و گوێ بۆ داخوازیی نەتەوەی دیکە ڕادەگرن، هەر لەبەرئەوە نیە کە کێشەی ئەوان بەهی خۆیان دەزانن، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە تووڵەڕێگای یادوەرییەك دەیانباتەوە سەر ئەو ڕووداوە تاڵانەی کە نەدەبوو ڕووبدەن و بەناوی ئەمانەوە تۆمار بکرێن. کەواتە پشتیوانیکردنەکە چەندە هاودەردییە لەگەڵ ئەوانیتردا، هێندەش زیاتر هەنگاونانە بۆ خاوێنکردنەوەی ڕابردووی خۆیان.. نەتەوەش زەمەنێکی بۆ دروستبووە کە نەدەبوو خاوەنی بێت، خراوەتە سەر ڕێگایەك کە ڕێگای خۆی نیە و باجی مێژوویێك دەدات کە نەدەبوو لەسەری حساب بێت.

لەماوەی ساڵەکانی تاراوگەدا، گەلێ لە نەتەوە گەورەکانمان بینی کە پشتیوانییان لە کێشە و ئازاری نەتەوە بچووکەکان دەکرد. زۆر بوون ئەو خۆپیشاندان و بۆنە نەتەوەییانەی کە دەنگی خۆیان دەخستە پاڵ دەنگی نەتەوەکانی تر. هاواری هەندێ لە

گەلانی دنیا و لەبەرگریکردنیاندا لە بارودۆخی گەلانی دی، نزمتر نەبوو لەهاواری ئەو گەلانەی بەرگرییان لێدەکران. ڕووە جوانەکەی ئەوروپا، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان دروستیان نەدەکرد، بەڵکو زنجیرەی ئەو خۆپیشاندان و پشتگیریکردنانەی نەتەوەکانی ئەویٚ دەیانکرد کە لەناو قەیرانەکانی خۆیانەوە، بۆ دەنگ خستنە پاڵ دەنگی میللەتانی دیکە پێیان هەڵدەستان و بەهەزاران کیلۆ مەتریش لێیانەوە دوور بوون. بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە کە پشتیوانیکردنی ئەو گەلانە تەنیا وەك (خۆگونجاندنێك)ی ئەوان لەگەڵ کێشەی نەتەوەی تردا لێکبدەینەوە. چونکە ئەوان لەوکاتەدا کەلەگەڵ بارودۆخی گەلانیتردا خۆیان دەگونجاند، هەموو ئەو بارودۆخانەشیان بیردەهاتنەوە کە تیایاندا نەیانتوانیبوو خۆیان بگونجێنن و هاودەردی پیشانبدەن و گەورەیی خۆیان بپارێزن.

لەمبارەیەوە گەلی ئەڵمانیا نمونەیەکی بەرجەستەیە، کە ماوەیەك نابیٚ خۆپیشاندانێکی نەتەوەیی مەزنی لە دژی ڕەگەزپەرستی سازکرد. نەتەوەی ئەڵمانی، نمونەی ئەو نەتەوە گەورانەیە کەدەزانێت زەمەنێکی هەیە تیایدا بەشیٚ لە گەورەیی خۆی لەدەستداوە. ئەو ناتوانیٚ لە مەزنترین ساتەوەختەکانی شکۆداریی خۆیدا، لەناو کەرنەڤاڵ و شاییەکانیدا، ئەو ساتە لەبیری خۆی بەرێتەوە کە تیایدا ئەوەی بەناوەوە تۆمارکرا کە نەدەبوو بکرێت: جەنگی دووەم، هۆڵەکۆست، بە زیندوویی سووتاندنی حەوت ملیۆن یەهودی، قەرەچ و کۆمۆنیست، هۆمۆسێکسواڵ و کەمایەتیەکانی دیکە.. من هەموو جاریٚ کە دەبیستم و دەبینم ئەم نەتەوە گەورەیە، دوای ئەو مێژووە خوێناوییەی کە هەیەتی، کۆڵنادات لە دژایەتیکردنی دزێوی، ناتوانم ئیرادەی نەتەوەیەکی زیندوو نەبینم کە دەیەویٚ خۆی لەدەست غەدرەکانی ڕابردوو قوتار بکا و لەهەمان کاتیشدا ئەم هەوڵدانەی وەك جۆریٚ لە گیرۆدەبوونی بەو زەمەنە دزێوەوە نەبینم کە تازە خاوەنیەتی و ناسڕدرێتەوە.

زۆرجار ئاسانترە ئەندامی نەتەوەیەکی گەورە بیت، وەك لەوەی نەتەوەکەت خاوەنی گەورەیی خۆی بێت. دەشێت ئێمە سەر بەنەتەوەیەکی بچووك بین، لەڕووی پێشکەوتن و دەستپێشخەریی شارستانیانەوە، لەڕووی داهێنانی میعماری و فەلسەفی و زانستی و ڕۆشنبیرییەوە شتێکی ئەوتۆمان پێشکەش بە کۆمەڵگای بەشەری نەکردبێت.. بەولای



دیکەدا: خاوەنی زنجیرەیەك شەڕی ناوخۆیی و ژمارەیەکی زۆر بێکار و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و دیاردە دزێوەکانی وەك ئافرەتکوشتن و تێزابرێژی بین، ئەوەتا گەلێجار لەناو وڵاتەکەی خۆماندا هەست بەنامۆییەکی ئەوتۆ دەکەین، کە دەگەینە ئەو بڕوایەی پێویستە جێی بهێڵین. ئەوەتا لەم سەردەمەدا کە (بوون لە دنیادا) بەمانای (بوونە لەبەر ڕووناکیی کارەبادا)، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ئێمە لەبەر چرای نەوت و فتیلەدا دادەنیشن.. بەڵام ئەمە هیچی بەمانای ئەوە نیە ئێمە خاوەنی گەورەیی نەتەوەیی خۆمان نین.

گەورەیی نەتەوەیی بەداهێنانە مادیی و شارستانی و زانستییەکاندا پێناسە ناکرێت، بەڵکو بەوەدا پێناسە دەکرێت کە چەندە نەبووینەتە جێگەی ترس و دەستدرێژی و هەڕەشە بۆ نەتەوەکانی تر. گەورەیی نەتەوەیی ئەوەیە کە تۆ فەنتازیای داگیرکاری و تێکدانی ژیانی بەرامبەرت نەبوبێت. نەخشەی تێکدانی ئارامی و ئاساییشی ژیانی هاوسێکانت دانەڕشتبیٚ، ئەو ڕەفتارانەت لێنەوەشابێتنەوە کە دەبنە هۆی دروستکردنی ترس لای بەرامبەرەکانت. نەتەوەکانی دراوسیٚ و دوورت خاوەنی ئەو ئەدەبیات و حەکایت و فۆلکلۆرە میللییە نەبن کە تیایاندا وێنەی تۆ، وێنەی دوژمنە. ئەو بۆنە و کەشانە یاد نەکەنەوە کە تۆیان تیادا بویتە ڕەمزی شەڕ.. گەورەیی نەتەوەیی واتە، لەوکاتەدا کە تۆ پشتیوانیی خۆت بۆ مافی نەتەوەکانی دیکە لەگەیشتنیاندا بەئازادی دەردەبڕی، خۆت نەبوویبیتە هۆی زەوتکردنی ئازادیی هیچ نەتەوەیەکی تر. گەورەیی نەتەوەیی بەمانای ئەوەیە کاتیٚ ئێمە لەهاودەردیمانەوە بۆ مافی گەلێکی دیکەی جیهان، یان بۆ دژایەتیکردنی دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی دەرژێینە سەرشەقامەکان، دیوێکی دیکەی ئەمکارەمان بۆ ئەوە نەبێت پاساو بۆ دزێویەکانی خۆمان بهێنینەوە و هەستی بە گوناهکردنمان کەمبکەینەوە. بەکورتی: گەورەیی نەتەوەیی بەمانای ئەوەیە کە ئەخلاقێکی جووت جەمسەرمان نەبێت.

هەڵبەتە دەمەویٚ نەیشارمەوە، کە بڕوام وایە: ئاژاوەکانی ناوخۆ، شەڕەکانی ناوخۆ، ساردی و سڕی ئیدارەی سیاسی ئێمە لە ئاست پرۆسەی ئاشتیدا، یادوەری حیزبەکان لەئاست یەکتردا، هەڵوەشاندنەوە و جێبەجێنەکردنی پەیماننامەکان و هتد. ئەمانە هیچیان لە گەورەیی نەتەوەیی ئێمە ناهێننە خوار.. دەکریٚ ئێمە ئەو میللەتە

بین کە تاسەر ئێسقان دژی ئاسایشی خۆمان بین، بەڵام پشتیوانیکەری سەقامگیربوونی ئاشتی بین لەگشت جیهاندا. گرنگ ئەوەیە ئێمە خاوەنی هیچ پڕۆژەیەك نین بۆ هەڕەشەکردن لە ژیان و ئاساییشی هیچ گەل و نەتەوەیەك. هیچکاتێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئێمە بە قۆناغی شەڕی چەکداریشیەوە کە تیایدا سەدان قوربانیی ناوخۆیی بەخشرا، خاوەنی پڕۆژەی وێرانکاری و فەنتازیای لەناوبردنی نەتەوە و هەڵگری درووشمی تواندنەوەی گەلانیتر نەبووە. هیچکاتێك لەشکرێکمان لە (ڕۆڵەکانی نەتەوە)ی خۆمان پێکنەهێناوە بۆ لەناوبردنی (زۆڵەکانی نەتەوە)ی بەرامبەر. نە لەکاتی هێز و نە لە بێهێزیدا، بەبەرنامەوە سوکایەتیمان بە کەسایەتی و مێژووی نەتەوەکانی بەرامبەر نەکردووە. بەچاوی نزمەوە تەماشای کەلتوور و ڕۆشنبیرییەکەیانمان نەکردووە و لەگەورەییانمان نەهێناوەتە خوارەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: کاتێ ئێمە لەسەر ئاستی ناوەوەی کۆمەڵگای خۆمان نغرۆی ناو کێشە سیاسی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانمان بووین و ڕەشبینی باڵی کێشاوە بەسەرماندا و هەموو ئەمانەش ئاستەنگن بۆ دەرکەوتنی ئێمە وەك (نەتەوەیەکی گەورە) لەڕێگەی داهێنانە زانستی و کەلتوورییەکانەوە، ئەوە ڕێك لەمکاتەدا (گەورەیی نەتەوەیی) سەرمایەیەکی نەتەوەیی ئێمەیە. سەرمایەیەکی نەتەوەیی ئێمەیە بەومانایەی کە ئێمە هەرچەندە لەسەردەمی بەدگومانیدا بەرامبەر یەکتری دەژین و بەلێشاو وڵاتەکەمان جێدەهێڵین و خاوەنی مێژوویەکی ناوخۆی خوێناویین، بەڵام وەك نەتەوەیەکی بچووك نەبوینەتە هۆی کارەساتنانەوە بۆ هیچ نەتەوەیەکی دیکە و مێژووێکی خوێناویمان بۆ هیچ گەلێکی دی دروست نەکردووە. گەورەیی نەتەوەیی ئێمە ڕەنگە ئەو سەرمایە ڕەمزییە بێت کە پێویست بێ لەمکاتەدا قسەی لێبکرێت، کە تیایدا کێشە و ململانێکانی ناوخۆمان هەموو وزەی ئێمەیان بردووە بۆ خۆیان بەجۆرێ کە ئێمە ئیدی سەر نەپەرژێین لەڕێگەی تازەکردنەوەی کەلتوور و کۆمەڵگاکەمان و گەشەسەندنی میعمار و پێشکەوتنی شارەکان و جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ وپاراستنی ژینگە و بنەبڕکردنی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە و دەیان دیاردەی تری لەمبابەتانە، هەنگاو بنێین بۆ بنیاتنانی شارستانیەتێکی هاوچەرخ. ڕاستە ئێمە هەست بە کەمییەك دەکەین و لە کاتی جێهێشتنی نیشتیماندا



دڵمان شکاوە و پڕین لە کینە و نەفرەت لە واقیعی کۆمەڵگاکەمان، بەڵام دەشزانین کە وەك ئەندامی نەتەوەیەکی بچووك، نەبوینەتە تێکدانی ژیانی نەتەوەیەکی تر، زەمەنی نەتەوەیەکی دیکەمان بارگاوی نەکردووە بەو ساتەوەختانەی کە نەدەبوو لە ژیانی ئەو نەتەوەیەدا ڕووبدەن. مێژوویەکمان بەسەر کۆمەڵگایەکدا نەسەپاندووە، کە خۆی ئەزموونی نەکردبێ. ئێمە کە دەڕۆین و دەشییێت لە واقیعی خۆمان نیگەران و نائومێد بین، بەڵام بۆ هەر شوێنێ بچین بەگەورەیی نەتەوەیی خۆمانەوە دەڕۆین، بە گەورەیی نەتەوەیی خۆشمانەوە سەر دەنێینەوە.

دەمەوێ بڵێم: وێڕای هەموو سارد و سڕی و ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکانمان، وێڕای هەموو ناتەباییەکی سیاسیمان و لێکدی وەڕسبوونێکمان، گەورەیی نەتەوەیی ئێمە، ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە ئێمە لێوەی ڕووبەڕووی دنیا و نەتەوەکانی دیکە دەبینەوە. بێگومان جیهان و نەتەوەکانیی دیکە لەسەر کێشە ناوخۆییەکانمان و ناتەبایی سیاسیمان سەرزەنشتمان دەکەن، چونکە ئەمە لە دژی ئایندەی خۆمانە و ئەوانیش دەیانەوێ ئێمە ئایندەیەك و خەونێکی ئایندەییمان هەبێ، بەڵام هیچکەسێ لەسەر ئەوەی ئێمە ڕێگرین لەبەردەم وەدیهاتنی خەونی ئایندەیی گەلێکی دیکەدا، سەرزەنشتمان ناکات.

خۆشە ئەندامی نەتەوەیەکی گەورە بیت و ئەستێرەی گەورەیی نەتەوەییت بدرەوشێتەوە. کەمتر خۆشە ئەندامی نەتەوەیەکی گەورە بیت و گەورەیی نەتەوەیی خۆتت دۆڕاندبێ. عەزابە ئەندامی نەتەوەیەکی بچووك بیت و گەورەیی نەتەوەییت دۆڕاندبێ، بەڵام زۆر خۆشە ئەندامی نەتەوەیەکی بچووك بیت و خاوەنی گەورەیی نەتەوەیی بیت، ئەویش بەومەرجەی وەك سەرمایەیەکی بەنرخ تەماشای ئەم دەستکەوتە بکەیت و بتوانیت بەدەر لەهەموو حەماسێکی ناسیۆنالیستانە، وەك خاڵێکی هاوبەش بیناسێنی و بینای تەبایی و ئاشتییەکی هەمیشەیی لەسەرەوە بکەیت.

**هەولێر: ٢٠٠٠/١١/١٤**

(*) هاوڵاتی ژمارە: ٣ی ٢١/٣/ ٢٠٠٠

# نەتەوە و حەكایەت(*)

**هەرچەندە** بیر لە بارودۆخی ئێستای ئەم بەشەی كوردستان دەكەمەوە و كێشە ڕۆژانەییەكانی ئەزموون دەكەم و ئازاریان پێوە دەچێژم، ناكرێ گوێم لە زریكەی منداڵێك نەبێت، كە جگە لە (ئاشتی) ناشێت ناوێكی دیكەی بۆ بدۆزینەوە و ئیدی كەمێ دڵم خۆش دەبێت بەوەی كە زەمەنێك هەیە و چاوەڕێی دەكەین. نەتەوەی ئێمە سەفەرێكی دوور و درێژی ژانگرتنی تێپەڕاند و شەوگارێكی تەنیایی و سەختی بەدیار خەونەكانی خۆیەوە ڕۆژكردەوە. تەنیایی خەسڵەتێكی هەرە دیاری ناو مێژووی ئێمەیە و تەنیایی و خەمۆكی و خۆخواردنەوە و دانبەخۆداگرتن و دواجار گریان، ئەو سیفەتانەن كە هەمیشە گەورەیی ئینسانی ئێمەیان لە هەڵخزان بەرەو هەرێمی ڕق و ئاژاوە نانەوە ڕزگار كردووە. ڕقاوییترین و ئاژاوەگێڕترین كورد لەسەر ئەم زەوییە، بە دوو قسە، بە دوو بیرخستنەوە، بە دوو مەرحەبا و كاكەگیان چۆنی و بە دوو حەكایەت و لەنێوان خۆمانا دەرنەچێ و دەستم دامێنت و بیكە بەخاتری خۆشەویستت، لە كەلی شەیتان دەهێنیتە خوارەوە. كورد مرۆڤێكە سەخت ژیاوە و ناهاوسەنگیش پەروەردە بووە، بەڵام مرۆڤێكی سەختگیر نییە.
سیفەتی (یاخی) كە سیفەتێكە لە مێژوودا دراوەتە پاڵ كورد، ئەنجامی هەڵسەنگاندێكی هەڵە و تێنەگەیشتنێكی كوشندەیە لەم نەتەوەیە: ڕۆحی حەكایەتدۆستی و بەسەرهات گێڕانەوە لەلای ئینسانی ئێمە ئەوەندە بەهێزە، كە هەركەسێ بیەوێت كورد گوێی بۆبگرێت، دەبێت زمانی حەكایەت و بەسەرهات گێڕانەوە بزانێت بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە بكاتە گوێڕادێری خۆی. بەم مانایەش كورد میللەتێكە هەتا ئێستاش منالێیی خۆی دەژی و بەرگریی لە ڕۆحی منالآنەی خۆی دەكات چونكە كەس مەبەستی نەبووە گوێی بۆ بگرێت. ئەوەی نەیتوانیبێت و مەبەستیی نەبووبێت ڕێز لە ڕۆحی منالآنەی ئەم نەتەوەیە بگرێت و بیكاتە گوێگری خۆی، ئەوە زۆر بەئاسانی سیفەتی (یاخی) و (كێوی) و (دڕندە)یان داوەتە پاڵ، هەروەكو چۆن لە ئەنجامی تێنەگەیشتنمانەوە لە منداڵەكان، سیفەتی چەتوون و هاروهاج و نەگبەتیان دەدەینە پاڵ.



بەڵام ئایا لە مێژوودا میللەتێك هەیە دڕندە بێت و مێژووی خۆی بریتی بێت لە بەرگریكردن لە خۆی و لە مانەوە و گەورەیی خۆی؟ مەگەر خەسڵەتی هەرە دیاری دڕندەكان پەلاماردان و هرووژم بردنە، یاخود بەرگریكردن و خۆپاراستن؟ ئایا (دڕندەیەك) هەیە هێندەی كورد خوێنی بەفیڕۆ ڕژابێت و هێندە بە برینداری لەناو مێژوودا ژیابێت و دووچاری تێكشكان هاتبێت؟ مەگەر دڕندە تێكشكان قەبووڵدەكا؟

بەمانایەكی دیكە، ئەگەر مێژووی كورد (وەك یاخی و دڕندەیەك)، مێژووی پاراستنی كەرامەت و گەورەیی نەتەوەیی خۆی بێت و هەوڵدان بێت بۆ مانەوە لەسەر عەردی نیشتیمانی خۆی، ئایا چ سیفەتێك بدەینە پاڵ ئەو جەبرەی ناو مێژوو، كە كوردی ناچار كردووە ژیانێكی پڕ لە بەرگریكردن و پاراستنی خۆی بژی؟ دڕندەیی سیفەتێك نییە مرۆڤ پێوەی لەدایبك بووبێت، هەروەكو چۆن یاخیگەرێتیش كردەیەك نییە زگماك بێت. من ئەوكاتە لە تۆ یاخی دەبم و لەبەردەمتا بەرگریی لە خۆم دەكەم، كە ئیدی بزانم تۆ هیچ گوێم لێناگریت و بۆت گرنگ نییە خواستەكانم و حەزەكانم چین و چۆن دنیای خۆم دەژیم. كوردیش وەكو ئەو منالە مامەڵەی لەگەڵ كراوە كە نابێت هیچ خواست و حەزێكی تایبەت بەخۆی هەبێت و هیچ حەكایەتێكی هەبێت تاكو بۆخۆی تیایدا لەدایبك ببێت و تیایدا بژی و تیایدا زیندوو ببێتەوە. ئەو هەمیشە ناچاركراوە لەناو یەك حەكایەتدا بمرێ و خۆی بدات بەدەستەوە: حەكایەتی بەرگریی لە پێناوی مانەوەدا. بەڵام ژیان لە مانەوە گەورەترە و ئینسانێك كە لەسەر حسابی مانەوەی دەژی، تەنیا بەشێكی بچووكی ژیان ئەزموون دەكات، چونكە ئەو ڕەهەندە فراوانەكەی ژیانی لێ زەوتكراوە و بایی ئەوەندە دەژی كە مانەوەكەی دابین ببێت. لێرەوە ڕۆڵی حەكایەت و گێڕانەوەكان لە پێناوی پڕكردنەوەی بۆشاییەكی ڕۆحی و مەعنەوی نەتەوەكاندا دێتە پێشێ.
حەزی مندالآن و خواستی نەتەوەكان بۆ چێژ وەرگرتن لە زیندووبوونەوەی ناو حەكایەت و قارەمانێتی ناو ئەفسانەكان و جادووی ناو بەسەرهاتەكان، یەك حەز و یەك خواستن. هیچ نەتەوەیەك گەورە نابێت ئەگەر نەتهێشت لەناو ئەفسانەكانی خۆیدا لە دایبك ببێت، لەناو حەكایەتەكانیدا گەورە ببێت و لەناو بەسەرهاتەكانیدا زیندوو ببێتەوە، هەروەكو چۆن هیچ منداڵێكیش كامڵ نابێت ئەگەر بەناو دنیای ناعەقلآنیەتی چیرۆك و حەكایەت و ئەفسانەكاندا تێپەڕ نەبێت.

لێرەوە، کورد وەکو ئەو نەتەوەیە دەبینم کە منالّیی خۆی بە کۆڵێ نائومێدییەوە، بەکۆڵێ خەو بزڕکان و بە کۆڵێ گریانەوە، بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات و دەیەوێت لەناو مێژوودا شوێنێك بدۆزێتەوە لەم منداڵێتیە تێبگات و گوێیی بۆ بگیرێت. ئەمەیە هۆی تەنیایی و خەمۆکی و سەرچاوەی دانبەخۆداگرتنی کورد لەناو مێژوودا، بەجۆرێ وەختە بڵێم: ڕەنگە بەرلەوەی نەتەوەی ئێمە بەدوای ئازادی و سەربەخۆیی خۆیدا بگەڕێت، لە هەوڵی دۆزینەوەی هێزێکدایە، کە توانای گوێگرتنی هەبێت لە بەسەرهاتەکانی ئەم نەتەوەیە. تەنیا ئەو هێزە دەتوانێت سەرنجی کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و متمانەی ئەم نەتەوەیە بەدەست بهێنێت. بۆیە ئەگەر کورد بە (یاخی) و (دڕندە) ناوبانگی ڕۆیشتووە، ئەوە مانای ئەوەیە هەتا ئێستا هیچ هێزێك نەیویستووە گوێبیستی ئەم نەتەوەیە بێت و لە حەکایەتەکانی تێبگات و لەناو ئەفسانەکانیدا بژی و لێرەشەوە ددانی پێدا بنێ.

گوێنەگرتن بۆ نەتەوەیەك زۆر مەترسیدارترە لە گوێنەگرتن بۆ منداڵێك، چونکە ئیرادەی نەتەوەیەك بۆ بەرگریکردن، زۆر بەهێزترە لە ئیرادەی منداڵێك بۆ مانەوە. دەشێت بە برسییکردنی منالّێك، ئیرادەی لێبسەنینەوە، بەڵام مێژووی ئێمە پڕیەتی لە ساتەوەختی برسێتی بەبێ ئەوەی ئیرادەی نەتەوەییمان لەدەست بدەین. دەکرێ بە هەڕەشە و تۆقاندن چۆك بە منداڵێکی یاخی دابدەین، بەڵام ئیرادەی نەتەوەیی ئێمە لەناو هەڕەشە و تۆقاندنەوە لەدایبك بۆتەوە. دەکرێ بە دوورخستنەوەی منالّێك و ناچارکردنی بەوەی بەدوور لە ژینگەیەکی ئینسانیدا بژی، هەموو ڕۆحێکی خۆگر و ورە بەرزی تیادا بکوژین، بەڵام کۆڕەوەکان و دەرکردنەکان و دوورخستنەوە بەردەوامەکانی میللەتی ئێمە و ناچارکردنی بە ژیان لە دژوارترین هەلومەرجدا، نەبوونە هۆی ورە بەردانی ئەم نەتەوەیە و زەلیلبوونی. دەکرێت بە پێی سیستەمێکی پەروەردەیی و سزادان و پاداشت، منداڵێك بەبێ ویستی خۆی، بخرێتە سەر ئەو ڕێگایەی بۆی لەپێشچاو گیراوە، بەڵام هیچ سیستەمێك نییە نەتەوەیەك بەرەو شوێنێ ڕاپێچ بکا، کە خۆی هەڵینەبژاردبێت.

بەو لای دیکەشدا: تەنیایی نەتەوەیەك گەورەتر و مەترسیدارترە لە تەنیایی منداڵێك، خەمۆکی میللەتێك درێژخایەنتر و ئاڵۆزترە لە خەمباری منداڵێك، دانبەخۆداگرتنی نەتەوەیەك نەفەسدرێژترە لە هەدادانی منداڵێك و دواجار ڕازییکردنی نەتەوەیەك زەحمەتترە لە ڕازییکردنی منداڵێك.



لە ئەزموونەکانی سەدەی پێشووەوە تێگەیشتین، کە دۆزینەوەی گوێگرێك بۆ حەکایەتەکانی ئێمە لە دەرەوەی ئەم نیشتیمانە، کارێکی ئەستەمە. ڕەنگە بەشێکی لەبەر ئەوە بێت کە حەکایەتی ئێمە هێندە پچڕان و چاوەڕوانی و قارەمانی خوێناوی تێکەوتووە، کەس نەتوانێت بەرگەی ڕەهەندە تراژیدیاکەی بگرێت و خۆی لەگەڵدا بسازێنێ. لەلایەکی دیکەوە: سەدەی ڕابردوو، سەدەی سارێژبوونی نەتەوەی ئێمە بوو لە ڕۆحی منداڵانەی خۆی، ئەمە لەکاتێکدا سەدەیەکی هێندە عەسکەریانە و دەمارگرژانە بوو، کە جێگەی ڕۆحی منالّانەی ئێمەی تیادا نەدەبۆوە. گرمەی گوولل تۆپەکان نەیانهێشت گوێمان لە ئیقاعی گێڕانەوەکان و کەشی ئارامبەخشی حەکایەتەکان بێت. بەمجۆرەش ئێمە هەم بووینە حەکایەتبێژ و هەم بە گوێگری حەکایەتی خۆمان، هەم لەناو بەسەرهاتەکاندا ژیاین و هەم دەمانگێڕانەوە و دووبارەمان دەکردنەوە. چەندە شەڕەکانی ئایدیۆلۆژیا لێکترییان دوورخستینەوە، هێندەش باسکردنەوەیان بێمانای کردن و لەبەر چاویان خستین. چەندە ژیان لەناو شەڕەکانی ناوخۆدا ئازاریان داین، دووبارە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو شەڕانەش هێندە زیاتر هەستی گوناهیان لە وێژدانماندا بزواندو نەفرەتی لە دژی جەنگ دروستکرد. بۆنمونە: ئێستا ئێمە میللەتێکین جارێکی دیکە بەئاسانی لەدەوری هیچ ئایدیۆلۆژیایەك، کە شەڕی ناوخۆیی پیرۆز و حەڵاڵ بکات، کۆنابینەوە.. هەرگیز نەتەوەی ئێمە هێندەی ئێستا لە مانای ئایندە و لە گرنگیی ئازادیی و سەربەخۆیی تێنەگەیشتووە و هەرئەمەشە وادەکا، مانای ئایندە و ئازادی و سەربەخۆیی لەسەرووی مانا ڕەنگاوڕەنگەکانی ئایدیۆلۆژیاوە بێت..

لە جەوهەری بێمانابوونی ئایدیۆلۆژیادا، مانایەك هەیە بۆ حەکایەتەکان: چونکە ئایدیۆلۆژیاکان لانکەی پێکدادان و حەکایەتەکانیش لانکەی ئاشتی و تەبایین. زمانی قسەکردنی ئایدیۆلۆژیاکان لە دژی یەکتری دنەمان دەدەن بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیە هەڵوەشێتەوە کە تیایدا پێکەوە دەژین و پەیوەندیی تیادا دەبەستین، کەچی لەسەردەمی بێمانابوونی ئایدیۆلۆژیادا، زمانی قسەکردن دەبێتەوە بە زمانێکی ئینسانیی و دەبێتە هۆی دروستکردنەوەی زەمەنێکی هاوبەش بۆ پێکەوە بوون. لە زەمەنی ئایدیۆلۆژیادا (مرۆڤایەتی) ئێمە دەبێتە (ئامرازێك) بۆ بەئەنجامگەیاندنی مەبەستێك، کە گەورەتر نیە لە بەهای ئینسانیەتی خۆمان و ئێمەی بۆ بەکوشت دەچین، کەچی لەسەردەمی حەکایەتدا

هیچ شتێك لە مرۆڤایەتی ئێمە بەنرختر نیە و حەکایەتەکان دەبنە ئامرازێك بۆ گێڕانەوەی بەهایەك بۆ ئینسانیەتمان.

ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە لە ئاستی گوتاری سیاسیی کوردیدا بەرەو زەمەنی کەمڕەنگیی ئایدیۆلۆژیاکان دەچین، ئەوە بەمانای ئەوەیە کە دەمانەوێ زەمەنی تەبایی و ئاشتی هەمەڕەنگ و تۆخ بکەینەوە. بەمانای ئەوەیە بەردەوامین لە گێڕانەوە و لە گوێگرتن بۆ یەکتری و هێشتاکەش خاوەنی ڕۆحێکی مندالآنەی خاوێنین، کە پێویستە ڕێگەی پێبدەین لەناو حەکایەتەکانیدا لەدایبیك ببێت و لەناو بەسەرهاتەکانیدا ژیان ئەزموون بکات و بژی. چونکە هیچ نەتەوەیەك گەورە نابێت ئەگەر نەتهێشت لەناو ئەفسانەکانی خۆیدا لە دایبیك ببێت، لەناو حەکایەتەکانیدا گەورە ببێت و لەناو بەسەرهاتەکانیدا زیندوو ببێتەوە، هەروەکو چۆن هیچ منداڵێکیش کامڵ نابێت ئەگەر بە ناو دنیای ناعەقلانیەتی چیرۆك و حەکایەت و ئەفسانەکاندا تێپەڕ نەبێت و لەناو کۆلانەکانی خۆیدا نەگەوزابێت.

گەڕانەوە بۆ ئاشتی و تەبایی، باشترین ڕێزلێنانە لە ڕۆحی مندالآنەی ئەم نەتەوە پیر و ماندووەی ناو کۆلانە خوێناوییەکانی مێژوو. ئەو ئیرادە سیاسییەی بوارمان بۆ دەڕەخسێنێ حەکایەتەکانمان تەواو بکەین، ڕێخۆشکەریی دەکا بۆ دروستبوونمان وەك نەتەوەیەك، کە چیدی نابێت خەمۆك و تەنیا و گۆشەگیر بێت. زەمینەسازی دەکا بۆ ئەوەی کوردیش (هەموو بوونی ئینسانیانە)ی خۆی بژی، نەك ژیانێکی هەبێت هێندەی مانەوەی خۆی. هەر هێزێك لەم نیشتیمانەدا دەستپێشخەری و تەنانەت خیانەتیش لە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی دەکات لەپێناوی سەقامگیرکردنی ئاشتیدا، شوێنێکی گرنگ لە حەکایەتی کوردیدا بۆخۆی دابیندەکات و ئامادەیی خۆی لە ئایندەی ئەم نەتەوەیەدا بەرجەستە دەکات. پێویستیی ئێمەی کورد بە گێڕانەوەی حەکایەتەکانمان و ڕزگاربوون لە دڵشکانەکانی ناو مێژوو لە حاڵی حازردا هێندە گرنگە، کە چیدی پێویست ناکات چاوەڕوانی هەلومەرجی گونجاو بین بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی، بەڵکو دەبێت وەکو پاڵەوانی ناو حەکایەتەکان، بۆخۆمان ئەو هەلومەرجانە دروستکەین کە دەمانگەیەنن بە مەبەست و لەپێناوی ئەمەشدا زۆر جار ناچاربین ئەو ڕێگا پڕ مەترسیانە ببڕین، کە بوون و ئایدیۆلۆژیای خۆمانیان تێدا دەکەوێتە مەترسییەوە. خۆشیی حەکایەتەکان لەوەدا نییە کە پاڵەوانەکانی ناوی هیچیان دڵیان نەشکێت و هەموویان بە دڵخوازی خۆیان بگەن، بەڵکو



لەوەدایە کە هەموویان بە دەست و قاچی شکاو و ناکامی و حوزنەوە، تا کۆتایی حەکایەتەکە بەردەوامبن بۆ ئەوەی ئێمە هەست بەتەنیایی و ناکامی نەکەین. بەردەوامیی ئەوان گرنگترە لەوەی بەهەموو ئاواتەکانیان بگەن و (تا کۆتایی تەمەنیان ژیانێکی خۆش ببەنە سەر). خۆشیی حەکایەتی ئاشتییش لەوەدا نییە کە لایەنەکان بەهەموو ئەو خواستانە بگەن کە هەیبەت و بەرژەوەندیی حیزب و ئایدیۆلۆژیاکەیان دەپارێزێت، خۆشیی و مەزنیی حەکایەتی ئاشتی لەوەدایە لایەنەکان قاییل بن بەو بەسەرهاتانەی لە میانەی حەکایەتەکەدا و لەدژی خواستی خۆیان، بەسەریان دێن و کەچی ئەوان هەر بەردەوام دەبن بۆ گەیشتن بە کۆتایی.

ئەگەر (کۆتایی) حەکایەتی ئاشتیی کورد، ئەو زەمەنە بێت کە تیایدا زیندووەکانی (داهاتوو)ی ئەم نەتەوەیە یادی ئەو مرۆڤانە دەکەنەوە کە (ئێستا) بۆ ئاشتی تێدەکۆشن، ئەوە پێویستە، پڕۆژەی ئاشتی نەك هەر تەنیا بە پڕۆژەیەك بزانین کە دەبێت حیزبە کوردییەکان جێبەجێی بکەن، بەڵکو پێویستە هەموومان لە ئاسانکردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەدا بەشدار بین، تاکو (داهاتوو)، هەموومان بە شایانی یادکردنەوە بزانێت. ئێمە وەك نەتەوەیەك پێکەوە بەسەرهات و کارەساتەکانی ناو حەکایەتەکەی خۆمانمان ئەزموونکردووە و دەبێت پێکیشەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی بگێڕینەوە، بەتایبەتیش کاتێك لە ئەزموونی سەدەی پێشووەوە تێگەیشتین کە دۆزینەوەی گوێگرێك بۆ حەکایەتی کوردی لەدەرەوەی ئەم نیشتیمانە، کارێکی ئەستەمە. بۆیە ئاشتی هەر تەنیا بڕیارێکی سیاسیی نییە، بەڵکو بڕیارێکی هاوبەشی نەتەوەیی و یەکبەیەکی هەموومانە بۆ چوونە ناو داهاتووەوە. ئەو ناکۆکییەی هەموومانی خستە ژێر سێبەر و باوەشی خۆیەوە، دەبێت بە ئاشتبوونەوەیەك کۆتایی بێت، کە هەموومان تیایدا ببینە ناوبژیکەر و لە سێبەریدا بحەوێینەوە.

**٢٠٠١/٤/٧ هەولێر**

(*) برایەتی ژمارە: **٣٣٥٤**ی ٢٠٠١/٤/١١

# لە ڕەهەندی مێژووییەوە
# بۆ ڕەهەندی یۆتۆپیایی ئەنفال[*]

**وەرن** با کەمێ واقیعیانەتر بیر لە مێژووی هاوچەرخی خۆمان بکەینەوەو خۆمان لە زمانی حەماسەسازی بەدوور بگرین و بپرسین: ئەگەر ئەنفال رووی نەدابا، ئێستا ئێمەی کورد چ شتێکی هاوبەشمان لەگەڵ یەکتردا هەبوو؟ لێرەشەوە نامەوێت بەو مێژووەدا بچمەوە، کە حیزبی کوردی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا سەپاند و دووچاری چەندین کۆستی گەورەی کرد، چونکە بە راستی لەو مێژووەدا لۆژیکێك کاری کردووە، کە ویستوویەتی هەموو شتێکی هاوبەش بسڕێتەوە. ئەو لۆژیکە شەڕی کردووە لەسەر ناونووسکردنی دەستکەوتەکان لەسەر لیستەی حیزب، مێژووی هاوبەشمانی شێواندووە لە پێناوی راستکردنەوەی مێژووی حیزبدا، ناوی قوربانییەکانی خستۆتە سەر ناوی شەهیدەکانی خۆی، پێیخۆشە سەروەریە بەکۆمەڵییەکانی خەڵك بە سەروەری خەباتکارانەی خۆی ناوبەرێت. شەڕە لەسەر ئەوەی پێشمەرگەی کام لایەن، یەکەم جار لە راپەڕیندا، چوونە ناو کام ناوچەوەو رزگاریان کرد! شەڕە لە سەر ئەوەی کێ زیاتر لەسەر هەڵەبجە و \گوندە سووتاوەکان هەڵدەداتێ و باشترین یادکردنەوە و فیستیڤاڵ و کۆنفرانسی (زانستی و ئەکادیمی)یان بۆ ساز دەکاو بەو جۆرە.

من باش لەمە تێدەگەم و دەیبەستم بەو مەبدەئە سەرەکییەی سیستەمی سازدانی گوتارەوە، کە دەڵێت: دەسەڵات گوتاری زاڵ و باڵادەست بەرهەم دەهێنێت و زۆرترین بەشی قسەکردنی بەر دەکەوێت. پاشان هەمان سیستەم لە رێگەی کەناڵە جۆربەجۆرەکانییەوە هەوڵی جێگیرکردنی گوتارەکەی دەدات و دەیەوێت وەك تاکە گوتار و وەك حەقیقەتی ئەو گوتارە بیخاتەڕوو. گوتاری باڵادەست لە کۆمەڵگای ئێمەدا، گوتارێکە، حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیخولقێنن، دەیگشتێنن و بڵاویدەکەنەوە. بە خۆڕایی نییە ژمارەی یادکردنەوەکان، فیستیڤاڵەکان، کۆنفرانسەکان و سەمینارەکان و هتد، (کە پارەیەکی زۆریان تێدەچێت و دەکرێ ئەو پارەیە لە خودی ئەو کێشەیەدا سەرف بکرێ، کە



موناسەبەتەکەی بۆ رێکدەخرێ) تا دێت لە وڵاتی ئێمەدا بەرەو زیادبوون دەچن. ئێمە نازانین ئێستا چەند کۆنفرانس و فیستیڤاڵی دیکە لە بەرنامەدان و کەی جێبەجێ دەکرێن. بەڵام دەزانین ئەو موناسەباتانە هەموویان بۆ سازدانی گوتار و گشتاندنی و دواجار بڵاوکردنەوەی پێویستن تاکو ئەو گوتارە ببێتە گوتاری باڵادەست و ئەوەی تیایدا دەگوترێ ببێتە حەقیقەتی کۆتایی.

کێشەکە لەوەدایە ئەو شێوە ئیشکردنەی حیزبە باڵادەستەکان لەسەر مێژوو دەیکەن. لە دوور مەودادا زیانێکی زۆر لە کۆی ئەو رەمزو بەهایانە دەدات کە دەشێت میللەتێك بۆ دروستکردنی خۆی پێویستی پێیان بێت و ئەندامەکانی خۆی لە دەوریان کۆبکاتەوە. ئەو پارچەپارچەکردنەی بەهاو رەمز و نرخە بەکۆمەڵییەکان، دواجار رۆح و خودێتی و شێوەی مرۆڤبوونی ئێمە دەخەنە بەردەم مەترسیی گەورە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو شێوە ئیشکردنە ناتوانێت ببێتە سەرچاوە بۆ تێرکردنی رۆح و مەعنەویەتی هاوڵاتیانی ئێمەو قەناعەتی ئەوەیان لەلا دروست بکا، کە مێژوو بریتییە لە کۆی ئەو ئەرکانەی ئێمە هەموومان پێیان هەستاوین و هەمووشمان خۆمانیان بە خاوەن دەزانین. جا ئەوە چ تێکشکان و سەرکەوتنەکان بێت و چ دەستکەوت و زیانەکان، بگرێتەوە. یەکەم رەنگدانەوەی ئەم جۆری ئێشکردنە لە سەر مێژوو، ئەو بۆشایی و تینوێتیە مەعنەویانەن کە ئەندام و کادێر و لایەنگرانی هەمان ئەو حیزبانە بە دەستیانەوە دەناڵێنن. ئەو نیشانە زۆرانەی ماندووبوونی دەروونین کە لەلای هەر کەسێکی سەر بەو حیزبانە دەیبینین و کاتێك گوێیان بۆ رادەگرین، بۆ چڕووك و جەخاری پەنگخواردوو لە سینەیان دێتە دەرێ و ناچارین هاودەردییان لەگەڵدا بکەین.. لێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە ئەو جۆرە ئیشکردنە لە سەر مێژوو، نەیتوانیوە ئومێد و ورە و ئیرادەی ئەندامەکانی حیزب خۆی بەهێز بکات، ئیدی چۆن دەتوانێ ئیرادەی نەتەوەیی ئێمە پێك بهێنێت؟

بۆیە من پێموایە باشترین رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا، رەخنەگرتنێکی واقیبعیانەی حیزبە لە خۆی و لە رابردووی خۆی، بەر لەوەی کەسانی دیکە بەمکارە هەستن. بە ئاواتەوە چاوەڕوانم بیرەوەری کەسانێك بخوێنمەوە کە تیایدا بەرپرسانە ئاوڕێکی رەخنەگرانە لە رۆڵی خۆی، لە کەمتەرخەمی حیزبەکەی و لە شکستی بەشێکی زۆری ئایدۆلۆژیاکانی لە ئاست کێشە گەورەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بداتەوە. ئیدی کاتی ئەوە

هاتووه دەست لەو خیتابە وەسف ئامێزانە هەڵبگرین کە هەموو بەرپرسێك و هەموو ئیداری و سیاسییەکی ئەم وڵاتە لە بۆنە جۆربەجۆرەکاندا دووبارەو چەند بارەیان دەکەنەوە و هیچ نیشانەیەکی خوێندەواریی و رۆشنبیریی ئەوانمان ناخەنە پێش چاو، ئەمەش بە تایبەتی لە مانگی سێی هەر ساڵێکدا، کە مانگێکە کۆست و کەرنەڤاڵەکانی ئێمەی لەخۆ گرتووە. مانگی سێ لەم رووەوە مانگێکە دووجار دەمانخانە بەردەم تراژیدیاکان: جارێك ئەو تراژیدیایانەی لە مێژوومانا روویانداوەو جارێکی دیکە تراژیدیای قسەکردنی ئێمە لە سەر ئەو رووداوانە، کە قسەکردنێکە لە زۆربەی حاڵەتدا بە ئاستی سفری تێگەیشتن و لێکدانەوەی مێژووییەوە خۆی ئاشکرا دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ رووداو هەن خۆیان نادەن بەدەست لۆژیکی گوتارە باوەکانەوە. هەندێ کارەسات و دەستکەوت و هەندێ کۆست و سەروەری لە مێژووی ئێمەدا هەن، کە رێدەگرن لەوەی حیزبەکان رەنگ و بۆی خۆیانیان پێببەخشن، یاخود فرمێکس گەورەیان بۆ هەڵبرێژن. کارەستگەلێکی ئەوتۆ هەن کە حیزبەکان کێبەرکێیان لەسەر ناکەن، ئاخۆ کامیان باشترو کوردانەتر یادیان دەکەنەوە. ئەو کارەساتانە جەژنی رەمەزان و قوربان نین، تا لە سلێمانی و هەولێر دوو رۆژی جیاواز بکرێنە جەژن!

ئەنفال یەکێکە لەو رووداوانەی ناچێتە ژێر کاریگەریی لۆژیکی حیزب و گوتارە زاڵەکەیەوە. ئێمە لە یادکردەوەی ئەنفالدا هەموومان وەك کورد، وەك ئەندامانی میللەتێکی ستەمدیدە و هاوخەم و کۆست، قسان دەکەین. گێڕانەوەکانی کورد بۆ ئەنفال (حەکایەتێکی نەتەویی) پێکدەهێنن، قسەکردنی خەڵکانی دەڤەری بادینان و کەلار، گەرمێن و کوێستان و گوندی و شارەکان لە سەر ئەنفال، تەنیا لەوەدا جیاوازن ،کە بەشەکانی ئەو حەکایەتە نەتەوییەمان بۆ دەگێڕنەوە و بە گێڕانەوەی زۆرترین بەشی ئەو کارەساتەش ئەو رووداوە دەنووسینەوە کە رووداوی هەموومانە و گوتاری کوردی لە سەر مێژووی هاوچەرخی خۆی پێکدەهێنێت. بۆیە دەمەوێت جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە، هەرچەندە ئەنفال پڕۆژەیەك بوو بۆ سڕینەوەی ئینسانیەتی ئێمە و بەمەش چ وەك تاك و چ وەکو کۆمەڵگاش زیانی زۆرمان کردووە، وەلێ دەکرێ بیکەین بە پڕۆژەیەك بۆ بیناکردنەوەی کەسایەتی و ناسنامەی مرۆڤانەی خۆمان. لێرەوە دەمەوێت بڵێم: ئەنفال هەر تەنیا مێژوویەك نییە پەیوەندی بە رابردووەوە هەبێت، بەڵکو دەکرێ سەرەتایەکیش



بێت بۆ دروستکردنی مێژوویەکی هاوبەشی ئایندەیی. دەکرێ ئەنفال وەك حەکایەتێکی گەورەتر لەو حەکایەتە ئایدۆلۆژیانە تەماشا بکەین، کە لۆژیکی حیزب بەسەر کۆمەڵگادا دەیسەپێنێ و، دەکرێ وێرای باسکردنی رەهەندە مێژووییەکەی ئەنفال باس لە رەهەندە یۆتۆپیاییەکەیشی بکەین.

**بەرەو رەهەندی یۆتۆپیایی ئەنفال:**

جارێکی دیکە دەپرسم: بەڕاستی ئەگەر ئەنفال رووی نەدابا ئێستا ئێمە چی کۆی دەکردینەوە؟ ئایا ئەوە زەبری ئەنفال نییە کە دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوانمان و ناچارمان دەکات، لە زاخۆوە بۆ کەلار، لە دوورترین چیاوە بۆ دەشتاییەکانی کوردستان، بەیەك زمان قسان لەمەڕ رووداوێکەوە بکەین کە بەسەرمان هاتووە؟

لەم روانگەیەوە، ئەنفال رووداوێکە ئەگەر دەستکردی مێژوو خۆی نەبێت، ئەوە بۆ مێژوو پێویست بوو! پێویست بوو چونکە دواجار مێژوو ئەوپانتاییەیە، کە بە رووداوەکانی ناوی، ناسنامەی هاوبەشی ئێمە دروست دەبێت. مێژوو بە سەرپێچیکردنی پاڵەوانەکان و رۆژی لە دایکبوونی میرزادەکان و تاج لەسەرنانی شازادەکان دروست نابێت. بەڵکو ئەوە ئەندامانی کۆمەڵگان لە میانەی ململانێ و چالاکییەکانی خۆیاندا زەمینەی دروستکردنی مێژوو دەڕەخسێنن، کە لە هەمان کاتیشدا زەمینەی دروستکردنی خۆیانە لە ناو رووداوەکاندا. مەرجیش نییە هەمیشە ئەو رووداوانە، رووداوی بردنەوەو سەرکەوتنەکان بن، بەڵکو بۆی هەیە رووداوگەلێك بن، کە لە ئاستێکدا نشوستی بۆ گەلێك بهێنن و لە ئاستێکی دیکەدا ببنە هۆی یەکگرتوویی ئەو گەلە و دروستکردنی خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەندامەکانیدا. ئەمە ئەو ئەزموونە بوو گەلی دانیمارك پێیدا تێپەڕی: بەپێی هەندێ ڕیوایەت، ساڵی **١٩٤٣** ئەو وڵاتە بە پلانێکی پێشوەختی و بە ئاگاداریی حکومەتی ئەو کاتەی دانیمارك، لە لایەن نازییەکانەوە داگیرکرا. لێرەشەوە سەرەتای شکستێکی نەتەوەیی دەستیپێکرد، گرێیەکی دەروونی بۆ هاوڵاتیان دروستبوو، کە دەبوو چارەسەر بکرێت و نەدەکرا جگە لە بەزین و تێکشکان لە بەردەم داگیرکارییەکدا، هیچ ناوێکی دیکەی لێ بنرێت. وەلێ هەر ئەم تێکشکانەش بوو کە سەرلەنوێ کۆمەڵگای دانیمارکیی یەکخستەوەو هێزە ناکۆکەکانی ئەو وڵاتەی تا ئەندازەیەکی زۆر پێکەوە گرێدایەوە و

ورەیەکی بە کۆمەڵیی تێدا دروستکردن، کە ئەوانی وەك گەلێکی یەکپارچە و یەکدڵ و یەك ئامانج بە یەکتر دەناساند. ئێستا، کاتێ دانیمارکیەکان لە مێژووی هاوچەرخیاندا دێنە سەر باسکردنی سەروەی و شکۆداریی نەتەوەیی خۆیان، یەکسەر ئەو قۆناغەیان بە بیردێتەوە. وەلێ نەك لە رووی تێکشکانەکەیەوە، بەڵکو لەوێوە کە چۆن تێکشکان هەستێکی یەکگرتوویی تێدا دروستکردن. لەوێوە چۆن بێدەسەڵاتی لە بەرامبەر لەشکری نازیەتدا و لە سەر عەردی نیشتمانی خۆیان، ئەوانی لە دەرووندا کردە لەشکرێکی یەکگرتووی نیشتمانی. هەڵبەت بەم لێکدانەوەیە، نامەوێ بڵێم: ئەو ئەنجامانەی لە تێکشکانەکانەوە بە دەستیان دەهێنن، رەوایەتی بە تێکشکان دەبەخشن، چونکە دواجار ئێمە هەر ئەنجامێکمان لێیانەوە دەستکەوێ، هێشتا لە دەردی ئەو ئازارانە کەم ناکەنەوە، کە لە ساتەوەختی تێکشکاندا ئەزموونمان کردوون. وەلێ لە بیریشمان نەچێت رووداوەکان هەر تەنیا لەبەرئەوە روونادەن تا مێژوو بەردەوامیی خۆی وەربگرێ، بەڵکو بۆیە روودەدەن چونکە مێژوو مەبەستێکی هەیە لە رووادنیان.

کانت، ئەو فەیلەسووفە مەزنەیە کە لە تێڕوانینە فەلسەفەکانیدا بۆ مێژوو، جیاکارەیەکی گرنگ دەکات لە نێوان مرۆڤ وەك تاکەکەس و مرۆڤ وەك رەگەز. ئەو پێیوایە، مێژوو بریتییە لە برەوسەندنی کەلتوور بەرەو کامڵی و وەدیهاتنی دۆخێکی نموونەیی کە تیایدا رەگەزی مرۆڤ بە کامەرانی دەگات و لە رووی عەقڵییەوە گەشە دەستێنێ و دواجاریش دەوڵەتێکی جیهانی دادەمەزرێت کە لەسەر بنەمای ئەزموونی کۆی مرۆڤایەتییەوە رادەوەستێت. بۆی هەیە تاکەکەس لەپێناوی گەشەکردنی رەگەزدا زیانی لێبکەوێت و ببێتە قوربانی، وەك ئەوەی لە جەنگەکاندا دەیبینین. جەنگەکان تاکەکەس و گرووپەکان دەخاتە بەردەم ئازار و کۆستی گەورە و ماڵوێرانییان بەسەردا دەسەپێنێ، برینداریان دەکات و شیرازەی ژیانیان دەشێوێنێ. وەلێ لە هەمان کاتیشدا کۆست و کارەساتەکان ئەزموونێکن گەشە بە عەقڵ دەدەن و ئەمەش لە کۆتاییدا خزمەتی ڕەگەزی مرۆڤ دەکات. چونکە مرۆڤ دەتوانێت بە پێی ئەزموونی ڕابرووی خۆی، هەڵوێست لە جەنگ وەربگرێت و بەو جۆرەش دەرس لە مێژووی ڕابردووی خۆی وەربگرێ بەوەی کە هەوڵبدات ڕێبگرێ لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونە زیانبەخشەکان.



قسەمان لەسەر ئەوە نییە، ئایا چەندە ئەم لێکدانەوەیەی کانت ڕەوایەتی دەداتە جەنگ و وەك پێویستییەك دەیخاتە ڕوو، بەڵکو خاڵی گرنگ لەوەدایە کە ڕووداوەکانی مێژوو تەنیا ڕووداو نین بۆ یادکردنەوە و زیندووکردنەوەی تراژیدیاکان، بەڵکو بەهای مێژوو لەو دەرسانەدایە کە دەبێت ئێمە لە ڕابردووی خۆمانەوە وەریانبگرین تاکو نەهێڵین ئەو ڕابردووە دووبارە ببێتەوە.

بە مانایەکی دیکە، مێژوو چەندە لە ئاستی تاکە کەسی و بە کۆمەڵیدا بەڵگەیە لەسەر تێکشکاندنی ئێمە، ئەوەندەش ئیمکانمان دەداتێ بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانی، ئایندەیەك بۆ خۆمان دروستبکەین، کە ڕابردوو تیایدا دووبارە نەبێتەوە. لێرەوە باسکردنی ڕەهەندی یۆتۆپیایی ئەنفال گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە ئەو وزەیەی لێرەدا بەکاری دەهێنین لە دوا ئامانجدا دەچێتە خزمەتی دروستکردنی ئاییندەمانەوە، لە کاتێکدا یادکردنەوەی مێژووییانەی ئەنفال بڕێکی زۆری وزەی ئێمە بۆ خۆی دەبات، بەبێ ئەوەی شتێکی دیکە بێتەوە شوێنی. بە مانایەکی دیکە، پێویستە لەسەر ئاستی مێژوویی، ئەنفال پێناسە بکەین، بیناسین و وەك بەشێك لە مێژوویەکی سەپا و یادی بکەینەوە، هاودەردی لەگەڵ قوربانییەکانماندا بکەین و دەنگی ئەوان بە نەوەکانی دوارۆژ بگەیەنین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرنگە ئەنفال لە ئاستە یۆتۆپیاییەکەیدا، وەك ئەو ساتەوەختە مێژووییە تەماشا بکەین، کە ئێمە تیایدا لە دەوری بەهایەك کۆ دەبینەوە کە هەمووومان بەهی خۆمانی دەزانین بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی دەیانەوێ بەهاکانمان بۆ دەستنیشان بکەن.

ئەنفال لە ئاستی مێژووییدا، سەقامگیربوونمانە لە ڕابردوودا و بەردەوامیدانە بە ماتەمگێڕی و تازیەباری، بەڵام ئەنفال لەڕوانگەی ئاییندەبینیی یۆتۆپیانەوە، بریتییە لە نومایشکردنی ئیرادەی لە دایکبوونەوە و بەردەوامیی و خۆنوێکردنەوەی نەتەوەییمان.

بەلایەکدا ئەنفال تراژیدیایەکە ژیانی قوربانییەکانی شێواندووە و بێنرخترین بەهای مرۆڤانەی پێبەخشیون، کە یادکردنەوەی ئەم کارەساتە ماندووبوونێکی ڕۆحی و دەروونییە بۆ هەمووومان. وەلێ بەلایەکی دیکەدا، ئەنفال ئەو ڕووداوەیە کە ناهێڵێت ئێمە لە جوغزی بەرتەسکی ناوچەگەرایی و بنەماڵەخوازی و دواجار ئایدیۆلۆژی و حیزبسالاریدا بمێنینەوە و گرێماندەداتەوە بە ژیانێکی هاوبەشەوە کە تەنیا بە پێکەوەبوونی ئێمە وەك ئەندامانی

کۆمەڵگایەك مەیسەر دەبێت و لێرەشدا وزەی دروستبوونەوەی ئیرادەیەکمان پێدەبەخشت کە داهاتووی خۆمانی لەسەرەوە بەندە. کەواتە لە بنەمادا ئەنفال وێڕای هەموو ڕەهەندەکانی، پەیامێکیشە داوای تێڕوانینێکی دیکەمان لێدەکات بۆ مێژوو. ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەبێت بەڵگەنامەکانی تۆمار بکەین و لە ئەزموونەکانیەوە دەرس وەربگرین، کە ئەمەش خوێندنەوەی مێژوو بە ئاراستەی ڕابردوودا دەگەیەنێت و دەکرێ ئەمە لە ناو زانکۆ و بنکەکانی لێکۆڵینەوەدا ئەنجامبدرێت و بە پلەی یەکەم کاری پسپۆڕەکان بێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەنفال سەرەتایەکمان دەخاتە بەردەم بۆ دروستکردنی مێژوویەکی هاوبەش بە ڕۆحێکی یەکگرتووانەتر و فراوانترەوە، بەبێ ئەوەی بەهاکانی کوردبوونمان بچووك بکەینەوە بۆ سەر ئاستی ئەو بەهایانەی حیزب و گوتاری باڵادەستی ئایدیۆلۆژی بۆمان دەستنیشان دەکەن..

**ئەنفال و خۆناسین:**

مرۆڤ بە سروشتی خۆی لە دوای هەموو نشوستی و هەرەسێکی تاکەکەسیانەش، دەست دەکا بە جۆرێ لە خۆناسین و پێداچوونەوە بە هەموو ئەو وێستگایانەی ڕابردوودا، کە بەو هەرەسەیان گەیاندووە. شکستهێنان دوای ئەوەی لە دۆخێکی هەستیارانەدا ڕاماندەگرێت و لە ڕووی دەروونییەوە بۆ ماوەیەك دەمانهاڕێت، وەلێ پاشان بە کپبوونەوەی حاڵەتە دەروونییەکان و ئیعترافکردن بەوەی شکستمان هێناوە، دەچینە دۆخێکی عەقڵانیترەوە، کە تیایدا گومان و پرسیارەکان دەستپێدەکەن. دەشێت هەمان پرۆسە سەبارەت بە تێکشکانە بەکۆمەڵییەکانیش هەر ڕاست بێت: بۆی هەیە کۆمەڵێك، گەلێك، یان هاووڵاتیانی وڵاتێك، لە دوای تەکانێکی هەژێنەر، لە پاش زوڵمێکی سەپاو، یاخود هەرەسێکی تراژیدی، بۆ ماوەیەك لە ناو دەریای ئازار و خەمدا گێنگڵ بدەن و تەنانەت چێژ لە بە قوربانیبوون و زەلیل پیشاندانی خۆشیان لە بەردەم جیهاندا، وەربگرن و لەو ڕێگەیەشەوە بتوانن بەزەیی ئەوانیتر بە لای خۆیاندا رابکێشن. بەڵام مرۆڤ سرووشتێکی هەیە کە ڕێگەی پێنادات بهێڵێ بۆ هەمیشە ببێتە شوێن بەزەیی ئەوانیتر، چونکە ئەمە بە جۆرێکی دیکە لە کۆیلەیی دەزانێت و نایەوێت بەردەوام لەبەردەم نیگای ئەویتردا وەك کائینێك خۆی پیشانبدات، کە شایانی بەزەیی پێداهاتنەوەیە. لێرەدایە کە



عیززەتی نەفس و گەورەیی مرۆڤ بێدار دەبێتەوە و بەرگریی دەکا لەوەی ببێتە کۆیلەیەکی شوێن بەزەیی.

ئەم ساتەوەختە هاوشانە بەهەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی ورە و متمانەبەخۆکردن و لەوێشەوە عەودالبوون بە دوای پێناسەکردنەوەی خۆمان و گۆڕینی ئەو چوارچێوەیەی قەیران و تێکشکانەکان، بۆیان دەستنیشان کردبووین.

سەبارەت بە ئێمەی کورد، ئەوە حەقیقەتێکە کە لەو چەند ساڵەی رابردوودا و دوای ئەو هەموو غەدرە گەورانەی لە خۆمان و کۆمەڵگاکەمان کران، کاراکتەری سواڵکەرێکمان بەخۆمان بەخشی، کە سواڵی سۆز و بەزەییمان دەکرد. ئەوەی ئێمە بەرگەیمانگرت هەرتەنیا غەدرێك نەبوو کە هێزە دەرەکییەکان و بێدەنگیی نێو نەتەوەیی سەپاندبوویان، بەڵکو ئازاری ئەو غەدرە چەند قات زیاتر دەبوو کاتێك بینیمان هێزە ناوخۆکانیش دەستی غەدر بۆ تەبایی کۆمەڵایەتیمان ڕادەکێشن. بەڕاستی ئێمە میللەتێکین ئەگەر ژیانی خۆمان بۆ بکەنە فیلمێك، کەسمان توانامان نییە تا کۆتایی بەدیارییەوە دابنیشین. لەهەمان کاتیشدا ئەو ئەزموونە تەڵخانەی مێژوو، هاوشان بە هەندێ دەستکەوتی گرنگ و پێکەوەنانی جۆرێك لە ئیدارەی سیاسی تایبەت، کە هێشتاش چارەنووسی ڕوون نییە، هانیاندایین بۆ خۆپێناسە کردنەوەیەکی دیکە و هەوڵدان بۆ کڕینەوەی گەورەییمان.

لێرەدایە کە ڕەهەندی تراژیدیانەی مێژوو، دەبێتە سەرەتایەك بۆ بەخۆدا چوونەوەو چاوگێڕانەوە بەهەموو ئەو دۆخانەدا کە بە تراژیدیایان گەیاندین. ئەو سەرەتایە لە ڕۆح و ناخی هەر یەکێکمانەوە دەستپێدەکات و پڕۆژەیەکی تاکە کەسییە بۆ خۆبەستنەوەمان بە گرووپێکی گەورەتر لە خۆمان، کە بەردەوام مەترسیی هەڵوەشانەوەی لەسەرە. لەوێدایە ئێمە فێری دەرسێکی مێژوویی دەبین و بە خۆمان دەڵێین: دواجار، ئەنفال وەك تراژیدیایەك خاڵی بەستنەوەی منە بە هەموو ئەو کەسانەی لە ئاستی پراکتیکی و ئایدیۆلۆژیدا ڕۆژانە ململانێیان لەگەڵ دەکەم. ئەنفال ئەو پنتەیە کە دەمبەستێت بە ژیانێکی هاوبەشەوە کە ناتوانم لە ئاستیدا کەمتەرخەم و بێموبالات بم. ئەنفال بەهایەکی هاوبەشە کە بۆم نییە بێحورمەتی پێبکەم، ئەنفال بەستنەوەی ئەخلاقیانەی منە بە ئەوانیترەوە، کە ناتوانم لە ئاستیاندا خۆم بە بەرپرسیار نەزانم. ئەنفال پەیمانێکی تاکە کەسیانەی منە لەگەڵ هەموو تاکەکەسەکانی دیکەی کۆمەڵگادا، بۆ دروستکردنی مێژوویەکی غەیرە شەخسی و،

ئەنفال دەستهەڵگرتنی هەنووکەیی منە لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانم لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە بە کۆمەڵییەکاندا.
بەم مانایە قسەکردن لەسەر ساتەوەختی ئەنفال هەرتەنیا بەشداریکردن و هاودەردیی ئێمە نییە لەگەڵ یەکدیدا، بەڵکو تازەکردنەوەی پەیمانیشە بۆ یەکتر. لێرەشەوە ئێمە پێویستیمان بە میتۆدێکی دیکەی تێگەیشتن لە مێژوو هەیە، کە تراژیدیاکانمان بکاتە خاڵی دەستپێکردنەوە و خۆئامادەکردن بۆ ژیانێکی ئەخلاقیانەتر و مرۆڤانەتر، کە تیایدا (لێبووردەیی نەتەوەیی) ببێتە خاڵی ڕزگاربوونمان لە هەموو ئەو بەدگومانیانەی کەلتووری سیاسی خستییە ڕۆح و جیهانبینیمانەوە. لێرەشەوە ئەنفال وەك تەماشاکردنی ئەو تراژدیایەی لێدێت کە هەم تیایدا فرمێسك بۆ بەناهەق کوژرانی خۆمان دەڕێژین و هەم تیایدا پاکژ دەبینەوەو ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ پاکژبوونەوەشمان لە ئاست یەکتردا.

**ئەنفال و لێبووردەیی:** قسەکردن لەسەر ڕەهەندی یۆتۆپیانەی ئەنفال، وەك تراژیدیایەکی نەتەوەیی، بەبێ قسەکردن لەسەر پاکژبوونەوەی ئێمەی ناکۆك، واتە بەبێ قسەکردن لەسەر لێبووردەیی ئێمە لەئاست یەکتردا، مانای نابێت. ئەمەش ئیمکانێکی دیکەیە تراژیدیای ئەنفال دەیخاتە بەردەستمان بۆ بەردەوامی و خۆنەدۆڕاندنی یەکجارەکی لەناو ئەگەرەکانی مێژوودا.
لە هەناوی هەموو ناتەباییەکی شەخسیدا، ئیمکانێك هەیە بۆ ئاشتبوونەوەو قەبووڵکردنی قسەی کەسانی ناوبژیکەر. ڕاستە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدیدا دەژین کە زۆرجار ناکۆکیەکان بە دوژمنایەتی خوێنی و تۆڵەسەندنەوە دەگەن، بەڵام میکانیزمی ئاشتبوونەوە لە ڕێگەی ناوبژیکردنەوە، خەسڵەتێکی زیندووی ئەم کۆمەڵگایە بووە. ناوبژیکردن گەرانتێکە بۆ ئەوەی هەموو ناکۆکیەکان بە پلەی تەقینەوە نەگەن و ئەگەر بەو ئاستەش گەیشتن، ئەوە بواری ئاشتبوونەوە نەبەستریێ. وەلێ ئەو ئیمکانەی تراژیدیا گەورەکان دەیخەنە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵگایەك بۆ ئاشتبوونەوە، بریتیە لە بانگهێشتنی یەکبەیەکی تاکەکان بۆ دەستهەڵگرتن لەهەموو ئەو ململانێ و بەرژەوەندییانەی ناسنامەی تاکەکەسیی خۆیانیان لەسەرەوە بیناکردوون، لە پێناوی بیناکردنی ناسنامەیەکی گشتیتر و بەرفراوانتردا. ئەم دۆخەش هیچ نییە لە بانگهێشتن بۆ لێبووردەیی



و ئاشتبوونەوەی گشتی زیاتر. هاودەردیی هاوکاتیانەی ئێمە هەمووومان، لەگەڵ قوربانیەکاندا، هیچ نییە لە دەستهەڵگرتنی ئێمە زیاتر لە ناکۆکی و ململانێکانمان لەگەڵ یەکتردا. بە پێوە وەستانی هاوکاتیی ئێمە لە بێدەنگیدا و لەپێناوی گیانی شەهیدەکاندا، چاوپۆشینی ئێمەیە لە شەڕە دەنگەکانمان لەگەڵ یەکتر و یەکڕیزیمانە لەکەنار یەکترەوە. یادکردنەوەو بەقسەهاتنی هەمووومان لەهەر شوێنێك کەهەین، لەسەر ماف و چارەنووسی پاکتاوکراو و کەسوکارەکانیان، جۆرێکە لە گفتوگۆی هاوبەشی ئێمە پێکەوە. کۆکردنەوەی یارمەتی و کردنەوەی سندووقی هاوبەش بۆ دەستگیرۆییکردنی کەسوکاری قوربانیەکان، لە هەمان کاتیشدا گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی هاوبەشی ئێمەیە بۆ ڕاییکردنی کێشەکانی ئەوان. تەحەددای شەرمنی حیزبە سیاسیەکان لە ئاست تاوانبارانـدا، چ بە بەستنی کۆنفرانس و ئاوەڵاکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێت بەڕووی قوربانیەکان و پسپۆڕ و شارەزاکاندا، چ بە هەڵبژاردنی کات و ڕۆژی هاوبەشی یادکردنەوەکان بێت، جۆرێکی دیکەی هاوپەیمانێتی ئەوانە لەئاست تراژیدیایەکدا، کە ناتوانن ڕەنگوبۆی تایبەت بە ئایدیۆلۆژیای خۆیانی بدەنێ.
من پێموایە لەسەر ئەم نمونانەوەیە دەتوانین باس لە تراژیدیا بکەین وەك ڕێگایەك بەرەو لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە. بێگومان هەموو ئەمانەش لە خزمەتی قووڵکردنەوەی ڕەهەندی ئینسانیانەی کێشەیەکدان، کە کێشەی مرۆڤی کوردەو هەر ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە شێوازی خەباتکردنی ئەم مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی، نەچۆتە چوارچێوەیەکی دڕندانە و تیرۆریستانەوە، وەك هەندێ لە دراوسێ نەیارەکانمان و هاوکارەکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن.
تراژیدیا چەندە ئازارمان دەدات، ئەوەندەش ناسکمان دەکاتەوەو ڕۆحێکی منداڵانەمان بەبەردا دەکاتەوە. منداڵییش پڕە لە حەزی گەورەبوون، پڕە لە لێبووردەیی و لێوانلێوە لە ئاشتی و پرسیارکردن..

**هەولێر: ٢٠٠٢/٤/١٧**

(*) لە وەڵامی پرسیارێکی کاك هیوا مستەفادا بۆ تەوەری (ئەنفال: دوای چواردە ساڵ) لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، ژ: ٤٩٩ی ڕۆژی ٢٢/نیسان/٢٠٠٢

# ژیاندۆستیی (کوێر) لە کۆمەڵگای (نابینا)دا![*]

(١)

**تا ئەوکاتەی** گەڕان و بەکێشەکردنی ئێمە بۆ کوێری، گەڕانە بەناو ئەو دەقە ئێستاتیکیانەدا کە هەڵگری دەلالەتێکن بۆ کوێری و جیهانبینیی (نابیناکان) دەخەنە ڕوو، ئەوە ڕەنگە بتوانین باس لە ئێستاتیکای کوێری، یاخود باس لە کوێربوون بکەین وەك شێوازێکی ئێستاتیکیانەی (بینین و نەبینین)ی دنیا و ژیان و مرۆڤ و دەوروبەر. لێرەدا ئەگەرچی وشەی (نابیناکان) وشەیەکی ئارام و ڕێزدارترە بۆ ناوهێنانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی چیدی چاویان کار ناکات، بەڵام هەر دەیخەمە نێوان دوو کەوانەی بچووکەوە تا ئەو جیاوازییە پیشانبدەم کە لێرەدا بۆ ئەو وشەیە لەپێشچاوی دەگرم:

من پێموایە ئەوانەی چاویان لەکار کەوتووە (نابینا)نین، وەکو ئەم وشە ئارام و ڕێزئامێزە دەیەوێت بیسەلمێنێ، بەڵکو ئەوان بەجۆرێکی دیکە دەبینن و شوناسی دنیا دەکەن و دەرك بە دەوروبەری خۆیان دەکەن.. لەکاتێکدا وشەی کوێر پڕاوپڕ مانای ئەو بارودۆخە دەدات بەدەستەوە کە هەمان گرووپ لە کۆمەڵگادا بەهۆی لە دەستدانی چاویانەوە دووچاری هاتوون و چیدی چاویان وەکو ئۆرگانێکی زیندووی لەش ناتوانێ هەستێ بە وەزیفەکانی خۆی و ببێتە ئەو دەروازەیەی کە جەستە لێوەی دەڕوانێتە جیهان و جیهان لێوەی دەچێتە ناو مرۆڤەوە. ئەو دەروازەیە نەك هەر داخراوە و ئەگەرێ نەماوە بۆ دۆزینەوەی قفڵی کرانەوەی لە ئایندەدا، بەڵکو ئیدی بەتەواوی (کوێربۆتەوە). واتە شێوەی خۆی وەك دەروازەیەك لەدەستداوە و بە بنبەست گەیشتووە و لەسەر جوگرافیای جەستە هیچ گرنگییەکی نەماوە!

لێرەشەوە وشەی (کوێری) لە ڕووی ماناوە ڕاستترە، ئەگەرچی لەڕووی هەستیاریی کۆمەڵایەتی و جۆرێ لە ئەخلاقی (بۆرژوا/خێڵەکیانەی شار)ەوە دەشێت بریندارکەر بێت. بەڵام ئەخلاقی بۆرژوا/خێڵەکی شار چ دەردێکی ئەو خەڵکانە دەرماندەکات کە



ناوی ڕێزئامێز بۆ بارودۆخەکانیان دەدۆزێتەوە و کەچی بێ موبالات و دەستەوەستانە لەئاست چارەسەرکردنی واقیعیانەی کێشەکانیاندا؟ ناوهێنانی دەستپەڕیوو و قاچپەڕیووەکانی جەنگ و قوربانییە لەپەلوپۆ کەوتووەکانی تەقینەوەی ئەلغام، بە (کەم ئەندامان) چ دەردێکی ئەوان دەوا دەکات؟ ناوبردنی ئاوارە و بێماڵەکان و بەپەراوێزکراوەکان، کە هیچ مافێکی سەرەتایی ژیانیان نییە بە (خێزانی شەهیدان) چ کاریگەرییەکی هەیە بۆسەر کەمکردنەوەی پووڕەی ئەو مێشوولانەی هەموو پشوودانێکیان لێسەندوونەتەوە، یاخود بۆ کەمکردنەوەی پلەی بەرزی گەرمای هاوینان و مەترسیی سەر ژیانی منداڵەکانیان؟ ناوهێنانی دەیان ئافرەتی کوژراو بە قوربانیی پەیوەندییە (خێڵەکی)یەکان و ئاستی (دواکەوتوو)ی کۆمەڵگا و (دەمارگرژیی ئایینی) و قێزهاتنەوە لەم دیاردەیە، بەبێ هەنگاونانی بەکردەوە و لە ڕووی یاساییەوە ڕەوا، بۆ بنەبڕکردن و سزادانی تاوانباران، چ نرخێکی هەیە؟.. ناوهێنانی کیشوەرێ بە (دیموکراسی و مەدەنی) و دواجار شانازییکردن بە پایتەختەکەیەوە بەبێ ئەوەی یەك خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین تیایدا بواری بۆ بڕەخسێ، بەبێ ئەوەی یەك شەقام لە ژێر کۆنترۆڵی حیزب ڕزگاری بووبێت، ئەگەر هەر بستێکیشی بکرێتە سۆپەرمارکێت و زانکۆ و هوتێل و هتد. ناتوانێ بەرگریی بکات لە دیموکراسیبوون و مەدەنیبوونی خۆی..

ئەو ناوەی ئەخلاقگەرایی بۆرژوا/خێڵەکی شار دەیبەخشێتە ژیان و بارودۆخ و شوێن و شتەکان، ڕووپۆشێکە دواجار واقیعی هەمان ئەو بارودۆخ و شوێن و شتانەمان لێدەشارێتەوە. ئەخلاقگەرایی بۆرژوا/خێڵەکی شار، ئەخلاقێکە لەبنەمادا لۆژیکی خێڵ دەیبات بەڕێوە و هەڵگری سیفاتەکانی خێڵیشە، بەڵام کاتێ دێتە ناو شارەوە و لەناو نیعمەتەکانی شاردا خەنی دەبێت، دەکەوێتە ناولێنانەوەی سەرلەبەری دەوروبەری خۆی، دەکەوێتە قێز و بێز کردنەوە لە بەشێکی زۆر لەو توانا و وزە و سیمایانەی کۆچی ئەویان لە شاخەوە بۆ شار فەراهەمکرد. بە هەمان عەقڵی سەلەفییەوە لەناو نیعمەتەکانی مۆدێرنیتە و تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا دێت و دەچێ، دەکەوێتە ڕەچاوکردنی هەموو تەکنیکە مەدەنیەکانی هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانە و هتد..،

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم جۆرە ناولێنانە نەك هەر (کوێری) (بەمانا مەجازییەکەی) بەرهەمدەهێنێ، بەڵکو بەچاوی ساخیشەوە (نابینا)مان دەکات. لێرەشەوە بەکارهێنانی هەر وشەیەك، جگە لە (کوێر) بۆ حاڵەتی ئەو کەسەی چاوی خۆی لەدەستداوە، شاردنەوەی ئەو ڕاستییە گرنگەیە کە دەڵێت: ئەو کەسە خۆی ئاگایە بە کوێریی خۆی و ئێمە هەرچۆنێ ناوی ببەین و بەکاریگەریی دەرسەکانی ئەخلاقی ناوبراو هەر دایەرەو دەزگایەکی بەناوەوە ناوبنێین، ناتوانین ئەو ڕاستییە لە بیر و ئاگایی ئەو بسڕینەوە.

کەواتە با لەهەمان شوێنەوە دەست بە قسەکانمان بکەین کە دەشێت لە ئەنجامدا پێیبگەین: کوێر چاوی لەدەستداوە بەڵام (نابینا) نییە، هەروەکو چۆن کۆمەڵگای ئێمەش بۆتە کۆمەڵگایەکی تاریك بەڵام مرۆڤەکانی ناوی ئێستاتیکا و عەشقیان بۆ ژیان لەدەست نەداوە و ئەمەش پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە..

(٢)

لە کوێریدا دوو هەست زۆر باڵادەستن: یەکەم گەشەکردنی لەڕادەبەدەری ئۆرگانە هەستیارەکانی دیکەی لەش بەجۆرێ کە بتوانن بارەبووی وەزیفەی چاو بکەنەوە، بەتایبەتیش هەستی دەستلێدان و بیستن و بۆنکردن. گەشەی هەستەکانی دیکەی مرۆڤی کوێر شتێکی هێندە بەدیهییە، کە هەرکەسێ بۆ ماوەیەکی کەم لە نزیك کوێرەکانەوە ژیابێت و ئاگاداریان بووبێت سەری سووڕماوە لەوەی چۆن دەتوانن بەهۆی دەستلێدانەوە شتەکان بەخێرایی لێکدی جیابکەنەوە، چۆن دەتوانن کتێب و ڕیوایەتەکان لەبەر بکەن و بیانخوێننەوە و چەندەش بەئاسانی لە ڕێگەی بۆنکردنەوە ئاراستەی خۆیان دەستنیشاندەکەن و مرۆڤەکانی دیکە لێکدی جویێ دەکەنەوە!. خەسڵەتی دووەمی کوێر فەنتازیا بێسنوورەکەیەتی، کە دەمەوێت پتر لەبارەیەوە قسان بکەم.

فەنتازیای کوێر هەرگیز بە ڕەش و سپی بینینی شتەکان و دەوروبەر دوایی نایەت، بەڵکو لەوکاتەدا کوێر دەتوانێ بە کردەی فەنتازیا و خەیاڵکردنەوە هەستێ، ئەوە پێش هەموو شتێ ژیان و جیهان ڕەنگ دەکات. چونکە فەنتازیا عەشقە بۆ



جیهان و ژیان، ئەمە لەکاتێکدا ترس کە جۆرێکی دیکەی هەستکردنە، ڕاکردنە لە ژیان و لە ترسیشدا شتەکان تەنیا (ڕەنگی) ڕەش و سپییان هەیە.

دەگوترێ: کوێری ساتێکی یاخود (شێوازێکی بینینە بە دڵ)، یان بە ناوەوە و بە ناخ.. لەکاتێکدا مرۆڤی چاوساخ شتەکان بەچاو دەبینێ و تەماشایان دەکات. لە ئەدەبیات و کەلەپووریشدا نمونەی زۆر هەن کە دەیسەلمێنن چاو نوێنەر و گوزارشکەری ناخە. دەگوترێ: (بیدوێنە و سەیری چاوی بکە)، یان: (سەیری چاوی بکەی دەزانی چی لە دڵایە!) واتە لێرەدا چاو وەکو گەیەنەرێك، وەك (ئامێر)ێك بۆ گەیاندنی ناخ تەماشای دەکرێ و لە خزمەت پەیامەکانی ئەودایە. کاتێ کوێریی دێت و مرۆڤ دەچێتە قۆناغی (نابیناییەوە)، چاو وەکو ئۆرگانێکی فیزیکی سەبارەت بە شوناسکردنی جیهان لە ئەرکی خۆی دەکەوێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نا کەچیدی کردەی بینین و دەرککردنی جیهان ڕوونادات:

مرۆڤی کوێربوو چاوی هەیە، بەڵام بە ناخ دەبینێت، لەناخەوە دەبینێت و دەرك دەکات و وەزیفەکانی چاو دەبنەوە وەزیفەی ناوەکی. دەمەوێ بڵێم ئەزموونی مرۆڤی کوێر ئەزموونی مرۆڤێکە بەبێ هیچ میدیایەك و بەبێ هیچ مەودایەکی جیاکردنەوە. ئەزموونی ڕاستەقینەی مرۆڤە لەگەڵ شتەکاندا بەبێ پانتاییەکی جیاکارە. لەکاتێکدا ئەزموونی مرۆڤی چاوساخ ئەزموونە بەهۆی میدیایەکەوە و لە دووریی مەودایەکەوە، ئەزموونە لە پلەی دووەمدا، کە دەتوانین بەم هێڵکارییە ڕوونیبکەینەوە:

(مرۆڤی چاو ساخ: ----> چاو ----> جیهان)

مرۆڤی چاوساخ (بەچاوی خۆی شتەکان نەبینێ، بڕوا ناکات). ئەو لە نێوان خۆیی و جیهاندایە: کاتێ دەیەوێ بچێتە جیهانەوە (تەماشا) دەکات و بەچاوی خۆی بڕوا دەکات کە لەناو جیهان و شتەکاندایە. کاتێکیش جیهان بۆ ناو خودی خۆی میوانداریی دەکات هەر لە ڕێگەی تەماشاوە، لە کەناڵی چاوەوە پێشوازیی لە جیهان دەکا. بەم مانایەش مەودایەك هەیە، کە جیهان وەك (سرووشت و دەوروبەر و دیاردەکان) لە مرۆڤ وەك (بوونێکی شوناسکەر و هەستیار) جیادەکاتەوە، ئەم

مەودایەش لە ڕێگەی چاوەوە پڕ دەکرێتەوە، یاخود ڕاستتره بڵێم: بەهۆی چاوەوە ئەم دوو جیهانە پێکەوە دەبەسترێنەوە. بەڵام ئەمجۆرە شوناسکردنەی دنیا شوناسێکی مەرجدار و کاتییە و پەیوەندیی هەیە بە هەبوونی ڕووناکاییەوە لەسەر جیهان و دەوروبەر، کەئەمەش لە ڕێگەی نموونەیەکەوە ڕوونده‌کەمەوە.

تۆ وەهای دابنێ ئێستا شەوە و پێکەوە لە حەوشە دانیشتووین، لەبەر تیشکی گڵۆپەکەدا، بەدەم قسانەوە دەڕوانینە سیمای یەکتر و تەنانەت بێدەنگییەکانیش لە نیگای یەکتردا دەخوێنینەوە. کەچی لەپڕ کارەبا دەبڕێ و تاریکایی دایەت. چاوی من و تۆ هەرچەند ڕەش و جوان و گەشیش بێت و دایکمان هەرچۆنێ بە چاوەجوانەکانماندا هەڵبڵێ، ئیدی یەکتری نابینین! بۆ یەکتر دەبینە تارمایی و پانتاییەکی نادیار. لەشی ئێمە لە ئاست دەنگەکاندا حەزەری خۆی وەردەگرێ و جۆرێ لە نامۆبوون لە نێوان خۆمان و دەوروبەردا هەستپێدەکەین و واهەستدەکەین گەر لە شوێنی خۆمان هەستین، شتێ دەڕێژین و خۆمان بە شتێکدا دەدەین، یان بە مانایەکی دی: دەترسین ئەو هاوسەنگییە تێکبشکێنین کە لە دانیشتن و پێکەوەبوونەکەماندا هەیە. بەڵام شتێك هەیە گەرانتیی حزووری ئێمە لەئاست یەکتردا دەکات: ئێمە یەکتری (دەرك) دەکەین، ئەگەرچی ئیدی بەچاو یەکتری نابینین و تاریکایی بۆتە هۆی بەدیهاتنی ترس و نامۆبوون لە دەوروبەر.. لەگەڵ ئەوەشدا من دەزانم تۆ هێشتا لەبەرامبەرم دانیشتووی، تۆ هەر ئەوەیت کە پێشتر، پێش کووژانەوەی گڵۆپەکە، لە ڕێگەی تەماشاوە هاتبوویتە جیهانی منەوە. من لەسەر وێنەیەکی پێشترەوە، تۆ بۆ خۆم ئامادە دەکەمەوە کە پێی ئاشنام و لە ئاستیا نامۆ نیم.. کەواتە تۆ هێشتا لە جیهانی مندایت بەبێ ئەوەی چاوی من هەستێ بە وەزیفە هەرە سەرەکییەکەی خۆی کە (بینین)ە! لێرەوە تێدەگەین کە چاو هەرچەندە ساغیش بێت هێشتا توانای بینینەکەی بەستراوە بەو ڕووناکاییەوە کە لەسەر جیهانە و دنیای دەوروبەر بۆ چاو ڕووناك دەکاتەوە!

وەلێ مرۆڤی کوێر هەموو جیهان و ژیان وەکو ئەو ساتەوەختە ئەزموونده‌کات کە تیایدا کارەبا کوژاوەتەوە، بەڵام گڵۆپەکانی ناخی ئەو هەر دەئایسێن! ئەو هەمیشە بەجۆرێکی دی لە جیهاندایە و بە جۆرێکی دیکەش بانگهێشتنی جیهان دەکات بۆ ناو



خودی خۆی. ئەو لە جیهان جیانابێتەوە و هەر لێرەشەوە مەودایەك نییە لە نێوانیاندا تا پێویستی بە میدیایەك هەبێت بۆ پڕکردنەوەی:

(مرۆڤی کوێر <--------> جیهان)

ڕەنگە نەبوونی هیچ میدیایەکیش بێت کە وادەکات فەنتازیای مرۆڤی کوێر خۆی شتەکان ڕەنگ بکات و ئەزموونی ئێستاتیکی ئەویش لەسەر جیهان و لەگەڵ ژیاندا، تاکە ئەزموونێکی ڕاستەقینە بێت. چونکە ئەو شتەکان لەخودی خۆی جیاناکاتەوە. لای ئەو جوانیی پێچەوانەی ناشیرینی نییە.. لای ئەو جوانیی خۆی ژیانە لە هەستکردنێکی بەردەوامدا، لە گوێڕادێرانێکی بەردەوامدا بۆ ژیان، لە دەرککردنێکی ئاگایانەی حزووری ژیان لەسەر پێستی ڕۆح.. ئەو هەموو ئەو شتانەی ئێمە تەماشایان دەکەین، بە تارمایی دادەنێت و مەترسیی ئەوەیان لێدەکات بەسەریاندا بکەوێ و بیانڕێژێ و تێکیان بدات (لێرەوەیە کوێر پێویستیی بە گۆچان و داردەست و ڕێنوما و هتد. هەیە)، لە کاتێکدا هەموو ئەو شتانەی لای ئێمە دوای ئاوابوونی خۆر و کوژانەوەی گڵۆپەکانی کارەبا دەبنە تارمایی، بۆ ناخی ئەو ڕۆشن و دیارن..

بەمانایەکی دی: ڕەنگە جوانیی لای ئەو یەکەیەکی ڕەهابێ و دابەش نەکرێت بەسەر (جوان و جوانتر و جوانترین)دا، هەروەکو چۆن ناشیرینش لای ئەو بەرامبەرێك نییە بۆ جوانی و دزێوی. لێرەشەوە پێدەچێت ئاشکراترین و ڕووتووقووتترین ساتی ئێمە ئەو ساتە بێت کە خۆمان لە بەرامبەر کوێرێکدا دەبینینەوە و وادەزانین ئەو نامانبینێ، بەڵام ئەو بەپێی مەرجەکانی خۆی، بە هێزی فەنتازیای خۆی، حزووری ئێمە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و (دامانده‌گیرسێنێ). واتە بەوجۆرەی کە ئەو ئێمەی دەوێت و پێویستیی پێمانە! ئێمە بۆ ئەو بەو جۆرە هەین کە خۆی دەرکمان دەکات و توانای فەنتازیکردنمانی هەیە، واتە توانای خەڵقکردنمان، نەك لەسەر بنەمای وێنەیەکی پێشتری سیمای ئێمەوە.. ئەو وێنەیەی پێش خۆرئاوابوون و پێش کوژانەوەی کارەبا هەمان بوو! بەڵکو لەسەر بنەمای هاودەردی و هاوخەونی و

پێویستیی ئێمەوە بەیەکتر وەك مرۆڤی زیندووی جوان، کە دەمانەوێ بژین و خۆشبەخت و ئازاد بین..

**(۳)**

کەواتە خاڵێکی دیکەی گرنگ، مەسەلەی وابەستەبوونی مرۆڤی چاوساخە بە (چاوەوە) و ئازادیی ڕەهای مرۆڤی کوێرە لە غیابی چاوی ساخدا. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم حاڵەتێکی دژ بەوەی ئولفەتمان پێوەی گرتووە: چۆن دەکرێ مرۆڤ بە چاوی ساخەوە کۆیلە بێت و بە کوێرییش ئازاد ؟!

لە ڕاڤەکردنی ئەم حاڵەتە دژەدا دەمەوێ بڵێم: مرۆڤی چاوساخ هەمیشە کۆیلەی چاوی خۆیەتی. واتە کۆیلەی ساخێتی چاوی خۆیەتی و هەتا چاوی ساخ بێت، هەست بەئازادیی خۆی دەکات و کە چاویشی نەخۆشکەوت، ئیدی ئەو دەبێتە کۆیلە: کۆیلەی تاریکی، کۆیلەی چاویلکە و کۆیلەی زەڕڕەبین و دووربین و هتد.. واتە هەتا چاو نەخۆشکەوێت و کز و کزتر بێت، ئەوە مرۆڤ پێویستی بە میدیا و ئامێرێکی دیکە هەیە تا ئەزموونی جیهان و شتەکانی دەوروبەری پێبکات. هەتا ئامێرەکانیش زۆرتربن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا، ئەوەندەش مرۆڤ لە جیهان دوورتر دەکەوێتەوە و مەودای نێوانیان فراوانتر دەبێ:

**(مرۆڤی چاوساخ ---> چاو ---> ڕووناکیی پێویست ---> (عەینەك، لینز، زەڕەبین و هتد) --->.... جیهان.)**

بەڵام ئەزموونی مرۆڤی کوێر لەگەڵ جیهاندا هەمیشە ئاستی خۆی دەپارێزێت، واتە ئاستی (ئازادیی) خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهاندا. چونکە مرۆڤی کوێر نابێتە کۆیلەی ئامێرەکان و وەك پێشترنووسیم: ئەو بەردەوام لەگەڵ جیهاندا تێکەڵ بووە و جیهانی لە خۆیدا جێکردۆتەوە.. واتە بەپێچەوانەی مرۆڤی چاوساخەوە کە تاکو پیر بێت، پتر هێزی چاوی لەدەست دەدات و بەمەش جیهان لەدەست دەدات، ئەوە مرۆڤی کوێر هەتا بچێتە عومرەوە ئەوەندەش ئەزموونی ساخ لەسەر جیهان و دنیا کۆدەکاتەوە و تێکەڵ بە جەوهەری دنیا دەبێت. لەم تێکەڵبوونەشدایە کە ئەزموونە ڕاستەقینەکان (بە دەردەدارترینیشیانەوە) سەرهەڵدەدەن و هێزی فەنتازیاش دەبێتە هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا بەئاراستەی خۆشەویستیی بۆ ژیان نەك ڕوو وەرگێڕان لە ژیان.



بۆ نمونە ئەگەر (شیعر) بەیەکێ لە ئەزموونە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ (مرۆڤی شاعیر) لەگەڵ جیهاندا دابنێین، ئەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەم ئەزموونە هەربەتەنیا لەسەر ئەو ئاستەوە نەوەستاوە کە شاعیر دنیا ببینێ و چاوی ساخ بێت، بەڵکو شاعیر ئەو ئەزموونە دەکاتە ئەزموونی (ناخ)ی خۆی، واتە ناخ دەبێتە ئەو چەقەی کە شاعیر لێوەی باسی دنیا دەکات. بەمانایەکی دی: شاعیری چاوساخ هەرتەنیا دنیا لەو ئاستەدا نابینێ کە چاوی ئیمکانی بینینی بۆ دەڕەخسێنێ، چونکە لەم حاڵەتەدا شیعر لە نەقڵکردنی سادەی دنیا زیاتر نەدەبوو.. بەڵکو ئەوەی ئەو دەیکات بریتییە لە (بەدەروونیکردنی دنیا)، واتە سازدانەوەی دنیا لەناخی خۆیدا. ئەو دەیەوێت خۆی لە پلەی (دیتن بە چاو)، یان لە میدیاکانی دیکە ڕزگار بکات تاکو ئەزموونی خۆی لەگەڵ جیهاندا ئەزموونێکی بێ مەودا و واسیتە بێت. شاعیر سەرەتا وەك هەر مرۆڤێ جیهان دەبینێ، بەڵام لە پرۆسەی نووسینی شیعردا، ئەو دنیای خۆی ئەزموونده‌کات، دنیایەك کە ڕاستەقینەتر و جوانترە لە دنیای ئێمە:

**(شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو**
**کە دیدەم دوور لەتۆ بێ نوورە ئەمشەو)**

بەم شیعرەی نالی مەزندا دەتوانین کەمێ درێژە بەقسەکانمان بدەین، هەروەکو چۆن لەدوای خوێندنەوەی هەر شیعرێکی مەزن دەبێت درێژە بە ژیان بدەین:

لە ڕاستیدا چاو هەر بەتەنیا کۆیلەی ئەو ئامێر و میدیایانە نییە کە پێشتر ناوم بردن، بەڵکو کۆیلەی ڕووناکاییشە: ڕووناکایی خۆر، ئاگر، کارەبا، چرا و هتد.. بەجۆرێ دەتوانین بڵێین چاو تەنیا لە ڕووناکاییدا ئیشی خۆی دەکات و ڕووناکیی مەرجی ئەزموونکردنی ئێمەیە بۆ جیهان وەکو پێشتر لە ڕێگەی نمونەی کوژانەوەی گڵۆپەکەی حەوشەوە لێیدوام. لێرەشەوە دەتوانین ددان بەوەدا بنێین: ئەزموونی مرۆڤی چاوساخ لەگەڵ جیهان و دەوروبەردا، تەنیا نیوەی ئەزموونکردنی جیهانە، واتە ئەو نیوەیەی لەبەر ڕووناکاییدا دەیبینین. چونکە حوکمی چاو خۆی لە خۆیدا ڕووناکایی نییە، چاو خۆی سەرچاوەی ڕۆشنایی نییە، بەڵکو هەبوونی ڕووناکایی مەرجە بۆ ئیشکردنی چاو وەکو ئۆرگانێکی دیداری، واتە مەرجە بۆئەوەی چاو ببینێ.. کێشەکەش لەوەدایە کە

چاو هەمیشە شتە نزیکەکان و نزیکایەتی جیهان دەبینیٚ، واتە ڕووالّەتی شتەکان. واتە ئەو شتانەی پێویست بە فەنتازیا ناکات بۆ ئامادەکردنیان لەناو ئیدراکدا. هەڵبەت لێرەدا فەنتازیا بەمانای وزەیەکی ژیاندۆست، بەمانای وزەیەکی خولقێنەرەوەی ژیان بەکار دەهێنم کە ئیمکانمان دەداتیٚ قووڵاییەکان و داپۆشراوەکان ئەزموون بکەین.

مانایەکی دیکەی شیعرەکەی (نالی) ئەوەیە کە دەڵێت: دووریی تۆ بۆتە هۆی بێنووریی چاوی من. چاو لێرەدا نووری خۆی لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەردەگریٚ کە (ئەویتر)ە و نالی بە (تۆ) ناوی دەبات. بەڵام شاعیرەکەمان لە زووڵمەتدا دانیشتووە و (کارەبای هەیوانەکەی کوژاوەتەوە!) دنیای لێبووە بە تارمایی و لە نێوان (شەوی یەڵدا) (کە تاریکترین و دووروودرێژترین شەوە) و (دەیجوور)دا نامۆ بووە بە خۆی و بە دەوروبەری خۆی. گومان لە چاوی خۆی دەکات و لێرەشەوە (دووریی ئەویتر) دەکاتە هۆی ئەم نامۆ بوونە. بەمجۆرەش ڕەنگە بکریٚ باس لە چاو بکەین وەکو خەڵەتێنەرترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ، چونکە کاتیٚ دەرککردنی ئێمە لەسەر ئاستی ناخەوە نەبێت، ئەوە مەودایەك ئێمە لەیەکتر جیادەکاتەوە، ئەگەرچی چاوساخیش بین، لەبەرئەوەی چاو ناتوانیٚ ئەویترمان لەو دوورییەوە بۆ ئامادە بکاتەوە.. ئەوەی (نالی) لەو تەنیاییە ڕزگار دەکات، هاتنەوەی لە پڕی کارەبای ڕەسمیی و تێپەڕبوونی شەوی یەڵدا و پڕ نووربوونەوەی چاوی ئەو نییە.. بەڵکو دەرککردنی نالییە لە ئاست حزووری (ئەویتر)دا وەك ئینسانێك کە دەتوانیٚ بەبیرکردنەوە و خەڵقکردنەوەی لە ناخدا، بەوەی بیکاتە بووێکی فەنتازیایی و شیعری، مەوداکان بسڕێتەوە و تێکەڵی بکاتەوە بە ژیانی ئینسانیانەی خۆی.

ئەم دەرککردنە دەرکێکی (کوێرانە)یە لە جیهان نەك دەرکێکی (نابینایانە). ڕێك ئا لەم ئیشتیاقەی شاعیردایە بۆ ئینسان، بۆ حزووری ئەویتر، کە ئێمەش بەهۆی خوێندنەوەی شیعرەکەوە ئیشتیامان بۆ ژیان دەکرێتەوە. شاعیر لەوپەڕی تاریکاییدا شەوقی شیعر هەڵدەکا و ژیانی پیٚ ڕووناك دەکاتەوە، شیعر خۆی دەبێتە سەرچاوەیەکی ڕۆشن و بەژیانەوە دەمانبەستێتەوە. لێرەدایە شیعری مەزن دەبێتە فەرمانێکی سەرشانمان بۆ ئەوەی لە دوای خوێندنەوەی درێژە بەژیان بدەین، چونکە شیعر پەیوەندییەکی بیٚ واسیتە و بیٚ میدیایە لەگەڵ جیهاندا. لوتکەی نزیکایەتی



کوێر و شاعیر لەوەدایە کە هەردووکیان لەناخەوە ڕووبەڕووی دنیا دەبنەوە، یەکەمیان بەوەی چاوی لە دەستداوە بەڵام گڵۆپەکانی ناخی ئەو هەر دەسووتێن، دووەمیشیان بەوەی لە کاتی نووسینی شیعردا چاوی خۆی لەئاست ڕواڵەتگەرایی دنیادا دابخات و لەگەڵ ویستێکی ژیاندۆستانەدا بچێتەوە ناوەوەی خۆی، ناو قووڵاییەکان. هەردووکیان بە تاریکایی دنیا دادەپۆشرێن، بەڵام لەناخەوە بۆ ژیان دەدرەوشێنەوە:

(شاعیر <--------> جیهان)

لە شوێنێکی دیکەدا نووسیبووم: (ئێمە لە چاوی یەکتردا تەماشای خۆمان ناکەین، بەڵکو لە نیگای یەکتردا وەك مرۆڤ خۆمان دەبینینەوە. (تەماشاکردن) ئیشکردنە بە چاو وەك ئۆرگانێکی جەستەیی کە شتەکان دەناسێتەوە، داتایان دەکات و لێکدی جودایان دەکاتەوە. بەڵام (نیگا) شوێنی بەیەکگەیشتنی ئێمەیە وەك مرۆڤ و ئاشکراکەری پانتاییە ئینسانیەکانی ئێمەیە. هەر بۆیەشە ئەو چاوەی لە نیگا خاڵی بێت، ناتوانێت ببێتە پەنا و داڵدە بۆ ئینسانیەتی مرۆڤێکی تر. چونکە ئەوچاوە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆحدا پساوە و تەنیا لەئاستی کارکردە ئۆرگانیەکەیدا ئیشدەکات: وەك چاوی ئەو کارمەند و کەسانەی کە لەناو کۆژانەکانماندا تەماشامان دەکەن، بەڵام نامان بینن و هەستمان پێناکەن، چونکە ئەوان دەروازەیەکیان نییە بچێتەوە سەر قووڵاییەکانی ڕۆح)..

کوێر و شاعیر، هەردووکیان بەڵگەن بۆئەو ڕاستییەی کە دەڵێت، بۆی هەیە مرۆڤ لەتاریکاییدا نغرۆ بکرێت و نەتوانێت تەماشای ڕواڵەت و سیمای دنیا بکات و چێژ لە کەرنەڤاڵەکانی جیهان ببینیٚ، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە ئەو مرۆڤە (نیگا)ی خۆی لەدەست دابێت و ژیانی لیٚ بووبێتە تراژیدیا.

(٤)

گرنگ ئەوەنییە ئەم ئێوارەیە خۆر ئاوا دەبێت و من بەتەنیا دەگەڕێمەوە ژوورەکەم و لەگەرمەی بیرکردنەوەمدا لە تۆ، کارەبا دەبڕێت. حوکمەتیش دەیەویٚ ئەم هاوینە کێشەی کارەبامان بۆ چارەسەر بکات، تاکو من و تۆ لەبەردەمی شاشەی

تەلەفزیۆنەکانــدا یــەکترمان لێنــەبێت بــە تارمــایی.. گــرنگ ئەوەیــە ئێمــە ئــەو هەلومەرجانەمان بۆ بڕەخسێ کە هەردەم ژیان وەك حزوورێکی جوان ببینین و (کوێرانــە) و (شاعیرانە) دەرکی جیهان و دەوروبەرمان بکەین. واتە لەناخی خۆماندا بــەوجۆرە لــە سازدانەوەی جیهان و دەوروبەردا بەشداریی بکەین، کە فــەنتازیامان ئازادانــە ژیــان بــۆ خۆمان و بەو جۆرەی ئێمە دەمانەوێ، ئامادە بکاتەوە و ڕەنگینی بکات..

ئەگەر ژیان لە ناخی مندا جوان نەبێت، ئەگــەر نــاخی مــن لــە دوای خۆرئــاوابوون و کوژانەوەی کارەبا و چراکان خاوەنی ڕۆشنایی خۆی نەبێت، ئیدی من بــڕوا بــەو چــەند سەعات ڕووناکاییە ناکەم کە ئەخلاقی بۆرژوا/خێڵەکی بــاو پێمــی دەبەخــشێت تــاکو چاوبەستم بکا لەئاست ئەم (کۆمەڵگا تاریککراوە)دا. نووری گلۆپەکانی ئەو ئەخلاقە نەك هەر چاوبەستمان دەکات، بەڵکو بەچاوی ساخیشەوە (نابینا)مان دەکات.. لێرەدا دەمەوێت وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەمەوە کە دەشێت لای خوێنەر دروست بووبێــت: ئێمە بە چ حەقێك خۆمان دەخەینە شوێنی کوێر و شاعیرەکان و بەناوی ئەوانەوە باس لە دنیا دەکەین و بیر لە دنیا دەکەینەوە، لە کاتێکدا خۆمان چاوساخین و جیهان تەنیا لە ئاستە ڕووکەشییەکەیدا دەبینین؟! بێگومان لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا باشترین دەستپێکردن ئەوەیە کە مانایەکی مەجازی بدەینە هــەموو ئــەو زاراوانــەی تائێــستا بــەکارم بــردوون، لەگــەڵ ئەوەشــدا پێویــستە بگــوترێ: ئێمــە لــە کۆمەڵگایــەکی (تاریککراو)ی بێ (کارەبای ڕەخنە و ئــازادیی) ڕاســتەقینەدا دەژیــن، کــە دەســەڵات دەیــەوێ لەیــەکترمان دوورخاتــەوە و لــەناو ڕواڵەتگەراییــدا دەســخەڕۆمان بکــا. تاریکاییش ئەزموونکردنێکی دیکەی دنیای کوێرەکانە و ڕایەڵبوونی پردێکــە لەگــەڵ دنیای ئەواندا بۆ گەیشتن بە ئازادی.. چونکە (تاریکایی کۆمەڵگا) نەك هەر نــاتوانێ فەنتازیای ئێمە بۆ ژیان بسڕێتەوە، بەڵکو هەستیارتریشمان دەکات و لــە ئەنجامیــشدا (دەرککردن) جێگەی (بینین) و (تەماشا) دەگرێتەوە، بە جۆرێ کــە ڕووکەشــیی دنیــا نەتوانێ فریومان بدات. نەتوانێ لە ئاست بوونی ئینسانیانەی یــەکتردا (نابینــا)مــان بکــات. لەبــەر ئــەوە پێویــستە هــەموو کــاتێ، چ ئــەو کاتانــەی کارەبــا هەیــە و چ ئەوکاتانەی کارەبا دەکوژێتەوە، بــە (شــاعیرانەترین شــێوە کــوێربین) و بیربکەینــەوە،



چونکە بیرکردنەوە بۆخۆی تێگرتن و پێهەڵپڕژاندنی جۆرێکە لە ڕووناکایی بەسەر ژیان و بوون و یەکتردا..

**٢٠٠٠/٥/١٦ هەولێر**

سەرچاوە: ڕێبوار س. (هەندێ پەرەگراف لەبارەی نیگاوە) لە کتێبی: دنیای شتە بــچووکەکان دا (ل: ٢٠ بۆ ٢٢)، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٤) سلێمانی ل١.

(*) پاشکۆی ئەدەب و هونەری برایەتی، ژمارە: ١٧٥ی ساڵی ٢٠٠٠

# له بەدگومانییەوە بۆ ئازادی
# (چەند تێزێك لەمەڕ جەستە و هەستەکانەوە)(*)

(لەودیو بەدگومانییەوە، ئازادیی سەرهەڵدەدات)
(ژان پۆڵ سارتەر)

(١)

**لــە کــەنار** بـیرەوەری و بیرکردنەوەمـدا لەمــەڕ ئــەزموون و بەسـەرهاتەکانی ژیانمەوە، لە کەنار عەودالبوونمدا بـەدوای زانـین و فێربوونـدا، هەسـتەکانم بـەنرخترین یارمەتیدەرن بۆئەوەی بتوانم بە تێگەیشتنێکی قـوولتر لەسـەر خـۆم و دەوروبەرەکـەم تێبگەم.

هەبوونی نییەتگـەلێکی تایبـەت، هـەبوونی زنجیرەیـەك پـلان و حـەز، هـەبوونی تێگەیشتنێکی تایبەت و شێوەیەکی هەڵسەنگاندنی تایبەت، هەموویان پەیوەنـدییان هەیە بە هـەبوونی هەسـتیارییەکی تایبەتیـشەوە. لەلایـەکی دیکـەوە دڵنیـام، هـەر هەستکردنێ، وەکـو سـارتەریش ئامـاژەی پێکـردووە، ڕەنگدانـەوە و پەرچـکەرەوەی پڕۆژەکانی ژیانمە و ئاشکراکەری پرۆسەی شوناسکردنێکی مەعریفیانەیە. ئاماژەکردن بەم ڕاستییەش، ئەگەر بەتەواویی لە ڕوونکردنەوەی هەسـتەکانمدا بەشـداریی نـەکات، ئەوە بەلایکەمەوە تیشکێکی ڕۆشنکەرەوە دەخاتە سەریان.

بەڵام ویڕای کاریگەریی دووجەمسەریانەی نێوان هەسـتکردن و مەعریفـە بۆسـەر یەکتر، کاریگەرییەکی گرنگـی دیکـەشمان هەیـە کـە بریتیـە لـە کاریگـەریی نێـوان هەستەکان و کۆمەڵگا. لەو باوەڕەدام پەیوەندییەکی ڕوون هەیە لەنێوان هەست، حەز، پڕۆژە و خەونەکانی کەسێك و ئەو تێگەیشتنەدا، کـە ئـەو کەسـە لەسـەر بـارودۆخی کۆنکرێتیی و مێژوویی خۆی لە کۆمەڵگایەکی تایبەتـدا هەیـەتی. هەسـتەکانی مـن پێش هەموو شتێ دەربڕی ئەو تێگەیشتنەن، کە من لە بارودۆخێکی تایبەتدا هەمە و لە پەیوەنـدیم بـە وەدیهێنـانی حـەزەکان و ئامانجەکانمـدا، خـۆمی تیـا دەبینمـەوە. هەستەکانم لە من جیـا نـین و نـاتوانم هـەرئاوا بەئاسـانیی خۆمیـان لێـدابڕ بکـەم و لەشێوەی ڕووبـەرێکی نـامۆدا مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکـەم. نـەك هەرئەمـە، بـەڵکو هەسـتەکانم شـتگەلێکی زۆریـشم لـەبارەی چـۆنێتی ئەزموونەکانمـەوە، مرۆڤـەکانی دەوروبەرم و خودی خۆمــەوە بـۆ (دەگێڕنـەوە) و هەرئـەوانیش سـەبارەت بـە ڕاددەی کارتێکردن و چونەژێر کاریگەری و پەرچەکردارەکانمەوە لەئاست دیاردەکاندا ئاگـادارم دەکەنەوە. هەروەها سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەشن بۆ ڕاگـرتنی ئـەو پەیوەندیانـەی بـە پێویست لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا دەیانبەسـتم و هـەموو ئەمـەش لـە ڕووبەرێکـدا ڕوودەدات کە ڕووبەری: کۆمەڵگایە.

بەلای هەنـدێ کەسـەوە هەسـتەکان و هەسـتیاری بـارودۆخێکی بەتـەواوی مانـا تایبـەتین، واتــە جـۆرە دیاردەیـەکی شـاراوە و داخـراوی تاکەکەسـن، ڕووبـەرێکی نائاشکرای ژیانی فەردن، کە ئەوانیتر ناتوانن دەرکیان پێبکەن و لێیان تێبگـەن. لـەم بارودۆخەشدا، بۆ ئەوەی بە شوناسێك لەسەر هەستەکانی خۆمـان بگـەین، پێویـستە بڕوانینە ناخی خۆمان و لەهەمان کاتیشدا دەبێـت ئـەو تاکەکەسـە بـین کـە خۆمـان بناسین، کە توانامان هەیە بەدنیای ئاڵۆزاوی خۆمانـدا ڕۆچـین و لێـی خوردببینـەوە. بێگومان ئەم ڕوانگەیە بەئاسانی بەرەو هەڵخلیسکانمان دەبات و دەشـبێتە هانـدەرێك تا بەتەواوی تەنیا و ناشادمان بکات. چـونکە چـەندە گرنگـە فێـرببین دنیـای نـاخی خۆمــان ببیــنین، هێنــدەش گرنگــە فێــربین بڕوانینــە دەرەوەی خۆشمــان. لێرەدایــە هەستەکانمان دەبنە ئەو پردەی کە لەنێوان خودی خۆمـان و ئـەو کۆمـەڵگا مرۆییـەدا ڕایەڵی دەکەین، کە تیایدا دەژین.

❊❊❊

هەستەکان لە واقیعی خۆیاندا چـۆنن، جیـا ناکرێنـەوە لـەو شـێوەیەی ئـەزموون دەکرێن و ئەو شێوەیەی کە ئەزموونیش دەکرێن، لەو کۆمەڵگایەدا ڕەگی داکوتـاوە و ڕەنگی ئەو کەلتوورەی وەرگرتووە کە تیایدا پەروەردە بووین. بەڵام بەو باری دیکـەدا، ئەگەر پرسیار بکەین: کۆمەڵگا چ ڕووبەرێکە؟ ئـەوە نـاتوانین وەڵامـی ئـەم پرسـیارە

بەڕوونی و ڕاشکاوی بدەینەوە ئەگەر هاتوو گوێمان نەدا بەوەی ئەو کۆمەڵگایە خۆی لەلایەن ئەندامەکانیەوە چۆن هەڵدەسەنگێنرێ و پێناسە دەکرێ و چۆن لێی تێدەگەن و قسانی لەبارەوە دەکەن.. تێگەیشتن لە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زیاتر لەسەر ئەو نرخ، ئامانج و پرۆژانەوە بینا دەبێت کە تاکە ئەندامەکان خاوەنیانن، بەوجۆرەش ناکرێ (هەستیاریی مرۆڤانە) لەو پەیوەندیە ئامانجدارە دابڕکرێ، کە هەر تاکە ئەندامێ دەبەستێ بە کۆمەڵگاکەی و جیهانی دەوروبەرییەوە. بێگومان هەر لەبەرئەمەشە مەترسیدارە بڵێین: (هەستەکان تەنیا پەیوەندییان هەیە بە ناخی تایبەتیی تاکە مرۆڤەوە)، چونکە لەم ڕێگەیەوە تاکە مرۆڤ دەروەست(ملتزم) دەکەین بەرامبەر بەو هەموو بەڵا و کێشانەی لە ناو کۆمەڵگا و بەکاریگەریی هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بەسەری دێن و، لێرەشەوە ڕێگا خۆشدەکەین بۆ دامەزراوە دەسەڵاتدارە دانپیانراوەکانی وەك ئایین و پەروەردە و دەروونشیکاری و زیندانەکان، تاکو جڵەوی ژیانی تاکەکەکەس بگرنە دەست و هەریەکەیان بەپێی ئەو بەڵگانەی بۆ مەشرووعیەتدان بە کارەکەی خۆی دەستی پێیان دەگات، ڕاستمان بکەنەوە، چاکمان بکەنەوە و بمانکەنەوە بە مرۆڤێ کە شایانی ئەوەین لەو کۆمەڵگایەدا بژین کە ئەوان ئیدارەی دەکەن!.

(٢)

کێشەی من بریتیە لە گوماندارییی من و گوماندارییی منیش بریتیە لەهەمان گومانی کەسانی دیکە. ئەم بارودۆخەش لە هەستکردنی ئێمەدا بە تەنیاییمان و ئەوەی کە (هیچکەس پێویستیی پێمان نییە و کەس خۆشی ناوێین و بەکەڵکی هیچ نایەین)، دەردەکەوێ.

هەرچەندێ زیاتر هەوڵدەین لە هەستەکان و شێوە جۆربەرەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان تێبگەین، هێندەش چاکتر تێدەگەین کە مرۆڤ چەندە بەئاسانی دەکرێ بریندار بکرێ ئەگەر هات و ئەو مرۆڤە بڕوایەکی پتەوی بەخۆی و بەهایەکی بۆ بوونی خۆی نەبوو. چونکە کەسێکی بێ بڕوا بەخۆی، بێگومان دەبێت گوێ ڕادێرێ بۆ قسە و هەڵسەنگاندنی کەسانی دی تاکو لە ڕوانگەی ئەوانەوە بڕوانێتەوە خۆی. کێشەی ئەم بارودۆخە لەوەدا نییە کە ئەوانیتر شتگەلێ نابینن کە بۆ خودی خۆمان نادیارە،



بەڵکو کێشەکە لەوەدایە، کە ئەگەر شوناسی مەعریفیانەی ئێمە لەسەر خۆمان، تەنیا لەسەر ئەو شتانەوە بینا بکرێ کە ئەوانیر لە ئێمەدا دەیبینن، ئەوە دەشبێتە دیوارێ لە نێوان خۆمان و شوناسی خۆمان لەسەر خۆمان. ئەمەش تراژیدیای هەر مرۆڤێکی بڕوا بەخۆ نەبوو پێکدەهێنێ. ئەگەر یەکێ من بە گێل و هیچ لەبارا نەبوو ناوبەرێ و منیش ئەو کەسەبم کە بڕوای بەخۆی نییە، ئەوە قسەکەی بەبێ هیچ ڕەخنەیەك و بەرپەرچدانەوەیەك لێوەردەگرم و لە سەر خۆم قبوولٚی دەکەم، چونکە من خۆم هیچ تێگەییشتنێکم نیە لەسەر کەسایەتی خۆم. واتە من لەبەرامبەر هەڵسەنگاندنەکانی کەسانی تردا خاوەنی ناسانەمەی خۆم نیم.

❋❋❋

پێبزانین یاخود نەء، جەستەی ئێمە بەپێی هەستەکانمان و لەسەر ئاستی ئەو ئاگاییەوە دەجوڵێتەوە کە لەبارەی بەهای کەسایەتیی خۆمانەوە دروستمان کردووە. نمونەی ئەمەش بریتیە لە بڕوابەخۆ نەکردن: ئەگەر من بڕوام بەخۆم نەبێ، ئەوە جەستەم ئاشکرام دەکات: لە ترساندا عەرەق دەکەمەوە، لە تەنیاییدا سەرمامە و لە نەبوونی ئاساییشیشدا هەڵدەلەرزم.. لێرەشەوە ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ لەڕێگەی ئەوانیترەوە پەیوەندیی بەو بەشەی خۆیەوە بکات کە خۆی نایبینێ، بەڵام ئەوانیتر تێبینیان کردووە. ڕەنگە لەم ڕێگەیەشەوە مرۆڤ بتوانێت پەیوەندی نێوان جەستە و ناخ بەهێزتر بکات، تەعبیرەکانی سیمای خۆی زیاتر گەشە پێدات و بەهێزیان بکات بەجۆرێ کە جەستە ببێتە ئاوێنەی ناخێکی بەهێز. بەهێزکردنی جەستە و دۆزینەوەی هارمۆنیەتی جەستە، لەهەمان کاتدا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ جڵەوکردنی هەستەکانیش. ئامۆژگاری فەیلەسوفێکی وەك ئەفلاتوون بۆ کەسانێکی پەرێشان ئەوە بوو لە وەرزشەوە، واتە لە گرنگیدان بەجەستەی خۆیانەوە دەستپێکەن.

بەڵام ئایا بەڕاستی لەکاتێکدا من دەترسم و دەچەوسێمەوە و خاوەنی جەستەیەکی لاوازی بێ بڕوام، هەست بە چی دەکەم؟

ماسوولکەکانم گرژ دەبن، دەکەومە هەڵلەرزین، عەرەق دەکەمەوە، هەناسەم تەنگ دەبێ و لەهەندێ کاتیشدا هەست بە دڵ تێکەڵهاتن و بوورانەوە دەکەم. هزری من هاوکات سەرگەرم دەبێ بە تێڕوانینی خۆم بۆ خۆم. بیرکردنەوەم هەرچییەك بێت و

تێڕوانینم لەخۆم چەندێ جیاواز بێت، دواجار یەك ناوەڕۆك کۆیاندەکاتەوە، چونکە هەموو بیرکردنەوەیەکی من لەخۆم لەو کاتانەدا هاوشانە بە بڕوابەخۆنەبوویی و خۆ بەپچووك بینینی کەسایەتی خۆم: من لەناخەوە بڕوام هێناوە و دەزانم بەکەڵکی هیچ نایەم، هیچم لەدەست نایەت، لەناخەوە وێران و پارچەپارچەم، گوناهبارم و هتد. بەمجۆرەش ئەوەی لەمندا ڕوودەدات بریتییە لە کۆڵدان و دەستبەرداربوون، خۆ بەکەمبینی، خۆسەرزەنشکردن، ترس، بێدەسەڵاتی، هەستی بەکەڵکنەهاتوویی و هەستی تاوانباری و گۆشەگیری..

گەلێ ئەزموونی تاڵ فێرماندەکەن، کە گرنگترین شت ئەوەیە بەشێوەیەکی کراوە و ڕاستگۆیانە، لەبارودۆخە ڕاستەقینەکانی ژیاندا بتوانین ڕووبەڕووی مرۆڤەکانیتر ببینەوە. واتە ئامادەبین لەگەڵیاندا یەکبگرینەوە، لەکاتێکدا یەکدەگرینەوە و تەباین، نەك تەنیا لەبەرئەوەی وادەزانین پێویستە یەکبگرینەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە پێویستی بەوەش هەیە بتوانم بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیرکەمەوە، بەڵام بەنرخی هەموو شتێ نا، بتوانم ئاراستەی خۆم بگۆڕم ئەگەر ئەوە پێویست بێ و لەبەرئەوەی خۆم هەستدەکەم پێویستم بەو گۆڕانە هەیە، نەك لەبەرئەوەی ئەوانیتر سوپاس و ستایشم بکەن. من سەرپێچی ناکەم لەوەی کە دەشێت کاراکتەرێکی مالیخولیایی و پەرێشانم هەبێ، سەرپێچی ناکەم لەوەی پێویستم بە تەنیایی و گۆشەگیری خۆم هەیە، ئاساییە گەر هەستبکەم کەس ئاوڕم لێناداتەوە و کەس پێویستی بە من نیە و خۆشەویست نیم، هەموو ئەمانە دەشێت لەشوێنێکی ناخی مندا بوونیان هەبێ.. بەڵام حەزی من ئەوە نیە لەم بارودۆخەدا بمێنمەوە و بەئاسانی مەرگی خۆم قبوولبکەم. حەزی من گەیشتنە بەئاستێ کە تیایدا وەك بووێکی زیندوو بتوانم خۆم بەرپرسیار بکەم، توانای نزیکبوونەوە و تێکەڵیم هەبێ و ئیرادەم هەبێ بۆ سازدانەوەی ژیانی خۆم. هەموو ئەمەش دەڵێم، چونکە بڕوام وایە کە پەرێشانیی و مالیخولیا بەشێکی زگماك نیە لە کاراکتەری مرۆڤ، بەڵکو دیاردەی ناو ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەن کە ئەو مرۆڤەی فڕێدەدرێتە ناو.

پەرێشانی بازنەیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشە دووبارەوە بووە و ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵەیە کە لە ناو خێزان، قوتابخانە و دەزگا



ئایینی و پەروەردەییەکاندا تواوەتەوە. مرۆڤی پەرێشان کەسێکە پێش هەموو شتێ ناتوانێ پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ دەوروبەردا هەبێ، ناتوانێ خۆی بگونجێنێ و هەموو ئەمەش لە هەستەکانیدا ڕەنگدەداتەوە و بەوجۆرەش بازنەکە دووبارە دەبێتەوە: (من بەکەڵکی هیچ نایەم، من تاوانبار و گوناهکارم) و هتد. ئیدی لێرەوە مرۆڤ دەست لەخۆی بەردەدا، هەستدەکات هیچی لەدەست نایەت و چ بەهایەکیشی نییە. ڕێك ئالێرەشدا ئەو مرۆڤە خۆی دەخاتە بەردەمی گەورەترین مەترسی: چارەنووسی خۆی دەداتە دەست کەسێکی دی، یان کەسانێکی دی وەکئەوەی بۆخۆی هیچ مافی هەڵبژاردن و پێکەوەنانی ژیانێکی سەربەخۆی نەبێ. بەمجۆرەش مرۆڤ ڕێك دەبێتە ئەو بووە بێ ئیرادەیەی کە دەزگاکان و دەسەڵاتەکان پێویستیان پێی هەیە تا بەئارەزووی خۆیان هەڵیسووڕێنن و ڕاپێچی ناو یارییەکانی خۆیانی بکەن.

(٣)

ئەگەر مرۆڤ ئاگاداری هەستەکانی بێت و خۆی بە جەستە و هەستەکانیەوە خەریك بکات و لەپەیوەندیی نێوانیان تێبگات، ئەوە کارێکی پڕ بەرهەم دەکا گەربێت و ڕێگایەکی پێچەوانە بگرێت: لەڕاستیا تۆ جگە لەخۆت خاوەنی هیچ شتێکی دیکە نیت، یاخود بە مانایەکی دیکە: ئەوەی لە کۆتاییدا شایانی ئەوەیە خاوەنی بین، خودی خۆمانین. لێرەشەوە ناسینی خود بەجەستە و هەستەکانییەوە، وەکو سەفەرێ وایە بە بیاباندا. لەم سەفەرەدا تۆ هیچت نییە و تەنیا گەڕیدەیەکی خۆبەختکردووی، هەموو ئەو شتانەت لێوەرگیراونەتەوە، یان دەستبەرداریان بووی کە خاوەنیان بویت، جگە لە خودی خۆت. پرۆسەی خۆناسین کاتێ دەستپێدەکا مرۆڤ تەنیا پشت بەخۆی ببەستێ و هەموو ئەو ئەزموونانە تەی بکا کە پێویستە تەی بکرێن، دەنا هیچ ئەزموونێکی نامۆ و دەرەکیی بۆ ئەو مرۆڤە بەهایەکی ئەوتۆی نابێت.

بەهاکان و نرخە کۆمەڵایەتیەکان نە بەمیرات جێدەمێنن و نە دەشتوانین بیاندزین، پێویستە خۆمان بەدەستیان بهێنین، ئەگەرچی دەسەڵاتی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین هەموو ڕێگایەکمان بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە لێبببەستێتەوە و بیەوێت ئەو بەهایانەمان بەسەردا بسەپێنێ کە خۆی داینـاون. ڕەنگە گرنگترین یارمەتیدەری خۆناسین ئەوەبێت، مرۆڤ وەکو تاکەکەس بگاتە ئاستێ کە بتوانێ خۆی بەشداریی

بکات لە دروستکردنی بەها و نۆرمەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەجۆرێ کە لەگەڵ حەز و خەونەکانی خۆیدا بگونجێن. بێگومان ئەمەش کارێکی هێندە ئاسان نیە، چونکە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا و بەهۆی تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ و ڕاستکردنەوە، پەروەردە و گونجاندنەوە، فێری ئەوە کراوین دەست لەبەشێکی زۆری حەز و خەونەکانمان هەڵبگرین بۆئەوەی ببینە مرۆڤێکی (قەبوڵکراو). بەڵام لە ئەنجامی ئەزموونی کۆنکرێتی ڕۆحیی و جەستەییەوە، کەبێگومان ئەم دووانە بەتوندی بەستراون بەیەکەوە، فێری (نەء) گوتنێکی هێمن و دڵنیا دەبین کە ئەنجامی خۆناسینی ئێمەیە. ئەوکاتەش گوێچکەمان (نەء)گوتنی ئەوانیتریش دەبیستێ بەبێئەوەی لەوکاتەدا هەست بە لاوازی و ڕیزپەی خۆمان بکەین.

ڕێك ئالێرەدایە ئەو پەیوەندییە قووڵەی نێوان ئازادبوونی کەسانی دی و ئازادیی خۆمان دەدۆزینەوە. بێگومان لەوە باشتر نیە مرۆڤ بیەوێت ئەوانیتر ئازاد بکا، بەڵام بۆئەوەی بتوانین ئەمە بکەین پێویستە بۆخۆمان خاوەنی ئازادییەکی ڕێژەیی بین. کەواتە هەنگاوی دەستپێکردن، دەستپێکردنە لە (خۆئازادکردنەوە) بەبێ ئەوەی لێرەدا یارمەتی کەسانی دیکە ڕەتبکەینەوە و دەست بەڕوویانەوە بنێین لە ئازادکردنی خۆماندا.

خۆئازادکردن واتە بەرگریکردن لە خود، بەڵام بۆ ئەوەی بەرگریمان لەخۆمان پێبکرێ پێویستە چاوەڕوانیمان لەخۆمان هەبێ وەك خودێك، ئەمەش هەم لەبواری ئەوکارانەی ئەنجامیان دەدەین و هەم لەبواری پەیوەندیمان لەگەڵ کەسانی تردا. سرووشتی هەموو ئاڵوگۆڕێك لەگەڵ دەوروبەر و کەسانی تردا بەوە دەستپێدەکات کە ببینە (وەرگر) و پاشان بتوانین ئەوەی وەرمانگرتووە بەکاری بهێنین. ئەگەر من بمەوێ شتێ لەبارەی جەستە و هەستەکانی خۆمەوە فێر ببم، پێویستە لەپێشاندا هەم فێربم گوێ لەخۆم(لە جەستەی خۆم) و هەم لەئەوانیتریش بگرم و ئەو ئەزموونانەش کۆکەمەوە، کە تێمپەڕاندوون. ڕەنگە ئەمە لە سەرەتاوە ئاڵۆز بێت و تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێت، بەڵام دەبێت بە قۆناغی ئاڵۆزیدا تێپەڕم. ڕەنگە زۆر شت بەلامەوە بێمانا بێت بەڵام پێویستە بۆ ساتێ بێمانایی قەبوڵ بکەم. ڕەنگە ئەوەی دەیکەم کارکردێکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانیتر نەبێ و تەنیاترم بکات، بەڵام پێویستە



بەتەنیایی خۆمدا تێپەڕم. گرنگترین شت ئەوەیە ورە بەرنەدەم، سووربم لەسەر ئەوەی دەیکەم و بەردەوامبم لەو پرۆسەی خۆناسینەدا کە دەستمپێکردووە، چونکە ئەمە تاکە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی بتوانم بەهۆیەوە بڕوا بەخۆم بهێنمەوە و ببمەوە خاوەنی خۆم.

بۆ ئەوەی ببمە خاوەنی خۆم پێویستە جەستەی خۆم بناسم، جەستەم بهێنمە دەنگ و قسەکردن. هەموو جارێ کە دەکەوینە قسەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، بەتایبەتی ئەوانەی نایانەوێ ئێمە بەتەواوی خۆمان بناسین، چونکە دەترسن لەوەی بێکارکرێن: (سیاسیکارەکان، دەروونشیکارە پیشەییەکان، ڕاوێژکارەکان و پسپۆڕە دەمڕاستەکان و هتد)، جەستەمان ڕووبەڕووی بەرگری دەبێتەوە. وەك ئەوەی ئەوانیتر دیوارێکی ئەستووریان لەنێوان خۆیان و ئێمەدا بەدی هێنابێت، دەشێت ئەو دیوارە قسەیەکی ڕەقی کاربەدەستێ، تۆنی دەنگی دادوەرێ، گرژیی مامۆستایەك، دڵڕەقی دایك و باوکێ، یاخود سیمای پۆلیسێکی کۆنترۆڵکردن بێت. ڕێك لەم کاتانەشدایە کە زەحمەتە خۆمان بەشێوەیەکی سرووشتی و ئاسایی دەربڕین چونکە هەموو ئەوانە بۆئەوەن لەناو خۆماندا چەق ببەستین و بەردەوام هەستبکەین هەڵەیەك و تاوانێکمان کردووە. بەڵام خۆدەربڕینیش لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئێمە و دیوارەکانی دەوروبەرمانەوە شێوەی خۆی وەردەگرێ. ڕەنگە تەنیا لەئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی جۆربەجۆریشمانەوە لەگەڵ ئەو دیوارانەدا بەڕاستی خۆمان بناسین، واتە ئیمکانیەتەکان و سنوورەکانی خۆمان بزانین. هێواش هێواش خۆمان لەو ڕەقبوونەی جەستەمان ڕزگار بکەین کە ئەنجامێکی ئاشکرای ئاستەکانی دەسەڵاتە بۆسەر کەسایەتیمان. بۆئەمەش گرنگە بتوانین بە زیاد لە شێوەیەك خۆمان دەربڕین و پڕبین لە تەعبیری هەمەڕەنگ. چونکە خۆدەربڕین مەرجێکی گرنگی خۆڕزگارکردنە و مرۆڤیش بە فرەچەشنەیی تەعبیرەکانیەوە جوانە!.

(٤)

جارێکی دیکە ئەوە دەڵێمەوە کە: جەستە و هەستەکان بەتوندی گرێدراون بەیەکدییەوە، ئەوەی لەگەڵ جەستەی خۆیدا تەبابێت و دڵی بەخۆی خۆشبێ، بناخەیەکی باشیشی هەیە بۆ هەستکردنێکی خۆش و کامەران. ئەوەی دەمێنێتەوە بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانیتر و ئەو دنیایەدا کە تیایدا دەژی، چونکە

لەوێدا ژیان و ماناکانی و خودی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و لەڕێگەی ئازادی، ڕۆشنگەری، خۆشەویستی و کارکردنەوە گەشە دەکەن.

من فێری ئەوەبووم، هەرشتێ دەیکەم، پێویستە بەهەموو توانای خۆمەوە و بەڕەزامەندی هەموو خودی خۆم بیکەم و ئەوەی خۆمی پێوە سەرقاڵ دەکەم پێویستە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەم بێ لەگەڵ واقیعێکدا کە بواری چالاکبوونم دەداتێ و بەهایەك بۆ چالاکیەکانم دادەنێ. تەنیا ئەوکاتە ژیان چێژم پێدەبەخشێ و ناچارمدەکات بە ڕۆح و جەستەوە خۆم بۆ ئەو شتانە تەرخانبکەم کە ئیشتیهام لەئاست ژیانێکی بەردەوامبوودا دەکەنەوە. هەر لێرەشەوە بەتەواوی دەبمە بەرپرسیار لەئاست ئەو شتانەدا کە جێبەجێیان دەکەم. هەموو ئەمانەش پەیوەندیان هەیە بە تێگەیشتنمانەوە لە پەیوەندی نێوان هەستەکان و جەستە، کەخۆی لەخۆیدا ڕەوەندێکی(پرۆسەیەکی) دوورودرێژی ژیانە، ئەگەر ڕەوەندێکی دوورودرێژ و سەختی نووسین نەبێت..

(٥)

هەستکردن بەوەی ئارەزووی شتێکمان هەیە و حەز بەئەنجامدانی دەکەین، وەکو هەموو حەزکردنێکی دیکە، بەبێ هەستکردن بە ئازادی مانای نیە. کۆکردنەوەی ئەزموون و زانین ئەو مەرجە گرنگانەن کە لەو هەستکردن بەئازادیە نزیکمان دەخەنەوە، بەڵام بۆ ئەمەش گرنگە لەو پەیوەندیە تێبگەین کە لەنێوان کۆکردنەوەی زانین و ئارەزووەکاندا هەیە: بەشێوەیەکی گشتی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی زانین وەك کردەیەك و وەکو ئەرکێ تەماشای دەکرێ، کە لەڕێگەیەوە دەگەینە ئەو ئاست و پلەیەی کە ئەوانیتر لێمان چاوەڕێدەکەن پێیبگەین.

بەڵام ئەوەی گرنگە ڕێژەی ئەو زانینە نیە کە بەدەستی دەهێنین و کەڵەکەی دەکەین، بەڵکو گرنگیی هەرە زۆر لەوەدایە: ئەو ئەزموون و شارەزاییەی بەدەستمان هێناوە، بەو شێوەیەی خۆمان دەمانەوێ و لەخزمەتی ئەو واقیعەدا دەکەوێتەوە کە تیایدا دەژین، بەکار بهێنین. واتە بتوانین زانین لەسنووری کۆکردنەوەی بەردەوامی کۆمەڵێ زانیاری و کەڵەکەکردنی سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵگێڕینەوە بۆ کردەیەکی مەعریفی بیناکەر. کردەی مەعریفی بەمانای زنجیرەیەك ئەزموون و ڕەوەندی هزریانە



بەکار دەهێنم کە هەموو کەسایەتیمان، هەموو بیرکردنەوە و ژیانی هەستیاریمان و وجودمان دەکاتە ژیانێکی دەروەست و بەرپرسیار، ئەگەرچی ئەمە بشبێتە مایەی ئازاردانیشمان!. بەمانایەکی دیکە: کردەی مەعریفی واتە دۆزینەوە و سازدانی جۆرێ لە پەیوەندی و تەبایی لەنێوان (بیرکرنەوە)و (بوون)دا، کە دیارە هەموو کەسێ و لەهەموو کاتێکدا ناچار نییە بەوجۆرە بیربکاتەوە، واتە ئاستی کۆکردنەوەی زانیاری و گوتنەوەی تووتی ئاسایان هەڵگێڕێتەوە بۆ ئاستی کارکردنێکی مەعریفی. لە بەرژەوەندی خوتبەبێژێکی سیاسی، یان ئامۆژگارکەرێکی ئایینیدا نییە بەوجۆرە بیر لەژیان بکاتەوە و ڕەنگە چ هۆیەکیش، یان هاندەرێکیشی (مۆتیڤ) نەبێت بۆ ئەوەی بەوجۆرە بیربکاتەوە. ئەوان بەجۆرێ دەئاخڤن و بەجۆرێکی دیکە دەژین.. لەبەرئەوە من بارودۆخی کەسانێك دەهێنمە پێشچاوی خۆم و خوێنەری ئەم دێڕانە، کە دەیانەوێ ژیانێکی دەروەست بژین و لەهەلومەرجێکی دژواردان و ئەو هەلومەرجەش ژیانی بەهاداریانی خستۆتە مەترسیەوە، ماوەیەکی زۆریش بەم حاڵەتەوە دەمێننەوە، تا هێدی هێدی هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدەن و هەستدەکەن لەبەردەم (نغرۆبوون)دان و ئەوجا دەپرسن: چی ڕوویدا؟ چی ڕوویدا کە من خۆم لە کەنارە دوورەدەستەکانی ژیاندا ببینمەوە؟ لەم پرسیارەشەوە ئەوەی گرنگیی وەردەگرێ ژیان خۆیەتی: یان ئەوەتا مرۆڤ بەتەواوی ئەو ژیانە لەدەست دەدات، یان ئەوەتا بەدەستی دەهێنێتەوە، یاخود سەرلەنوێ (لەدایك دەبێتەوە)، واتە ژیانێکی نوێ دەستپێدەکاتەوە، کە لەهەمان کاتیشدا بەدەستهێنانەوەی خودی خۆشیەتی.

دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان (بیرکردنەوە) و (بوون)ی خۆماندا، واتە هەڵگێڕانەوەی بیرکردنەوە بۆ کردەیەکی مەعریفی و بۆ ژیان خۆی و یەکسانکردنی ئەم دوانە بەیەکتر، زادەی هەستکردنێکی قووڵە بە ململانێکانی ژیان و ئاشکرابوونی دژەکان لەبەر چاوماندا، بەجۆرێ کە ئیدی نەتوانین خۆمانیان لێبدزینەوە. دەتوانین ئەم بارودۆخە ناوبنێین (کێشەی هەرکەسێ لەگەڵ خودی خۆیدا)، یاخود بە قۆناغی (ڕیسوایی ژیان) ناوی بەرین، کە بریتیە لە حاڵەتێك لە دابەشبوون و هەڵوەشان، لە بارودۆخی ژیانێك لەناو کۆمەڵێ دژدا کە مرۆڤ هەڕەشەی ئەوەی لەسەرە لەلایەن هێزەکانی ناوەوە و دەرەوەی بتەقێنرێتەوە، واتە لەلایەن ناکۆکیەکانی ناخی خۆی و

ناکۆکیەکانی دنیای دەرەوە. ڕیسوایی ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا مرۆڤ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی گومانلێکردن و ئاشکرابوون، کە یان لە دەرەوە ئاراستەی دەکرێ، یاخود خۆی بۆخۆی ئاشکرا دەبێت و ئەمەش هاوشانە بە سەرزەنشتکردنێکی قووڵ، کە یان بە ملکەچیبوونێکی دیکە لەبەردەم دژەکاندا کۆتایی دێت، یاخود بە ئازادبوون و هەڵگێڕانەوەیان بۆ وزەی ژیانێکی دیکە.

ئاشکرابوونی ململانێ و دژەکان بۆ خودی خۆمان و لەخودی خۆماندا، بەوەدا دەردەکەوێ، کە لە پڕ بزانین ئەو پەیوەندی، بیرکردنەوە، هەستیاری و کردەوانەی جاران لە (تاریکاییدا) دەلوان و ڕیتمی خۆیان وەرگرتبوو، ئێستا وەك ناکۆکیەکی ناو ژیانی ئێمە دەرکەوتون و چیتر ناتوانین لەگەڵیاندا بژین و لە ئاستیاندا بێدەنگ بین. لێرەوە ئێمە لەبەرامبەر خۆمان و ئەوانیتردا دەکەوینە بەردەم ئەرکێکی گەورە کە بریتیە لە پەردەهەڵدانەوە لەسەر سیمای بەڕواڵەت مەحکەم و ماسك تێگیراوی عەقڵانیمان لەلایەك و، هەموو ئەوەی کە وەکو ئیمکانێ لەبەردەستماندا ماوەتەوە تاکو بەهۆیەوە بتوانین جارێکی دیکە ڕیتمێ بدەینەوە بەژیانمان، لەولای ترەوە. تەنیا لێرەدایە دەریدەخەین کە ئێمە ژیانمان خۆشدەوێ و دەتوانین وەکو بووێکی ئاگا و خاوەن ئیرادە ڕووبەڕووی خۆمان و ناکۆکیەکانی دنیای دەرەوە بوەستینەوە.

(٦)

بۆئەوەی پەیوەندییەکی بنەمایی بەشەکانی ژیانم بەیەکترەوە ببەستێتەوە، هەوڵدەدەم بیر لە چەند بەهایەکی سادە بکەمەوە کە بۆخۆم ئەزموونم کردوون. لەڕوانگەی ناکۆکی و ئەزموونەوە ئەو بەهایانە بەرامبەر یەکدی ڕیز دەکەم و هیچ سووریش نیم لەسەر ئەوەی کەئەمانە تاقە بەهای ڕاستەقینەن، بەڵام سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو بەهایانە بۆ من گرنگن: خۆشەویستی، هاوکاری و متمانە و ڕاستگۆیی، کە هەموو ئەمانەش پەیوەندیان هەیە بە ئازادییەوە.

(خۆشەویستی، هاوکاری و ڕاستگۆیی) ئەگەر ئەو پێشزەمینە و کەشوهەوایە نەبن کە مرۆڤ تیایدا گەشەی کردبێ و پەروەردە بووبێ، ئەوە زەمینەیەکی لەبار و گونجاون بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی ژیانی هەرکەسێ کە بیەوێ بەدوور لە بەدگومانی و ڕاڕایی بژی. ئەمانە ئەو زەمینەیەن کە تاکە مرۆڤ بەپلەی یەکەم: ئەزموون و



شوناسیان دەکا، بەپلەی دووەم: بە وردی بیریان لێدەکاتەوە و دواجاریش: تاقییاندەکاتەوە و جێبەجێیان دەکات.

سەرچاوەی ئەزموونکردنەکانمان بریتیە لە هەستە جۆربەجۆرەکانمان، لەپێش هەمووشیانەوە نیگا، کە فێرم دەکات جیاوازیی بکەم لەنێوان تاریکی و ڕووناکاییدا. پاشان هەستی بیستن کە فێری ناسینەوەی دەنگەکان و بێدەنگیم دەکا. هەروەها هەستی بۆنکردن و چەشتن و ڕەنگە لەهەمووشیان گرنگتر (هەستکردن خۆی) بێت کە لەڕێگەیەوە فێری جیاوازی لەنێوان سارد و گەرمدا دەبم. بەڵام نابێ ئەو شتەشم بیر بچێ کە بە (میزاج) ناودەبرێ و بنەمای پێکەوەبەستنی هزر و هەستەکانمە. میزاج شتێ نیە بتوانم لە شوێنێ لەشوێنەکانی جەستەدا بیناسمەوە، چونکە هەر مرۆڤێ بەجۆرێ میزاجی خۆی دەناسێ و پەیوەندی هەیە بە بارودۆخی کەیفسازی و بێ کەیفییەوە.

ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ دەڕوانینە کەیفسازی، ئەمە بارودۆخێکە، دەتوانین بیخەینەڕوو، ئاشکرای بکەین و یارمەتیمان دەدات لەوەی لە پلەیەکی باڵادا بمێنینەوە. هەربۆیەشە دەتوانین کەیفسازی بە بارودۆخێکی دەروونی تێگەین کە ڕووناکایی و ئاوازە جۆربەجرەکان هاژە دەکەنە دەروونمانەوەو هەستەکانمان بەئاسانی شتەکان وەردەگرن و ئێمەش هێندە کراوەین، هێندە لە خۆزگە و هیواخوازیدا دەژین، واهەستدەکەین ئازادانە هەڵدەستین بە بڕیاردان و جێبەجێکردن.. لێرەشەوە هزری ئێمە دەبێتە پردێکی پەیوەندیی لەنێوان کرانەوەمان (انفتاح) و ئازادیماندا.

بەپێچەوانەوە، بێکەیفی(یان بێ میزاجی) بارودۆخێکە ڕاپێچی نغرۆبوونمان دەکا و تیایدا ڕووناکایی پەردەیەکی تاریکی دەدرێت بەسەردا. زەحمەتە بتوانین دەنگەکان لێکدی جیابکەینەوە و هەستەکانیشمان داخراون و بەدەگمەن شتەکان وەردەگرن. بارودۆخێکە مرۆ بەسەرخۆیدا داخراوە، تەنیایی و بێ هێزی بەردەوام ڕاپێچمان دەکەن بۆ دۆخی ڕۆچوون، چ هیوایەکمان بە ژیان نامێنێ و واهەست دەکەیت هەموو بڕیار و کردەوەکانت لەپێشەوە بۆ دەستنیشان کراون و هزری خۆمان کارناکات و بەکوێرە ڕێ گەیشتووین.

## (٧)

هەر قوتابییەکی بەشی فەلسەفە و هەر خوێنەرێکی تێکستە فەلسەفیەکان ئاشنایە بە وێنە ئەشکەوتیەکەی ئەفلاتوون، کە تیایدا باس لە کۆمەڵێ مرۆڤ دەکات کە ڕووبەڕووی دیواری ئەشکەوتێ لە زنجیر کراون و تەنیا شتێ دەیبینن ئەو سێبەرەیە کە لەئەنجامی هاتنەژوورەوەی ڕووناکایی خۆر لە کونی ئەشکەوتەکەوە وەك سێبەر لەسەر دیوارەکەی بەرامبەریان دەردەکەوێ.

ئەفلاتوون نوسینەکانی خۆی بەراوورد دەکا بە ڕووناکایی دەرەکی، واتە ئەو تیشکەی لە دەرەوە، لە دنیای واقیعییەوە دێتە ژوورەوە، لەگەڵ ڕووناکایی ناوەکی، واتە ڕۆحی مرۆڤ خۆی، واتە هەوڵی مرۆڤەکان بۆ ڕزگاربوونیان لە زنجیرەکان و عەودالبوونیان بە دوای خۆری ڕاستەقینەدا. سپینۆزا لەکتێبی (ئەخلاق)دا و لەپەیوەندی بە نەخشەکێشانی هەستیاریی مرۆڤەوە، پتر گرنگی بە ڕووناکی ناوەکی دەدات و وەکو بارودۆخێکی کەیفسازی و خۆشبەختی دەیخاتە ڕوو.

لێگەڕێن با ئێمەش هزر و هەستەکان و ژیانی ئاگایی بەو شوێنە ناوبەرین کە تیایدا ڕووناکایی و خۆشبەختی لەجوانترین دۆخی مەعریفیانەدا بەیەکدی دەگەن بەمەرجێ ئەو دۆخە مەعریفیە لەسەربنەمای ئازادییەوە وەستابێت. بەمانایەکی دیکە، ئاگایی بۆی هەیە بگاتە بارودۆخێکی شوناسکەر، واتە پەیوەندی نێوان بوون و بیرکردنەوە تێبگات، ئەگەرهاتوو لەڕێگەی هەستیاریی جەستەوە هەنگاو بنێت.

پێویستە ئەوە بهێنینە پێشچاوی خۆمان کە بەپێی وێنەکەی ئەفلاتوون، لەودیو ڕووناکییەوە ئاگر هەیە و ئاگرەکەش سەرچاوەی ڕووناکیەکەیە. پێویستە ئەوەش بهێنینە پێشچاوی خۆمان کە لەودیو ئاگرەکەشەوە دووکەڵ و تاریکاییەکی نەبڕاوە هەیە، بەتاڵایی و ڕووبەری هیچی.. ئەم تاریکاییە نەبڕاوەیە لەهەمان کاتدا بەشێکیشە لە ئاگایی خۆم، بۆنمونە لەو کاتانەدا کە دوودڵ و بەدگومانم، بیرتاریك و ڕەشبینم. لێرەشەوە هەرچەندێ ئالۆزی و ناشەفافیەت لەمندا زۆربێ، هێندەش بەرگەگرتنی ڕووناکایی دەوروبەرم گران دەبێ. من بەرەو تاریکایی ڕاپێچ دەبم و خۆم لە خۆرەتاوەکە دەدزمەوە. پێویستە هێدی هێدی لەو شتە تێبگەم کە بەرەو نغرۆبوون و بێکەیفی و پەستی ڕاپێچم دەکا و بەرەبەرە خۆم بگەیەنم بە ئاستێکی ڕوونتر



لەبیرکردنەوە، چونکە تەنیا لە ڕووناکیی ناو خۆمدا دەتوانم پەیوەندییەکان بدۆزمەوە و بەشێوەیەکی ئازاد هەناسە وەربگرم و بگەم بە ڕووناکیی دەرەوەش.

لە باوەشی ئەو ڕووناکایی و گەرمایەی لە ڕوونی و شەفافیەتی ئاراستەی ژیانماندا هەیە، حەزەکان جڵەومان دەکەن و ئارەزووەکان ناهێڵن ئارامبگرین و جۆش و خرۆشی عەودالبوونمان تێدا دەخرۆشێنن. بەمجۆرەش ئێمە بیر کردنەوە و ئاگایی، مەعریفە و خۆشەویستی و حەزێکی ئیرۆسیی عەودالمان هەیە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی شەففاف لە ژیاندا. بەڵام خۆ ناسیی لەو شوێنەوە دەستپێدەکا، کەتووشی شۆکی ڕووناکیەکە دەبین (چاومان دەکرێتەوە، بەئەزموونێکدا تێپەڕ دەبین و گوێمان لەدەنگێ دەبێ و هتد..) ئەمەش لە بێ ئومێدی ڕزگارمان دەکات و هیوامان بۆ دەگێڕێتەوە، ژیانمان لەلا خۆشەویست دەبێتەوە، داهاتوو مانای خۆی بەدەست دەهێنێتەوە و گرنگییش دەدەینەوە بە خودی خۆشمان، چونکە ئیدی لە کۆت و زنجیرەکان ڕزگارمان بووە و دەبێت لە ئەشکەوتەکەدا بێینە دەرەوە.

ئالێرەدا، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بەئاراستەی ئازادیدا بژی/بنووسێ، پێویستە ئاگادار بێت: چونکە ژیان/نوسین لەیەك کاتدا دەبێتە سەرچاوە و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە دووبارە بیرکردنەوە بەبێ ئەوەی سەرچاوە لە دووبارەبیرکردنەوەدا لەناو بچێت. واتە نە ژیان دەبێتە نووسین، نە نووسینیش هەموو ژیانە. خاڵی دەستپێکردن ئەوەیە کە بیهێنینە پێشچاوی خۆمان، کە سەرچاوە و دووبارەبیرکردنەوە بەشێوەیەکی پڕ بەرهەم کاردەکەنە سەر یەکتر: ئەوەی هەنگاوی یەکەم پێکدەهێنێ ئیشکردن و ئاگاییمە لەسەر چۆنێتی ئەو ئیشکردنە کە ڕزگارم دەکات لە بەدگومانی. لەدوای ئەمە گرنگە بگەمە ئاستێکی ئەوتۆی دانایی کە ئیشکردنەکەم ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو جەختی لەسەر دەکاتەوە بەوەی کە بەئاراستەیەکی شایاندا هەنگاوم ناوە و ئاسۆی ژیانی خۆمم فراوانکردووە و تەعبیری لێدەکەم.

بەڵام باپپرسین داخۆ لەکاتێکدا کە (بوون) و (هزر)، یان بیرکردنەوە لە بوون، بەناو بەدگومانی و نغرۆبووندا ڕووبەڕووی یەکدی دەکرێنەوە، چی دەکەوێتە مەترسیەوە؟ واتە ئەو کاتەی دەمانەوێ بەو جۆرە بژین کە بیر دەکەینەوە و بیرکردنەوە لە ژیان دەکەینە خاڵی سەرەتای دەروەستبوونمان چی دەکەوێتە مەترسییەوە؟

بێگومان خودی خۆم، چونکە من هەنگاوی یەکەم لەخۆمەوە دەستپێدەکەم و لەناو واقیعی خۆمەوە ڕووبەڕووی خۆم دەبمەوە. لێرەدا لەپڕ چەندین پرسیار سەرهەڵدەدەن کە گرنگە بەلای منەوە تا وەڵامیان بۆ بدۆزمەوە: ئایا ئەوەی لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا دەیبینم خودی خۆمم یاخود کۆپییەکی خۆمە؟ ئەگەر کۆپیی خۆمە، ئایا دەتوانم لە کۆپییەکەی خۆمەوە بگەڕێمەوە بۆ خودی خۆم؟

دەزانم سەرەتا من لە ئاوێنەی واقیعی ژیانی خۆمدا، خودی خۆم پیشانی خۆم دەدەمەوە و پاشان لەئاوێنەکەوە دەڕوانمەوە شوێنێکی کراوە کە تۆی لێوەدیاریت و ئیدی یەکتر دەناسینەوە و بۆیەکدی پێدەکەنین. ئەگەر لەم یەکتر ناسینەوەیەدا ڕووناکایی هاوشان بە (خۆشەویستی ئێمە بۆ یەکتر) دەرکەوێ، ئەوە بەمانای ئەوەیە ڕووناکییەکە لەهەردوو لاوەیە و هەرئەوەش ڕووناکایی (مرۆڤبوونی ئێمە)یە. واتە ئێمە وەکو دوو مرۆڤی ئازاد یەکترمان ناسیوەتەوە. لەکاتێکیشدا مرۆڤ بیر لەواقیعی خۆی دەکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئازادییەکەی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا لەدەستی خۆیدایە و ئازادیی بریتیە لەوەی بتوانین بیربکەینەوە، خۆمان دەربڕین و بۆیەکتر بدوێین و لێگەڕێین مامەڵەی ئێمە لەگەڵ یەکتردا، بە دەربڕینێکی میتافۆری: (شوێن هەنگاوی حەرفەکانمان بکەوێ)، بەبێ ئەوەی بچینە سەر ڕێزمان و گراماتیکی یەکتری. ئەگەر من و تۆ وەکو دوو مرۆڤی ئازاد ڕووبەڕووی یەکتری ببینەوە، ئەوە ئەم ئازادییە ئازادیی ئێمەشە لەوەی هەریەکەمان خاوەنی گراماتیکی خۆمان بین بەبێ ئەوەی جیاوازیی ڕێزمانیی ئێمە ڕێگە بگرێ لە (تێگەیشتن)ی ئێمە لە یەکتر و هێنانەکایەی ژیانێك و پێکەوەبوونێکی (هاوبەش)دا.

کەواتە هەبوونی تۆ لەبەرامبەر مندا و ناسینەوەی ئێمە بۆ یەکتر وەکو ناسینەوەی ئینسان بۆ ئینسان، مەرجی ڕزگاربوونی منە لە بەدگومانی و گەیشتنی ئێمەیە بەئازادی. بەمجۆرەش هەنگاوی یەکەمی، یاخود سەرەتایی مرۆڤ ئەوەیە کە هەستێ بەو بیرکردنەوەیە یاخود مامەڵەیەی کە ئاگایی دەتوانێت (لێوەی، بەهۆیەوە، لەڕێگەیەوە)، ئاراستە ببێت بەرەو ئازادکردنی ئەویتر، واتە ببێتە (ئازادیی بۆ ئەویتر) و بەمکارەیشی ئەویتر بکاتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئازادیی خۆی.



(٨)

خەریکە بڵێم: گرنگترین پرنسیپی هەر بیرکردنەوەیەکی دەروەستانە بریتیە لەوەی ئەو بیرکردنەوەیە بگاتە پلەی دەربڕین، واتە ئەو پلەیەی کە بتوانین ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، فۆرمۆلەی بکەین و بەهۆیەوە بگەینە لای.. ئەوانیتر.

لەو ساتەوەختەوە کە هەموو شتێ ئیمکانی بۆ دەرەخسێ لەناوجەرگەی ئاڵۆزییەکانی گومان و بەدگومانییەوە (کەخۆی لەخۆیدا بارودۆخێکی نائازادانەی مرۆڤە) دووبارە دەستپێبکاتەوە، خاوبێتەوە و شەففاف و ڕوونبێتەوە، بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگریکردن لە هرووژمی بێ ئومێدییەکی ڕەهای مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا. ڕووبەڕووبوونەوەیەك، کە وزەی خۆی لە هەوڵدانێکی ڕووتەوە بۆ بەردەوامیی لەژیاندا وەردەگرێ و گەرەکیە هاندەرێ بۆ ژیان و مانەوە بدۆزێتەوە. ڕەنگە دوورترین هاندەریش لەو بارە بەدگومانییەدا بۆ مانەوە، ئەو ئومێدە بێت کە بەهۆی (موعجیزە)یەکەوە هەستی خۆ بە(هیچ)زانیمان دەگۆڕێ بەهەستێ کە خۆمان بە (شتێ) بزانین. ئەمەش دەریدەخات کە ئێمە تا ڕوودانی ئەو موعجیزەیەش خۆمانمان وەکو بووێکی ئاگای هەستیار و زیندوو لەناو سرووشت و واقیعی ژیانی مرۆڤانەدا، لەیاد نەکردووە.

بیرکردنەوەیەکی بوونخوازانەی لەمجۆرە، کە هەنگاوی سەرەتایی خۆی، لە بوونی کۆنکرێتی خۆیەوە هەڵدەهێنێتەوە، جیا ناکرێتەوە لەو ئیرادەیەی کە دەیەوێ ئەزموون کۆبکاتەوە و بیر لە ئەزموون و ژیانی ئاگایانەی خۆی بکاتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە لەهەوڵدانی بەردەوامی خۆیدا بۆ ئەوەی (تیۆری) و (پراکتیك) پێکەوە ببەستێ، بۆ ئەوەی وا بژی کە بیری لێدەکاتەوە، هەمیشە لە خاڵی (ئازادی)یەوە، بەمانای ئیمکانی ئازادانەی  خود بۆ هەڵبژاردنەکانی، هەنگاو دەنێ.

بوون واتە بوونێکی ئاشکرا و بوونێکی تەعبیر لێکراو. ئیشکردنی مەعریفیانە لە بووندا، واتە شارەزایی و تێگەیشتن لە هەلومەرجەکانی مامەڵەکردن و ئیشکردن لەگەڵ توانای تەحقیقکردنی خواستەکان لە ئەنجامی ئەو شارەزایی و تێگەیشتنەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی. بەمانایەکی دیکە: شوناسی مەعریفی و ئەخلاقی ئەو ئەرکەیە کە دێتە سەرشانمان تاکو هەوڵدەین پەیوەندییەك لەنێوان (بوونمان) و (بیرکردنەوەمان)،

لەنێوان (کردەوەکانمان) و (قسەکانمان)دا، بەکەمترین دژایەتی و ناکۆکییەوە، بهێنینە دی. یاخود بەمانایەکی دی: بتوانین کارێ بکەین هزر و هەستەکانمان بەئاراستەی مامەڵەکردنی شیاودا هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن بەبێ ئەوەی لە واقیعی ژیانی خۆمان دابڕ بین و لەناو باوەشی وەهم و ئایدیالیزمدا خەومان لێبکەوێ.

بەڵام سەختە بتوانین ئەو شتە دەربڕین کە دەرکی پێ دەکەین، چونکە دەبێت ئەوەی دەریدەبڕین لەپێشاندا ئەزموونمان کردبێت، ئەگەرچی ئەو ئەزموونانەی مرۆڤ تێپەڕیان دەکات پابەندی هەلومەرجی ئەو وێنا و چاوەڕوانیانەن کە لە ناو سەرماندان. ئەزموونەکان ئەوکاتە دەبنە حەرف و ڕستەی تەواو کە توانیبێتمان کاریان لەسەر بکەین و پەیوەندیەکانیانمان ئاشکرا کردبێت. ئەفلاتوون بڕوای وابوو کە (دووبارە بیرکردنەوە) و (بوون) پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەیە. دیکارت و سپینۆزا، ڕۆسۆ و کیرکەگۆرد و سارتەر هەریەکەیان بەشێوەی خۆی و لەمەودای زەمەنیی جۆربەجۆردا، خۆیان بەم کێشەیەوە خەریك کرد و هەوڵیاندا لە مەسەلەی دووبارە بیرکردنەوەدا (واتە شوناسی مەعریفی خۆمان و دنیای دەوروبەر)، شتی جۆربەجۆر پێشکەش بکەن.

## (٩)

ئەزموون و دووبارەبیرکردنەوە بەناوی ئازادییەوە، یان لەپێناوی ئازادیدا،یاخود بەرەو ئازادی، سەرەتای هەموو فەلسەفاندنێکە، واتە سەرەتای هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییە. هەرکەسێ کە دەخوازێ بنووسێ/بەرهەمبهێنێ و لە هەوڵدانی داڕشتنی بیرەکان و هەستەکانیدایە، بێگومان دەبێت خاڵی سەرەتایەکی دەستپێکردنی هەبێت و ئەم خاڵی سەرەتایەش بە پێویست دەبێت بەشێوەیەکی کۆنکرێتی ئەزموونکراو بێت، لەبیرکردنەوەدا هەڵسەنگێنرابێت و هتد.

ئاگایی لەسەر خود و لەسەر دنیا، شتێکە پێش ئەوەی ببێتە داواکاری و تەمەننا، لەلای هەموو کەسێك ئامادەیە. کاتێکیش ئاگایی وەکو داواکارییەك خۆی دەردەخا و خۆی دەروەست دەکات، ئەوە ژیانی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ دەست پێدەکا. بەمجۆرەش ئەو واقیعیەتەش سەر هەڵدەدات کە پێماندەڵێت: بەهۆی خۆشگوزەرانی و کەیفسازییەوە، بەهۆی ئومێدەوارییی و بەهۆی و سازدانی یۆتۆپیاوە وەك خاڵی سەرەتا و هەنگاوی



دەستپێکردن، دەتوانرێت هەموو ترس و بێ کەیفییەك لەناخەوە هەڵگێڕدرێتەوە بۆ متمانە و کەیفسازی و گۆڕان. بەڵام زۆر گرنگە هەموو شوناسێکی مەعریفی و فۆرمۆلەکردنی ئەزموونەکان ڕەگوڕیشەیان لە ژیان خۆیدا بێت، لە ئەزموونە کۆنکرێتیەکانی خۆماندا و لە ئاگایی چالاکانەی خۆماندا. پێویستە خودی خۆمان (نەك ئەفسانەیەك لەسەرخودی خۆمان)، ببێتە بابەتی حەقیقەتی خۆناسین و خۆ دۆزینەوە و لەخۆ تێپەڕاندنمان: ئەمەش هەوڵی بەردەوامی مرۆڤە بۆ (بەبابەتکردنی خودی خۆی)، وەك سارتەر ئاماژەی پێکردووە.

پانتایی ڕاستەقینەی حەقیقەت پێویستە ئەو پانتاییە بێ کە هەمەڕەنگیی، جوڵانەوە و پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حەقیقەتە جۆربەجۆرەکان تیایدا ئامادە بن. بەڵام بێمانایە باس لەئاستەکانی شوناسی مەعریفی بکەین لە نووسیندا، یاخود لە بەرهەمهێناندا بەگشتی، ئەگەر نەتوانین (دەربڕینە مردووەکان)ی ئەو نوسینە بکەینە بەشێ لەو چالاکی و جوڵانەوەیەی لە دژی نائومێدی پێی هەڵدەستین. واتە ئەگەر نەتوانین نووسین لە تێکستەوە بکەینە ژیان و بیکەینە کردەوە. لێرەشەوە ڕۆڵی خوێنەر دێتە ئاراوە. خوێنەر وەك بووێکی چالاك و بکەرێك، کە پێویستە بەئەزموونەکانی خۆیەوە بچێتە ناو ئەو بزوتنەوە و جموجوڵەوە کە تیایدا ڕووبەری نائومێدی کەمترین ئاست بەخۆیەوە دەگرێت.

کاتێ تێڕوانینی ئەخلاقی تێکەڵ بەم پەیوەندیە دەبێت، کە مرۆڤ گەیشتبێ بە، یاخود ناچارکرابێ بە وەدەستهێنانی ئاگاییەکی تیژبین: ئاگایی سەبارەت بەوەی کە (ئەوەی دەبێت مرۆڤ بە پلەی یەکەم تیایدا بژی)، ژیانی خۆیەتی و زۆر گرنگە ئەو مرۆڤە ببێتە سەرداری لە ماڵی خۆیدا، واتە لە خودی خۆیدا. ئالێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە بیروڕاکان، (بوون) دەروەست و بەرپرسیار دەکەن، یاخود بەشێوەیەکی ڕاستتر: ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندیی بوون و بیرکردنەوە بەشێوەی پەیوەندیی دەم و لێوی لێدێت! چونکە ئەوە لە دەم و لێومانەوە دێتەدەر کە بیرمان لێکردۆتەوە و دەمانەوێ ئەزموونی بکەین، هەروەکو چۆن هەموو ساتەوەختێکی بوونی ئێمەش، بوونە لەبیرکردنەوەدا.

## (١٠)

بەڵام قسەکردن لەسەر ئازادی بەبێ بیرکردنەوە لە شێوەی بەکارهێنانەکەی و بەدوور لە کارکردەکەی لەنێوان مرۆڤەکاندا، چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر ئازادی نەبێتە زەمینەیەك بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤەکان و گۆڕانی بڕیار و مامەڵەیان، چ سوودێکی هەیە؟

ڕۆشنگەریی بارودۆخی ئازادی، بەر لەهەر شتێ دەبێت ببێتە ئەو پاڵنەرەی کە ڕێگە بەدەرکەوتن و تەعبیرکردن لە بوونی مرۆڤ دەدات: دەرکەوتن و تەعبیر لە بوونی تاکەکەس بۆ خودی خۆی و لەبەردەم ئەوانیتریشدا. ئەگەر ئازادی نەبێتە هۆی ڕزگارکردنی من لە تەنیایی و هەستی خۆبەهیچزانیم و بەهایەك بۆ بوونم نەگێڕێتەوە تاکو بتوانم لەئاست خودی خۆمدا هەست بەشتبوونی خۆم بکەم و لەبەردەمی تۆشدا تەعبیر لەم دۆخەی ژیانم بکەم، ئەوە مانای ئەوەیە من هێشتا لەبەدگومانی و ترس ڕزگارم نەبووە. تەنیا ئەوکاتەی من بۆ خودی خۆم ئازادم، تۆش بۆ من بوونت هەیە و تەنیا ئەوکاتەش بیرکردنەوە و نیەتەکانم بەئاراستەی گەیشتن بە تۆ و ئەوانیتردا خۆیان ئاشکرا دەکەن و دەبنە بەڵگە لەسەر بوونی ئینسانیی من. بەمانایەکی دیکە: ئەگەر بیرکردنەوە و هەستەکانی من نەبنە بیرکردنەوە و هەستیاریی لە نێوەندێکی مرۆڤانەدا، ئەوە ناتوانم ڕێز لە ئازادی ئەوانیتر بگرم و ددان بەسەربەخۆییاندا بنێم.

ئەوکاتەی دەتوانم تەعبیر لەخۆم بکەم، بە نووسین بێت یاخود بەهۆی هەر کردەیەکی دیکەی مانادارەوە، ئازادیی خۆم هەست پێدەکەم. ئەوەتا من لێرەدا لەڕێگەی نوسینەوە خۆم بۆ تۆ دەردەبڕم، نوسینیش ئەو پانتاییەیە کە بوارم دەداتێ خودی خۆم، شوناسی خۆم و بیرکردنەوەم لەڕێگەی دەربڕینە زمانیەکانمەوە ماتەریالیزە بکەم و هەستم بە ئەنجامدانی کردەیەك. نوسین لێرەدا ڕووداوێکە باس لە بیرکردنەوە و هەستەکانی من دەکات و ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە من وەرمگرتوون، لەناویاندا ژیاوم، کاریان تێکردووم، پاشان ئیشم لەسەرکردوون و ئێستاش دەمەوێ بیانگەیەنمەوە و دەریانبڕمەوە. لێرەشەوە، نوسین هەرتەنیا هۆیەك نیە بۆ خۆجیاکردنەوە و هەرتەنیا تەکنیکێ نیە بۆ خۆ داپۆشین، بەڵکو تێکەڵێکە لە سەرجەمی شێوەی خۆدەربڕین، لە هەستیاری، لە بیرکردنەوەی من و لەهەمان کاتیشدا بەرهەمێنانی ئەو ئازادییەیە کە



لەڕێگەیەوە خۆم دەگەیەنم بە تۆ. هەرئەمەشە کە ساتەوەختی تەنیایی پرۆسەی نوسینەکەم، بەبیرکردنەوە لە بوونی تۆ و ئازادیی تۆ، لەبیر دەباتەوە.

نوسین لەسەر ئازادی کردەیەکی ڕاستەقینەیە چونکە لە کاتێکی تایبەتدا دێتە ئەنجام و بەشێوەیەکی کۆنکرێتی ماتەریالیزە دەکرێ و پابەندی هەلومەرجەکانی ئێستایە، نەك بەنیەتی بەرهەمهێنانی ڕاستییەکی هەمیشەیی و ئەبەدیی و جیهانگرەوە. ڕێك ئالێرەشدا نووسین لەمەڕ ئازادییەوە دەبێتە ئازادیی لە نووسیندا.

لێگەڕێ ددان بەو نهێنیەدا بنێم کە لەپشت هەموو نووسینێکمەوە ئامادەیە: تەنیا تۆی خوێنەر، کە بوونت وەك ئاوێنەیەك ئازادی خۆم و(خۆتم) بەبیر دەهێنێتەوە، دەتوانی لە سنووردانان و کۆتایی هێنان بەم ژیانە، یان کێشە هەردەم ئاڵۆز و گومانکارانەیەی ژیان ڕزگارم بکەیت، کە بریتیە لە مەحکوم بوونم بەتەنیایی و ترسێکی کوشندەش هەمیشە هەڕەشە لە بوون و بەهاداری مرۆڤانەم دەکا، ئەمەش لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا کە تیایدا گەورەبووم، کە تیایدا گەورەبوویت..

**١٩٩٧/ ٢٠٠١ کۆپنهاگن، هەولێر**

(*) گۆڤاری ژیار، ژمارە: ٧ی ساڵی ٢٠٠١

# ستەم و ئازادی[*]

**مرۆڤ** زۆر جار لەیادی دەچێت کە ژیانی ئەو پابەندی زنجیرەیەك شێوەی جۆربەجۆره کە بۆخۆی هیچ ڕۆڵێکی نییە لە سازدانیاندا، لەبیرمان دەچێت کە ژیانمان پێش هەموو شتیٚ بەستراوە بە زنجیرەیەك شێوەوە کە لەلایەن نەریتە کەلتووری و دامودەزگا سیاسی و ئابووریەکانەوە بڕیاریان لەسەر دراوە: لەبیرمان دەچیٚ ئێمە ڕاسپێردراوین تاکو پێویستییە گرنگەکانی ژیانی خۆمان بەپارە و ڕەنج و قوربانیدان بکڕین. لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان کەلەپچەی سەردەمی خۆمانمان لەدەستایە، کە بەدوای مەبەستگەراییە جۆربەجۆرەکانی خۆیدا ڕاپێچمان دەکات و ناشتوانین سەرپێچییان لێبکەین. ئەوە سەردەم و زەمانەیە کە شێوەیەکی تایبەتیی لە ئیشکردن و نان پەیداکردن، عەشق، خێزان پێکەوەنان، سەفەر، وەرزشکردن و تەنانەت لە شێوەی ئاشتی و پشوودان و جەنگیشمان دەخاتە بەردەم و پێماندەڵیٚ: (بەوجۆرە بژی و ئەو شێوە ژیانە بگرە بەر).

لە ڕاستیدا ئێمە خۆمان لە هەڵبژاردنی ئەم شێوانەی ژیاندا (ئازادیی هەڵبژاردن)مان نییە، ئێمە تەنیا دەتوانین لە چوارچێوەیاندا بژین و ئەوپەڕەکەی (شێواز/اسلوب)ی خۆمانیان پێبەخشین و بە ڕەنگی خۆمان بۆیاخیان بکەین. دەتوانین بڵێین: لە میانەی پەروەردە و خوێندنەوە، لە ڕێگەی ماڵ و قوتابخانەوە، بەرەو ئەو شێوەی ژیانە ڕاپێچ دەبین کە بەشێوەیەکی گشتیی بڕیار دەدات ژیانمان چۆن بێت و لە سەرجەمیشدا ئەو شتە پێکدەهێنن کە پێیدەڵێن: کەلتوور و کۆمەڵگا. ئەم (بەرەو ژیان بردنە)، ئەم (ڕاهێنان و پەروەردەکردنە) خۆی لەخۆیدا تێکەڵێکە لە ستەم و ئازادی. ئەڵتەرناتیڤیٚ نییە ناوی ژیانی بێمەبەست بێت، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤەکان شێوەکانی دیکەی ژیانن، شێوەکانی دیکەی ستەم و ئازادی!

کەواتە شێوە پێویستییەکی ژیانە، بەڵام خودی چەمکی پێویستی(زەروورەت) چەمکێکی دوومانایییە: ناشێت بەتەنیا ژیانیٚ بژین هەمووی ستەم بێت و سەپاو بێت، ئەگەر لەهەمان کاتدا ئازادییش نەگرێتە خۆی. ناکریٚ هەمیشە (پێویسیی) یەکسان بکەین بە (ستەم) و لێرەشەوە بیخەینە ڕیزی جەور و نەهامەتی و کۆستەوە. پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو پێویستیەدا کە تەنیا جەور و ستەمە و ئەو پێویستیەشدا کە ئیمکانیەتەکانی خۆشبەختی دەگرێتە خۆی. ئەگەر ئێمە لە ژیانی یەکتر و ژیانی هاوبەشماندا (پێویستی) نەدەبووین، ئەوە خودی ژیان مانای نەدەما. ئەگەر زەروورەتی ڕەچاوکردنی داواکارییە ئەخلاقیەکان لەئاست ئەوانیتردا، بایی ئەوە نەدەبوون بۆخۆمان خۆشبەخت بکەن، ئەوە هەموو مامەڵەیەکی ئەخلاقیمان لەبەر خاتری ئەوە دەبوو تا لەلایەن ئەوانیترەوە بایکۆت نەکرێین و نەخرێینە پەراوێزەوە و پەیوەندیمان لەگەڵدا نەپچڕێنن، دەبوو دڵیان ڕازی بکەین!.

هەر لەبەر ئەمەش پرسیاری گرنگ ئەوەیە بڵێین: کەی ستەم و زۆرلێکردن پێویستن؟ واتە لە  چ مەبەستێکەوە دەکرێت ستەم و زۆرلێکردن ڕەوایەتی وەربگرێت و کێن ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە زۆر و ستەم بەسەر مرۆڤەکانی دیکەدا بسەپێنن؟

ئێمە دەزانین کە هەمووان دەیانەویٚ قەناعەت بەخۆیان و بە ئێمەش بکەن کە: ئەو شتانەی پێیان هەڵدەستن هەموویان پێویستن، بەڵام وەك لە پێشەوە نووسیم، چەمکی پێویستیی چەمکێکی فرە ڕەهەندە و یەك مانا و یەك دۆخی دەرکەوتنی نیە، بەعس بە پێی تێگەیشتنێکی تایبەت لە مانای (پێویستی) ڕەوایەتی بە تیرۆریزم و تواندنەوەی کورد دەدات، کە جیاوازە لەو ئیرهابەی لە ئەنجامی (بەرگریکردنی کورد لە مافی مانەوەی خۆی) پەیدا دەبێت. لێرەدا ئامانجی پێویستییەکە دەستنیشانی ڕەوایەتیەکەی دەکات: ئامانجێکی ڕەوا،ئەنجامی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە..

ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەو بەشانەی پێویستیی وەلاخەین و سنووردار بکەین، کە هەڵگری کارەسات و نائومێدی و کۆستن؟ ئەمەش کێشەیەکە بە تەواوی لەناو ئەو (شێوەی ژیانانە)دا ئامادەیە کە ژیانی ڕۆژانەمان لە چوارچێوە دەدەن و ئاراستەیەکی تایبەتیی بۆ دەستنیشان دەکەن، لێرەشەوە ئێمە بەناچاری دەکەوینە باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئازادی و کۆمەڵگا..

گریمان فەیلەسووفێك نووسیویە: (ئازادیی ئەوە نیە بتوانیت ئەوە بکەیت کە دەتەویٚ، بەڵکو ئەوەیە لە هەر شتێکدا دەیکەیت، لەگەڵ خودی خۆتدا تەبا بیت).

مانای چییە کە دەڵێین ئازادی ئەوەیە لەگەڵ خودی خۆماندا تەبا بین؟ مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت تا ئەوپەڕی ئیمکان و بۆ لووان خۆی بێت و ئاگا بێت بەو سنوورانەی کە خودێتی خۆی کەوتۆتە ناویانەوە، واتە نامۆ نەبێت بەخودی خۆی و بەشێکی خۆی لە دەرەوەی خۆی نەبێت، چونکە نامۆیی لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە بەشێك لە کەسێتی و خودی خۆمان بزر بکەین و بیخەینە ژێر دەسەڵاتی کەسانی دیکەوە. لە ژیانی ڕۆژانەشدا تووڕەبوون و هەڵچوون ئەو دوو دۆخەن کە مرۆڤ بە خۆی نامۆ دەکەن و لەسەر سکەی مرۆڤێکی سرووشتی و خاوەن کەسێتی هەڵیدەخلیسکێنن. ئەم تێگەیشتنە لە ئازادی بەپێی تێپەڕینی ژیان و کات، هەرتەنیا قۆناغێك نییە کە دێت و تێپەڕ دەبێت، بەڵکو ئەرکێکە لەسەر شانی مرۆڤ کە پێویستە لە میانەی ژیانی خۆیدا جێبەجێی بکات.

ئەم تێگەیشتنە لەچەمکی ئازادی بەلای کەمەوە سێ ئاراستەی فیکری فەلسەفی تیایدا هاوبەشن: ئایدیالیزمی ئەڵمانی، بەتایبەتیش هیگڵ، مارکسیزم و ئێکزیستیانتالیزم. لەم نەریتە فەلسەفیانەدا جەوهەری مرۆڤ بە (ئازادی) پێناسە دەکرێت. هەربۆیەشە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئەدی (نائازادی، کۆیلەیەتی و ستەم و زۆرلێکردن) لەکوێوە دێن؟ یاخود وەك (کیاکەگۆرد) لە کتێبی (چەمکی ترس)دا دەڵێت: چی وادەکات مرۆڤ ئازادیی خۆی بەهەڵە بەکاربهێنێت؟

وەختێ سرووشت ماتریاڵێك بێت لە پێناوی گەشەکردن و وەبەرهاتنی مرۆڤدا، کە لە مارکسیەتدا دەبێتە ماتریاڵ لە پێناوی وەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیاندا و لە لای ئێکزیستیانتالیستەکانیش (بوونخوازەکان) ببێتە ماتریاڵ لە پێناوی بڕیارە ئاگا و دەروەستەکانی مرۆڤ، ئەوە دەبێت وەڵامی پرسیاری (کۆیلایەتی و نائازادی لە کوێوە دێن؟)، لە (ژیان)ی مرۆڤ خۆیەوە دەربهێنین: ستەم و کۆیلەیەتی و نائازادی بەرهەمێکی مێژوویین و مێژوویش بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی. هەر لەبەرئەمەش دەکرێ دۆخی (نائازادی) بە دۆخی (نامۆبوونی مرۆڤ) ناوبەرین.

بۆ ئەوەی شتەکانیش زۆر تێکەڵ نەکەین، ئەوە دەبێت بڵێم: مێژوو، نامۆبوون و ئازادبوون، بەلای مارکسیستەکانەوە کردە و پرۆسەیەکی هاوبەش و بەکۆمەڵین، لەکاتێکدا بەلای بوونخوازەکانەوە کردەگەلێکی تاکەکەسین. وەلێ بەلای هیگڵەوە،



ئازادی هەم ڕەفتارێکی، یاخود کردەیەکی تاکەکەسی و هەم دۆخێکی کۆمەڵایەتیشە. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە بنەمادا خود و دەرکەوتەکانی لە ڕێگەی ئاخاوتن و مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتەوە پابەندن بە ئەوانیترەوە. بەمانایەکی تر: لەکاتی گەشەکردن و خۆنواندنی (خود)دا، لەو کاتەدا کە من وەك بووێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوم و لە کۆمەڵگادا ڕەفتار دەنوێنم و بیروڕاکانم ئاشکرا دەکەم، ئەوە من (خودی خۆم تاقیدەکەمەوە)، دەمەوێ بزانم چەندە خاوەنی خودی خۆمم، دەمەوێ ئایدیاڵ و چاوەڕوانیەکانم تاقیبکەمەوە و هەڵیانسەنگێنم، کە بێگومان ئەمەش بە پێویست کارێکە بەهاوکاری و بە ئامادەیی (ئەوانیتر) ئەنجامدەدرێ. من هەتا گۆشەگیر و ڕیزپەڕ بم، لەکوێ دەزانم تا چەندە خاوەنی خودێکم و سنوورەکانی ئەم خودە لە کوێدان؟ بۆیە ئەو شێوەیەی ئەوانیتر بۆ قەبوولکردنی من، شێوەی بڕیاردانیان و داننانیان بەمندا، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو شتانەی من لە جیهاندا ئەزموونیان دەکەم و لەڕێگەشیانەوە دەبمە ئەو مرۆڤەی کە هەم..

بێگومان مرۆڤ دەتوانێت شتە (تایبەتیەکان) لە شتە (سیاسیەکان) جیابکاتەوە، ئەگەرچی وەکو فیمینستی هیندی خاتوو (گیتا سین) دەڵێت: هەموو شێکی تایبەتی هەمیشە شتێکی سیاسیشە.

ئازادی کرانەوەیە بە ڕووی خود دا، بریتیە لە بەئامانجکردنی خود و ئەمەش پابەندی هەلومەرجی سروشتی، تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی. لەبەرئەوە گفتوگۆی من لێرەدا، هەر لەسەر ئەوە نیە کە لەگەڵ خودی خۆمان تەبا بین، بەڵکو لەسەر ئەوەشە کە چۆن بتوانین ئەو شتانە بکەین کە نەك هەر حەزیان پێدەکەین، بەڵکو ئەوانەش کە پێویستن بۆ تەحقیقکردنی خود، بۆ ئەوەی کە خود ببێتە خودێکی ئازاد.

قسەکردن لەسەر ئازادی لایەنێکی دیکەیشی هەیە: واتە مەسەلەی ئیرادەی ئازاد، مەسەلەی کردەی لەپێشەوە بڕیاردراو: ئایا هەموو کردار و چالاکیەکانی مرۆڤ بەگشتیی پابەندی ئەو هەلومەرجانەن کە ڕووداوەکانی پێشتر بەدییان هێناون، یاخود مرۆڤ ئازادییەکی نیسبی هەیە لە هەڵبژاردندا؟

**ئازادیی نەوعی:**

ئەمڕۆ لە دنیادا (ئازادی) ئایدیاڵ و ئامانجێکی باڵادەستە: ڕەنگە بەربڵاوترین ئامانجی ژیان بێت چ لە ڕووی سیاسیەوە، چ لە ڕووی فەلسەفەی ژیانەوە. بەسە بیر لەو هەموو بزوتنەوە ئازادیخوازانەی جیهان بکەینەوە کە بۆ (بەدەستهێنانی ئازادی) و مافەکانیان تێدەکۆشن، بەسە گوێ لە دەنگوباسەکانی ڕۆژانە بگرین تاکو تێبگەین، کە هەر ڕۆژە چەندین کەس بە (ئازادیی خۆیان گەیشتوون) و بەهەزارانیش لەناو سیستەمەکانی چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەتدا گیرایانخواردووە و بۆ ئازادی تێدەکۆشن.

ئەم تێگەیشتنە ئایدیاڵیە لە چەمکی ئازادی، داهێنان و بەرهەمێکی ئەوروپاییە و هاوشان بە تەکنیك و کەلتووری ئەوروپایش بە جیهاندا بڵاودەبێتەوە. بێجگە لەوەی مرۆڤ دەتوانێت لە کەلتوورەکانی دیکەدا چەمکی دیکە بۆ ئازادی بدۆزێتەوە و وێڕای ئەوەش کە ئەم چەمکە خاوەنی مێژوویێکی دێرینەیە لە کەلتووری ئەوروپیدا، کە ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو کەلتووری  یۆنانی و یەهودی، ئازادی چەمکێکە تایبەتە بە قۆناغی مۆدێرنیتە. واتە پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بە هەوڵدانی بێبڕانەوەی تاکەکەسەوە بۆ گەشە و گۆڕان، هەروەکو چۆن پەیوەندیشی هەیە بە تەوژمی بەپیشەسازیکردنی ژیان، سەرمایەداری و تەماعە ئیمپریالیستیەکانەوە. ئایدیالیزمی ئەڵمانی کە دەستپێشخەر بوو لە سازدانی زەمینەی باسکردنی مەسەلەی ئازادیی مۆدێرندا، دەروازەیەکیش بوو بەرەو چوونە ناو سەدەیەکەوە کە تیایدا (گەشەی بێ سنوور) ئایدیاڵێکی برەوسەندوو بوو.

تێگەیشتنێکی زۆر باو لە چەمکی ئازادی، هەم لەنێوان خەڵکدا و هەم لەنێوان فەیلەسووفەکاندا ئەوەیە، کە ئازادی بریتیە لەوەی ئیمکانت هەبێ، بتوانیت و کراوەبیت لە ئاست گەیشتن بە ئامانجەکانتدا. بەمانایەکی دیکە: ئازادی ئەوەیە بتوانیت ئەوە بکەیت کە دەتەوێ. کەواتە وتەی ئەو فەیلەسووفەی کە گوتبووی: (ئازادی ئەوە نیە بتوانیت ئەوە بکەیت کە دەتەوێ، بەڵکو ئەوەیە لە هەر شتێکدا دەیکەیت، لەگەڵ خۆتدا تەبا بیت)، جگە لە تفەنگ تەقاندن بەتاریکییەوە هیچیتر نیە. لێرەشەوە ئازادی وەکو ئەو هەرێمە پێناسە دەکرێ کە زۆر و ستەم تیایدا ون و نائامادەن.



ئەگەر هیچیترمان نەبێت لەبارەی ئازادییەوە بیڵێین، ئەوە پتر ئازادین. هەتا ئیمکانیەتەکانیش پتر بن، کەمتر لەژێر سنوورەکاندا خۆمان دەبینینەوە. ئیدی گرنگیش نیە ئیمکانیەتەکان باشن یان خراپن، بەسوودن یاخود زیانبەخش، جەوهەرین یاخود پەراوێزی. کاتێ باسی ئازادیی مەسرەفکردن دەکرێ، ئەوە ئەم تێگەیشتنە لەئازادی مەبەستە: واتە ئازادی لە مەسرەفکردندا بریتیە لەوەی لەناو زۆرترین ژمارەی کەلوپەلدا بتوانین هەڵبژێرین، جا ئەو کەلوپەلانە باشن یان خراپ، سوود بەخشن یان زیانبەخش، جوانن یاخود ناشیرین، ئەمانە پەیوەندیان بە خودی ئازادیەکەوە نییە. لێرەشەوە ئێمە لەبەردەم تێگەیشتنێکی چەندایەتیداین بۆ چەمکی ئازادی، کە ئازادی تیایدا دەکرێتە ئیمکانیەت، بەڵام چەندایەتی ئیمکانیەتەکان پەیوەندیان نیە بە خودی ئازادیەکەوە.

دەتوانین ئەو دەربڕینەی سەرێ بەشێوەیەکی دیکەش دابڕێژین: واتە ئازادی بە ئامرازێ پێناسە بکەین کە دەمانگەیەنێ بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەت، کە بریتیە لە تەحقیقکردنی حەز و بەرژەوەندیە تاکەکەسییەکان. لێرەشدا (مەبەست) و (ئامراز) لێکدی جیادەکەینەوە. هەموو کێشەکان لەپەیوەندی بە ئازادی و چۆنێتی بە واقیعیکردنی ئەو ئازادییە، دەبنە ئەو شێوانەی کە ماکس ڤیبەر ناوی ناون کردەی عەقڵانیەتی مەبەستگەرا. واتە ئەوکاتە کێشەی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی دەبێتە کێشەیەك لەگەڵ پەیداکردنی ئەو ئامرازانەی، کە دەمانگەیەنن بە مەبەستێکی دیاریکراو لەخزمەتی گەشەی مەسەلە تایبەتیەکانی تاکەکەسدا. بێگومان کاتێ ئەم تێگەیشتنە لە چەمکی ئازادی چەندایەتی هێندە بەربڵاوە، پەیوەندییەکی توندی هەیە بە ئاراستە بڕیاردەرەکانی ناو کەلتووری باوەوە. بۆنمونە ئەم تێگەیشتنە میکانیکیە لە چەمکی ئازادی بنەمای ئەو ئاراستە سوودگەرایە پێکدەهێنێ، کە تایبەتە بە نەریتی لیبرالیزم و سیستەمی قازانج و بە هەموو بەکارهێنانێکی تەکنیکیشەوە.

تێزی سەرەکی لە ڕەخنە کەلتوورییەکەی هابرماسدا ئەوەیە، کە ئەقڵانیەتی ئامرازگەرا، لەسەر حسابی ئەقڵانیەتی ئاڵوگۆڕکردن پەرەی بەخۆی داوە، ئەگەرچی ئەقلانیەتی بنەمایی و گرنگ ئەمەی دواییانە. بەمانایەکی تر، ئەقڵانیەتی

ئامرازگەرا پەلی کێشاوەتە ناو هەرێمەکانی سیستەمی ئابووری، تەکنەلۆژی و بیرۆکراتیەتەوە. هەربۆیەشە تێزەکەی هابرماس بەشێوەیەکی تریش دەردەبڕدرێت: ئەو سیستەمە خۆسەروەرانەی ناویان برا هەرێمی ژیانیان (کۆلۆنیالێزە) کردووە، واتە دەستیانگرتووە بەسەر ئەو هەرێمی کەلتوور و نەرێتەی کە مەرجە بۆ کارکردن و کاریگەربەخشیی و وەگەڕکەوتنی سیستەمی ئالوگۆڕکردنی نێوان مرۆڤەکان و دابینکەری تێگەیشتنیانە لەگەڵ یەکتر. بەکورتی: بیرکردنەوەی تەکنیکی بۆتە هۆی کەمبایەخکردنی بەهاکان و لێرەشەوە گوتاری دیموکراتیەت کە تاکە گفتوگۆی ڕاستەقینە لەمەڕ بەهاکانەوە دەسازێنێ، لەکار خراوە و بەپەراوێز کراوە.

لەم ڕوانگەیەوە چەمکی ئازادیی چەندایەتی نەك هەر تەنیا دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ئەقڵانیەتی میکانیکی نییە، بەڵکو لە خزمەتی ڕازاندنەوە و جوانکردنی سیستەمی ژیانیشدایە بەوەی مەسەلەی ئازادی نومایش بکات. ئەمەش کردەیەکی، یاخود ئەرکێکی ئایدیۆلۆژی دەداتە ئازادی و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم شێوازەکانی دیکەی قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە.

بەدەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین: ئیمکانیەتەکان ڕێگای گریمانە(ئیحیمال)یی کراوەن و ئەو ئەنجامەی مرۆڤ دەیگاتێ دابڕ نیە لەو ڕێگایەی پیایدا دەڕۆین. ئیمکانیەتەکان ئەو جۆری ئیحتیمالانەن کە دەتوانین بەهۆیانەوە ئامادەبین و ژیانی مرۆڤیش هەرگیز تەیکردنێکی بێچۆنایەتی، یاخود ڕێڕەوێك نیە خاڵی بێ لە بەها و نرخەکان. ڕیالیزەکردن، یاخود تەحقیقکردنی کردەیەکی گریمانەکراو، واتا سەرمایە دانان و وزە بەکارهێنان لەپێناوی تەحقیقکردنی خودی خۆماندا بەشێوەیەکی تایبەت. تەنیا یەك ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، چونکە ئامانجەکە خۆی بەشێکی ڕێگاکەیە و ڕێگاکەش بڕیاردەدات من کێ بم کاتێ بە ئامانجەکەم دەگەم و لێرەشەوە بڕیار دەدات بە چ ئامانجێ بگەم. من دابڕ نیم لەو ئەنجامانەی بەدەستیان دەهێنم، یاخود بانگەشەیان بۆ دەکەم تا بەدەستیان بهێنم، وەلێ لەهەمان کاتیشدا من لە ڕێگای گەیشتنمدا بەو ئامانجانە خودی خۆم دروستدەکەم..

بە گشتی دەکرێ بگوترێ: چەمکی ئازادیی چەندایەتی ڕێدەگرێ لەوەی باسی چۆنایەتیەکانی ژیان و جیاوازیی چۆنایەتیەکانی ناو ژیان بکرێت. هەڵبەت ئەم



تێگەیشتنە بەچاکی پێبەپێی ئاراستەکانی مۆدێرنیتە بۆ پێشکەوتن و گەشەی بەردەوام دەچێت بەڕێوە، بەڵام وەك ئاراستەیەکی ئەقڵانیی ئامانج خواز و ئامرازگەرا، دووچاری هەڵەی گەورە هاتووە. چونکە مرۆڤ ئامێر نیە و هەرگیز هێندەی ئامێریش ناتوانێ ئاڵۆز بێت، بەڵکو مرۆڤ پێش هەموو شتێ بوونێکی تێگەیشتوو و دەروەستە..

## بەرزترین نرخ:

ئەڵتەرناتیڤ ئەوەنیە مرۆڤ ئەوەبکات کە دەیەوێ، بەڵکو ئەوەیە ئەو شتانە بکات کە گرنگ و باشن بۆی. خەسڵەتی هەرەسەرەکیی هەر ژیانێکی سەربەست و ئازادانە ئەوەیە، کە مرۆڤ بێ ترس بژی، بێ هەستکردن بە مایەپووچی، نامۆبوون و هەستی بەفیڕۆچوون و هتد قۆناغەکانی ژیانی خۆی بژی.. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ تا ئەوپەڕی توانا خۆی بێت، تا ئەوپەڕی توانا گونجاو بێت و هەتا بۆی دەلوێ: خۆشبەخت.

ژیانێکی نەوعی ژیانێکی خۆشبەختانەیە. ئازادییش ئەوەیە بمانگەیەنێ بە بەخۆشبەختی. ئایا بەڕاست وایە؟ وێڕای ئەوەش کە مرۆ قایل دەبێ بەوەی کە پێویستە ئازادی بە نەوعیەتەکەیدا پێناسەبکرێ، واتە وەکو ئیمکانێ، کە بۆ هەر مرۆڤێ جەوهەریی و گرنگە تا بتوانێ ژیانێکی نەوعی بەدەستبهێنێ، ئەوە هێشتا دەبێت بزانین لەبەر ئەم هۆیە نییە، کە ئازادی بریتیە لە خۆشبەختی. چونکە دەشێت ئازادی زۆر شتی تریش بێت، دەشێت گەشەی کەسایەتی مرۆڤ خۆی بێت، پێگەیشتن بێت، هەستکردن بە دەروەستی و مەسئولیەت بێ، عەقڵانیەت بێ، یاخود دەکرێ ئیمانێکی ئایینیی قووڵ بێت.

بەمانایەکی دیکە: ئازادیی نەوعی پێویستە گەیشتن بێت بە بەرزترین نرخ، ئەم بەرزترین نرخە خۆی چییە، گفتوگۆ کلاسیکیەکان لەمبارەیەوە زۆرن: دەتوانین بەتێگەیشتنە ئەرستۆییەکە بڵێین: بەرزترین نرخ واتە تەحقیقکردنی توانا و خەسڵەتە ناوەکیەکانی خود. هەروەها دەشتوانین بڵێین، ڕاستە ئازادیی نەوعی ئەوەیە بگەین بە خودی خۆمان، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوەنیە گوتبێتمان: خود بریتیە لە گەشەکردن، ئەخلاق یان ئیمان یاخود ئەقڵێکی ڕۆشنگەر.

لێگەڕێن با بەکورتی بڵێم: بەشێ لەم تەوەرانەی ناوم بردن، لە واقیعدا پێویستە وەکو شێوەکانی خۆشبەختی تەماشایان بکرێ، بۆنمونە: گەشەی کەسێتی تاکەکان. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئەم گەشەی کەسایەتیە وەك تاکە هۆی گەیشتن بە خۆشبەختی لێکبداتەوە، ئەوە ژیان لەخۆی تاڵ دەکات، چونکە لەپاڵ گەشەی کەسایەتیدا زۆر شتی دیکە هەن دەبێت بیریان لێبکرێتەوە و خەباتیان بۆ بکرێ. پێشنیارەکانی دیکەی وەکو (پێگەیشتن، هەستکردن بە دەروەستی و عەقڵانیەت و ئیمانی ئایینی) و هتد، پێویسە وەك ئامراز یاخود وەکو ڕێگەی گەیشتن بە خۆشبەختی تەماشایان بکرێ. بۆنمونە ئایدیای (هاووڵاتیی پێگەیشتوو) و (مرۆڤی ڕۆشنگەر) کە بیری دیموکراتیەت ئیشی لەسەردەکات. گرنگترین وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: چی لە دیموکراتیەت بکەین، ئەوەیە بگوترێ: دیموکراسیەت بۆ ئەوە پێویستە تاکو خۆشبەختیی ژیانی هاوبەشی هاووڵاتیان دابین بکات.

وێڕای هەموو ئەمانە دەبێت بگوترێ، هیچ یەکێ لە خۆشبەختی و ئازادی لە خۆیاندا مەسەلەی ئەخلاقی نین، هەروەکو چۆن نائەخلاقیش نین: شتێکی مەعلومە دوو عاشق فێری ئەوە دەبن کە لەگەڵ یەکدا باش بن و میهرەبان و لێبووردوو، بەڵام مەعلوم نیە تێبگەن لەوەی لەگەڵ کەسی سێهەمیشدا میهەرەبان و لێبووردوو و باش بن. لێرەوە دەکرێ بڵێین: مرۆڤ لە هیچدا یەکسان نەبن لەوەدا یەکسانن کە هەموویان خوازیاری ژیانێکی نەوعیی پڕ بەها و نرخن. هەر بۆیەشە گوتاری ئەخلاقی، نەك هەر نابێت یاساخکردنی ئیمکانیەتەکانی ژیان و چاوسوور کردنەوە بێت لە خەڵك تاکو بەپێی ئەم یان ئەو فەرمانی ئاسمانی و زەمینی ئەمە بکەن و ئەوە نەکەن، بەڵکو پێویستە گوتاری ئەخلاق، هەڵگری داخوازییەك بێت تا هەموو ئەو شتانەی خۆشبەختی دەهێنن و دەستەبەری دەکەن، وەکو یەك و بە یەکسانی دابەشکرێن. ئەم داخوازییە بنەماییەی ئەخلاق یەکێکە لەو شێوە پێویستانەی کە سنووری ئازادی لە ستەم جیادەکاتەوە، چونکە ستەم لەو دیو هەموو نایەکسانییەکەوە دەستپێدەکات کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا ئامادەیی هەیە.



**خۆشبەختی و جەور:**

خۆشبەختی و خۆشبەختبوون باڵاترین سەرمایەی مرۆڤە. شێوەیەکی تایبەتیی بوون و شێوەیەکی تایبەتی گونجان و وەدیهێنانی کەسێتی خۆیەتی کە زنجیرەیەك نیشانەی ناسینەوەی خۆی هەیە.

خۆشبەختی واتە مامەڵەکردن و گونجان لەگەڵ خەڵکان و مرۆڤەکانی تردا، واتە ڕاهاتن بە شتەکان و مەسەلەکان و لەگەڵ خودی خۆماندا تەبابوون. واتە نە سووان و لێکهەڵنەوەشان بەدەست ململانێکانەوە، خۆشبەختی واتە ئاشتییەکی بەردەوام لەگەڵ ژیاندا. واتە نەخولانەوە، بەڵکو جووڵە و ڕۆیشتن لەگەڵ ئەو شتانەی لەدەوروبەر و ژیانماندا ڕوو دەدەن، واتە هەناسەدان لەسەر وەزنی گۆڕان و جووڵەی بەردەوام. خۆشبەختی واتە ئامادەبوونێکی دڵنیا و بێ ترس لەماڵی ئەوانیتر و لە دەوروبەر و لە ماڵی خۆماندا، کە بەپێچەوانەی بێماڵی و ترسەوەیە، مرۆڤی ترسا و بێ ماڵە و ناتوانێ لەهیچ شوێنێ دڵنیا بێت. بەڕاستی دڵنیایی ژیانێکی پڕ لە ئیماندارانەیە!

خۆشبەختی بەمانای ئەوەیە کە: مانایەك هەیە ڕەوایەتی دەداتە ژیانمان و ساتە لەژمارە نەهاتووەکانی. ژیانێکی پڕمانا ژیانێکی ڕەوایەتی پێبەخشراوە. ژیانی خۆشبەخت و کامەران ئەو ژیانەیە کە بتوانین لە دنیای خۆمان، دەوروبەری خۆمان، خودی خۆمان و هەروەها ئەو کەسانەش تێبگەین کە لەگەڵمانن.

ئەگەر خۆشبەختی بەرزترین و باڵاترین سەرمایە بێت، ئەوە ئازار و جەور گەورەترین دوژمنن و لەخودی خۆشیاندا هیچ بەها و نرخێکیان نییە. بۆیە ئەو ژیانەی لە جەور و ئازاردا گیر دەخوات، بێ بەها و بێ نرخە. ڕەنگە ئەمجۆرە لێکدانەوانە بووبێت وای لە هیگڵ کردبێ گرنگیی بدات بە مانا و شوێنی ئازار لە ژیاندا. بەلای ئەوەوە ئازار بەشێکە لە ژیان و بەشێکی گرنگیشە لە گەشەی تاکەکەس و لە پەروەردەبوونەکەی. دەتوانین لەمەش زیاتر بڕۆین و بڵێین: ئازار دەرککردنێکی دیکە بە مرۆڤ دەبەخشێ و دەیخاتە بەردەم ڕوانگەیەکی دی، لەو دیو (من) و بەرژەوەندییەکانیەوە ڕووبەڕووی ڕەگەزە بنەماییەکانی ژیانی دەکاتەوە. ئازار دەمانباتەوە سەر ڕەگوڕیشەکان. ڕێك ئالێرەشدایە ئازار بە کامەرانی و دڵخۆشی دوای ئەزموونکردنمان دەگەیەنێ: ئازارەکە دەچێژین، بەڵام ئەزموونێکمان تەیکردووەو بە

دەرککردنێکی دیکە گەیشتووین. کاملتر بووین و ئاسۆی ڕوانینی کەسایەتیمان فراوان بووە. گەورەبووین و پڕ لە هەدادان.. ئەو کەسەی لە ئەنجامی ئازارکێشانەوە دەگاتە ئاستێکی دیاریکراوی دەرککردن و تێگەیشتن، لەو کەسە هێمنتر و لێبووردووترە، کە لەئەنجامی لێکدانەوەی هزریی ڕووتەوە بە ئاستێکی تێگەیشتن دەگات. ئەمە ئەو دەرسەیە کە لە عاشق و شاعیرە دڵشکاوەکانی دنیاوە فێری بووین: ئەوان دوای ئازار و جەورێکی زۆر بەدەست ئەو کەسەوە یان ئەو بابەتەوە کە بەڕاستیی خۆشیان دەوێت و تیایدا بە تێکشکان دەگەن، نابنە خاوەنی ڕۆحێکی تۆڵەئەستێن و دووژمنکارانە، بەڵکو شەففاف دەبنەوە، ڕوون دەبنەوە و وەکو ئاو دەڕژێنە ناو قەسیدەکانیانەوە. ئەمەیە ڕازی قەسیدەی عاشقان!

مەبەستم نییە بڵێم: ئازار و جەور وەك ئەوەی کە هەن، بۆ ژیانێکی بەهادار پێویستن، بەڵام ژیانێکی بەهادار و پڕ نرخ، بەبێ جەورکێشان و ئازار چەشتن مەحاڵە و وێناکردنی ژیانیش بەبێ ڕەهەندە ئازاراویەکەی وێناکردنێکی بێڕەنگ و بۆیە.. ئازار پێویستییەك نییە بۆ ژیان، بەڵام نەوعیەت بە ژیان دەبەخشێت. مرۆڤێکی دوور لە ئازار وەك دەفتەرێکی خاڵییە لە یادداشت. حەیف نییە مرۆڤ ژیانێك بژی و هیچ یادداشتێکی تۆمار نەکردبێت؟!

**کۆمەڵگا و ئازادی:**

پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگاو ئازادی لە چیدایە؟ ئەگەر ئامانجی هەرە بەرزی ئازادی بریتیبێت لە ئیمکانی گەیشتن بە ژیانێکی نەوعی و یەکسان بۆ هەمووان، ئەوە ئەرکی بنەمایی کۆمەڵگا دەبێتە ئەوەی کە ئەو جۆر و شێوەی ژیانە بۆ ئەندامەکانی دەستەبەر بکا. واتە لەڕێگەی دامەزراوەکانییەوە ئەو شێوەی ژیانە پەرە پێبدات کە زۆرترین ئازادی بداتە هاوولاتیان و لێرەشەوە بە زۆرترین شێوە خۆشبەختیان بکات. وەلێ ئەم قسەیە چەندە کردنی ئاسانە، ئەنجامدانی چەندین جار زەحمەت.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئیشکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگا. دامەزراوەکان بەوە بەناوبانگن کە ئیشی گشتی و هەمەلایەن ڕادەپەڕێنن، دامەزراوەیەك ئەو ئەرکانە جێبەجێدەکا، کە داواکاری زۆربەی خەڵکیان لەسەرە، نەك



ئەوەی تاکەکان داوایانە. لێرەشەوە دامەزراوەکان وەك ئەوەی کە هەن ناتوانن ئەو شێوەی ژیانە پەرە پێبدەن کە ئازادی و خۆشبەختی بۆ زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکا. ئەوان شێوە ژیانێك پەرەپێدەدەن و دەیسەپێنن بەسەر هەموواندا، کە خاڵی نییە لە ستەم و زۆرلێکردن لەو کەمایەسیانەی دەکەونە دەرەوەی چوارچێوە ستانداردەکانەوە. لێرەشەوە گەڕاینەوە سەرەتای قسەکانمان:

ئێمە لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆماندا (ئازادیی هەڵبژاردن)مان نییە، ئێمە تەنیا دەتوانین لە چوارچێوەیاندا بژین و ئەوپەڕەکەی (شێواز/اسلوب)ی خۆمانیان پێبەخشین و بە ڕەنگی خۆمان بۆیاخیان بکەین. ئێمە لە میانەی سیستەمی پەروەردە و خوێندنەوە، لە ڕێگەی ماڵ و قوتابخانەوە، بەرەو ئەو شێوەی ژیانە ڕاپێچ دەبیین، کە بەشێوەیەکی گشتیی بڕیار دەدات: دەبێت ژیانمان چۆن بێت. ئەم (بەرەو ژیان بردنە)، ئەم (ڕاهێنان و پەروەردەکردنە) خۆی لەخۆیدا تێکەڵێکە لە ستەم و ئازادی. ئەڵتەرناتیڤێ نییە ناوی ژیانی بێ مەبەست بێت، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤەکان شێوەکانی دیکەی ژیانن، شێوەکانی دیکەی ستەم و ئازادی!

بۆیە مرۆڤ ناچارە بەردەوام لە دژی ستەم و کۆیلەیەتی و نایەکسانی تێبکۆشێت، بەردەوام لە هەوڵی ڕووخاندنی دامەزراوە و سیستەمەکاندا بێت، تاکو لە شێوەیەکی دیاریکراوی ژیانەوە بگاتە شێوەیەکی دیکەی ژیان: لە شێوەیەکی ستەم خۆی دەرباز بکا تاکو پانتایی ئازادییەکەی بەرفراوانتر ببێ.. بایەخی ژیانێکی مرۆڤانە، لەوەدایە کە وەستانەوەیەکی بەردەوام بێت لە دژی هەموو ستەمێك، بۆ وەدەستهێنانی هەموو جۆرە ئازادییەك. بۆیە ئازادیی هەرگیز ئەو دۆخە نیە کە تیایدا دەژین، بەڵکو ئەو دۆخەیە کە دەمانەوێت هەبێت بۆ ئەوەی تیایدا بژین.. لێرەشەوە تکا لە هەموو ئەوانە دەکەم، کە ئیدیعا دەکەن لە وڵاتی ئێمەدا ئازادی هەیە و دەیانەوێ بەمەش ڕێ لە تێکۆشانی مرۆڤەکان بگرن بەرەو گەیشتن بە ئازادی، تکایان لێدەکەم، با کەمێ: بێدەنگ بن، بێدەنگ!!

**٢٠٠١/١٠/٢٤ هەولێر**

(*)هەفتەنامەی میدیا، ژمارە: ١١٠ی ڕۆژی ٢٠٠١/١١/١٥

# ئازادی و نیشتیماندۆستی(*)

**دابــەزینی** هەستی نیشتیمانپەروەری لەکایە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسیەکاندا، بەر لەهەر شتێك نیشانەی قەیرانێکی سەراپاگیرترە لە ژیانی کوردیدا و بەڵگەیە لەسەر نەبوونی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن لەسەر: **ئەوەی کوردبوونی ئێمە پێکدەهێنێت، چییە؟**

من پێموایە هەر ئەمەیشە بەرەو پرسیارگەلێکی ئەوتۆمان دەبات، کە ئێوە لەم تەوەرەی ڕۆژنامەکەتاندا، ئاماژەتان پێداون، هەموو پرسیارکردنێکیش لە بنەمادا هەڵگری گومانێکە و جوانترین گومانیش ئەوەیە گومانکردن بێت لەو زمانەی پرسیارەکەی پێدەکەین. بەلای منەوە ئەوە زۆر گرنگ نیە ئایا نیشتیمانپەروەری و هوشیاریی نەتەوایەتی، لە ماڵ و قوتابخانە و کۆڵانەکانەوە سەرهەڵدەدات، یاخود لە زانکۆ و مزگەوتەکانەوە؟ ئەوەی من لێرەدا جەختی لەسەر دەکەمەوە و بەهۆی بەڵگەی شیاوەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدەم، ئەوەیە: **ئایا چۆن لە چەمکی (هوشیاری نەتەوایەتی) و (هەستی نیشتیمانپەروەری) و (ئینتیما) تێدەگەین؟** لێرەدا تا ئەندازەیەکی زۆر پێناسە کلاسیکی و کەلتووری یەکان یارمەتیمان دەدەن[1]: هوشیاری نەتەوەیی واتە ئاگابوون و هوشیاربوونێکی (ئازادانە) بەرامبەر بەوەی کە ئێمە وەك مرۆڤ سەر بە نەتەوەیەکین تاکو خۆمان جیابکەینەوە لە ئاژەڵەکانی نێو دارستان کە هوشیار نین بەرامبەر بەو هەستەی ئەوان پێکەوە دەبەستێتەوە. بەم مانایەش هوشیاربوون لەم بەکارهێنانەیدا، هوشیارییەکی ئاگایانەیە لەئاست چەند ڕاستییەکدا:

**یەکەم:** ئێمە وەك تاکەکەس بەشێکین لە یەکەیەکی گەورەتر لە خۆمان، کە (گرووپ)ە و لە ئەنجامی پێکەوەیی ئێمەوە دروستبووە، بەڵام بەردەوام لە گۆڕاندایە و خراپترین گۆڕانیش ئەوەیانە ئێمە نەچینە ناو ئەو پێکەوەبوونەوە، چونکە دەرچوون لەو یەکەیە، شەرعییەتەکەیشی بەتاڵدەکاتەوە.



**دووەم:** ئێمە وەك تاکەکەس جیاوازین، بەڵام بەئەندامبوونمان لەناو یەکەیەکی گەورەتر لەخۆمان، دەچینە ناو پەیمانێکەوە، کە لەسەر بنەمای (لێکچوون) و (هاوبەشیبوون)ەوە دروستبووە.

**سێهەم:** پەیوەندیی ئێمە بەو پەیمانەوە زیاتر هەستەوەرانەیە و ئەمەشمان زیاتر لەو کاتانەدا بۆ ئاشکرا دەبێ، کە تیایدا گوێ لە وتاری پڕ بەڵێنی سیاسییەك دەگرین، یان تەرمی شەهیدێك بەرێدەکەین، یاخود تەماشای تیپی تۆپتۆپێنی نەتەوەییمان دەکەین، کاتێك یارییەکە دەباتەوە. لە هەموو ئەم بارودۆخانەدا ئێمە وەك تاکەکەس لە حەشاماتێکدا تواوینەتەوە و کۆمەڵێکی (یەکگرتوو)مان پێکهێناوە، کە لە خۆشیی و کۆست و بردنەوەدا پێکەوەین و خاوەنی یەك هەستیاریی بە کۆمەڵین. وەك ئێلیاس کانیتی دەڵێت: (ئەم هەستیاریە لێرەدا وەك دەسەڵاتێك خۆی ئاشکرا دەکات، کە ترسی تەنیایی و بێکەسی و بچووکی تاکەکەسیانەی خۆمانمان لەسەردا دەرەوێنێتەوە)[2]

**چوارەم:** هەموو هووشیارییەك، لەبەر ئەوەی هوشیارییە، واتە لەبەرئەوەی بەڵگەیە لەسەر گەشەی زەینیی ئێمە لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونانەی تێمانپەڕاندوون و ئەو کەلتوور و ڕۆشنبیرییەی وەرمانگرتووە، ئەوە هووشیارییەکی زگماك نیە و لەئەنجامی پرۆسە مێژووییەکانەوە دروستدەبێت.

**پێنجەم** و لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە: ئەو هۆشیاری و هەستی پێکەوەبوونە کە بەدرێژایی مێژوویێك لەلامان دروستبووە، دەبێت بە (پەیوەندییەکی ئازادانە)دا تێپەڕێت و **ئازادیمان پاساوێکی عەقڵانیانەیە بۆ ئەوەی بتوانین هوشیارییەکەمان بەرەو نەتەوایەتیبوونمان ئاراستە بکەین.** بەبێ بوونی هەستکردن بە ئازادی لە ئاستی تاکەکسیدا، ناتوانین ببینە پێکهێنەری یەکەیەکی گەورەتر لە خۆمان و ئەمەش ناو بنێین (هوشیاریی بەرامبەر بە نەتەوە)، یاخود پێی بڵێین: (نیشتیمانپەروەری). من تەنیا ئەوکاتە دەتوانم هووشیارانە (وەفادار) و (گیانفیدا)بم لەئاست یەکەیەکی لەخۆم گەورەتر، کە وەك تاکەکەس ئازاد بم و ئەم ئازادییەم بەکار بهێنم لە پەیوەندیکردنەوەمدا بە دنیای دەوروبەرمەوە. ئازادی مەرجێکە تاکو بتوانم دڵداری لەگەڵ (ڕەگەز، زمان، دابونەرێتە پەسەندکراوەکان، بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و

کولتوریەکانی نەتەوەدا بکەم. ئەو نەتەوەیەی، یاخود ئەو بەگرووپەبوونەی ئازادیم لێزەوت بکات، سەرنجم ڕاناکێشێت و هەموو ئەو وزە و مەیل و تەمەننایەی دەکرا بۆ پەیوەندیکردنم پێوەی بەکارم هێنابا، بەکاریدەهێنم بۆ پچڕاندنی پەیوەندیم لەگەڵیدا.. بۆیە دەمەوێت لێرەدا بڵێم: قەیرانی هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری لە کۆمەڵگایەکدا، نیشانەی بێدەروەستی و ناهوشیاریی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە نیە، بەڵکو یەکێکە لە ئەنجامەکانی نەبوونی ئازادی لەو کۆمەڵگایەدا.

ئێستا دەمەوێت لەڕێگەی چاوگێڕانەوەم بە دۆخی ئێستای کۆمەڵگاکەماندا، لەسەر سێ هۆکار بوەستم، کە بە بڕوای من ڕێگرن لەبەردەم گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوایەتی تاکەکەسی کوردی و لێرەشەوە بوونەتە هۆی دروستبوونی قەیران لەو پەیوەندیەدا کە تاك دەبەستێت بە کۆمەڵ و نیشتیمانەوە، چونکە سنوور بۆ ئازادی تاکەکەس دادەنێن. ئەو هۆکارانەش بریتین لە: (هۆکاری کۆمەڵایەتی، کە لایەنی کەلتووری و ئایینیش دەگرێتەوە، هۆکاری سیاسی/ئایدیۆلۆژی و پاشان هۆکاری پەروەردەیی).

**یەکەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی (کەلتووری و ئایینی):**

کۆمەڵگای ئێمە لە بچووکترین یەکەی خۆیەوە کە خێزانە تاکو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئایینییەکان، پەیوەندییەکی (خاوەندارانە)ی لەگەڵ ئەندامەکانیدا هەیە. پەیوەندییەك کەلەسەر بنەمای خاوەندارێتییەوە دامەزرابێ، چەند شێوازێکی بەڕێوەچوون، یاخود چەند میکانیزمێك دەسەپێنێت:

ا- تۆ ملکی منیت،

ب- دەبێت چاودێریت بکەم،

ج- دەبێت ڕێگات بۆ دابنێم،

د- کەواتە: دەبێت گوێڕایەڵ و ملکەچم بیت.

ئەم خەسڵەت و میکانیزمانە لە تاکەکەسی ئێمە مرۆڤێك دروستدەکا، لەهەموو ڕووێکەوە دەستخراوەتە ژیانییەوە و هیچ هەڵبژاردنێکی بۆ نەماوەتەوە تاکو تیایدا ئیرادەی خۆی تاقیبکاتەوە. ئەگەرچی ئەم پەیوەندیە لەهەندێ بواردا، تاکەکەس



دەخاتە بەردەم هەڵبژاردن (بۆ نمونە: لە هەڵبژاردنی هاوسەرداریدا، بەڵام ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە بەدڵی کۆمەڵگاو دەمڕاستەکانی نەبوو، ئەوە لە ئەنجامی کۆتاییدا دووچاری جۆرێك لە لێپرسینەوەی دەکات. کەواتە پەیوەندیی خاوەندارانە ئەو پەیوەندیەیە کە لەسەر پرانسیپی: (فەرمان ـــــ سزا)وە ئیشدەکا. کۆمەڵگا فەرمانەکانی دەردەکات و واچاوەڕوانە لەلایەن ئەندامەکانیەوە جێبەجێ بکرێن، بۆیە لە دۆخی جێبەجێنەبوونیاندا تاکەکان بەئاستی جۆراوجۆر دووچاری سزا و لێپرسینەوە دەبن[٣]. منداڵ لە قۆناغە زۆر سەرەتاییەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیدا، واتە ئەوکاتەی تەمەنی لە دوو بۆ چوارساڵ و بۆ شەشساڵانە، لەلایەن خاوەندارە شەرعییەکانی خۆیەوە: (دایك و باوك)، هەموو ئەو میکانیزمانەی بەسەردا جێبەجێدەکرێن کە پێشتر ناوم بردن، ئەمەش هەر لە جۆری خواردن و جلوبەرگپۆشینەوە، تاکو قسە لەزار هاویشتن و هەڵبژاردنی هاوڕێ و جۆری یاریکردنیش دەگرێتەوە[٤]. لە قۆناغەکانی دواتریشدا، هەمان ئەو میکانیزمی پەیوەندیانە لەلایەن دامەزراوە کەلتووری و ئایینییەکانیشەوە بەسەر ئەندام و تاکەکەسانی کۆمەڵگادا دووبارە دەکرێنەوە، هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییان لە ڕەگەزدا (نێر و مێ) و بە تێبینیکردنی گۆڕانی ئاستی توندوتیژی لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، ئەمەشە لە زانستی کۆمەڵناسیدا بە (کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) ناو دەبرێت.

بەپێی بنەمای (پەیوەندیی خاوەندارانە)، تاك لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیدا (خێزان، هۆز، تیرە، تایەفە و هتد) بەشدارە. یان سەر بەیەکەیەکی کەلتووری/جوگرافییە: (خەڵکی گەرمێن، هەولێر، زاخۆ، هەڵەبجە و هتد)ـە، یاخود لە کۆمەڵەیەکی ئایینی/مەزهەبیدا ئەندامە. بۆیە ئەم تاکەکەسە تەنیا ئەوکاتە لە کۆمەڵگادا جێگای دەبێتەوە، کە هەردەم ملکەچی ئەو فەرمان و ئامۆژگاری و لەهەمان کاتدا ڕەچاوکەری ئەو مەرج و سنوورانە بێت، کە یەکەی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئاینیی بۆیان داناوە، چاوەڕێدەکەن جێبەجێیان بکات، چونکە ئەو (نوێنەر)ی ئەو یەکانەیە کە لێیانەوە هاتووە. بەم پێیەش تاك ناتوانێت پەیوەندییەکی ئازادانەی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا هەبێت و بۆی هەیە لەهەر ساتەوەختێکدا تاکێکی سەرەڕۆی

لێدەرچێ و (خیانەت) لە بەها کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و کەلتووریەکان بکات و لێرەشەوە فەزڵی (سزا وەرگرتن) بدات بەسەر (ملکەچبوون)دا. کەئەمەشمان لە شێوازەکانی یاخیبوونی ڕۆژانەی تاکەکاندا و لە کاتی جیاوازی پراکتیکیدا بۆ ئاشکرا دەبێت. بۆنمونە: سەرپێچیکردنی لێخوورێکی خاوەن (مۆڵەتی یاسایی) لە یاساکانی هاتووچۆ، لەکاتێکدا دەزانێت ئەوە نافەرمانییەکی کۆمەڵایەتیە، یان: بەرزکردنەوەی نرخی کەلوپەل و خۆراك لە هەلومەرجەکانی تەنگانەدا، لەلایەن فرۆشیارە ئیماندارەکانەوە، لەکاتێکدا دەزانن ئەمە نافەرمانییەکی ئایینیە لەئاست برا دینیەکانیاندا، یاخود: ڕەواجدانی هاووڵاتی بە درۆکردن و پەیمان نەبردنەسەر، لەکاتێکدا دەزانێت ئەمە نافەرمانییەکی کەلتووریە، چونکە درۆکردن و پەیمانشکێنی لەڕووی کەلتوورییەوە بەهایەکیان نیە و هتد.

هیچکامێك لەمانە ڕەوایەتی خۆیان نیە و ئەندامەکانی کۆمەڵگاش ئەمە باش دەزانن، بەلاَم وەك پەرچەکردارێك لەئاست نەبوونی ئازادیدا، خۆیان دەنوێنن، کە تاك پێویستی پێیەتی بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی خۆی لەبەرامبەر ئەو پەیوەندیەدا کە ئەوی کردۆتە ملکی یەکەیەکی لە خۆی گەورەتر. بێگومان ئەمەش وادەکا تاك نەچێتە ناو پەیمانێکەوە، یاخود لەئاستیدا بێموبالات بێ، کە بۆ دروستبوونی هوشیاری نەتەوایەتی و ئینتیمای نیشتیمانی، زۆر گرنگە..

**دووەم: هۆکاری سیاسی/ئایدیۆلۆژی:**

ڕەنگە شتێکی سەرسووڕهێنەر بێت، کە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای سیاسی بە یەکێك لەو هۆکارانە دابنێین، کە بوونەتە هۆی لاوازبوونی هوشیاریی نەتەوەیی بەگشتی و لە کایە ئیداری و پەروەردەییەکاندا (بۆ نمونە: لە دائیرە و زانکۆکاندا) بەتایبەتی. بەبڕوای من هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی:

یەکەم: ئەو هوشیاریە نەتەوەییەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا لە ولاَتی ئێمەدا بانگەشەی بۆ دەکەن و لە چەمکی (حیزبی نەتەوەیی)دا بەرجەستە دەکرێ، هوشیارییەکی ئاراستەکراوی مەرجدارە. واتە هوشیارییەکە لەلایەن کایەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای بالاَدەستی حیزبییەوە سنووری بۆ داندراوە و لەژێر کاریگەریی



هەلومەرجی مێژوویی و ڕووداوی جۆربەجۆریشدا، ئەو سنوورانە بەرفراوان و تەسك دەکرێنەوە. ئەگەرچی زۆرجار ئەندامانی کۆمەڵگا لەو واقیعیەتە تێدەگەن کە وا لە حیزبی کوردی دەکا، سنوورەکان فراوان و تەسك بکاتەوە، بەلاَم لەبەرئەوەی حیزبی ئێمە نەیتوانیوە ئەو میکانیزمە دروستبکا، کە یارمەتی دەدات لە تێگەیاندنی توێژە کۆمەڵایەتیەکان سەبارەت بەو هەنگاوانەی دەیانهاوێت، ئەوە هاووڵاتیان هەمیشە تەسکبوونەوە و فراوانکردنی سنوورەکان بە جۆرێ لە (دوورکەوتنەوە)ی حیزب دەزانێت لە خۆی. بۆ نمونە: لەکاتێکدا کە دۆخی سایکۆلۆژی و یادوەری مرۆڤی کورد وادەخوازێت، دەسەلاَتی حکومەتی عێراق، بە (ڕژێمی بەعس) ناوبەرێ، تەماشا دەکەین لە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی حیزبە نەتەوەییەکاندا زاراوەی (حکومەتی ناوەندی) جێگەی ئەوەی پێشوو دەگرێتەوە.. بەم پێیەش زاراوەی حکومەتی ناوەندی هەرچەندە لە ڕوانگەی بەرژەوندگەرایانەی نەتەوەیی و دیپلۆماسیەتی سیاسیەوە شیاوترە، وەلێ ناتوانێت دەربڕی تووڕەیی مرۆڤی کوردبێ، کە پێیوایە تەنیا بە بەکارهێنانی ناوە جەوهەریەکەی ئەو ڕژێمە، دڵی ئاو دەخواتەوە و ئەمەش یەکێکە لە ئینتیما نەتەوەییەکانی لەئاست مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیادا، کە ئەو ڕژێمە هەنگاوبەهەنگاو بەسەر نەتەوەی کوردا سەپاندویەتی.


ئەم کێشەیە وایکردووە، کە تاکەکەسی کورد واهەستبکا، لەبەردەم سنوورگەلێکدایە بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆی و ئەم سنوورانەش لەلایەن ئایدیۆلۆژیای سیاسییەوە داندراون، کە بێگومان هەلومەرجێکی تایبەت لە پشتیانەوە ئامادەیە. بۆیە تەنیا بە ڕوونکردنەوەی ئەو هەلومەرجانە و ڕۆشنگەرکردنی خەڵك لە ئاست دۆخی سیاسی و دیپلۆماسیدا، ئەو تەمی گومانەش دەرەوێتەوە. نەبوونی ئەو ڕۆشنەنگەری و ڕوونکردنەوەیە سەبارەت بەهەندێ هەڵوێست کە حیزبەکان دەیگرن، دەبێتە هۆی ئەوەی بۆشاییەك بکەوێتە نێوان ئەو هوشیاریە نەتەوایەتیەی لە گوتاری ئایدیۆلۆژیای حیزبە نەتەوەییەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت و ئەو هوشیاریە نەتەوەییەی تاکەکان خۆیانی بەخاوەن دەزانن. ڕەنگە باشترین نمونە بۆ پیشاندانی ئەو بۆشاییە لە نێوان چاوەڕوانیی خەڵك و گوتاری سیاسیدا، ڕووداوی (خەزرەجی) بێت.

دووەم خاڵ، کە وادەکا، سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا وەك ڕێگرێك لەبەردەم هوشیاری نەتەوایەتی و هەستی نیشتیمانپەروەریدا تەماشای بکرێ، ئەو پەیوەندیە حاشا هەڵنەگرەیە کە پێماندەڵێ: هاوکارییەکی پتەو هەیە لە نێوان هەردوو یەکەی سیاسی و یەکەی کۆمەڵایەتیدا (بە ئاییینی و کەلتووری تەقلیدیی کۆمەڵگاشەوە.

لێگەڕێن بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکانم بەکورتی چەند شتێك بهێنمەوە یاد، کە پێشتر ئاماژەم پێدان: تاکەکسی کورد لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لەناو یەکەی کۆمەڵایەتیدا، (بە ئایینی و کەلتووریشەوە) تاکەکەسێکی ملکەچکراوە، کە لەناو پەیوەندییەکی خاوەندارانەدا دەژی. ئەم پەیوەندییەش بووێکی لێبەرهەم هێناوە، یا فەرمانبەرداره یاخود تاوانبار. کێشەکە لەوەدایە کە یەکەی سیاسی/ئایدیۆلۆژی لە وڵاتی ئێمەدا بێسنوور ڕەچاوی بەها و نرخە تەقلیدیەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی و فەرمانە ڕەهاکانی یەکەی ئایینی دەکا و دەستی یارمەتیدانیان بۆ درێژ دەکات. بەمانایەکی دیکە: لە وڵاتی ئێمەدا کایەی سیاسی بەڕاددەیەك مەبەستێتی دڵی سەرچاوە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگا و سەرچاوە ڕەهاکانی ئایین ڕابگرێ، کە مرۆڤ واهەستبکات (هاوپەیمانییەکی نهێنی) لەدژی نوێبوونەوەی کۆمەڵگا لە ئارادا بێت. بێگومان ئەمەش لە کۆتاییدا وادەکەوێتەوە تاکەکەسی کورد وا هەستبکات، ناتوانێت لەم تۆڕە دەربچێت و کایەی سیاسی وەك (پشتیوانێك) بۆ بڕوای نەتەوەیی خۆی بناسێتەوە.

بەم پێیەش مرۆڤی کورد خۆی لەناو سێگۆشەیەکدا دەبینێتەوە کە سێ جەمسەری هەیە و هەریەك لەجەمسەرەکانی ئەو سێگۆشەیە کۆمەڵێ مەرج و سنوور و فەرمان و سزایان بۆ داناوە، کە هەموو ئەمانەش ڕێدەگرن لەوەی پەیوەندیی ئەو، وەك تاکەکەسێك بە نەتەوەکەیەوە، پەیوەندییەك بێت لەسەر مەبدەئی (ئازادی)یەوە. با بڕوانینە ئەم هێڵکاریە، تا کەمێ مەبەستەکەمان ڕوونبکەینەوە:






وەك لە هێڵکاریەکەدا دیارە: جەمسەری کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئاییینی، تاکەکەسی ئێمەیان لەنێوان خۆیاندا بەند کردووە و بەهۆی مەرج و فەرمانەکانیانەوە، دەیخەنە ژێر پاڵەپەستۆوە. لەکاتێکیشدا ئەم مرۆڤە دەیەوێت خۆی لەژێر ئەو پاڵەپەستۆیەدا ڕزگار بکا، ئەوە یەکسەر لەسەرەوە ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆی سیاسی/ئایدیۆلۆژی دەبێتەوە، کە ڕەوانەی دەکاتەوە بەردەم فەرمانە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئایینیەکان. هەموو ئەمەش لەکاتێکدا، دەبوو پاڵەپەستۆی سیاسی، لە ڕێگەی وەگەڕخستنی یاسا، ئیشکردن بە مافەکانی تاکەکەس و دروستکردنی فەزایەکی ئازاد، بخرابایەتە سەر هەردوو جەمسەری گۆشەکانی خوارەوە، تاکو بە قازانجی تاکەکەس تەواو ببوایە و لەم نێوانەشدا تاك بیتوانیبا وەك هاووڵاتییەك پەیوەندیی هووشیارانەی خۆی بە کۆمەڵگا و نەتەوەی خۆیەوە پەرە پێبدات.

**سێهەم: هۆکاری پەروەردەیی:**

کایەی پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتی ئێمەدا، نەك هەر جێگرەوەی یەکەی کۆمەڵایەتی (کەلتووری و ئاییینی) و یەکەی ئایدیۆلۆژی نیە، بەڵکو دووبارەکەرەوە و تەواوکەری ئەو میکانیزمانەشە، کە لەوێ و لەناو ئەو کایانەدا جێبەجێدەکرێن، هەندێجاریش لەوێ تەواو نەبوون و لەکایەی پەروەردەدا تەواو دەکرێن.

کایەی پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتی ئێمەدا، پێش هەموو شتێك ئەو وێستگەیەیە، کە تیایدا بەشێوەیەکی سیستەماتیك و مەنهەجیتر، تاکەکەسی کوردی

پاڵەپەستۆی دەخرێتە سەر. ئەمەش هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی زانکۆ، بە جیاوازییەکی ڕێژەییەوە، ڕاستە[٥]. لێرەشەوە. کایەی پەروەردە بەهەموو لایەنەکانیەوە درێژکراوەیەکی سرووشتیی کایەی کۆمەڵایەتی/کەلتووری و ئایینی و کایە ئایدیۆلۆژیەکانە و تیایدا تاکەکەسی ئێمە ئەو یاسا و مەرج و فەرمانە ئەخلاقیانەی بەسەردا تەڵقین دەکرێن، کە جێپەسەندی سەرچاوە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگا و سەرچاوە موتڵەقەکانی ئایین و سنووره سیاسی/ئایدیۆلۆژیەکانن.

جیاوازیی نێوان یەکەکانی پێشوو لەگەڵ کایەی پەروەردەدا، ئەوەیە: ئەوەی لە یەکەی کۆمەڵایەتیدا بەهۆی (خێزان و دەستوورەکانیەوە) پیادە دەکرێ و، ئەوەی لە یەکەی ئایینیدا لە ڕێگەی (دامەزراوە ئایینی و لە بۆنە ئایینییەکاندا) دەسەپێنرێت و، ئەوەی لە کایەی سیاسیدا بە هۆی خانە و ئۆرگانەکانی حیزبەوە دادەبەزێتە خوارەوە، ئەوە لەکایەی پەروەردەدا، شێوازێکی (مەنهەجیتر، عەقڵانیتر و دیسیپلینکراوتر) بەخۆیەوە دەگرێت. لەهەموو ئەم کاتانەشدا میکانیزمەکانی (پەیوەندیی خاوەندارانە) دووبارە دەکرێنەوە و ئاستی پەیوەندییەکان، بۆ نمونە: پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، نێوان ئیدارە و مامۆستا و نێوان قوتابی و مەنهەج، دەبنە (پەیوەندیی نایەکسان) و هەمیشە لەسەر حسابی یەکێکیان تەواو دەبێت و ئەویتریان دەکاتە جێبەجێکەر، نائازاد و ملکەچ. زیانی پەیوەندیی نایەکسان، ئەگەرچی بەشێوەیەکی عەقڵانیانەش پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، لەوەدایە، کە بچووك هەردەم هەڕەشەی گەورەی لەسەر بێت و گەورەش لەلایەن گەورەترەوە قووت دەدرێ! (بۆ نمونە: ئەگەر مامۆستا هێزێك بێت بەسەر قوتابییەوە، کە شەرعیەتی خۆی لە (گوتنەوەی مەنهەج)ەوە بەدەستدەهێنێ، ئەوە بەسەر مامۆستاوە (بەڕێوەبەر) هێزێکە، کە شەرعیەتی خۆی لە (ئیدارەکردنی قوتابخانە)وە هێناوە و بەوجۆرە..

لەناو ئەم پەیوەندیەدا، تاکەکەسی ئێمە ناتوانێت ئینتیمای نیشتیمانپەروەرانەی خۆی و هوشیاریی خۆی بەرامبەر بەو ئینتیمایە گەشە پێبدات و لە ڕێگەیەوە ناسنامەی تاکەکەسیانەی خۆی، (کە بەبێ ئەم ناسنامەیە نیشتیمانپەروەری مانای نیە)، دروستبکا. ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی نایەکسانی لەوجۆرەی باسکرا،



هانیدەدات بۆ جۆرێ لە خۆڕاهێنان، خۆگونجاندن و دواجار تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ژیان بەدوای یەکتردا بەکەمترین خولیا و خەونەوە، نەك بیرکردنەوە و هاوکاریکردن و ئیشکردن بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکان و خۆسەلماندن و خۆ دروستکردنی وەك کەسێکی خاوەن ئیرادە لە میانەی ململانێ کۆمەڵایەتیەکاندا. بۆیە ئەگەر جەمسەری پەروەردەش بۆ سێگۆشەکەی پێشوو زیاد بکەین، ئەوە مرۆڤی کورد لەناو جوگرافیایەکدا دەبینینەوە، کە ڕوو بکاتە هەر جەمسەرێکی، بەپێی بەرژەوەندی و مەرجەکانی ئەو مەرجەعی دەسەڵاتە (پەروەردە) دەکرێ، کە لەو جەمسەرەدا خاوەن بڕیارە: بە زیادکردنی پێشگری (پەروەردە) بۆسەر جەمسەری (سیاسی/ئایدیۆلۆژی)، دەبینین مرۆڤی ئێمە فێری (پەروەردەی سیاسی) دەکرێ، لە جەمسەری کۆمەڵایەتیدا فێری (پەروەردەی کۆمەڵایەتی) دەکرێ و لە جەمسەری کەلتوور/ئایینیشدا، فێری (پەروەردەی ئایینی و دابونەرێتەکان) دەکرێ. هەموو ئەمەش پێماندەڵێت: کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا سیستەمێکی ئەڵتەرناتیڤ نیە بەسەر کایەکانی ترەوە، سەرچاوەیەك نیە بۆ تازەبوونەوە و ڕۆشنگەرکردنی بوارەکانی ژیان، بەڵکو درێژکراوەیەکی سرووشتیی گوتاری کایە باوەکانە و ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی شەرعیەتی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە..

ئیدی بەمجۆرە فەزایەك نامێنێت لەلایەن جەمسەرە بڕیاردەرەکان و بەها و یاساکانیانەوە داگیر نەکرابێ و مەرجەکانی هەر کایەیەکی بڕیاردەر نەبووبێتنە ڕێگر لەبەردەم (بەتاکبوون)، (سەربەخۆبوون) و (ئازادبوون)ی مرۆڤی ئێمە، کە هەموو ئەمانە لە دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتەن. کێشەکە لەوەدایە ئەم جەمسەرانە لەناو دامەزراوگەلێکی گەورەی وەك زانکۆکانیشدا ئامادەن و لەسەر هەمان پەیوەندی خاوەندارانە و هەمان مەبدەئی (فەرمان ـــــــــــ سزادان)ەوە کاردەکەن. بۆیە لەبارودۆخی ئەمڕۆدا، زانکۆ دوایین قۆناغی تۆراندن و لاوازکردنی هوشیاریی نەتەوەیی و هەستی نیشتیمانپەروەرانەی گەنجانی ئێمەیە، کەئەم بارودۆخەش پێویستی بە توێژینەوەی زۆر هەیە.

**ئەنجام:**

هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و (ئینتیما) بە کۆمەڵگاوە، شتێك نیە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك ببێت. بەڵكو پلەیەکە لە کەلتووری تاکەکەسیی هەر مرۆڤێك بۆئەوەی بەهۆیەوە پەیوەندیی خۆی بەیەکەیەکی گەورەترەوە، کە کۆمەڵگا و نەتەوەیە، دەستنیشان بکات. مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا بۆ نیشتیمانەکەی ناگری و تا قۆناغێکی هەڵچووی تەمەنیشی هەر لە (خەمی ناندایە، نەك خەمی نیشتیمان)!

مرۆڤ بەر لەوەی ببێتە نیشتیمانپەروەر، فێری دیارگەرایی (Regionalism) دەبێت، چونکە دیارگەرایی هاوشانە بە چێژ وەرگرتنێکی نۆستالیژیانە لەو دەوروبەر و شوێنەی تیایدا گەورەبووین و هەستێکی خۆشەویستیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانناسین، وەلێ نیشتیماندۆستی پرۆسەیەکی بەتەواوی مانا سیاسی و شەخسیە و بەرنامەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە پانتاییەکی فراوانتر. هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە دیارگەرابێت بەڵام مەرج نیە نیشتیماندۆست بێت. بەم مانایەش نیشتیمانپەروەری کەلتوورێکی تاکەکەسیە و ئەم کەلتوورە تاکەکەسیەش، چەندە ئەنجامی گەشەکردنی بایۆلۆژیانەی زەین و عەقڵی تاکە مرۆڤە، ئەوەندەش ئەنجامی ئەزموونی هاوبەشی مێژوویی ژیانی تاکەکانە لەگەڵ یەکتردا.

بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن پەیوەندی خۆیان بە کۆمەڵگای خۆیانەوە پتەو بکەن، پێویستە فەزایەکی ئازاد هەبێت تاکو هوشیاری خۆیان بەرامبەر بە ژیانی هاوبەشیان پەرەپێبدەن، بەشێوەیەکی ئازادانە و بەدوور لە هەر پاڵەپەستۆیەك، (دڵداری لەگەڵ نیشتیمانەکەیاندا بکەن) و بتوانن هەستی (وەفادارانە و فیداکارانە)ی خۆیان لە ئاست بنەماپێکهێنەرەکانی نەتەوەدا، واتە لە ئاست (ڕەگەز، زمان، دابونەریتەکان، بەهاکۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کەلتووریەکان)دا، دەربڕن. لێرەدا گرنگە سیاسەتێکی کەلتووری و ڕێبازێکی پەروەردەیی کراوە پەیڕەو بکرێ، کە لەسەر پرنسیپی (هاندان، هاوکاری و پاداشت)ـەوە دامەزرابێت، نەك لەسەر مەبدەئی (فەرمان ـــــــ سزا)وە.

مەرجی هاتنەکایەی ئەو فەزا ئازادە و دروستبوونی ئەو تاکەکەسەی هوشیاری نەتەوایەتی و هەستی نیشتیمانپەرەوەری لەلای بەهێزە، بریتیە لە: هەڵوەشاندنەوەی



ئەو پەیمانەی لەنێوان کایەی ئایدیۆلۆژی و جەمسەرە تاریك و تەقلیدیەکانی کۆمەڵگادا هەیە. ئەو مەرجە پێماندەڵێت: دەبێ کایەی سیاسی بتوانێت (یاسا) بکاتە سەرچاوەی بڕیاردەر لە کۆمەڵگادا. ئەوە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیە کەهەردەم سەروەری یاسا بپارێزێت و هەموو هێزە کۆمەڵایەتی و یەکە پێکهێنەرەکانی تێبگەیەنێت، کە یاسا شتێك نییە لە دژی ئەوان و ناکرێت بە میزاجی ئەوانیش بێت، بەڵکو هۆکارێکە بەدەست حکومەتەوە بۆ یەکسانسازی و عەدالەتی گشتی. تەنیا لە سایەی یاسا و عەدالەت و ئازادیشدا، خۆشەویستیمان بۆ دیار و ناوچە و مەڵبەندی گەورەبوونمان، دەبێتە خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتیمان.

**هەولێر ٢٠٠٢**

**پەراوێزەکان:**

(١) داریوش اشوری: دانشنامەو سیاسی (فرهنط اصطلاحات و مکتبهاي سیاسي)، انتشارات مروارید: چ: پنجم، تهران ١٣٧٣، ل: ٣١٩ و بەرەو دوا.

(2) Canetti, Elias: Masse og Magt. Bind: 1, Revens Sorte Bibliotek, Kobenhavn: 1996, p: 12.

(٣) مەنوچیهر موحسینی: دەروازەکانی کۆمەڵناسی(و. کۆمەڵێك وەرگێڕ)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، ل: ٣٠

(٤) ئنتونی گیدنز: جامعەشناسی چ: پنجم. ت: م. صبوری، نشر نی، تهران:١٣٧٨ ص: ٦٥ـ٩٧.

(٥) سەبارەت بە کایەی پەروەردە لە قۆناغی باخڕەی ساوایاندا، لێدوانێکی وردترمان پێویستە، کە لەوتارێکی دیکەدا بەناوی: (منداڵ: لە نێوان سرووشت و کەلتوور)دا، دێمەوە سەری.

(*) برایەتی ژمارە ٣٦٥٦ و ٣٦٥٧ی ڕۆژی ٩ـ ١٠/٤/٢٠٠٢

# ڕەتکردنەوەی ترس[*]

**بابڵێین** دیکتاتۆر شاعیرێکە چیدی ناتوانێت شیعر بنووسێت بەڵام بەردەوامە لەوەی زمان تێکبدات و یاری بە یاساکانی زمان بکات، وەلێ نەك بۆئەوەی لە ئەنجامی ئەو یاریکردنەوە بەزمان، یاسایەکی نوێ دابڕێژێت، بەڵکو لە پێناوی تێکدانی زمان خۆیدا. ئەمە دوایین دەرکەوتنی دیکتاتۆرە بەرلەوەی تێبگات: دەستێوەردان لە یاساکانی زمانەوە، دواجار دەستێوەردانە لە سیمای بوون و لەو شێوازەی ژیان کە تەنانەت جێگەیەکی تایبەتیشی بۆ بوونی دیکتاتۆر خۆی تێدا تەرخانکراوە، جێگایەکی یەکجار پان و بەرین و داگیرکارانە..

دەستێوەردان لەو یاسایانەی کە دابینکەری مانەوەی خۆمانن و لەناو پانتایی ژیاندا شوێنێکیشیان بۆ ئێمە دابینکردووە، دەستێوەردانە لە لۆژیکی ژیان و لە بەردەوامی و مانەوە لەناو ئەو پانتاییەدا کە تایبەتە بەخۆمان. ژیان کە لۆژیکی خۆی لەدەستدا، ئیدی دەبێتە ئاژاوە و مرۆڤیش لە ئاژاوەدا وەك ئەو مێروولەیەی لێدێت کە لاسارییەکانی هانیدەدەن بەسەر چڵێ گیای باریکدا بچێتە ناوەڕاستی ڕووبارێکەوە و لەو کاتەشدا پڕژنگی دڵۆپە ئاوێك بەسە تا ڕاپێچی بکاتە ناو تەوژمی ڕووبارەکەوە. دیکتاتۆر مرۆڤێکە بە عەقڵی مێروولەوە دەست لە لاسارییەکانی هەڵناگرێت و ئەو ڕێگایانە دەگرێتە بەر، کە دواجار ماوەی گەڕانەوەی پێنادەن. ڕاستە ئەو لەناو خووڕە و تووڕەیی لافاوەکەدا بە شێوەیەکی کۆمیدیانە نغرۆ دەبێت و لاشەکەی لە داوێنەوەڕا، بە پارچەپارچەیی لەکەنار پنجێ گیا و دوو تاشەبەردا دەگیرسێتەوە و کاتێك ئێمە دەزانین ئەوە تەرمی ئەوە، کە سەگەکان تێی ئاڵاون، بەڵام ئەوەی لە دوای خۆی جێیدەهێڵێت جگە لە بیرەوەرییەکی تاڵ، جگە لە یادوەری تراژیدیانە هیچیتر نیە.

کەواتە دەتوانین بڵێین: دواساتەکانی دیکتاتۆر ئەو ساتانەن کە مەرگێکی کۆمیدیانەی هاوشان بە ڕووخانی سام و شکۆی ئەو بەڕێگاوەیە، وەلێ ئەمە دوای



ئەوەی کە ئەو، هەموو ژیانی لێکردووینەتە تراژیدیا و مەرگەسات. دوای ئەوەی ناشیانە دەستیوەرداوەتە هەموو یاساکانی ژیانەوە و پانتاییەکانی بوونی پڕ کردووین لە کارەسات، کە تەنیا بە هەڵدانەوەی کۆقەبرەکان و بەدەنگهاتنی ڕاگوێزراوەکان، ئەنفالکراوەکان و بەندییەکان لەمە تێدەگەین.

مەرج نیە دیکتاتۆر وەك جەستە کۆتایی پێبێت و سەگەکان تێی وورووکابن، تاکو ساتی ئەوە هاتبێت مەرگی ئەو ڕابگەیەنین، بۆی هەیە ئەو لەوپەڕی تەندروستیی جەستەییدا بێت و کەچی زەمینەی مانەوەی خۆی بەتەواوی لە دەست دابێت. بۆی هەیە ئەو هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەرزش بکا، باشترین خواردن بخوات و ژیانێکی سێکسیانەی گونجاویشی هەبێت و شەوانەش لە تەلەفزیۆندا و لەناو دیوانی سەرکردایەتیدا پێشوازی لە میوانە دیپلۆماسیەکان بکات.. کۆتایی دیکتاتۆر لەوەدایە کە هێندەی دەستکاری یاساکانی ژیان کردووە و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆی خستۆتە ناو لۆژیکی ژیانەوە، کە چیدی ناتوانێت ژیان لەناو زمانێکی ئاساییدا دابڕێژێتەوە و پەنا بۆ زمانێکی نائاسایی دەبات: زمانی هەڕەشە، جەنگ و پێکدادان و تۆڵەکردنەوە و بەهانە گرتن. ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە دیکتاتۆر بۆ دوایین جار کارەساتێك دەنێتەوە، مەرگەساتێك جێدەهێڵێت تاکو لەو ڕێگەیەوە خۆی بکاتە کەلتوورێك لە ترس و تۆقاندن و لەناو ناخی ئێمەدا نیشتەجێ ببێت، ئەوکاتەش پێویست بە مانەوەی دیکتاتۆر وەك جەستەیەك نامێنێت، چونکە ئەو بووە بەبەشێك لە پێکهاتەی ناوەکی و دەروونی هەموو مرۆڤەکان. خۆی لەناو دەروون و کەسایەتی هەر یەکێك لە ئێمەدا کۆپیکردۆتەوە و دیکتاتۆرێکی بچکۆلەی تێدا نیشتەجێ کردووین..

بۆیە هیچ بەرگریکردنێك لە ئاست شاڵاوەکانی دیکتاتۆردا، لەوە گرنگتر نیە کە نەهێڵین نمونەیەکی دیکتاتۆر لە ناخماندا نیشتەجێ ببێت. هیچ شۆڕشێك ناگاتە پلەی ئەو شۆڕشەی کە لەناخەوە دژی دیکتاتۆر و سیماکانی دەوەستێتەوە، کەواتە هیچ بەرگریکردنێك لە ئاست هەڕەشەکانی ئەودا ناگاتە ئەوەی کە درووشمی (نەترسان) ببێتە دروشمی ناخ و میکانیزمێك بدۆزینەوە کە نەهێڵێت لەبەرامبەر هەڕەشەکانی دیکتاتۆردا خۆمان بدۆڕێنین.

بۆچی نابێت بترسین؟ ئایا مەگەر مێژووی بەشەریەت هاوشان نیە بە مێژووی ترسی بەردەوامی مرۆڤ، لەو هەڕەشانەی کە لەلایەن سرووشت و هێزە دەرەکییەکانەوە ئاراستەی کراون؟ ئایا مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی شارستانیانەی خۆی، مێژووی ترسێکی نەنووسیوەتەوە کە ژیان و بوونی ئەوی خستۆتە مەترسییەوە؟ هەموو ئەمانە ڕاستن، وەلێ سێ بەڵگەمان هەیە کە لەم ساتەوەختە ناسکەدا پێماندەڵێن: (نابێت لە دیکتاتۆر بترسین):

یەکەم بەڵگە ئەوەیە کە دەڵێت: ترس لە دیکتاتۆر ترسێکی تایبەتە، چونکە ترسێکە لە لۆژیکی ژیان و لە ڕێزگرتنی بوون دوورماندەخاتەوە، لەکاتێکدا ترسی مێژووییانەی مرۆڤ لە هەڕەشەکانی سرووشت و هێزە دەرەکیەکان، ترسێك بووە کە توانای عەقڵانیانەی مرۆڤی چالاککردووە و تەگبیری عەقڵانیانە بۆتە سەنگەرێك تا مانەوە بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکا. نابێت لە دیکتاتۆر بترسین، چونکە ئەم ترسە بیری داڕشتنەوەی ژیانی ئاییندەییمان لە خەیاڵدا دەڕەوێنێتەوە و کوێرییەك لە بەرامبەر داهاتوودا دەهێنێتە بەرهەم تا نەزانین چی لەو داهاتووە بکەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئازادییەدا بکەین، کە لە پێناویدا قوربانیگەلێکی زۆرمان بەخشیوە. دیکتاتۆر خۆی لە ناخی ئێمەدا کۆپیدەکاتەوە، چونکە دەیەوێت ژیانی ئاییندەییمان لێئاڵۆز بکات و بە ڕواندنی ترس لە ناخماندا هەموو ئاسۆکانمان لێڵ بکات. مێژوو ئەو ڕاستییەی بۆ تۆمار کردووین، کە ترس لە هێزەکانی سرووشت لەخزمەتی ژیانی مرۆڤ خۆیدا بووە، چونکە ترسێکی عەقڵانی بووە و هزری مرۆڤی ناچار کردووە بەدوای دۆزینەوەی ئەو ڕێگاچارانەدا بگەڕێ، کە مانەوە و حورمەتی ژیان دەستەبەر دەکەن. بەمانایەکی دیکە، ئەم ترسە میکانیزمێك بووە تا لەڕێگەیەوە مرۆڤ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ سرووشت و دەوروبەردا ڕێکبخات بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆی بگات، کە تەحقیقکردنی ئینسانیەتی خۆیەتی. لەکاتێکدا ترس لە دیکتاتۆر، ترسێکی ناعەقڵانیانەیە و زادەی پەیوەندیی ئاڵۆزکاوی کەلتووری دیکتاتۆرە لەگەڵ لۆژیکی ژیان و بووندا. دیکتاتۆر دوای ئەوەی لە (ڕابردوو) و (ئێستا)دا بێحورمەتییەکی زۆری بە ژیانکردووە، دەیەوێت لە ڕێگەی بە کەلتوورکردنی خۆی و دواجار نیشتەجێکردنی ئەم کەلتوورە لە ناخی مرۆڤدا، تەشەنە بکاتە ناو (داهاتوو)شمانەوە،



تا هەرگیز لەناو ڕەوتی شارستانیەتدا مرۆڤبوونی خۆمان تەحقیق نەکەین و وەك نەتەوەیەکی ژیاندۆست بەرجەستە نەبین. پاکتاوکردنی نەتەوەیەك هەرتەنیا لە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیەدا، لە ڕێگەی کۆکوژی و ئەنفالکردنەوە، کورتنابێتەوە. بەڵکو ستراتیژی سەرەکیی پاکتاوکردن بریتییە لە درێژکردنەوەی ترس بەرەو هەموو کەلێن و قوژبنەکانی داهاتوو، بۆئەوەی داهاتوو نەبێتە زەمینەی لەدایکبوونەوەی بەردەوامی ئینسانیمان.

دووەمین بەڵگە، کە پێماندەڵێت نابێت لە دیکتاتۆر بترسین، ئەو خاڵەیە کە فەیلەسووفی فەرەنسی (پۆڵ ڕیکۆر) ناوی ناوە (قەرزداری ئێمە لەئاست قوربانیەکاندا). قوربانیەکان کەسانێك بوون کە بەسەر ترسی دیکتاتۆر و کەلتووری ئەو ترسەدا زاڵ بوون و وەك تاکە مرۆڤ تا ئاستی خۆبەختکردن بەرگرییانکرد، تاکو مانای ئەو ژیانە بێحورمەت نەبێت، کە پێیدەگوترێ (ژیانی هاوبەش). لەودیو ژیانی هەر قوربانییەکەوە چیرۆکێك هەیە کە داوای گێڕانەوەی خۆی دەکات، چیرۆکێك کە دەبێت بگێڕدرێتەوە و ئەو گێڕانەوەیەش ببێتە بەڵگە لەسەر بوونی بەهادارانەی ئەوان لە پێناوی ژیانێکی مرۆڤانەدا. قوربانیەکان کەسانێکن، کە بەمەرگی خۆیان مانایەکیان بەو ژیانە بەخشی کە ئێستا ئێمە تیایدا دەژین، بۆیە هەر بێموبالاتیەك و بێڕێزییەك لەئاست ئەم ژیانەدا، بێموبالاتی و بێڕێزییە بەرامبەر بە قوربانیەکان.

دیارە ئێمە بۆمان هەیە ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر هەلومەرجەکانی ژیان و شێوازەکانی پراکتیزەکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دەرببڕین و لە دژیان بوەستینەوە، بەڵام نەك بەو مانایەی سووکایەتی بە (جەوهەری ژیان) بکەین، بەڵکو بەو مانایەی ئەم ژیانە بکەینە ژیانێك بۆ خۆمان و ئەو هەلومەرجانەی تێدا بڕەخسێنین کە دەبنە زامنکەری سەروەریی مرۆڤانەمان. ئێمە لەئاست قوربانیەکاندا بەرپرسیار و قەرزدارین، نەك تەنیا لەبەرئەوەی ئەوان لە پێناوی ئێمەدا گیانی خۆیان بەختکرد (وەکئەوەی گوتاری یادکردنەوە تەقلیدیەکان پێماندەڵێت)، بەڵکو لەبەرئەوەی پێویستە دەنگی ناڕەزایی ئەوان لە ڕێگەی دەنگهەڵبڕینی ناڕەزایانەی ئێمەوە بگاتە داهاتوو، ئەمەش بەهۆی گێڕانەوەی بەسەرهات و حەکایەتەکانیانەوە. بۆیە بێدەنگیی ئێمە لەم کاتەدا نەك هەر ژیانی هەنووکەییمان لەمانا بەتاڵدەکاتەوە، بەڵکو دەنگی

قوربانیەکانیش خەفە دەکات، دەبێتە هۆی دروستکردنی پانتاییەکی گەورە لە سامناکی و دوو دڵی، کە جگە لە ترس هیچ شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێت و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئیرادەمان. ئێمە لەئاست قوربانیەکاندا قەرزدارین، بەو مانایەی ئەگەر لە ئێستادا نرخێك لە ژیانماندا هەبێت، ئەوە ئەو نرخەیە کە ئەوان بەرگرییان لێکرد، بەڵام ئەمە ئەو نرخەشە کە دەبێت ئێمە داهاتووی هاوبەشی خۆمانی لەسەرەوە دروستبکەین لەڕێگەی گێڕانەوەی حەکایەت و بەسەرهاتەکانی ئەوانەوە. لە ڕێگەی گواستنەوەی دەنگی مرۆڤانەی ئەوانەوە بۆ ئایندەی بەردەوام. نابێت ئێمە لە دیکتاتۆر بترسین، چونکە ناتوانین لە ڕێگەی ترسەوە دەنگمان بە داهاتوو بگەیەنین و بەسەرهاتی قوربانیەکان و تراژیدیاکانی خۆمان بکەینە خولگەی ئەو مێژووەی کە دەشێت مێژووی هەمووومان بێت. بێدەنگی بەمانای کوشتن و ووشکبوونەوەی سەرچاوەی حەکایەت و بەسەرهاتەکان، ئەو حەکایەت و بەسەرهاتانەی کە ئێمە لە ڕێگەیانەوە کەسایەتی خۆمان و مێژوویەکی هاوبەشی مرۆڤانە دروستدەکەین. دیکتاتۆر لە دواساتەکانی خۆیدا دەیەوێت لەڕێگەی تەقاندنەوەی بۆمبای ترسەوە، بەهۆی ترساویکردن و سامناککردنی ژیانەوە، لەڕێگەی میکانیزمەکانی بێدەنگکردنەوە، قەناعەتی ئەوەمان لادروستکات، کە دەست لەو هەڵنەگرین و ڕووبەڕووی نەوەستینەوە، چونکە ئەوکاتە ژیان بۆ ئێمە مەحاڵ دەبێت. ستراتیژی دیکتاتۆر لەم ساتەوەختەدا بریتیە لە دەستێوەردان و لەخوێن هەڵکشاندنی ئەو مێژووەی کە دەبێت مێژووی ئێمە بێت.. بەڵام ستراتیژی ئێمە پێویستە ڕزگارکردنی مێژوو بێت لە هەموو ساتە تراژیدیاکانی خۆی لەڕێگەی بەرپەرچدانەوەی ترس و سامناکییەوە. تەسلیم بوون بە ترس و بەهانەکانی دیکتاتۆر، پەشیمانیە لە ڕابردوو، بێبڕواییە بە ئێستا و وازهێنانێکی خۆکوژانەیە لە داهاتوو!

سێهەمین بەڵگە ئەوەیانە کە پێماندەڵێت: بەهەموو کەموکوڕی و فەوزا و ئەو نائومێدیانەی تووشیان هاتین، بەهەموو ناکۆکی و شەڕەکانی ناوخۆ و کوشتارە ناڕەواکانەوە، وێڕای بەحیزبیکردنی کۆمەڵگا و فەسادی ئیداری و ئەخلاقی و سەرهەڵدانی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و کۆچی بەلێشاوی هاووڵاتیانی ئێمە بۆ تاراوگە، وێڕای زیندووکردنەوەی هێزە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی



بەرژەوەندیی حیزبی و دروستکردنی ئەخلاقێکی کۆنترۆڵکەر، ئەزموونی ئەم دەساڵەی ئێمە ئەزموونێك بوو بۆ هەمووومان و لێرەشەوە ئەزموونێکی گرنگ بووە، کە نابێت تەنیا لەبەر تروسکایی ئەو نائومێدیە هەنووکەییەدا کە ئەو دیاردانە دروستیانکردووە، حوکمی کۆتایی بەسەردا دەربکەین.

ڕەنگە جوانترین خاڵی ئەم ئەزموونە بەلای منەوە ئەوەیان بێت، کە ئێمەی کورد، هەرچەندە لە تاقیکردنەوەی هێز و سەروەریی دەسەڵاتدارانەی خۆماندا لەدژی یەکتر درێغیمان نەکرد و (ئەمەش خاڵە کۆمیدیاکەی ئەم ئەزموونەیە)، بەڵام هەرگیز هێز و دەسەڵاتی خۆمانمان بۆ سەرکوتکردنی ئەوانیتری غەیرەکورد، بەکارنەهێنا و ئەمەش ئەو خاڵەیە کە من ناوی دەنێم گەورەیی نەتەوەیی. ئەوە خاڵێکی درەخشانە کە تۆ ولاتێك لەوە زیاتر کە قەدەری مێژوو لەتوپەتیکردووە، لەتوپەت نەکەیت، بەڵکو بیکەیتە نیشتیمانێك بۆ هەموو ئەوانەی کەدەیانەوێت بەئاسوودەیی تیایدا بژین و سەفەری بۆ دەکەن و تیایدا نیشتەجێ دەبن. هەروەها ئەوە خاڵێکی جوانە کە تۆ بتوانیت لەو تاقیکردنەوەیەدا کە مێژوو تیایدا دەسەڵاتت دەداتێ، دەربچیت و هێزی خۆت لەسەرکوتانەوەی ئەوانیتردا تاقینەکەیتەوە، کە لەکەنار تۆدا مێژوویەکی تراژیدیانە ژیاون، ئەگەرچی زۆرجاریش هێزگەلێکی دەرەکی ئیغرایانکردوون بۆ ئەوەی ئازادیی خۆیان بەهەڵە بەکار بهێنن.

ئەزموونی ئەم دەساڵە لەشوێنێك لە شوێنەکاندا شکستێکی گەورەشی بەسەر ئایدیۆلۆژیای تەسکی حیزبایەتیدا هێنا، کە دەیویست پێمانبڵێت: ئێمە بۆ هەمیشە ناکۆك و ناتەبا و دژین، ئەم ئەزموونە، وێڕای هەموو تراژیدیا و کۆمیدیاکانی کایەی سیاسی کوردی، هێمنییەکی خوڵقاند کە لەودیویەوە خواستێکی مرۆڤانە هەیە بۆ بەردەوامی، بیناکردنەوە و تەبایی و زاڵبوون بەسەر جیاوازیە ڕووکەشەکاندا. ڕاستە ئەم ئەزموونە نەیتوانی بەهەمان خێرایی نائومێدکردنی مرۆڤی ئێمە، ئومێد و گەشبینی دروستبکاتەوە، وەلێ زۆریشن ئەو هاووڵاتیانەی ئەم بارودۆخی ناکۆکیە بە بارودۆخێکی کاتی و ڕاگوزەر دەزانن و هەمیشە ئازاری ئەو ڕەنجەی لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا و لە میانەی ناکۆکیەکاندا دووچاری بوون، لەسایەی ئومێدیاندا بە داهاتوو، پاساو دەدەنەوە. ئەم ئومێدە بە داهاتوو خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە پێمدەڵێت کە

من هێشتاکەش لە قەڵەمڕەوێکی ئینسانیدا دەژیم و ڕقی بەرهەمهاتووی جەنگ و کوشتارگا و ناکۆکیەکان، نەیانتوانیوە لە هاووڵاتیانی ئێمە ئەو دڕندەیە دروستبکەن، کە ئامانجی هەر جەنگێکە لە مرۆڤ دروستی بکات. بیر لەو خێزانە ئاوارەیە دەکەمەوە کە جەنگ ناچاریکردووە ماڵ و شاری خۆی جێبهێڵێت و چەند ساڵێك لەشارێکی دیکەدا و لەناو خێمە و شوققەکاندا بژی، کەچی لە کەمترین فرسەتدا کە بۆی هەڵدەکەوێت، دەڕواتەوە شار و شوێنی خۆی بەبێئەوەی نەخشەیەکی بۆ تۆڵەکردنەوە لەسەردا بێت. بیر لەو کەس و خێزانە کۆستکەوتووانە دەکەمەوە، کە بەهەرحاڵ لە جەنگی ناوخۆدا دەستی شەڕ هاتە ناو ماڵەکانیانەوە و هەرگیز ئەو کۆستەیان بۆ قەرەبوو ناکرێتەوە. وەلێ بڕوایان بەوە نیە کە مێژووی شەڕی ناوخۆ لە ئێستا و داهاتووی خۆیاندا بەردەوامیی پێبدەن. ئەمە ساتەوەختێکی جوانە لە ژیانی میللەتێکدا، کە وێڕای برینداری و دڵشکانەکانی، نایەوێت هەتاسەر ببێتە کۆیلەی لۆژیکی شەڕەکانی ناوخۆ و ناکۆکیی نێوان هێزەکان. ئەوە هەڵوێستێکی قەشەنگە کە ئاوارەکانی ئێمە لە شارێکەوە دەگەڕێنەوە شارێکی دیکە، بەبێ ئەوەی لەبەردەم بارەگاکاندا عیزەتی نەفسی خۆیان لەدەست بدەن..

ئومێد بە داهاتوو، ئیشکردن بۆ بەردەوامی و نەدۆڕاندنی ئیرادە، ئەو خەسڵەتانەن کە تایبەتن بە مرۆڤی ژیاندۆست و مرۆڤی لێبووردوو، مرۆڤێك کە ئاسۆ دوورەکان دەبینێت و خۆی نادات بەدەست ئەو هەلومەرجانەی وا خۆیان پیشاندەدەن کە بۆ هەمیشە جێگیرن و هیچ شتێك جێگەیان ناگرێتەوە، بەڵام بە بچووکترین یاخیبوونی مرۆڤ لێیان، هەڵدەوەشێن و هەلومەرجی نوێتر دەردەکەون.

هەربۆیەشە دیکتاتۆر ویستوویەتی بەدرێژایی تەمەنی ئەم ئەزموونە و لە دواساتەکانی خۆیدا و بەهۆی بەکارهێنانی سەدان فێڵ و بەهانەی سیاسیەوە، نەخشەی هەڵوەشاندنەوە بەسەر ئەزموونی کوردیدا بسەپێنێت و مرۆڤی ئێمە بخاتە سەر ئەو قەناعەتەی، کە (ڕۆژگارە خۆشەکان) تەنیا لە سایەی ئەودا دەستەبەر دەبن. ئەو لە بیری چۆتەوە کە هەرگیز نەیتوانی شیعر بنووسێت بەڵام بەردەوامبوو لەوەی زمان تێکبدات و یاری بە یاساکانی زمان بکات، وەلێ نەك بۆئەوەی لە ئەنجامی ئەو یاریکردنەوە بەزمان یاسایەکی نوێ دابڕێژێت، بەڵکو لە پێناوی تێکدانی زمان




خۆیدا. ئەمە دوایین دەرکەوتنی دیکتاتۆرە بەرلەوەی تێبگات: دەستێوەردان لە یاساکانی زمانەوە، دواجار دەستێوەردانە لە سیمای بوون و لە ئەو شێوازەی ژیان، کە تەنانەت جێگەیەکی تایبەتیشی بۆ بوونی دیکتاتۆر خۆی تێدا تەرخانکراوە، جێگایەکی یەکجار پان و بەرین و داگیرکارانە، کە ئیدی هەلومەرجەکانی مانەوەی خۆی لەدەستداون، چونکە ئێمە دەمانەوێت ئەم ئەزموونە بکەینە ئەزموونێك بۆ خۆمان، ئەزموونێك کە تیایدا ئەو کەلتوورە دەسڕینەوە کە ئەو بەسەر کۆمەڵگاکەماندا سەپاندی. بێگومان ئەمەش تەنیا ئەوکاتە مەیسەر دەبێت کە هیچ لێکچوونێك لەنێوان ئێمە و دیکتاتۆردا نەمێنێت..

**هەولێر**
**٢٠٠٢/٢/٢٣**

(٥) برایەتی ژمارە: **٣٦٢٥**ی ڕۆژی **٢٠٠٢/٣/٢**

## بەشی سێهەم

# پانتایی هاوبەش



## شار، فەنتازیا، شوێنی زۆرەملێ! (*)

(١)

**شار** سرووشتێکی سەیری هەیە: وێڕای هەر پلان بۆدانانێك، ڕێکخستنێك، دیسیپلینکردنێك و لێکەمکردنەوە و بۆ زیادکردنێك، هێشتاش وەك شەپۆلێکی خرۆشاو خۆی دەردەخا.. شەپۆلێك لە مرۆڤ و لە شتەکان، هەمیشەش وەك گەڕیدەیەکی نەحەجمیو، وەك ڕێبوارێکی ماندووی جیاواز و لاسەنگ دەردەکەوێ. هەر لەبەر ئەم خاڵەش بەلای منەوە شار هەم سەرنجڕاکێشە و هەم تۆقێنەر، وەك ئەوەی ئێمە چیدی نەتوانین بەبێ شەپۆلەکانی جوڵە و بەبێ سێبەرەکانی ترس بژین: (سەرمایە و هێزی کار هەرگیز نابێت بوەستن، بەڵکو دەبێت بەردەوام لە بازنەیەکدا بسووڕێنەوە. زانست و عەلاماتەکان دەبێت بەردەوام مۆبیلیزە بکرێن. شەقامەکان پاکبکرێنەوە، باخچەکان ڕازاوە بن، دایەرەکان دەوام بکەن و سەیرانگاکان ئاوەدان بکرێنەوە و سەرنجڕاکێش بن) و هتد. ئەمانەن پەیامەکانی شاری مۆدێرن. بەڵام لە بیرمان دەچێت کە لەودیو ئاڵۆگۆڕی سەرمایە و بەگەڕکەوتنی عەلاماتەکانەوە، لەودیو خاوێنی شەقام و ڕازاوەیی باخچەکانەوە، سێبەری ماندوویی و شەپۆلە خرۆشاوو تووڕەکەی شار ئامادەیە.

گەلێجار هاندەری هەرە سەرەکیی مرۆڤ بۆ چونەدەر لەماڵ، ئیشتیاقە بۆ خۆبینینەوە لەناو شەپۆلە خرۆشاوەکەی شاردا. ئیشتیاقە بۆ خۆبینینەوە لەناو تەوژمەکان و مۆنجی ڕووداوەکاندا. پێدەچێت ئیدی ئێمە خاوەنی غەریزەیەك بین، بەبێئەوەی بەخۆمان بزانین، ملی شەقامەکانمان پێدەگرێت بۆ ناو باوەشی شەپۆلە خرۆشاوەکانی بازاڕ. ئەمە ئەو هەستەیە کە لەتاراوگە: لە کۆپنهاگن، ئۆکسفۆرد، لەندەن، ستۆکهۆڵم و پاریس، هەر تاراوگەکراوێك ئەزموونی دەکات و تەفسیرێکی دیاریکراوی بۆی نییە.. ئەمە هەمان هەستە کە لەهەر شارێکی دیکەی دنیادا یەخەماندەگرێتەوە و دەماندەتەوە دەست شەپۆلە خرۆشاوەکانی شار.



ئاه! خەریکە تێدەگەم، ئیدی بۆ هەمیشە لەتاراوگە دەژیم. تاراوگە نیشتیمانی هەمیشەیی من و نەوەی ئێمەیە...

(٢)

بەڵام چەندە شەپۆلە خرۆشاوەکانی شار سەرنجڕاکێشن، هێندەش دەستوپێگر و ماندووکەر: هەر لێرەشەوە پێویستە هەموو شتێ بکەین بۆ ئەوەی ئەو شەپۆلانە ڕام و ئارام بکەینەوە، کەئەمەش کارێکە، یاخود پرۆسەیەکی کارکردنە و لەڕێگەی پلاندانان و نەخشەسازییەوە جێبەجێ دەبێت.

پلاندانان و نەخشەسازیی شار، دوو تەکنیکی مۆدێرنن بۆئەوەی لە ڕێگەیانەوە شەپۆلە (پەسندەکان) لە شەپۆلە (ناپەسەندەکان) جیا بکەینەوە. بەمانایەکی تر: پلاندانان و نەخشەسازی دوو چەکی بەهێزی عەقڵانیەتن و لەو جەنگەدا بەکاریان دەهێنێت کە شوێنی ڕووداونەکەی پانتایی (شارە). ئەمە شەڕێکە لە دژی نائارامیی و ئاژاوە و بێسەرەوبەرەییەکانی شار. پلاندانان، واتە نەخشەکێشانێکی روون بۆ جیاکردنەوەی سنوورەکان، بۆ بیناکردنی شوورا و دیوارەکان، تا بتوانین شەپۆلە سەرکەشەکان بە ئاراستەیەکی تایبەتی کۆنترۆڵکراودا بەرین. هەربۆیەشە (جیاکردنەوە) و (لێکهەڵاواردن) (پێنانەسەکردن) و (سەر لەنوێ ڕێکخستنەوە)، فەلسەفەی بنەڕەتیی هەموو نەخشەسازییەکی بەسوودە بۆ شار. لێرەشەوە شاری پلان بۆ دانراو، ئاوێنەیەکە وێنەی جموجوڵی دەسەڵات و شارەزایانمان لەناو زۆن و ناوچەکانی خۆیدا پیشان دەداتەوە. شاری خاوەن نەخشە و پلانرێژکراو، پێش هەموو شتێك ڕەنگدانەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەپشت پلان و نەخشەکانەوەیە. هاوسەنگیی یەکەمیان نیشانە و بەڵگەیە لەسەر هاوسەنگیی دووەمیان.

شاری پلانرێژکراو، لەسەر نەخشەکەی خۆی، لە کۆمەڵێك ناوچە یاخود (یەکەی شوێنی/وحدات مکانیە) دەچێت کە هەریەکە لەم (یەکە شوێنیانە) خاوەنی ڕەنگ و قەبارەی تایبەتیی خۆیانن. لە دواجاریشدا، ئەم یەکە شوێنیانە ئەو (گشتە تۆپۆگرافیە) پێکدەهێنن کە ئێمە پێی دەڵێین (شار): شاری خاوەن مەیدان، شاری خاوەن سنوور و کەوشەنی دەستنیشانکراو، شاری هاوسەنگ و بونیادمەند، شارێ کە ئاسایش تیایدا

لەسەر بنەمایەکی لۆژیکییەوە دابین کرابێت و شارێکی بەدوور لە ئاژاوە و مەترسیی کوشندە..

هەموو ئەمانە پێکڕا شاری پلانڕێژکراو پێکدەهێنن، واتە شاریٚ بۆ ژیان و هەڵسووکەوت و گەشە و بەختیاریی مرۆڤەکان. ئەو پلانەی نەیتوانی ئەم جۆرە شارە بەرهەمبهێنیٚ، شارمان لێدەکاتە شوێنیٚ، کە بەردەوام تیایدا برسی و بێکار و ترساوین، بەردەوام تیایدا ڕۆدەچین و بەردەوامیش نەخشەی سەفەرێکمان لە خەیاڵدا بەرجەستە دەکات بۆ جێهێشتنی. هاندەری جێهێشتنی وڵات و ڕێگەی هەندەران گرتنەبەر، هەر شتیٚ بێت، دواجار هاندەرێکی دیکەش هەیە کە پەیوەندیی بەسرووشتی شارەوەیە: ئەو شارەی خەونی تێدا ببینین، دوای هەموو دەربەدەرییەك و کۆرەوێك، دوای هەموو جێهێشتن و لێدوورکەوتنەوەیەکی، لەئەنجامدا وەك جۆگەلە ئاوێکی باریك بۆی دەگەڕێینەوە و دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێینەوە ناوی تا ببێتەوە بە دەریا. پێدەچێت دروستبوونی شار و کۆبوونەوەی کەسەکان تیایدا، لەبنەمادا هەوڵدانێکی مرۆڤ بێت بۆ لاساییکردنەوەیەکی دەریا، ئەگەرچی ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی نییە! بەڵام بۆمان هەیە هەر مرۆڤیٚ بە دڵۆپیٚ بچوێنین و هەر شاریٚ بە دەریایەك لە مرۆڤ.. هەر بۆیە ئەو شارەی خەونەکانمان دەکوژێت، تەنیا یەك ڕێگامان لەبەردەمدا دەهێڵێتەوە: خۆجیاکردنەوە و بوونەوە بە دڵۆپ، بوون بە بووخار و دواجار مەحووبوونەوە لەناو بۆشاییدا: کۆچ، تاراوگە و هەندەران و ... مەرگ.

(٣)

وەلیٚ وێڕای ئارەزووی هەموو نەخشە و پلانەکان بۆ لەبەرچاوگرتن و بینینی هەموو شار وەك یەکەیەکی ڕوون و حساب بۆکراوی شوناسکراو، هێشتا ڕێکخستنەوە و جێکردنەوەی (واقیعی شار) بەپێی پلانەکان و لەناو نەخشەکاندا، کەمدەهێنیٚ.. هێشتا نەخشەکان ناتوانن ببنە حەکایەتێکی تۆکمە لەسەر هەموو بەسەرهاتەکانی شار و ناشتوانن لەناو جەزر و مەدیی شەپۆلە ڕامکراوەکاندا ڕێگە لە خرۆشانی شەپۆلە ناپەسندەکان بگرن. لێرەشەوە، شار وەك دیاردەیەکی مۆدێرن، پڕە لە دژایەتی و ناهاوسەنگی، پڕە لە ناکۆکی و شەڕە دەنووك و گرژبوونەوەی بەردەوام. لە ئەنجامی ئەمەشەوە هەمیشە شار کلکەیەك، هەرێمێك یان شوێنێکی هەیە کە (زیادە)یە و لە



نیگای یاسا و لە کۆنترۆڵی نەخشەسازان دەرباز دەبیٚ و شوناس ناکریٚ و مەرجەکانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە. هەروەك فۆکۆ و دۆلۆزیش جەختیان کردۆتەوە: هیچ پەیوەندییەکی دەسەڵاتیشمان نییە بتوانیٚ بەتەواوی هاوسەنگی بەدەست بهێنیٚ، بۆیە هەردەم لەهەموو ئاساییشێکدا، لەهەموو هاوسەنگییەکدا کە وادەزانرێت کونبڕ کراوە و زەفەری پێنابرێت، ئەو کون و کەلەبەرانە ئامادەن کە بەرەو دەرەوە و ناوەوەی ئەو ئاساییش و هاوسەنگییە دەرگایان لەسەر پشتە و بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکراون.. هەربۆیەشە جەختی فۆکۆ و دولۆز بەردەوام لەسەر ئەوەیە: پێویستە پێناسەی بنەمایی ئێمە بۆ سەنتەرەکانی دەسەڵات (لەوانەش پێناسەمان بۆ شار) لەسەر ئەو کلکە و هەرێم و شوێنە زیاد و کون و کەلەبەرانەوە بێت، کە لە (سەرجەمیەتی شار)ەوە ڕێچکە دەبەستن و وەك ڕەگی درەختیٚ لەژێر شووراکان و دیوارەکانەوە سەر دەردەهێنن و خۆیان لە سنوورەکانیان دەرباز دەکەن، بەبیٚ ئەوەی جیا ببنەوە.. هەموو ئەمەش لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە دەسەڵات هەوڵدەدات شار و شوێنەکان بەشێوەیەکی تۆکمەی کەم تا زۆر هاوسەنگ و بەپێی نەخشە و پلانەکان، هەرێمبەند بکا و لەژێر ناوی (ناوچە) و (زۆن)ی جیاوازدا ناویان لێبنێت: (ئەمەش بەپێی دابەشبوونی سیستەمەکان، هەرەمەکانی دەسەڵات، کایەکان، پیشەکان و هتد.).

لەم کاتەدایە ئەو شەپۆلە خرۆشاوە هەڵوەشێنەرەوانەی ناو شار، ئەو درز و ڕەگوڕیشە یاخی و کەلێنە سنووربڕانە، ئامادەن کە سنووری هەرێم و ناوچەکان ببەزێنن و سیمایەکی (ناهاوسەنگیان) پێببەخشن و (ئۆرگانیزەبوون) و (هەرێمبەندیی) و (ئاساییش)ی شار بەدرۆ بخەنەوە. ئەمەش بەجۆریٚ کە لەیەك کاتدا واهەست بکەین شارێکمان لەناو شارێکدا هەیە، شەپۆلێکی خرۆشاو لەناو شەپۆلێکی ئارامگرتوودا، گڕکانێك لەناو خۆڵەمێشدا..

(٤)

لێگەڕێن با ئەم شاری دووهەمە ناو بنێین شاری (گەڕیدەکان)، شاری پەراوێز نشین و شاری خەڵکانی دەرەوەی نەخشەکان، شاری بیٚ شوێن و بیٚ ناونیشانەکان و شاری کۆچەرەکان و هتد.

شاری گەڕیدەکان وەك شلەیەکی نادیاری تێکەڵبوو (بەڵام گرنگ) وایە و بەپێی سرووشتی خۆی، شێوەی ئەو قاپە دەگرێ، کە دەکرێتە ناوی. ئەمەش ئەو بەشەی شارە لەبەرامبەر ئەو بەشەی تریدا کە (ڕێکخراوە)، (حسابی وردی بۆکراوە) و لە ڕووی یاساییەوە (ددانی پێدا نراوە). بەپێی لێکدانەوەی (دۆلۆز و گیتاری)ش، شوێنی گەڕیدە و خانووبەکۆڵ و نۆمادەکان، شوێنێکی (ڕێکخراو) نییە و لەسەر بنەمایەکی پلەبەپلەی دەسەڵاتیشەوە (هیرارکی) دانەمەزراوە تا وەك شوێنێکی (داخراو/مغلق) بێتە پێشچاومان. بەم مانایەش، شوێنی نۆماد و گەڕیدان، شوێنی بەپەراوێزکراوەکان، شوێنێکە هەمیشە (کراوە)یە. بەڵام شوێنی کراوە چییە؟

ئێمە پێشتر تەکنیکی نەخشەکێشانمان بە تەکنیکێکی جیاکەرەوە و دیوارساز پێناسە کرد، بۆیە دەبێت پێش دروستبوونی دیوارەکان، هەموو شوێنێ بەشوێنێکی (کراوە) وێنا بکەین. کەواتە دەتوانین ئەم شوێنە، واتە شوێنی کراوە، بە قۆناغی (پێش/شار) یاخود بەقۆناغی (ئەودیو) نەخشەکێشان و پلاندانان، پێناسە بکەین. ئەم شوێنە شارێکی بێسنوور، بێ پلان، بێ هەڵاوێردن و بێ ڕێکخستن، پێکدەهێنێ. واتە شارێکی بێ ئۆرگان و بێ ئەندام: واتە دوای ئەوەی ئەندام و دەزگا و بنکەکان لەشار دەستێنینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە، شاری گەڕیدەکانە، واتە شوێنی مەزاتخانە، مەیدانی دۆلار فرۆشان، دەستگێڕەکان، بەنزین و ڕۆنفرۆشەکان، عەرەبانەکان، مریشکفرۆشەکان، سەهۆڵفرۆشەکان، دەرزەکەران، شەوبێداران، سەرخۆشەکان، لەشفرۆشەکان و تەنانەت ئەو گەڕەکانەش لە لەوح و تەنەکە دروستکراون و هتد.

ئێرە شارێکە بەر لە هاتنی کۆد و شفرە، بەر لەپەیدابوونی نیشانەکان هەبووە. بوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هێشتا دەسەڵات نەیتوانیوە ببێتە دەسەڵاتێك کە شێوەیەکی هەندەسیانە و عەقڵانی بە شوێن ببەخشێ و (شوێن) کۆنترۆڵ و ئۆرگانیزە بکات. هەربۆیەشە ئەم شارە ناوچە و هەرێمی جیاواز، زۆنی (خوارەوە) و (سەرەوە) و شورای (بەرز) و (نزم) و دیوار و پەرژینی جیاکەرەوەی نیە. بەکورتی: ئەم شارە شوێنێکی کراوەیە کە ناکرێ ڕەگەزە جیاوازە پێکهێنەرەکانی خۆی تێدا بچووکبکرێتەوە بۆسەر ئاستی یەك شێوە و یەك سیما. ئێرە شوێنی ناعەقڵانیەت و بێهەرج و مەرجییە، شەپۆلێکی خرۆشاوی نائارامە لە هاتوچوونێکی بەردەوامدا، ئێرە



پانتاییەکی بێ سەنتەرە، یاخود ڕاسترە بڵێم: پانتایی کەنارە لەناوجەرگەی ئەو پانتاییەدا کە پێیدەگوترێ: (سەنتەری شار)!

لەکاتێکدا دابەشکردنی شوێن بەپێی نەخشە و پلانەکان، دابەشکردنی شار بۆ سەر زۆن و ناوچە جیاوازەکان، واتە دابەشکردنی بزاوت و جوڵەکان بۆسەر ئاستێکی عەقڵانی و پێکەوە بەستنی پنتە ناسراوە، دەستنیشانکراوە کۆنترۆڵکراوەکان بەیەکترەوە بەمەبەستی ڕامکردنی شەپۆلەکان و دەستنیشانکردنی ئاراستەیەکی دیاریکراو بۆیان. شاری گەڕیدان، شاری دەستگێڕ و عەرەبانە و دۆلارفرۆشان، شاری عاشقان و سەرخۆش و بێکارەکان، شارێك نیە بتوانین ئاراستەی بۆ دەستنیشان بکەین، بەڵکو شارێکە تەنیا دەتوانین لەگەڵ شەپۆلەکەیدا ڕێکەین، یاخود خۆمان بدەین بەدەستیەوە!

(٥)

ناکرێ هەروا بەئاسانی جوڵەی شەپۆلێکی خرۆشاو لەناو زۆن و هەرێمی نەخشەکاندا سەقامگیر بکەین و ناشکرێ بزاڤی نەحەجمیوی شەپۆلەکانیش لەنێوان دوو پنتی دیاریکراودا دەستبەسەر بکەین. شوێنی گەڕیدەکان شوێنێکە خۆی لە جوڵە و بزاڤ و هەمەڕەنگی دروستبووە، هەر لێرەشەوە ئەم شوێنە خەسڵەتی هەرە گرنگی خۆی لە (بێئارامی) و (نەحەجمین) و (فەوزا)وە بەدەستدەهێنێ کە قەبوولی هیچ جۆرە نەخشەیەك و ڕێکخستنێك ناکات.. ئەمڕۆ لە جێگایەك دەدەی بەسەریا، سبەی لە جێگایەکی دیکە هەڵدەتۆقێتەوە. ئەمڕۆ بەهۆی بڕیارێکی یاساییەوە قەدەخەی دەکەی، سبەی لە سایەی کەلەبەر و درزێکی ئەو بڕیارەدا مەشرووعیەت بۆخۆی بەدەست دەهێنێتەوە! ئێستا لەم کەوشەنەوە سنووورداشی دەکەیتەوە، ساتێکی دی لەدەرگای سنورێکی دیکە دەدات! ئەمەیە سرووشتی گەڕیدەکان و تاراوگەکراو و شەپۆلە خرۆشاوەکان..

بەڵام شاری نەخشە و پلانڕێژکراو ئەوکاتە دەبێتە شارێکی تەواو کە بتوانین بچینە ناو ئەم ناوچە نائارام و فەوزایەوە و بەپێی پلانێکی عەقڵانیی زەفەری پێبەرین و سنوور بۆ خرۆشان و هەژانەکەی دابنێین. واتە بەهۆی ئۆرگانیزەکردن و نیشانە بۆدانان و ڕێکخستنیەوە، هەستین بە کۆڵۆنیکردن و دەستبەسەراگرتنی. لێرەشەوە، شاری پلانڕێژکراو، دەبێتە شارێك کە بەرامبەرەکەی خۆی و مونافیسەکەی خۆی لە سیمای

شاری گەڕیدە و شاری شەپۆلە خرۆشاوەکاندا دەبینێتەوە: ئەمەش ئەو پەیوەندیە پڕ ناکۆکیەیە کە پێکهێنەری سرووشتی هەر شارێکی مۆدێرنە و خەسڵەتە پڕناکۆکیەکانیشی لە دژایەتی نێوان دوو قوتبەوە بەدەستدەهێنێ: لەلایەکەوە قوتبی دەوڵەت و لەولای دیکەشەوە قوتبی گەڕیدە و کۆچەر و بەپەراوێزکراوەکان.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی ئەم دوو قوتبە، هەموو نەخشە و پلاندانانێك بۆ ئۆرگانیزەکردنی شار، نەخشەیەکی هەژار و پلانێکی بێبەرهەم دەردەچێ و لە ئاژاوەدا کۆتایی پێدێت. واتە دەوڵەت ناچار دەکات پلانە عەقڵانیەکەی لەڕێگەیەکی ناعەقڵانییەوە (بۆنموونە: لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە) جێبەجێبکات و ئالێرەشەوە ئەو پلانەی کە دەبوو ئارامی و ئاساییش بەرهەم بهێنێ، لە ئاڵۆزی و زەبروزەنگدا گیردەخوات. بۆیە ئەگەر تەنیا بەرژەوەندیی دەوڵەتمان لەبەرچاوگرت، ئەوە زۆنێك لە نارەزایی بەرهەم دەهێنین و هاووڵاتیان لەناو ئەو (گیتۆ)یانەدا نیشتەجێ دەکەین، کە خواستی خۆیانی لەسەر نیە. شار دەکەینە شوێنێکی زۆرەملێ.. بەولای تریشدا، ئەگەر هەر تەنیا ڕەچاوی خواستی پراکتیکیانەی هاووڵاتیان بکرێ، ئەوە گەلێ لە مەرامەکانی دەوڵەت، (لەوانەش ڕێکخستن و مۆدێرنیزەکردن) لەناو شاردا دەکەونە بەر مەترسییەوە.

ڕەنگە باشترین ڕێگاچارەی تەندروست ئەوە بێت، بەرلەوەی دەست لە سرووشتی پڕ دژایەتی شار بدەین، ئەوە پێویستە پێناسەیەکی هەمەلایەن بۆ شار بکەین و خەسڵەتەکانی بە ووردی دەستنیشان بکەین، ئەمەش تەنیا بەمەبەستی (تێگەیشتن) لەو سرووشتە تایبەتیەی شار هەیەتی. چونکە ئێمە دەزانین کە پسپۆڕەکانی شار و ئەندازیارانی پلاندارێژ، خۆشیان لەسەر پێناسەیەکی تایبەت و هەمەپەسەند بۆ شار ڕێك نەکەوتوون و چەندین تیۆریی جیاواز هەیە، کە هەریەکەی بەجۆرێ شار پێناسە دەکات... بۆیە بەبێ پێناسەکردنی شار، بەبێ بەرهەمهێنانێکی (تیوریانە)ی شار و ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە ئێمە لەم قۆناغەدا چیمان لەشار دەوێ، بەبێ ناسینی شار وەك قەبارەیەکی زیندووی پڕ جموجووڵ و خاوەن هێز، ناکرێ هیچ تیۆرە و پلان و نەخشەیەك بەسەر تیۆرە و پلانە ئیحتیمالییەکانی دیکەدا زاڵ بکەین.

لەلایەکی ترەوە، هەموو شارنشینەکان دەزانن کە (مانا)ی شار لەلای خەڵکانی هەمەجۆر و (بەکارهێنەرانی شار)، جیاوازە. ئەوان هەریەکەیان شاری خۆیان لەناو فەنتازیای خۆیاندا و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، بەپێی پێویستییە حەیاتیەکانی خۆیان بەرهەم دەهێننەوە: شاری کەبابفرۆشان، شارێکە پێش هەمووشتێك پڕ بێت لە کەبابخۆر، لەکاتێکدا شاری سەهۆڵفرۆشەکان ئەوشارەیە کە تیایدا هەستدەکات بەبێ قاڵبە سەهۆڵەکانی ئەو، خەڵك لە تینوان دەخنکێن! و شاری سەرخۆشەکان ئەو شارەیە کە ئێواران لە کونجی مەیخانەیەکدا خەمەکانی بەبا بدات و شاری عاشقانیش شارێکە هەر سووچ و قوژبنێکی، هەر سەرکۆڵان و ژێر درەختێکی جێگەی ژووانێك بێت.. ئەمانە هەریەکەیان لە ڕوانگە و بەرژەوەندی و بەپێی ژیانی پراکتیکیانەی خۆی، وێنە و پێناسەی خۆی بۆ ئەو پانتاییە پێکدەهێنێ کە پێی دەڵێین: (شاری خۆمان) و ڕەنگە ئەمە گرنگترین خەسڵەتی پێکهێنەری ناسنامەی هاوبەشیشمان بێت. چونکە ئەگەر (شاری خۆمان) لێ بستێننەوە، یاخود ناچارمان بکەن جێی بهێڵین، ئیدی هێندە بڵاودەبینەوە تا یەکتری لەدەستدەدەین. ئەمەش ئەو ئەزموونە تاڵە بوو کە ئێمە لە کۆڕەوەکەدا، وەك نەتەوە و وەك هاووڵاتیی (شاری خۆمان)، پێیدا تێپەڕین..

بە مانایەکی دیکە: بۆئەوەی شار، وەك (شاری هەموومان) بمێنێتەوە، دەبێت هەریەکەمان ئازادبین لە بەرهەمهێنانەوەیدا، لە جوانکردن و پێشخستنیدا. شار، (شاری هەموومانە) کاتێ هەریەکەمان لە فەنتازیای خۆیدا چاوەڕوانییەکی تایبەتی لە شار و لەو شوێنەی کە ژیانی ئەوی بە باشترین شێوە تێدا هەڵدەسووڕێ، هەبێت. فەنتازیای شار، خاڵی پێکگەیشتنی نێوان نەخشەکێش و هاووڵاتیانە، خاڵی لێکحاڵیبوونی دەسەڵات و هاووڵاتیان. کەی ئەم دوو جەمسەرە لە فەنتازیای یەکدی تێگەیشتن، ئەوە ناکۆکیەکان ئاستێکی دیکە و پلانەکانیش بەرهەمێکی تریان دەبێت، دەنا شار پتر لەوەی سەرنجمان ڕابکێشێ، هەمیشە دەمانتۆقێنێ و لە بیرمان دەچێت کە لەودیو ئاڵوگۆڕی سەرمایە و بەگەڕکەوتنی عەلاماتەکانەوە، لەودیو خاوێنی شەقام و ڕازاوەیی باخچەکانەوە، لەودیو پلانسازی و نەخشەکانەوە، سێبەری ماندوویی و شەپۆلە خرۆشاو و تووڕەکەی شار ئامادەیە. شارێك کە ئیدی شاری ئێمە نیە و بۆتە شوێنێکی زۆرەملێ بۆ ژیان!

**هەولێر ٢٠٠٠/٦/٢٨**

(*) ڕێگای کوردستان، هاوینی ٢٠٠٠

# پاسە ڕیمەکان
## لەنێوان عەقلانیەتی ڕۆشنگەر و عەقلانیەتی تێکدەردا(*)

**ئەگەر** بۆ ساتێك لە بەرزایی ئاسمانێڕا و بەچاوی ئەستێرە و باڵداران بمانڕوانیبا شاری هەولێر چیمان دەدی؟! بێگومان لەکاتێکدا کارەبا هەبوایە یەکێك لە وەڵامەکان ئەوە دەبوو کە بڵێین: شارێکی ڕۆشنی پڕ بریق و باقی دێرینمان دەدی کە قەڵایەك لە نێوەڕاستیدایە و منارەیەکی مێژوویی تیایدا ڕووە و ئاسمانێ هەڵچووە. بەڵام لێرە کارەبا نییە و ئیدی لێرەشەوە شارەکەمان پتر لە شارێکی سەدە ناوەندییەکانی ئەوروپا دەچێ وەك لە شارێکی مۆدێرنی ئەم دەڤەرەی سەدەی بیست و یەکەم. ئەمەش بەو جیاوازییەوە کە شارەکانی ئەوکاتە نغرۆی ناو بۆنی سووتاندنی پیو، مۆم و دووکەڵی ئاگر بوون و شارەکەی لەمەڕ ئێمەش نغرۆی ناو دەنگە دەنگ و بۆنی گریس و بەنزینی داینەمۆکارەباییەکان!

کەواتە با جارێکی دیکە بە جۆرێکی دیکە و بەشێوەیەکی وردتر بپرسینەوە: ئەگەر پێش (٢٠٠٠/٦/١)و پێش بڕیاری پارێزگاریی هەولێر بۆ قەدەخەکردنی هاتووچۆی پاسە ڕیمەکانی سەر شەقامی سیمەتری، لە ئاسمانێڕا بمانڕوانیبا شاری هەولێر، چیمان دەدی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە: بێگومان دووکەڵێکی زۆر کە لە پاسە ڕیمەکان و ئامانەکانەوە دەردەچێ و ئاراستەی شەقامەکان دیاریدەکات و دیمەنێکی دزێو دەداتە ئەم شارە دێرینەی کوردستان و ژینگەیەکی پیس لەدوای خۆی جێدەهێڵێت. پێدەچێت بڕیاری قەدەخەکردنەکەش هەر لەوەوە بوبێت کە بەرپرسان چیدی ڕێگەیان بەخۆیان نەدابێ، لە سەردەمی مۆدێرنیزەکردن و بە مەدەنیکردنی وڵات و حوکمداریی ئەواندا، بهێڵن ئەم شارە ئاوا لە ژێر دووکەڵی (پاسە ڕیمەکان)دا هەناسەی تەنگ ببێت! وەك ئەوەی مۆدێرنیزەکردنی شار و بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر فەتحکردن و قەڵاچۆکردنی پاسە ڕیمەکان وەستابێت!؟



بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێستا دوای (٢٠٠٠/٦/١)ـە و ماوەیەکە شۆفێرەکان ناچارکراون بچنەوە ماڵ و ئێمەش خۆشبەختانە یان بەدبەختانە، هیچمان لە ئاسمانێڕا ناڕوانینە شارەکەمان.. بەڵکو ئێمە تاسەر ئێسقان لەناو شارەکەماندا دەژین و بەسەر شەقامەکانیدا دێین و دەچین و شەڕ لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژیاندا دەکەین، پێویستە هەرلێرەشەوە، هەر لەسەر ئەم شەقامانەشەوە بڕوانینەوە واقیعی ژینگەی شار و دەوروبەرمان و هەر لەسەر ئەو شەقامانەش درێژە بەشەڕەکانمان بدەین بۆ گۆڕین و باشترکردنی هەلومەرجەکانی ژیانمان.

کەچی بڕیاری قەدەخەکردنی هاتووچۆی پاسە ڕیمەکان لە بڕیاری دەسەڵاتێك دەچێ کە چاوی ئەو دەسەڵاتە شتەکان تەنیا لە ئاسمانێڕا دەبینێ و لە ئاسمانێڕاش بڕیار دەدات بۆ مۆدێرنیزەکردن و جوانکردنی فەزایەك و چارەسەرکردنی ئالۆزییەك، کە نەك هەر ئالۆزییە لە هاتووچۆی شاردا، بەڵکو پێش هەموو شتێ ئالۆزییە لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و بونیادی کۆمەڵگادا. لێرەوە لێکچوونێکی سەیر هەیە لە نێوان ئەو شوێنگەی بڕیارانەدا کە دەکرێ بە بڕیاری ئایینی، یان (پێش مۆدێرن) ناویان بەرین و شوێنگەی ئەو بڕیارانەشدا کە لەدنیای (مۆدێرن)ی ئێمەدا دەدرێن و سیاسەتێکی دیاریکراو لە پشتیانەوەیە.

شوێنگەی بڕیاری (پێش مۆدێرن) شوێنگەیەکی ئاسمانی و خواوەندی هەبوو: هۆی هەموو بەڵا و ئافات و ساڵهات و وشکەساڵیەکان دەگێڕدرانەوە بۆ میزاجی خواوەند و هێزە ئاسمانییەکان. مرۆڤ بۆ داڕشتنی بەرنامەکانی خۆی، دەبوو بە ڕوانینە ئاسمان و ئاسۆکانی ڕەحمەت، نیازەکانی خواوەند بخوێنێتەوە و ژیانی خۆی میزان بکات و شکوور بێت بە بەشی خۆی و ملکەچ بێت لەئاست قەدەرەکانیدا.

بەڵام شوێنگەی بڕیارەکانی دنیای مۆدرێن شوێنگەیەکی واقیعیتریان هەیە و بڕیاردەران و دەسەڵاتدارانی مۆدێرنیش لە کۆمەڵگادان نەك لە ئاسمان. هەربۆیەشە بڕیارەکانی ئەوان پێویستە پێش هەموو شتێك ئەنجامی ژیانی ئینسانیی ئەوان و بەڵگەی هەستی هاودەردی و لێخوردبوونەوەیان بێت لەگەڵ ئینسانەکانی دیکەی هەمان کۆمەڵگادا. مرۆڤە سادەکانی ئێرەش چیدی ناتوانن بە ڕوانینە ئاسمان و ئاسۆکانی ڕەحمەت، بە ملکەچکردن و چاوەڕوانیکردنی گۆڕان لە میزاجی

بڕیاردەرەکاندا قەناعەت بکەن، بەڵکو دێنە زمان، دەکەونە نارەزایی دەربڕین و شەڕکردن لەگەڵ ئەو دەزگا و ئیدارانەدا کە بڕیاری نارەوایان لێوەدەردەچێت و گوزەران لە خەڵکانێك دەشێوێنن.. خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئەو بڕیارانە و دەسەڵاتی پشتەوەیان دەیانەوێ پێش هەموو شتێك بەشێك بن لە ڕەوتێکی مۆدێرنخواز و هاوچەرخایەتی و مەدەنی، کە یەکێك لەدەرکەوتەکانی ئەم بزاڤەش لە نەخشەو پلانگۆڕینی شار و سیستەمەکانی هاتوچۆدا بەرجەستە دەبێت. بەڵام ڕێك ئالەم بەرجەستەبوونەشدایە کە یەکێك لە ناکۆکیەکانی هەموو ئیدیعایەکی مۆدێرنی دەسەڵاتمان بۆ ئاشکرا دەبێت و پێویستیشە ڕووپۆشەکانی لە ڕوو هەڵماڵین.

مۆدێرنیتە لەناوەوەی خۆیدا، بەپێچەوانەی پەیامە ڕۆشنگەرەکانییەوە لەسەر ئاستی فیکر و فەلسەفە، ئەوە لەسەر ئاستی دەسەڵات هەمیشە پڕە لە دژایەتی و ناکۆکی و تاریکایی. دەسەڵاتی مۆدێرن لە بنەمادا دەسەڵاتێکی پڕ دژایەتییە، هەمیشە لە چەند ڕوویەك زیاتری هەیە و زیانەکانیشی هەمەڕەنگ. با لەڕێگەی قسەکردنمانەوە لەسەر پاسە ڕیمەکان کەمێ ئەم ناکۆکیە ڕوونتر بکەینەوە:

پاسە ڕیمەکان خۆیان وەك ئامێرێکی دروستکراو بەرجەستەبوونێکی مۆدێرنیتەن کە ئیرادەیەکی عەقڵانی و ڕێکخەر لەپشت دروستبوونیانەوە ئامادەیە و ئەم ئیرادە عەقڵانیەش دەیەوێت ڕێکخستنێکی هاوچەرخانەتر بداتە بواری گواستنەوە و هاتوچۆ. ئەو ئیرادەیەش ئیرادەی تەکنەلۆژیایە بۆ ڕەتکردنەوەی هۆیەکانی گواستنەوەی قۆناغی پێش مۆدێرن (وڵاخە بەرزە و ئەسپ و عەرەبانە و هتد) و خێرایی بەخشینە بە پەیوەندیەکان و دەستبەسەراگرتنی ڕووبەرە جوگرافیەکانە بە خێراییەکی زیاتر. بەمجۆرەش پاسە ڕیمەکان چارەسەرێکی مۆدێرنیتەن بۆ کەمکردنەوەی ماوەکان بە خێراییەکی زۆرتر و بۆ گوستنەوەی زۆرترین هاوولاتیان بە وزەیەکی کەمتر.. لێرەشەوە پاسە ڕیمەکان (لەگەڵ شەمەندەفەر و میترۆ و هتد دا) بەشێك لەو هۆیانەی گوستنەوە پێکدەهێنن کە بە (هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیی) ناودەبرێن و ئەمەش لەلایەن دەسەڵاتی مۆدێرنەوە پشتیوانییەکی زۆری لێکراوە. واتە دەسەڵات لە دابینکردنی ئەو دیاردەیەدا کە بریتییە لە (هۆیەکانی گوستنەوەی گشتی) ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی بینیوە بەوەی گرنگیی بەو هۆیانە بدات و شارەکان لە قەڵەباڵغی و ژینگە لە پیسبوون



بپارێزێ و خزمەتگوزارییەکیش پێشکەش بە هاوولاتیان بکات. ئەمە ئەو ئاستەی دەسەڵاتی مۆدێرنە کە شتەکان لە شوێنی خۆیاندا دەبینێ و چارەسەری هەمیشەیی، یان کاتییان بۆ دەدۆزێتەوە و لە فێنکایەتی ئاسمانەوە تەماشای گڕی واقیع ناکات..

***

بەڵام با بۆ ساتێکیش هەق بڵێین: پاسە ڕیمەکان لەسەر شەقامەکان شوێن زۆر دەگرن و زۆریش بەدووکەڵن! نیشانەن بۆ کورتبینیی هەندەسەی دروستکردنی ماشێن لە دنیایەکی بەرتەسك و جەنجاڵ و بە گازی ئوزۆن دەورەگیراودا. بەڵگەن لەسەر قۆناغێکی مێژوویی تایبەت بە هزری تەکەنەلۆژی و ئیرادەی تەکنیکخواز و ویستی دەسەڵات بۆ بە ئامێرکردنی دنیا.. ئەگەرچی دواجار دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە لە وڵاتی ئێمەدا پاسە ڕیمەکان و (پاسە پۆڵۆنی و جۆرەکانی دیکەی ماشێنە بێزراوەکان)، هەربەتەنیا بەرهەمێکی تەکنەلۆژیش نین، بەڵکو سەرچاوەیەکی سەرەکیشن بۆ هێشتنەوەی سەدان مرۆڤ لەسەر سنوورەکانی مەمرە و مەژیی قەناعەت و تەسلیم نەبوون بە هەلومەرجە سەختەکانی ژیان. ڕێك ئالێرەشدا ئەو ناکۆکیەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەبڕیارەکەی پارێزگاریدا هەیە:

ئەو بڕیارە لەو ئاستەدا کە مەشرووعیەتی خۆی لە (کەمکردنەوەی قەڵەباڵغی و خاوێن ڕاگرتنی شار)ەوە وەردەگرێ، بڕیارێکی ڕۆشنگەرانەیە، چونکە کەسمان لاریمان لە خاوێنی و ئارامکردنەوەی فەزای شار و جوانکردنی دیمەنەکانی نییە. بەڵام لەو کاتەدا ئەم بڕیارە ژیانی سەدان کەس دەخاتە مەترسییەوە، پانتایی بێکاری و وەڕسبوون فراوان دەکات و وادەکات خەڵك لە ژیانی خۆیان وەڕس بن، یان لە ئاست هەلومەرجەکاندا زەلیل بکرێن، بەبێ ئەوەی پرسیان پێبکات، بەبێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی باشتریان بخاتە بەردەست، ئیدی مەشرووعیەتەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەگەر نەڵێم بەتەواوی بەتاڵ دەبێتەوە. تا ئەوکاتەی ئەم بڕیارە، بڕیارە بۆ (ڕێکخستنی هاتوچۆی ناوشار و کەمکردنەوەی فشار لەسەر شەقامەکان) بڕیارێکی عەقڵانییە، بەڵام کاتێ ئەم بڕیارە عەقڵانییە (بەو پێیەی لە دەسەڵاتێکی مۆدێرنەوە دەردەچێ) دژی یەکێ لە وەعدەکانی خۆی دەوەستێتەوە کە دابینکردنی (هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیی) و ئارامیی هاتوچۆیە بۆ هاوولاتیان، ئیدی دەبێتە

عەقلانییەتێکی تێکدەر. واتە عەقلانییەتێك کە دەیەوێ لە شوێنێکی بەرزتر و دوورتر لە واقیعەوە، هەمان واقیع ملکەچی بڕیارێکی (ناواقیعی) بکات کە لە حاڵی حازردا لەبەرژەوەندی کەسدا نیە، جگە لە تێکدانی سیستەمێکی هاتوچۆی (گشتی) و گرنگیدان بە سیستەمێکی هاتوچۆی (تایبەت). واتە هاندانی خەڵك بۆ بیرکردنەوە لە کڕینی سەیارەی تایبەت، یان ناچارکردنیان بە سواربوونی تەکسی، کە هیچکامیێ لەم دوو جێگرەوەیەش نە خزمەتی ژینگەی شار دەکەن، نە جەنجاڵییش کەمدەکەنەوە و نە جوانییەکی پتریش دەبەخشنە شار. ئەمە جگەلەوەی ئەم بڕیارە پێچەوانەی هەموو ئەو بڕیار و پلانانەیە کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاتوچۆ پەنایان بۆ دەبرێت و دەوڵەتان گرنگییەکی پتر دەدەن بە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی و هەتادێت ماڵیاتی زیاتریش دەخەنە سەر هۆیەکانی هاتوچۆی تایبەت.

بۆیە بڕیارێك ئەگەر نەیتوانی خۆی وا پیشانبدا کە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ و هەمەلایەنەی بڕیاردەر و ئەندازیارەکانێتی لە کێشەکان، ئەگەر نەیتوانی خۆی وا بخاتە ڕوو کە ئاکامی تێفکرینێکی بەرفراوانی ئەوانە لەو واقیعەی بڕیارەکەی تێدا جێبەجێدەکرێ و ئەگەر جێگرەوەیەکی باشتر بۆ ئەوەی کە هەیە، دیاریی نەکات، ناشتوانێ وەکو ئیرادەی عەقلانیەتێکی ڕۆشنگەر بەرجەستە ببێت. بەڵکو دەبێتە بڕیارێکی پڕ لەناکۆکی و دژایەتی: لەو کاتەدا کە دەیەوێ ڕێکخستن بهێنێتە ئاراوە، فەوزا دروستدەکا، لەو کاتەدا کە دەیەوێ خێرایی ببەخشێتە هاتوچۆ، هاتوچۆ دەوەستێنێ و لەو کاتەشدا نیازیەتی ژینگەی شار لە دووکەڵی (هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیی) بپارێزێ، بە دووکەڵی (هۆیەکانی گواستنەوەی تایبەت) قانگمان دەدات!

بڕیارێ کە ڕێکخستن و خێرایی و جوانکردنی ژیانی شار دەکاتە ئامانجی خۆی، پێش هەموو شتێك بڕیارێکی سیاسییە لە دنیای مۆدێرندا. ئەو سیاسەتەش کەدەیەوێ دنیای مۆدێرن کۆنترۆڵ و ئۆرگانیزە بکات، بەبێ بیرکردنەوەی قووڵ لە هەلومەرجە دژوارەکانی ژیانی خەڵکان و مرۆڤەکان و جوانکردن و ڕێکخستنەوە و دابینکردنی ژیانێکی ئارامتر بۆ هاوولاتیان، بەبێ پرس و ڕا وەرگرتن لەو کەسانەی بڕیارەکان دەیانگرێتەوە، ناتوانێت ڕەوایەتیی بەدەست بهێنێ. چونکە هیچ بڕیارێکی



ڕەوا و ماقووڵ و جوانمان نییە ئەگەر ژیانی خەڵکانێکی بۆ کرابێتە قوربانیی و تەنیا لەپێناوی ئەوەدا کە جێبەجێ بکرێ، بەرژەوەندیی هاوولاتیانی بۆ پێشێل کرابێت.

هەتا ئەو بڕیارە ڕەوایانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دێنە ئاراوە و عەقلانیەتی ڕۆشنگەر جێگە بە بێرۆکراتیەتی ئیداری چۆڵدەکا، من دووکەڵی (پاسە ڕیمەکان)م گەلێ لەلا خۆشترە وەك لە ئیدیعایەکردن بۆ (مۆدێرنیزەکردن) و (بەمەدەنیکردن) و گوتارەکانی (پاکوخاوێنی) و (جوانکردنی پایتەخت) و شتی لەمبابەتە.. چونکە ئەگەر ئێستا دوای (٦/١) و دوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، لە ئاسمانەوە بڕوانینەوە هەولێر، چی دەبینین جگە لە ڕیزی دوورودرێژی پاسە ڕیمە لەکارخراوەکان و فراوانبوونی پانتایی بێکاری و نغرۆکردنی خەڵکانێکی زیاتر لەناو بێ ئومێدی و زەلیلبووندا بەدەست هەلومەرجە دژوارەکانی ژیانەوە؟!

**٢٠٠٠/٦/٧**

(*) ڕێگای کوردستان، ژمارە: ٤٠٧ی ڕۆژی ١٢/حوزەیرانی ٢٠٠٠

## (مازدا)، (لادا) و (بەرازیلی):
## (نمونەیەك بۆ (ئاڵۆزیی کایە کۆمەڵایەتیەکان))(*)

**سەرەتا:**

**وەکو** سۆسیۆلۆژی فەرەنسی (پییر بۆردیۆ) فێری کردووین، کایە کۆمەڵایەتییەکان هەردەم بە دوو ئاراستەدا لە ململانێدان: ئاراستەیەك بریتیە لە ململانێی کایەیەکی کۆمەڵایەتی (حقل اجتماعی) لەگەڵ کایەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا، ئاراستەی دووەمیش بریتییە لە ململانێی ناو کایەکان خۆیان.

ئەگەر تەکسییەکانی ناوشاری هەولێرمان وەك کایەیەکی سەربەخۆی گواستنەوە وەرگرت، ئەوە ئەکتەرەکانی ناو ئەم کایەیە، واتە شۆفێری تەکسییەکان، هەمیشە لەململانێیەکی نەبڕاوەدان لەگەڵ ئەکتەری کایەیەکی دیکەی گواستنەوەدا کە شۆفێری ڕیمەکانن. بەڵگەی ئاشکرای ئەم ململانێیەش جگە لە گلەیی و بڕیاری پێشینەی ڕۆژانەی ئەم دوو گرووپە لەیەکتر و تەماشاکردنی یەکدی وەکو دوو خاوەن بەرژەوەندیی جیاواز، ئەوە لەو ساتەوە دەرکەوت کە هاوینی ئەمساڵ بڕیاردرا هاتووچۆی پاسەڕیمەکان لە بازنەی شەقامی سیمەتریدا قەدەخە بکرێ و شۆفێری تەکسییەکانیش ئەم بڕیارەیان وەك دیارییەك بۆ خۆیان وەرگرت، چونکە بڕیارەکە جگە لەو بەڵگانەی پشتی پێبەستبوون، ئەوە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بریتیبوو لە (دابەزاندن و کەمکردنەوەی مەشرووعیەتی) ڕیمەکان وەك کایەیەکی گواستنەوە. بەمجۆرەش ئێمە ململانێیەکی شاراوەی نێوان دوو کایەی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەرکەوت، ئەگەرچی وەکو پیشە ئەم دوو کایەیە لەئاست بڕیارەکانی دەسەڵاتدا خاوەنی یەك بەرژەوەندین و بەپێی تیۆرییە تەقلیدیەکانی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیش دەبوو پشتی یەکتریان بگرتایە.

بەڵام هاوینی ئەمساڵ سەرەتای ململانێیەکی تازە لەناو خودی کایەی تاکسییەکاندا بەدیار کەوت، ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی مۆڵەتی بەتەکسیکردنی



جۆرێکی سەیارە درا، کە سەیارەی (مازدا)ی یابانییە. بەمجۆرەش مازدا بووە ڕەقیبی لادا و بەرازیلییەکان، کە پێشتر دوو جۆر تەکسیی باوی هاتوچۆکردن بوون. هاتنی مازدا و پاشانیش دروستبوونی ئەو گوتارە پۆزەتیڤەی لەبارەیانەوە هاتەئاراوە، وەك بەڵایەك وابوو لە دنیای شۆفێری لادا و بەرازیلییەکاندا.

من لێرەدا بەهیچ شێوەیەك باسی جیاوازیی جەوهەری ئەمجۆرە ئۆتۆمبیلانە ناکەم، چونکە هەموویان بەلای منەوە جەوهەرێکی ئاسنینیان هەیە و ئامرازی گواستنەوەن و لەکارگەیەکدا دروستکراون، لەسەر چوار چەرخ دەڕۆن و یاساکانی هاتووچۆی مرووریان بەسەردا دەسەپێ و بەهەمان ڕەنگی پرتەقاڵی بۆیاخدەکرێن کە نیشانەی بەتەکسیبوونیانە و هتد. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو بەها و نرخانەیە کە کۆمەڵ بە جۆری ئەم سەیارانەی دەبەخشێ، یاخود لێیان دەستێنێتەوە. بۆچی کۆمەڵ، یاخود ڕاستترە بڵێم: بۆچی کایەی گواستنەوە و ئەکتەرەکانی ناوی نرخێك بە مازدا دەبەخشێ و نرخی لادا و بەرازیلی وەردەگرێتەوە؟ ئایا ئەم نرخپێدانە هەرتەنیا لەبەرئەوەیە کە ئەمیان باشتر و تازەتر و کەم مەسرەفترە لە ئەوانیتر، یاخود، وەڵامی ئەم پرسیارە لە جێگەیەکی ترەوە بهێنیین؟ ئایا وەڵامی ئەم پرسیارە چ شتێکی تازەمان لەسەر دنیای ئینسانی ئێمە پێدەڵێت و ئەمەش ئەنجامی کامە گۆڕانە لە میکانیزمی کایە کۆمەڵایەتیەکاندا؟

**نمونەی (ئاڵۆزیی) لە کایەی گواستنەوەدا:**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، سەرەتا پەنادەبەم بۆ ئەو ئەزموونەی کە لە نزیکەوە و لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا، لەزمان خەڵك و خودی شۆفێرەکانم بیستووە و ئەمەش لە رووی مادییەوە زۆرم لەسەر کەوتووە، چونکە بەلایکەمەوە پێویستی بەوەدەکرد، ڕۆژانە بە تەکسییان هاتوو چۆ بکەم و دەستێکم هەر لە بن باخەڵمدا بێت!. پاشان کۆی سەرنجەکانم دەبەستمەوە بەو خاڵەوە کە ناوم ناوە (ئاڵۆزیی کایە کۆمەڵایەتیەکان) ئەمەش بۆئەوەی بتوانم لەئاستێکی فراوانتردا هەندێ بیروڕا دەربڕم .

لەو سەفەرانەمدا کە هاوینی ئەمساڵ بە تەکسیەکان کردوومن و لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، چەند وەڵامێکی جیاوازم وەگیرکەوت، کە شایانی بیرهێنانەوەن:

**یەکەم:** هەندێك دەڵێن: ئەم مەسەلەیە لایەنێکی سیاسی هەیە و پەیوەندی بە پلانی حوکمەتەوە هەیە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی سەیارە کۆنەکان بەمەبەستی دابەزاندنی ڕێژەی پیسبوونی ژینگەی شارەکەمان. لێرەوە شۆفێرەکان دەبنە بەشداریکەرانی سەرەکیی جێبەجێکردنی ئەم پلانە و دەکەونە خۆیان بۆ گۆڕینی جۆری سەیارەکانیان و گۆڕینیان بەو سەیارانەی کە کەمتر دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە و ئەمەش لەڕێگەی ئەو ئاسانکاریانەوە بەئەنجام دەگات، کە لایەنە بەرپرسەکان دەیخەنە بەردەم شۆفێرەکان (بۆ نمونە کڕینەوەی سەیارە کۆنەکان بە نرخێکی گونجاو و کەمکردنەوەی خەرجیی بەتەکسیکردن لەلایەن دائیرەی هاتووچۆوە). ئەنجامی ئەم وەڵامە ئەوەیە کە مەسەلەی ژینگە و سرووشتی شار، لەپلانی سیاسی وڵاتی ئێمەدا وەك مەسەلەیەکی جیدی بیری لێکراوەتەوە و ئەمەش جێگەی خۆشحاڵیی هەموو لایەکە.

**دووەم:** هەندێ خەڵك هۆی خوودانە مازدا و توورڕدانی لادا و بەرازیلییەکان، بە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی تەندروستی و ئێستاتیکی خەڵك لێکدەدەنەوە، کەدەیانەوێ لە پاراستنی ژینگەی شارەکەیاندا بەشداربن. واتە ئەم دیاردەیە بە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی ئەخلاقیی هاووڵاتیان لەئاست ئاساییش و تەندروستیی گشتیدا، لێکدەدرێتەوە. دەکرێ قسەی شۆفێرێکی لادای حەفتاوپێنج، کە پێشتر مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووە، بەمجۆرە دابڕێژمەوە: (من کە خاوەنی لادایەکم و ماوەی بیست و پێنج ساڵە دەیهاژووم، چیدی ناتوانم پاساو بهێنمەوە بۆ ئەوەی کە سەیارەکەم هەوای دەوروبەر پیس ناکات، چونکە بەلای کەمەوە کاتێ شەوان بەشەکەتی دەگەڕێمەوە ماڵ، تەواو هەستدەکەم کە پڕ بەسییەکانم دووکەڵی پیسیی سەیارەی خۆم و هی دیکەم هەڵمژیوە و ئەمەش شتێکە نارەحەتم دەکا. بۆیە ئەوە بڕیارمدا کەسی دیکە بە موستەحەقی ئەو عەزابە نەزانم و چیدی بەشداری نەکەم لە پیسکردنی ژینەگەی شارەکەماندا. چونکە دەبێت ئەوەی بۆخۆم پێخۆشە، بۆ هاووڵاتیانی تریش پێمخۆش بێت!). ئەنجامی ئەم وەڵامە ئەوەیە، کە ئەندامانی



کۆمەڵگاکەی ئێمە وێڕای هەلومەرجە سەختەکانی ژیان و کەسابەت، خۆیان بە هاووڵاتی دەزانن و دەیانەوێ لەئاست جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیاندا وەك هاووڵاتییەکی کورد، کەمتەرخەم نەبن.

**سێهەم:** وەڵامێکی دیکە هەیە کە گۆڕینەوەی سەیارە کۆنەکان بە تازەکان، دەگێڕێتەوە بۆ هۆیەکی ئابووریی ڕووت و بازاڕی ئازاد. ئەم ڕایە دەڵێت: بارودۆخی ئابووریی ئەم مەڵبەندە هەتا دێت باشتر دەبێت و ڕێژەی داهاتی خەڵکیش تادێ زیاتر دەبێت لە ڕێژەی مەسرەفیان، ئەمەش لە بارودۆخی ژیانیاندا ڕەنگدەداتەوە کە بارودۆخێکە هانیان دەدات بیر لە (نەوعیەت)ی ئەو شتانە بکەنەوە کە دەبنە خاوەنیان. هاتنی ئەو هەموو سەیارەیە بۆ کوردستان و گەرمیی بازاڕی پیشانگاکانی کڕین و فرۆشتن و بەرزبوونەوەی نرخ، هەموویان بەڵگە و ڕەنگدانەوەی ئەو جموجوڵە ئابووریەن کە لێرە هەیە. ئەنجامی ئەم وەڵامە، (بەچاوپۆشین لە ڕاستیی و چەوتییەکەی) ئەوەیە، کە دەڵێت: هەرکات گرنگییەکی زیاتر بدرێت بە بازاڕی ئازاد، ئاستی ئابووری خەڵك بەرز دەبێتەوە و ئەمەش لە هەڵبژاردنی نەوعی ئەو شتانەدا کە دەیانکڕن، ڕەنگدەداتەوە.

**چوارەم:** وەڵامێکی ترمان گوێ لێدەبێت، کە پتر لایەنی تەکنیکی دەگرێتەوە: ئەم سەیارە تازانە تەنیا ڕۆن و بەنزینیان دەوێت و هیچیتر. لە خاوەن مازدایەك دەپرسم چۆن؟ شۆفێرەکەی تەنیشتم دەڵێت: ماندووت ناکەن و (مواسەفاتیشیان گەلەك باشە، تەنیا تەبریدیان تێدا نیە). دوای کەمێ پرسیار و قسەکردن، بۆم دەردەکەوێ، کە ئەم سەیارە تازانە هێندەش بێمەسرەف نین، هەر شۆفێرەکە خۆی پێمدەڵێ: (وەڵاهی مامۆستا لەچاو بەرازیلیدا عەشیایان گەلەك گرانە و زۆر ناسکیشن!).

وێڕای ئەم وەڵامانە دەتوانین دیاردەی زۆربوونی سەیارە لە کوردستاندا، (جگە لەوەی لایەنە بەپرسەکان هانی ئەمە دەدەن)، بە دیاردەیەك لێکبدەینەوە کە لەلایەن گرووپێکی کوردەکانی دەرەوە داهێنراوە و گەلێ لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە. هەروەها نابێت لە بیرمان بچێت کە ئەم سەیارانەی دێنە وڵاتی ئێمەوە، بەشێکن لە پرۆسەی بەجیهانیبوونی سەرمایە و نیشانەی دێمانە بەدەکانی ئەو پرۆسەیەن، کە ئێمە لەشێوەی (سەیارەی تازە)دا ئەزموونی دەکەین، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەم سەیارە

تازانە ئەو پاشەڕۆکە زیادەیەن کە دنیای دەوڵەمەند دەینێرێتە دنیای ئێمەوە و دەتوانین ئالێرەوە تێبگەین کە دنیای ناو براو لە داهاتوودا وڵاتانی وەك ئەمەی ئێمە، نەك لە شێوەی وڵاتێکی تازەپێگرتوودا، بەڵکو لە شێوەی تەنەکەیەکی گەورەی زبڵدا دەبینێ، کە ئەو پاشماوەکانی خۆی فڕێ دەهاوێتە ناوی. بەهەرحاڵ با بگەڕێینەوە لای وەڵامەکانی پێشوو.

### گەڕان بەدوای وەڵامی دیکەدا:

هەموو ئەو وەڵامانەی پێشتر باسکران بەشێك لە ڕاستییان تێدایە و هەڵگری ئاستێکی ڕوونکردنەوەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پەردەیەکن و دەدرێن بەسەر ئەو وەڵامەدا کە دەشێت هەرگیز نەگوترێ و لە ناو زماندا جێگەی نەبێتەوە. لێرەوە لەخۆم دەپرسم: بۆچی شۆفێرەکان قسە ناکەن؟ بۆچی ناتوانن ددان بەو هۆیە شاراوەیەدا بنێن کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لە خۆیدا شاردۆتەوە؟ دەبێت ئەو هۆیە لە کوێی دنیای ئینسانی وڵاتی ئێمەدا خۆی شاردبێتەوە؟

***

سوار لادایەك دەبم و لە پەنجەرەکەیەوە دەڕوانمە جەنجاڵیی شەقامەکە و گوێ بۆ شۆفێرەکەی لەمەڕ خۆم هەڵدەخەم، کە بێتاقەت و وەڕس و ڕیش هاتوو، لەپشت سوکانەکەوە دانیشتووە و گوێی بۆ شریتێکی قورئان، یان ئیزگەیەکی ڕادیۆی محەللی هەڵخستووە. دەبینم لە ئاست ئەو نەفەرانەدا کە چیدی دەست لەم ڕاناگرن، یەك دنیا ڕاز و گلەیی لە ناخیدا پۆنگی خواردۆتەوە. چونکە مازدایەك لە دوایەوەیەتی و ئەمیش ڕۆژانە دەیان جار لە ئاوێنەکەی بەردەمییەوە دەبینێ، کە ئەو نەفەرانە چۆن دەست لە مازداکە ڕادەگرن. شۆفێرەکە ئەوە دەدرکێنێ، کە خەڵك ئەمڕۆ هەتا مازدا وەستابێت، سوار هەموو سەیارەیەك نابن: (ئەگەر سواریش بن، ئەوە سەعاتەك معامەلەت لەگەر دەکەن) دەیدوێنم: (دەڵێن کچانیش زیاتر حەز لەمازدا دەکەن!؟). کەمێ هێور دەبێتەوە: (ئەرێ بەخودای مامۆستا.. ئەوە ڕاستە). دەڵێم: دە مازدایەك بکڕە!. دەزانێ شەیتانیی لەگەڵ دەکەم، تەماشایەکم دەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێت: (ئیشەڵڵا..). مازدایەك لە دواوە هۆڕنمان بۆ لێدەدات و دەیەوێ پێشمان بکەوێ.



شۆفێرەکەی لەمەڕ من، کەمێ خۆی لادەدات و بەدەم ئاماژەکردنەوە دەڵێت: (تەماشاکە، مامۆستا، تەماشاکە، دەرێی ئەو شارە هەرئەوی تێدایە).

***

ئێستا لە پێشەوەی مازدایەك دانیشتووم و دەمەوێ بزانم بۆچی شۆفێرەکەی واهەستدەکات ئەم شارە هەرئەوی تێدایە؟ بۆنێکی خۆش لەگەڵ دەنگی (کاظم ساهر)دا ناو سەیارەکەیان پڕکردووە. لە ترافیکێك نزیکدەبینەوە و پاسێکی ڕیم لەپڕ دێتە بەردەمان. ئەم دەکەوێتە هۆڕن لێدان و هەوڵدەدات پێشی بکەوێت، ترافیکەکە سوور دەبێت و بواری پێشکەوتنەوەی ئێمە نەماوە. من پێی دەڵێم: تازە سوور بوو، پێویست بە هۆڕن لێدان ناکات. کازم ساهیر بەردەوامە لە گۆرانی گوتن، بەڵام چیدی ناتوانێت خەیاڵی شۆفێرەکە بۆخۆی ڕاکێشێت، ئەم لە هەوڵی دانانی نەخشەیەکدایە بۆ لەسێدارەدانی شۆفێرەکانی تر و لەناوبردنی هەرچی پاسی ڕیم و لادا و بەرازیلییە!

لێی دەپرسم: (ئەرێ ئەم سەیارانە چۆنن؟) گێڕ دەگۆڕێ و لەگەڵ پێنان بە بەنزیندا دەڵێت: (چ عەیبیان نیە، یابانیی کامل مواسەفاتن، بەس دەبی ئاگاداری بی، ناسکن و عەشیایان گرانە). پێی دەڵێم: (وابزانم کیژانیش پتر حەزیان لە مازدەیە). بە لەخۆڕازیبوونێکەوە دەڵێت: (هەر قسەی نیە). بەگاڵتەوە دەڵێم: کەواتە مازدەت هەبێ و بچیە داخوازیی کچەی، شووت پێدەکات!. پێدەکەنێ: (بەبێ ئەملاولا..)

مازدا و لادا، هەرتەنیا دوو بەرهەمی تەکنەلۆژی نین، بەڵکو دوو نرخیشن لە ژیانی مرۆڤەکاندا کە هەم خەونێك دەهێننە دی و هەم پلەیەکی تایبەتی هەیبەتیش دەبەخشنە خاوەنەکانیان. مازدا و لادا دوو نیشانەن ئاماژە بە توانای ئابووری، شێوەی ژیان، پلەی زەوق و ئاستی ڕۆشنبیری و هەیبەتی کۆمەڵایەتیشمان دەدەن. ئەمڕۆ شۆفێرەکان باس لەوە دەکەن کە (هەموو کەسێ دەست لە هەموو جۆرە سەیارەیەك ڕاناگرێ). بۆ نمونە: هەژارەکان دەست لە مازدا ڕاناگرن، چونکە دەزانن کە کرێکەیان گرانترە لە سەیارەکانی تر. لەکاتێکدا خەڵکانێك سوار سەیارەی مازدا نەبێت، نابن. زۆربەی شۆفێری مازداکان پێیان وایە کچان زیاتر سوار سەیارەکانی ئەوان دەبن و بەڵگەشیان ئەوەیە کە کچان بەزۆری کاسێتێکیان پێیە تا لەناو مازداکەدا گوێی لێبگرن. لێرەوە، شۆفێری مازدا ئەمە وەك نرخێك و وەکو هەیبەتێك

بۆخۆی لێکدەداتەوە، کە خەڵك، یان توێژێکی تایبەت لە خەڵك (کچان و گەنجەکان) پێیدەبەخشێت و ئەمەش لە کۆمەڵگادا تابۆیەکی زۆری لەسەرە: ئەو کچەی کە ناتوانیت لە فەزای کراوەی شار و گەڕەك و مەیدانەکاندا، ڕووبەڕووی ببیتەوە، لەناو فەزای داخراوی سەیارەکەتا بەرێژەیەکی زۆرتر لەگەڵیا ئازادیت. بۆیە شۆفێری مازدا، هەرتەنیا (شۆفێرێکی مازدا) نیە، بەڵکو مرۆڤێکی ناو کۆمەڵگایە بە کۆمەڵێ خەون و چاوەڕوانیی و فەنتازیاوە. لەبەرئەوە ئەو نرخەی کە لەڕێگەی سەیارەکەیەوە پێیدەبەخشرێت، وەك نرخێ بۆ خودی خۆی لێکی دەداتەوە، چونکە ئەو سەیارەکەی وەك بەشێ لە کەسێتی خۆی دەبینێ و دەڵێ: (من گوناهم نیە لەوەی خەڵك دەست بۆمن ڕادەگرن و نابێت کابرای لادا یان بەرازیلی حەسوودی بەمە بەرێت).

لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئەوەی ئێمە داخراودا، کە نزیکبوونەوەی نێرومێ مەترسییەکی گەورەیە و وەکو یاساخێك تەماشای دەکرێ، ئەمە ئیعتیرافێکی زۆرە و دڵنیاییەکی نەفسیی گەورەیە کە بزانیت (کچان حەزیان لەسەیارەکەتە و زیاتر دەست لە تۆ ڕادەگرن).. لێرەوە لە کاراکتەری شۆفێری مازداکاندا، جۆرێ لە دڵنیایی و بڕوابەخۆبوونی زیاتر دەبینم، بەتایبەتیش کە دەزانن مرووروەکانیش (وەك نوێنەرانی دەسەڵات لەسەر جادە) زۆر ئەوان کۆنترۆڵ ناکەن و بەزۆریی سەیارە کۆنەکان ڕادەگرن!. بەمجۆرەش شۆفێری مازداکان لەچاو شۆفێری بەرازیلی و فیات و لاداکاندا، خەونێکی دەروونیی زیاتریان تەحقیق کردووە. ئەگەرچی پەیداکردنی بژێوی ژیان بۆ هەموویان وەکو یەك سەختە، بەڵام خاوەن مازداکان پێیان وایە لە پلەیەکی کامەرانتری ژیانی کۆمەڵایەتیدان. زۆربەشیان لەوباوەڕەدان ماوەیەکی تر سەیارەکانیان دەفرۆشن و دەڕۆن بۆ خاریج. لێرەوە ئێمە تێدەگەین، کە مازدا بەنیسبەت ئەندامانی ئەم کایە کۆمەڵایەتیەی ئێمەوە، دوایین پلەی تەحقیق بوونی خەونەکانێتی لەناوەوەی کوردستاندا، دوایین قەڵایە کە ئەمی بە وڵاتەکەیەوە گلداوەتەوە و لەدوای مازداوە سەرهەڵگرتن بەرەو هەندەران دەستپێدەکات.

**لە نمونەوە بۆ کۆمەڵگا:** شەڕ و ململانێی نێو کایەی هاتووچۆ، کە شۆفێری مازدا و لادا و بەرازیلیەکان پێی هەڵدەستن، نمونەی شەڕێکی گەورەتری ناو کۆمەڵگاکەمانە.



ئەم شەڕە هەرتەنیا شەڕ نیە لەسەر بەشداریکردن لە پاکژڕاگرتنی شاردا، شەڕنیە لەسەر ئەوەی گرووپێکی هاووڵاتیان دەیانەوێ بەتەنگ بڕیارەکانی حوکمەتەوە بچن و لەخەمی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیاندان، ئەم شەڕە، هەر شەڕ نیە لەسەر دابەشکردنی پانتایی جادەکان و پارەی نەفەرەکان، بەڵکو شەڕیشە لەسەر هەیبەتی کۆمەڵایەتی و خۆسەلماندن و بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی دانپیانراودا. ئەم شەڕە شەڕی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمەیە لەپێناوی ئەو نرخانەدا کە دەبێ لە فەزای کۆمەڵایەتیدا خاوەنیان بیت تاکو وەك کەسێکی ئاسایی حسابت بۆ بکرێت و ئاوڕت لێبدرێتەوە. کاتێ نەتوانیت ئەو نرخانە بەشێوەیەکی ئازادانە و ئاسایی و لەئەنجامی بەکارهێنانی تواناکانتەوە بۆ خزمەتکردن بەدەست بهێنیت و لەکۆمەڵگادا خۆت بسەلمێنی، کاتێ بەردەوام هەست بکەیت دەخرێیتە پەراوێزەوە و کۆنترۆڵ دەکرێیت و لەبەردەم لێپرسینەوەدایت، ئەوە پەنا بۆ ئەو هۆیانە دەبەیت کە لەپەراوێز ڕزگارت دەکەن و کۆنترۆڵێکی کەمتریان لەسەرە و زووتریش ئیعتیرافت پێدەکرێت. بەمانایەکی دیکە: تۆ شەڕ دەکەیت لەپێناوی ناسنامەی خۆتدا، ئەو ناسنامەیەی کە بەردەوام لە کایەی خێزان و قوتابخانە و زانکۆ و دائیرەکاندا مەترسیی لەدەستدانی لەئارادایە. چونکە پەیوەندیی کۆمەڵگای ئێمە بە ئەندامەکانی خۆیەوە، پەیوەندیی کەلتوورێکی زۆر دواکەوتووی ئەوتۆیە، کە ڕێگەت پێنادات تۆ لە هیچ قۆناغێکی ژیانتدا، چ ئەو کاتەی لە ماڵەوەیت، یان لە قوتابخانە و زانکۆ و پاشانیش لە سەر کاریت، وەکو کەسایەتیەکی سەربەخۆ دەربکەویت و خاوەنی (خود)ی خۆت بیت.

زۆرن ئەو هاوڵاتیانەی ئێمە کە پێیان وایە، لەبەرئەوەی خزمی کاربەدەستێکی گەورە نین، جلوبەرگیان پۆشتە نیە، خاوەنی سەیارەی مۆدێل و پیشەیەکی گرنگ نین و بیروڕایان جیاوازە و تەزکییەیان نیە، ئەوە لە دائیرەکاندا ئیشوکاریان ناڕوات، لە خەستەخانەکاندا پێشوازیان لێناکرێت و بەلەدێ و دەزگاکانی دیکە ئاوڕ لە گەڕەك و ناوچەکانیان ناداتەوە و کوڕ و کچەکانیان لە شوێنحەزی خۆیان خوێندنیان دەستناکەوێت و دانامەزرێن. ئەوان بەردەوام هەستدەکەن لەم وڵاتەدا نامۆن و کەس ئیشی بەوان نیە. مەترسی لەوەدا نیە ئەم هەستکردنە هەڵگری حەقیقەتێکە و لە زۆر نمونەشدا ناشیێت نکوڵی لێبکرێت، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە ئەم هەستکردنە

ڕۆحی هاوبەشییکردنی خەڵك بۆ بەشداریکردن لە ژیانی هاوبەشدا دەکوژێت و دەشبێتە هۆی لاوازکردنی هەستی خۆ بەهاوولاتی لەقەڵەمدان و بەرزبوونەوەی ئاستی بێموبالاتی و دروستبوونی کاراکتەرێکی خۆپەرستانە و سوودگەرا.

ئەمڕۆ ئێمە لە کۆمەڵگایەکی تاکڕەهەندا ناژین کە بتوانین بەهۆی تیۆرە تەقلیدیەکانەوە (کە کۆمەڵگایان دابەشدەکرد بەسەر چەند چین و توێژێکدا و ناوێکی تیۆرییان بەهەریەکەیان دەبەخشی) ڕاڤەی واقیعی خۆمان بکەین. بەڵکو ئێمە لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە (جیاوازیی)دا دەژین کە چەندین کەلێن و قوژبنی تاریکی خۆی هەیە و چەندین کایەی کۆمەڵایەتی لەیەك کاتا، هەم لەناو خۆیاندا و هەم لەگەڵ کایەکانی تردا، لە ململانێدان. ئیدارەکردنی ئەم کۆمەڵگایە بە تێگەشتن لەو جیاوازیانەدا تێدەپەڕێت کە لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا ئامادەن. بەمانایەکی دیکە: ئێمە لە قۆناغێکی گەشەی کۆمەڵگادایین کە ناکرێت بەهۆی پڕۆژە سەرجەمگیرەکان و ئایدیۆلۆژیای تاك حیزبی و پرۆسەی بە حیزبیکرنی هەموو هاوولاتیانەوە ئیدارەی بکەین. ئەوەی ئێمە بۆ بینینی ئەو جیاوازیانە و تێگەیشتن لە شێوەی دابەشبوونی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان و خواستەکانیان پێویستمانە، بریتیە لە (کرانەوەی دەسەڵات لەئاست جیاوازیدا)، بەجۆرێ کە دەسەڵات لە وزەیەکی کۆنترۆڵکەرەوە بگۆڕێ بە وزەیەکی ئیداریی کە توانای هەبێت لەبەر ڕۆشنایی جیهانبینی و خواستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، جیهانبینی و خواستەکانی خۆی وەك هەر کایەیەکی دیکە بگۆڕێت و بەردەوام خۆی تازە بکاتەوە. هەربۆیەشە گرنگیی هەبوونی ئیدارەیەك بەناوی (حوکمەت)ەوە بە پلەی یەکەم لەئیعلانکردن و ئیعتیرافکردنی دنیای دەرەوەدا نیە بەم ئیدارەیە، دنیای دەرەوە لەگەڵ ئێمەدا بێڕەحمترە لەوەی تێدەگەین. بەڵکو گرنگی هەبوونی ئەو ئیدارەیە لە ئیرادە و ورەی ئەو حوکمەتەدایە بۆ بەکارهێنان و دەستگرتن بەسەر ئیمکانیەتە مادیی و ئینسانیەکانی ناو کۆمەڵگادا و ئەمجا بەباشترین شێوە سوود وەرگرتن لێیان لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا. لە غیابی ئەمئیدارەیە، دنیای دەرەوە لەگەڵ ئێمەدا بێڕەحمترە لەوەی تێدەگەین. بەڵکو گرنگی هەبوونی ئەو ئیدارەیە لە ئیرادە و ورەی ئەو حوکمەتەدایە بۆ بەکارهێنان و دەستگرتن بەسەر ئیمکانیەتە مادیی و ئینسانیەکانی ناو کۆمەڵگادا و ئەمجا بەباشترین شێوە



سوود وەرگرتن لێیان لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا. لە غیابی ئەمتێگەیشتنەدایە بۆ چەمکی ئیدارەکردن، کە خواستەکانی کۆمەڵگا لە خواستەکانی حوکمەت جیا دەبنەوە و کایە کۆمەڵایەتیەکان بەهەندێ ململانێی لاوەکییەوە خەریك دەبن کەسوودێکی گشتیی تیا نابێت. ئەندامانی کایەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامە و هەیبەتی کەسایەتی خۆیان پەنا بۆ زۆر ڕێگای ململانێکردنی سوودگەرایانە و خۆپەرستانە دەبەن و لەئەنجامدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان وندەکەن و لێرەشەوە ئەندامانی کۆمەڵگا یەکتریان لێدەبێتە دووژمن. ڕێك ئالێرەشدا ئەو بۆشاییە دروست دەبێت کە جارێك تێزابی تیا دەرێژرێت، جارێك دەبێتە مەیدانێك بۆ تەقینەوەی تی ئێن تی، جارێك دەبێتە مینبەری ساردکردنەوەی بڕوای خەڵك لەئاست ئایندە و دەستکەوتەکاندا و لەئەنجامیشدا دەکرێتە کوچەی تەزویری بەڵگەنامەو قاچاخەڕێی کۆچکردن بۆ هەندەران.

ململانێی ناو کایەکانی کۆمەڵگای ئێمە لەپێناوی بەرهەمهێنانی پێناسەی نوێ و نرخی نوێ و تازەکردنەوە و فراوانکردنی سنووری کایەکاندا نین، وەکو بۆردیۆ باسیدەکات. بەڵکو ئەم ململانێیە شەڕێکی خۆکوژییە کە ئەندامانی هەرکایەیەك لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ئەندامی کایەکانی دیکەدا دەیکەن و ئامانجیشیان سڕینەوەی یەکجارەکی یەکترە. لە ئێستادا بەئەندازەیەك ئەم ململانێیە گرژ و بێڕەحمانەیە، کە تۆ وابزانیت ئەگەر سەرو تفەنگ بدەیتە دەست ئەندامانی هەر کایەیەکی کۆمەڵایەتی ئێمە، ئەوە لەهەموو ساتەوەختێکدا ئامادەن شەڕێکی ناوخۆیی بەرپا بکەن. بۆ ئەوەی ئەم شەڕە بەرپا نەبێت، ئەرکی هەرە سەرەکی حوکمەت و ئیدارەی سیاسی بریتییە لە دابینکردنی بەرزترین پلەی ئازادی و ئاساییش و کرانەوەی دیموکراتیانە، تاکو ئەو وزە شەڕانییە کەڵەکەبووەی، کە لەپەناوە خەڵك هاندەدات بەرەو خۆویستی و سەرپێچیکردن لەیاسا و تێکدانی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی، (کە ئەنجامەکەشی لە زۆر ئاستی ڕەفتاری تاکەکان و بەچاوی نزم ڕوانینە هەوڵە جیدییەکان و دەستکەوت و خزمەتگوزارییەکاندا دەبینرێتەوە) ببێتە وزەیەك لەپێناوی ململانێیەکی شەرعیی کۆمەڵایەتیدا. (ململانێی شەرعیی کۆمەڵایەتی) ئەو کاتە دەبێتە ململانێ، کە کایەکان هەم لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکان و هەم لە پێناوی جێبەجێکردنی

ئەرکەکانیشیان لە ئاست ژیانی هاوبەشی گشت کۆمەڵگادا، تێبکۆشن. بەم واتایەش دەبێت کایەکان هەمیشە خاوەنی ململانێ بن و کێبەڕکێی خۆتازەکردنەوەی بەردەوام لەگەڵ یەکتردا بکەن. تەنیا لەڕێگەی ئازادیدانی تەواویشەوە بە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان، دەتوانرێت ململانێی ناو کایەکان بکرێتە کێبەڕکێی ئەندامەکانی ناویان لەپێناوی گەشەکردنی خۆیان و بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوت و بەخشینی بەرزترین ئاستی بەشداریکردن بۆ پێشخستن و بیناکردنی ئایندەی نەتەوەکەمان.

**واقیعبینیی ڕۆشنبیرانە:**

ئێمە لە قۆناغی ئاڵۆزیی کایە کۆمەڵایەتیەکاندا دەژین و لە جیاتی باسکردنی (تەبایی و متمانە)ی کۆمەڵایەتی، بەداخەوە دەبێت باس لەو بەدگومانی و بێ سیقەییە بکەین کە بەناو تۆڕی کۆمەڵگادا بڵاو بۆتەوە. ئەمەش نەك هەر شۆفێری مازدا و شۆفێری لادا و بەرازیلییەکانی کردۆتە نەیاری یەکتر، بەڵکو کاسبکاری کردۆتە نەیاری فرۆشیار، دوکانداری کردۆتە نەیاری کڕیار، و پیشەیی کردۆتە نەیاری دەستگێڕ، فەرمانبەری کردۆتە نەیاری خاوەن معامەلە، ئەفسەری کردۆتە نەیاری مرۆڤی سەر جادە، مامۆستای زانکۆکانی کردۆتە نەیاری خوێندکاران، دکتۆری کردۆتە نەیاری نەخۆش و تەنانەت ئەندامانی کایەی سیاسیشی لەئاست یەکتر و بەرامبەرەکەیاندا کردۆتە نەیاری یەکدی. لە هەموو ئەم شوێنانەدا ململانێی ناو کایەکان ئاڵۆز بوون و هێندەی ئەوەی زەمینەیەکی لەباری شەڕێکی خۆکوژی لە ئارادایە، هێندە زەمینەی خۆتازەکردنەوە و بەرەوپێشبردن و پاراستنی دەستکەوتەکان لەئارادا نیە.

پێموایە تەندروستترین هەنگاو بۆ دەرچوون لەم دۆخە نائاساییە کۆمەڵایەتیە، بریتییە لەوەی ددان بەم قەیرانەدا بهێنرێت وەك (بەشێ لە واقیعی کۆمەڵگاکەمان) و ئەمجا دەستبکرێت بە گفتوگۆکردنی ئازادانە و هەمەلایەنەی هاوبەش لە پێناوی چارەسازیدا بەبێ هیچ مەرجدانان و حوکمێکی پێشینە لەسەر ئامادەیی یەکتری لەو گفتوگۆیەدا. بەمانایەکی تر: پێویستە حوکمەت دەستپێشخەری بکات لە سازدانی ئەو مەیدانە ئازادەدا، کە دەتوانێت نەهێڵێت دەردەدڵی و خواست و گلەییەکانی



خەڵك ئاراستەیەکی شەڕانگێز بگرێت و ئاڵۆزیی کایەکان و شەڕەکانی نێوانیان بکاتەوە بە ململانێی مەشرووع لەپێناوی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی کۆمەڵگادا. حوکمەت دەبێت گەرانتێك بێت بۆ دڵنیایی خەڵك لەبڕوایاندا بە سوودی هەموو ئەو ڕەنجەی لەهەلومەرجە دژوارەکاندا دەیکێشن و دڵنیایان بکاتەوە، کە ئەو ڕەنجەی ئەوان دەیکێشن، بە ئازادییەکی زیاتر و مافی پتر قەرەبوو بکاتەوە. چونکە ئەگەر دڵخۆشی و شادمانییەك نەبێت تاکو ماندوویی لەبیری خەڵك بباتەوە و فێری ئەوەیان بکات بەچاوێکی واقیعبینەوە تەماشای خزمەتگوزاری و دەستکەوت و بڕیارە جیدییەکان بکەن، ئەوە هەم وزەی دامودەزگا حوکمییەکان و هەم وزەی ئەندامانی ناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگاش بە فیڕۆ دەڕوات.

من پێموایە هیچ کاتێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێندەی ئێستا دەسەڵات (حکومی و حزبی) فرسەتی ئەوەی بۆ نەلواوە کە ئەرکی خۆی بەئاراستەی بیناکردنەوەدا جێبەجێ بکات و هیچ کاتێکیش توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە هێندەی ئێستا نەکەوتوونەتە بەردەم ئیمتیحانی ئەوەی، کە تاچەندە دەیانەوێ بەشداریی بکەن لە ئەرکە گشتی و مەدەنیەکاندا. چونکە بەڕاستی کۆمەڵگای مەدەنی بە دەوڵەت و حکومەت دروست ناکرێ. کۆمەڵگای مەدەنی شەقام و خەستەخانە دروستکردن و بڕیار دەرکردن نییە بۆ قەدەغەکردنی ڕاوی باڵندە و نەبڕینەوەی دارودرەخت، تاکو بڵێین: (دەبێ حکومەت هەستێ بەمکارانە). بەڵکو ئەوەی دەبێتە بەردی بناخەی کۆمەڵگای مەدەنی بریتیە لە کەلتووری خەڵك و ڕێژەی بەشداریکردنی ئازادانەی ئەندامانی کۆمەڵگا لەڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی بەرژەوەندیی گشتییان تێدایە. کە تۆ خاوەنی ڕۆحییەتێکی خۆپەرست و شەڕانیی بوویت، ئەوە ئامادەیت هەموو کاتێك مافی ئەوانیتر پێشێل بکەیت و ئاژاوە بخەیتە ژیانیانەوە، کەتۆ بڕوات بە لۆژیکی تفەنگ و تەور هەبوو، لە بەهەشتیشدا ڕاوی خۆت ئەکەیت و تەوری خۆت ئەوەشێنی. کە تۆ کاراکتەرێکی توندڕەو و لووتبەرزت هەبوو، با لە دیموکراتیزەکراوترین و زانستیترین و ئەکادیمیترین دەزگاشدا دامەزرێیت، هێشتا وەك دیکتاتۆر مامەڵە لەگەڵ هاوکارەکانتدا دەکەیت. کەتۆ بڕوات بە مافی ئافرەتان و مندالآن نەبوو، با وڵاتەکەمان چەندین ڕێکخراوی ژنان و منداڵانی تێدا بێت، هێشتا تۆ وەك جەللادێك

ڕەفتار دەکەیت. بەمانایەکی دیکە: نەك هەر شەهادەی بەرز، پسپۆڕی و پلەی ئیداری بالاّ و دوا مۆدێلی سەیارەکان، ناتوانن (نامەدەنیبوون)ەکەت بشارنەوە، بەڵکو هێندەی دیکەش لەپاڵ ئەو ئیمتیازاتانەدا ئێمە و کۆمەڵگاکەشمان بە قووڕدا دەبەیتە خوارەوە.

لێرەوە، ڕەخنە لە دەسەڵات و حوکمەت جیا نابێتەوە لەڕەخنە لە کەلتووری نەتەوەو ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا کە بەردەوام ئەو کەلتوورە دووبارە دەکەنەوە. چەندە گرنگە وەزیفە و دەروەستیەکانی حوکمەت لە ئاست کۆمەڵگا و ئەندامەکانیدا بەبیری ئیدارەی سیاسی بهێنینەوە، هێندەش گرنگە وەزیفە و دەروەستیی لەئاست کایەکانیان و ژیانی هاوبەشمان و یاساکاندا، بەبیری تاکەکان بهێنینەوە. چەندە گرنگە بە حوکمەت و کاربەدەست و فەرمانبەرەکانی بڵێین: پێویستە بەبێ هیچ مەرجێك ڕێز لە هاوولاّتیانی ئێمە بگرن، هێندەش گرنگە بەبیری هاوولاّتیانی بهێنینەوە کە ئەوانیش پێویستە بەبێ هیچ مەرجێك ڕێز لە هاوسەنگیی و دەستووورە یاساییەکانی ئەم ولاّتە و ژیانی هاوبەشمان بگرن..

بەم مانایە کایەی ڕۆشنبیریش گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. چیدی ڕۆشنبیر ناتوانێت بەهۆی ڕەخنە توانج ئامێز و میکانیزمەکانی بێحورمەتکردنی پرۆژە و دەزگا و سیستەمی ئیدارەی سیاسییەوە، مەشرووعیەت بە بیروڕاکانی ببەخشێت. چیدی پێویستیمان بەوە نیە بەناوی ڕۆشنبیربوونەوە، خۆمان لە کونجی ژوورەکان بئاخنین و خەتی ڕاست و چەوت بەسەر هەموو شتێکدا بهێنین، ئاخ بۆ (ڕۆژە خۆشەکان) هەڵبخوازین و کەچی (نەسریە) و مووچەش وەربگرین و (واسیتە)ش بکەین بۆئەوەی لەهەمان ئەو دائیرەیەدا ئیش بکەین، کە لەلایەن هەمان ئیدارەی سیاسیەوە بەڕێوە دەچێت کە ڕەخنەی لێدەگرین. کارێکی ڕۆشنبیرانەش نیە چیدی بترسین لە دانانان بەو هەنگاوە جوانانەدا کە لێرەو لەوێ ئەنجام دەدرێن، نەبا بە (پارتی و یەکێتی) لەقەڵەم بدرێین. پێویستە وەکو ڕۆشنبیر ئەو چاویلکەیە دابکەنین کە هێزە کوردییەکانمان لێدەکاتە هێزی (بێگانە و دووژمن)، بەبێ ئەوەی چاوی ڕەخنەیان لەسەر هەڵگرین. گرنگە پۆلیسێك و پشکنەرێك و کاربەدەستێکی سیاسیی کورد، پێش هەموو شتێك وەك هاوولاّتیەکی کۆمەڵگا ببینین و ئەمجا وەك ئەندامی



کایەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشایان بکەین، کە وەزیفەیەکی تایبەتیان لەسەر شانە. بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئاست وەزیفەکەیاندا کەمتەرخەم بوون، یان بەهەڵە پلەی دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێنا، بتوانین لەسەر پرنسیپەکانی (ژیانی هاوبەش) و (ئاسایشی کۆمەڵایەتی) و (ئەرکە یاساییەکان)یانەوە ڕەخنەی پێویستیان لێبگرین و نەهێڵین هەڵخلیسکێنە شوێنێکەوە کە چیدی نەتوانین بیانبەخشین. کاری ڕۆشنبیر سەماکردن نیە لەسەر ئەو سەکۆیانەی کە ناکۆکییە سیاسیەکانی ولاّتی ئێمە بۆیان تەخت کردووین، بەڵکو هەڵگێڕانەوەی ئەو سەکۆیانەیە بۆ مەیدانی گفتوگۆی مەدەنیانە و پتەوکردنی زەمینەی ئاشتییە لە نێوان پنتە ناکۆك و جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی (میکانیزمەکانی کایەی سیاسی)، ململانێ و کێبەڕکێ لەگەڵ یەکدا بکەن. کاری ڕۆشنبیر چیدی ئەوە نیە (باشترین بەرنامەی ئاشتی) بخاتە بەردەم هەردوو ئیدارەی سیاسی ئێمە بۆ ئەوەی (بەبێ هیچ مەرجێك) لەگەڵ یەکتردا پێك بێن، بەڵکو ناچارکردنیانە بەوەی کە دەبێت (بەپێی مەرجەکانی خۆیان) ململانێی مەشرووع لەگەڵ یەکتردا بکەن، تاکو بۆیان دەرکەوێت کەلتووری گفتوگۆ و پەیوەندی و ڕەخنەگرتن چەندە گرنگە بۆ مانەوە و پێشکەوتن و خۆتازەکردنەوەیان لەناو کایەی سیاسی خۆیاندا. ئەو پرۆژە ڕۆشنبیریانەی کە داوای (ئاشتبوونەوەی بێمەرج) دەکەن، لە (میکانیزمی ململانێ)ی ناو کایەی سیاسی تێنەگەیشتوون، چونکە (ئاشتیی بێ مەرج) واتە سڕینەوەی ململانێ و ئەو کەلتووری گفتوگۆیەی کە ململانێکە دەبات بەڕێوە. پێویستە مەرجی هەرە سەرەکیمان بۆ ئاشتبوونەوەی هەردوو ئیدارەی سیاسی کورد، ئەوە بێت کە: دەبێت بە زەروورەت لە ململانێکردن و کێبەڕکێی سیاسیدا بەردەوامبن بەبێ ئەوەی پرنسیپی (گفتوگۆی یەکسان) و (ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشتیخوازانە)و (نیسبییەتی حەقیقەت) لەیاد بکەن، کەئەمەش جۆرێ لە ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی دووجەمسەریی پێویستە. پەیوەندی و ئاڵوگۆڕ ئەوکاتە بێمانا دەبێت کە لە جیاتی گفتوگۆ، تفەنگەکان دێنەوە دەنگ. بۆیە هەتا ئەوکاتەی تفەنگەکان بێدەنگن، دەبێت مەرجی سەرەکیمان ئەوە بێت کە بڵێین: هاوڕێیان، بەردەوامبن لە ململانێکردن لەپێناوی مەرجەکەنتاندا. بەردەوامبن لە پێناوی فراوانکردنی کایەی خۆتان و

ڕووبەووبوونەوەی یەکساندا، بەردەوامبن لە خۆتازەکردنەوە لەپێناوی بەردەوامبوونی خۆتان و ئایندەتاندا.

**ئەنجام:**

ئێمە لە کۆمەڵگایەکی هێندە بچووکداین کە لەبەرژەوەندیماندا نییە ئالۆزیی ناو کایەکان ببێتە (واقیعییەتێکی درێژخایەن)ی وڵاتەکەمان، کە باجەکەی زۆر قورستر دەبێت لەباجی شەڕی ناوخۆیی. گێڕانەوەی کایەکانیش بۆسەر شێوازی ئیشکردنی سرووشتیی خۆیان یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنبیر بەوەی کەبتوانێت لە ڕێگەی واقیعبینیەکەیەوە، زەمینەی گەشاوە بۆ بەردەوامیی پەیوەندیی و ئالوگۆڕی ناو کایەکان دابین بکات تاکو ئەندامەکانیان بتوانن لە فراوانکردنی سنووری کایەی خۆیان و لە هەستان بە ئەرکی هاوبەشیان لە ئاست کۆمەڵگادا، بەردەوام بن. بەمانایەکی دیکە، پێویستە ڕۆشنبیران یەکەمین ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیە بن، لەلایەکەوە نەهێڵن وەڕسبوون لەم واقیعە ببێتە شێوەیەکی ژیانی هاووڵاتیانمان و سەرپێچکردن لە ژیانی پێکەوەیی و ئاسایشی گشتیی، وەکو شێوازێکی (شۆڕشگێڕانە)ی بەرەنگاربوونەوەی لێببێت! لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە لەپاڵ ڕەخنەی بەردەوامدا بۆ بە مەدەنیکردنی دەسەڵات، یەکەمین ئەو گرووپە بن کە دەستخۆشانە لەهەموو دەستکەوتێك و پلانێکی جیدی دەکەن کە لە پێناوی سەربەخۆیی و تەبایی کۆمەڵایەتیدا وەدەست دێت. هیچ شەرمیش نەکەین لەوەی لە (ئێستا)دا (بەڕاست یان بە هەڵە) مۆری کام لایەنمان پێوە دەنرێت، شەرمی گەورە ئەوەیە کە (دوارۆژ) تاوانبارمان بکات بەوەی کە بێحورمەتیمانکردووە بە ئێستامان و بەشداربووین لە تێکدان و هەڵوەشانەوە و ڕەزیلکردنیدا.

من باکم نیە لەوەی ئەو مۆرە تاکوێ ڕاست دەهێنێ، بەڵام لەئێستاوە سڵ لەو شەرمە دەکەمەوە کە دوارۆژ پێمی دەبەخشێت.

**هەولێر: ١٠/١٢/ ٢٠٠٠**

(*) هاوڵاتی، ژمارە: ٧ی ڕۆژی ٢٠٠١/١/١١

# زانست و بیرۆکراتییەت
# (خوێندنەوەیەکی فیستیڤاڵ و کۆنفرانسەکان)(*)

**سەرەتا:**

**لە ماوەی** ئەم یەکساڵ و چەند رۆژەدا کە تێپەڕی، ئێمە لە شارەکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانیدا شایەتی بەستنی چەندین فیستیڤاڵ و بۆنە و کۆنفرانسی هەمەجۆر بووین: فیستیڤاڵی گۆڤاری ڕامان، فیستیڤاڵی جەزیری، جەواهیری، فیستیڤاڵی گەلاوێژی نوێ، کۆنفرانسی زانستی ئاو (ڕەنگە مەبەست زانستیی ئاو بوبێت)، کۆنفرانسی کەرکوك و ئەوەتا ئێستاش کۆنفرانسی (مۆدێرن کردنی کاروانی زانستی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستان) کە لەلایەن لیژنەی باڵای کۆنفرانسی یەکەمی فێرکردنی باڵاوە ساز دەکرێت و پەیوەندی بە دۆخی ئێستای زانکۆکانی کوردستانەوە هەیە. وەرن با بەهێمنی و بەبێ هیچ غەرەزێکی شاراوە بزانین داخۆ خاڵی هاوبەش لەنێوان کۆی ئەم چالاکیانەدا چییە و خودی ئەم جۆرە فیستیڤاڵ و کۆنفرانسانە چ شتێکی تازەمان لەسەر دۆخی کۆمەڵگای کورد لەم هەرێمەدا، پێدەڵێن؟ بەمانایەکی دیکە: با بزانین ئاخۆ لەرێگەی تێگەیشتن لە جەوهەری ئەم جۆرە چالاکیانەوە، چ تێگەیشتنێکی تازە لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگاو کایەکانی ناوی دەهێنینە دەست. من هەوڵدەدەم لە میانەی قسەکانمدا، هەم بۆ کەسانێك بدوێم کە بڕیاری ئەمجۆرە چالاکیانە دەدەن، (واتە لایەنی حکومی) و هەم بۆ کەسانێك کە جێبەجێیاندەکەن و دواجاریش بۆ هەموو ئەوانەی کە مەبەستیانە لەڕوانگەیەکی دیکەوە بڕواننە میکانیزمی ئەم چالاکییانە.

## خاڵە هاوبەشەکان

**گۆڕان لە سرووشتی شاردا:**

لە پەرەگرافی پێشوودا ئاماژەم بەوە کرد، کە ئەم چالاکیانە لە سێ شاری گەورەی ئێمەدا ئەنجامدراون و دەدرێن، لێرەشەوە دەکرێ بڵێین: خاڵی یەکەمی هاوبەش لە نێوان ئەم چالاکییانەدا ئەوەیە، کە ئێمە لەبەردەم گۆڕانێکداین لە (سرووشتی شار)ی



کوردیدا. شاری کوردی، ئیدی هەر شوێنێکی جوگرافی نیە بۆ کۆبوونەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان لە چاو لادێدا کە شوێنێکی بچووکە، بەڵکو نیشانەیەکیشە لەسەر گۆڕانێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا و شوێنێکە لێوەی دەڕوانینەوە سەرجەمی کۆمەڵگا و تیایدا پلانەکان دادەڕێژین و ڕەمزەکان دەخولقێنین و هەروەها بەخۆشماندا دەچینەوە. لێرەوە شار دەبێتە چاوێکی گەورە کە ئێمە لێوەی دەڕوانینەوە خۆمان و هەروەها ژیانی خۆشمان بەهۆی چالاکییەکانمانەوە دەکەینە ژیانێکی ستاندارد و لەو ڕێگەیەشەوە ئاستێکی دیکەی ئاگایی لەسەر کۆمەڵگاکەمان بەرهەم دەهێنین. کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵەکان ئەو چالاکیانەن کە لە سرووشتی مۆدێرنی شارەوە هەڵدەقووڵێن و نیشانەن بۆ دابڕانێکی ڕێژەیی لە تێڕوانینە تەقلیدی و غەیبانیەکان، کە هەموو شتێك دەبەنەوە سەر قەدەرێك، یاخود دەسەڵاتێکی بان/مرۆیی و ڕۆڵی مرۆڤ لە نەخشەدانان بۆ ژیانی خۆی، بەکەم دەگرن. شاری مۆدێرن، واتە شارێکی ئاگا، واتە شارێك کە گومانی هەیە لە بەردەوامبوونی شتەکان بەو جۆرەی کە تا ئێستا تێپەڕیون و هەستیکردووە بەوەی کە دەبێت قەدەری خۆی لە دەست هێزە غەیبانیەکان بستێنێتەوە و ژیان و ڕیتمی خۆی لەسەر ئاستێکی عەقلانییەوە دابڕێژێت و نەخشەی هەبێت بۆ بەردەوامبوون لە داهاتووی دووردا. شاری عەقلانیی، واتە شارێك کە دەیەوێت زۆرترین ڕێژەی خۆشبەختی و ئازادیی بۆ ئەندامەکانی ناوی دەستەبەر بکات. شارێك کە شەقام و کۆڵان و گۆڕەپانەکانی، لە شوێنێکەوە کە تیایدا مرۆڤەکان دەچەوسێنرانەوە و ڕەدوودەنران و ڕاپێچدەکران و زیندانی دەکران، دەکاتە شانۆیەك تاکو هاووڵاتیان ڕۆڵی خۆیانی تێدا بگێڕن و نومایشی ژیان بکەن. بەکورتی شارێکی ئەوتۆ دەبێت خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت و بە زمانی خۆی قسە لەسەر ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی خۆی بکات. بۆیە کۆنفرانس و فیستڤاڵەکان و بۆنە گەورەکان ئەو ڕستە و دەنگانەن کە لە زاری گەورەی شارەوە دێنە دەرێ و تەعبیری شارن لە کێشە و قەیران و دیاردە و سەرکەوتنەکانی خۆی. ئەگەرچی شاری کوردی هێشتا گەلێك لەو دەستکەوتانەی کە ناوم بردن بۆخۆی بەدەست نەهێناوە و نەبۆتە خاوەنی کۆی ئەو خەسڵەتانەی لە شاری مۆدێرندا هەن، بەڵام دەکرێ لەسەر بنەمای

ئەو چالاکیانەی کە لەئێستای شاری کوردیدا دێنە ئەنجام، گۆڕانێکی ئیجابی و سلبی لەسرووشتی ئەو شارانەماندا بەدی بکەین کە کورد خۆی ئیدارەیان دەکات.

**شار و ناسنامەی دەسەڵات:**

لێرەشەوە دەچینە سەر دووەمین خاڵی هاوبەشی نێوان کۆی ئەو چالاکیانەی، کە لە ژێر ناوی فیستیڤاڵ و کۆنفرانسە بەرفراوانەکاندا ئەنجام دەدرێن. واتە دەبێت باس لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و شێوەی ئیشکردنی لەناو شاردا بکەین.

من پێموایە بەشێکی زۆری ئەم کۆنفرانس و فیستیڤاڵانە پێویستییەکی شەرعیی ئیدارەی سیاسی و حکومەتن بۆ سازدانی ئەو بەشە لە ناسنامەی خۆی، کە دەبێت لەرێگەی کۆنفرانس و سەمینارەکانەوە بێتە دەست. ئەمە جگەلەوەی بەشێکی گرنگی ئەو ململانێ سیاسیەی نێوان هێزەکان ئاشکرا دەکەن، کە دەبێت بەپێی سرووشتی شار و یاساکانی شار ئەنجام بدرێت. ڕاستە دەسەڵات بۆخۆی لە شار گەورەترە (ئەم خاڵەشم لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا باسکردووە) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا شار، لەبەرامبەر دەسەڵاتدا کەللەڕەقی خۆی دەنوێنێت و هەموو شتێکی بەگوێ ناکات!. دەسەڵات و شار وەکو منداڵ و باوك وەهان: (دەسەڵاتی باوك) دەیەوێت هەمیشە وا لە منداڵەکەی بگەیەنێت کە پارێزگاریی لێدەکات و سنوورەکانی بۆ دەگرێت و پێویستە ئەویش لەمەدا بەگوێی بکات و ملکەچی بێت و خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام (شاری منداڵ) هەمیشە کەلێنێك و فرسەتێك دەدۆزێتەوە تا بەپێی سرووشتی تایبەت بەخۆی هەڵسوکەوت بکات و پیشانی دەسەڵاتی بدات کە توانای ململانێکردنی ئەوی هەیە و بەردەوام سنوورەکانی خۆی فراوانتر دەکا. ئەم ململانێیەی نێوان شار و دەسەڵات گەلێك لایەن هەڵدەگرێت و دەبێت دواجار بەجۆرێکی دیکە باسبکرێت.

بەڵام مەبەستم چی بوو کە نووسیم: بەستنی کۆنفرانس و ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکان، (پێویستییەکی شەرعیی حکومەتن بۆ سازدانی بەشێك لە ناسنامەی خۆی؟). سرووشتی هەر ئیدارەیەکی سیاسیی مۆدێرن لەم جیهانەدا بەجۆرێکە، کە دەبێت ناسنامە و شەرعییەتی خۆی لە کۆی ئەو کایە جیاوازانەوە وەربگرێت، کە دەتوانن شەرعیەت دروست بکەن و ببنە بەڵگە لەسەر بوونی دەسەڵات. ئەمەش پەیوەندیی بە



پرۆسەی مۆدێرنیزەبوونی کاروباری ئیداریی خۆیەوە هەیە و پێویستە هەر لێرەشەوە هەڵبسەنگێنرێن و ئەو چالاکیانە بکرێنە پێوەر بۆ ڕادەی سەرکەوتنی (هێزەکان) لە بەشەرعیکردنی خۆیاندا وەك (دەسەڵات). بەمانایەکی دیکە، ئەوە میکانزمێکی مۆدێرنیتەیە کە وادەکا، دەسەڵات لەناو شاردا شەرعیەتی خۆی نەك هەر لە مێژوو، هێزی ڕابردوو، یاخود کاریزمای حیزب و ڕابەرەوە، وەربگرێت، بەڵکو دەبێت ئەو چالاکیانەش کە لە کۆمەڵگادا و لەژێر ناوی جیاوازدا و بەچاودێری دەسەڵاتی ئیداری ئەنجام دەدرێن، ببنەوە سەرچاوەی شەرعیەت بۆ سیستەمی سیاسی و ئیداریش تاکو بەردەوام سیستەمی دەسەڵات بەرهەم بهێننەوە. دەمەوێت بڵێم: هەر هێزێك کە دەیەوێت ببێتە دەسەڵات، دەبێت هەستێت بە ڕاپەڕاندن و یارمەتیدانی کۆی ئەو چالاکیانەش کە شەرعیەت بە دەسەڵات دەبەخشن و هێز لە جەوهەری خۆیەوە کە شەڕکردنە، دەکەنە دەسەڵات، کە جەوهەرەکەی لە شێوازی ئیدارەکردنەوە وەردەگرێت. لەسەردەمێکدا کە هێز لەناو کۆمەڵگادایە، ئێمە دەبینە خاوەنی چەندین شەڕی ناوخۆیی، بەڵام لە سەردەمێکدا کە دەسەڵات ئیدارەی کۆمەڵگا دەکات هێزەکان ناچار دەبن لە ئاستێکی دیکەدا ململانێی یەکتری بکەن و پڕۆژە ئاوەدانسازی و بیناکاریەکان بخەنە گەڕ و فیستیڤاڵ و کۆنفرانس چێبکەن.

**فراوانبوونی سنووری کایەکان:**

سێهەمین خاڵی هاوبەش بریتیە لە فراوانکردنی سنووری کایەکان. بێگومان هەر چالاکییەك کە لەبوارێکدا ئەنجامدەدرێ، سەر بە کایەیەکی(حقل) تایبەتە و ئەم کایانەش هەردەم لە هەوڵی فراوانکردنی سنووری خۆیان و بەرهەمهێنانەوەی پێناسەی تازەدان بۆ خۆیان تاکو لەم ڕێگەیەوە، هەم ململانێ لەگەڵ ئەو ئەندامانەی خۆیاندا بکەن، کە دەیانەوێت گۆڕانکارییەك بهێننە ئاراوە و، هەم ململانێش لەگەڵ ئەو کایانەی تردا بکەن کە بوونەتە هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەی یەکەمیان. پێویستیی سازدانی کۆنفرانس و فیستیڤاڵەکان ئەنجامێکی دیاری بەرجەستەبوونی ململانێی ناو چەندین کایەی کۆمەڵایەتین و جگە لەو ئامانجەی کە دەبێتە درووشمی سەرەکی، ئەوە بەهۆی ئەم فیستیڤاڵ و کۆنفرانسانەوە هەیبەتێکی کۆمەڵایەتی و

ئیداریی پتریش بۆ هەریەکێ لە ئەو کایانە بەدەست دەهێنرێ. بەڵام لەهەمان کاتیشدا سنووری کایەکە فراواندەبێت و جۆرێ لە پاکسازیش لەنێوان ئەندامە ناڕازییەکاندا ئەنجامدەدرێ، چونکە کۆنفرانس و چالاکیی دیکەی لەو چەشنە جگە لە بەرجەستەکردنی دەور و ناساندنی زیاتری لایەنەکە، ئەوە شەرعیەتێکی زیاتریش بۆ ئەو کایەیە وەردەگرێ کە هەڵدەستێ بە سازدانیان.

**لە ڕووی ئابوورییەوە:**

خاڵی چوارەمی هاوبەش لەنێوان ئەو چالاکیانەدا کە مەبەستی ئێمەن و من زۆر بەکورتی قسانی لەبارەوە دەکەم، مەسەلەی بڕی تێچوون و ئەو بودجە زۆرەیە کە بۆ هەر کۆنفرانس و فیستیڤاڵێك تەرخاندەکرێت. ڕاستە بەشێکی ڕەسمیەتپێدان بەو چالاکیانە بەهۆی بڕی ئەو پارەیەوە دەردەکەوێت کە بۆیان دادەنرێ(واتە چەند پارەکە زیاتر بێت، ڕەسمیەتی چالاکیەکەش پتر دەبێت)، بەڵام زۆرجار هەستدەکەیت، کە بودجەی بۆ تەرخانکراو وەك هۆیەکی شاراوە بەمەبەستی (کۆکردنەوەی بەشداربووان) خۆی دەنوێنێت، بەجۆرێ مرۆڤ واهەست بکات، هاندەری سەرەکیی لە ململانێی بەشداربووندا، ئەو بڕە پارە چاوەڕوانکراوەیە کە دەدرێت بە هەر بانگکراوێك نەك ڕاددەی بەشداریکردنەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی گشتییدا. چونکە ڕێکەوتووە ئێمە بۆ یەکەمجار لەناو ئەم چالاکی و بۆنانەوە ناوی کەسانێکمان بەرگوێ کەوتوون کە ڕۆڵێکی دیارییان لە ژیانی گشتییدا نەبووە و دوای کۆنفرانس و موناسەبەتەکانیش ئیدی ناوەکەی مەحوو بۆتەوە. بەمانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین: تەرخانکردنی بودجەی زۆر و لە پێشەوە ڕاگەیەنراو، دەتوانێت زیانێکی کوشندە لە هۆی ئامادەبوونی بەشداریکەران بدات، ئەمەش بەوەی کە هۆی ئامادەبوونەکەیان لە (هۆیەکی مەبدەئیەوە) بکاتە (هۆیەکی مادیی)، هەر بۆیەشە هەمیشە واهاتووە کە قوورسایی بەشداریکەران زیاتر بووە لە قوورسایی ئەو ئەنجام و دەستکەوتانەی لەو کۆنفرانس و فیستیڤاڵانەوە بەدەستهاتوون. دەمەوێ ئەوەش بڵێم: کە هەرکاتێ ئەو ڕۆحییەتەمان لەلای بەشداریکەران دروستکرد، کە هۆکاریی مادیی بکاتە بنەمای بەشداریکردنەکەی، ئەوە پسپۆڕ و شارەزاکان (کە پێویستە گیانێکی بەرپرسیارانەیان



لەئاست بواری خۆیاندا هەبێت)، دەکەینە مشەخۆر و چاوەڕوانیی ئەوەیان لەلا دروستدەکەین، کە دەتوانن لە ڕێگەی بەشداریکردن و ئامادەبوونی جەستەییانەوە لەو موناسەبانەدا، ڕێژەیەکی باشی دەستکەوتی مادیی بە نسیبی خۆیان بکەن.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بهاتبا و بەشێکی ئەو بودجەیەی لە بەرەسمیکردنی بۆنە و کۆنفرانسەکاندا سەرف دەکرێ، لە خودی ئەو دیاردەیەدا سەرفبکرێ کە کۆنفرانسەکەی لەسەر دەبەسرێت، ئەوە دەکرا متمانەی خەڵکیش بەو چالاکیانە پتەوتر بکرێت و تێبگەن کە بەستنی ئەو جۆرە چالاکیانە بە فیعلی گۆڕانێك لەو دیاردەیەدا دەهێنێتە ئاراوە، کە لە پێناویدا ساز دەدرێن.

**چەمکی (زانست) و (بەزانستیکردن):**

گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان هەمموو ئەو جۆرە کۆنفرانس و فیستیڤاڵەنە بەلای منەوە، لەوێوە دەست پێدەکات، کە لەم جۆرە چالاکیانەدا مانایەکی ئیغراکەر دەدرێتە چەمکی (زانست) و وشەی زانست دەبێتە پاشگرێکی سواو بەو بابەتەوە کە کۆنفرانسەکەی لەسەر دەبەسرێت. لە ڕاستیدا چەمکی زانست لەناو ڕۆشنبیریی گشتیی ئێمەدا چەمکێکی هێندە گومڕاکەرە، کە ناتوانین پێناسەیەکی سەرجەمگیر و لەهەمان کاتیشدا تۆکمە و کۆنکرێتی بۆ بکەین. ئەمڕۆ ئێمە لە بار و زرووفێکدایین هەمموو کەسێ دەتوانێت بەرد خستنە سەر بەردێکی دیکە، بە کارێکی (زانستی) ناو ببات. زۆرن ئەو پرۆژە و بەرنامە و ڕاپۆرت و کاروبارانەی لە ئێستای وڵاتی ئێمەدا بەناوی (زانستیبوون)ەوە، مەشرووعیەتێکی کاتیی و هێندەی ماوەی خەبەری دەنگوباسێك بۆخۆیان بەدەست دەهێنن و ئیدی مەحوو دەبنەوە. (زانست و زانستانە و بەزانستیکردن و زانستانە بیرکردنەوە و زانستیەت)، ئەو زاراوانەن کە بە بێ هیچ ڕێککەوتنێکی مەبدەئی و بەبێ خستنەڕووی پێناسەیەکی یەکگرتوو لەسەر ماناکانیان، لەهەمموو بۆنەیەکدا دووبارە دەکرێنەوە.

ئەرێ بەڕاست مانای زانست لێرەدا چی دەگەیەنێت و بۆچی ئەم زاراوەیە بەردەوام لە لایەن نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمیەکانەوە دووبارە دەکرێتەوە و ئایا ئەم دووبارەکردنەوەیە بەرەو کوێمان دەبات؟

## زانست لەنێوان کردار و درووشمدا:

یەکێك لە جوانیەکانی زانست و کاری زانستیی، لە ئەنجامەکانیدایە نەك لە بەکارهێنان و وەسفکردنی ئەو چالاکیانەی بەناوی، یاخود لەژێر ناوی ئەم چەمکەدا ئەنجام دەدرێن. ئەوەی لە هەر کارێکی زانستیدا دڵخۆشمان دەکا، ئەو ئەنجامانەیە کە ئێمە دەتوانین لە ژیانی پراکتیکی و فیکریی خۆماندا بیانخەینە کار و ئاسۆی بوونی خۆمانیان پێ دەوڵەمەند بکەین. ئەمەش دوای ئەوەی ئەو ئەنجامانە دەبنە زانیاریی بۆ گشت ئەندامانی کۆمەڵگاو دەخرێنە خزمەت جووڵە و بزاڤی هەنووکەیی کۆمەڵگاوە. کاری زانستی بایەخی خۆی نەك لەناو تاقیگاکان و لە ڕەوەندی دروستبوونیەوە لەناو چواردیوارەکاندا بەدەست ناهێنێت، بەڵکو ئەوکاتە بایەخی خۆی پەیدا دەکات کە تێکەڵ بەژیان دەبێت و لەڕێگەی بەرهەمەکانیەوە، ئاسانکاری بۆ مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکە فەراهەم دەکا.

کەچی لە کۆنفرانسەکانی ئێمەدا زانست دەکرێتە خەبەرێکی ڕاگەیاندن و ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین کە (ئەمڕۆ لە هەولێری پایتەخت کۆنفرانسێکی زانستی بەسرا)و ئیدی ئەوەی دیکەی لەودیو چواردیواری هۆڵ و میوانخانەکانەوە ڕوودەدات و (پلەی زانستیی) خەڵکانێکی سادەش ڕێگە بەوە نادات کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بێت. ئەمەش یەکەم هەنگاوە بەرەو بەخشینی سیمایەکی بیرۆکراتیانە و داخراو بەو کۆنفرانسانەو لە (کۆنفرانسێکی زانستییەوە) دەیانکات بە (زانستێکی بیرۆکراتیانە).

## زانست وەك سەرمەشقی دەسەڵات:

جوانییەکی دیکەی کاری زانستی و بیرکردنەوەی زانستیی لەوەدایە، کە ببێتە نمونە و سەرمەشق لەبەردەم حکومەتدا و دەسەڵاتی ئیداریی هانبدات پلانەکانی خۆی بەو ئاراستەیەدا دابڕێژێت، کە بە ئەنجامگەیشتنیان زۆرترین دەسکەوتی زانستیی بۆ کۆمەڵگا و شێوەی بەڕێوەبردنی، وەدەست دەهێنرێت. ئەنجامگیریی زانستانە ئەوەیە کە بتوانێت دیدێکی تر ببەخشێتە ئەو چاوە گەورەیەی دەسەڵات، کە مەسئولە لەسەرجەمی کۆمەڵگا و هەروەها ئەو کەلێنانەی بۆ ڕووناکبکاتەوە کە دەکەونە ئەو دیو مەداری چاوی دەسەڵاتەوە. زانست لە جەوهەردا بریتیە لە کەشفکردن و پەردە



هەڵماڵین لەسەر ئەو شتانەی کە تائێستا شاراوە و نادیار بوون. کاتێك فرەنسیس بیکۆن پێش چەندین سەدە نووسیی: (زانست دەسەڵاتە) دیارە لە پشت ئەم دەربڕینەوە ئەو مانایەش هەیە کە (زانست پشتیوانێکی مانەوەی دەسەڵاتە وەك دەسەڵاتێکی بیناکەر)، واتە ئەوە زانستە کە دەسەڵات لە هەڵخزان بەرەو هێزی وێرانسازی و زەبروزەنگ ڕزگار دەکا و سیمایەکی عەقڵانیی و بیناکەرانەی پێدەبەخشێت.

## زانست هەر تەنیا بیروڕای پسپۆڕەکان نییە:

ئێمە زۆرجار وادەزانین، تەنیا پسپۆڕەکان دەتوانن زانستیانە بیربکەنەوە، هەربۆیەشە خاڵێکی دیکە لە زانستدا بریتیە لە بەشداریی پێکردنی ئەو لایەن و کەسانەی کە بوونەتە (بابەت)ی کارە زانستیەکانی ناو کۆنفرانس و فیستیڤاڵەکان. زانست هەر تەنیا ئەنجامگیریی پسپۆڕ و زاناکان نییە لەسەر ئەو گرووپ و لایەنانەی بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوە و لە ناو تاقیگاکاندا سەلمێنراون، بەڵکو ئەنجامگیریی ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەشە کە لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر کراوە، یاخود ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەیانگرێتەوە و کاریگەریی دەبێت بۆسەر ژیانیان. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئەکتەرەکۆمەڵایەتیەکان لە پرۆسەی زانستیدا و بەخشینی ئیعتیبار بە تێگەیشتنی خۆیان لەسەر بارودۆخی خۆیان، هەر کارێکی زانستی دەچێتە ژێر گومان و پرسیارەوە. بۆنمونە بەلای منەوە گرنگیی باسێك لەسەر ئەنفال و لێکدانەوەی وردی ڕەهەندەکانی لەسەر بنەمای بەڵگەنامەکانەوە، هێشتا ناگا بەوەی کە تۆ ڕیوایەتی کەسێك کە لە ئەنفال ڕزگاری بووە، وەك بەڵگەیەکی زیندوو وەربگریت. ئەنفال ڕووداوێکی ناو ڕۆمانێك نیە تاکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەدەبی و دەروونشیکاریی و مێژوویی و سیاسییەوە ڕەهەندەکانی تەئویل بکەین، بەڵکو ڕووداوێکە لەسەر جەستە و ئازارێکە لەناو ڕۆحی مرۆڤی زیندوودا. بۆ ئەوەی باشترین تێگەیشتن لەبارەی ئەنفالەوە بەرهەم بهێنین هەر هێندە بەس نیە مێژوونووسێکی باش و ئەرشیفکارێکی لێهاتوو و پسپۆڕێکی کارامەی ئەنفالناسیی بین، بەڵکو دەبێت گوێگرێکی باشیش بین بۆ قسەی کەسانێك کە لەنزیکەوە ئەنفالیان ئەزموونکردووە.

## زانست و مەبدەئی ئەخلاقی:

خاڵێکی دیکەی گرنگ لە ئیشکردنی زانستانەدا کە پەیوەندییەکی پتەوی بە خاڵی پێشووەوە هەیە، مەسەلەی ڕەچاوکردنی مەبدەئی ئەخلاقییە لە زانستدا. ئەم مەبدەئەش هەم (ئەنجامی ئەنجامگیرییە زانستیەکان) بۆسەر ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە و هەم شێوەی (نوێنەرایەتیکردنی گرووپە بە بابەتکراوەکان) لەلایەن پسپۆڕ و زانستکارەکانەوە.

سەبارەت بەوەی یەکەمیان دەبێت بگوترێ: هیچ کارێکی زانستانە و هیچ ئەنجامگیرییەکی زانستیی ناتوانێت لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕەوایەتی بۆخۆی دەستەبەر بکات، ئەگەر بە نیازی تێکدانی ژیانی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی و زیندەوەرەکانی دیکە ئەنجام بدرێت، یاخود لەکاتی جێبەجێکردنیدا بەوجۆرە بکەوێتەوە و ببێتە مایەی چەوساندنەوەی مرۆڤ و زانستکارەکانیش بەمە بزانن و ناڕەزایی دەرنەبڕن، یاخود بەو جۆرە ئەو ئەنجامانە بخرێنە ڕوو کە لایەنێکی دیکە بەجۆرێکی خراپ سوودیان لێوەربگرێت. چونکە ئەنجامگیریی زانستیی، واتە (وەسفکردن و پێناسەکردنی ڕوون و ئاشکرا و بەرجەستە)، بەجۆرێ کە نەتوانرێت لێکدانەوەی هەڵەی بۆ بکرێت. کە تۆ ئەنجامگیریەکانی خۆت لە چوارچێوەی زمانێکی شل و شێواودا، یاخود تەمومژاوی و ناحاڵییدا، داڕشت و بەڕوونی و دەستنیشانکراویی سنووری کارەکەت دەستنیشان نەکرد، ئەوە بواری فرە تەئویلی و تەئویلی هەڵە دێتە پێشێ و دەرگای بە هەڵە سوود وەرگرتن دەخەیتە سەر پشت بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت شیرازەی شتەکان و کۆمەڵگا، بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بشێوێنن.

سەبارەت بە شێوەی (نوێنەرایەتیکردنی گرووپە بە بابەتکراوەکان) لەلایەن پسپۆڕ و زانستکارەکانەوە، پێویستە ئەوە بەیاد بهێنمەوە، کە هەرچەندە توێژکار و پسپۆڕەکان لەناو ئەو بابەتەدا کە لێیدەکۆڵنەوە و لەناو ئەو کەسانەدا کە لێکۆڵینەوەکە دەیانگرێتەوە، ژیابن و تێیان گەیشتبن، هێشتا نابێت ڕێگە بەخۆیان بدەن وەکو نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو گرووپ و کەسانە، قسان بکەن. ئەمە هەڵەیەك بوو ڕۆژهەلاتناسەکان (ئۆرینتالیستەکان) و مرۆڤناسەکان (ئەنترۆپۆلۆژیستەکان)ی کلاسیك کردیان، هەمان هەڵە لەلایەن دکتۆرە نەفسانیەکانەوە لەبەرامبەر



نەخۆشەکاندا دووبارە بۆوە بەوەی کە بە (شێت) و (بێعەقڵ) وبێسوودیان ناو ببەن، و ئەم دیاردەیە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و سۆسیۆلۆژیەکانیشدا گەیشتە لوتکەی خۆی، ئەمەش بەوەی کە مێژوونووس ڕێگە بەخۆی بدات بەناوی (حەقیقەتی مێژوویی)ـەوە بدوێت و کۆمەڵناسیش بەناوی حەقیقەتی دەستە و توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە قسان بکا، بەبێ ئەوەی شوێنگەی خۆیان وەك لێکۆڵەرەوە لەبەرچاو بگرن.

(نوێنەرایەتکردن) لەلایەن پسۆڕەکانەوە هەمیشە دەیانخاتە بەردەم ئەو مەترسییەی کە ئەو شتانە بەناوی ئەکتەری ناو لێکۆڵینەوەکانیانەوە بڵێن، یان پێشنیاریان بکەن، کە لە بەرژەوەندیی خۆیانن و ئەوانی پسپۆڕ مەبەستیانە بگوترێن! بەمکارەش ئێمە مافی لەخۆدوان و بەشداریکردنی ئەکتەرەکان لە داڕشتن و ناساندن و وەسفکردنی جیهانی خۆیاندا پێشێل دەکەین و خۆمان دەخەینە جێگەی ئەوان و ئەمەش لە ئەنجامدا وەك نەفیکردنەوەی ئەوانی لێدێت کە شکاندنی بنەمایەکی ئەخلاقیی گرنگە.

## کۆنفرانسی زانکۆ و چەند سەرنجێك:

من تاکو ئێرە باسی هەندێك لەو مەترسیانەم کرد، کە لە جێبەجێکردنی هەرکارێکدا دێنە بەردەمان کە بەناوی (زانست)ەوە ئەنجامیان دەدەین. دیارە هەندێك لەو خاڵانەی خستمنە ڕوو تەنیا لە بواری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکاندا گرنگییان هەیە و ناکرێت بکرێنە پاڵپشت بۆ ڕەخنە گرتن لەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە ناسینی سرووشت و دیاردەکانی ناوی و حەیواناتەکانەوە. وەلێ سەرجەمی ئەو خاڵانە دەکرێت ببنە دەروازەیەك بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی کۆنفرانسێکی وەك کۆنفرانسی زانکۆکان، کە لەم کاتەدا لە هەولێر دەبەسرێت. لێگەڕێن بەچاوێکی دیکە و لەبەر تیشکی ئەو خاڵانەی پێشوودا بڕوانینە ئەم کۆنفرانسە و لەهەمان کاتیشدا هەندێ پێشنیار بخەینە ڕوو کە دەبا لەو کۆنفرانسەدا ڕەچاوبکرانایە.

(١) کۆنفرانسی ناوبراو لە ژێر دروشمی (مۆدێرن کردنی کاروانی زانستی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستان) ساز کراوە، کە لێرەدا زاراوەی (مۆدێرن) جێگەی سەرنجی منە. هەڵبەت نامەوێ لەسەر تەعبیری (کاروانی زانستی لە کوردستان) هیچ

تێبینیەك دەرببڕم، هێندەهەیە پێموایە ئەم دەربڕینە واقیعبینانە نیە و تەنیا وەك درووشمێك دەمێنێتەوە. لەبەرئەوە یەكسەر دەچمە سەر باسی زاراوەی (مۆدێرن كردن) و هەڵدەدەم بە هێمنی بیروڕای خۆم لەمبارەیەوە دەربڕم.

مۆدێرنیزەكردن بڕیارێك نیە ئێمە وەك كۆمەڵێ پسپۆڕ لە كۆنفرانسێكدا دەری بكەین، بەڵكو ئەنجامێكە لە كۆی ئەو شێوەی ئیشكردنەوە بەدەستی دەهێنین كە لەسەری ڕۆیشتووین و ئێستاش لەچاوگێڕانەوەماندا بەوەی كە لە ڕابردوودا ئەنجامان داوە، دەكرێ بە (مۆدێرن) ناوزەدی بكەین. بەواتایەكی دیكە: مۆدێرنیزەكردن بڕیارێكی پێشوەخت و تیۆریی نیە، بەڵكو بەرهەمی ئیشكردنێكی پێشوەختە لە واقیعدا و ناكرێ بە هەموو بەرهەمێكی ئیشكردنی پێشوەختیش بڵێین مۆدێرن، ئەگەر ئەو ئیشكردنە هەندێ دەستكەوتی سوودبەخشی پێنەبەخشیبین بۆ گۆڕانكاری لە خودی واقیعدا. زۆرن ئەو پڕۆژە كەلتووری و ئایدیۆلۆژیە سیاسیانەی كە پێشتر خۆیان بە مۆدێرن ڕاگەیاندووە و كەچی وێرانەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە. لەبەر ئەوە مۆدێرنیزەبوون ناوێكە و وەسفێكە ئێمە لە (داهاتوو)دا دەیبەخشینە ئەو كارانەی (پێشتر) كردوومانن بۆ ئەوەی جیایان بكەینەوە لەو كارانەی كە ڕامانگەیاندبوو كە دەیانكەین، بەڵام ئەنجامان نەداون. ئەوە هەر داهاتووە كە ئێمە بە مۆدێرن لەقەڵەم دەدات كاتێ دەبینێ ئێمە بەشێوەیەكی فیعلی ئەو كار و نەخشانەمان داڕشتوون كە دەبوو لە ئێستای خۆماندا بەئەنجامیان بگەیەنین. لێرەشەوە، دەتوانین بڵێین: مۆدێرنیزەكردن بەرلەوەی درووشم بێت، بەشداریكردنە، بەرلەوەی ناولێنان و وەسفكردنی ئێستا بێت، ئیشكردنە لە ئێستادا.

**(٢)** بە بڕوای من، مۆدێرنیزەكردن لە داواكاری بۆ (گۆڕینی مەنهەج و ڕەفاهیەتی ژیانی مامۆستایان و زیادكردنی مووچە و دابینكردنی قەرزی بانك و سەفەر و كۆمپیوتەر و هێڵی ئەنتەرنێت)ەوە، دەست پێناكات، وەكئەوەی لە ڕاپۆرتی ئەم كۆنفرانسەدا هاتووە. بەڵكو لە گۆڕینی عەقڵیەتەكان و ئەخلاقی مامەڵەكردنەوە لەو ژینگەیەدا دەستپێدەكات كەدەمانەوێ بیگۆڕین. بە دەربڕینێكی دیكە: مۆدێرنیزەكردنی زانكۆ لەناو هۆڵی كۆنفرانسەوە دەست پێناكات، بەڵكو لەناو هۆڵ و گۆڕەپانی زانكۆوە دەستپێدەكات. ئەگەر مۆدێرنیزەبوون بەرەئەنجامی شێوازێكی



ئیشكردن و هەڵسوكەوت و بیركردنەوە بێت، ئەوە مەیدانی ئەو ئیشكردن و بیركردنەوەیە گۆڕەپانی زانكۆ خۆیەتی، نەك هۆڵی میوانخانە و كۆنفرانسەكان. ئێمە وەك پسپۆڕ و مامۆستایانی زانكۆ و خەمخۆرانی زانست لەم وڵاتەدا، پێویستیمان بەوەیە لەناو بیركردنەوەی خۆمان و لە شێوازی كاركردن و خۆئامادەكردنماندا بۆ كاری زانكۆیی گۆڕان دروستبكەین بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە بناخەیەكی پتەو بۆ گۆڕینی مەنهەج و دابینكردنی هەموو پێویستیەكی ڕەفاهی و بە ستانداردكردنی ژیانی مامۆستایان. ڕێی تێدەچێت لە زانكۆیەكدا باشترین و نوێترین بەرنامەی خوێندن ئامادە بێت، بەڵام ئەو عەقڵیەتانە ئامادە نەبن كە پێویستن بۆ پراكتیزەكردن و جێبەجێكردنی ئەو بەرنامەیە. بۆیە دەتوانم بە شێوەیەكی ڕادیكاڵتر بڵێم: گۆڕینی مەنهەج و دابینكردنی هەموو هۆیەكانی فێركردن مەرج نین بۆ مۆدێرنیزەبوونی ئاستی زانكۆ ئەگەر لەهەمان كاتیشدا ئەم گۆڕانە هاوشان نەبێت بە گۆڕینی ئەو عەقڵیەتانەی كە هەڵدەستن بە جێبەجێكردنی ئەو مەنهەجە و بە بەكارهێنانی ئەو هۆیانەی فێركردن و پێگەیاندنی نەوەیەكی زانستیی بۆ دوارۆژی نەتەوەكەمان.

**(٣)** بڕیاری هەر گۆڕانێك لە مەنهەجی زانكۆكاندا، كارێك نیە هەر پسپۆڕەكان و شارەزایان لە دەركردنیدا دەستیان هەبێت، چونكە بەمكارە ئەوان خۆیان دەكەنە نوێنەری ڕەهای لایەنی دووەم كە قوتابی و خوێندكارەكانن و لێرەشەوە خۆیان دەخەنە بەردەم نارەزایی خوێندكارەكان. لێرەوە مۆدێرنیزەكردنەكە یەكێك لە خەسڵەتە دیموكراتیەكانی خۆی لەدەست دەدات و توانای نابێت ڕێژەیەكی زۆری شەرعیەت بەدەست بهێنێ چونكە خودی ئەو نوێنەرایەتیكردنە لەلایەن پسپۆڕەكانەوە، دەبێتە ڕێگیریی لە بەشداربوونی لایەنی دووەم كە قوتابی و خوێندكارەكانن. بەكورتی: مۆدێرنیزەكردنی بواری خوێندن لە زانكۆدا، واتە حسابكردن بۆ قوتابی و بەشداری پێكردنی لە پرۆسەی ئیشكردندا وەك لایەنێكی سەربەخۆی خاوەن ڕا و بۆچوون لەبواری خۆیدا.

**(٤)** ئامادەنەبوونی قوتابی و خوێندكارەكان لە ڕەوەندی (پرۆسە)ی مۆدێرنیزەكردن و تازەكردنەوەكەدا، ئەنجامەكانی ئەو كۆنفرانسە دەكاتە ئەنجامی سەپێنراو و نەك سەلمێنراو. ئەنجامی سەپێنراو ئەو ئەنجامەیە كە كۆمەڵێك كەسی پسپۆڕ پێیدەگەن و

بڕیاری دەدەن و دەبێت کۆمەڵێکی دیکە ڕەچاویان بکەن، لە کاتێکدا ئەنجامی سەلمێنراو ئەو ئەنجامەیە کە لە دوای تێگەیشتن و هاوکاریی لایەنەکان لەگەڵ یەکتردا، دێتە دەست و هەمووشیان بەرپرسیار دەبن لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنیاندا. بەبڕوای من گوێنەگرتن بۆ تێبینی و خواستی قوتابیان لەسەر چۆنێتی گۆڕینی مەنهەج و دەرسەکانیان، بەشێوەیەکی دیموکراتیانە و ئازاد و بەپەراوێزکردنیان لە پرۆسەی بڕیارداندا، دەبێتە هەوێنی دڵکرمیێ بوونیان لە جێبەجێکردن و چالاکبوونیان بەپێی بەرنامە تازەکەی کە کۆنفرانس پێشنیاری کردووە.

**(٥)** هەر کۆنفرانس و بۆنەیەکی زانستانە کەلەسەر بنەمایەکی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە سازبکرێت، پێویستە پێوەری بەشداریکردن تیایدا (توانای ئەندامانی نەتەوە) بێت لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و زانستدا، نەك هەر تەنیا (پلەی زانستی)ی پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ. ئێمە نەتەوەیەکین ژیانی سەخت و مێژووی تراژیدیانەمان ڕێگەی بە ئەندامەکانی نەداوە بەڕێژەیەکی زۆر خوێندنی پسپۆڕی تەواو بکەن، بەڵام هەر ئەو ژیانە سەخت و مێژووە تراژیدیانەیە ناچاری کردووین تواناو مەهارەتێکی تایبەتیمان هەبێت لە ژیاندا. مامۆستایەکی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی لەڕووی ئەکادیمیەوە پسپۆڕ نین، بەڵام لە کاری خۆیاندا خاوەن ئەزموون و بەتوانان و پێویستە ئەم بەتوانایی و ئەزموونە بکرێتە پێوەر بۆ بەشداربوونیان لە گۆڕینی سیستەمی خوێندنی ئەو قۆناغە پەروەردەییەدا. ئەگەر پێوەری بەشداریکردن هەر تەنیا لە دەستەیەکی ئەکادیمی هەڵبژاردە بێت، ئەوە مەترسی ئەوە هەیە کە هەر گۆڕانێك لەبواری مەنهەجی پەروەردەیی و زانستیدا گۆڕانێکی تاکڕەهەند بێت و ڕەنگدانەوەی جیهانبینی هەمان دەستەی هەڵبژاردە بێت. ئەمە جگەلەوەی داخستنی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە بەڕووی توناکاندا سیمایەکی بیرۆکراتیانە دەداتە کۆنفرانسەکە. بۆیە دەبوو ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی خوێندنی باڵا، توناکانی وەك (پێوەرێکی یارمەتیدەر) بکردایەتە مەرجێك لەبەردەم ڕاپەڕێنەرانی ئەم کۆنفرانسەدا.

**(٦)** مۆدێرنیزەکردنی بواری زانکۆ، بەبێ ناسینەوە و نرخدانان بۆ قوتابیان وەك هاووڵاتی و زەخیرەی نەتەوەیی و بەرگریکردن لە ئاستی ژیانیان، مۆدێرنیزەکردنێکی



پڕ مەترسییە. ئێمە کاتێ نەمانتوانی قوتابی وەك هاووڵاتییەك، وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا بناسینەوە کە لەدەرەوەی زانکۆ ژیانێکی بەهاداری کۆمەڵایەتی دەژی و خاوەنی کەسایەتی و گەورەیی خۆیەتی، ئەوە بێگومان لەناو زانکۆدا بەشایانی ئەوەی دەزانین کە دەبێت کۆنترۆڵێکی توندی لەسەر دابنێین و بچووکی بکەینەوە بۆ سەر ئاستی کائینێك کە دەبێت سزای بدەین و دەست بخەینە هەموو هەڵسوکەوتێکیەوە. لێرەوەیە کە دەبینین لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسدا ژمارەیەك لاپەڕە تەرخانکراون بۆ تۆمارکردنی ئەو سزایانەی کە چاوەڕێی قوتابی دەکەن. ڕاستە سزا و لێپرسینەوە و چاودێریکردن، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن لە درووشمەوە بکەینە کردار ئەوە دەبێت دیدی خۆمان لەسەر قوتابی کە (مرۆڤێکە دەبێت فێری بکەین) بگۆڕین بۆ دیدێك کە پێماندەڵێت: قوتابی (مرۆڤێکە دەبێت تواناکانی بخەینەکار و ئیمکانیەتە جەستەیی و فیکریەکانی بتەقێنینەوە). بێگومان جیاوازیی هەیە لەنێوان سیستەمێکی پەروەردەییدا کە لەسەر بناخەی فێرکردن لەبالآوە دامەزراوە و ڕێگە دەدات قوتابی چاودێری بکرێت، سزا بدرێت و سیستەمی لە بەرکردنی مادەکانی بەسەرا پراکتیزە بکرێ، لەگەڵ سیستەمێکی پەروەردەییدا کە لەسەر بناخەی خستنەکاری تواناکانی قوتابییەوە دامەزرابێت کە (مەبدەئی هاوکاریکردن) لەگەڵ قوتابیدا دەکاتە خاڵی دەستپێکردن.

**(٧)** دەبوو وەك ڕێبازێکی ئەکادیمی و زانستی، ئەم کۆنفرانسە بۆ بەشێك لە قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا، کراوە بوایە و خودی شێوازی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە بکرایەتە دەرسێکی نمونەیی تا ئەوان وەك گوێگر تیایدا ئامادە بوونایە. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی خوێندکارەکان فێرببوونایە چۆن پسپۆڕان و خاوەن پلە زانستیە باڵاکان پێکەوە (هاوکاری و گفتوگۆ) دەکەن و (بەڵگە) دەهێننەوە و بیروڕاکانیان بۆ یەکتری (دەسەلمێنن) و چۆنیش پێکەوە (بڕیاری زانستیی) دەدەن؟ بێگومان هەموو ئەم خاڵانە بەشێکن لە پێکهاتەی ئیشکردنی ئەکادیمی و شێوازی زانستی لە کارکردندا و فرسەتێکی باش بوو کە بکرێتە دەرسێکی نمونەیی.

**ئەنجامی کۆتایی:** بەستنی کۆنفرانس و فیستیڤاڵ و هەر موناسەبەیەکی مەزنی دیکە، بە پلەی یەکەم ڕەنگدانەوەی گۆڕانێکی گرنگە لە سرووشتی شارەگەورەکانی

ئێمەدا و پێماندەڵێت کە شاری ئێمە و ژیانی ناو کۆمەڵگای ئێمە تا دێت خۆی تەسلیمی ڕەوەندێکی عەقڵانی دەکات. کۆنفرانس و فیستیڤاڵەکان تەعبیرن لە سیستەمێکی ژیان کە دەیەوێت بەردەوام بەخۆیدا بچێتەوە و خۆی و دیاردەکانی ناوی بکاتە بابەتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە. لەسەر ئاستی سیاسی و سیستەمی ئیداری، بەستنی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە نیشانەی گۆڕانێکی نەوعیە لە شێوەی ململانێکردنی هێزە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتریدا و بەڵگەی گۆڕانی (هێزە) بۆ (دەسەڵات) و ئیدارەکردنی مەدەنیانە. لەسەر ئاستی کایە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمجۆرە چالاکیانە پێویستن بۆ دەستنیشانکردنی سنووری نێوان کایەکان و ململانێی ناوخۆیی و دەرەکییان. مەترسیی هەرە گەورە لەوێوە سەر هەڵدەدات کە ئەم جۆرە چالاکیانە سیمایەکی بیرۆکراتیانە و ئیداریی ڕووت وەربگرن و بڕیار لە باڵاوە دەربکەن. هەروەها مەترسییەکی دیکە لەوەدایە کە نەتوانن فرە سیمایی و فرەڕەهەندی ئیشکردنی زانستی لە نوخبەی سیاسی و ئیداری ئێمە تێبگەیەنن و یەك سیما و یەك ڕەهەند ببەخشنە زانست، بەجۆرێ کە ئیدی هیچ پڕۆژەیەکی زانستیی دیکە لەم وڵاتەدا دانی پێدا نەنرێت. هەروەها من پێموایە ئەگەر کەسانێکی دڵسۆز و هەستیار لە ئارادا نەبن، ئەوە دەشێت بەهۆی ئەم کۆنفرانسانە و ئەو ئیمتیازاتانەی بەدەست دەهێنرێن، دەستەیەکی هەڵبژاردەی ئەکادیمی دروست بن کە هەموو پێویستییەکی ڕەفاهیان بۆ دابینبکرێت و کەچی نەشتوانن پڕۆژەی نەتەوەیی و خوێندنەوەی دوورمەودا بۆ کۆمەڵگاو میللەتەکەمان بکەن و بەشێوەیەکی فیعلی ڕێز لە خوێندکاران بگرن. چونکە بەڕاستی شێوەی پەیوەندیکردن و هەڵسوکەوت و هاوکاریی مامۆستای زانکۆ لەگەڵ قوتابییاندا، ڕەنگدەداتەوە لەسەر ئەوەی ئەم قوتابیە ئەم نیشتیمانە بەهی خۆی بزانێت، یاخود بە کۆچکردن و تۆران بەرەو هەندەران تۆڵەی خۆی لە نیشتیمان بکاتەوە.

چاوەڕوانم ئەم کۆنفرانسە ببێتە سەرمەشق و هەموو ترسەکانی ئێمە لەبارەی دۆخی (کاروانی زانستی لە کوردستاندا) بڕەوێنێتەوە.

(*) ڕێگای کوردستان، ژمارە: ٤٥٢ی ڕۆژی ٧ی ئایاری ٢٠٠١

# مەنهەج، کەلتوور، سانسۆر(*)

**لە هەموو** ڕۆشنبیرییەکی زیندوودا ساتێك دێتە پێشەوە، کە تیایدا پرسیار لە مەنهەج دەکرێت و سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. سەبارەت بە ئێمەی کوردیش گرنگیی مەنهەج (میتۆد) یاخود تیۆریی ڕەخنەیی بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگە و مێژوو لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا، لەچەند ئاستێکدا دەردەکەوێت: مەنهەج بۆخۆی وەکو شێوازێکی ئەکادیمی بۆ گەیشتن بە چەند ئەنجامگیرییەکی زانستانە، هێزێکی کۆکەرەوە و ئاراستەکەرە. واتە لەسەر هەر دیاردەیەك کە بەدوایدا دەچین و دەمانەوێت قسەی لەبارەوە بکەین و لێی بکۆڵینەوە، مەنهەج وزە و تواناییمان کۆدەکاتەوە و ناهێڵێت ئاراستەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکەمان تووشی لادان ببێت. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر مەنهەجێکمان لە ئیشکردندا هەبێت ئەوە ڕاستەوخۆ داخڵ بە سیستەمێکی زاراوەیی دەبین کە بوارمان دەداتێ لەسەر بنەمایەکی عەقڵانییەوە بیربکەینەوە و سوود لەو ئیمکانیەتانە وەربگرین کە دەشێت بە (ئەنجامگیریە چاوەڕوانکراوەکان)مان بگەیەنن.

هەروەها مەنهەج کاتێ زانستیبوونی خۆی دەسەلمێنێ، کە مەنهەجێکی ڕەخنەگرانە بێت، واتە لە توانایدا هەبێت یەکەم: لە تێگەیشتنماندا بۆ ئەو دیاردەیەی قسانی لەبارەوە دەکەین ڕێگەمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە. دووەم: هێز و توانایی ئەوەمان بداتێ کە ڕەخنە لەو دیاردەیە بگرین، واتە بەو مانایەی کە بتوانین لەڕێگەی، یاخود بەیارمەتی ئەو مەنهەجەی بەکاری دەهێنین، ئاسۆی دیکە بۆ ئەو دیاردەیەی لێیدەکۆڵینەوە دەستنیشان بکەین و دەربازی بکەین لەو بارودۆخەی تیایدایە و بازنەی تێگەیشتنی خۆشمان بەرفراوان بکەین و بیگۆڕین، هەروەها ژیانێکی دیکە بۆ ئەو دیاردەیە دابین بکەین. ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لە خاڵە هەرە گرنگەکانی بەکارهێنانی مەنهەج کە تەواو پێچەوانەی ئەو مەنهەجیەتەیە کە لە ناو زانکۆکانی ئێمەدا باوە و لەوێدا مەنهەج دەکرێتە کلێشە و دەکرێتە فۆرمێك بۆ ئەوەی بابەتەکە وا نیشانبدرێت کە بابەتێکی زانستییە.



بەلای منەوە، مەنهەج پێش هەموو شتێك بریتیە لە جۆرێك و شێوازێکی بیرکردنەوە. بریتیە لە بەرفروانکردنی شێوازی بیرکردنەوە، بەمەرجێك ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە یەکەم ڕخنەگرانە بێت و دووەم ئازادی هەبێت لە بیرکردنەوەدا. ئێمە کاتێك باس لە بەکارهێنانی مەنهەج دەکەین و دەڵێین: ئەم مەنهەجە دەبێت مەنهەجێکی ڕەخنەگرانە بێت، بەواتای ئەوەیە کە دەمانەوێت بوارمان بۆ بڕەخسێنێت بە ئازادی بیر لەو دیاردەیە، لەو کێشەیە، یا لەو دەقە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفیە بکەینەوە، کە لێیدەکۆڵینەوە. ئازادیی بیرکردنەوە مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئەو دیاردە و دەق و کێشانە ببینین کە شوێنی گرنگی پێدانی ئێمەن و سەرقاڵیانکردوین بەخۆیانەوە. لێرەشەوە خاڵێکی گرنگمان لە بەکارهێنانی مەنهەجدا بۆ ئاشکرا دەبێت: مەنهەجەکان خۆیان هەڵگری جیاوازین، خۆیان هەڵگری چەندین کەلێن و دەلاقەن بۆ لێوە تەماشاکردنی ئەو دیاردانەی کە ئێمەیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردووە. ئەوکاتەی ئێمە مەنهەج بەکار دەهێنین بێگومان ڕاستەوخۆ دەبینە خاوەنی ئەو ڕوانگەیەش کە (جیاوازیی) دیاری دەکات و بەهۆیەوە هەمەڕەنگیی دیاردەکان دەبینین. واتە ئێمە دەتوانین لە چەند کەلێنێکەوە، لەچەند گۆشەنیگایەکەوە تەماشای یەك دیاردە بکەین و ئەو دیاردەیە ڕزگار بکەین لەو حاڵەتەی کە تێیدایە ئەمەش لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنمانەوە و بەیارمەتی ئەو مەنهەجەی ئیشی پێدەکەین.

ئەمەش بەومانایەی هەموو ئیشکردنێك لە فیکردا، ئەگەر ئیشکردن بێت بە مەنهەجێکی ڕەخنەگرانە و ئەگەر ئەم ڕەخنە گرتنە لە کەشێکی ئازادانەدا بێت، بێگومان کۆمەڵێ ئەنجامگیریی باشیش دەدات بەدەستەوە. ڕەنگە ئەمەش ئەو بەشداریکردنەی ڕەخنەگر بێت لە بەخشینی شێوەیەکی دیکە، مانایەکی دیکە بە ژیان و بە واقیع. کاتێ بەردەوام دووبارەی دەکەمەوە کە: پێویستە مەنهەج ڕەخنەگرانە بێت، پێویستە ئەوەش بڵێم، لێرەدا وشەی (ڕەخنە) بەمانای بریندارکردن و ئیهانەتکردن تێنەگەین، بەڵکو دەبێت بەمانای تێگەیشتن و پەیوەندیکردن و ئاستێکی پێکەوەبوون لێکی بدەینەوە. بۆیە لەناو سیستەمێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئیداریدا ئەگەر جۆرێك لە نرخدانان و ڕێزگرتن لە مەنهەج هەبێت، ئەوە دەبێت ئەو مەنهەجە مەنهەجێکی ڕەخنەگرانە بێت و دەبێت لەهەمان کاتیشدا کەشێکی ئازادیش بخەملێت بۆئەوەی ئەو

ڕەخنەیە بتوانێت بەشداری بکا لە هێشتنەوە و ناساندن و پەرەپێدان، یان ڕەتکردنەوەی ئەو دیاردەیەی قسانی لەبارەوە دەکا.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە دەڵێت: تاکو ئەمڕۆ ڕۆشنبریی کوردی پشتی بە چ جیهانبینیەك یان چ شێوازێکی لێکۆڵینەوە یان مەنهەجێکی ڕەخنەیی بەستووە و پاشانیش ئاماژە کراوە بە ڕەنگدانەوەی ئەو مەنهەجانە لەناو ڕۆژنامەگەریی ئێمەدا، هێندە دەڵێم:

بێ ئەوەی بمەوێ کەسێ ماندوو بکەم، یاخود کاری هیچ ڕۆشنبیرێك بەکەم بگرم، من بۆخۆم گومانم هەیە سەبارەت بەوەی کە مەنهەجی ڕەخنەیی لە بواری ڕۆشنبریی ئێمەدا وەك دیاردەیەك بەکار بێت. ڕەخنەگران کەسانێکن لەملاوئەولا، لەم گۆڤار و ئەو گۆڤار و کتێب و بلاوکراوەدا جۆرێك لە مەنهەج بەکار دەهێنن، بەڵام مەنهەجیەت و بەکارهێنانی شێوازگەلێکی تایبەتی لێکۆڵینەوە لەڕۆشنبیری ئێمەدا، زۆر کەمە و هێشتا نەبۆتە دیاردەیەك. ئەم خاڵە بەچی دسەلمێنین؟ بێگومان بەوەی کە بڕوانینە ڕۆژنامەگەریی ئێمە و بواری ڕۆشنبیریمان.. تەماشا دەکەین لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی شەڕی نووسەران لەگەڵ یەکتر و شەڕی ئەدیب و ئەکادیمی و خاوەن قەڵەمەکان لەگەڵ یەکتردا، هەمیشە شەڕکردن بووە لەسەر هەندێ حاڵەتی وا، کە پەیوەندی هەیە بە سایکۆلۆژیەتی نوسەرانەوە نەك بە پەیوەندی هەبێت بە جیاوازیی بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان لە مەنهەجە جیاوازەکان. لەبەرئەوە سەیر ئەکەی ئەو ڕەخنانەی کە لەیەکترییان دەگرن، زیاتر ڕاستکردنەوەی کۆمەڵێ هەڵەن، سەرژمێرکردنی ئەو هەڵانەن کە نووسەرێك لە بەرهەمێکیدا تێیانکەوتووە، ئەمەش بە زمانێك کە زیاتر تۆنێکی بریندارکەر و ئامۆژگاریکردنی هەیە، نەك زمانێك کە ئامانجی ڕۆشنکردنەوەی بابەتەکە بێت و زیادکردنێك بێت بۆ ئەوەی نووسەری یەکەم خستویێتیە ڕوو.

لەبەر ئەوە من گومانم هەیە لەوەی کە بەکارهێنانی مەنهەج بوبێتە دیاردەیەك لەناو ڕۆشنبیری ئێمەدا. هەڵبەت تاك و تەرا و دەنگە ڕیزپەڕەکان دەردەکەین لەم قسەیە، کێشەکە لەوەدایە، تۆ کاتێك شێواز و ئامانجی ئیشکردنت ئەوەبێت: ئاخۆ کێ لەناو ڕۆشنبیریدا هەڵەیەکی کردووە بۆی ڕاستبکەیتەوە، ئیدی ناکۆکییەکە نابێتە ناکۆکیی مەنهەجی، کە خۆی لەخۆیدا بەرگریکردنە لە بیرکردنەوەی جیاواز، دیاردەیەکە کە لەچەند گۆشەیەکی جیاوازەوە دەمانکاتە خاوەنی چاوێك تاکو بەئازادی بیر بکەینەوە



و لەهەمان کاتدا پەرەپێدانە بە دیدێکی ڕەخنەیی، کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی پێیەتی. من بەگومانم لەوەی کە ڕۆشنبیرانی کورد میتۆدی ڕەخنەیی بەکار بهێنن جگە لەو چەند حاڵەتە جیایەی کە باسی دەکەم:

دەبێت هەمیشە بپرسین چ ئایدیۆلۆژیایەك، یان کامە شێوازی ئاخاوتنی باو خۆی خزاندۆتە ناو لێکۆڵینەوە و باسە ڕۆشنبیری و کەلتووری ەکانمانەوە؟ سەیر ئەکەیت لە ماوەیەکی زەمەنی تایبەتدا ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم زاڵ دەبێت و هەموو ڕۆشنبیریی ئێمە بەوجۆرە دەخوێندرێتەوە کە لە خزمەتی ناسیۆنالیزمدایە و تەنانەت سەرچاوەیەکی ناسیۆنالیستانەش بۆتە هۆی بەرهەمهاتنی! لەماوەیەکی دیکەی مێژووییدا تەماشا دەکەیت بزووتنەوەی بەناو ئیسلامی بەهێز دەبێت و ئیدی خواستێك دروستدەبێت، بە درۆ یان بەڕاست، کە دەیەوێت هەموو دیاردە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان بەو جۆرە بخوێنێتەوە کە خزمەتی ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژیای ئایینی بکات، بۆ نمونە لە ڕێگەی بزاڤێکی چاپەمەنی زۆر بەربلاوەوە و لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی نامیلکە و شتی هەمە ڕەنگ بۆ منال و مێردمندالان. لەماوەیەکی دیکەدا سەیر دەکەیت بەناوی مارکسیەت و چەپگەراییەوە ڕۆشنبیرییەك بەرهەم دێت، ئاستێك لە قسەکردن بەرهەم دێت و کۆمەڵێك زاراوەسازی دروستدەبێت کە هەموومان وادەزانین ئیدی ڕۆشنبیریی ئەوەیە کە دەبێت بەو ئاستی قسەکردن و بەو زاراوانە دەربڕدرێت. من پێموایە ئەم جۆرە مەنهەجیەتە مەنهەجیەتێکی مەرجدارە، واتە لە پێشەوە بڕیاری لەسەر دراوە کە تۆ چۆن بیر بکەیتەوە و لەکام ئاراستەدا خۆت بدۆزیتەوە تاکو پەسەند بکرێیت. لێرەوە تەماشا دەکەیت بەشێکی زۆری گەڕانی نووسەران و ڕۆشنبیران دەبێتە بەدواداچوون و کەشفکردنی یەکتر بۆ ئاشکراکردنی ئەو سیحرەی کە هیچ نهێنییەکی تێدا نەماوە، نەك بۆ تەعقیبکردنی ئەوەی ئایا کام میتۆد و کامە پرنسیپ لە نوسینەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەدواداچوونەش ببێتە ڕەخنەگرتن لە شێوەی تەئویلکردنی نووسەری یەکەم، کە چۆن بەهەڵە فلان مەنهەجی بەکارهێناوە، یان مێودێکی خستۆتە کار کە ناگونجێ بۆ ئەو بابەتە و نەیتوانیوە مەشرووعیەت و مەعقولەیتی پێببەخشێت..

ئەگەر مەنهەجیەت بچووکبکەینەوە بۆ سەر ئەم ئاستی بەدواداچوونە، ئەوە مێژووی ڕەخنەی ئێمە پڕە لەو دیاردە سەیرە، کە ئاراستەیەکی مەرجدارە و مەرجەکەش

مەرجێکی ئایدیۆلۆژیە: من بابەتێك دەنووسم و تۆ دەتەوێت کەشفی بکەیت ئاخۆ من سەر بەکام ئایدیۆلۆژیام، ئایا لە پشت سەری ئەم نووسەرەوە یەکێتی هەیە، پارتی هەیە یان ئیسلامی و هتد؟!، نەك تۆ بێیت و بەدوای ئەوەدا بچیت ئایا من چ میتۆدێکم بەکارهێناوە، ئایا شێوەی بەکارهێنانەکەم دروستە یان دروست نیە؟ میتۆدەکان لەلای ئەو کەسانەی دایانهێناون بریتین لە کۆمەڵێ پرنسیپ و دیسیپلین کە دەبێت وەکو خۆیان بەکاربهێنرێن بۆ ئەوەی ئەنجامی زانستیمان پێببەخشن. کاتێ تۆ ئەڵێی من میتۆد بەکاردەهێنم، من داوات لێدەکەم چ مەبدەئێکت بەکارهێناوە، لە کوێدا کەمتەرخەمیت کردووە لە ئاست مەبادیئەکانی ئەو میتۆدەدا و هتد. کاری زانستی هەر ئەوە نیە ئێمە لە پێشەکی لێکۆڵینەوە وتارەکانماندا چەندین جار دووبارەی بکەینەوە: (ئەم لێکۆڵینەوە زانستانەیەی من باس لەم شتانەی خوارەوە دەکات). واتە دووبارەکردنەوەی وشەی (زانستی) خۆی لە خۆیدا زانستیبوونی وتارەکەمان، یان لێکۆڵینەوەکەمان ناسەلمێنێت. تۆ دەبێت پرنسیپە زانستیەکانی لێکۆڵینەوە بەکار بهێنیت بۆئەوەی خوێنەر خۆی بتوانێت لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیەی تۆ تێبگات، کە تۆ فلان مەنهەجت خستۆتە خزمەت ئەو بابەتەی کە لێیدەکۆڵیتەوە و دیارە بەڵگەت هەیە بۆ ئەو هەڵبژاردنەت و دەستنیشانکردنی ئەو میتۆتەدە لەچاو مەنهەجەکانی تردا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لە بنەماوە ڕۆژنامەگەریی ئێمە شوێنێکی باش نیە بۆ ئەوەی تیایدا مەسەلەی مەنهەج بخرێتە ڕوو، ڕۆژنامەگەری ئێمە تا سەر ئێسقان موبتەلایە بە بەدگومانی و حوکمی پێشینە و وێناکردنی هەڵەی نوسەران لەسەر یەکتری و دواندنی سایکۆلۆژیای یەکدی.. بۆ خستنەڕووی کێشەی (مەنەهەجی کارا و جیاوازیی مەنهەجەکان) ئێمە پێویستیمان بە گۆڤاری تایبەت و جیدی هەیە، بە کۆڕ و سەمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنیی سەراپاگیر هەیە، تاکو بتوانین مەنهەج وا لێبکەین ببێتە شێوەی بیرکردنەوەی هاوولاتیانی ئێمە لە ژیانی خۆیاندا. واتە مەنهەج هەرتەنیا هۆکارێك نەبێت بەدەست ئەکادیمی و نوخبەگەراکانی بواری ڕۆشنبیرییەوە، بەڵکو کارێ بکرێت مەنهەجیەت ببەخشین بە ژیان خۆی، کارێ بکەین هاوولاتیانی ئێمە لە هەموو ساتەوەختێکدا لە خۆیان بپرسن: من چۆن بژیم و چۆن ژیانێکی سەرکەوتوو بۆخۆم دابینبکەم بەجۆرێ کە کۆمەڵێ دەستکەوتی ئینسانیانەم بێتە دەست؟ بەم مانایە مەنهەجیەت هەر لە نووسینی ئەکادیمی و بوارە ڕۆشنبیریەکاندا



نیە.. مەنهەجیەت دەبێت لە بوارەکانی دیکەی ژیانشیدا هەبێت، لە کایەی سیاسیدا، لە کایەی کۆمەڵایەتیدا و تەنانەت لە دەزگایەکی گرنگی وەك کەناڵی ئاسمانیشدا. دەبێت تەلەفزیۆن بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بینەرەکانیدا بکات، چۆن ئەو بەرنامانە ئامادە بکات، کە بەپێی پێویستییەکی حەیاتیی هاوولاتیانی ئەو وڵاتەن.

کەواتە مەنهەجیەت تەنیا هۆکارێك یان ئامرازێك نیە بەدەست ڕۆشنبیرانی ئەکادیمی و نوسەری ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە، بەڵکو کارمەندانی تری دەزگاکان و دەوڵەت و تەنانەت حیزبەکانیش دەبێت مەنهەجیانە بیر بکەنەوە و بەرنامەی ئایندەخوازانەیان هەبێت سەبارەت بەو کارەی کە ئەرکی سەرشانیانە و دەبێت جێبەجێی بکەن بە ئاراستەی سوود بەخشین بە کۆمەڵگا. لێرەوە گرنگە ئێمە دەزگایەك، یان بنکەیەکی زانستیمان هەبێت بۆ گوتنەوە و فێرکردنی مەنهەج لە هەموو بوارەکاندا، تەنانەت بە وەزیرەکان و دکتۆرەکان و بەڕێوەبەری زیندانیەکانیش.. ژیان شتێك نیە مرۆڤ بۆ یەکجارەکی فێری بووبێت، بەڵکو ژیان مەساحەیەکە دەبێت بەردەوام فێری (تێدا ژیان) و ململانێ لەگەڵ کردنی ببین و بۆ ئەمەش پێویستە لەسەر مەنهەج بڕۆین.

سەبارەت بەوەی ئایا مەنهەجێکی ڕەخنەیی بنەمادار هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەلتووری کورد، کە پەیوەست بە سەرهەڵدانی دیاردەکان و بیری فەلسەفی بێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟ بەمانایەکی تر دەپرسیت: ئایا چۆن بە شێوەیەکی دیکە کەلتوور بخوێنینەوە؟

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە، بەتایبەتی ئەوەی بەشی یەکەم، ناکرێ هەروا ڕاگوزەریانە وەڵامی بدەینەوە، چونکە ئەمە پرسیارە لە بنەمایەك لە بیرکردنەوە، کە بڕێك پیشەییتر و پسپۆڕانەترە، بەمانایەکی دیکە دەپرسێت: ئایا لای کورد فیکر و فەلسەفە هەیە بەهەمان شێوەی کە دەڵێین لەلای یۆنانیەکان یاخود لەلای هیندییەکان هەیە؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ وەڵامدانەوەی و لەکاتی وەڵامدانەوەشدا وەها بێینە قسەکردن کە هێشتا لە دانووستاندایین و هێشتا ئەنجامگیریی کۆتاییمان دەست نەکەوتووە لەسەر ئەم بابەتە. بەڵام پێموایە سەرەتایەکی تەندروستانە هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمەش وەکو هەموو نەتەوەکانی دنیا، وەکو هەموو کەلتورەکانی جیهان بەشێك لە چالاکیەکانمان چالاکیی زەینی و عەقڵین و ئەمەش جۆرێکە لە بیرکردنەوە و ئاستێکە لە تێڕامان. پرسیار ئەوەیە ئێمە ئەم ئاستە

لە بیرکردنەوە چۆن بەوجۆرە بخوێنینەوە کە ببێتە سەرەتایەك بۆ سەلماندنی هەبوونی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی لەلای نەتەوەی کورد. کارەکە لەوەدا بچووکناکرێتەوە کە بڵێین: بەڵێ کورد فەلسەفیانە بیری کردۆتەوە و ئەمجا بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵێك شاعیر و نووسەری دێرین و هاوچەرخمان و بانگەشە بکەین کە ئەمانەش بەڵگەی هەبوونی بیرکردنەوەی لەو بابەتەن لەلای کورد. زۆر قسە لەسەر ئەوە کراوە کە گوایە خانی دامەزرێنەری فیکری ناسیۆنالیزمی کوردە بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە بەر لەهەموو شتێك خانی شاعیرێکە و وەزیفەی شیعر وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژی نیە و شاعیرێتی خانی بۆ ئێمەی کورد سەرمایەیەکی ڕەمزیی گەورەترە وەك لەوەی بە دامەزرێنەری ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی ناوبەرین. ئەمە جگەلەوەی ئەم بانگەشەکردنە ببێتە هۆی شیککردنەوەی بنەماکانی فیکری ناسیۆنالیستی و تیۆریزەکردنی ئەم بیرە تاکو دواجار بڵێین ئەم بنەمافیکریانەی ناسیۆنالیزم وەك ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی چۆن لە شیعردا تەعبیریان لێکراوە و نمونەشمان بۆ ئەمە حەزرەتی خانیی مەزنە. خانی بکەینە نمونەی کەسێك کە توانیبێتی لە ئەنجامی هەرسکردن و دیراسەکردنی بیری ناسیۆنالیزمی کوردییەوە تەعبری شیعریشی بۆ بدۆزێتەوە.. بەمانایەکی دیکە بەر لەوەی ئێمە ناو بدۆزینەوە بۆ کەسێکی وەك خانی و ناوزەدکردنی بە دامەزرێنەری نازیۆنالیزمی کورد، ئەبێ تیۆریزەی ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیایەك بکەین و پرنسیپەکانی شیبکەینەوە و پێناسەیەکی لەبارەوە بهێنینە بەرهەم و ئەوجا ڕێگە بەخۆمان بدەین کە بڵێین خانیش بەپێی ئەم مەبدەئانە هەستاوە بە دۆزینەوەی تەعبیرێکی شیعری بۆ ئەو ناسیۆنالیزمەی کە تایبەتە بە کورد.

هەروەها زۆر باس لەوە ئەکرێ کە پیرەمێرد فەیلەسووفێکی کوردە. ئەم پێناسەیە لە کوێوە هاتووە؟، بێگومان لەوێوە کە ئێمە دووچاری سەرسوڕمانێکی تایبەت بووین بەرامبەر بە توانای پیرەمێرد و بە هەمەڕەنگیی کارەکانی، دواجار ناتوانین خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو هەمەڕەنگی و توانایە بکەین و دێین ناوێکی دەدەینە پاڵ کە پێمانوایە ئەمە پیرۆزترین ناوە بۆ پیرەمێرد کە بە (پیرەمێردی فەیلەسووف) ناوی بەرین. بەڵام پرسیاری ئێمە ڕەنگبێ ئەمە بێت: لەسەر چ بنەمایەکەوە پیرەمێرد فەیلەسووفە و بنەما فەلسەفییەکانی بیرکردنەوەی پیرەمێرد کامانەن؟. دەبێت پێش



هەموو شتێك پێناسەیەکی فەلسەفەمان لابێت بۆ ئەوەی بڵێین: بەپێی ئەم پێناسەیە پیرەمێرد فەیلەسووفێکی کوردە و بەوجۆرە..

کەواتە لەگەڵ ئەو ڕاڕایی و ترسەشدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، دەبێت هێشتا سوور بین لەسەر تێگەیشتن لە فەلسەفە و سوور بین لەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفی و سووریش بین لەسەر دامەزراندنی سیستەمێکی زاراوەیی فەلسەفیانە لەناو زمانیی کوردیدا. دوای هەموو ئەمانە بێین و سەرلەبەری کەلتووری فیکری خۆمان بخوێنینەوە و بتوانین لە ڕوانگەیەکی تەواو نوێوە بە ڕابردووی فیکریماندا ڕۆچین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە چ قۆناغێکدا، کام شاعیر و نووسەری ئێمە شەتەحات و فڕێدانی فەلسەفیانەی خۆی هەبووە. بێگومان دیاردەی لەمجۆرە دەبێت لە کەلتووری ئێمەشدا هەبێت، چونکە ئێمەش میللەتێکی زیندووین و کەلتوورێکمان هەیە لەناو کەلتوورە زیندووەکانی دیکەدا و بەشێك لە چالاکییە عەقڵییەکانی ئێمە بیرکردنەوە بووە و بیرکردنەوەمان کردووە بە داڕشتن و نووسین. بۆیە دۆزینەوەی سەرەتایەك بۆ مێژووی بیر لەناو کەلتووری ئێمەدا پڕۆژەیەکی شیاوە، بەڵام ئاسان نییە و تەنیا بە گەڕانەوە بۆ مێژوو و سەرلەنوێ ناونانەوەی شاعیر و نووسەرەکان ئەنجام نادرێت. بەوەی ئێمە شاعیرێ دەستنیشان بکەین و بڵێین: (مێژووی بیری کوردی) لێرەوە دەستپێدەکات، جگە لە هەڵەشەیەك هیچیترمان نەکردووە و لە زیانبەخشین بەو شاعیرە ئەنجامێکی دیکەمان نەداوە بەدەستەوە. بۆ نمونە لە بەرژەوەندیی مەلای جەزیریدا نییە بە فەیلەسووف لە قەڵەمی بدەین، وەك ئەوەی لە (ڤیستیڤاڵی جەزیری)دا لە دهۆك، ناوزەد کرا. ئەمەش لەبەر ئەوەی مێژووی شیعر دەکەوێتە پێش مێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفەوە و مرۆڤی شاعیر سەرجەمگیرترە لە مرۆڤی فەیلەسووف، شاعیرەکان هەستیارانەتر و هەمەڕەنگتر باسی ڕەشاییەکانی ناو مرۆڤ دەکەن، چونکە بەڕاستی مرۆڤ کائینێکی تاریکە و فەلسەفە هەوڵیداوە ئەم تاریکاییە بەهۆی ڕۆشنگەریی عەقڵانیانەوە بناسێنێت و پێناسەی بۆ بدۆزێتەوە، هەر بۆیەشە لەو کاتەدا کە ڕووناکایی بیری فەلسەفی بەر ئەو پانتاییە تاریکە کەوتووە، ئیدی تاریکاییەکە پەتراوە و لە ژێر زەبری ڕۆشنگەرایی عەقڵانیدا مەحوو بۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدا شیعر دەچێتە ناو ئەو تاریکاییەوە بەبێ ئەوەی بیڕاکێنێت و بیرەوێنێتەوە.. لە مێژووی ئێمەدا، شیعر ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە سەبارەت بە ڕۆشنکردنەوەی تاریکاییەکانی ئینسانی کورد، بۆیە پێموایە ناوبردنی مەلای جەزیری بە فەیلەسووف و

مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکانی وەك دەقی فەلسەفی، کارێکە پێچەوانەی ئیرادەی شاعیرەکەمانە و ناڵێم دابەزاندنە، بەڵام جۆرێکە لە ناحەقی. کەم نین ئەو فەیلەسووفانەی جیهان کە تەمەنێکی زۆری خۆیان سەرف کردووە بۆ تێگەیشتن لە شیعر و پەیامی شیعری. کەواتە ئاسۆی جیهانبینی شاعیر سەبارەت بە زۆر شت فراوانترە لە ئاسۆی تێڕامانی فەیلەسووفەکان.. کۆی قسەکانم ئەوەیە کە بڵێم: لەم ساتەوەختەی ئێستادا پەلە نەکەین لەوەی حوکم بەسەر ڕابردوودا بدەین و لە ڕوانگەیەکی مێژووییانەوە بگەینە ئەو بڕوایەی کە بڵێین: یەکەم فەیلەسووفی کورد، یان بیریاری کورد لە فلان سەدەدا، فلانکەس بووە و هتد! ئەمە هەستێکی ناسیۆنالیستانەی ڕووتە و لۆژیکی حەماسەت زاڵە بەسەریدا.. هەڵبەت من هەرگیز دژی ئەوە نیم مرۆڤ بە هەستێکی نەتەوەخوازانەوە ڕابردووی خۆی ناو بنێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئێمە لەسەر کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بێ هێزەوە، کە نەتوانین بەشێوەیەکی شیاوی سەلمێنراوی باوەڕپێکراو، بەرگرییان لێبکەین، ڕابردوویەك بۆ خۆمان دروستبکەین. ئەمە هەمان مەسەلەیە سەبارەت بە ژمارەی کورد دێتە ئاراوە و تەماشا دەکەین، بەپێی بارودۆخی حەماسی و دەروونی، ئەم ژمارەیە زیاتر و زیاتر دەکرێت، بەبێ ئەوەی بەڵگەی تەواوت هەبێت. هەر ئەوە بەس نییە تۆ بڵێیت: (دوژمنانی کورد ڕێژەی تەواوی کورد نادەن بەدەستەوە) و ئیدی تۆ بەئارەزووی خۆت ژمارە بڵێیت، حاڵەتێك کە لە ناو کوردەکانی هەندەراندا زۆر باوە و دەبینیت ڕۆژانە و ساڵانە ژمارەی کورد هەڵدەکشێت و موبالەغەی پێوە دەکرێت.. سبەی خەڵکێك پرسیار دەکات: تۆ لەسەر چ بنەمایەکەوە ئەم مێژووە بۆخۆت دروست دەکەیت و بەڵگەکانت چین و چۆن؟

لەبەرئەوە، بەش بەحاڵی خۆم حەز دەکەم لەقسەکردنمدا لەسەر کەلتوور و مێژووی نەتەوەکەم، بەجۆرێ بم کە مەبەست هەر ئەوە نەبێت ناوی جوان ببەخشمە پاڵ دیاردە مێژووییەکان، بەڵکو دەمەوێ بەجۆرێ قسان بکەم، کە بتوانم بە بەڵگەوە ئەو دیاردە مێژووییانە بکەمە دیاردەی هاوچەرخ. واتە بەوجۆرە بیانخوێنمەوە کە شایەنی ئەوەن بەشێوەیەکی عەقڵانیتر و مەنهەجیتر بخوێندرێنەوە و گفتوگۆیان لەگەڵ ساز بکرێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە هەموو مەنهەجیەتی مێژوویی لای ئێمە ئەوەیە، کە ئێمە ڕابردوو لە شێوەی کۆمەڵێك دەقی مردوو، یاخود لە شێوەی کۆمەڵێك بەڵگەنامەدا دەبینین. ئەرکی ئێمەش لەم بارودۆخەدا چی بووە؟ ئەرکی ئێمە ئەوە بووە کە ئەو



بەڵگەنامانە زیندوو بکەینەوە و لە چاپیان بدەینەوە و لە کتێبخانەکاندا دایانبنێینەوە.. من پێموایە، ئەمە بەشێکی کەمە لە ئەرکی ڕۆشنبیری و ئیشکردن لەناو کەلتووردا، بەشە هەرە گرنگەکەی ئەوەیە، کە تۆ چۆن ئەو ڕابردووە بەدەنگ بهێنی و قسەی لەگەڵدا بکەیت و بتوانیت ئاسۆی بیری ڕابردوو و ئاسۆی تێڕامانەکانی هەنووکە، پێکەوە هاوکاریی بکەن بۆ بەدیهێنانی دیدێکی ئایندەخوازانە لە پێناوی خوێندنەوەی کەلتوور و مێژوودا. بێگومان ئەو دیدەش وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا: پێویستە هەڵگری هەستیارییەکی ڕەخنەگرانە بێت. چونکە کاتێك تۆ بنەماکانی ڕەخنە پشتگوێ دەخەیت و کاتێك لە ئیشی فیکریدا واز دەهێنیت لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ڕابردووەکەی خۆت، ئەوە تواناشت نابێت ئەو کەلتوورەی لە ڕابردوودا هەتە و بۆت ماوەتەوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ بخوێنیتەوە کە بۆ ئێستات سوودی خۆی هەبێت و لە ئێستاشدا کارا و زیندوو بێت. بەڵکو تەنیا دێیت بە ئیمکانیەتی ئێستای چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و تەکنیك، سەرلەنوێ تەوسیقی دەکەیتەوە و دەینووسیتەوە و کۆیدەکەیتەوە، دەقەکان لەسەر پێستە و هەڵکەنراوی بەردەکانەوە دەهێنیتە سەر کاغەز و کتێب، بەڵام ناتوانیت بەدەنگیان بهێنیت و قسانیان لەگەڵدا بکەیت.. لە کاتێکدا سیحری ئیشکردن بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە، وەکئەوەی لە پێشاندا باسمکرد، ئەوەیە کە: ڕابردوو بهێنێتە دەنگ و لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا خاڵی جیاوازی و لێکچوون پیشان بدات. زیندوویی و کارایی کاری ئەکادیمی و زانستیی ڕاستەقینە لەوەدایە، (ڕووداوی فیکری) دروستبکات و شتە بیر لێنەکراوەکان بکاتە کێشە و ئیعتیبار بۆ دیاردە فەرامۆشکراوەکان بگێڕێتەوە..

بۆچی سانسۆر و پەیڤین لەسەر سانسۆر هەمیشە بابەتێکی زیندووی ناو ڕۆشنبیریی ئێمە بووە و ئامادەیی سانسۆر لە چیدایە؟. ئەمەیە ئەو پرسیارەی هەمیشە دەبێت چاوەڕوان بیت ئاراستەت بکرێ و گرنگیشە بە ڕاشکاوی وەڵامی بدەیتەوە.. لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر سانسۆر ئیشکالیەتی خۆی هەیە، بەڵام با بەشێوەیەکی سادە بڵێم، بەشێوەیەك خوێنەر لێمان تێبگات: من سێ جۆر سانسۆر لە یەکتر جیا ئەکەمەوە:

سانسۆرێکیان ئەوەیە کە لە پشتییەوە هێزێك هەیە و ئەم هێزە بازنەیەکی بۆ قسەکردن دەستنیشانکردووە کە نابێت تۆ لە هێڵی ئەم بازنەیە دەربچیت. ئەشێت بەڕەسمیی ڕاگەیەنرابێت کە سنووری قسەکردنی ئێمە تاکوێ دەڕوات و لە کوێدا بۆمان

نیە قسان بکەین، یاخود دەبێت لەم بوارەدا بەجۆرێکی تایبەت قسان بکەین. بۆ نمونە ئێمە ناتوانین بەهەموو شێوەیەك قسان لەسەر دۆخی زانست و دۆخی پەروەردە و دۆخی زانکۆ و حیزب بکەین، ئەگەر نەتوانین ئەو سنوورە ڕەچاو بکەین کە شێوازی قسەکردن لەسەر ئەم لایەنانەی تێدا بەیانکراوە. با ئەمجۆرە لە سانسۆر ناوبنێین: (سانسۆری فۆرماڵ). واتە سانسۆرێکی ڕەسمی کە لەلایەن هێزەوە ئاراستە دەکرێت و ئاستی جیاوازی توندوتیژیی خۆی هەیە و دوا پلەی توندوتیژی ئەمجۆرە سانسۆرەش بریتییە لە (سانسۆرکردنی ژیان) لە تاکەکان، بەهۆی بەندیخانەوە بێت یاخود دەسیسە و پیلان و کوشتنەوە. هەڵبەت ئەمجۆرە سانسۆرە تایبەت نییە بە هیچ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو یاخود بە جۆرێکی تایبەت لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگایەك. سانسۆری ڕەسمی لەهەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە، تەنانەت لە دیموکراسیترینی ئەو وڵاتانەی کە مافی قسەکردن و هەڵسوکەوتکردن، مافێکی ئاشکرا و ڕاگەیەنراوە. ڕەنگە ئەوەی وڵاتی ئێمە لەم جۆرە وڵاتانە جیادەکاتەوە، ئەوەبێت کە لێرە سانسۆر دەچێتە پلەیەکی توندوتیژیی زۆرەوە و ئاشکرایە و لە هەندێك وڵاتانی دیکەش ئەو توندوتیژییە بەهۆی تەکنیکەکانی دەسەڵاتەوە نەرمتر و داپۆشراوترە.

جۆرێکی دیکەی سانسۆر پەیوەندیی بە نەرێتەکان و یاساکانی کۆمەڵگاوە هەیە کە لەسەر خودی نوسەر و ڕۆشنبیران ڕەنگدەداتەوە. بەمانایەکی دیکە، نوسەران و ڕۆشنبیران لەلایەن نەرێتەکانی کۆمەڵگاوە سانسۆر دەکرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەرچەندێ ڕۆشنبیر یاساشکێن بێت، هێشتا ئەو نەرێت و یاسا کۆمەڵایەتیانە لەناو هزری ڕۆشنبیردا بیریان لێدەکرێتەوە و حسابیان بۆ دەکرێت و سنوورێك بۆ فەنتازیای ڕۆشنبیر دەستنیشان دەکەن. بەمانایەکی دیکە: وەك فەیلەسووفانی هێرمنوتیك دەڵێن: ئێمە هەموومان لەناو ئاسۆی بیرکردنەوەی سەردەمەکەی خۆماندا گیرمان خواردووە.

جۆری سێهەمی سانسۆر پەیوەندیی هەیە بە زمان و زمانی دەربڕینەوە. بۆ نمونە: وەختێك من بابەتێکم هەیە و دەمەوێت ئەو بابەتە لە ڕێی نوسینەوە بگەیەنم، بێگومان بابەتەکە بەر لەهەر شتێ بابەتێکە لە بیرکردنەوەی مندا، بەڵام من بۆ ئەوەی بمەوێ بیگەیەنم دەبێت بەرزی بکەمەوە بۆ سەر ئاستی دەربڕینی زمانی. واتە وەك نوسەرێك ناچارم پەنا ببەم بۆ یاساکانی نوسین و بابەتەکە لەناو هزر و فەنتازیای خۆمەوە دابگرمە سەر کاغەز. پێموایە ئەم داگرتنە گواستنەوەیەکی خاوێن و بێلایەن و بێ نیاز نییە و بۆ



هەموو تەعبیرکردنێك لە بیر و هزریش ڕووبەڕووی گرفتی جیدی دەبمەوە. هەڵبەت من لێرەدا قسە لەسەر ڕۆشنبیرێك دەکەم کە هزری خۆی بە جیدی گرتبێت و تەعبیرکردنیش وەك ئیشکالیەتێك تەماشا بکات. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: لەبەردەم فیکری شێلگیردا، هەمیشە هەردوو شێوەکەی زمان لە قەیراندایە. واتە هەم زمانی نەتەوەیی و هەم زمانی ژانرەکان. سەبارەت بەوەی یەکەمیان کە پەیوەندیی هەیە بە ئاستی گەشەی زمانی نەتەوەیی و یاساکانییەوە: بۆنمونە، زمانی کوردی ئاستێکی دیاریکراوی ئیشکردن و سنوورێکی تایبەتی هەیە بۆ تەعبیرکردن لە خەیاڵ و لە زانست و لە تێکەڵێك لە هەردووکیان. تۆ ئەگەر لە دەرەوەی بازنەی توانایی زمان بیرتکردەوە، بێگومان دووچاری قەیران دەبیت لە دەربڕیندا. لەلایەکی ترەوە: ئەگەر تۆ لە ئاستێکی تایبەتدا و لەبارەی بابەتێکی تایبەتەوە بیرتکردەوە و لە تواناتدا نەبوو زمانێکی تایبەت بەو بیرکردنەوەیە بخولقێنیت، ئەوە دیسانەوە ڕووبەڕووی گرفتی دەربڕین دەبیتەوە. دەشێت تۆ لە زمانی نەتەوەییدا شارەزاییەکی تەواوت هەبێت و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر یەکەی زمانیی بیت و وشەی هەموو دیالێکت و ناوچەکانی ئەو زمانە بزانیت، بەڵام ئەو بابەتەی کە بیرت لێکردۆتەوە پێویستی بە ژانرێکی (نوع) تایبەت هەبێت لە زماندا، کە لە زمانی نەتەوەییتدا هێشتا گەشەی نەکردبێت و بابەتگەلێکی تێدا نەخرابێتە ڕوو.

کێشەی هەرە سەرەکیی سەبارەت بە جۆرەکانی سانسۆر لەوەدا نییە کە چۆن سانسۆر بسڕینەوە؟ بەڵکو لەوەدایە کە هەر سێ شێوەکەی سانسۆر پێکەوە لە ئارادا بێتن. مەترسیی سانسۆر لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەوەدایە کە ئێمە خاوەنی سیاسەتێکین تاسەر ئێسقان بڕوای بە ئاستەکانی سانسۆر هەیە، خاوەنی کۆمەڵگایەکین پڕە لە نەرێت و یاسای کۆمەڵایەتی توندڕەو، هەروەها خاوەنی زمانێکی نەتەوەیین کە لەهەموو بوارێکی دەربڕیندا خۆی ئەزموون نەکردووە. لێرەشەوە ڕۆشنبیر دەبێت لەیەك کاتدا بۆ کڕینەوەی ئازادیی خۆی، سێ جەنگی گەورە بەرپا بکات: یەکەم لە دژی هێزە سانسۆرخوازەکان و سانسۆری ڕەسمی، دووەم لە دژی نەرێت و یاسا کۆمەڵایەتییە زیانبەخشەکان و سێهەمیش لە دژی سنوورەکانی زمان خۆی.

(*) گۆڤاری بیاڤ، ژمارە: ٦ی هاوینی ٢٠٠١

## نەوەی هەستیاریی، نەوەی ڕەخنە[*]

**گەلێ** جار مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕیارەی کە ئیدی دەبێت خۆی بکوژێت و بە مەرگی خۆی سنوورێك بۆ ئەو ژیانە پڕ لە دەردەسەریە دابنێت کە بەزۆر و بە بێ ئیرادەی خۆی، ئەوی فڕێدراوەتە ناو. هەستیاریی مرۆڤ و ئاگایی ئەو بەرامبەر بەو هەموو دیاردە و شتە خراپانەی کە لە واقیعی ژیاندا ئامادەن و بێدەسەلاتی خۆی لەئاست گۆڕین و لەناوبردنیاندا، دەیگەننە ئەو بڕوایەی کە تەنیا چارەسەرێك ئەوەیە کە خۆی بکوژێت. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لە قۆناغێکی ژیاندا سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ وزەیەکی زۆری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی ژیانی هەستیارترە. لەبەر ئەوەی لەناو کەلتووری ئێمەدا زوو گەنجێتی دەمرێت و مرۆڤ خێرا پیر دەکرێت، ئەم دیاردەیە، واتە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، تاکو قۆناغی زانکۆ و خوێندنی باڵاش درێژەی هەیە. لەم ماوەیەدا مرۆڤ حەزێکی زۆری هەیە بۆ گۆڕینی هەموو ئەو شتانەی بەدڵی ئەو نین و جێگرتنەوەیان بەو شتانەی خۆی حەزیان پێدەکات: کەم کەس هەیە لە ئێمە لە پەیوەندیەکانی خێزان، بارودۆخی ژیانی خۆی وەك قوتابییەك، سیستەمی خوێندن و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕازیی بێت و نەیەوێت بە چاوتروکاندنێك لەم بارەوە بیانگۆڕێت بۆ ئەو بار. ئەو پرسیارەی لەم کاتانەدا بەناو دالانەکانی هزری مرۆڤدا دێت و دەچێ ئەمەیە: باشە کاتێك من نەتوانم بەوجۆرە بژیم کە بۆخۆم دەمەوێت و لەناو ئەو خێزان و کۆمەڵگا و زانکۆ و نیشتیمانەدا کە تیایدا دەژیم، نەتوانم ئازاد و خاوەن بڕیار و بەشدار بم، ئیدی کەڵکی من چییە و بۆچی بهێڵم ئاوا بەبەر چاومەوە شتەکان بشێوێنرێن؟

ڕێك ئالێرەدایە کە مرۆڤ بیر لە مەرگی خۆی دەکاتەوە، چونکە ئیدی پێیوایە مردنێکی یەکجارەکی و گەڕانەوە بۆ زووڵمەتی ژێر خاك، خۆشترە لە ژیانێکی بێنرخ و مەرگێکی هەمیشەیی بەبەرچاوی خۆرەوە. لێرەشەوە نامەکانمان پڕ دەبن لە تەعبیری ڕەشبینانە و یەکەمین دڵدارێمان دەبێتە هەڵڕشتنی ئاخ و ئۆف و زووخاو بۆ



بەرامبەرەکەمان و لە شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانماندا نیشتیمان دەبێتە دۆزەخ و وڵاتیش دەبێتە زیندانێکی گەورە و هتد.

بەڵام وەرە با ئێستا بۆ تاوێك دەست لە فیکرەی خۆکوشتن هەڵگرین و بەجۆرێکی دیکە بڕوانینەوە ئەم هەستیارییەی خۆمان و بپرسین بۆچی ئێمە ئاوا بیر دەکەینەوە؟ ئەی خودا، من بۆچی هێندە لە ژیان بێزارم و ئایا ناتوانم وەکو مرۆڤێکی بێخەم، وەکو هەر حەیوانێکیتر بژیم و دەرسی خۆم بخوێنم و دڵداری خۆم بکەم و لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا پانتاییەکی کامەرانی و دڵخۆشیی بدۆزمەوە؟

هەستیاریی، یەکەمین بەڵگەی ژیاندۆستی و عەشقی ئێمەیە بۆ ژیانێکی بەهادار. هەرئەوەی کە هەست دەکەین و ئاگاین بەرامبەر بەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژین، بۆخۆی بەڵگەی زیندوویی و ئیرادەی مرۆڤانەی ئێمەیە. مرۆڤبوونی ئێمە بە پلەی یەکەم لە هەستیاریی ئێمەدایە بەرامبەر بەو واقیع و کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژین، نەك لەوەدا کە دوو دەست و دوو لاق و دوو چاو و دوو گوێ و دەمێکمان هەبێت. دەمەوێ بڵێم: ئێمە هەموومان لەڕووی بایۆلۆژییەوە وەك مرۆڤ لەدایك دەبین، هەروەکو چۆن هەموو بزن و مارمێلکەکان لە ڕووی بایۆلۆژییەوە دەچنەوە سەر ڕەگەزی بزن و مارمێلکە. بەڵام جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەوان لەوەدایە، کە دەبێت ئێمە جەستەی خۆمان لە ئینسانیەت بئاخنین و پڕی بکەین، لەکاتێکدا بزن و مارمێلکەکان هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە و حەیوانیەتی ئەوان شتێکە پێوەی لەدایك دەبن و گۆڕانی بەسەردا نایەت.

لێرەوە هەستیاریی من یاریدەم دەدات، کە هەمیشە بواری خۆجیاکردنەوەم لە حەیواناتەکانی دیکە هەبێت و ئاگابم بەوەی کە: دەژیم و هەستدەکەم و شعوورم بە ژیان هەیە. هەستکردن هەڵوێستی ئەو مرۆڤانەیە لە ئاست ژیاندا، کە دەیانەوێت ناسنامەیەکی مرۆڤانەیان هەبێت و خۆیان لەو بوونەوەرانەی دیکە جیابکەنەوە کە بێناسنامە و بەبێ هەستیاری بەرامبەر ماهیەتی خۆیان، دەژین. لەناو ئەو بوونەوەرانەی دیکەدا، کە شوێنێکیان لە ناو پانتایی ژیاندا داگیرکردووە و تەنیا بە شێوە مرۆڤن، (واتە دوو دەست و قاچ و چاویان هەیە، بەڵام هەستیارییان نییە و

نایانەوێ بەرامبەر بە ژیان هەڵوێستێکی ئینسانیانە وەربگرن) دیکتاتۆر و جەللادەکان لە ڕیزی هەرە پێشەوەن.

لەبەر ئەوە کاتێك ئێمە لەم قۆناغەی تەمەنماندا هێندە هەستیار و خەمخۆرین، ئەمە هەر تەنیا نیشانەی ئەوە نیە کە ئێمە هیچ بەهایەکمان نیە و لە کۆمەڵگادا هیچ نرخێکمان نەماوە و دەبێت بە زووترین کات بڕۆین بۆ هەندەران یاخود، ناوی خوای لێبهێنین و خۆمان بکوژین.. بەڵکو ئەم هەستیاری و دڵگەرمییەی ئێمە، لەلایەکەوە: نیشانەی ئامادەیی و زیندوویی ئێمەیە لەناوجەرگەی ژیاندا و نیشانەی نارازیی بوونمانە لەو واقیعەی تیایدا دەژین و لێرەشەوە خۆمان جیا دەکەینەوە لە حەیواناتەکانی تر کە بەبێ ئاگایی دەژین. لەولای تریشەوە: ئەم ناڕەزایی و هەستیارییەی ئێمە جیاماندەکاتەوە لە کەسانێك، کەتەنیا بەشێوە مرۆڤن و لە مرۆڤایەتی بەتاڵن، واتە ئێمە نامانەوێت خاوەنی ڕۆحییەتێکی دیکتاتۆرانە و خەسلەتگەلێکی جەللادانە بین، چونکە ماهیەتی بوونی ئێمە دەبێت ((بوونێکی ئینسانیانە)) بێت لەناو ژیاندا، لەکاتێکدا کە جەللاد و دیکتاتۆرەکان دەیانەوێت هەموو ئینسانیەتێك لە ئینساندا بکوژن و ژیان بێمانا و پووچ بکەن.

***

ئەگەر ئەو قسانەی پێشوو بایەخێکیان بۆتۆ هەبێت، ئەوە بێگومان تێدەگەیت کە بۆچی من دوای چەندین ساڵ لە هەندەران ژیان و بێدەسەڵاتیم لەئاست گۆڕینی ئەو واقیعەدا کە بەدەستیەوە ئازارم دەچێشت و بیرۆکەی خۆکوشتنی لە سەرمدا دەچاند، ئێستا لەناو واقیعی خۆمدا (کە دیسانەوە دەمەوێت بیگۆڕم و هیچ سیستەمێکیم بەدڵ نیە)، هەست بەجۆرێ لە بەختیاری و دڵخۆشیی دەکەم. ڕەنگە بەشێکی ئەم دڵخۆشییەی من بگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و ئیرادەی تایبەتیی خۆم، بەڵام بەشێکی هەرە زۆری پەیوەندیی بە تۆوە هەیە کە نەوەیەکیت تاسەر ئێسقان هەستیار و بە شعووریت.

بەختیارییەکەی من لەوەوە هاتووە، کە من گەڕاومەتەوە ناو نەوەیەکی پەراوێزکراو، بێدەسەڵات و تاراددەیەکی زۆریش کۆنترۆڵکراو، بەڵام بەبێ ئەوەی هەستیاریی خۆی بەرامبەر بە ژیان و واقیع لەدەست دابێت. بەمانایەکی تر: تۆ



ناهێڵێت ڕۆحییەتێکی کۆنەخوازانە لە مندا دروست ببێت، کە نەیەوێت هیچ گۆڕانێك ڕووبدات، بەڵکو بەو هەستیارییەی خۆت و بەوەی کە بەردەوام ناڕەزایی و ڕەخنە دەردەبڕیت، ناچارم دەکەیت منیش لەیەك چوارچێوەدا نەمێنمەوە و بەردەوامبم لە تەحقیقکردنی ئینسانیەتی خۆمدا. چونکە بەڕاستیی من واهەستناکەم مرۆڤ بەوەی ساڵانێکی زۆر لە هەندەران مابێتەوە و بەڵگەنامەیەکی بەرزی هێنابێتەوە و ئێستاش کار و پلەیەکی ئیداری پێدرابێت، ئیتر ئینسانیەتی خۆی تەحقیقکردووە. ئینسانیەت شتێکە دەبێت بەردەوام لە هەوڵی تەحقیقکردنیدا بین و ڕنجی بۆ بکێشین و لەپێناویدا تووشی ئازار و لێپرسینەوە ببین.

بۆیە من لەلای خۆمەوە، هەموو گلەیی و ناڕەزاییەکی تۆ لە ئاست واقیع و شوێنگەی خۆتدا وەك قوتابییەك، بەوە لێکدەدەمەوە کە تۆ هێشتا بەردەوامیت لەسەر ئەوەی کە دەبێت ژیانێکی ئینسانیانە و پڕ نرخ بژیت، نەك ژیانێکی ملکەچ و زەلیلانە. هەر لەبەرئەوەش، کەی تۆ دەستت لە ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی دەربڕین لەئاست ئەم واقیعەدا، هەڵگرت“ من واهەستدەکەم هەستیاریی خۆتت لەدەست داوە و ئیدی ناتوانیت هەڵوێستت لەئاست ژیاندا هەبێت و خەونی دیکتاتۆر و جەللادەکان دەهێنیتە دی و بەڕاستییش بیر لە شێوازێك لە شێوازەکانی خۆکوشتن دەکەیتەوە.

نامەوێت هیچ وادەیەکت پێبدەم و بڵێم: چاوەڕێبە هاوڕێ، خۆشبەختی ئەوەتا بەڕێوە.. نامەوێت گیرفانەکانت پڕکەم لە نوقڵ و تکات لێبکەم بەرنامەکانت تێکبدەیتەوە و دەست لە پلانەکانت هەڵبگریت.. هێندە هەیە دەمەوێت بەبیرت بهێنمەوە کە ژیانی ئینسانیانە بەدوور نیە لە کێشە و ململانێ و ئازار چەشتن. ((بوون بە ئینسان)) شتێك نییە ئێمە لەگەڵ لەدایکبووناندا وەرمانگرتبێت و ئیتر تەواو.. بوون بەئینسان هەڵوێستی بەردەوامە لە ژیان و مانەوەیە لەناو ژیاندا و لەگەڵ مرۆڤەکانی تر.. ئینسانیەت ساتەوەختێکە لەنێوان گریان و پێکەنیندا، لە نێوان ئومێد و نائومێدیدا، لەنێوان من و تۆی پڕ لە هەستیاریدا، چونکە هەستیاریی تاکە سنوورێکە من لە مەرگ و تۆ لە جەللاد جیا دەکاتەوە..

**٢٠٠١/٤/١٥**

(*) ئەم وتارە سەرەتا نامەیەك بوو بۆ خانمەهاوڕێیەکم نووسی و پاشانیش بەکەمێ دەستکارییەوە لە بڵاوۆکی (ئاڤێستا)دا، بڵاوکرایەوە.

## لاوەکان و کۆمەڵگا

(هەڤپەیڤینی: زیاد کەریم)[*]

*** بارودۆخی لاوەکان بەگشتیی چۆن دەبینیت؟**

- لە ڕاستیدا چەمکی لاو لە کەلتووری ئێمەدا، یاخود بابڵێین تێگەیشتنی کەلتووریی ئێمە بۆ چەمکی لاو و ماناکانی، هەردەم بە تەم و مژێك دەورە گیراوە. لەناو کەلتووری ئێمەدا، کاتێك دەڵێی لاوەکان یاخود گەنجەکان، واتە ئاماژە بۆ کائینێك دەکەیت کە ئەزموونی کەمە و کەم عەقڵتریشە لەوانەی ئەزموونێکی دەوڵەمەندتریان هەیە. هەروەها ئەم کائینە کەسێکی سەرەڕۆیە و لەچوارچێوەی ئەو داب و دەستوورە کۆمەڵایەتیانە لای داوە، کە ئێستا بەلای زۆربەمانەوە پەسەندن و ماقووڵن. کەواتە ئەو هەمیشە لە پەراوێزی ئەو یاسایانەدا دەژی و هەڵسوکەوت دەکا، کە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و لێرەشەوە ژیانی ئەو ژیانێکە بەیاسا و خواستەکانی خۆیەوە و جیاوازترە لە ژیانی ئاسایی. ئەمە سەرەتاییترین ڕاستییە سەبارەت بە شوێنگەی لاوەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا. هەڵبەت سەرەڕۆیی وەك خەسڵەتێکی نەگۆڕی لاوەکان مەرج نیە هەردەم لەدژی نۆرمە باوەکانی کۆمەڵ بێت و ناکۆك بێت بە یاساکانی. بۆ نمونە کەلتووری ئێمە لە هەشتاکاندا کەلتوورێك بوو هانی جۆرێك لە سەرەڕۆیی دەدا بەرامبەر بە کەلتوورێکی فەرزکراو کە هی بەعس بوو. بەڵام لە نەوەدەکان و سەدەی نوێدا هەموو جۆرە سەرپێچی و دەرچوونێك لەو یاسا کەلتوریانەی بۆمان داندراون و چاوەڕێدەکرێ لاوەکان پەیڕەویان بکەن، بەجۆرێ لە یاخیگەری و خیانەت و سەرپێچیکردنی خراپ لەقەڵەم دەدرێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین: چەمکی لاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەمکێکی جێگیر نیە و هەمیشەش مانایەکی باش یان خراپی نیە. بەمجۆرەش لاو وەك ئەوەی کە هەیە پەسند ناکرێ و هەمیشە ئامادەیە بۆ ئەوەی تۆمەتی بچێتە پاڵ و بە کەمتەرخەم ناوزەد بکرێ،



چونکە کۆمەڵگا بەردەوام لە تاقیکردنەوەی لاوەکاندا پرسیاری وەهایان بۆ دەهێنێتەوە کە هەر لەبنەماوە وەڵامیان نیە و تیایدا دەرناچن!

کێشەیەکی دیکەی کەلتووریی ئێمە ئەوەیە، ئەوەندەی حیساب بۆ تاڵەمووی سپی و قسەی گەورە گەورەی ناو مەجلیس و ئەم جۆرە شتانە دەکرێ، بەڕاستی ئەوەندە حیساب بۆ عەقڵییەت و بۆ توانا زاتیەکانی مرۆڤ ناکرێ، ئەوەش بە مانای ئەوەیە تۆ دەشێ لاو بیت، بەڵام خاوەنی عەقڵێکی بیناکار بیت و بەسوود بی بۆ کۆمەڵگاکەت وەلێ لەبەر ئەوەی ئەو سیفەتە رووکەش و شکڵیانەت تێدا نین کە باسکران، ئەوە وەك فەردێکی سەربەخۆی کۆمەڵگا پەسند ناکرێیت و کۆمەڵگا فڕێت دەداتە کەنارەکانی خۆیەوە و ناسنامەیەکی بێزراوت بۆ دادەتاشێت. لێرەشەوە تەماشا دەکەین رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە دەبیتەوە و عەقڵی تۆ، تواناکانی تۆ، فەنتازیاکانی تۆ و خەیاڵەکانی تۆ بەکار نا هێنرێ، یاخود بڵێین بە پەراوێز دەکرێن. بێگومان هەرکاتێکیش تاکەکەس نەیتوانی عەقڵ و فەنتازیا و تواناکانی بخاتە کار ئەوە ناشتوانێت پەیوەندییەکی تەندروست بە کۆمەڵگاکەیەوە بکاتەوە و ببێتە وزەیەك بۆ تازەبوونەوەی خەونەکانی کۆمەڵگاش. ڕەنگە ئەوە گەورەترین کێشەی لاوان بێ کە باسمکردن: یەکەم ئەو پێناسەیەی ئێمە داومانە بەلاو و گومانی لە سەرە، چونکە کەلتوور بەجۆرێك تەعریفی دەکا و لاوان بە جۆرێك بەرجەستەی دەکەن. دووەم ئەوەیە کە ئێمە لاوبوون تەنیا دەبەستینەوە بە لایەنی ڕواڵەتی گەنجەکانەوە نەك بە لایەنی عەقڵییانەوە. ئێستا ئێمە نەوەیەك لە گەنجانمان هەیە ئەشێ سەریان سپی نەبووبێ بەڵام ئەزموونی ژیانی چڕی ئەم وڵاتە وریای کردبنەوە و مرۆڤی دانای لێ وەبەرهێنابن. بێگومانم کە هەر واشە و لێرەوە ئەم (پارادایم)ـە یان با بڵێین ئەم ناکۆکییە پێچەوانەییە لە تێگەیشتماندا روودەداو لە هەڵسوکەوتیشماندا لەگەڵ لاوەکان ڕەنگدەداتەوە و ئەمەش ئەوان ئازار دەدات. لەبەر ئەمە من دۆخی لاوەکانمان بە باش نابینم.

*** کاك ڕێبوار، دوای ئەوەی باست لەوە کرد کە چەمکی لاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەمکێکە گومانی لەسەرە، کلتور بە نەوعێك تەعریفی دەکا و لاوان بە نەوعێك بەرجەستەی دەکەن.. لاوان گڕوتینی شۆڕش و سەرهەڵدانەکان بوون، کەچی**

**ئێستا له تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەست دەکرێ ئەو گروتینە بەشێوەی جاران نەماوە. رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گومانمان هەیە بەرامبەر بە چەمکی لاو هەر وەك خۆت باست کرد، هوکارەکەی چییە ئایا سست بوونی خودی خۆیانە یاخود لە لایەن دەسەڵاتەوە خراونەتە پەراوێزەوە؟**

– تۆ مەبەستت ئەوەیە کە گروتینی شۆڕش دەبەستیتەوە بڵێین بە ئەو سیستەمە سیاسییەی کە لەلای ئێمە بە حیزب ناو بانگی دەرکردووە. من ئەوە دەبەستمەوە بە پرۆسەیەکی مێژووییەوە کە کۆمەڵگای ئێمەی پێدا تێپەڕیوە: لە کاتێکدا حیزب خۆی گەنج بووە زۆر سروشتیە کە ببێت بە شوێن تیبنی گەنجەکان، یان گەنجەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە و ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئەوەی گەنجەکانی ئەوسای ئێمە بووە چونکە توانیویانە لەو ڕێگەیەوە بەشێکی گرنگ لە ناسنامەی خۆیان دروستبکەن. لە ڕاستیدا هەریەکێك لەم حیزبە کوردییانەی دەیانبینیت ڕۆژگارێ پێوستیی بەوە نەبووە کە سەرنجی گەنجەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، چونکە خۆیان هەڵگریی خواست و ئیرادەی گەنجانە بوون و جگە لە ئەرکی سیاسییان ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشیان جێبەجێدەکرد. وەلێ ئێستا ئێمە لە کاتێکدا دەژین کە حیزبی کوردی پیر دەبێ و پیر بووە، لێرەشدا خواستەکانی لە خواستی گەنجەکانی ئێستا دوور دەکەوێتەوە و دەبێت خوێنی خۆی بکا بە ئاو تا سەرنجی گەنجەکانی هەنووکە و نەوەی نوێ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. شەڕی ناوخۆیی و بە حیزبیکردنی کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوە لە خەڵك و بیرۆکراتیەتی ئیداری و جەختکردنەوە لەسەر هێز، نەك دەسەڵات، سەرنجی نەوەی نوێ ڕاناکێشن، چونکە هەموو ئەم خەسڵەتانە کە خەسڵەتی دیاری بەشێکی زۆری حیزبە کوردییەکانن زەرەر بە گەنجی وڵاتی ئێمە و پرۆژەکانیان دەگەیەنن.

حاڵەتی سێیەمیش ئەوەیە کە حیزب پەیمانەکانی خۆی ناباتە سەر بەرامبەر بە گەنجەکان، وەعدە ئایدۆلۆژیەکانی، وەعدە فکریەکانی، ئەو یۆتۆپیایانەی خەڵقی کردبوون، کە هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی گەنجێتی حیزب و توانیبووی بە هۆیانەوە هەموو لاوەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، سەیر دەکەی لە ماوەیەکا، کە حیزب پیر و پەککەوتە دەبێ ئیتر واز لەو خەونانەش دەهێنێ و واز لەو یۆتۆپیایەش دەهێنێ کە پێشتر بانگەشەی بۆ کردبوون و ببووە هۆی خڕبوونەوەی گەنجەکان لە



دەوری خۆی. کێشەی سەرەکیی لەوەدایە کە حیزب ئیدی پیر بووە و لاوەکان بەردەوامن لە شەپۆلدان و نەوە دوای نەوە دێن. لە کاتێکدا حیزب لە شوێنی خۆی دەوەستێ و خەونێکی نەماوە، خەونی لاوان بەردەوامن لەوەی کە دەبێ وەدی بهێنرێن. لێرەدا تەماشا دەکەین ئەو ساربوونەوەیەی ڕوودەدا، ساربوونەوەکە یەك لایەنی نییە، ئەوەنییە ئێمە بڵێین: لاوەکان توانا و وزەی شۆڕشگێریەتیان نەماوە. ئەوەش نییە بڵێین حزب توانیویەتی خەونی لاوەکان بێنێتە دی. لەهەردوو حاڵەتەکەدا توشی ئیشکالیەت بووین: حیزب پیر بووە وە ناتوانێ ئیتر خەونی لاوەکان بێنێتە دی وە ناتوانێ یۆتۆپیاکانی خۆی، ئامانجەکانی خۆی و خواستەکانی خۆی تازەبکاتەوە، لێرەوە دەکەوێتە بەردەم ئەوەی ئەی چۆن خواستی لاوەکان بێنێتە دی!

ئێمە دەزانین خواستی لاوەکان بە پێی تەمەنیان، بە پێی ئیمکانیەتی بایۆلۆژییان، بەردەوام لە خۆتازەکردنەوە دایە، بەردەوام خەونی تازە دەبینن و وزەیان تازە دەکەنەوە، لە کاتێکدا حزب هیچ خەونێکی نەماوە وەدی نەهێنابێت. ئەمەش ئەو ئیشکالیەتە گەورەیەیە کە کۆمەڵگای ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنێ. لەو حاڵەتەشدا من هیچ حیزبێك ڕیزپەڕ ناکەم، چونکە بەراستی هەست دەکەم حیزبەکانی ئێمە لە قۆناغی پیریی خۆیاندا دەژین کە ئەمەش زۆر سروشتییە و جێی توانج و تەشەر نییە و تەنیا دەستنیشانکردنێکی سۆسیۆلۆژیانەیە. هێندە هەیە بۆ ئەوەی ئەم قۆناغەش لەگەڵ خواستی لاوەکان تەبا بێت، ئەبێ تۆ خەونەکانی حیزب تازە بکەیتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خەونەکانی گەنجەکاندا تەبابێتەوە و ئەم دوو خەونە بتوانن پێکەوە خەونێکی گەورە تر بەدەست بێنن کە خەونی نەتەوەیە. ئەگەر سیاسەت بەردەوام خەون نەبینێت، وە گەنجەکان بەردەوام خەون ببینن بێگومان لێرەوە جۆرێ لە هەڵکەندن و جۆرێ لە دابڕان و لە یەکتر دوور کەوتنەوە سەر هەڵدەدا. دەتوانم بڵێم ئەوەش یەکێکە لە هاندەرەکانی مەسەلەی کۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات، نەك یەکێك بێ لە ئەنجامەکانی.. ئەم دابڕانە، لە نێوان خەونەکانی حیزب، یاخود بێ خەونیی حیزب لەگەڵ بەردەوامیی لاوەکان لە خەو ببینن، کە چیدی لەم وڵاتەیا نایەنە دی...

*** کاك ڕێبوار، تۆ بێت وایە حیزب لە خزمەت لاودا بێ یان لاو لە خزمەتی حیزب دا؟**

- من پێم وایە لە فەترەیەکدا کە هەم حزب لاوێتی خۆی تێدەپەرێنێ و لە فەترەی تەمەنی گەنجێتی خۆی دایە، و هەم نەوەیەکت هەیە بە ناوی نەوەی لاوانی کورد، ئەم دوانە پێکەوە هاوکاری دەکەن. مێژووی حیزبەکانی ئێمە چییە ئەگەر لەهەمان کاتدا مێژووی هەوڵدان و چالاکیی و تێکۆشانی نەوە لە دوای نەوەی لاوانی ئێمەش نەبێت.

دەمەوێت بڵێم ئێستا هەر سەرنجێکمان لەسەر ئەم حیزبانە هەبێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە هەموویان لەگەنجیەتییەکەوە دەستیان پێکردووە، هەموویان لەسەرەتاوە خەونی گەنجانەیان بینیوە بەڵام دواجار تەماشا دەکەین، حیزب خۆی وەك دامەزراوێك ئیتر ناتوانی خەون بینێ، لە قوناغێدا دەوەستێ، وە ئیتر ڕێگە نادا بە لاوەکان تا سەکۆی حیزب بکەنە شوێنی خۆ پێگەیاندنی خۆیان و ئیتر لێرەوە کۆمەڵێ میکانیزم سەرهەڵدەدەن کە دەبنە ڕێگر لە بەردەمی بەردەوامیی ئەم پەیوەندییە،واتە پەیوەندیی نێوان لاوەکان و حیزبەکان..

*** کەواتە ئەو گوڕوتینەی کەپێشتر لاوان هەیان بوو نایان مێنی؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەو گوڕوتینە نامێنێ، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو تەماهیکردنەی کە لە گەنجییەتی حیزبدا دروست دەبێ، دەتوانێ گەنجیەتی لاوەکانیش بەلای خۆیدا رابکێشێ، پەیوەندی بەوەوە هەیە کەئەم دوانە دەتوانن شفرەی یەکتر بخوێننەوە و خەونامە بۆ یەکتر بگرنەوە. لێرەدا دەتوانین خاڵی هاوبەش لە نێوان خەونی حیزب و خەونی گەنجەکانا بدۆزینەوە و سنوری نێوان خەونی حیزب و لاوەکان سنورێکی شەففافە، سنورێکە ئەتوانی لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا جۆرێ لە تێکەڵبوون ببینی، بەڵام لەوەختێکدا کە حیزب پیر دەبێ و لاوەکان بەلاوی دەمێننەوە، یان بابڵێین نەوە لە دوای نەوە خۆیان دووبارە دەکەنەوە و بەردەوام خەونی تازە دەبینن و ئیتر حیزب خەون نابینێ، یا خود ناتوانی ئیتر خەونەکانی خۆی تازە بکاتەوە، یاخود دەچێتە قوناغی بێ خەونیەوە، کە ئەمەش مەترسیدارترین قۆناغە کە حیزب تێی بکەوێ..

ئالێرەدا ئەم سنورە شەففافەی نێوان حیزب و لاوەکان، کە ئەتوانم بڵێم لاوەکان داینەمۆی حیزبن، دەبێتە سنورێکی بنەبڕ، دەبێتە شورایەك کە نەحیزب دەتوانێ



لاوەکان بینێ، وەك ئەوەی کە هەن و سودیان لێوەربگرێ، وە نە لاوەکان لە حیزب نزیك دەکەونەوە وەك ئەوەی کە پێویستە و بەردەوام حیزب لە ڕێی لاوەکانەوە، بەهۆی چالاکی و ئیعتیماد دانەوە بە چینی لاو لەوڵاتی ئێمەدا، خۆشی تازە بکاتەوە. مەسەلە ئەوە نییە حیزب هەر دەرگا بکاتەوە بۆ ئەوەی دەری بجات چەند دیموکراسیە، بەلکو ئەوە پێویستییەکی حەیاتیی خۆیەتی بە لاوەکان بۆ ئەوەی خۆی تازە ببێتەوە دەبێ توانا تازەکانیش بچنە ناو حزبەوە، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە خەونەکانی حیزب جارێکی دیکە دوبارە دەبنەوە و حیزب ڕەنگ و بۆی سەردەمی ئێستا دەگرێت، واتە ڕەنگ و بۆیەك کە لاوەکانی ئێستا پێیدەبەخشن و پەیوەندیی نییە بە بڕیاری حیزبەوە بۆ نوێبوونەوەی خۆی.. بەڵام کاتێك ئەو شورایە لە نێواندا دروست دەبێ، بیگومان ئیتر ئەو خەونانە لە یەکتر دوور دەکەونەوە و حیزب بەشتێکەوە و لە زەمەنێکدا و لاوەکان بە شتگەلی تر و لە زەمەنی تردا خەون دەبینین و ئەو گڕوتینەی هەیانبوو هێدی هێدی کاڵ دەبێتەوە و بەشێوەی تر ئاراستە دەبێت.

*** شەڕی نیوخۆیی ڕەوشی حیزبایەتی تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ئارادایە و ئەمەش چەندە کاریگەر بووە لەسەر کۆچکردنی لاوەکان؟**

- یەکێ لەو پێناسانەی کە ئەشێ بۆ لاوی بکەین، ئەوەیە کە دەڵێت: لاو کائینێکە بە سرووشتی خۆی مرۆڤێکی ژیاندۆستە و لەناخەوە حەزی لە تاقیکردنەوەی سیحرە هەمەڕەنگەکانی ژیان هەیە. حەزی لە چێژبینین، حەزی لە خۆ تەسلیمکردن بە لەززەت و بە عەشق و خۆشەویستی هەیە. ئەمە یەکێکە لە سەرەتاییترین ئەو پێناسانەی کە دەشێت ئێمە بۆ ئینسان بە گشتیی و بۆ چینی لاوان بەتایبەتی بیکەین. لە کاتێکیشدا شەڕ بەپێی سرووشتی خۆی لە دژی هەموو ئەم مەبدەئانەیە، لە دژی هەموو ئەم دەسکەوتە کەلتووری و ئینسانیانەیە، ئەوە زۆر ئاساییە ئەنجامەکە بەوە بێتەوە، کە شەڕ بەگشتی لە دژی ژیاندۆستیی لاوەکان بکەوێتەوە. دەڵێم: شەڕ بەگشتی نەك شەڕی ناوخۆیی بەتەنیا، چونکە ئێمە لە فەترەی ئەو بیست ساڵەی دواییدا هەر شەڕی ناوخۆیمان تەی نەکردووە. نەوەی ئێمە جگە لە شەڕی گەورەی نێوان وڵاتان کە ئێمە بووین بە سووتەمەنیەك تیایاندا، شەڕی ناخۆیی

و دواجار شەڕە تەقلیدیەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی کە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا زیندوو کرانەوە، لەسەر جەستە و ڕۆحی خۆی بینی و ئەزموونیکردن.. دەمەوێت بڵێم: ئەو بێ ئومێدیەی لاوان لە ئێستای کۆمەڵگاکەی خۆیان و نەبوونی پێناسەیەك، یان نەگەیشتن بە ئەنجامێك کە پێمان بڵێ لاوەکان بۆچی لەم وڵاتە دەڕۆن، ڕەنگە ئەنجامی هەموو ئەو شەڕانە پێکەوە بێت.

لێرەوە لاوەکان بەدوای پێناسە ئەساسیەکەی خویاندا دەگەڕێن، ئەوەی لەگەڵ سرووشتی خۆیاندا ئەگونجێ. ئەو پێناسەیەش هیچ نییە جەگە لەوەی کە ئەوان لە شوێنێکی دیکە بەدوای ژیانا دەگەڕێن و لەم واقیعە هەڵدەگەڕێنەوە دوای ئەوەی کە تیایدا ڕیسوا و نامۆ بوون..! من بەهیچ جۆرێك بڕوام بەوە نییە، کە لاوەکانی ئێمە تەنیا جوگرافیا دەگۆڕنەوە، کوردستان دەگۆڕنەوە بە وڵاتێکی تر، سنورێك دەگۆڕنەوە بە سنورێکی تر.. بە پێچەوانەوە زۆرن ئەو لاوانەی کە لەژیانێکی ئامادە و حازر و بێ کەم و کورتییەوە هەڵدەستن دەڕۆن بۆ وڵاتێکی دیکە، سەفەرێك تەی دەکەن، کە هیچ نازانن کۆتاییەکەی لە کوێیە و مەسیری  سەفەرەکەش چۆن دەبێ؟ من پێم وایە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ بنەمای ئەو ژیاندۆستییەی لە سرووشتی ئینسان و لاوەکاندایە و کە چیدی پێی وا نییە لێرە بێتە دی. ئەمەش کێشەیەکی ڕۆحیی بۆ درستکردوون و دووچاری جۆرێك لە قەیرانی ناسنامەی کردوون..

لە ڕاستیا کێشەی لاوەکان هەر ئەوە نییە بێ ئێشن، یان تەنیا هەر ئەو فاکتەر و هۆکارانە نین کە کۆچکردنیان لە وڵاتی ئێمەدا کردووە بە دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژی. دەبێ لە کۆی کۆمەڵگای خۆمان بڕوانین و بزانین جگە لەو دیاردە ڕاستەوخۆیانەی کۆچ دروست دەکەن، ئایا دیاردەی دیکەش هەن کە ببنە هۆی ئەوەی لاوەکان کۆچ بکەن؟ بۆ نمونە: دائیرەکانی ئێمە لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە تیایاندا دامەزراون، یان ئەو گەنجانەی کە ڕێیان لەو دائیرانە دەکەوێت، چۆن هەڵسوکەوت دەکەن؟ یان ئایا کایەکانی بەڕێوەبردن لەگەڵ هاووڵاتیان بەگشتی چۆنن و چۆن لەگەڵیان دەجووڵێنەوە؟ ئایا وەختێك تۆ سەفەرێك لە بەردەمی ماڵەکەی خۆتەوە بۆ بەردەمی دائیرەیەك و لەوێوە بۆ بەردەمی مێزی بەڕێوەبەرێك و بەردەم فەرمانبەرێك دەکەیت، ئایا لەم



سەفەرەدا تۆ چەند جار ڕووبەڕووی شکانی کەسایەتی و مەعنەویەت و بابڵێین کەمکردنەوەی بەهای ئینسانیەتی خۆت دەبێتەوە؟

ئەشێت ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەبێ کە هیچ کوشتنێکی تیا ڕوونەدا و ئەشێت سیستەمێکی سیاسیمان هەبێ توانیبێتی ئاسایشێکی وەها بینێتە دی، کە هیچ کەسیك پەنجەی خوێنی لێ نەیەت، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ئاسوودە بن. ئینسان کائینێکە ڕەهەندێکی تری هەیە ئەویش پەیوەندی بە ناخی خۆیەوەیەتی، ئەویش ئەوەیە کە ئەو گەورەییەك بۆ خۆی قابیلە و خاوەنی عیززەتی نەفس و نرخێکی ئینسانیی نەگۆڕە.. هەرئەوەشە وادەکا ئینسان لە ڕەزیلترین ساتەوەختەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا نایەوێ گەورەیی خۆی لە دەست بدا و نرخی خۆی بدۆڕێنێ. هەڵەیەکی گەورەیە وا تێبگەین تەنانەت ئەو کەسانەش کە سواڵ و دەرۆزەیی دەکەن دەستیان لە گەورەیی خۆیان هەڵگرتووە و دەستپانکردنەوەیان لە ئێمە و لەسەر شەقامەکان، نیشانەی ئەوەیە وازیان هێناوە لە عیززەتی نەفسی خۆیان. تەنانەت ئەگەر خۆشیان ئیعلانی بکەن کە ئەو نرخانە بۆ ئەوان هیچ نین و گەورەیی ئینسانیانەی خۆیان تەلاقداوە، ئەوە ئێمە نابێت بەو چاوە تەماشایان بکەین، کە ئەوان خاوەنی گەورەیی نین، چونکە ئەمەیان ڕەواج بە بێنرخکردنی (جەوهەرێکی هاوبەش) دەدات کە جەوهەری ئینسانیی هەموومانە.

وەختێك تۆ لە سیستەمێکی ئیداریی و پەروەردەیی و سیاسیدا گەورەییت بۆ نەمابێتەوە و بەردەوام ڕەزیل بکرێی، بەمانای ئەوەیە ئەو سیستەمە ناوبراوانەش دەبنە فاکتەرێك لە پشت کۆچی گەنجەکانەوە. کەواتە کۆچکردن هەر ئەوە نییە کە شتێك هەیە ناوی ئەورووپایە، وە کوردیش لە ڕێی سەتەلایتەوە ئەورووپای بینیوە، یا لە ڕێی کوردەکانی دەرەوە کە نامە و ڕەسمیان زۆر ناردۆتەوە، ئیتر گەنجەکان ئیغرابوون و سەریان لێ تێك چووە و دەیانەوێ ئەم وڵاتە جێ بێڵن. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە دروست نابێت و ئەمە تێڕوانینێکی زۆر سادەیە کە لە بنەماوە دەیەوێ فاکتەرە سەرەکییەکان داپۆشێ و کۆچ بۆ هەندەران وەك مۆدەیەك پیشان بدات. من کە قسە لەسەر کۆچی لاوەکان دەکەم، قسە لەسەر کۆمەڵێك فاکتەر دەکەم کە ڕاستەخۆن و بەردەوام لە وڵات و کۆمەڵگاکەمدا دووبارە ئەکرێنەوە. بەڵام قسە لەسەر

ئەو هۆكارانە ناكەین كە ناڕاستەوخۆ خەڵك هان دەدەن بۆ كۆچكردن.. یەكێك لەو فاكتەرانەش وەك بۆم باس كردی هەڵسوكەوتی سیستەمەكانی ئێمەیە لەگەڵ هاووڵاتیان. با چەند نموونەیەكی زیندووت بۆ بهێنمەوە: وەختێ تۆ ئەچیت بۆ بەردەمی دكتۆرێك لە خەستەخانەیەكدا و نائومێد دەكرێی، وەختێ دەچیتە بەردەمی كارمەندێك و نائومێد دەكرێی و كاتێ خۆت لەبەردەمی محامییەكدا دەبینیتەوە و هەست دەكەیت مافت دەخورێ و هەست بە پوچیی كەسایەتی خۆت دەكەیت، لێرەوە با تۆ لە رەفاهییەتدا بژی، یان پاركەكانی شار ئاوەدان و شەقامەكان پاك و خاوێن بن و بتوانیت شەوێ تا بەیانی لەسەر جادە بمێنیتەوە (كە پێم وایە ئەوە لایەنێكی باشی ئەو ئاسایشەیە كە ئێمە تیایدا دەژین) بەڵام لایەنێكی گرنگتر ئەوەیە: ئەم سیستەمە نابێ خاڵی بێ لە گێرانەوەی ئیعتیبار بۆ كەسایەتی مرۆڤ و بۆ گەورەیی ئینسان. واتە ئاساییش هەر بەوە پێكنایەت كە تۆ لە رووی لایەنە (مەتریاڵیەكەوە) ژیان بۆ ئینسانەكان فەراهەم بكەی، بەڵكو ئەبێ لە رووی مەعنەویشەوە ژیانی بۆ دابین بكەی، بەجۆرێ كە ئەو هەست بەگەورەیی خۆی بكا، لە وەختێكا كە ئەچێتە بەردەمی كەسیك كە مەسئولە لە راپەڕاندنی ئیش و كارەكانی و لە دائیرەیەكدا كە بۆ خزمەتكردنی ئەو دامەزراوە. ناخۆشترین كۆمەڵگا بۆ مرۆڤ ئەو جیهانە كافكاییەیە كە تیایدا مرۆڤ لەو دیو دیوارەكانەوە ناچار بە چاوەڕوانی دەكرێت.

*** كامەیە ئەو شتەی كە لاوی كورد لێرەوە بۆی دەچێتە ئەوروپا، ئایا ناكرێت ئەو شتانە لێرە بۆ لاوانمان دەستە بەر بكەین؟**

– خۆی لە راستیدا پرسیارەكە ئەمخاتە بەردەم جۆرێك لە (نوێنەرایەتیكردن)، نوێنەرایەتیكردن بەو مانایەی كە، من ناتوانم بە ناوی لاوەكانەوە وەڵامت بدەمەوەو بڵێم ئەمانە ئەو هۆیانەن، یان لەبەر ئەو هۆیانە لاوەكان دەچنە دەرەوە. هەموو قسەكردنێك لەم رووەوە پێم وایە تاوانێكە بەرامبەر بە ئەو هۆكارە (تایبەتیەی) كە هەر لاوێك هەیەتی بۆ چوونە دەرەوە. ئێمە بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین ئەبێ هەر گەنجێك بگرین و بە شێوەیەكی دوورودرێژ لە ژیانی بكۆڵینەوە بۆ ئەوەی دوایی تێبگەین، ئەم گەنجە خۆی چ هۆكارێك باس دەكا وەك هۆی سەفەركردنەكەی.. بۆیە قسەكردنی ئێمە هەرچەندێ وردیش بێت، هێشتا قسەكردن دەبێت لەسەر هەندێ



هۆكاری گشتی. بێگومان كۆمەڵێك هۆكار هەن كەپەیوەندیان بە پلەی یەكەم بە واقعی كۆمەڵگای خۆتەوە هەیە، كۆمەڵگایەك وەك لەسەرەتاوە گوتم: توشی جۆرێ لە ناكۆكی بووە لەسەر پێناسەكردنی لاوەكان و تەعریفێكی پێ نیە كە لاو چییە؟ چ ئەركێكی هەیە و شوێنگەی لە كۆمەڵگادا چییە؟ و كەسایەتی ئەو چۆن پێناسە دەكرێ؟ رەنگە ئێمە ئەو شتانە لە قوتابخانە و زانكۆكاندا بخوێنین، بەڵام ئەمە نەبۆتە كەلتوری ئێمە وەك نەتەوەیەك، واتە: وەختێك دایك و باوكێكی كورد، وەختێ كە تاكێكی بە تەمەنی كورد تەماشای لاو دەكا ئەو كۆمەڵە سیفەتەی نایەتەوە بیر كە لە قوتابخانە و زانكۆ باسیان دەكرێ، بەڵكو ئەم چەمكە بە كۆمەڵێك گومان دەورەی گیراوە: لە هەشتاكاندا ئێمە تێگەیشتنێكمان هەبوو بۆ لاوەكان و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تێگەیشتنێكی دیكە. ئەمە بۆ خۆی دەتوانم بڵێم هاندەرێكی گشتییە لە پشت كۆچی لاوەكانەوە، وەختێ لە كۆمەڵگادا پێناسەیەكی ڕوون بۆ چەمكی لاو نەبێت، ئەوە بێگومان لاوەكان ئەو كۆمەڵگایە بەجێ دەهێڵن چونكە خودی ئەو پێناسەیە جۆرێ لە پەیوەندیی دروستدەكات..

هۆیەكی دیكەی گشتیی سەبارەت بە كۆچی لاوەكان دەبەستمەوە بە خواستە سەرەتایی و هەمیشەییەكانی ئینسان خۆیەوە: ئینسان هەر لە میتۆلۆژیا و ئەفسانەكانەوە تا سەرهەڵدانی خەیاڵی شیعری و دروستبوونی ئایینەكان و بەرجەستەبوونی پێغەمبەرەكان لەناو مێژوودا و تا سەرهەڵدانی گەڕیدەكان، كائینێكە لە سەفەردا، كائینێكە بەردەوام دەیەوێ سەفەر بكا و شوێن بگۆڕێ و ئەزموون كەڵەكە بكا و لەم ڕێگەیەشەوە لایەنە ڕۆحی و مەعنەویەكەی خۆی دەوڵەمەند بكا، لە مەردمی وڵاتانی تر تێبگا و مەودای بینینی خۆی فراوان بكا. تۆ تا شوێنی جیاواز بینی ئەوەندەش چێژ لە دنیا دەبینی، وە ئەوەندەش هەست بە جوانیی خۆت دەكەی لە ناو دنیادا، ئەمە هەر لە بەرەبەیانی بوونەوە خواستێك و مەیلێكی سادەی مرۆڤ بووە بۆ سەفەركردن و دەشێت ئەمەش یەكێك بێت لەو شتانەی كە لاوەكانی ئێمە هان دەدا بۆ هەندەران و پەڕاگەندەیی.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەكەت هێندە دەڵێم: هەڵەیەكی گەورەیە گەر وا بزانین هۆی سەرەكیی كۆچی لاوەكان بۆ هەندەران، نەبوونی هەندێ ئیمتیازاتی مادیی

و حەیاتییە و بە پڕکردنەوەی ئەم نەبوونیە تەوژمی کۆچ دەوەستێت. من لە سەرەتاوە گوتم: دەبێت دیاردەی کۆچ بەتەنیا نەبەستینەوە بە لایەنە ماتەریالێیەکەی ژیانەوە، هەرتەنیا وا بیرنەکەینەوە کردنەوەی کافتریا و باخچە و مەلەوانگە و شوێنی سەرگەرمیی بۆ گەنجان، دەبێتە هۆی بنەبڕکردنی دیاردەی کۆچ. بەڵکو دەبێت بیر لە بەهاداریی ژیان بکەینەوە لە ئاستێکی دیکەدا، پێویستە ئیش بکەین بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمە ئیداری و پەروەردەیی و یاساییانەی کە تیایاندا نرخی نەگۆڕی مرۆڤ پارێزراوە. پێوستە بەشێکی زۆری کارمەندانی کۆمەڵگا لە هەموو کەرتەکاندا بنێرین بۆ دەورەی مافی مرۆڤ و ڕەفتاری ڕۆژانە و فەلسەفەی ئەخلاق و بنەماکانی یاسا و پەروەردەکردن تاکو سەرلەنوێ (مرۆڤایەتی مرۆڤ) لە (بیرۆکراتیەتی ئیداری) بستێنینەوە و بیبەخشینەوە بە ئینسان خۆی..

*** باسی ئەو هۆکارانەت کرد کە پەیوەندییان بە سرووشتی مرۆڤ خۆیەوە هەیە بۆ سەفەرکردن و ئەمەشت بردەوە بۆ ئەفسانە و ئایین و خەیاڵی شیعری و هتد، بەڵام ئایا گەنجی کورد بەم شێوەیە بیر لەسەفەر دەکاتەوە، لەم گۆشە نیگایەوە دەچێ بۆ ئەوروپا؟**

- من پێم وایە لەو چەند ساڵەی دواییدا، کە ئێمە مامەڵەیەکی وێنەییمان هەبووە لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە لە کەناڵەکانی ئەوروپاوە بڵاو ئەبنەوە، ئەمە بۆخۆی بۆتە هاندەرێك: وەختێ شەوانی هەینی گەنجێکی ئێمە ئەتوانێ تەماشای گەنجەکانی ئیتالیا بکا، کە لەسەر جادە بۆخۆیان بەزم و رەزمیانە و ئەو لە ماڵەوە ناوێری لە ترسی باوکی خۆی بجولێتەوە، بێگومان ئەودیمەنە ئەبێتە هاندەرێك تا ئەویش بیر بکاتەوە چۆن بچێت لەسەر ئەو شەقامانە بای باڵی خۆی بدات و جۆرێك لە ئازادیی وەربگرێ. من نازانم ئەو وا بیر ئەکاتەوە یان نە؟ چونکە وەك پێم گوتی: ناتوانم لە دیدی ئەوەوە تەماشای ئەو مەسەلەیە بکەم، بەڵام وەك گریمانەیەك لێکی دەدەمەوە تاکو بتوانم بەردەوام بم لە قسەکردن لەسەر ئەم کێشەیە.

بێگومان دەتوانیت بپرسیت: ئەمە ئەبەستمەوە بە چییەوە؟ دەیبەستمەوە بە تێگەیشتنێکی ئیستاتیکانەی ئینسانی ئێمەوە، بە تایبەتی لاوەکانمان، لەمەڕ ژیانی خۆیانەوە. تۆ دەزانیت کە وێڕای ئەوەی شەڕ لە مێژووی هاوچەرخدا هیچ وەختێ



یەخەی ئێمەی بەرنەداوە، کەچی ڕەهەندیی جوانناسانەی ژیانیش بە مرۆڤی ئێمە نامۆ نەبووە. تەماشا دەکەین لەو دە ساڵەی دواییدا دیدی ئێستاتیکی و جوانییپەرستی مرۆڤی ئێمە بۆ ژیان، وە بۆتاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکانی ژیان، شتێکە بەردەوام لە پەرەسەندندا بووە.. شەڕ و وێرانە و بۆگەنکردنی کۆمەڵگا، ئەمانە نەبونەتە هۆی ئەوەی کە، چاوی گەنجەکانی ئێمە لە ئاست ئەو پانتاییەی تری ژیاندا، کە ناوی (خۆشەویستی و ئەزموون و جوانییە) کوێر بکا. ئەمەش دەمانبات بۆ تێڕوانینێکی ئۆنتۆلۆژیانە (بوونناسانە) سەبارەت بە مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی تێبگەین و بزانین ئاخۆ ئەو گۆڕانانە چین لە ناخی مرۆڤی کوردا روویانداوە. چونکە ئەگەر وەك حاڵەتە کلاسیکیەکە وەری بگرین، ئەوە دەبێژین: مادام شەڕ هەبووە ئەبێ ئێستا هەموومان ئامادەبین بۆ ئەوەی ببین بە سەربازی شەڕەکانی ئایندە و بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بووینەتە کائینی شەڕانی.

وەلێ واقعی کۆمەڵگای ئێمە و دیاردەی کۆچکردن شتێکی ترمان پێ دەڵێن، پێمان دەڵێن: (مادام شەڕ هەبووە و مادام (پانتایی ژیانێکی مرۆڤانە) لەم وڵاتەدا کەم بۆتەوە ئەوا من لێرە نامێنم، لەبەر ئەوەی خۆم وەکو ئینسانێك حەز دەکەم و تێدەگەم کە ژیان بەمانا مرۆڤانەکەی دەبێ لە شوێنێکی دیکە هەبێ). کەواتە شەڕ نەك هەر نەیتوانیوە ناخی مرۆڤی ئێمە بکاتە ناخێکی وێرانەخواز، بەڵکو ئەم مرۆڤەی بە قووڵاییەکانی ئاشتیخوازی و ژیاندۆستیدا بردۆتە خوار. ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە ئێمە بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانە ئۆنتۆلۆژییەی لە ناخی ئینسانی کوردا رووی داوە، دەبێ ئاوری لێ بدەینەوە، واتە دیاردەی کۆچ بەتەنیا نەبەستینەوە بە مەسەلەی سیاسی و ئەو لایەنە ئابووری و شتانەی کە لە تەلەفزیۆن و میدیاکان و تەنانەت لەو زنجیرە کۆڕەشدا کە پەرلەمان سازیدا، دووبارە دەکرانەوە و زیاتر جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکرایەوە. لایەنە کەلتووری و ئۆنتۆلۆژییەکەی دیاردەی کۆچکردنیش گرنگە. کەلتوری ئێمە گۆڕانی گەورەی بەسەرهاتووە، شارەکانی ئێمە دیدی ئینسانی ئێمەیان بۆ ژیان بەرفراوان کردووە، جۆرێك لە مۆدێرنیزمە بوون و پرۆسەی نوێ بوونەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە هەنگاونانی سەرەتایی خۆیدایە.. بێگومان ئەمەش لەسەر دیدی لاوەکان بۆ ژیان و بۆ دۆزینەوەی پانتایی دیکەی ژیانی خۆیان، بۆ پەیوەندیان

لەگەڵ دایك و باوكدا، لەگەڵ هاوڕێكانیدا، بۆ بەكارهێنانی شەقامەكان، یاریگاكان، پاركەكان و شوێنەگشتییەكان، ڕەنگیداوەتەوە. ئەمەش ئەنجامی ئەو شێوەی مۆدێرنیزە بوونەیە كەلەو ماوەی دواییدا، بەتایبەتی لە فەترەی ئازادی و خۆ بەڕێوەبردندا سەری هەڵداوە و من پێم وایە ئەوەش لایەنێكی ئیجابی ئەم ئەزموونەیە.

كەواتە دەبێ لێرەوە سنوورێك دابنێین بۆ ئەو قسانەی، بۆ ئەو تۆمەتانەی كە دەدرێنە پاڵ لاوەكانمان گوایە دۆڕاون و هیچیان پێ ناكرێ بۆیە سەرهەڵدەگرن بۆ ئەورووپا و لەوێ زیاتر خۆیان ئەدۆڕێنن.. پێم وایە ئەمە لێكدانەوەیەكی هەڵەیە و لە بناخەوە چەوتە و نیشانەی تێنەگەیشتنە لە كۆمەڵگا وەك یەكەیەكی ئاڵۆز و زیندوو. كورتەی قسەكانم ئەوەیە: پێویستە ئەو لایەنە كەلتوری و مەعنەویانە لێك بدەینەوە بۆ ئەوەی لە شتێك تێبگەین كە ئەویش دیاردەی كۆچكردنە و ئەم دیاردەیەش تەنیا لەبەر هۆكارگەلێكی مادیی و ئابووری و سیاسی سەر هەڵنادات، ڕاستە ئەمانە لە هەلومەرجێكدا هۆكاری ڕاستە و خۆن، بەڵام هەندێ شتی تریش هەن كە كەمتر سەرەكی نین سەبارەت بە هۆی بەردەوامیی دیاردەی كۆچی لاوەكان.

*** كاك ڕێبوار من پێم وایە ڕێژەیەكی زۆری گەنجەكانمان لەبەر نەبوونی ئازادی عەشق كۆچ دەكەن، نموونەش بێنینەوە تۆ وەك مامۆستای زانكۆ تا چەند دەبینی كچ و كوڕێكی كورد لە نێو زانكۆ ئەو ئازادیەیان هەبێ بتوانن باس لە عەشق بكەن یاخود خەونەكانی خۆیان بهێننە دی. ئەمە لە زانكۆ، لە دەرەوەی زانكۆش لە ناوكۆمەڵگە زیاتر ئازادیەكە تەسك كراوەتەوە، وەك ئەوەی كە زانكۆ شوێنێكی شارستانییە پێت وانییە لایەنێكی تری كۆچ كردنی لاوانمان ئەوەبێ؟**

– خۆی لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە زۆر تایبەتییە و ئەوەندە هەیە من وەكو كەسێك كە ڕۆژانە لەگەڵ خوێندنكارانی زانكۆدا مامەڵە دەكەم، زۆر جار هەست دەكەم ئەوان شتیان هەیە ئەیانەوێ بە مامۆستایەكی بڵێین بەڵام ترسێكیش هەیە لە نەگوتنی ئەو شتە. لەمەشدا حەقیان دەدەمێ، چونكە بارودۆخی زانكۆ بەجۆرێكە قوتابی ناتوانێت باس لە شتە تایبەتیەكانی خۆی بكا و باسكردنیشیان دەبێتە بەهانەیەك بۆ لێدانیان لەلایەن ئیدارەوە. ئیدارەی زانكۆ و ڕاگرایەتییەكان بۆ شاردنەوەی كەموكوڕی و



بێتوانایی خۆیان لەئاست قەبوولكردنی قوتابیاندا وەك مرۆڤی كامڵ و وەك سامانێكی نەتەوەیی بۆ دواڕۆژی كۆمەڵگاكەمان، هەلومەرجێكی زۆر توندوتیژیان لەناو بەشەكانی زانكۆدا خوڵقاندووە. ئەوان عەشق و مۆسیقا و هونەر یاساخ دەكەن، بەڵام ڕەواج بە درۆكردن و توندوتیژی و بەرزەفتەكردنی بێ هۆ دەدەن و تۆڕێكی چاودێریكردنیان لە قوتابیان پێكهێناوە. كۆلێژی ئاداب لەم ڕووەوە نموونەیەكی زۆر ئازاراوییە و قوتابیانی ئەم كۆلێژە كە دەبوو نموونەی داهێنەر و ڕۆشنبیرانی نەتەوەكەمان بوونایە، (چونكە كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكانە)، لەژێر فشارێكی سەختدا ساڵەكانی خوێندن تەواو دەكەن و (باوكانی كۆلێژ) بەناوی ئیدارەكردنەوە گەلێك یاسای ناو گیرفانی خۆیانیان بەسەردا ساخدەكەنەوە، كە هیچ پەیوەندییان بەسەر پەروەردەكردن و سیستەمی زانستییەوە نییە. ئەوەی كە لەم كۆلێژەدا پێی دەگوترێ (ئیدارەكردن)، هیچ نییە لە كەڵەكەبوونی گرێی دەروونیی هەندێ كەس زیاتر بەرامبەر بە ڕۆڵەی نەتەوەكەمان و ئەم قۆناغەی ئێستای میللەتەكەمان و زاڵكردنی میزاجی هەندێ كەس بەسەر یاسا پەروەردەییەكاندا.

لەم ڕووەوە حوكمەت و خوێندنی باڵاو لایەنە حیزبییەكان كەمتەرخەمن و بێ ئاگان لەوەی كە تۆوی دڵشكان و هەڵكەندن و لە وڵات بێزاربوونی گەنجەكانمان لە بەشەكانی زانكۆوە دەچێندرێت نەك لە شوێنێكی دیكەوە. بێ ئاگان لەوەی كە هەڵسوكەوتی مامۆستایەك لەگەڵ قوتابیاندا، دەستنیشانی پەیوەندیی ئەو قوتابییە بە نەتەوە و نیشتیمانی خۆیەوە دەكا و هەتا ئەو هەڵسوكەوتەش ئاوا توندوتیژ بێت، قوتابیانی ئێمە بە بێدەنگی بڕیاری جێهێشتنی وڵات دەدەن.

لێرەوە من دیاردەی عەشق لە زانكۆدا جیا ناكەمەوە لەو سیستەمە ئیدارییە توندڕەوەی لە بەشەكانی زانكۆدا پیادە دەكرێ. هەر لێرەشەوە پێم وایە: نەگوتنی ئەو هەستەی كە قوتابیان بەرامبەر بەیەكتر هەیانە تەسلیمبوون بەو سانسۆرە كۆمەڵایەتییەی زانكۆ پەیڕەوی دەكا و لەبەر ئەوەی هەموو نزیكبوونەوەیەكی كوڕوكچ نیشانەی پرسیاری دەخرێتە سەر، ئەگەرچی مەرج نییە هیچ نیازێكی لەوبابەتەشیان هەبێت، قەیرانی گەورەی ڕۆحیی بۆ خوێندكارەكان دروستكردووە. ڕەنگە ئەوان لەژێر ئەو فشارە زۆرەدا دووچاری قەهرێكی زۆر بووبن بەرامبەر بەهەموو شتێك كە بۆنی

نیشتیمان و نەتەوەی لێبێت، چونکە ڕێك و ڕاست ئەوان بەزمانی نەتەوەیی و لە نیشتیمانی خۆیاندا و لە لایەن ئیدارییە هاوڕەگەزەکانی خۆیانەوە دەچەوسێندرێنەوە. ئەمەش جۆرێك لە وەڕز بوونی بۆ دروست کردون کە پێیانوایە تەنیا وڵات جێهێشتن چارەی دەکات.

لە کەس شاراوە نەبێت، قوتابیانی ئەمڕۆ نایەن بۆ زانکۆ چونکە عەودالّی زانست و خۆپەروەردەکردنن و زانکۆ پانتاییەکی ئازادانەی بۆ ڕەخساندوون، بەڵکو ئەوان موبتەلا بوون بە هاتن بۆ زانکۆ، چونکە زانکۆ پانتاییەکی دیکەی دەرکەوتنی کۆمەڵایەتییە بۆ ئینسانەکان. هەر بۆیەشە قوتابیان بەشێوەیەکی جوان خۆیان دەڕازێننەوە بۆ یەکتر و دەیانەوێت لە ئاستی دیداریدا یەکتری تێر بکەن، بەڵام کە دێتە سەر بۆ ئەوەی پیاسە بکەن لەناو ساحەکانا، کە دێتە سەر ئەوەی هەست و سۆزی سرووشتیی خۆیان بۆ یەکتر دەربڕن، هەزار و یەك تەون هەیە کە دەستیان دەگرێ، دەمیان دەگرێ و بێ زمانیان دەکا لە ئاست ئەوەی کە قسە بۆ یەکتر بکەن.. کەواتە زانکۆ مەیدانێکی کۆمەڵایەتیە بەڵام ڕێگە بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نادات و عەشقیش یەکێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.

لێرەوە تەماشا دەکەیت، جۆرەها (تەکنیکی عەشق) دروست بووە لەناو زانکۆدا، یەکێك لەو تەکنیکانەی عەشق ئەوەیە کە تۆ زۆر بەدەگمەن کچ و کوڕێك پێکەوە ئەبینی، کاتێ دەیانبینی لەگەڵ دوو کەسی تر ئەیانبینی بۆ ئێمە کە لە دەرەوە تەماشای ئەم دیمەنە ئەکەین، واهەست نەکەین کە مەسەلەکە عەشقە واتە ئەوان بۆ خۆیان بەیەکتر ئەزانن، بەڵام دەیانەوێ بەهۆی ئەم تەکنیکەوە لە ئێمەی بشارنەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزاندنی سلووکی عاشقانەیە لە مەداری ڕاستەقینەی خۆی، چونکە وەکو پێشتر گوتم: عەشق یەکێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ئەگەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیش لەمەداری ڕاستەقینەی خۆی دەرچوو، ئەوە بەئەنجامێکی باشیش ناگات و کۆمەڵگا پڕ دەبێت لە (لەیلا) و (مەجنون) و (ڕۆمیۆ) و (ژولێت)ی تێکشکاو! بۆیە تەواو لەگەڵتام کە دەڵێی: نەبوونی ئازادیی عەشق هۆیەکە لە پشت کۆچی لاوەکانەوە.



*** هۆکاری نەبوونی ئەو ئازادییە لە چیدا دەبینیت و چۆن دەیبەستیت بە سیستەماکانی کۆمەڵگاوە؟**

- هۆکاری نەبوونی ئەو ئازادییە بریتیە لە گەورەیی هێز و بچووکی دەسەڵات و ئەمجا شێوەی پیادەبوونی میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێز حەجمێکی گەورەی هەیە و سلووکی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا فەرز دەکا و هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نییە و زەبروزەنگ هۆکاری بەردەوامبوونیەتی، لە کاتێکدا دەسەڵات وەك ئیدارەکەری ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بەرجەستە دەبێت و شەرعیەتی خۆی لە یاساوە بەدەست دەهێنێت و دابینکەری مافە، ئەو قەبارە گەورەیەی نیە.

لەم نێوەندەدا (پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی)مان هەیە کە دوو جۆر میکانیزمی چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی تیایدا ئیشدەکا. لە هەر کۆمەڵگایەکی بەشەریدا ئەشێ لە ساتەوەختێك لە ساتەوەختەکاندا دوو جۆر کۆنترۆڵکردن یان چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگامان هەبێ، بەپێی زاراوەکانی زانستی کۆمەڵناسی جۆرێکیان ناو دەنێین: (کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی ڕەسمیی) کە (دەسەڵات) بەهۆی یاساوە پیادەی دەکات و تیایدا بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا لەبەرچاو گیراوە و مافی یەکسان دەداتە گشت هاوولاتییان. دووەمیشیان بریتییە لە: (کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمیی) کە (هێز) بەهۆی جۆرەکانی زەبروزەنگەوە پیادەی دەکات و تیایدا ڕەچاوی بەرژەوەندیی خاوەن هێزەکان کراوە.

ئەم جۆرەیان پەیوەندی هەیە بە نەریت و داب و دەستوورە بۆ ماوەییەکانی کۆمەڵگە خۆیەوە، بۆ نموونە کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بوارێکا خاوەنی چەندین داب و نەریتی نووسراو و نەنووسراوە، کە لە ساتەوەختێك لە ساتەوەختەکاندا دەبێت هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردی، وێڕای ڕەچاوکردن و پەیڕەویکردن لە یاسا ڕەسمیەکان، دەبێ ئەو تاکە کەسە لە هەمان کاتیشدا گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەم کۆنترۆڵکردنە بێت، کە نەریت و داب و دەستوورەکان بەسەر مانا فەرزیان کردووە.

کێشەکەی لەوەدایە کە لە کۆمەڵگا هێمن و لەش ساغەکاندا، لە کۆمەڵگا کراوەکاندا کاتێ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ڕەسمی بە هێزە و پەیوەندییەکان چوار چێوەی

یاسایی خۆیان وەرگرتووە، ئەوا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمی لاواز دەبیٚ، چونکە یاسا جێگەی داب و نەریتی کۆمەڵگای گرتۆتەوە و چیتر ئەندامانی کۆمەڵگا ناچار نابن ملکەچی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بن. لەم کەش و هەوایەدا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمی کپ دەبێتەوە و نابێتە مەرجێك بۆئەوەی ئینسان لەم کۆمەڵگایەدا بژی و ئەگەر پێی خوار دانا قاچی ببڕێت..

چەندە یاسا بە هێز بێت، چەندە یاسا ئیعتیبار بۆ تاکەکەسی ناو گروپەکانی کۆمەڵگا بگێڕێتەوە، ئەوەندەش کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی غەیرەڕەسمی کەم دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە لە کۆمەڵگا نەخۆشەکاندا هەرچەندە یاسا لاواز بێت، یان یاری پیٚ بکریٚ ئەوەندەش داب و نەریتەکان زیندوو دەبنەوە و لێکدانەوەی شێواویان بۆ دەکرێت و هەر گروپە بەئارەزووی خۆی و لە بەرژەوەندیی هێزی خۆی، لێکیان دەداتەوە. ئەمە ئەو دۆخەیە کە بەسەر کەلتوری (ڕەسەنی کوردی) و کەلتوری ئیسلام لە کوردستانی ئێمەدا هاتووە و دەستە و گرووپگەلێك پەیدابوون بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی ئەوەی کە چەندە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان دەکا تەفسیری نەریت و یاسا ئایینیەکان دەکەن و دەیانەوێت بەهۆی زەبروزەنگەوە بەسەر کۆمەڵگایاندا بسەپێنن و تا ڕادەیەکیش لەمەدا سەرکەوتوو بوون. لێرەوە کۆمەڵگایەکی نەخۆشت بۆ دێتە بەرهەم کە بە یاسا نامۆیە و یاسا تیایدا لاوازە و ناتوانێت گەرانتێك بێت بۆ پاراستنی مافی تاکەکان و گرووپە بیٚ هێزەکانی کۆمەڵگا. لەم دۆخەدایە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمی بەهێز دەبیٚ و پاشەکشیٚ بە یاسا دەکات. کێشەکە لە چیدایە؟ کێشەکە لە وڵاتی ئێمەدا لەوەدایە کە ئەم دوو جۆری کۆنترۆڵکردنە هاوکاریی یەکتری دەکەن و بە شێوەیەك لە شێوەکان هەم کۆنترۆڵی رەسمی بۆتە پاڵپشتێك لە پشتی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی غەیرە ڕەسمییەوە و هەم کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمیش توانیویەتی بچێتە ناو هەندیٚ مەسایلی حەساسەوە کە دەبێت یاسای مەدەنی چاریان بکات، بۆ نمونە وەك: کێشەی ئافرەتان کە یەکێکە لەو کێشانەی تا ئێستا لە رووی یاساییەوە دەستنیشان نەکراوە و شەخسیەتی یاسایی ئافرەت لەم وڵاتەدا بوونی نیە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمی لە وڵاتی ئێمەدا هێندە بەهێز بێت و کۆنترۆڵی رەسمی کە یاسا و حکومەت و



دامودەزگاکانێتی، نەیانتوانیوە تا ئێستا بەرەنگاری ئەم بەهێزیەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی غەیرە ڕەسمی ببنەوە، کە شەرعیەتی خۆی لە لوولەی تفەنگەکان و بڵندگۆی مزگەوت و مەجلیسەکانی دیوەخانەوە بەدەست دەهێنێت.. کەواتە نەبوونی کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی ڕەسمی و یاسایی، بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆنترۆڵی غەیرە ڕەسمی لاوەکان لە کۆمەڵگا تیژ بکات و وایان لێبکات ببنە تێزابڕێژ و مرۆڤی تۆڵە ئەستێن و ئافرەتکوژ و لە ئارامترین حاڵەتیشدا دنەیان بدات بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵبگرن. دە ساڵ ئەزموونی ئێمە لە خۆبەڕێوەبردندا، دەبوو بەرەو تۆکمەیی دەسەڵات و جێگیرکردنی یاسادا بڕۆیشتایە، کەچی بەداخەوە ئێستا دەبینین کە بەرەو گەورەکردنی قەبارەی هێز و زیندووکردنەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نارەسمیدا ڕۆیشتووە و ئەمەش وامان لێدەکات، پرسیاری زۆر جیدی ڕووبەڕووی هێزە عیلمانی و نەتەوەییەکان بکەینەوە..

(*) لەسەرەتاوە هەڤپەیڤینێکی تەلەفزیۆنی بوو، پاشان لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستاندا، ژمارە: ٤٦٦ و ٤٦٧دا بڵاوکرایەوە.

## له وەڵامی پرسیارێکدا:
## کێشەی لاوەکان لە چی دا دەبینیت؟(*)

**من** لەمەو پێشتر و لە ڕووی کەلتووری ی و کۆمەڵایەتی و تاڕادەیەکیش سیاسییەوە قسەم لە بارەی کێشەی لاوەکانەوە کردووە و نامەوێت لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە(بڕوانە: دەقی گفتوگۆی (لاوەکان و کۆمەڵگا). هێندە هەیە پێموایە ناکرێت بەبێ قسەکردن لەسەر بونیادی خێزان و دۆخی گشتیی کۆمەڵگا و سیستەمی پەروەردەیی، وێنەیەکی ڕوونمان لەسەر کێشەی لاوەکان بێتە دەست.

(١)

با سەرەتا لە (بونیادی خێزان)ی کوردییەوە دەست پێبکەین: لە ڕاستیدا کاراکتەری لاو بەر لەوەی لە کۆمەڵگاوە ڕەنگی بۆ دابڕێژرێت، بەرهەمی خێزانە. خێزان یەکەمین وێستگایە کە بەپێی پرۆسەی (بە کۆمەڵایەتیکردن) کاراکتەر و سیفەتی گەنجیی بە لاوەکان دەبەخشێت و بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەناو ئەو چوارچێوەیەدا سەقامگیریان دەکات کە پێی دەگوترێ (ماوەی گەنجێتی)، کە هەڵبەت درێژی و کورتیی ئەو ماوەیە لە کەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. دیارە هۆی هەرە سەرەکیی ئەو گۆڕانەش لە درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی ماوەی لاوێتیدا، جگە لە ڕەهەندە کەلتوورییەکەی، ئەوە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دۆخیی گشتیی کۆمەڵگا خۆی. چونکە کۆمەڵگا و یاساکانی بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو سنوورانە بۆ مرۆڤ دادەڕێژێت، کە ڕەنگە خێزان لەسەر تاکەکەساکان هەڵیگرتبن، وەلێ لەبەرئەوەی ئەو تاکەکەسانە بە حوکمی پەروەردەبوون و باری ئابووری و سیاسی و هتد. فڕێدەدرێنەوە ناو کۆمەڵگا، ئەوە دیسانەوە ملکەچی نۆرمە گشتییەکان دەکرێنەوە و لێرەشەوە زۆرجار سیستەمی خێزان لەبەردەم دەسەڵاتیی کۆمەڵگادا پاشەکشێ دەکات.



ئەم دیاردەیە پەرچکەرەوەی ئەو ناکۆکییەشە کە لەنێوان سیستەمی خێزان و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە: دەشێت خێزان لەبەرامبەر ئەندامەکانیدا کراوەتر بێت لە کۆمەڵگا لەبەرامبەر ئەندامەکانیدا. بۆی هەیە ئازادییەکانی ناو سیستەمی خێزان و بنەماڵە زۆرتر و بێ مەرجتر بن لە ئازادییە مەرجدارەکانی ناو کۆمەڵگا. کرانەوەی خێزان بەرامبەر بە ئەندامەکانی لەسەر بنەمای پەیوەندیی خوێنی و خزمایەتی و ویژدان و سیلەی ڕەحمەوەیە، لەکاتێکدا کرانەوەی ڕێژەیی کۆمەڵگا لە بەرامبەر تاکەکانیدا لەسەر بنەمای یاسا کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە. بۆی هەیە باوکێك لە ناو خێزاندا زۆر کراوەبێت لەبەرامبەر منداڵەکانیدا و پشتگیریی پڕۆژە و خواستەکانیان بکات، بەڵام هەر ئەو باوکە لەناو سیستەمی کۆمەڵگادا دەبێتە ملکەچ بۆ یاساکانی باوکسالاریی و نۆرمەکانی دیواخان.

لەو قسانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: بونیادی خێزان و سیستەمی کۆمەڵگا هەمیشە تەبا نین لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ لاوەکان، مەرج نییە ئەو ستەمەی لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئیداریدا لە لاوەکان دەکرێت، درێژکراوەی هەمان ستەم بێت کە خێزان دەیسەپێنێت بەسەریاندا. بۆ نمونە: هەموو خێزانێك حەز دەکا و هەواڵی تەواوی خۆی دەدات تاکو ڕۆژگارێ منداڵەکانیان خوێندن تەواو بکەن و لە ئیدارەیەکدا دابمەزرێن، بەڵام گەلێ جار ئەم هەوڵدانە دوای تەواوکردنی خوێندن بە تێکشکان دەگات چونکە سیستەمەکانی کۆمەڵگا بەدەنگ ئەم خواستەوە نایەن و ئیدی زۆرجار خێزانەکان دەبێت ملکەچی لۆژیکی کۆمەڵگا بن، کە بۆی هەیە لۆژیکێکی دڵڕەق بێت و ئەو ئەندامەیان فڕێداتە سەر جادەکان بۆ کاسپی، یان سەری پێهەڵگرێت بۆ هەندەران..

(٢)

(بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگا)ش کە خۆی لە سەقامگیریی سیاسی و هاوسەنگیی ئابووری و ئاساییشی ئیداریدا دەبینێتەوە، کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ سەر ماوەی گەنجێتی و درێژ و کورتبوونەوەی تەمەنی لاوێتی. بە شێوەیەکی گشتیی، لە کۆمەڵگا هاوسەنگ و ئاساییشەکاندا تەمەنی لاوێتی درێژترە وەك لە کۆمەڵگا ئاڵۆز و

ناسەقامگیرەکاندا. کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ناهاوسەنگ و نا سەقامگیرە و هەمیشە ئەرکی قورستر دەدات بەسەر لاوەکاندا کە ئەو ئەرکانەش دەبنە هۆی کورتکردنەوەی تەمەنی لاوێتییان. مەرج نیە هەمیشە ئەو ئەرکانە ئەرکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بن، بەڵکو زۆرجار و لە سێبەری ناکۆکی حیزبایەتیدا، ژیانی گەنجەکان بەجۆرێ ئایدیۆلۆژیاوی دەکرێت، کە ئەوان نەتوانن چێژ لە ماوەی لاوێتی خۆیان وەربگرن و هەر زوو ببنە خزمەتکارێکی ئایدیۆلۆژیای حیزبێك لە حیزبەکان... کەواتە دۆخی گشتیی کۆمەڵگا چەندە لە ڕووی ئابوورییەوە هاوسەنگ و لە ڕووی سیاسییەوە دوور بێت لە توندوتیژیی، ئەوە ماوەی لاوێتی تیایدا بەرینترە و پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاستە.

(٣)

من پێم وایە (سیستەمی پەروەردەیی) خۆیشی هۆکارێکی دروستبوونی کێشەی لاوەکانە. سیستەمی پەروەردەیی خۆی لە خۆیدا پلانی عەقلانیانەی کۆمەڵگایە بۆ پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوە. سیستەمی پەروەردە وەستانێکی ئاوەزمەندانەی دەسەڵاتە لەسەر دەستەیەکی گەورەی کۆمەڵ، کە لاوەکانن، بەمەبەستی کاناڵیزەکردنی ژیانیان بەرەو ژیانێکی بەسوود و ڕۆشنگەر و پەروەردەکراوی مەنهەجیانە. ئەم سیستەمە لە دوای خێزان و کۆمەڵگا، سێهەمین وێستگا و ئەڵتەرناتیڤێکی بەبەرنامەیە بۆ لە ئامێزگرتنی لاوەکان. بەڵام وەختێك لاوەکان لەناو ئەم سیستەمەشدا دووچاری نامۆبوون هاتن و هەستیانکرد ژیانیان بەرەو ژیانێکی ئاسایی کاناڵیزە نابێت، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو سیستەمە پەروەردەییە هەمان میکانیزمەکانی خێزان و کۆمەڵگا لە سەر لاوەکان دووبارە دەکاتەوە. ئەمەش بارودۆخیی سیستەمی پەروەردەیی وڵاتی ئێمەیە کە هەتا ئێستاش بە نیسبەت لاوەکانمانەوە نەبۆتە ئەو ئامێزەی کە پێویستە ببێت و کەسێتی لاوەکان بینا بکاتەوە. ئەمەش لەبەر کۆنیی ئەم سیستەمە و عەقڵییەتەکانی ناوی و بوار نەدان بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی خۆی، هەروەها لەبەر ئەو هاوشێوەییەی کە لەنێوان باوکانی خێزان و باوکانی کۆمەڵگاو باوکانی قوتابخانەدا هەیە.



**ئەنجام:**

دواجار دەمەوێت بڵێم: بەشێوەیەکی ڕاستە و خۆ سێ پانتایی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە گەنج تیایدا سەرهەڵدەدات: لەیەکەمیاندا دروست دەبێت و نەشونما دەکات: (خێزان)، لە دووەمیاندا دەبێتە کائینێکی کۆمەڵایەتی: (کۆمەڵگا) و لە سێهەمیاندا پەروەردەی عەقڵیی دەکرێت (قوتابخانە، زانکۆ و دامەزراوە پەروەردەییەکان).

ئەم سێ پانتایە لە ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا لە قەیرانی گەورەی خۆیاندا گیریان خواردووە، چونکە:

یەکەم: (خێزان) لە گۆڕان و هەڵوەشانەوەدایە و خەریکە هێدی هێدی ڕۆڵە تەقلیدیەکەی خۆی لە دەست دەدات، کە (کۆکردنەوە)ی ئەندامەکانی بوو لە یەك شوێندا کە (ماڵ)ـە، (هەڵبەت لە هەندێ دۆخدا حیزب جێگەی خێزانی گرتۆتەوە).

دووەم: (کۆمەڵگا) لە قەیران و ئاڵۆزبووندایە و زۆرجار ئەندامەکانی خۆی لە زۆنگاوی بێکاری و فەرامۆشیدا بەبێ هیچ ئەرکێك جێدەهێڵێت، نەك لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا فێری ململانێیان بکات. بەمجۆرەش لاوەکان دەبنە کۆمەڵەیەکی بێ کایە.

سێهەم: (دامەزراوە پەروەردەییەکان) لە قەیراندان، چونکە لەمێژە دەرگای ڕەخنەیان بەسەر خۆیاندا داخستووە و ئەمەش زیاتر کردوونیەتە دامەزراوێکی (تەئدیبی و چاوسوورکەرەوە) تاکو شوێنێکی پەروەردەیی (هەڵبەت لە زۆر شوێنیشدا دامەزراوە پەروەدەییەکان شوێنی خۆیان بۆ مزگەوت، کە دامەزراوێکی ئایینیە چۆڵکردووە).

کەواتە لە پشت کێشەی لاوەکانەوە کێشەی سێ شوێنمان هەیە کە لاوەکان لێوەی سەرهەڵدەدەن، هەر بۆیەشە سەرهەڵدانی نەوە لەدوای نەوەی لاوەکانی ئێمە سەرهەڵدانێکی قەیراناوییە. بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە پێویستە لە ڕەخنەگرتنەوە لە خێزان و کۆمەڵگا و سیستەمی پەروەردەکردنەوە هەنگاو بنرێت، دەنا ڕۆژبەڕۆژ لە وڵاتی ئێمەدا تەمەنی لاوێتی کورتتر دەبێتەوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی بێ لاو، بێ وزەی تازەبوونەوە و بێ ئایندە دروست دەبێت.

(*) لە ژمارە سفری گۆڤاری بی. سات. دا بڵاوکراوەتەوە.

## له وەرزی زستانەوە بۆ وەرزی ژیان

**بەدوای** یەکەم بارانی ئەمساڵدا (ساڵی ٢٠٠٠) هەفتەنامەی (ڕێگای کوردستان) لە سەر وتاری ڕۆژی چوارشەممە ٨١ی ئۆکتۆبەردا و لە ژێر ناونیشانی (خۆ ئامادەکردن بۆ وەرزی زستان)دا نووسیبووی:

(١) (سەرەتاکانی زستان و سەرما دەرکەوتن، وەکو هەموو ساڵێکیش خەڵك لە کۆششی خۆ ئامادەکردندان بۆ پێشوازی دەرهاوێشتەکانی ئەو وەرزە).

(٢) (هەڵبەت دەبێ خۆئامادەکردن لە کارێکی تاکەکەسی یان خێزانییەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەرکێك لە ئەرکەکانی حکومەت بەوەی پێویستییەکانی خەڵك بۆ ئەو وەرزە دابین بکات).

لە نێوان ئەم دوو ڕستەیەدا دوو جیهانبینی و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ژیان و جیهان: لە ڕستەی یەکەمدا مێژووی کۆیلایەتی و گیرۆدەبوونی مرۆڤمان بەدەست تووڕەیی و میزاجی سرووشتەوە بیر دەکەوێتەوە.. ئەم ڕستەیە باس لە دۆخێکی پێش مێژوویی و سرووشتیی، باس لە قۆناغێك لە شارستانیەت و گەشەی ژیانی مرۆڤ دەکات، کە هێشتا ئەم مرۆڤە ملکەچی سرووشت و ئەو قەدەرە بوو کە سرووشت بۆی دەستنیشانکردبوو. مرۆڤ لەوێدا کائینێکی بێدەسەڵات و بچووك بوو لەبەردەم هێز و گەورەیی سرووشتدا وەك دەسەڵاتێکی ڕامنەکراوی تووڕە. هەربۆیەشە وەك لە شارستانیەتی (میسری و بابلی)دا دەیبینین، مرۆڤ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەم هێزە ڕامنەکراوەدا لەڕێگەی تەقسەکانی پەرستن و ئیمانەوە دەستنیشان دەکرد: لەلایەکەوە هەڵدەستا بەوەی (ملکەچ)ی بێت، چونکە لێی دەترسا، لەولای دیکەوە (قوربانی)ی بۆ دەدا چونکە دەیویست ڕازیی بکات و لەلای سێهەمیشەوە (دەیپەرست) چونکە لێی تێنەدەگەیشت. بۆیە لەگەڵ تازەبوونەوەی هەموو وەرزێکدا، وەك (ڕێگای کوردستان) دەنووسێ، دەبوو هەموو ساڵێکیش خەڵك لە کۆششی خۆ ئامادەکردندا بن بۆ پێشوازیی لە دەرهاوێشتەکانی ئەو وەرزە.



بە واتایەکی دیکە: ئەوە دەرهاویشتە و ڕاچەنینی وەرزەکان بوو، لافاو و بوومەلەرزەکان بوون، هەڵچوونەکانی دەریا و هەرەسەکانی چیا بوون، کە بڕیاریان دەدا بەرنامەی ژیانی مرۆڤ چۆن بێت، نەك ئیرادە و ویستی مرۆڤ خۆی. ئەوەی گرنگ بوو مانەوەی مرۆڤ بوو لە ڕۆخی ژیاندا بە هۆی تەقسەکانی عیبادەت و ملکەچی و قوربانیدانەوە لە پێناوی پارێزگاریکردنی ئەو ژیانەدا. بۆیە دەتوانین ڕستەی یەکەم بە ئاراستەی ئاماژەکردنێك بۆ ڕابردوو، بە ئاراستەی یادوەری و تراژیدیا، یاخود وەك بیرهێنانەوەیەکی مێژوویی بخوێنینەوە، کە تیایدا ترس لە سرووشت ڕەنگیداوەتەوە.

وەلێ ڕستەی دووەمی سەروتارەکەی (ڕێگا) ڕستەیەکە دەمانخاتە ناوجەرگەی بارودۆخی ئێستاوە. داوامان لێدەکات ئیش بە ئیرادەی، نەك هەر تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خۆمان بکەین، بەڵکو ئیرادەی سیاسیش دەکاتە لایەنێکی بەرەنگاربوونەوەکە. پێماندەڵێ: خۆ ئامادەکردن و بەرەنگاربوونەوە لەئاست دەرهاوێشتەکانی وەرزی زستاندا، هەر تەنیا ئەرکێك نیە لەسەر شانی ئێمە بێ وەك تاکەکەس و وەك خێزان، ئەمەش بەوەی بەرمیلەکانی نەوت و سووتەمەنیماڵەکانمان پڕبکەینەوە تا ژیانمان بەردەوام بێت، (هەروەکو چۆن وەرزی هاوین ناچاری کردین ببینە کۆیلەی قاڵبە سەهۆڵە خلۆتاوییەکان)، بەڵکو دەبێت ئەم ئەرکە بگوازرێتەوە بۆ سەرشانی دەزگایەك کە لە ڕێگەی سیاسەتەوە، واتە هونەری ئیدارەکردنەوە، سەرپەرشتیی کۆمەڵگا دەکات و خۆی ئەم ئەرکەی هەڵبژاردووەو و خۆی مەسئوول کردووە لەئاست جێبەجێکردنیدا. بەم پێیەش ڕستەی دووەم دابڕانێك لەگەڵ تێڕوانینی ڕستەی یەکەمدا دروستدەکا و لە جەنگەڵە ساردەکانی ناو سرووشتەوە فڕێماندەداتە باوەشی بێڕەحمی واقیعەوە. ڕاستە ئێمە لەم گواستنەوەیەدا ڕزگارمان بووە لە عیبادەتی سرووشت و هێدی هێدی فێربووین لەهێزی دیکە بترسین و ملکەچیان بین و قوربانییان بۆ بدەین، بەڵام زۆر جار واقیع لە جەنگەڵ سەختتر و پاراستنی ژیان لە ناو کۆمەڵدا دژوارترە وەك لەناو سرووشتدا. ئێمەی مرۆڤ توانیمان بە درێژایی هەزاران ساڵ، دەسەڵاتی سرووشت لەسەر ژیانی خۆمان کەمبکەینەوە و هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی ژیان ببێتە (قەڵەمڕەوی خۆمان) بەبێ ئەوەی ترسی دەست تێوەردانی خواوەندەکان و هێزە ڕامنەکراوە شەڕانییەکانمان بەشێوەی جاران لەسەردا بمێنێ. بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا بڕوامان بە هێزێکی دیکە هێنا و خستمانە جێگەی خواوەندەکان، کە ئەمڕۆ ئەو هێزە لە (دەزگای حوکمەت)دا، بەرجەستە بووە و ئەم دەزگایەش وادەی پێداوین ئیدارەمان بکات و ئەرکی پاراستنی ژیانمان بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەبەرئەوە چەندە ئێمە لە ئاستی فەردی و کۆمەڵییدا پێویستە خۆمان بۆ وەرزی زستان ئامادە بکەین و ژیانی خۆمان بەردەوام بکەین، هێندەش زیاتر پێویستە لەسەر حکومەت خۆی ئامادە بکات بۆ مانەوەی خۆی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانییەوە. ئەنجامی فەرامۆشکردن و گوێنەدان بەو ئەرکانەش هەر لەوەدا نیە کە ژیان و بەردەوامیمان لەلایەن دەرهاوێشتەکانی وەرزی زستانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو لەوەدایە کە سەرجەمی ژیان ببێتە (وەرزێکی زستانیی) و پڕ لەدەرهاوێشتەی چاوەڕواننەکراو. من پێموایە ئینسان دەتوانێ دژوارییەکانی وەرزێکی ساڵ و ناخۆشییەکانی لەبیر بچێتەوە، هەروەکو چۆن بەکەمێ ئازارەوە ئاسانە لەبیرچوونەوەی بێوەفاییەکانی وەرزی عەشق، بەڵام لەبیرچوونەوەی وەرزە سەختەکانی سیاسەت بەهیچ شێوەیەك ئاسان نیە، بەتایبەتیش کە نەتەوەی ئێمە گەلێ وەرزی سیاسیی ناکام و دژواری گوزەراندووە. بەمجۆرە لە ڕێگەی قسەکردنەوە لەسەر سرووشت، ناچار دەبین قسان لەسەر ژیان بکەین و لە ڕێگەی وەبیرخۆهێنانەوەی ئەرکە فەردی و کۆمەڵییەکانمان، پێویستە ئەرکە سیاسی و ئیدارییەکان بەبیری حوکمەت بهێنینەوە. (ڕێگای کوردستان) بەم سەر وتارەی ناچارمان دەکات بە جۆرێکی دیکە بیر لە ئەرکی ڕۆژنامەگەریی بکەینەوە، هانمان دەدات تێبگەین کە مەرج نیە سەر وتار هەر تەرخان بێت بۆ ڕووداوێکی کارەساتاوی و خوێن تیاڕژاو، بەڵکو دەشێت پێشبینی ئەو ڕووداوانەش بێت کە هێشتا ڕوویان نەداوە و دەشێت خوێنیان تیا نەڕژێت!. لەڕاستیشدا ئەرکی ڕۆژنامەگەری هەر تەنیا ڕیوایەتکردنی ڕابردوو نییە، هێندەی ئەوەی بەرهەمهێنانی ڕیوایەتێکیشە لەسەر داهاتوو، هێندەی ئەوەی ڕێخۆشکردنە بۆ بەردەوامیی ژیانی ئینسانیمان لە داهاتوودا. لێرەشەوە هەموو خۆ ئامادەکردنێ بۆ وەرزی زستان، دەبێتە خۆئامادەکردنیش بۆ وەرزی ژیان.

**١٩/١٠/٢٠٠٠ هەولێر**

(*) ڕێگای کوردستان، ژمارە: ٥٢٤ی ڕۆژی ٢٥/ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠

## ترس له ئاوێنه و نەفرەت له بۆنی خۆش(*)

**ماوەیەکە** سالۆنەکانی ئارایشکردن بونەتە ئامانجی تەقاندنەوەکان و چەند کەسێکیش بونەتە قوربانی. بەلای منەوە ئەم دیاردەیە هەرتەنیا جۆرێك نیە له توندڕەوی له ئاست شوێندا، وەك شوێنێ كە گوایە سەرچاوەی فەساد و بێفەرمانییە لە ئاست بڕیارە ئاسمانیەکاندا. بەڵکو ئەم دیاردەیە جۆرێکە لە کەوتنە ناکۆکیی لەگەڵ قۆناغێکی شارستانیەت و بەکوێرەڕێ گەیشتنیشە لە ئاست بەردەوامکردنی ژیان خۆیدا و لێرەشەوە هەڵدەگرێ قسانی لەبارەوە بکەین.

بێگومان لە ڕوانگەیەکی دیاردەناسانەوە، سالۆنەکانی ئارایشکردن بە (ئاوێنە و بۆنە خۆشەکان)یاندا دەناسرێنەوە و لێرەشەوە ئاوێنە و بۆنی خۆش دەبنە هەڵگری گەلێ دەلالەتی کەلتووری و شارستانی، کە ڕەنگە لە سەرووی هەموویانەوە دەلالەتی دڵخۆشکردنی مرۆڤ بێت بە جەستە و ژیانی خۆی وەك خودێکی سەربەخۆ و جەختکردنەوەی بێت لەسەر ئەوەی وەك بووێکی زیندووی خاوەن سیمای تایبەت لە کۆمەڵگادا بێت و بچێت. هەروەها دەکرێ چونە بەر ئاوێنە وەك قۆناغێکی گرنگ لە دەرکی ئێستاتیکیانەی مرۆڤ بۆ ژیان و زیندوویی و دڵنیابوونەوە لە خۆی لێکبدرێتەوە و سەلمێنەری بەرگریی مرۆڤ بێت لە ئاست تێپەڕینی تەمەن و ئەو دڕندەیی و دزێویانەی دەیانەوێ ژیان و بونمان لێزەوت بکەن. بەڵام چونە بەر ئاوێنە و بۆنی خۆش بەخۆداکردن هەڵگری هەندێ دەلالەتی دیکەشن، کە پەیوەندییان بە ئاڵوگۆڕی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە: تەماشاکردنی ئاوێنە دەریدەخا کە ئێمە خاوەنی کاتێکی زۆری دەستبەتاڵین (جا ئەمە لەبەر ئەوەبێت کە لە کۆمەڵگایەکی ڕەفاهیدا دەژین، یاخود لەبەرئەوەی ڕێژەی بێکاری لە کۆمەڵگاکەماندا زۆرە!)، هەروەها بۆن لەخۆدان دەریدەخا، ئێمە دەتوانین ئەو بۆنانە بکڕین (واتە لە ڕووی ئابوورییەوە شوێنپێمان پتەوە) و دەشزانین بەهۆی بەکارهێنانیانەوە سەرنجێکی زیاتر ڕادەکێشین (واتە لە ئاستێکی هووشیاری تایبەتداین بۆ خوێندنەوەی بەرامبەر)، ئەمە



جگەلەوەی بۆنی خۆش لە خۆیدا جۆرێکە لە تەمەنناى ئاخاوتن و ئاماژەدان بە ڕەگەزی بەرامبەر بەبێ ئەوەی زمان بەکار بهێنین.

لەڕاستیشدا لەبنەماوە بۆنەکان لەپێناوی ڕازیکردنی خواوەندەکاندا بەرهەمهاتوون: بەوەی مرۆڤ بۆنە خۆشەکانی بکردایەتە قوربانیی، دەیتوانی لەگەڵ خواوەندەکاندا لە پەیوەندیدا بێت و خۆی بخاتە بەر فوارەی میهر و بەزەییان. لە کەلتووری میسریی کۆندا، بۆنەخۆشەکان بواری ئەوەیان بۆ چینی باڵا ڕەخساندبوو کە بتوانن وەکو خواوەند بژین. واتە بتوانن خۆیان لە عامەی خەڵك جیا بکەنەوە. بەمجۆرەش لە ڕووی کەلتووری و مێژووییەوە، بۆنی خۆش دەبەسرێت بە لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی ژیانی مرۆڤەوە و پێویستیی ئەو مرۆڤە دەردەخات بە نزیکبوونەوەی لە دەسەڵاتێکی باڵاوە. ڕەنگە هۆی بەکارهێنانی بۆنە جیاوازەکانیش لە تقوسی زۆربەی هەرەزۆری ئایینە گەورەکانی وەك: بودایيەت، یەهودیەت و مەسیحیەت و ئایینی ئیسلامیشدا، هەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە و پێویستیی مرۆڤ بە هاوسەنگییەکی مەعنەوی لەگەڵ خۆی و خودای خۆیدا، ئاشکرا دەکات.

بەکورتی، بۆنی خۆش دەسەڵاتێکی نەبینراوی سەیری هەیە کە دەتوانێت لە هەموو شوێن و بۆنەیەکدا ژیاندۆستی مرۆڤ و خواستی ئەو مرۆڤە بۆ مانەوە لە پەیوەندیی لەگەڵ یەزدان و ئینسانەکانی دیدا، بسەلمێنێ. مرۆڤی بۆنخۆش، مرۆڤێکە دەیەوێت لێمانەوە نزیك بێت، هەست بە بوون و ئامادەیی بکەین و لەکاتی ڕۆیشتنیشیدا بەو بۆنەدا بیناسینەوە، کە هێشتا پاشماوەکەی لە فەزای ژوورەکانماندا ماوە و سەرچاوەیەکە بۆ چالاککردنی بیرەوەریمان لەسەر ئەو کەسە. بەمجۆرەش بۆن نیشانەیەکە بۆ ناسینەوەی ناسنامەی کەسێتی ئێمە و لەهەمان کاتیشدا هەڵگری خەسڵەتەکانی ئەو چینە کۆمەڵایەتی و کەلتووری یەیە کە لێوەی هاتوین و ئاستی چێژبینینی ئێمە لە ژیان و جیهان ئاشکرا دەکا.

ئەگەر بۆن لەخۆدان خواستی مرۆڤ بێت بۆ مانەوەی لە پەیوەندیدا لەتەك خودای خۆیی و مرۆڤەکانی تردا، ئەوە تەماشای ئاوێنەکردن خواستی مرۆڤە بۆ مانەوەی لە پەیوەندیدا هەم لەگەڵ خودی خۆی و هەم لەگەڵ ئەوانیتریشدا. لێگەڕێ با کەمێ لەسەر ئەم خاڵە بوەستم:

بەلای دەروونشیکاریکی وەك (ژاك لاكان)ی فەرەنسییەوە، ئاوێنە، ئەو دیاردە جیاکەرەوەیەیە کە سنووری نێوان قۆناغی (خەیاڵی) و قۆناغی (ڕەمزی) لە ژیانی منداڵدا، دیاریدەکات. منداڵ لەنێوان شەشەمین و هەشتەمین مانگی ژیانیدا ڕووبەڕووی وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبێتەوە: لە قۆناغی یەکەمدا وێنەکە تێکەڵدەکات لەگەڵ واقیعدا، لە قۆناغی دووەمدا تێدەگات، کە ئەوەی دەیبینێ وێنەیە و لە قۆناغی پاشتردا بۆی دەردەکەوێ کە وێنەکە، وێنەی خۆیەتی. لەم پرۆسە سەرسووڕهێنەرەدا، کە منداڵ بەهۆیەوە وێنەکە لەناوەوەی خۆیدا جێگیر دەکا، ئەوە لەهەمان کاتیشدا هەڵدەستێ بە پێکەوەنانی پارچە هێشتا لێکدابڕاوەکانی جەستەی خۆیشی. ئەمەش بەو مانایەی پێش ئەم ڕووداوە، منداڵ جەستەی خۆی وەك یەکەیەکی سەربەخۆ دەرك ناکات و ناتوانێت لە پەیوەندیی نێوان بەشەکانی لەشی خۆی تێبگات.

بەبێ ئەوەی پێویست بێت لەسەر خوێندنەوەی لاکانیانە بۆ ئەم دیاردەیە بەردەوامبم، دەمەوێ ئەنجامگیریی تایبەتی خۆم بهێنمە دەست: ئاوێنەکان ئێمە بەخۆمان دەناسێنن و دەمانکەنە خاوەنی جەستەی خۆمان و دەمانخەنە سەر ڕێچکەی پەیوەندیگرتن لەگەڵ خودی خۆمان و پاشان ئەوانیتریشدا.

تایبەتمەندیی هەرە دیاری تەماشاکردنی ئاوێنەکان ئەوەیە، کە دەبێت ڕووبەڕوویان بوەستین تاکو بتوانین ئەو نیشانەیە، یاخود ئەو وێنەیە بەڕوونی ببینین کە وێنەی ئاسایی خۆمانە و لەسەر، یان لەناو ڕووبەری ئاوێنەکەدا وەك بەڵگەی بوونی ئینسانیانەی ئێمە پەرچ بۆتەوە. ئاوێنە پەرچکەرەوەی وێنەی ئێمەیە نەك تەنیا وەك ئەوەی کە هەین، بەڵکو وەك ئەوەی کە تیشکی ڕووناکایی خۆر ڕێگە بەدیتنمان دەدات، واتە وەك قەوارەیەکی بەرجەستەبوو لە ناو پانتایی ژیاندا، نەك لەناو قەڵەمڕەوی مەرگدا. چونکە دەزانین تەنیا شتە زیندووەکان تیشکی خۆریان بەردەکەوێ و شتە مردووەکان لە ژێر خاکدا دەشاردرێنەوە.

بۆیە ئێمە ناتوانین خۆمان لەناو ئاوێنەیەکدا ببینین لەکاتێکدا پشتمان لێی بێت و نەمانەوێ تەماشای بکەین، واتە ئێمە خۆمان لە ناو ئاوێنەیەکدا بۆ نادۆزرێتەوە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاشکاو لەبەرامبەریدا نەوەستین و ڕووبەڕووی نەبینەوە. بەڵام بۆئەوەی بتوانین لەبەرامبەر ئاوێنەکاندا بوەستین، دەبێت خاوەنی بەهایەك بین بۆ خۆمان و خۆمانمان وەك مرۆڤی ئاسایی خۆش بوێت، تاکو بشتوانین ببینە قەوارەیەکی بەرجەستەبووی ئاسایی لە پانتایی ژیانی ئەوانیتریشدا. ئەو تیشکە زیادەیەی کە لەگەڵ تیشکی خۆرەکەدا بەر جەستەی ئێمە دەکەوێت و وادەکات لەبەردەمی ئاوێنەکەدا، دڵمان بەخۆمان خۆش بێت و خۆمان بناسینەوە: تیشکی نیگای ئەویترە بۆ ئێمە، بەوجۆرەی کە خەیاڵی لێدەکەینەوە، یاخود وێنای دەکەین. چونکە مەرج نییە ئەویتر لەو کاتەدا ئامادە بێت کە ئێمە تیایدا تەماشای ئاوێنەکان دەکەین. هەرتەنیا خەیاڵکردنەوەی خۆمان لە ئەوانیتر بەسە بۆ ئەوەی تیشکی نیگایان بڕژێتە ئاوێنەکەوە و ئێمە وەك ئەوەی کە هەین، خۆمان ببینین. دەمەوێت بڵێم: ئەوەی نرخ و بەها دەبەخشێتە ئێمە، دانپیانانی ئەوانیترە بە ئێمەدا وەك کەسانێك کە مافی ئەوەمان هەیە بەردەوامبین لە ژیان. بەڵام ئێمە ناتوانین سەرنجی ئەوانیتر بەلای خۆماندا ڕابکێشین و داوای نرخ و بەهایان لێبکەین ئەگەر خۆمان بۆخۆمان سەرنجڕاکێش نەبین و نرخێکمان نەبێت بۆ خودی خۆمان و نەمانەوێت بەردەوامبین لە ژیان.

لێرەوە، هەموو جارێك کە دەچینە بەردەمی ئاوێنەکان، پڕۆڤە دەکەین بۆ چوونە بەردەم ئەوانیتریش، هەموو جارێ کە لەبەرامبەر ئاوێنە و لەبەرامبەر وێنەی خۆماندا دەوەستین، هەنگاویش دەنێین بۆ ڕاوەستان لەبەرامبەر ئەوانیتریشدا، هەموو جارێکیش کە لەنیگای ئاوێنەکە و نیگای ئەوانیترەوە نرخ بۆ بوونی خۆمان بەدەست دەهێنین، ئەوە نرخ و بەها بەسەر ئەوانیتریشدا دەبەخشینەوە. بۆیە وەستان لەبەردەم ئاوێنەکاندا جۆرێکە لە بەخشینی بەردەوام. بەخشین لە کەسێکەوە کە دەتوانێت ژیانی خۆشبوێ، خۆی خۆشبوێ و ئەوانیتریشی خۆشبوێ.

هەر بۆیەشە ئەوانەی کە ناتوانن ڕووبەڕووی خۆیان ببنەوە و پارچە لێکدابڕاوەکانی جەستەی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان پێکەوە ببەستنەوە، ناشتوانن لەبەرامبەری ئاوێنەکاندا ڕابوەستن و وێنەی پەرچبووی خۆیان وەك بەڵگەی زیندوویی خۆیان ببینن. لەم بارودۆخەدا، ئەو کەسە نەك هەر ناتوانێت ئەوانیتر بناسێتەوە، بەڵکو ناشتوانێت بەهیچ شێوەیەك بەخشندە بێت. تەنیا کارێك لەو کاتانەدا لەدەستی دێت، بریتییە لە

ڕاپێچکردنی هەمووان بەرەو ئەو زوڵمەتەی کە خۆی تیایدا ونبووە: خۆشبەختانە ئەو ناتوانێت لەسەرچاوەکەوە ژیان لە ئەوانیتر بستێنێتەوە، دەستی بە خۆر ناگات لە ئاسمان، تاکو تیشکەکانی بڕنێتەوە، بەڵام دەستی بەو شتانە دەگات کە بەردەوامیی تیشکی خۆرن لەسەر زەوی و وەبیرهێنەرەوەی بەردەوامیی ژیانن بەنیسبەت مرۆڤەوە. لە لۆژیکی ئەودا، ئاوێنەکان ژیان و خودێتی بەبیری مرۆڤ دەهێننەوە، بۆیە دەبێت لە شکاندنی ئاوێنەکانەوە دەستپێبکات. بەمجۆرەش ئاوێنەکان سەرچاوەی ترسی ئەون لە ژیان و مرۆڤ و بەهاکان، چونکە ئەو هەموو ئەمانەی لەدەستداون. دژایەتیکردنی ئەو بۆ بۆنی خۆشی عەترەکان و سیمای خاوێنی ئاوێنەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بەکوێرەڕێ گەیشتنی لەئاست قۆناغێکی شارستانیەت و گەشەی کۆمەڵگادا، کە بۆن و ئاوێنەکان (وێڕای هەموو دەلالەتەکانی دیکەیان)، نیشاندەری دەرککردنێکی ئێستاتیکیانەی مرۆڤیشن بۆ ژیانی خۆی..

بەدرێژایی ئەو ساڵانەی لە لادێ دەژیام و تەنیایی منداڵانەی خۆمم دەبردە سەر، ملیوانکەیەکی مێخەك و لەتە ئاوێنەیەك بەدیواری ماڵەکەمانەوە بەرزتر لە باڵای من هەڵواسرابوون، کە دەبوو تەنەکەیەك دابنێم بۆ ئەوەی خۆمی تیادا ببینم و لەو کاتەشدا بۆنی مێخەکەکان بکەم. بە ڕاگواستن و سووتاندنی گوندەکان لەلایەن بەعسییەکانەوە، مێخەکەکان لەیەکتر ترازان و ئەو لەتە ئاوێنەیەش شکا و پێدەچێت لە ژێر داروپەردووی سووتاوی ماڵدا، وردوخاش بووبێت. بۆیە ناتوانم جارێکی تر بۆ دۆزینەوەی سیمای مناڵیی خۆم بەدوایدا بگەڕێم، چونکە دەزانم مناڵییەکانیش وەك لەتە ئاوێنەکان وردوخاش دەبن.. وەلێ بۆ پێکەوە لکاندنەوەی پارچەکانی جەستەم لە چێژکردنی بۆنە خۆشەکان و لە تەماشاکردنی ئاوێنەکان ناوەستم.. ئەو بەیانییەش کە بەبەردەمی ساڵۆنێکی تەقێنراوەی ئاراییشدا تێپەڕیم، هەمان بۆنی بارووتم ناسییەوە، کە مناڵێم و گوندەکەمانی سووتاندبوو، بەڵام بۆنی عەتر و لەتە ئاوێنەی شکاوی ساڵۆنەکە لە خەونێکی ئیرۆسیانەدا تێکەڵی یەکتر ببوون و بەسەر شەقامەکەدا بڵاوببوونەوە.

**٨/١١/٢٠٠٠، هەولێر**

(*) هەفتەنامەی گوڵان ژمارە: ٣٠٨

## لێدوانێك بۆ تێزابرێژەكان(*)

**لەنێوان** جەستەی قوربانی و ئەو (سرنج)ـەدا کـە پـڕە لـە تێـزاب، لـە نێـوان دەستنیشانکردنی تێزابرێژ بۆ بەشێ لە جەستەی ئافرەتان و ئەو پەنجەیەدا کە فشار بۆ سرنجەکە دەبات، (چاو)ی جەللاد ئامادەیە.

من ناتوانم لە حەکایەتی ئەو کـچ و ئافرەتانـەی بونەتـە قوربـانیی و لـە دیمـەنی جەستەی سووتاویان و لە پشت ئەو فەتوایەوە کە تێزابرێژ پـشتی پێدەبەسـتێ و لـەو کاتەوە کە ئەم دیاردەیە دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نیشتیمانەکەم، ئەو (چـاو)ە لەیاد بکـەم کـە لـەناو قەرەباڵغییـەکانی شـاردا، لـە تەنگەبـەریی قەیـسەری و لـە تاریکاییەکانی کۆڵاندا، بەشێ لە جەسـتەی کـچان دەکاتـە نیـشانەی زەبـری خـۆی. بەرلەوەی عەقڵی فتوادەر ئەمکارە حەڵاڵ بکا، بەرلەوەی ئیدارەی سیاسی بێدەسەڵاتی خۆی لەم بوارەدا بشارێتەوە، بەرلەوەی تێزابوەشێن خۆی بکا بە دەروازەی بازەڕەکانـدا و قوربانییەکانی بدۆزێتەوە، بەرلەوەی دەماخی ئەمەیان فـەرمان بـۆ پەنجـە گـەورەی دەرکا تاکو فشار بخاتە سەر سرنجەکەی نێوان هەردوو پەنجەی دۆشـاومژە و باڵابـەرزە، (چاوەکان) ئامادەن.

چاوەکان لە پشت بەقوربانیکردنی ئەو لەش و سیمایانەوە ئامادەن کە چـیدی وەك لـەش و سـیمای ئاسـایی نایـانبینین.. هەربۆیەشـە مـن پێموایـە بەرلـەوەی تێـزاب سیمایەکی تێکچووی شێواو بداتە لەشی کچانی شارەکەم، بەرلەوەی ببێتـە نیـشانەی دزێوکردنی ڕووخساریان، تێکـچوون و شـێواوی و دزێـوی ئـەو ئـایین و سیاسـەت و چاوانەم بۆ دەسەلمێنێ، کە چـیدی نـاتوانن جیهـان و جوانییـەکانی مـرۆڤ لـە دۆخـی سرووشتیی خۆیاندا ببینین. ئەو چاوانە ئامـاژە بـە جیهـانێکی شـێواو، ئایندەیـەکی شێواو، مرڤبوونێکی دزێو و تەنانەت یۆتۆپییایەکی شێواویش دەکەن.

چاوی شێواو چاوێکە پێش هەموو شتێ ناتوانێ ببینێ و بیـنین هەڵگێڕێتـەوە بـۆ جۆرێ لە ئاڵوگۆڕ لە پێناوی دەرككردنی ئینسانیانەی دنیا و مرۆڤەکانی تردا. لێرەوە



جەسـتەی مرۆڤـەکانی تـر لەبـەردەم ئـەو چـاوانەدا، دەبنـە یەکـەمین پانتـایی بـۆ بەرجەستەکردنی ئینسانیەتێکی شێواو، نیگایەکی ئاڵۆز و دەبنە تۆمارێ لەبارەی ئەو چاوانەوە کە ناتوانن نائینسانیەتی خۆیان بشارنەوە. چونکە کاتێ چـاوێ نـەتوانێ لـە جەستەدا جوانی و لە ئینساندا گەورەیی و لە نیگادا دەرككردن بەرجەستە بکا، یـەك ڕێگای لەبەردەمدا دەمێنێ: گوێی پڕکا لە فەتوا، سرنجێ پڕكات لەتێزاب و پەنجەکانی لە فشار و دەماخی لە ڕق.

کێشەی من ڕشتنی هەموو بەرمیلەکانی تێزاب و فڕێدانی هەموو سرنجەکان نییـە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی شار، چونکە هەر بەتـەنیا ئەوانـە جەسـتەمان ناخەنـە بـەر هرووژم و شاڵاو. شارەکەمان تازە پڕە لە بـەرمیلی دیکـە و دەبـەی تـر و شـرینقە و قاپۆڕی فیشەك و ئەڵغامی نەتەقیو، پڕە لە خەنجەری خوێناوی، تفەنگی ژەنگگرتـوو، تازە هەمووشمان بـە وردەئاسـن و پارچـەتەنەکە و وایـەری داینـەمۆ کارەباییـەکان و خڵتەی ناو قاڵبە سەهۆڵەکان ڕاهاتووین.. کێـشەی مـن فڕێـدانی ڕقـە لـە دەمـاخی ئینـسانەکان بـۆ ئـەودیو سـنوورەکانی شـار و سـنوورەکانی بـوون، تـاکو چـاوەکان هەستنەوە بە وەزیفەی سەرەکیی خۆیان کە بینینی ئەویتر و دەرككردنی ئینـسانیانەی بەرامبەرە. کێشەی من ئەوە نیە تێزابرێژەکان لـە شـورای زیندانـەکان قـاییم بکـەم، لەشەقامەکان دووریان بخەمەوە، لە ئاهـەنگ و کەرنەڤاڵـەکان دوورەپـەرێزیان بکـەم. بەڵکو کێشەی من ئەوەیە لەو سـاتەوەختی تۆرانـە، لـەو زەمەنـە شەخـسییەی ئـەو تێبگەم، کە ناتوانێ بە تێزابڕشتن نەبێ، تەعبیری لێبکات.

ûدەمەوێ لەو دڵشکانەت، لەو نائومێدیەت، لەو تووڕەییـەت تێبگـەم کـە تـۆی بردە سەر ڕێگای لەبیرکردنی چاوەکانت، کە فڕێی دایتە خوارەوە بۆ ناو نـەفرەت، کـە ئادەمیبوونی خۆتی لەبیر بردیتەوە و لەم جیهانەدا هیـچی پێنـەبڕیت لـە دوو چـاوی نابینا و سرنجێکی پڕ تێزاب و یەکـدوو پەنجـەی باریـك و دەمـاخێکی پـڕ لـە کینـە زیاتر...

دەزانم کە مرۆڤ بە تاکڕەهەندیی هەژار دەکرێ، کاتێ ناخی خۆی لێدەسـەنرێتەوە، کاتێ لە قووڵاییەکانەوە دەشێوێنرێ، ئیدی ناتوانێ شتەکان و ئینسانەکانی دەوروبەری خۆی، لە دۆخی ئاساییدا ببـینێ و شـێواوی نـاخ، داوای بـەزۆر شـێواندنی دنیاشـی

لێدەکات. بەڵام دەشزانم کە دنیای شێواو لە شێواوی چاوەکانەوە دەستپێدەکات و لێرەشەوە، چاوەکان ئەو سنوورەن کە دەتوانن بریننە شێوێنەرەکانی ناخ، بەهۆی جوانبینینی دنیا و مرۆڤەکانی ترەوە، سارێژ بکەن. دەتوانن بەهۆی بینینی زۆرترین و هەمەڕەنگترین دۆخەکانی ژیانەوە، بەهۆی ڕاپێچکردنی زۆرترین ژمارەی مرۆڤەوە بۆ ناوەوەی ئەو سنوورە، سیمایەکی جوان، هەمەڕەنگ و مرۆڤانەتر ببەخشنەوە بە ناخ و شکۆی ناخ بکرنەوە. بۆئەوەی ببیتەوە بە خۆت و دانسقەیی خۆت بدۆزیتەوە، گرنگە چاوەکانت وەك دەروازەیەکی هەردەم کراوە بەڕووی هەموو جیاوازییەکانی دنیادا ئاوالا بکەیت، تا هەست بەپڕیی و ڕەنگاوڕەنگی خۆت بکەیتەوە.

ئەوەتا لێرەم. لەبەرامبەرتا دانیشتووم و بەوردی دەڕوانمە چاوەکانت کە پڕن لە بەتاڵی و من دەزانم دەتوانیت جیهانیان پێ ببینیت. ئەوەتا پەنجەکانتم گرتوون و دەستەکانت پڕن لە بۆنی سرنج و خوێن و من دەزانم دەبوو بۆنی تۆقەیان لێهاتبا.. گوێم لە ئاژاوەکانی ناو سەرتە و تۆ ناتەوێ خۆت ئازاد بکەیت، دەنا لێم مەعلوومە ئێستا دەبوو وەك مرۆڤێکی ئاسایی پڕبویتایە لە وشە نەك لە ڕق.

ئەوەتا لێرەم: بەرلەوەی فشار بخەیتە سەر سرنجەکەی نێوان پەنجەکانت و تێزابەکەی ناویم پێهەڵپرژێنی، دەروازەی چاوانت بکەوە: تا وەك تاڤگەیەك لە ئینسانیەت برژێینە ناو نیگای یەکترەوە و لەو هەموو تەنیاییە ڕزگارت بێت. کاتێ بەخۆت دەزانیت ئەوەتا لێرەم: لەناو قووڵاییەکانی ناخی خۆتدا. کاتێ بەخۆت دەزانیت: بویتەوە بە خۆت.

تێزاب بە یەك شێوە نارێژرێت، مەرج نیە هەر بە سرنج و شرینقە تێزاب برێژرێ. مادام تێزابرشتن جۆرێکە لە جۆرەکانی نەفیکردنی بەرامبەر وەکئەوەی کە هەیە، ئەوە جۆرێکیشە لە جۆرەکانی ئاڵوگۆڕی نێگەتیڤ: ئاڵوگۆڕی نێگەتیڤ، جۆرێکە لەپەیوەندی کە هاوسەنگی و تەبایی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە هێشتنەوەی ئەو هەلومەرجانەی تێزابرێژەکان تیایدا پەروەردە دەکرێن، جۆرێکە لە تێزابرشتن. هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو بارەگایانەی کە پڕن لە (ئەهلی تێزاب)، جۆرێکە لە تێزابرشتن. ڕێزگرتنی زۆر و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی حەڵاڵکەر و فرۆشیارەکانی تێزاب، بە هەر بەڵگەیەك بێت، جۆرێکە لە تێزابرشتن. بێدەنگیی لە ئاست هاوار و



ئازاری ئەو حەکایەتانەی قوربانییەکان بۆمان دەگێڕنەوە، جۆرێکە لە تێزابرشتن. قێزکردنەوە لە برینداری و سیمای شێواوی ئافرەتە تێزاب پیارژاوەکان، جۆرێکە لە تێزابرشتن. گەڕان بەدوای هۆی ئەخلاقیدا کە بۆچی هەندێ لە کچانی ئێمە دەکەونە بەر شالاو، جۆرێکە لە تێزابرێژی، بێدەنگیی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، زانکۆ و دەزگا ڕەسمییەکان و خۆدزینەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان لە وێنەی تێزابرێژ و تێزاب پیارژاو، جۆرێکە لە تێزابرشتن.

بەڵام ڕەنگە مەترسیدارترین جۆری تێزابرشتنیش ئەوەیان بێت، کە هیچ بەرنامەیەکی سیاسیمان نەبێت بۆ ئەوەی ژمارەی تێزابرێژەکان کەمبکەینەوە و کارێ بکەین لە کۆمەڵگادا خۆیان بە شتێکی دیکەوە خەریك و سەرگەرم بکەن. چونکە دەستبەسەرکردنی تاوانبار دوای ڕووداوی تاوانەکە، هۆکارەکانی دروستبوونی تاوان کۆنترۆڵ ناکا. ئەمکارە بەرنامەی ورد و لێکۆڵینەوەی ئامانجداری دەوێ. ڕێگای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئافرەتکوژان و تێزابرێژەکان، ناچێتەوە ناو ژووری بەندیخانەکان و هۆڵەکانی مەحکەمە، بەڵکو دەبێت بچێتەوە سەر بەرنامەیەکی عەقلانی و بەردەم تێگەیشتنێکی دیکە لە کۆمەڵگا و چۆنێتی ئیدارەکردنی. چارەسەر ئەوە نییە لەگەڵ هەر کۆمەڵە ئافرەتێکدا کە دەچنە شوێنە گشتییەکان و بازارکردن، فەوجێ عەسکەر بنێرین و دەرگای قەیسەرییەکان بگرین. ململانێی ئێمە لە گرتنی ژمارەیەکی زۆری تاوانباراندا نیە، بەڵکو ململانێیە لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەدا کە دەیەوێت ژیانی ناو کۆمەڵگاکەمان بێبایەخ بکات. ئەو شتەی ئەمڕۆ گەنجەکانی ئێمە بەرەو تێزابرشتن هاندەدات، تێکەڵێ نیە لە ترسی تەنیایی و حەزێ نیە بۆ تاقیکردنەوەی ژوورەکانی زیندان و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا، بەڵکو نەبوونی کۆمەڵگایەکی ئیدارەکراوی بەبەرنامەیە کە ئەوان بگرێتە خۆی و ئەوان لە خۆیدا جێبکاتەوە و بیانکاتە خاوەن بڕیار. هەمان شت بۆ کۆچی بەلێشاوی هاوولاتیانی ئێمەش هەر ڕاستە: هەڵەیەکی گەورەیە دیاردەی کۆچکردن بەوە لێکبدەینەوە، کە گوایە خەڵك سەریان لێتێکچووە و بەدووی ناز و نیعمەت و تاقیکردنەوەی لەززەتدا عەودالن. من وڵاتەکەم لەبەر برسێتی و بێنازی و بێچێژی جێناهێڵم. دەزانم لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا بۆی هەیە برسیتر و بێنازتر بم و هەرگیز فرسەتی چێژ

وەرگرتنیشم لە ژیانی خۆم بۆ هەڵنەکەوێ.. وڵاتەکەم بەجێدەهێڵم چونکە لە ئاستێکی ئاگاییدام بەرامبەر بە بەهای ئینسانیانەی خۆم و کەچی ڕۆژانە ئینسانیەتم لەناو کۆمەڵگادا پێشێلدەکرێ. ڕۆژانە دەتۆقێنرێم و دنیای ژیانم تەسکتر دەکرێتەوە و دەنگیشم بە هیچ شوێنێ ناگات: خێزان دەمچەوسێنێتە و ناتوانم نارەزایی دەربڕم، قوتابخانە و زانکۆ شوێنی چەوساندنەوەمن و بۆم نیە نارازیی بم، لە شوێنی کار دەچەوسێمەوە و کەس گوێ لە سکاڵام ناگرێ. ڕێك ئالێرەشدایە کە دیاردەی تێزابرِشتن و دیاردەی کۆچکردن بۆ هەندەران دەبنە دوو دیاردەی تۆڵەکردنەوە لەو نیشتیمانەی کە مرۆڤ هەستدەکا، تیایدا ئینسانیەتی خۆی دۆڕاندووە و جێگەی ئەوی تیا نابێتەوە: چونکە ئەوانەی کۆچدەکەن نیازیانە ئەو ئینسانیەتە بکرِنەوە و نەبنە تێزابرِێژ، ئەوانەی تێزابیش دەرِێژن دەیانەوێ بۆ هەمیشە ئینسانیەتی خۆیان لەبیر بکەن. هەردوو ئەم تێروانینەش لە کۆمەڵگایەکی بێبەرنامەدا سەرهەڵدەدەن کە ئیدی ئینتیما بۆ نەتەوە و ئینتیما بۆ ئینسانەکان وەکویەك بێبایەخ بوون. زۆربەشمان لە نێوان کۆچ و تێزابرِێژیدا تیا ماوین: ئایا ئەم بارودۆخە بەرەو تاراوگەم ڕەدوو دەنێ، یان لێرە دەبمە تێزابرِێژ؟ ئەمەیە پرسیارەکە!

**هەولێر ٢٠٠٠/٩/٢٣**

(*) یەکەمجار، بە ناوی (چاوەکان لە دەیەی تێزابدا) لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە: ٤٢٤ی ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا و پاشانیش لە بەشی عەرەبیی هەمان ئۆرگاندا بە ناوی (کلمە لساکبی التیزاب) بڵاوکراوەیەوە.

# ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئاگر (*)

**بەبێ** قسەکردن لەسەر ڕۆڵی ئاگر لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا و بەبێ ئاماژەدان بە گرنگیی ئاگر لە ژیانی مرۆڤدا، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئاستەم دەبێت، هەر بۆیەشە من لەم دەرفەتە کورتەدا ناپەرژێمە سەر وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانتان و تەنیا لەبارەی هەندێکیانەوە بیر دەکەمەوە.

ئاگر هەر تەنیا دۆزینەوەیەك نییە لە ساتێك لە ساتەکانی پێشکەوتنی ژیار دا دۆزرابێتەوە، بەڵکو یەکێکیشە لە دێرینترین ئەو دیاردانەی کە بە چڕی تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ بووە. ئاگر ئەو دۆزینەوە گرنگەیە کە نەك هەر دنیای مرۆڤ ڕووناکدەکاتەوە، بەڵکو دواجار کاریگەرییەکی بەهێزیش دەکاتە سەر تێڕوانینی ئەم مرۆڤە بۆ دەوروبەری سرووشتیی خۆی و تێکەڵ بە سرووت و سلووکە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانیشی دەبێت.

ئاگر بۆ مرۆڤی سەرەتایی ئەو ڕەگەزە پیرۆزەیە کە سەرچاوەکەی لە ئاسمانداییە و تیشکی خۆر دەلالەتە بۆ بوونی هێز و دەسەڵاتێکی قودسی و بان مرۆیی. تیشکی خۆر چەندە پڕژان و ئاراستەبوونە بەرەو ئێمە و بەرەو قووڵاییەکانی تاریکایی، هێندەش ئەو ڕایەڵە پێکدەهێنێ کە دەمانبەستێت بە سەرچاوە ئاسمانییەکەیەوە و لە ڕێگەی تیشکەکانیەوە بەرزمان دەکاتەوە بۆ دنیایەکی باڵا لەسەرووی ئیرادەی خۆمانەوە. لێرەوە کاتێك ئاگر دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لەژیانی مرۆڤ، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە نیشانەیەك، کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە پەیوەندیی خۆی بە یەزدان و دنیای مەلەکوتییەوە دەستنیشان دەکا. کەم نین ئەو هۆزە سەرەتاییانەی کە لە مەراسیمی نیشانەکردنی ئەندامەکانیاندا (بەتایبەتی ئەندامانی نێرینەی هۆز)، سوود لە ئاگر وەردەگرن بۆ کوتانی خاڵ و نیشانەی تایبەت بە هۆزەکەیان لەسەر سنگ و بازووی ئەندامەکانیان و قەدەری دنیایی و مەلەکوتی هەر تاکەکەسێك لەسەر جەستەیان هەڵدەکەنن. هەروەها ئێمە دەزانین یەکێك لە ئایینە دێرینەکانی ناوچەی



خۆمان پانتاییەکی زۆری بۆ ئاگر و ڕەمزیەتی ئاگر تەرخانکردووە، کە ئەویش ئایینی زەردەشتی و کیشی ئاگرپەرستانەی ئەو ئایینە ڕەسەنەیە، کە بێگومان هەتا ئێستا و دوای ئەو ئامادەییە دوور و درێژەی ئایینی ئیسلامیش لە کوردستاندا، هێشتاکەش تێگەیشتنی زەردەشتیانە لە ئاگر، لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەمزییەتی خۆی لەدەست نەداوە. ئەمە جگە لەوەی هەتا ئێستاش لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا مەراسیمێك هەیە کە تیایدا حەیوانات، بەتایبەتی مەڕ و مانگا و بزن، بەهۆی بەکارهێنانی ئاگرەوە نیشانە دەکرێن.

لێرەوە دەمەوێت بڵێم، ئامادەیی ئاگر لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی وەك ئەوەی ئێمەدا، نەك هەر ئامادەییەکی پراکتیکیانەیە و پێویستییەکە، ژیانی ڕۆژانە و کەشی هەوای کوردستان سەپاندویەتی، بەڵکو ئاستێکی ڕەمزی و مەعنەویشی هەیە. ئەوە هەر ئەشکەوت و ئاگردان و مەتبەخەکانی ئێمە نین کە پڕن لە ئاگر، بەڵکو ئاگر لە ئەفسانە و حەکایەت و شیعری ئێمەشدا، لە دڵ و سینە و نیگای ئێمەشدا بڵێسە دەدات. واچاکە بڵێین: بەگشتی ئاگر لە زۆربەی کەلتوورەکاندا دوو ڕەهەندی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە ڕووناکی بەخش و گەرمکەرەوە و پاکژ کەرەوەیە و لە قەساوەتی سەرما دەمانپارێزێت، دوومیشیان ئەوەیە کە دەکرێ بە ڕەهەندی شەڕانیانەی ئاگری ناوبەرین و دەبێتە هۆکارێك بۆ تۆقاندن و سووتاندن و بوونمان بە قەقنەس و خۆڵەمێش. بۆیە یادوەری ئێمە لەسەر ئاگر، پڕە لە ناکۆکی و دژایەتی: ئێمە خۆشترینی ئەو حەکایەتانەی بیرمانن بە (حەکایەتی گوێ ئاگردان) ناو دەبەین، بەڵام تاڵترین یادوەریشمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی کە بە پشکۆی هەمان ئەو ئاگردانە داخ دەکرێین!

❋❋❋

بۆیە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: ئافرەت بۆچی لە خۆ کوشتندا پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات؟ کارێکە هەروا ئاسان نییە و ناکرێت ئەم دیاردەیە هەرتەنیا لە ژێر کاریگەرێتی هەلومەرجە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگاکەماندا بخوێنینەوە، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ کۆی ئەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵی ئاگر لە ژیانی مرۆڤی کورد دا بەرجەستە دەکەن.

ئەوەی ئێستا دەتوانین سەبارەت بە دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەتانی ئێمە ئاشکرای بکەین، ڕەنگە بە پلەیەکی زۆر پەیوەندیی هەبێت بەو ستەمەوە کە لەسەر ئافرەتان هەیە. هەریەکێك لە ئێمە ئەگەر بیر لە ژیانی ڕۆژانەی ئافرەتانی ناو ماڵ و ژیانی دەوروبەری خۆمان بکەینەوە، کەمێك زیاتر لە شێوەکانی ئەو ستەمە بەردەوامە دەگەین، کە بەسەر ژنان و کچانی وڵاتی ئێمەدا سەپێنراوە. من پێموایە ئێستا ئێمە لە شوێنێکداین کە ئەو ستەمکارییە بە پلەیەکی زۆر زەبراوی گەیشتووە، کە لە توانای جەستەیی و ڕۆحیی ئافرەتانی ئێمەدا نییە بیشارنەوە، یاخود لە ئاستیدا بێدەنگ بن. بێگومان ناتوانین ئەم ستەمکارییە لەو هەلومەرجانە دابڕبکەین کە قۆناغی دوای ڕاپەڕین هێنانیە ئاراوە و لە سایەی سیستەمێکی حیزبایەتی تەسکدا، کۆمەڵیٚ پەیوەندیی خزمایەتی و سزادانی تەقلیدیی زیندووکرانەوە، کە هیچکامێکان لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا نەبوون. لەلایەکی دیکەوە ئافرەتانی ئێستای ئێمە لە قۆناغێکی دیکەی هووشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیاندان و ئەمەش لەگەڵ ئەو سیستەمە تەقلیدیەی کۆمەڵگادا دەیانخاتە ناکۆکییەوە و قوورسایی تراژیدیاکەیان زیاتر دەکا.

بڕیاردانی ئافرەتانی ئێمە بە خۆکوشتن بەهۆی ئاگرەوە، تێکەڵێکە لە هووشیاری و تۆڵەکردنەوە، هەڵوێستێکە بەرامبەر هێزێك، کە هێزی هووشیارییە و لە ناخەوە ئافرەت ئازار دەدات، چونکە ئەو ناتوانێت بەپێی پلەی هووشیارییەکەی لە کۆمەڵگادا ئازاد بێت، هەروەها پەرچەکردارێکیشە لە دژی ئەو کۆمەڵگایەی کە دەیەوێت بوونی ئافرەت بچووکبکاتەوە لە کۆمەڵیٚ وەزیفەدا کە سیستەمی (پیاوسالاری و دینسالاری و حیزبسالاری) دایانڕشتووە و ئەمەش خاڵی هاوبەشی ئەو سیٚ سیستەمە پێکدەهێنێت. ئافرەتانی ئێمە کاتێك پەنا بۆ خۆکوشتن لە ڕێگەی خۆسووتاندنەوە دەبەن، دەیانەوێت نیشانەیەك بە تەوێڵی (پیاو و ئایین و حیزبەوە) جێبهێڵن، کە لە ستەمکاریاندا، یاخود لە بێدەنگبوونیان بەرامبەر ئەو ستەمکارییەی لە ژنان دەکرێت، هاوکاری یەکترین. ئافرەتی ئێمە، دوای ئەوەی ناتوانێت پێناسەیەکی شیاو بۆ وجودی ئینسانیانەی خۆی بدۆزێتەوە و بەردەوام لەسەر ئاستی جەستەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت: (پیاو تەماعی تێدەکات، ئایین



دایدەپۆشێت و حیزبیش بە ئایدیۆلۆژیا پیاوسالاریەکەی دیسیپلینی دەکات)، ئەوە بیر لە شێوازێکی تۆڵەسەندنەوە دەکاتەوە و خۆی دەکاتە ئەو (دەرس)ـەی کە دەبێت بە کۆمەڵگا و هێزە بڕیاردەرەکانی بگوترێتەوە.

لە جەوهەردا، ئافرەتی ئێمە کاتێك خۆی دەکوژێت، نایەوێت نەمێنێت، بەڵکو دەیەوێت بە خۆسووتاندنەکەی ببێتە نیشانەیەك، یان بیرەوەرییەکی تاڵ، کە سڕینەوەی لە یادوەری کۆمەڵگادا ئاسان نەبێت. لێرەشەوە ئێمە یەکێك لەو نهێنیانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە خۆسووتاندنی ئافرەتاندا هەیە و ئەمەش دووری دەخاتەوە لەوەی، پەنا بۆ خۆکووشتن بەرێت لە ڕێگەی فیشەك بەخۆوە نانەوە. دەکرێت داپۆشینی مەرگی ئەو ئافرەتەی فیشەکێك بەخۆیەوە دەنێت، ئاسانتر بێت، بەڵام خۆسووتاندن کۆمەڵیٚ پەیوەندی کۆمەڵایەتیی شێواویش دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕێدەگریٚ لەوەی بە ئاسانی ڕووداوەکە داپۆشریٚ (ئەمەش وەڵامی بەشێکی دیکەی پرسیارەکەیە، کە تیایدا باسی کەرەستەکانی دیکەی خۆکوشتن دەکرێت).

خۆسووتاندن لە یەك کاتدا کە مەترسی لەسەر ژیانی ئافرەت و مانەوەی دروستدەکا، ئەوە دەشبێتە مەترسی لەسەر کۆمەڵگا و بەردەوامبوونی وەك کۆمەڵگایەکی تەندروست: دوای هەر ڕووداوێکی لەو بابەتە، ئیدی کۆمەڵگا ناتوانێت ڕووە درۆزنانەکەی خۆی درێژە پێبدات و پێمان بڵێت، کە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی (ئاسوودە و ئارام)دا دەژین. خۆسووتاندن وەك دیاردەیەك، پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر ئەو سیستەمە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەی کە بەردەوام لە ڕێگەی دامەزراوەکانیانەوە: دەزگاکانی حیزب، مزگەوتەکان و یەکەکانی خێزانەوە، بانگەشەی ناواقیعیمان دەدەن بە گوێدا و بێدەنگمان دەکەن لە ئاست ڕەخنەگرتنێکی بنەمایی لە ئەو دامەزراوانە.

❊❊❊

هەڵبەتە کاتێك من دەڵێم: خۆسووتاندن بەڵگەی پلەیەکی بەرزی هووشیاریی ئافرەتانی ئێمەیە لەئاست ئەو هەلومەرجانەی کە تیایدا دەژین، مەبەستم نیە بڵێم، ئەم کردارە ڕێگایەکی ڕاستەقینەیە بۆ دژایەتی و خەباتکردن لە دژی ئەو هەلومارجانە، یاخود بمەوێت بڵێم: ئەو ئافرەتەی خۆی نەسووتێنێت هووشیار نیە و

لێرەشەوە ڕەواج بە خۆسووتاندن بدەم! من دەمەوێت بەم قسەیە لەدژی ئەو گوتارە بوەستمەوە، کە کۆمەڵگا لەسەر دیاردەکە و لەسەر ئافرەتان بەرهەمی دەهێنێت. کۆمەڵگا بەو ئافرەتانەی خۆیان دەسووتێنن دەڵێت: (ئەوانە کەسانێکی شێت و بێ عەقڵ و لاوازن). دیارە هەموو خۆ تەسلیمکردنێك بەم گوتارە حازر بەدەستە، خۆی لە خۆیدا ڕەواجدانە بە وێناکردنەکانی سیستەمی پیاوسالاری و ئایینسالاری و حیزبسالاری لەسەر ئافرەتان. چونکە لەو وێناکردنانەدا، ئافرەت هەردەم (ڕەگەزی دووەم)ـە و وەك ڕەگەزی دووەمیش بێدەسەڵات و لاواز و کەم عەقڵە. بۆیە دەبێت جەخت لەسەر گوتارێکی دژ بەم گوتارە بکەینەوە و ئەو تەفسیرانە ڕەتبکەینەوە کە لەسەر حسابی بەکەمگرتنی ئافرەتان ئیش دەکەن.

لەچاوگێڕانەوەماندا بە ژیانی ئەو ئافرەتانەی خۆیان سووتاندووە و مردوون، یاخود لە ڕووبەڕووبوونەوەماندا لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی خۆیان سووتاندووە و شێواون، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەوان لە ڕووی فەسلەجی و عەقڵییەوە مرۆڤگەلێکی هەستیار و بەهێزن و وەکو هەموومان حاڵەتی جەزر و مەدیی دەروونیی خۆیانیان هەیە. ئەمە جگەلەوەی نابێت بیرمان بچێت کە (لاوازی و کەم عەقڵی)ش دوو دۆخی مێژووکردن و لەدایکبووی ئەو هەلومەرجانەن لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن: کۆمەڵگایەکی تەندروست و کراوە مرۆڤی بەهێز و متمانەبەخۆبوو و عاقڵ دەهێنێتە بەرهەم، وەلێ کاتێك تۆ سیستەمێکی سیاسی داخراوت هەبوو، بواری خۆ سەلماندن و خۆ دروستکردنت نامێنێت و نابیتە کائینێکی بیرکەرەوە، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی بیرکردنەوە ئازادییە. بۆیە من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە،کاتێك کۆمەڵگای ئێمە خۆسووتێنەرەکان بە مرۆڤی لاواز و کەمهۆش و بێ ئیلتیزام لە قەڵەم دەدات، ئەوە بە پلەی یەکەم پەردە لەسەر ناتەندروستی و داخراوی و ستەمکارییەکانی خۆی هەڵدەداتەوە.

لەلایەکی ترەوە، بۆی هەیە دیاردەی خۆسووتاندن لە ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، لەو بۆشاییە قووڵە وجودیەشەوە هاتبێت، کە نائومێدبوونی کچانی ئێمەیە لە گەیشتنیان بە (ئەویتر) و نامۆبوونی لە ئاست جێبەجێکردنی خەونەکانیدا وەك ئافرەت و دایك.. ئێمە نەتەوەیەکین بە پرۆسەیەکی بێ وێنەی (لە یەکتر دابڕان)دا براوین، کە بەعس لە ڕێگەی دوورخستنەوە، زیندانیکردنی درێژخایەن، کۆکوژی و ئەنفالکردنەوە پیادەی کرد و پاشانیش بەشێکی ئەم شێوازانەی دابڕکردن لە شەڕەکانی ناوخۆ و دوولەتبوونی ئیدارەی سیاسیدا درێژەیان پێدرا، کە بێگومان دیاردەی کۆچکردن بووە دەرهاویشتەیەکی سرووشتی هەموو ئەم بارودۆخانە.

ئێستا نەك هەر دایکان و بێوەژنەکانی ئێمە بێ ئومێد بوون لە گەڕانەوەی کوڕ و مێردەکانیان، بەڵکو کچانی ئێمەش نائومێدبوون لە شادبوونەوەیان بە دەزگیرانەکانیان و لە گەیشتنیان بە کەسی بەرامبەر، چونکە هەموو پەیوەندییەکان بەرەو داخرانێکی بەردەوام دەچن و ئەو توێژەی لە هەنوکەدا توێژی لاوانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، لە پەراوێزترین قۆناغی تەمەنی خۆیدا دەژی.. دەبینی لە وڵاتی ئێمەدا گەنجەکان بەهیچ شێوەیەك نەخراونەتە ناو پرۆژە سیاسیەکانەوە و کەسیش کاتی خۆی بۆ ئەوان تەرخان ناکات، هەر بۆ نمونە بەدەگمەن سەرکردەیەکی سیاسی ئەم وڵاتە پێشوازی لە گەنجەکان دەکات، بەدەگمەن کاروباری گەنجەکان دەبێتە خەبەرێکی گرنگ لە میدیاکاندا، بەدەگمەن دڵیان ڕادەگیرێ، بەدەگمەن بەسەر دەکرێنەوە و لەبەرژەوەندیی ئەوان بڕیار دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەبەرچاوی ئەوانەوە خاتری توێژەکان و تەمەنەکانی دیکە دەگیرێت، دەبیندرێن و پێشوازییان لێدەکرێت و بڕیاری دروستکردنی مزگەوت و دیوەخان و پڕۆژەی جۆربەجۆریان بۆ دەردەچێت.. بێگومان کاتێك ئەمە بارودۆخی گەنجەکان بێت بەگشتی، ئەوە بارودۆخی کچان و ئافرەتان زۆر لەمە پەراوێزی تر و نەفیکراو ترە. لێرەشەوە ئێمە لەبەردەم دیاردەیەکی زۆر ترسناکی وجودیداین کە بۆی هەیە سیمای گشتی کۆمەڵگاکەمان بشێوێنێت و جیاوازییە ڕووکەشەکانی نێوان نێر و مێ قووڵبکاتەوە و لە جیاوازی ڕووکەشەوە بیانکاتە جیاوازیی بنەمایی.

***

ئێمە نەتەوەیەکین، لە حاڵی حازردا بەپێچەوانەی ڕابردووی کەلتووری و ژیاریمانەوە، لەگەڵ ئاگر هەڵسوکەوت دەکەین: لە ڕابردووی ئەفسانەیی و ئایینیماندا ئاگر دنیای بۆ ڕووناك دەکردینەوە، کۆیدەکردینەوە و گەرمی دەکردینەوە، وەلێ ئێستا ئاگر هۆیەکە بۆ لە دنیا دەرچوون و ڕەتکردنەوەی ژیان، هێزێکە لەیەکترمان

دابڕ دەکات و بە سەرمای مەرگمان دەسپێرێت! هەر بۆیەشە دەبێت لەگەڵ ئاگر ئاشتبینەوە و لەبەر ڕووناکایی بڵێسەیدا، بکەوینە تەماشاکردن و تەفسیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن لەو هێزانەی کە نامۆیان کردین بە ئاگر و خستیانینە سەر ئەو ڕێگایەی، گرنگییەکی زیاتر بدەین بە شەڕانیەتی ئاگر.. بەڕاستی قسەکردن لەسەر ئاگر و ئەو ڕەهەندەی کە لە ئێستای وڵاتی ئێمەدا وەریگرتووە، بەبێ ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، قسەکردنێکی مایەپووچانەیە. پێشموایە دوای ئەو هەموو کارەساتە ئاگراویانە، دەبێت سیستەمی سیاسی دەستپێشخەر بێت لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانێتیە ناڕاستەوخۆیەدا کە لەگەڵ سیستەمی تەقلیدیانەی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا بەستویەتی و ئەنجامەکانی لەو فشارە زۆرەدایە کە خستوێتیە سەر ژیانی گەنجەکان بەگشتی و ئافرەتانمان بە تایبەتی.. ئەوەی سنوور بۆ ئەو هەلومەرجانە دادەنێت کە ئافرەتانی ئێمە بەرەو خۆسووتاندن هاندەدەن، ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزە کە هەموو تێزابڕشتنێك بە کچاندا، هەموو ئافرەتکوشتنێك و هەموو خۆسووتاندێکی ئافرەتانی ئەم کۆمەڵگایە، وەك (ڕووداوێکی ئینسانیی گەورە) تەماشا بکات و بیکاتە ڕووداوێکی سیاسی.. دروستکردنی پانتاییەکی کۆمەڵایەتی کە ئافرەتان تیایدا وەك خۆیان قەبووڵ بکرێن و ژیانی خۆیان بژین، بەپلەی یەکەم پرۆژەیەکی سیاسیە، ئەوە سیاسەتە کە نەك هەر دەبێت لەسەر ئیعتیباری دایکانەی ئافرەتان هەڵبداتێ (چونکە دایکی شەهیدان و قارەمانەکانی نەتەوەن)، بەڵکو دەبێت لەسەر ئیعتیباری ئافرەتبوونی ئافرەتانیش هەڵبداتێ. ئافرەتیش نابێتە خۆی ئەگەر کەشوهەوایەکی ڕۆشنبیری و کەلتووری ئامادە نەکرابێت بۆ قەبووڵکردنی. بەمانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم: بۆ قەبووڵکردنی ئافرەتان وەك ئەوەی کە خۆیان هەن، هەر تەنیا بەس نیە بارەگای خۆیان و یەکێتی خۆیان و ئۆفیس و گۆڤاری تایبەت بەخۆیانیان هەبێت، کە ئەمانە هەمووی لە ئاستی ئایدیۆلۆژیادا پێویستن و ڕێکخستنێك دەدەن بە بوونی ئافرەت لەم وڵاتەدا، بەڵکو ئەوەی گرنگە بریتیە لە ئیشکردن بۆ فراوانکردنی ئەو بوارانەی کە ئافرەتان دەتوانن لە ڕێگەیانەوە بوونی ئافرەتانەی خۆیان بسەلمێنن.. ئەوە بەس نیە لە پەرلەمانەوە یاسای یەکسانکردنی مافەکانی ئافرەت دابڕێژین و پەخشی بکەینەوە، گرنگی لەوەدایە کە



ئەو یاسایە بکرێتە یاسایەکی کەلتووری گشت ماڵێك. بۆی هەیە لەسەر ئاستی یاساییەوە ئێمە ببینە نەتەوەیەکی نمونەیی سەبارەت بە ڕێزگرتن لە مافەکانی ئافرەت، وەلێ گرنگیی لەوەدایە کە ڕێزگرتن لە ئافرەت لەناو زەینییەت و کەلتووریشماندا ببێتە گەرانت بۆ پاراستنی ئەو یاسایانە.

ئەوە سیاسەتە کە دەبێت لەسەر ئەو ئافرەتە لەشفرۆشە هەڵبداتێ کە کۆمەڵگا دەیەوێت بیکوژێ. سیاسەت دەبێت لەسەرووی ئیرادەی کۆمەڵگا و خواستەکانیەوە ئیش بکات و زۆرجاریش لە دژیان بوەستێتەوە. لە ڕاستیشدا دیاردەی خۆسووتاندن هەر تەنیا کێشەیەکی ئینسانی و سیاسیش نیە، بەڵکو کێشەیەکی ئەخلاقیشە: دەبێت ئەم دیاردەیە بەرەو ئەو پرسیارانەمان ببات کە هێشتا نەمانکردوون: دەبێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا چ سیستەمێکی ئەخلاقی ئیش بکا،کە وایکردووە بواری بوون بە ئافرەت و وەك ئافرەت مانەوە، هێندە تەسك بێت، کە ئیدی ئافرەتان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان بیر لە خۆسووتاندن بکەنەوە؟ ئایا دەبێت ئەو ئەخلاقە جگە لە ئەخلاقێکی نێرخواز و پیاوسالاریی بارگاوی بوو بە ئایین و نەرێتگەرایی کۆمەڵگا، شتێکی دیکە بێت؟ لێرەشەوە ئێمە هەموومان لەبەردەم بە خۆدا چوونەوەیەکی بنەماییداین بەهەموو ئاستەکانی بوونی خۆمان، تا لەو ڕێگایەوە نەك پیاوسالاریەتی خۆمان خاوێن بکەینەوە، بەڵکو بەرگری لە بە مرۆڤ مانەوەی خۆمان بکەین..

٢٠٠١ /١٠/٢٩

(*) ڕێگای کوردستان، تەوەرەی خۆسووتاندن (ئامادەکردنی: تانیا)، ژمارە: ٤٧٨ی ڕۆژی ٥/نۆڤێمبەری ٢٠٠١

# وتاری کارەبا[*]

**کارەبا** هی کێیە؟ ئایا ئەو کەسەی یان ئەو لایەنەی دەسەڵاتی هەیە کارەبامان لێببڕێت، خاوەنی کارەباکەیە، ئایا ئەوانەی دەیکڕن دەبنە خاوەنی؟ یاخود ئەوانەی مەسرەفی دەکەن؟

یەکێتی نیشتیمانی لە ئێستادا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کارەبامان لێببڕێت و لەم مانگەشدا دریغی نەکرد لە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی خۆی و دووجار کارەبای لە هەولێر بڕی، کە بێگومان لەناو خەڵکدا نائومێدییەکی زۆری دروستکرد. پارتی دیموکراتیش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کارەبا بکڕێت یان نەیکڕێت و بێگومان ئەویش لەکاتی خۆیدا و بۆ سنووردانان بۆ ئەو نائومێدییە دەسەڵاتی خۆی خستەکار و کارەبای نەکڕی و نائومێدییەکەی خەڵکی زیاتر کرد! لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەسەڵات بەهەڵە و بێسوود بەکار هات. ئەمەش جەوهەری حیزبی کوردییە کە ناتوانێت پراکتیزەی دەسەڵاتی ئیجابی بکات و هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ پراکتیزەکردنی هێز. هێز لەلای ئەم دوو پارتە کوردییە، جێگرەوەی نیە، بەهای هێز لەلایان لەسەرووی هەموو بەهایەکی دیکەوەیە و ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە جەوهەردا ئەم دوو حیزبە لەیەکتر نزیکدەخاتەوە. وەلێ کێشەی هەرە سەرەکیی لەوەدایە کە ئەم هێزە و شەڕانییەتی ئەم هێزە بەردەوام بەرەو کۆمەڵگای کوردیی خۆی ئاراستە دەکرێتەوە نەک بەرامبەر هێزەکانی دیکە و کۆمەڵگاکانی تر. ئەوەندەی ئەم دوو حیزبە لەئاست هێز و هەڕەشەکانی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردیدا بێدەسەڵاتن و خۆیان نغرۆی ناو موجامەلات کردووە، نیو ئەوەندە موجامەلاتی یەکتریان بکردبا دەبوونە هەڕەشەیەك بۆسەر هەر هێزێك کە دەیەوێت کۆمەڵگای کوردی هەڵوەشێنێتەوە.

پارتی و یەکێتی لە ئاست چاوبزکردنەوەی هێزە بێگانەکان و یاوەرەکانیاندا کە لە کوردستان دەژین، شەرمنی هەڵدەبژێرن و سەر دادەخەن و هیچ هەڵوێستێکی ستراتیژییان نیە، وەلێ کاتێ کار دەگاتە ئەوەی چاو لەیەکتر بز بکەنەوە، هەموو



کۆمەڵگای ئێمە زەندەقی دەچێت و یادوەریی مرۆڤی کورد پڕ دەبێت لە کابووسی ترسناك. بەمانایەکی دیکە، ئەوان کاتێك مومارەسەی جەوهەری خۆیان دەکەن، کاتێك لەخاڵی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە و لە دەسەڵاتی ئیدارییەوە دەبنەوە هێزی زەبر وەشاندن، وەکویەك لە ئاست کۆمەڵگاکەماندا بێ ڕەحمن. لەم ڕوانگەیەوە، چەندە یەکێتی لەم کاتە ناسکەدا سەرمایەی ڕەمزیی خۆی لەدەست دا، پارتیش نەیتوانی بەهەمان ڕێژە سەرمایەی ڕەمزی بۆخۆی بەدەستبهێنێت، بەوەی کارێك بکات جیاواز لەوەی یەکێتی کردی.

بێگومان کاتێك دەڵێم یەکێتی نیشتیمانی سەرمایەی ڕەمزیی خۆی لەدەستدا، لەبەرئەوەی مانگی شەش مانگی یەکێتی خۆی بوو: لەم مانگەدا ئەم حیزبە کوردییە پێی نایە بیست و حەوت ساڵەی تەمەنی خۆیەوە و کەم حیزب هەیە لەو تەمەنەدا توانیبێتی ئەو سەرمایە ڕەمزییە بەدەستبهێنێت کە یەکێتی بەدەستیهێناوە. هەر لەم مانگەدا بوو یەکێتی کرایە ئەندام لە سۆسیال دیموکراتی نێونەتەوەییدا و لەمبارەشەوە ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە درێخی نەکرد، ئەگەرچی بەبڕوای من نەیتوانی ڕووداوێکی لێبەرهەم بهێنێت. لەگەڵ ئەم دوو بۆنەیەدا ئێمە سەرجەمی ئەو خواست و درووشم و تێزانەشمان گوێ لێبوونەوە، کە یەکێتی نیشتیمانی خۆی بەخاوەنیان دەزانێت. گوێمان لەو ڕستانە بووەوە کە بۆنی (پێشڕەوایەتی)، (نوێبوونەوە) و (بەرەوپێشبردن) و (ڕۆشنگەری) و (ئازادکردن)یان لێوە دێت و لەماوەی تەمەنی یەکێتیدا ویردی سەر زمانی لایەنگرانی ئەو حیزبە بوون و لە پێناویشیاندا چەندین شەهید بەخشراون.. هەموو ئەمانە دەچنە خانەی سەرمایەی ڕەمزییەوە و دەتوانین بڵێین: شەڕی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لەهەمان کاتیشدا شەڕکردنە بۆ بەدەستهێنانی بڕێکی زیاتر لە سەرمایەی ڕەمزی تاکو وەك بەشێك لە دەسەڵاتی خۆی لەبەرامبەر هێزەکانی تردا بەکاری بهێنێت.

دەمەوێت بڵێم: لەکاتێکدا دەبوو ئێمە لەم مانگەدا هەموومان کەمێ زیاتر ببووینایەتە لایەنگری یەکێتی نیشتیمانی، ئەوە دروست بە کوژاندنەوەی کارەبا لەسەر هەولێر و بەستنەوەی ئەمەش بەسەرمایەی مادییەوە، سەرمایەی ڕەمزیی ئەم حیزبە زیانی لێکەوت. ناکرێت تۆ لەلایەکەوە لە ئاهەنگی لەدایکبوونتدا خۆت بە حیزبێکی

سیاسیی (مۆدێرن) و (ڕۆشنگەر) پێناسە بکەیت و بانگەشەی (بەرەوپێشبردن)ی کۆمەڵگای کوردی بکەیت و لەلایەکی تریشەوە و لەهەمان کاتیشدا، بەو هۆیەی (پارتی پارە قەرزدارە)، کارەبا لە بەشێکی کۆمەڵگا بکوژێنیتەوە و بیانگێڕیتەوە بۆ سەدەکانی زەلیلی و ناو مەڵەکەی خۆیان لێبکەیتە دۆزەخ. هەمیشە کاتێك دەمانەوێ سەرمایەی مادیی بکەینە پێوەر بۆ سەرمایەی ڕەمزی، ئەوە بۆی هەیە لەڕووی مادییەوە دەوڵەمەندتر ببین و خەزێنەمان پڕ بێتەوە و گورزێکی باش لەلایەنی بەرامبەر بوەشێنین. وەلێ مەرج نیە هەموو کاتێك سەرمایەی مادیی ببێتەوە سەرمایەی ڕەمزی و بۆی هەیە ئەمەی دواییان بدۆڕێنین، ئەمەش لەکاتێکدا دەمانویست لەڕێگەی بۆنە و ئاهەنگ و فراوانبوونی کایەکەمانەوە ئەو سەرمایە ڕەمزییە زیاد بکەین. بۆی هەیە مرۆڤ بە گیرفانی بەتاڵەوە هەیبەتێك بۆخۆی دروستبکات، بەڵام مەرج نیە گیرفانپڕی گەورەییمان پێببەخشێت. لێرەوە دەمەوێت بڵێم، یەکێتی لەکاتێکی هەڵەدا کارەبای کوژاندەوە و لەو شوێنەدا کەدەبوو ڕۆشنگەریی بکا، فووی لە ڕووناکایی کرد. لەو کاتەدا کە دەبوو ئومێد دروستبکا، نائومێدی و ڕەشبینی چاند. لەو کاتەدا کە دەبوو لەهەموو دەمێ پتر سیاسیانە بڕیاری دابایە، لەهەموو کاتێ زیاتر دەمارگیرانە ڕەفتاری نواند. (دوێنێ ئێوارە دایکێك لەسەر شەقامی شەست مەتری پێیگوتم، تا ئێستا چەند کوڕی باش لە دەرەوە هاتوونەتەوە بۆ داخوازیی کچەکەم و شووی پێنەکردوون چونکە نایەوێت ئێرە جێبهێڵێت، بەڵام لە دوێنێوە بڕیارمداوە هەرچی زووترە بینێرمە دەرەوە با لێرە قەهر نەیکوژێت).

بەم هەڵەیەی یەکێتی، پارتی لەهەڵەیەك دوور نەکەوتەوە، بەڵکو دووپاتی کردەوە و لێرەشەوە، بەهەمان ئەندازە چاوەڕوانیی خەڵکی نەهێنایە دی، کە یەکێتی نیشتیمانی نائومێدی کردن. پارتی دەسەڵاتێکی ئیجابی بەکارنەهێنا بۆ قۆستنەوەی ئەو بۆشاییەی بڕیارە بەپەلەکەی یەکێتی لەناو خەڵکدا دروستیکرد، بەڵکو وەك هێزێك هاتەوە مەیدان کە نایەوێت لەبەرامبەر هێزێکی تردا نەرم بێت. ئەوان هەردووکیان لە ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەکانیاندا جەختیانکردەوە سەر بڕی ئەو پارەیەی کە یەکێکیان داوایدەکات و ئەویدیکەیان نایدات. بۆیە دەڵێم: پارتی نەیتوانی ئەو بۆشاییەی یەکێتی دروستیکرد پڕ بکاتەوە و لەو ڕێگەیەشەوە سەرمایەیەکی ڕەمزیی گەورە بۆخۆی بەدەست بهێنێت.



بڕینی کارەبا لەسەر قوتابی و نەخۆشەکانی نەخۆشخانە و وەرزشدۆستەکان لەبەرامبەر بڕێك پارەدا، چەندە بڕیارێکی توند بوو، نەدانی ئەو پارەیەش لەلایەن پارتییەوە هەمان توندیی پێوە دیار بوو. چەندە خەڵك لە کاتی کارەبا بڕیندا هەستیانکرد غەدریان لێکراوە، کاتێکیش زانیان ئەو کێشەیە بە پارە چارەسەر دەکرێت و پارتی ئامادە نیە بۆیان بکڕێت، ئەوەندەی تر هەستیان بە غەدر کرد. جیاوازیی چییە لە نێوان ئەوەی تۆ سەرمایەی ڕەمزیی خۆت بگۆڕیتەوە بەسەرمایەی مادیی، لەگەڵ ئەوەی کە تۆ لەپێناوی وەدەستهێنانی سەرمایەیەکی ڕەمزیی گەورەدا، ئامادە نەبیت قوربانیی بدەیت بە بڕێك سەرمایەی مادی. دەتوانم بڵێم یەکێتی و پارتی هەردووکیان وەکو یەك بەدەستبەتاڵیی گەڕانەوە: یەکەمیان نێچیرێکی پڕ بەهای لێبەرەڵا بوو، دووەمیشیان نەیتوانی ئەو نێچیرە بۆخۆی بگرێت.

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکانی پێشوو: کارەبا هی کێیە؟ ئایا ئەو کەسەی، یان ئەو لایەنەی دەسەڵاتی هەیە کارەبامان لێببڕێت، خاوەنی کارەباکەیە؟ ئایا ئەوانەی دەیکڕن دەبنە خاوەنی؟ یاخود ئەوانەی مەسرەفی دەکەن؟

با بەشێوەیەکی ڕوونتر قسان بکەین: کارەبا وەك وزەیەك لە سرووشتەوە، وەك بەشێك لەو وزەیەی لە سرووشتەوە وەرمانگرتووە و کردومانەتە هێزێکی کارا بۆ بەرهەمهێنانی ڕووناکی و خستنەگەڕی مەکینە و کەلوپەلە کارەباییەکان و هتد.، خاوەنێکی دیاریکراوی نیە. هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێت و بۆی نیە بە شێوەیەکی شەرعی ببێتە خاوەنی ئەو وزە سرووشتیانەی لەو خاکەدا هەن، کە ئەو هێزە سیاسییە تیایدا فەرمانڕەوایە. بێگومان ئەو هێزە سیاسییە بەو پێیەی ئیدارەی بەشێك لە وڵات دەکا، بۆی هەیە ڕێکخستنێك بدات بە شێوەی بەکارهێنان و مەسرەفکردنی وزە سرووشتییەکان و بۆ ئەو مەبەستەش خشتەیەك بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، بەڵام مافی (خاوەندارێتی) سامانە سرووشتییەکانی نیە. چونکە لەبەکارهێنانی سامانەکانی سرووشتی وڵاتێکدا ئەوەی دەستنیشانی خاوەندارێتی دەکات، دەسەڵاتی سیاسی نیە، بەڵکو بەرپرسیارێتی هاووڵاتیانە لەئاست ئەو سامان و وزە سرووشتیانەدا، کە لەبنەماوە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە بۆ هەمووان وەکو یەکە، ئەمەش بەو پێیەی هەمووان ئەندامی ئەو کۆمەڵگایەن و هاووڵاتی یەك مەملەکەتن کە بۆتە خەزێنەی ئەو

سامانە سرووشتیانە. بەمانایەکی تر: ئێمە هەموومان بەو پێیەی ئەندامی شەرعیی ئەم کۆمەڵگایەین و هەڵگری ناسنامەیەکین دەمانبەستێت بە ژیانێکی هاوبەشەوە، لەئاست سامانە سرووشتییەکاندا وەکو یەك بەرپرسیارین. بەرپرسیارین لە چاوەدێریکردنیان، لە دەستپێوەگرتنیان و لە گەشەپێدانیان. لەبەرامبەر ئەمەشدا مافی مەسرەفکردنیان و سوودلێوەرگرتنیانمان هەیە، ئەگەرچی هەندێ جار پێویستە نرخێکی مادییش بۆ ئەمە لەبەرچاوبگرین (نەك باج و سەرانەسەندنی بەزۆر کە دیسانەوە یەکێکە لە داهێنانەکانی ئەم دوو حیزبە). بەم پێیەش کاتێك ئێمە لە بەرپرسیارێتیماندا یەکسان بین، ئەوە لە مافی خاوەندارێتیشدا یەکسانین و لێرەشەوە هەموومان بەرپرسیار و هەمووشمان خاوەنی ئەو سامانە هاوبەشانەین. بۆیە ئەگەر حیزبێك یان کەسانێك بەناوی حیزبێکەوە و لە هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەتدا، مافی کۆنترۆڵکردن و ئیدارەکردنی ئەو سامانە هاوبەشانەی خستە ئەستۆی خۆی، بەم کارە ئەو خۆی نابێتە خاوەنیان، بەڵکو بەرپرسیارێتی لە ئاست چاوەدێریکردنیان، لە ئاست دەستپێوەگرتنیان و لە ئاست گەشەپێدانیان و دابەشکردنێکی یەکسانیاندا بەسەر هاوولاتیاندا زیاد دەکات و پێویستە ئەمەش بەکاربهێنێت بۆ پیادەکردنی عەدالەتخوازیی خۆی.

بەمجۆرەش یەکێتی و پارتی خاوەنی کوردستان و سامانەکانی نین، بەڵکو مەسئولیەتی ئەوان لەئاست کوردستان و خەڵکەکەیدا زیاترە لە مەسئولیەتی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە و هەرئەمەش ڕەوایەتی دەداتە دەسەڵاتیان. لێرەشەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕەوا بەدەستەوە نیە، کە ڕێگە بدات یەکێتی شتێك (بفرۆشێت) و پارتیش (بیکڕێت) کە لەبنەماوە نابێت لە چوارچێوەی ئەندامانی کۆمەڵگادا بفرۆشرێت و بکڕدرێت. کەواتە یەکێتی چەندە مەسئولە لە ئاست ناردنی ئەو بڕە کارەبایەدا کە پێویستە بێت بۆ هەولێر، پارتیش ئەوەندە بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئەو بڕە کارەبا پێویستەدا، تەنانەت بەهەر نرخێکیش بێت. کەمتەرخەمیی یەکێتی لەئاست جێبەجێکردنی ئەرکی هاونیشتیمانیانەی خۆیدا و دابەشکردنی یەکسانی سامانی نەتەوەییدا، پاساو نیە بۆ ئەوەی پارتیش لەئاست ئەرکی سەرشانی خۆیدا کەمتەرخەم بێت. وەڵامی دروست بۆ بڕیارەکەی یەکێتی ئەوە نیە بڵێیت: (ئەو بڕە پارەیە بە خەڵکی هەولێر نادرێت چونکە زۆرە)، وەڵامی دروست ئەوەیە نەهێڵێت یەکەم: خەڵکی هەولێر



لەو ئاستەی دەرامەتەدا بن کە نەتوانن ژیانێکی ئاسایی بژین و پارەی کارەبایان پێنەدرێت، دووەم: وەڵامی دروست ئەوەیە موغامەرەی ئیداریی بکەیت و بە هەر نرخێك بووە و هەرچۆنێ بووە کارەبا دابین کەیت. سزای یەکێتی لەسەر پارتی ئەوە نیە کارەبا لە خەڵکی هەولێر ببڕێت، بەڵکو ئەوەیە مەرج بۆ پارتی دابنێت کە بڕی ئەوکارەبایەی لە دوکانەوە دێت بەیەکسانی و عەدالەتخوازانە بەسەر هاوولاتیاندا، دابەش بکات، نەك بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران خەتی کارەبای فەل بۆ ماڵە بەرپرسەکان ڕابکێشێت.

بەڵام بۆچی لەم کاتەدا کە وڵاتەکەمان هەڕەشەی گەورەی لەسەرە، کە هەنگاوی باش نراوە بۆ ئاشتبوونەوە، کە ژووری عەمەلیاتی هاوبەش کەوتۆتە گەڕ و ململانێیەکی جوان هەیە لەسەر ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، کێشەی کارەبا، کە لەبنەمادا کێشەیەکی ئیدارییە و پەیوەندیی هەیە بە بڕی ئەو هێزە سرووشتییەوە کە کارەبامان پێدەبەخشێت، وەك کێشەیەکی سیاسی نێوان دوو حیزبی بەرپرسیار و خاوەن مێژوو، خۆی بەیاندەکا؟ بەمانایەکی دیکە، هۆی چییە ئەم دوو حیزبە کە هەموو مێژووی خەباتی خۆیان بۆ ئەوە بووە لەسەر بنەمای لەدەستدانی سەرمایەی مادییەوە، سەرمایەی ڕەمزی بەدەست بهێنن، لەم کاتەدا هەموو سەرمایەی ڕەمزیی خۆیان لە پێناوی سەرمایەی مادییدا دەخەنە مەترسییەوە؟ بۆچی ئەوان لە هەموو بۆنە و یادوەری و پێداچوونەوەیان بە ڕابردووی خۆیاندا، جەخت دەکەنەوە سەر دەستکەوتە ڕەمزییەکان و هێندەی ژمارەی شەهید و قوربانییەکان سەروەری بە باڵای خۆیان و میللەتەکەمان دەبڕن، کەچی لەکاتێکدا ئیتر پێویست نیە لە ڕێگەی بەقوربانیکردنەوە، بەڵکو لە ڕێگەی بڕیاری سیاسییەوە سەرمایە و سەروەری بهێننە دەست، خۆیان دەهێننە سەر ئاستی دوو حیزب کە ئێمە وا تێبگەین کێشەی سەرەکیی ئەوان بریتییە لە بڕێکی دیاریکراو لە پارە؟

ڕەنگە لە ئێستادا نەتوانرێ وەڵامی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، وەلێ هەرکات زەمینەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ڕەخسا، پێویستە نەك هەر تەنیا بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم دوو حیزبە لەبەرچاوگیرابێت و ئەوە ئاشکرا بکرێت ئەوان لە ساتەوەختی دروستبوونیانەوە تا ئێستا چەندە لە دروشمە مەبدەئیەکانی خۆیان دوور

کەوتوونەتەوە، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان بنەمای ئیداریی ئەم دوو حیزبە لەم دە ساڵەی دواییدا بخرێتە ژێر باس. بە بڕوای زۆرینەی کەسانێکی خاوەن بیروڕا، ئەم دوو حیزبە لە میانەی ئیدارەکردنی کوردستاندا پشتیان بە کەسانێك و ئەو ڕەگەزە ئیداریانە بەست کە پێشتر خاوەن ئەزموون بوون و ساڵگەلێکی زۆریان لە سیستەمی ئیداریی عێراقدا بەسەر بردبوو. ئەوەی ئەم دوو حیزبە پشتیان پێنەبەست و لە ئیدارەی کوردییان تۆراند ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە ئامادەیە بوو کە لە دوای ڕاپەڕینەوە خەونێکی بەم وڵاتە هەبوو و پێشتریش لە ڕیزەکانی ئەو دوو حیزبە و هێزە سیاسیەکانی دیکەدا خاوەنی وچانێ خەبات بوو. گرنگی نەدان بەم هێزە کۆمەڵایەتیە گەورەیەی کۆمەڵگا و زیندووکردنەوەی هەندێ پەیوەندیی تەقلیدیانە و بایەخدان بەو بەهایانەی کە بەلای ئەم هێزە کۆمەڵایەتیەوە گرنگ بوون، وایکرد هێزە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگای ئێمە زیندوو ببنەوە و بەپاساوی ئەوەی (لە سیستەمی ئیداریی پێشوودا ئەزموونیان هەیە) شوێنی بڕیاردەر داگیر بکەن. بەمانایەکی دیکە: حیزبەکان دەرگای ئیدارەکردنیان بەسەر کەسانێکدا ئاوەڵاکرد کە لە پێکهێنانی سەرمایەی ڕەمزیی میللەتی ئێمەدا بەشدار نەبوون و ئێستاش بەلایانەوە گرنگ نیە ئەو سەرمایە ڕەمزییە بپارێزن و دەوڵەمەندی بکەن. بۆیە لە ئێستادا و دوای ئەوەی ئەو هێزە تەقلیدیانە لە دەساڵی ڕابردوودا بەتەواوی لە ئیدارەی کوردیدا جێگیر بوون و لەلایەن حیزبەکانەوە باوەشیان بۆ گیرایەوە، سەرمایەی ڕەمزیی حیزبەکان هەمیشە لەبەردەم مەترسیی ئەوەدایە بکرێتەوە بە سەرمایەیەکی مادی. بۆیە ململانێ لەسەر بڕێك پارە کە دەبێت بدرێ بە کارەبا، لەهەمان کاتدا کە گۆڕینی سەرمایەی ڕەمزییە بە سەرمایەی مادی، ئەوە نیشانەی تەسلیمبوونی حیزبی کوردیشە بە لۆژیکی ئەو دەستەیە لە ئیدارییەکانی ئەم وڵاتە، کە پلەی ئیداریی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ دەستکەوتی مادیی و تاپۆکردنی زۆرترین پارچەزەوی لەسەر خۆیان و پیرەوکارانیان. ئێستا ئەم دەستەیە لەناو ئیدارەی کوردیدا و لەسەرووی ئیرادەی ئەم دوو حیزبەوە، تۆڕێکی بەرفراوانیان دروستکردووە و دەسەڵاتێکی تایبەتیان هەیە لە دروستکردنی واقیعی ژیانی ڕۆژانەی هەمووماندا. هەرئەمەشە کە زۆرجار دەبینین، خەمێکی هاوبەش هەیە لەنێوان خەڵکی ئاسایی و ئەندام و لایەنگری حیزبەکاندا و هەردوو لایان لەژێر زەبری ئیدارییەکانی وڵاتدا ناڵەیان



دێ. هەردوولایان وەکو هەستدەکەن مافەکانیان دەخورێن و دەنگیشیان ناگاتە هیچ کوێیەك و تەنیایی وەك تەمێکی چڕ ڕۆحی برینداریانی تەنگەنەفەس کردووە.

کاتێکیش کارەبا دەکوژێتەوە، پتر ئەو هەستی تەنیایی و برینداریيە دامانەدەگرێ و لەبەرچاوی خۆماندا بچووك و زەلیل دەبین. زەلیل و تەنگەنەفەس لەبەردەمی گەرما و مێشوولە و پۆنگخواردنەوەدا. نامۆ دەبین بە جەستەی خۆمان، کە بۆتە بەندیخانەیەك و بێدەسەڵاتانە چین چین عارەقی پێدا دێتەخوار و ناتوانیت خۆت لەو بەندیخانەیە ڕزگار بکەیت. نامۆ دەبین بەرامبەر بە خواردن و یاری و جووڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ و هاوسەر و نزیکەکانماندا، نامۆ دەبین بەرامبەر بە شوێن کە چیدی بانگمان ناکات بۆ ئاسوودەیی و حەوانەوە. ئەو ژێر قادرمەیەی دەبوو دوێنێ بە چەرچەفێکەوە لێی بخەوین، ئەمڕۆ گڕاوێکی لێبەرز دەبێتە و مێروولەکان بەدەم هەڵگرتنی قاچ و باڵی قالۆنچەکانەوە ڕێچکەیان لێبەستووە. بەفرخەرەکە تواوەتەوە و لە سیمای عارەقاوی ژنێکی ژانگرتوو دەچێت و نایەوێت هاوار بکا. پانکەکە وەکئەوەی ساڵەهایە نەسووڕابێتەوە لە شوێنی خوی دووچاری ڕامانێکی ئەبەدیی هاتووە و لەوبەرزاییەوە پێمبڵێ: خوێنم تیا نەماوە!. من هەموو ڕۆژێ پێش ئەوەی بەیانی باش لە کچانی هاوسێ و منداڵانی گەڕەك و کابرای سەموونفرۆش بکەم، بە زیڕەی ئاوڕاکێشی ماڵان بەخەبەر دێم، کە لەبیرەکانەوە ئاو دەهێنێت تاکو بەردەرگاکان ئاوڕشێن بکرێن و گەڕەك ئامادە بکرێت بۆ ژیان! وەلێ ئەوە دوو ڕۆژە، وەکئەوەی ساڵەهابێت گوێم لەو زیڕەیە نەبووبێ و بۆنی ئاوڕشێنی بەردەرگاکانم نەکردبێ.. وەکئەوەی بە کوژاندنەوەی کارەبا ماڵەکەم بووبێتە قەبر و مەرگ لەناویا تەراتێن بکا. وەکئەوەی ژیان بەبێ کارەبا هیچ حورمەتێکی بۆ مرۆڤ تیا نەبێت.

**هەولێر**

**٢٠٠٢/٦/٢١**

(*) هاوڵاتی، ژمارە ٧٨ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/٢٤

## دڵ مانای چیه؟(*)
## (خۆشەویستی لە کوێدا نیشتە جێیە و لە کوێدا هەستی پێدەکرێ؟)

چونکە لەدڵ دەپرسیت، نامەوێ دڵت بشکێنم و حەز دەکەم بە دڵی خۆم وەڵامێکت بدەمەوە!

دڵ لە ئەدەب و بەرهەمە ئیبداعیەکاندا کە پشت بە خەیاڵ دەبەستن، هەمان ئەو مانایەی نییە کە زانستی پزیشکی و زانستی تەشریح (ئەناتۆمی) دەیبەخشنە ئەم وشەیە. لە و زانستانەدا وشەی دڵ ناوە بۆ یەکێك لە گرنگترین ئەندامە گۆشتییەکانی لەش و هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی وەزیفەیەکی تایبەت کە بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو ئیشدەکات. وەلێ لە بەرهەمە خەیاڵییەکاندا، هەر لە ئەفسانەوە تا ئایینەکان و تا سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراو و هەتا ژیانی ڕۆژانە، دڵ لەوە دەردەچێت کە هەر تەنیا پارچەیەك گۆشت و ئەندامێکی لەشی مرۆڤ بێت. لەو بوارانەدا دڵ پانتایی(مەساحە)یەکی بەرفراوانە، کە قووڵی و هێز و تاریکایی و ڕووناکایی و نهێنی خۆی هەیە. واتە پانتاییەکە لە ناخی مرۆڤدا و سەرچاوەی هەموو چالاکییەکی نا مەتەریاڵیە و ئەو شتانەی تیادایە کە ناکرێت بیانبینین یاخود بەرجەستەیان بکەین. هەروەها دڵ جیاکەرەوەی سنووری دوو ئاستی بوونی مرۆڤە کە یەکەمیان: ژیانی ئێمەیە لە ئاستی(دەرەکیدا) و لێرەشدا جەستە دەبێتە بەرجەستەکەری بوونمان، چونکە ئێمە لە دنیای ڕووناکدا بە جەستەی خۆمانەوە دێین و دەچین و شوێنێك داگیر دەکەین و هتد. ئەم ئاستی بوونە تەنیا بە مەرگ و چوونەوە ناو قەبر کۆتایی دێت، چونکە مەرگ ئەو هێزەیە کە جەستە دەباتەوە ژێر گڵ و ناو هەرێمی تاریکایی. لێرەشدا جەستە مادەیەکە بۆ زانستی پزیشکی.

دووەمین ئاستی بوونی مرۆڤ لە جیهاندا بریتییە لە ئاستی (ناوەکی) و لێرەشەوە پانتایی ناخ و دڵ دەست پێدەکات و ئەمەش مادەیەکە بۆ ئایین و ئەدەبیات و بەرهەمەکانی خەیاڵ و فەنتازیا.

لە ئاییندا وەزیفەی دڵ دەبێتە وەزیفەیەکی شهوودی و دڵ دەبێتە ئەو پانتاییەی کە یەزدان سرووشی خۆی بۆ پێغەمبەران دەنێرێتە خوارەوە و لە دڵیاندا ئیمان دەڕوێت.



کەواتە دڵ دەبێتە سەرچاوەی بڕوا و دەرکی مرۆڤ بۆ بوونی یەزدان و قودسیەت دیاری دەکا. لێرەشەوە دڵ دەبێتە ئەو کانگایەی کە ڕووناکایی یەزدانی لە جەستەی مرۆڤدا جێگیر دەکاو دەیپارێزێت لە ڕووناکایی درۆزنەی دەرەکی.

سەبارەت بە ئەدەبی نووسراویش دەتوانین باس لە ئەدەبی دانپیانان (ئیعتیرافات) بۆ نمونە لەلای دوو کەسی وەك قەدیس ئاگۆستین و ژان ژاك ڕۆسۆ بکەین. لەلای ئاگۆستین دانپیانان سەفەرێکە لە دنیای دەرەکییەوە، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دنیاییەوە بۆ دنیای ناوەکی و بۆ ژیانێکی قودسی، بەمانایەکی دیکە: ئاگۆستین تەنگەبەری و سنووردارێی دنیای دەرەکی جێدەهێڵێت و بەرەو دنیای بەرین و بێسنووری ناخ سەفەر دەکا، کە چەقی ئەم دنیایە و ڕووناکترین شوێنی بریتیە لە دڵ. بریتیە لە دڵێك کە دەتوانێت موقەدەس لە خۆیدا هەڵگرێت و شوێنێکە بۆ پێکگەیشتنی پڕ ڕەمز و ڕازی نێوان مرۆڤی ئیماندار و یەزدان. ئەم دڵە بەهچ شێوەیەك دڵ نیە وەك پارچەگۆشتێك لە ژێر قەفەسی سنگی مرۆڤدا و قەبارەیەکی مادییشی نیە، بەڵکو ئەو پانتاییەیە کە هەموو جیهانی دەرەکی وەك خاڵێکی بچووك لە خۆیدا جێدەکاتەوە، هەر بۆیەشە سەفەری ئاگۆستینی قەدیس دەبێتە سەفەری تەڵاقدانی دنیای بچووکی دەرەوە لە پێناوی گەیشتن بە جیهانی مەزنی دڵ و ناخ.

لەلای ڕۆسۆی فەیلەسووف، دانپیانانەکان دەبنە پرۆسەیەکی پێچەوانەی ئەوەی ئاگۆستین، بەڵام بەهەمان ئامانج کە بریتیە لەئاشکراردنی گەورەیی و بەرفراوانیی پانتایی دڵ: سەفەری ڕۆسۆ بریتیە لە بەرەڵڵاکردنی هەموو ئەو شتانەی لە ناخ و دڵیدا پۆنگیان خواردۆتەوە و یاساکانی دنیای دەرەوە ڕێگرن لەبەردەم ئاشرابوونیاندا. ڕۆسۆ دەیەوێت بەم کارەی سنووری دنیای دەرەکیی بشکێنێت و ناخی بەرینی خۆی هەڵبڕێژێتە ناوی تاکو بەو هۆیەوە دنیای دەرەوە بەرفراوان و گوشاد بکا. ئەو دەیەوێت دنیای دەوڵەمەندی ناخ باوەش بکا بە دنیای هەژار و بەرتەسکی دەرەکیدا.

لە ئەدەبیاتی میللەتانیشدا، دڵ هەر بەتەنیا کوتێك گۆشت نیە، بەڵکو پانتاییەکی گەورەیە و مامەڵەیەکی ڕەمزیی لەگەڵدا کراوە. لە شیعری کلاسیکیی شاعیرە گەورەکانی جیهاندا، (بەتایبەتی ئەدەبیاتی شیعریی خۆرهەڵات)، دڵ دەبێتە پانتاییەکی ڕەمزیی و مەخزەنی ڕاز و نهێنی و تەلیسم. بەم پێیەش بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ و خوێندنەوەی جیهانەکەی، پێویستە لە (دڵ)ی تێبگەین و ڕازەکانی بخوێنینەوە، واتە دڵ دەبێتە ئەو

کلیلەی کە دەرگای چوونە ناو مرۆڤمان لێدەکاتەوە. شاعیرەکان بۆخۆشیان لە وەسفی دڵ و ناخدا زۆر ڕاستگۆن و هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە، کە بەهۆی زمـان و شـیعرەکانیانەوە پەردەی لەسەر هەڵدەنەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کە قسەی دڵ شتێ نییە لەناو سنووری زمان و توانای دەربڕینی شیعریدا جێگەی ببێتەوە( چونکە زمـان پـەیڕەوی لـە یاسـای عـەقڵ دەکا)، ئەوە هەمیشە شاعیرەکان بە نائومێـدی دنیـا جێـدەهێڵن، وەك ئـەوەی هـەرگیز قسەیەکیان نەکردبێت و ڕازی دڵی خۆیان بەیان نەکردبێت، چونکە وەك (پاسکاڵ) گوتویە: ئەوەی دڵ دەیزانێت عەقڵ ناچێتەوە سەری.

لە ئەدەبی کوردیماندا، (نالی و مەحوی) مەزن ئەو دوو شاعیرەن کە بەڕاستیی قسەی دڵیان کردووە، بەڵام دڵیان هێندە گەورە و ناخیان هێندە پڕ قسە بووە، کەبەتەواوی فریای دەربڕینی نەکەوتوون. تەنانەت کەسێکی وەکو (نالی) ئامـاژە بـەوە دەکـا، کـە ئـەو بـە دڵگەرمی لە دنیا دەردەچێت و بۆی هەیە سـندووقی پـڕی سـینەی، ئـاگر لـە تـەخت و تابووتەکەشی بەربدات:

لە سندووقی پڕی سینەم بترسە
کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابووت!

***

دڵ مانایەکی ڕۆژانەیـشی هەیـە کـە لـە ژیـانی پراکتیکـی و لـە گفتوگـۆی نێـوان مرۆڤەکاندا بەدیار دەکەوێ، بۆ نموونە: هەندێ شت هەن دڵیان پێخـۆش دەکـەین، هەنـدێ کەس هەن لە دڵماندا دەژین، قسە هەیە کار دەکاتە سەر دڵمان و قسەش هەیـە وەك تـیر دڵمان دەپێکێ. ئێمە دەتوانین دەردەدڵ بۆ یەکتر بکەین، لە کاتێکدا کەسانێك هەن دڵمان دەدەنەوە. چەندە لە دڵەوە گوێ بۆ گۆرانییەك ڕادەدێرین، هێنـدەش بـەدڵ فرمێـسك بـۆ کۆست و لێقەومانەکانمان دەڕێژین. ئەگـەر تـۆ دڵـت نەشـکاندبام، مـن ئـاوا دڵـم لێـت نەدەیەشا، دڵیم پێ ڕازی نەکرا، بابچین دڵی بدەینەوە و هتد.

لە هەموو ئـەم بەکارهێنانانـەدا دڵ پانتایـەکی هەسـتیاری نـاخی مرۆڤـە و ڕاددەی ئاسوودەیی ئێمە لە ژیاندا دەستنیشان دەکا. ئێمە دڵمانین و دڵیشمان ئێمەین. ئالێرەشەوە دەتوانم بکەومە وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە دەڵێیت: عەشق لەکوێـدا نیشتەجێیە و لە کوێدا هەستی پێدەکرێ؟



عەشـق سـاتەوەختێکە لـە خرۆشـانی دڵ و شـەپۆلێکە لـە ناخـدا کـە بێگومـان ڕەنگدانەوەیشی لەسەر جەستە هەیە و عاشقان لـە دوور ڕا دیـارن. ئەگـەر ئـەو عەشـقە عەشقێکی کامەران بێت ئەوە عاشـقێکی سەرمەسـت و بێئۆقرەمـان لێدەردەچـێت کـە هەموو وێرانەیەکی دنیا وەك بەهەشتێك دەبینین و قاقای خەندەمان دنیا ئاوەدان دەکاتەوە و ئەمەش نیشانەی بەجۆش و خرۆشیی دڵمانە. وەلێ ئەگـەر عەشـقێکی ناکـام ڕوومـان تێکات، ئەوە عاشقێکی سەرکز و مەلوولمان لێدەردەچێت و خوێنمان دەبێت بە ئاو و ئاوی دڵمان دەبێتە ڕندووك و لە دیدەمانەوە دەبارێ و بێـدەنگی و خـۆ خواردنـەوە سـێبەرمان بەسەردا دەکەن و هێدی هێدی جەستەمان دەپووکێتەوە.. لێرەوە دەمەوێت بڵێم: عەشق لە دڵەوە، بەو مانایەی کە پێشتر باسمکرد، سەرچاوە هەڵدەگرێت و ڕەگـی خـۆی دادەکـوتێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر جەستەش جێدەهێڵێت. کەواتە عەشـق هەر تەنیا پردێکی پێکگەیشتن نییە لە نێوان دڵی دوو مرۆڤی جیاوازدا، بەڵکو پردێکیشە لە نێوان دڵ و جەستەی هەر تاکـە مرۆڤێکیـشدا. عەشـق شـوێنێکی تایبـەتی نیـە بـۆ نیشتەجێبوون، پایتەختێکی ئاشکرای نیە بۆ حوکمڕانی، باخچەیەکی سەربەخۆی نیـە بـۆ چڕین.. ئەو یان لێرەیە و لەناوماندایە و داگیرمان دەکا، یاخود لێرە نییە و بەتەنیا جێـی هێشتووین. کە عەشق لێرە بێت بەرگەی هەموو شتێك دەگرین و فـەرهاد ئاسـا ئاوقـای بێستوونێ دەبین، کە جێشی هێشتین چرکەی کاتژمێرەکانمان لێدەکاتە دووژمن و لەبـەردەم گیزەی مێشوولەیەکدا دەبینە قارەمانێکی دۆڕاو..

ئا بەم جۆرە، چیرۆکی دڵ لە ئەدەبیات و ئاین و ژیانی ڕۆژانەدا جیاوازە لەو وەسـفانەی کـە زانست بۆ دڵی مرۆڤی دەکات و کاتێکیش نەخۆشەکان دەچنە بەردەمی پزیشکەکان، هـەر بـە دڵێکی گۆشتییەوە ناچن کە پێویستە بە حەپ و دەرمان چاك بکرێنەوە، بەڵکو ئەوان پانتـایی دڵی خۆشیان کە پڕە لە عەشق و ڕاز، لە نهـێنی و ڕەمـز، لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن. ئـەوان بـە ئینسانیەتی خۆیانەوە، بەگەورەیی و ناخی خۆیانەوە ڕوو لـە کائینێـك دەکـەن کـە متمانـەیان پێیەتی و چاوەڕوانیی لێدەکەن نەك هەر چاکیان بکاتەوە، بەڵکو دڵیشیان بداتەوە.

(*) وەڵامە بۆ پرسیارێکی خاتوو (نەخشین نـوری)لـە گۆڤـاری تەندروسـتی/هـەولێر، ژمـارە: ٥ی ئەیلوولی ٢٠٠١

## چارەسەرکردن: لە نێوان (پسپۆڕی) و (میهرەبانی)دا (حەکایەتی خۆش و ناخۆشی، نەخۆشخانە)[*]

هەمیشە نەخۆشی و لە نەخۆشخانە کەوتن ناخۆش نیە. نەخۆشیی بۆخۆی پڕیشە لە خۆشی و چێژ کە ناکرێت بەشێوەیەکی دیکە و لە شوێنێکی دیکە ئەزموونی بکەین. ڕەنگە یەکەمین تۆوی چاکبوونەوە لە پەراوێزی ئەو ئەزموونەوە هەڵوەریٚ کە ئێمە لەکاتی نەخۆشییەکەماندا و لەبەر دەردی ئازارەکان هەستی پێناکەین و تەنیا دوای جێهێشتنی نەخۆشخانە و بیرکردنەوەمان لە ڕۆژەکانی ئەویٚ، دەبینین لە گۆشە و کەناری حەکایەتەکانەوە چەکەرە دەردەکەن، جارێکی دیکە سەوزمان دەکەنەوە و پێدەگرینەوە و خۆمان دەبینین بەسەر شەقامەکاندا پیاسە دەکەین، شتێك کە لەڕۆژانی نەخۆشخانەدا خەونمان پێوە دەبینی. هەموو نەخۆشکەوتنێك و چاکبوونەوەیەك وەك ئەوە وایە: مرۆڤ مردبێت و سەرلەنویٚ زیندوو بووبێتەوە. بۆیە فرسەتێکی باشە نووسین لەسەر ئەزموونی نەخۆشی و ئەو چاکبوونەوەیە بکەینە بەڵگەی زیندووبوونەوە و سەرلەنویٚ تێهەڵچوونەوە لە ژیان و ئیمان و خۆشەویستی. بەمجۆرەش حەکایەتی خۆشی نەخۆشیی دەستپێدەکات، حەکایەتێك کە خاڵیی نیە لە بەسەرهات و وانە و لێوەفێربوون، حەکایەتێك دەبوو ئەزموونی بکەین تاکو بتوانین قسانی لەبارەوە بکەین، حەکایەتی وەفا بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵماندا میهرەبان بوون.

### حەکایەتی خۆشی نەخۆشیی:

خۆشترین ئەزموونی نەخۆشی و لە نەخۆشخانە کەوتن ئەوەیانە کە منداڵ و ناسك و عاشق دەبینەوە. منداڵ دەبینەوە چونکە دەزانین و چاوەڕوانیمان ئەوەیە کەسانێك هەن نازمان دەکێشن و چاوەڕوانیەکانمان دەهێننە دی و لەگەڵ خۆیاندا ماچ و چوکلێت و چەپکە گوڵمان بۆ دەهێنن و بەجۆریٚ مامەڵە و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن، کە خۆشمان هەست بە منداڵبوونەوەی خۆمان بکەین. ئەوە بۆخۆی چێژێکی منداڵانەیە کاتێك دەوروبەرت پڕە لەو کەسانەی بەتەمەن لەخۆت گەورەترن و کەچی تۆ لەناویاندا پاڵت لێداوەتەوە و لەسەر قەڵەوێرەکەت لاقت لێدرێژ کردوون بەبیٚ ئەوەی ئەمەت لەسەر حساب بێت! ئەوەش منداڵبوونەوەیە کاتێك دکتۆرەکان هەندیٚ خواردن و خواردنەوەیان لێقەدەخە کردویت، کەچی تۆ لە کەمترین فرسەتدا بۆت هەڵدەکەویٚ، بەدزی شتیٚ دەکەیت بە زارتدا و پاشانیش کە پرسیارت لێدەکەن ئایا هیچت خواردووە، دەڵێی: (نەء!). ئەو نەئگوتنە درۆ نیە، بەڵکو نەئێکی منداڵانەیە، خۆ شاردنەوەیە لە یاسای گەورەکان و قەدەخەشکێنیە. لێمگەڕێن ڕاستگۆیانەتر بدوێم: لەو ماوەیەدا کە من هەموو شتێکم لێقەدەخە کرابوو و تەنیا خۆراکیی کیسەییم لە ڕێگەی دەماری دەستمەوە وەردەگرت، چەندین جار ئەو شتانەم خواردن کە نەدەبوو بیانخۆم! جارێك چوکلێتێك و جاریٚ کەوچکیٚ خواردن و جارێکی دیکە قاشیٚ میوە و ئەمجا پسکیت و لەفەی فەلافل و مریشك، کە بە دزی دەمهێنانە ژوورەوە. کاتێکیش خواردنی نەخۆشخانە دەهات، بەدەنگی بەرز و بەو مەبەستەی دکتۆرە چاودێرەکان گوێیان لێم بێت، دەمگوت: (من نابێت هیچ بخۆم)! شەوانەش دوو کەوچك ڕۆنگەرچەکم دەخوارد تاکو هەرچی لە گەدەمدایە بیکاتە ئاو، ئاوێکی ڕوون..

لە نەخۆشیدا ناسکیش دەبینەوە، ناسك تا سنووری شاعیریی و گریان، چونکە هەمیشە ئەو ساتانە دێن کە هەموو نەخۆشەکانی دیکە خەویان لێکەوتووە و ڕاڕەوەکان بێدەنگ و گڵۆپەکان کوژاوە و ئیدی دەنگی ئاوەچۆڕکەی دەستشۆری و جیڕەی قەڵەوێرەکەت و ناڵەی نەخۆشەکان و چرکەی دەمژمێرەکە دەبیستیت و هەستیارییەکی سەیر دەستپێدەکات. هەستیارییەك هاوشانە بەتەنیاییەکی کوشندە و ترسێك کە نازانیت ئایا سەرچاوەکەی لە مردنەوەیە یاخود لە تەماشاکردنی خۆت و ئەو هەموو بێدەسەڵاتییەی کە نەخۆشبوون بەسەرتا سەپاندوییەتی. بەهەرحاڵ، ئیدی بەدەستخۆت نییە و هێندەی پێناچێت کە دیوارێکی سوێر لەنێوان نیگا و دەور و بەرتدا دروستدەبێت، دیواری گریان. من یەکەمجار تێنەدەگەیشتم ئایا خۆم ئامادە دەکەم بۆ مردن یاخود بۆ چاکبوونەوە. هەستمدەکرد بەشەکانی جەستەم چیدی پێکەوە

هاوكاريى ناكەن و خەريكم دەبمە لاشەيەك، كە وزەى تێدا نييە خۆى لە شوێنێكەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێكى تر.

لەنەخۆشخانە كەوتن جۆرێ لە هەستى عاشقبوونەوەشمان تێدا زيندوو دەكاتەوە: زەمەنى عاشقى و زەمەنى نەخۆشى هەردووكيان لە ئاه و نالە و چاوەڕوانى و بيركردنەوە و وێناكردنى بەرامبەردا هاوبەشن. هەروەك چۆن لەسەر تەختى نەخۆشخانە چاوەڕێى هاتنى ئەو فريادڕەسە دەكەين كە خۆشمان دەوێت، يان كە تەمەنناى هاتنى لەپڕى دەكەين تا بەئەسپايى دەرگاكە بكاتەوە و ڕزگارمان بكات لە ئازارەكان، بەهەمان شێوە عاشقبوونيش جۆرێكە لە كەوتن لەسەر ڕێگاكان و لە قەراخ كانى و ژێر سێبەرى درەخت و شۆستەى شەقام و كۆڵانەكاندا.. عاشقەكان و نەخۆشەكان هەردووكيان لەوێدا كەوتوون تا (ئەو) دەركەوێت و زيندوويان بكاتەوە، ياخود بەيەكجارى ڕۆحيان بكێشێ.. دەشێت ڕۆژەكانى نەخۆشخانە جۆرێ لە خواستى بەزەيى پێداهاتنەوەشمان تێدا دروستبكات و تەمەننا بكەين، ئەو يارە دڵڕەقەى هەرگيز ددانى خێرمان پێدا ناهێنێ، هەرگيز لێمان ناپرسێت و وەهاى پيشاندەدات ئێمەى بەلاوە گرنگ نييە، لەم ڕۆژە تاريكانەدا بێت و ناو دڵمان بە حوزوورى خۆى ڕووناك بكاتەوە و ئيتر بشمرين قەيدينەكات، چونكە بێگوناە دەچينە ئەو دنيا تاريكەوە، كە جگە لە دڵى ئێمە هيچ ڕووناكاييەكى تێدا نيە، ڕووناكاييەك سەرچاوەكەى لە لوتف و ميهرەبانيى ئەوەوەيە!

خۆشييەكانى نەخۆشيى لەمەش تێپەڕ دەكات و ڕەهەندێكى كۆمەڵايەتيش بەخۆيەوە دەگرێت، كە تيايدا ئێمە دەبينە خاڵى پێككەيشتنى ئەوانيتريش. هەر لەنەخۆشخانەدايە كە هاوڕێ و كەسوكارە دوور و نزيكەكانمان بەيەكتر دەناسێنين و كەشوهەوايەكى كۆمەڵايەتى دروستدەبێت لە نێوانياندا. نائاشناكان بەيەكتر ئاشنا دەبن و زويرەكان ئاشتدەبنەوە و ديدارەكان تازە دەكرێنەوە و جۆرێ لە مەراسيمى دڵپاكبوونەوە و گەردن ئازادى دێتە ئاراوە. لەهەمووشى سەيرتر ئەوەيە لەپڕ كەسانێك دەبينين كە وامان هەستدەكرد خۆشيان ناوێين، لە نكاو ئەو كاربەدەست و بەڕێوەبەر و ڕاوێژكار و سياسەتمەدارانەش دێنە سەردانمان و تەلەفۆنمان بۆ دەكەن، كە بينين و چاوپێكەوتنيان ئاسان نييە، تەنانەت ئەگەر واسيتەيەكى چاكيشت هەبێت!



كەواتە لێگەڕێن دووبارەى بكەمەوە، كە نەخۆشيى هەر تەنيا ناخۆش نيە، بەڵكو چێژبەخشيشە، وەلێ تەنيا دواى ئەوەى كەمێ چاكدەبينەوە و مەودايەك لە ڕۆژە ناخۆشەكانى نەخۆشخانە وەردەگرين. ئەو ڕۆژانەى نامەنەوێ هەرگيز دووبارە ببنەوە، نامانەوێ هەرگيز ئەزموونيان بكەينەوە، چونكە هەر لەوڕۆژانەدا بوو كە هەستماندەكرد بەپێچەوانەى چاوەڕوانييەكانى خۆمانەوە، بەشێك لە گەورەيى و جوانيى ئينسانيانەى خۆمان لەدەست دەدەين و لە پێناوى چاكبوونەوەى جەستەماندا، ڕۆحيشمان بريندار دەبێت و ورە و ئيرادەمان لە بارودۆخێكى نائينسانيانەى نەخۆشخانەدا وێران دەكرێت.

### حەكايەتى ناخۆشى نەخۆشى:

لێرەوە حەكايەتى (ناخۆشى نەخۆشبوون) دەستپێدەكات. حەكايەتێك پڕە لە ڕووداوى دڵتەزێن، كە ڕەنگە نرخ و بەهاى گێڕانەوەيان تەنيا لەوەدا بێت تا پتر تێبگەين ئاخۆ چۆن پەيوەندييە شێواوەكان بوونەتە بەشێكى جيانەكراوە لە سيستەمى تەندروستيمان و چۆن ئەم سيستەمە خاڵييە لە جيهانبينييەكى مرۆڤدۆستانەى پراكتيكى و چۆن ئەمەش پەيوەنديى هەيە بە جيهانبينييەكى سياسييەوە كە لەسەر بنەماى خۆشويستنى مرۆييەوە دروستنەبووە و هيچ گوتارێكى نيە بۆ چەسپاندنى چەمكى هاووڵاتى و هاونيشتيمانى و تەبايى كۆمەڵايەتيمان. حەكايەتى ناخۆشى نەخۆشى، بە پێچەوانەى حەكايەتى پێشووەوە، ناكرێت بە ئەزموونێكى شەخسيى دابنرێت و هەرتەنيا پەيوەنديى هەبێت بە ميزاجى نووسين و ڕەهەندى ئێستاتيكيانەى نووسەرەوە. بەڵكو ئەم بەشەى حەكايەتەكەمان بۆى هەيە بەيادهێنەرەوەى ئەزموونى هەموومان بێت لەكاتى نەخۆشكەوتن و سەردانى نەخۆشخانەدا. ئەگەرچى ڕەنگە ئەوە ئەزموونێك بێت و نەمانەوێ جارێكى ديكە بيرى لێبكەينەوە..

### نەخۆشخانە كوێيە؟

هەرگيز ئەم پرسيارە لە مندالەكان مەپرسە، چونكە ئەوان هەميشە لە ترسێكەوە وەلامت دەدەنەوە كە ڕەنگە واقيعيترين و ڕاستگۆيانەترين ترس بێت كە هەرگيز دانى

پێدا نەهێنراوە: لە ڕوانگەی منداڵانەوە نەخۆشخانە ئەو شوێنەیە کە ئەوان لێیدەترسن، ترس لە ئازار و ترس لە هەڕەشە و ترس لەدەرزی و دەرمانی کۆکە و حەپی تاڵ! دایکانی ئێمە کاتێك بیانەوێ منداڵەکانیان بترسێنن، پێیاندەڵێن: (وسبە!، با دکتۆرەکەت بۆ بانگ نەکەم).. لێرەشەوە پەیوەندییەك هەیە لە نێوان دکتۆر و ترسدا، هەروەك چۆن ترس لەو شوێنەوە، لەو ماڵ و (خانە)یەوەوە دێت کە شوێنی کارکردنی دکتۆرەکانە: لە نەخۆشخانەوە! بەم پێیەش ئێمە لەبەردەم ناکۆکیەکداین: لەلایەکەوە نەخۆشخانە ئاماژە بە ماڵێك دەکا، کە تایبەتە بە نەخۆشەکان. لە کەلتووری ئێمەدا (ماڵ / خانە) هەمیشە ئاماژەیە بە شوێنێك بۆ ئاساییش و دڵنیایی و پارێزگاری. ماڵ/خانە چوارچێوەیەکە دەمانپارێزێت و ناهێڵێت دنیای دەرەوە بەئاسانیی دەستدرێژیمان بکاتە سەر. بەم پێیەش نەخۆشخانە واتە: شوێنێکی دڵنیا و ئاساییش بۆ پارێزگاریکردن لە نەخۆشەکان، واتە لەو کەسانەی کە پێویستییان بە چاودێری و یارمەتیدانێکی کاتی هەیە.. لەلایەکی دیکەوە: لە یادوەریی منداڵانەی ئێمەدا نەخۆشخانە ئەو شوێنەیە کە پڕە لە ترس و ئازار.. کەواتە لەگەڵ قسەکردنماندا لەسەر نەخۆشخانە دەکەوینە بەردەم دوو پێناسەی سەیر و لێکدی دوور: پێناسەیەکیان ئەوەیانە کە سیستەمی تەندروستی بۆ یەکێك لە گرنگترین دەزگاکانی خۆی کردویەتی و جێ پەسندییەتی، پێناسەی دووەمیش ئەوەیانە کە لە یادوەریی منداڵانەی ئێمەدا دروستبووە و ماوەتەوە. ڕەنگە ئەوەی لەلامان یەکێك لەم دوو پێناسەیە زیاتر دەچەسپێنێت، ئەزموونی نەخۆشیی بێت، ئەزموونێك کە پێویستی بەوە هەیە لە نەخۆشخانە بخەوین:

### نەخۆشی چییە؟

نەخۆشی و نەخۆشکەوتن تاوانێك نیە، بەڵکو دۆخێکی نائاساییە لە ژیانی زیندەوەردا کە چەند سیما و ڕەهەندێك بەخۆیەوە دەگرێت. مەرج نیە نەخۆشی هەرتەنیا نەخۆشکەوتنی جەستە و ئۆرگانەکانی لەش بێ، بۆی هەیە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەبێت و کۆمەڵناسێك ناوی بنێ (نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان)، بۆیشی هەیە ڕەهەندێکی دەروونی هەبێت و دەروونشیکارێك هانبدات باس لە (نەخۆشییە



دەروونییەکان) بکات، هەروەها بۆی هەیە ڕەهەندێکی ئەخلاقیی وەربگرێت و ئاکارناسێك دنە بدات بۆ دەستنیشانکردنی (نەخۆشییە ئەخلاقیەکان) و زۆرجاریش مرۆڤناسەکان باس لە (نەخۆشییە کەلتووریەکان) دەکەن. بەم پێیە نەخۆشیی لەبواری جیاوازدا چەندین ئاست و چەندین سیمای هەیە. وەلێ نەخۆشیی وەکئەوەی لە سیستەمی تەندروستیدا تێیدەگەین بریتیە لە (موبتەلابوون بە دۆخێکی نائاسایی و شێوانی یەکگرتوویی جەستەیی، یان دەروونیی، یاخود هەردووکیان پێکەوە)[(١)].

وەلێ ناتوانین لە دەرەوەی کۆمەڵگایەکی کۆنکرێتی و بەرجەستە باس لە نەخۆشی بکەین. بۆیە ئەگەر ئەو شێوان و نائاساییبوونە باری دەروونی بگرێتەوە، ئەوە زۆربەی کات ڕەهەندێکی خێزانی و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە. یاخود ڕاستر وایە بڵێین: لەگەڵ هەر نەخۆشکەوتنێکدا بەشێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش نەخۆش دەکەون و هەموو دەم نەخۆشی بەنیسبەت کۆمەڵگاوە قەیرانێکی بارگرانە. بەڵام کۆمەڵگاش بۆخۆی لە دروستکردنی نەخۆشییەکاندا ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە، چونکە بەشێکی زۆری سەرهەڵدان و گەشەکردنی نەخۆشییەکان سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتیانەیان هەیە. بۆنمونە زۆرن ئەوانەی لەئەنجامی هەلومەرجی نالەباری کارکردنەوە نەخۆش دەکەون، یاخود بارودۆخی ژیان و ماڵ و حاڵیان دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی و هەروەها بۆی هەیە نەبوونی زانیاری تەواویش لەبارەی ئەو ئامێرانەی بەکاریان دەهێنین ببێتە هۆی جۆرێك لە نەخۆشی، بۆ نمونە ئامێری کۆمپیوتەر. ئەمە جگە لەوەی جۆری ئەو خواردنانەی دەیانخۆین و هەندێ خووی کۆمەڵایەتیش، کە دەشێت وەك جۆرێ لە نەخۆشی دەربکەون.

کاریگەریی کۆمەڵگا لەمەش دەترازێت و زۆر ڕاستەوخۆتر کار دەکاتە سەر کەسایەتی ئەندامەکانی. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، شێوەی کۆمەڵگاکان ڕۆڵێکی زۆریان هەیە لە دروستکردنی مرۆڤی نەخۆش یاخود تەندروستدا. ئەو کۆمەڵگایانەی کراوەن و ئازادی و مافی قسەکردن تیایاندا پارێزراوە، ناڕاستەوخۆ بوونەتە ڕێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی ئەو جۆرە نەخۆشیانەدا، کە تاکەکەس لە کۆمەڵگا داخرا و بەخۆداچووەکاندا دووچاریان دەبن[(٢)].

ئێمە دەتوانین لەسەر هەمان بنەماوە بڵێین: تەنانەت جۆرەکانی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنیش ڕۆڵی زۆر دەگێڕن لە دروستکردن و بەرگریکردن لەبەرامبەر نەخۆشیدا. بۆ نمونە: لەو سیستەمە سیاسیانەدا کە پەرە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەدەن و لە پێناوی ڕازیکردنی دەستەیەکی هەڵبژاردەدا، کۆی کۆمەڵگا دەخەنە پەراوێزەوە، کە ئەمە سیاسەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بووە لەو دە ساڵەی دواییدا، جۆرێك لە کێبەرکێ و ئیرەیی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێت، کە بۆی هەیە ئەم ئیرەیی بردن و حەسادەتە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی زۆر و بەردەوامەوە، ببێتە خەسڵەتێکی دەروونی تاکەکان، پاشانیش تووندڕەوی کۆمەڵایەتی ببێتە یەکێك لە دەرکەوتەکانی وەکئەوەی لەناو هەموو توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا هەستی پێدەکەین و لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدەداتەوە.

بەڵام بابزانین چۆن نەخۆشییەکی دەروونیی تاکەکەس ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگرێت؟

هەموو تیۆرییەکان مەزەندەی ئەوە دەکەن، مرۆڤ لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتیدا و لە دۆخی سرووشتیانەدا ژیانێکی ئاسایی هەیە، کە ئەویش خێزانە و نابێت ژمارەی پێکهێنەرەکانی لە دوو کەس کەمتر بن. کاتێك دەزانین نەخۆشییەکی دەروونی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە، کە بزانین یەکگرتوویی و پێکەوەگونجانی لایەنی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤە تێکچووە و زامدار بووە. مرۆڤ لەگەڵ نەخۆشکەوتنیدا هەر تەنیا جەستەی زامدار نابێت، بەڵکو هەستیش بە تەنیایی و جۆرێ لە پەراوێزکەوتن دەکات. هەر بۆیەشە مرۆڤی نەخۆش لەگەڵ داوای چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیدا، لەو کاتەدا کە داوای یارمەتیمان لێدەکات، دەستی تکاکاریش بەرز دەکاتەوە تا لەو تەنیایی و گۆشەگیری و پەراوێزبوونەی بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە تێیکەوتووە، ڕزگاری بکەین. لەم ڕوانگەیەوە، نەخۆشکەوتن هەرتەنیا مەترسی و هەڕەشەیەك نیە بۆ سەر ژیانی ئۆرگانی و جەستەیی تاکە مرۆڤ، بەڵکو هەڕەشەیەکیشە بۆ سەر ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتیشمان.[٣]

لە کۆمەڵگایەکدا کە جۆرەها نەخۆشی بەربڵاو بێت، واتە ئەو کۆمەڵگایە خۆی لەبەردەم جۆرەها مەترسیدا دەبینێتەوە. لێرەشەوە سیستەمی تەندروستی



کۆمەڵگایەك هەرتەنیا ئەرکی چاککردنەوەی جەستەیی نەخۆشەکانی لەسەرشان نییە، بەڵکو بەرپرسیاریشە لە ئاساییکردنەوەی کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی دژایەتیکردنی نەخۆشییەکان و هاوکاریکردنی هاووڵاتیانەوە. بەمانایەکی دیکە: نەخۆشخانەکان هەرتەنیا میرنشینێك نین و دکتۆرەکانیش میری خاوەندەسەڵاتی ناویان، بەڵکو ئەوان سەربازی ناو قەڵایەکی گرنگن کە دەبێت دووژمنێکی نادیار لە کۆمەڵگا دوور بخەنەوە. بۆیە کار لەبواری تەندروستیدا هەرتەنیا کارکردنێکی پسپۆڕیی نیە لەسەر ئۆرگانە شێواو و نەخۆشکەوتووەکانی جەستە و نووسینی ڕەچەتە و دەرمان بۆیان، بەڵکو مامەڵەکردنیشە لەگەڵ مرۆڤدا وەك کائینێکی کۆمەڵایەتی هەستیار و خاوەن گەورەیی و عیززەتی نەفس، کە نابێت پێشێل بکرێت.

لێرەوە گرنگیی و لەبیرنەکردنی چەمك و ڕەهەندی (مرۆڤ) لە سیستەمی تەندروستیدا دەردەکەوێت، چونکە هیچ سیستەمێکی تەندروستیی تەندروست، بەبێ تێگەیشتنێکی تایبەت لە مرۆڤ سیستەمێکی کامڵ و تەواو نابێت. دەشێت ئێمە لە سیستەمی تەندروستیماندا باشترین ئامێر و بەرزترین ئاستی پسپۆڕی و گەورەترین نەخۆشخانەمان هەبێت، بەڵام ئەگەر تێڕوانینێکی ئەخلاقیانە و مرۆڤدۆستانەمان نەبوو، ئەوە لەبەردەم قەیرانێکی مەزنداین کە وا دەکات لە نەخۆشخانەکانماندا هەمان مامەڵە لەگەڵ نەخۆشدا بکرێ، کە لەناو بەندیخانە و بازاڕەکاندا دەکرێت.

ئەوە نەبوونی تێگەیشتنێکی ئەخلاقییە لە مرۆڤ کە هەر لەبەردەرگای نەخۆشخانەوە تا دوایین دکتۆر وەك کۆیلە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشدا دەکرێت. ئەوە نەبوونی جیهانبینییەکی مرۆڤدۆستانەیە لە سیستەمی تەندروستیی ئێمەدا، کە تۆڕێك لە قاچاخیکردن بە کەلوپەلەکانی نەخۆشخانەوە دروستدەبێت و وادەکات لە عەیادەکانی لاکۆڵاندا کەلوپەلی خاوێنترت دەستکەوێت وەك لە نەخۆشخانەی ڕزگاریی فێرکردن!. ئەوە قەیرانێکی گەورەیە لە ئەخلاقی پزیشکیدا کە نەخۆش بۆی نەبێت هیچ قسەیەك بکات، هیچ زانیارییەك لەسەر شێوازی چارەسەرکردنەکەی وەربگرێت، هەموو بەرپرسێکی پرسگەکان و هۆڵەکانی نەخۆشخانە بۆیان هەبێت بەسەریدا هاوار بکەن: (وەرە بۆ کوێ دەچیت؟)، بۆی نەبێت بڵێت: (ئەم دژداشەیە نەشۆراوە و لەبەری ناکەم) وە هیچ جلوبەرگێکی خاوێن دەستنەکەوێت، بۆی نەبێت

بڵێت: (ئەم سرنجە بەکارهاتووە و بەکاری ناهێنم) و دواجار ئەوە باوکسالارییەکی ناتەندروستانەیە کە لەکاتی هاتنە ژوورەوەی دکتۆرەکاندا، نەخۆشەکان ناچار بکەیت وەك پۆلی یەکەمی سەرەتایی هەموو هەستنە سەرپێ و پێیان بڵێیت: (قسە لە قسەی دکتۆردا مەکەن) و هتد..

نەبوونی تێگەیشتن لە چەمکی مرۆڤ و بچووککردنەوەی ئینسان لە نەخۆشبوونەکەیدا و مامەڵەکردنی وەك تاوانبارێك، ئەو کۆمیدیایەیە تەنیا لە نەخۆشخانەکانی ئێمەدا بوونی هەیە. بۆیە زۆرباش تێدەگەم، گەر هاوولاتیانی ئێمە بەیەکجار نەخۆشکەوتن و چوونیان بۆ نەخۆشخانە، لەم ولاتە بتۆرێن و ڕقیان لە مرۆڤبوون و کوردبوون و هاونیشتیمانیبوونی خۆیان ببێتەوە. پاشان ئەوە چ چاککردنەوە و چارەسەرکردنێکی جەستەی نەخۆشەکانی ئێمەیە، کاتێك تۆ دڵیان دەشکێنی و تەریقیاندەکەیتەوە و وەك ئیمبراتۆر بەناویاندا بەپەلە دەڕۆیت بەبێئەوەی کاتێکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکەیت و هەواڵی تەندروستییان بپرسیت؟ من لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا لە نەخۆشخانە هیچ دکتۆرێکم نەبینی ماوەی سەردانی بۆلای کۆی نەخۆشەکانی ژوورێك بگاتە دە خولەك و هیچ دکتۆرێکم گوێ لێنەبوو نەخۆشەکان بەناوی شەخسیی خۆیانەوە بانگ بکات. ئەوەندەی لە نەخۆشخانە گوێت لە (خاڵە و مامە و پوورێ و کاکە و برا و هێی تۆ..) و شتی لەمجۆرە دەبێت، لە بازاڕی شێخەڵاش گوێت لێنابێت!

وەستانەوە لە دژی نەخۆشی و کارکردن لە پێناوی تەندروستیدا، بەبێ تێگەیشتنێکی ئەخلاقیانە لە مرۆڤ و گەورەیی ئینسانیی تاکەکەس، قەیرانێك بەرهەم دەهێنێت کە ناهێڵێت سیستەمی تەندروستی لە بیناکردنەوەی ڕۆحی بریندار و ماندووی مرۆڤی ئێمەدا بەشدار بێت. هەرگیز چارەسەرکردن و چاککردنەوەی جەستەیی نەخۆشەکان بەتەنیا بەس نین بۆ ئاساییکردنەوەی ژیانیان ئەگەر لەشێوازی ڕەفتار و گوفتاری دکتۆر و کارمەندەکانی سیستەمی تەندروستیدا هەستیان بە میهرەبانی نەکرد. بەڕاستی خەڵکی ئێمە لەناخەوە دەترسن بچنە لای دکتۆر و دەبینین ڕۆژگارێك بەئازارەوە دەناڵێنێت و نایەوێت بچێتە نەخۆشخانە و عیادەکان..، ئایا هەرگیز لەخۆمانمان پرسیوە ئەم هەموو ترسە لە چوونە لای دکتۆر بۆچی؟



لەکاتێکدا ئێمە دەزانین لە کەلتووری ئێمەدا دکتۆر فەریادڕەسێکە و دەستی ئەو شفابەخشە؟!

## تەندروستی چییە؟

ئێمە لەژیانی ڕۆژانەدا کاتێك گوێمان لە وشەی (تەندروستی) دەبێت، یەکسەر ماناکەی دەبەستین بە لەشساخی و غیابی نەخۆشییەوە. ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ مانای وشەی (تەن) کە لە زمانی ئێمەدا هەندێجار بۆ لەش و جەستەش بەکاردێت و لێرەشەوە وایکردووە کاتێك دەڵێین: تەندروستی، ئەوە یەکسەر بیبەستین بە دۆخی فیزیکیی جەستەوە. وەلێ لەو پێناسەیەدا کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی(WHO) بۆ دۆخی تەندروستی کردووە، ڕووبەڕووی تێگەیشتنێکی تایبەت و لەهەمان کاتدا گرنگ دەبینەوە لەسەر چەمکی تەندروستی، کە جیاوازە لەو مانایەی ئەم وشەیە لە زمانەکەماندا هەیەتی. لە پێناسەکەی ڕێکخراوی ناوبراودا، تەندروستی هەر تەنیا لەبەرامبەر نەبوونی نەخۆشیدا دانەندراوە، واتە تەندروستی هەر تەنیا ئەوە نییە نەخۆشیی لەئارادا نەبێت و مرۆڤ لەشساخ بێت، بەڵکو : (تەندروستی دۆخێکی لەسەدا سەد ساخ و گونجاوی جەستەیی، مەعنەوی و کۆمەڵایەتییە ، نەك هەرتەنیا غیابی نەخۆشی و پەشێوی).[٤]

بەپێی ئەم پێناسەیە، دۆخی تەندروستی بریتییە لە: پێکەوە گونجان و ئارامییەکی بێغەشی لایەنی (فیزیکی و مێنتاڵی و کۆمەڵایەتی) ژیانی مرۆڤ. واتە مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە تەندروستە کە لەشی ساخ بێت، زەین و دەروونی هاوسەنگ بێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تەبا بێت. بەپێی تێگەیشتن لەو پێناسەیەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، ئەوەی سیستەمی تەندروستی وادەی پێداوین، بریتییە لەوەی وەك دەزگایەکی ڕەسمی و دەروەست یارمەتیمان بدات بۆ گەیشتن بە تەندروستییەکی لەو بابەتەی لە پێناسەکەدا هاتووە. دیارە ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەو پێناسەیە پێناسەیەکی ئایدیالییە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سیستەمی ناوبراو هەوڵی گەیشتن بەو ئایدیالە دەدات تا زۆرترین چاوەڕوانییەکان جێبەجێ بکات.

کەواتە تەندروستیی ژیانی مرۆڤ هەر تەنیا بە حەپ و دەرمان و دەرزی لێدان و نەشتەرگەری و تەکنیکەکانی پزیشکی و چوونە عیادە و کەوتن لە نەخۆشخانە، تەئمین ناکرێت. بەڵکو تەندروستی گێڕانەوەی دۆخی سرووشتیی جەستە و دۆخی ئاسایی دەروونی و دۆخی تەبایی کۆمەڵایەتیە بۆ ژیانی مرۆڤ. لێرەشەوە تێدەگەین، کە ئەرکی سیستەمی تەندروستی و کارمەند و دکتۆرەکانی ناو ئەم سیستەمە، هەر تەنیا (ئەرکێکی پسپۆڕیی) نیە لە بواری چاککردنەوەی میکانیزمەکانی جەستەدا، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا گێڕانەوەی ئیعتیباری کۆمەڵایەتیە بۆ کەسایەتی نەخۆش. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە گەر دکتۆرێك وا بزانێت ئەو تەنیا بەرپرسیارە لەبەرامبەر چاککردنەوەی ئەندامە لەکارکەوتووەکانی جەستەی نەخۆشدا، با لەو کارەشدا زۆر شارەزا و بەناوبانگیش بێت. نەخۆشێك تەنیا وەك (جەستەیەکی لەکارکەوتوو) ناچێتە بەردەم دکتۆر و یاوەرەکانیان، ئەو هەرتەنیا بچووکناکرێتەوە لەوەدا کە بۆتە (مراجع) و لەڕیزی ناو عەیادە گەرم و پیس و چەپەڵەکانی شەقامی پزیشکاندا و لە کەنار دیواری هۆڵەکانی نەخۆشخانەی ڕزگاری و کۆماریدا، چاوەڕوانە دەستێکی شفابەخشی پێبگات. نەخۆش بەهەموو گەورەیی ئینسانیانەی خۆیەوە، بەهەموو ناسنامەی کەسایەتی و هەیبەتی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی ڕەمزیی خۆیەوە، بەهەموو عیززەتی نەفس و ئەزموونی ژیانی خۆیەوە دەچێتە لای دکتۆرەکان. نەخۆشبوونی ئەو، لەکارکەوتنی ئەندامێکی لەشی و پەککەوتنی میکانیزمەکانی جەستەی نەخۆش هیچیان لە گەورەیی ئەو وەك ئینسانێکی هەستیار و هۆشمەند و خاوەن دنیای سەربەخۆ، کە تیایدا تێگەیشتنێکی جوان و ڕێزدارانەی هەیە لەسەر خۆی، کەمناکەنەوە. ئەو دکتۆرەی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشێکدا گەورەیی ئینسانی و کەسایەتی نەخۆشەکەی بەلاوە گرنگ نەبێت، جگەلەوەی زیانێکی ئەخلاقیی بە پسپۆڕی و پیشەکەی خۆی گەیاندووە، ئەوە لەهەمان کاتیشدا دەستدرێژی کردۆتە سەر بوونی ئەویتر و بۆتە هەڕەشەیەك بەسەریەوە.

بۆیە گرنگە دووپاتی بکەینەوە، کاتێك ئاماژە بە پێویستیی هەبوونی (ئەخلاقی پزیشکی) لە کوردستاندا دەکەین، هەر تەنیا مەبەستمان ئەوە نیە دکتۆر و یاوەرەکانیان و قوتابییەکانی ژێر دەستیان ئەرکە پسپۆڕییەکەی خۆیان بەباشی و



سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و مەقەست و سرنج و تۆپەڵە پەڕۆ لەناو سکی عەمەلیاتکراوەکاندا جێنەهێڵن (ئەگەرچی نمونەی ئەمەش کەم نیە!)، بەڵکو لەوە زیاتر مەبەستمانە جەخت بکەینەوە سەر ئەو پەیوەندییەی کە دکتۆر دەبەستێت بە نەخۆشەوە. بەپێی مەبدەئی سەرەکیی ئەو پەیوەندیە، پێش ئەوەی پەیوەندیی نەخۆش و دکتۆر، یان نەخۆش و چارەساز بێت، پەیوەندیی نێوان دوو مرۆڤە کە چاوەڕوانیان لەیەکتر ئەوەیە: ڕێز لە گەورەیی یەکتر بگرن. کەواتە هیچ چارەسەرکردنێکی پسپۆڕیی ڕووت و پیشەیی ڕووتمان لە کاری پزیشکیدا نییە ئەگەر لەهەمان کاتیشدا ئەو چارەسەرکردنە بە هەڵوێستێکی ئینسانیانەی نێوان دکتۆر و نەخۆشدا تێپەڕ نەبووبێت.

## چارەسەرکردن چییە؟

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە بدەینەوە کە: (چارەسەرکردن بریتیە لە گونجاندنەوەی، یاخود هێنانەوەی نەخۆش بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئۆرگانیکیانەی ئاسایی). بەمانایەکی تر، ئەگەر نەخۆشکەوتن لادانێك بێت لە ژیانی ئاسایی و لەکارکەوتنی بەشێك بێت لە میکانیزمی جووڵەی لەشمان و لێرەشەوە دروستبوونی ڕێگر بێت لەبەردەم ژیانێکی کۆمەڵایەتیانەی سرووشتیدا، ئەوە چارەسەرکردن بریتیە لە: بەخشینەوەی وزە و هێز بە نەخۆش تاکو هەستنەکات ئەو جیاواز لە ئەوانیتر دەژی. بۆئەوەی مرۆڤ ئەو هەستەی لەلا دروست نەبێت و لە ناخەوە ئامادە بکرێتەوە بۆ چاکبوونەوە، زۆر پێویستە ڕێزی لێبگرین و لەگەڵیدا میهرەبان بین. هۆی چییە ڕێزگرتن و میهرەبانیی لە پیشەی پزیشکیدا و لەکاتی چارەسەرکردندا هێندە گرنگ و پڕبایەخە، لەکاتێکدا ئەم پیشەیە کارێکی زانستیانەی دەقیقە نەك هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی؟

من لێرەدا باس لەو هۆکارە زۆر سادەیە ناکەم کە پێماندەڵێت: بەبێ نەخۆشەکان، بوونی دکتۆرەکان بوونێکی زیادەیە و تەنانەت دکتۆرەکان شەرعییەتی خۆیان لە هەبوونی نەخۆشەکانەوە بەدەستدەهێنن، چونکە ئەگەر نەخۆشەکان نەبن پیشەی چارەسەرکردن جگە لە بێکاری هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێت. کەواتە دەبێت

ڕێز لە نەخۆشەکان بگرین چونکە بوونی ئێمە وەك دکتۆر بەندە بەبوونی ئەوانەوە. هەروەها نامەوێت لێرەدا باس لەو فاکتەرە کەلتووریانە بکەم کە لە بواری ئالۆگۆڕی کۆمەڵایەتیدا (Social Communication) گرنگیی بە ڕێزگرتنی بەرامبەر دەدەن و لە کەلتووری ئێمەشدا ئەمە خالێکی چەسپاوە و ڕێزگرتن پارسەنگێکە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی مرۆڤ لە هەموو کردە و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەوەی لێرەدا بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە لە پیشەی پزیشکیدا ڕێزگرتن بایەخێکی تایبەتی هەیە جیاواز لەو بایەخەی لە کۆمەڵگادا هەیەتی، چونکە پەیوەندیی نێوان دکتۆر و نەخۆش پەیوەندییەکی (هاوکارانە)یە نەك (دەسەڵاتدارانە). بۆ ئەوەی دکتۆرێك گیانی متمانە لە نەخۆشەکەیدا پتەو بکات و هانیبدات بەباشترین شێوە هاوکاریی بکات، پێویستە ڕێزی لێبگرێت و ڕێزگرتن بکاتە بەرگرێك لەبەردەم دروستبوونی ترسدا، چونکە زۆر ئاساییە لە غیابی متمانەدا، ترس دروست ببێت. بۆیە لەبەرژەوەندیی دکتۆردا نیە نەخۆشەکەی لێی بترسێ، چونکە لەبنەمادا ئەو نایەوێت ڕەگەزێکی دەسەڵاتمەند و باڵادەست بێت و ترسیش ڕێگرە لەبەردەم چارەسازییەکی تەندروستانەدا کە وردبینییەکی زانستی و میهرەبانییەکی مرۆڤانەی پێویستە. ڕاستە نامانەوێت وەك ڕۆمانتیکەکانی سەدەی حەڤدەیەم بڵێین: (دەبێت پەیوەندیی نێوان دکتۆر و نەخۆش جۆرێك بێت لە هاوڕێیەتی)، چونکە پەیوەندیی دکتۆر بە نەخۆشەوە هەمیشە پەیوەندییەکی پسپۆڕانەیە و ئەمەش پێویستی بە مەودایەك هەیە لە نێوان هەردوو لایەندا، بەڵام گرنگە دکتۆرەکان پسپۆڕیی خۆیان نەکەنە دەسەڵاتێك بەسەر نەخۆشەوە. ئەوەش لە وڵاتێکدا کە مرۆڤەکانی بەهەموو جۆرە دەسەڵاتێك تۆقێنراون.

کەواتە بەپلەی یەکەم ڕێزگرتن لە نەخۆش گرنگە، چونکە متمانەیەکی پتەو لەنێوان دکتۆر و نەخۆشدا دروستدەکات و ئەمەش لە کۆی پرۆسەی چارەسەرکردنەکدا دەبێتە یارمەتیدەرێکی بەهێز. هەروەها گرنگیشە تێبگەین، کە نەخۆش وەك کائینێکی بێدەسەڵات و ڕووت و قووت دەچێتە بەردەستی دکتۆر و لەو کاتەشدا پتر لە هەر ساتەوەختێکی تری ژیانی خۆی، هەستیار و ماندووە. نەخۆش نابێت لەوە زیاتر هەست بە بێدەسەڵاتی و ماندوویی خۆی بکات کە نەخۆشییەکەی دووچاری



کردووە، چونکە ئەگەر بەتەواوی ئیرادەیمان تێکشکاند، چاککردنەوەی جەستەی مانای نابێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین: لە پرۆسەی چارەسەرکردندا پەیوەندیی نێوان دکتۆر و نەخۆش هەر تەنیا پەیوەندییەکی زمانی نییە کە تیایدا بە وشە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، بەڵکو ئالۆگۆڕی نێوانیان پڕە لە نیگا و تەماشاکردن، پڕە لەجووڵە و دەستێوەدانی جەستەیی، تەوقەکردن و بەخشینەوەی خەندە و هتد. لێرەشەوە چارەسەرکردن بریتیە لە دروستکردنی ئەمجۆرە پەیوەندیانە لەگەڵ نەخۆشدا بەمەبەستی گونجاندنەوەی لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە کەمترین زیانەوە.

لەهەموو ئەم قسانەوە تێدەگەین، کە پیشەی دکتۆریی و ئیشکردن لەگەڵ مرۆڤدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مرۆڤە نەخۆش بێت، هەر تەنیا لە بواری پسپۆڕی و تایبەتمەندێتیدا کورتناکرێتەوە. بەس نیە دکتۆرێك هەموو ساڵەکانی خوێندنی زانکۆ و ماوەی پراکتیکی و خوێندنی تایبەتمەندێتی لە بوارێکی جەستەی مرۆڤدا بە سەرکەوتوویی بڕیبێت و بڕوانامەیەکی بەدەستهێنابێت و دواجار بەیانیان لە نەخۆشخانەیەکی حکومیی گەورە و ئێوارانیش لە کلینیکەکەی خۆیدا سەدان نەخۆش ببینێت. مادام پیشەی پزیشکی ئیشکردنە لەگەڵ مرۆڤ و دەستخستنە ناو میکانیزمەکانی جەستەیە و گەلێك جاریش شکاندنی سنووری لەشی تایبەتیی نەخۆشە لە ڕێگەی نەشتەرگەرییەوە، ئەوە ئەم پیشەیە بەبێ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە چەمکی مرۆڤ بەگشتی و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەر تاکە مرۆڤێك بەتایبەتی، خۆی لەبەردەم مەترسیی گەورەدا دەبینێتەوە.

پیشەیەك کە تیایدا ڕێگە بدات بە دکتۆر بچێتە ناو جەستەی تایبەتیی نەخۆشەوە و بێهۆشی بکات و پارچە لەکارکەوتووەکانی ببڕێت و پارچەی دیکەی تیادا شەتڵ بکا و هتد، ناتوانێت بەبێ تێگەیشتنێکی تایبەت لە مرۆڤ، خۆی لەو سیستەمە کۆنترۆڵکەرە دابڕ بکات کە پێیدەگوترێ: بەندیخانە و تیایدا بەندییەکان سزا دەدرێن و جەستە و کەسایەتیان دەشێوێنرێت. ڕەنگە دکتۆرەکان پتر لەهەر کەسێکی دیکە پێویستیان بەوە هەبێت کە خالێ جیاوازیی لە نێوان پیشە و هەڵسوکەوتی خۆیان و پیشە و هەڵسوکەوتی سزادەرەکانی بەندیخانەدا دروستبکەن، چونکە بەلایکەمەوە ئەو

مرۆڤەی خۆی لە بەندیخانەدا دەبینێتەوە یەکێك لەو گریمانانەی دایدەنێت، مەرگ و نەمانی خۆیەتی. لەکاتێکدا سەرەتاییترین گریمانەی نەخۆشێك کە دەچێتە بەردەمی دکتۆر، بریتیە لە خەونی چاکبوونەوە.

ئێمە لە کەلتوورێکدا دەژین کە لە قەبوولکردنی هەموو دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتەدا دوودڵ و نێگەتیڤ بووبێت، لە قەبوولکردن و متمانەکردنیدا بە پیشەی پزیشکی و دەستی شفابەخشی دکتۆرەکاندا دووڵ نەبووە. کەلتووری ئێمە ئەوەندەی پەیوەندیی بە تەندروستی و پاکژیی جەستەییەوە هەبێت، کراوە بووە و لەمێژە شێوازە تەقلیدی و خورافییەکانی چارەسەرکردنی وەلاوە ناوە و ڕۆڵی حەکیم و جادووگەر و نووشتە و دۆعانووسەکانی کپکردۆتەوە و خۆی تەسلیمی دەستی شفابەخشی دکتۆرەکان کردووە. هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی لە کەلتووری ئێمەدا هێندەی دکتۆرەکان نەبوونەتە درێژکراوەی ئیرادەی یەزدان کە لە خەیاڵگەی مرۆڤی ئێمەدا چارەسازی گشت دەردێك و شفابەخشی هەموو نەخۆشییەکە. وەلێ ئەگەر ئەمڕۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەیەك بۆ خورافە و نوشتە و دۆعانووسی و شێوازەکانی چارەسازیی تەقلیدی دەبینین، ئەگەر دایکانی ئێمە حەزدەکەن لەماڵەوە و لەژێر دەستی مامانی گەڕەکدا منداڵیان ببێت و ئەگەر نەخۆشەکانی ئێمە زیاتر هەڵپەی چوونە بەغدا و تاران و ئەستەمبووڵیانە و ئەگەر دەردەرانی ناو کۆمەڵگای ئێمە دەیانەوێ لە کونجی ژوورەوە بمرن و نەچنە لای دکتۆر.. ئەوە بەمانای ئەوە نیە کە پیشەی پزیشکی باوی نەماوە و دەستەوەستانە لەئاست چارەسەرکردنی کێشە جەستەییەکانی مرۆڤی ئێمەدا. بەڵکو هۆی هەرە سەرەکی بریتیە لە نەبوونی متمانە بە دکتۆرەکان و ونبوونی دیدێکی مرۆڤدۆستانەیە لە پیشەی پزیشکی و سیستەمی تەندروستیی ئێمەدا. بێگومان هەروەکو لە سەرەتای ئەم باسەیشەوە ئاماژەم پێدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکی سیاسیی تایبەتە و ناکرێت ڕەخنەگرتنمان لە سیستەمی تەندروستی دابڕێت لە ڕەخنەمان لە کایەی سیاسی.

ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەخۆش لە سیستەمی تەندروستی و لە ڕوانگەی دکتۆرەکانەوە وەك مرۆڤێکی خاوەن گەورەیی و بەهای ئینسانی تەماشای بکرێتەوە؟ چۆن ئەخلاقی پزیشکی لە سیستەمی تەندروستیماندا پراکتیزە بکەین و



ڕۆڵی سۆسیۆلۆژیانەی دەزگا تەندروستی و دکتۆرەکان لە کۆمەڵگادا بەرجەستە بکەین؟ چۆن ڕێگە بگرین لەوەی کە ململانێی ناو دکتۆرەکان نەبێتە بەشێك لە ململانێی نێوان دکتۆر و نەخۆشەکان؟ هەموو ئەمانە پێویستیان بە وتاری دیکە و تێڕوانینی جیدیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندییەکانی ناو سیستەمی تەندروستی بکەینەوە پەیوەندیی ئینسانی و میهرەبانانە.. بە مانایەکی دیکە: دەبێت ڕۆڵی نەخۆشخانە و دکتۆر و عیادەکانیان بخەینە بەرباس و توێژینەوەی جیدی، پێویستە بە دکتۆرەکان بڵێین: یەکەمین چارەسازی لە میهرەبانییەوە دەستپێدەکات، میهرەبانیی لەگەڵ تاکەکانی میللەتێکدا کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو ماندوویان کردووە.. هەموو ئەمەش نەك لە پێناوی دادگاییکردنی دکتۆر و سیستەمی ناوبراودا، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵگا چاوەڕوانییەکی تایبەتی لە دکتۆرەکان و پیشەکەیان هەیە..

من ئیتر کۆتایی بەم حەکایەتە دەهێنم، ئەگەرچی هیچم لەمەڕ زۆر شتەوە نەگوت، بۆ نمونە ئەو دوو دەمەقاڵەیەی لە نەخۆشخانە ڕوویاندا و بێگومان من تیایاندا دۆڕام. هیچم لەمەڕ ئەو قوتابیانەی تازە خوێندنیان تەواو کردووە و ئەو هەموو کێشەیەی لەگەڵ دکتۆرە بەئەزموونەکاندا هەیانە نەگوت!؟ یان: ئەو هەموو ترسە چییە لە دکتۆرە کۆنەکان هەیانە و ئایا دەکرێت لە سیستەمێکی تەندروستیدا ترس ئەکتەرەکان کۆبکاتەوە کە دۆخێکی ناتەندروستانەیە؟، یاخود بۆچی بەشێکی زۆر لەدکتۆرە تازەکارەکانیش بەهەمان چاو تەماشای نەخۆشەکان دەکەن وەکئەوەی ئەوان تەنیا بابەتێك بن بۆ دیراسەکردن و لێوەفێربوون؟.. هەروەها تێنەگەیشتم بۆچی زۆربەی دکتۆرەکان بەشێکی زۆری زانیارییەکانی ناو دۆسیێی نەخۆشێك بە زمانی عەرەبی پڕ دەکەنەوە، ناوی ڕۆژەکانی هەفتە و لەناو خۆشیاندا کاتێك نامە دەگۆڕنەوە هەر بە زمانی شیرینی عەرەبی دەنووسن؟ من تێنەگەیشتم بۆچی کاتێك پیاوێکی بەتەمەن دەبەن بۆ ژووری نەشتەرگەریی بچووك، جامەدانەکەی لەسەر فڕێدەدەنە خوارەوە و لەو کاتەدا کە ئەو پیاوە پێویستی بە ئارامبوونەوە هەیە، زوویری دەکەن؟ هەرگیز تێنەگەیشتم بۆچی ئەو دکتۆرەی بڕیاربوو فەحسێکی تایبەت بۆ ژنێك بکات، بەسەریا نەڕاندی: (کەی ئەمە کاتی عادەبوونە)؟ تێنەگەیشتم بۆچی بۆ وەرگرتنی

پشتییەکی زیادە دەبوو دەستەودامانی بەرپرسی ڕایەخەکان بیت و ناچارت بکا لێی بپاڕێیتەوە و واسیتەیەك بکەیت؟ تێنەگەیشتم بۆچی دەرزی لێدەرەکە و ئەو کەسەی کانوولەکانی هەڵدەواسی، سۆندە و سرنجەکانی کۆدەکردنەوە و فڕێی نەدەدان؟ بۆچی کاتێك بۆمکرد بە دژداشەیەکەوە، کە پەڵەیەك میزی پێوە بوو، کابرای بەرپرسی جلوبەرگەکان لێم تووڕە بوو؟

زۆرشت تێنەگەیشتم و ڕەنگە ئەمەش سیحری حەکایەتەکان بێت، کاتێك خۆیان نادەن بەدەست گێڕانەوەوە. یاخود ڕەنگە ئەمە دەسەڵاتی ئەزموون بێت کە ناهێڵێت هەرگیز ببێتە نووسین؟ دەشکرێ بڵێین: ئەمەش شکستێکی دیکەی نووسینە لەبەردەم ئەزموونێکی زیندوودا کە بە ڕۆح و جەستە پیایدا تێپەڕیوین و لەناو یادوەریدا تۆمار بووە.. وەلێ دەزانم هەموو ئەو شتانەی ئەزموونم کردن بەتەواوی مانا تەندروست نەبوون، هەموویان نیشانەی ئەو نەخۆشییەن کە سیستەمی تەندروستی ئێمە دووچاری بووە!

### پەراوێز و سەرچاوەکان:


1- Nudansk Ordbog: 2, 13Udgave, s. 937.

هەروەها:

-Margrethe l. Kemp og P. Kemp: Et Liv der ikke d?r. Spektrum, 1997, s. 118.

2- Heine Andersen (red.) Sosiologi, en grundbog til et fag. Hans Reitzels Forlag. 1988, s. 214.

3- Margrethe og Kemp: op. s. 118.

4- Ibdi. s. 119.


(*) ڕۆژنامەی برایەتی، هاوینی ٢٠٠٢

## (هوشیاری) و (نەرگسیەت)
## لە ڕاگەیاندنی کوردیدا(*)

(١)

خاڵی سەرنجڕاکێش لە کردنەوەی ئەمجۆرە تەوەرانەی لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، دەکرێنەوە، لەوەدایە کە: ڕاگەیاندن خۆی کردۆتە بابەتێك بۆ ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن بۆخۆی داوەتمان دەکات و پرسیاری ئەوەمان لێدەکا، ئاخۆ باری ڕاگەیاندن لە چیدایە؟ خۆی دەکاتە ئاوێنەیەك تا خۆی تێدا تەماشا بکاتەوە، جا ئەمە بەو مەبەستە بێت گۆڕانی بنەمایی لە خۆیدا بکا، یاخود تەنیا خۆ مەکیاژکردنەوەیەکی دیکە و پۆشینی دەمامکێکی تر بێ، هێشتا ڕوون نییە. بەهەرحاڵ، ڕاگەیاندن دەیەوێ پیشانی بدات کە لێرە بەدواوە (کراوە) دەبێت و بەمکارەش ئاشکرای دەکا، پێشتر (داخراو) بووە! بانگەشەی ڕەخنەگرتن دەکات و بەمەش ددان بەوەدا دەنێت کە بەر لە ئێستا نامۆ بووە بە ڕەخنە! پێماندەڵێ: بەئازادی بنووسن و بێبەشمان مەکەن لە بەرهەمەکانتان، کەچی ڕۆژانە ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانە دەبینین کە باس لە جۆرەکانی سانسۆری ڕاگەیاندنەکان دەکەن!. پێماندەڵێن: سەبرتان بێت، لە ڕاگەیاندندا گۆڕانکاری گەورە بەڕێگاوەیە، کەچی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر جگە لە گۆڕینی کۆمەڵێ ڕووخسار و هەندێ وردە دەستکاری لە دەرهێنان و شێوازی مونتاژی تەکنیکیدا، ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نابینین.. ڕاگەیاندن دەیەوێت هەمیشە وەك ڕاگەیاندن بمێنێتەوە بەبێئەوەی پێناسەی خۆی بکات، دەیەوێت بەردەوام لەئاوێنەکەدا دیار بێت، بەبێئەوەی لە ئاوێنەکەوە تەماشای دنیای دەرەوە بکاتەوە. ڕەنگە ئەمە جۆرێك لە (نەرگسیەتی ڕاگەیاندن) بێت کە بەسەختی عاشق و شەیدای خۆی بووە، پێدەچێت جۆرێکیش بێ لە (هوشیاری ڕاگەیاندن)، کە دەیەوێت دابڕانێك لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا دروستبکا و ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی سەردەم.

وەلێ گومانی تێدا نیە ئەم دۆخەی ڕاگەیاندن تێیکەوتووە، دۆخێکی قەیراناویە و بەلای منیشەوە ئەمە گەورەترین کێشە و قەیرانی هەر ڕاگەیاندنێکە، کە



ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت ئاراستەی دەکات و کردوویەتی، چونکە مەرجی ئەو ئاراستەکردنە ئەوەیە کە: (دەبێت لە خزمەتدا بیت و ڕەنگدانەوەی من بیت، لەبەرژەوەندیم بیت و لە دژم نەبیت. من سیاسەتێکم هەیە و دەبێت تۆ سیاسەتی من بگەیەنیتە ئەو شوێنانەی کە پێویستە بگات، تۆ گەرووی منیت و دەنگی من بەتۆدا گوزەر دەکا..).

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای ئەو ڕاگەیاندنە بکەین کە بەزمانی کوردی و بەرەسمی لەلایەن حیزبەکانەوە بڵاودەبێتەوە و پشتگیریی ئابووری دەکرێت، تەماشا دەکەین دریغی نەکردووە لە گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیای حیزبدا بۆ ناو کۆمەڵگا، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی حیزبی بەچاکی کردووە، پەیامەکانی ئاراستە کردوون، لەگەڵ گرژبوونەوەی هێزەکاندا، ئەمیش فووی بەئاگردا کردووە و بەکورتی: ڕەنگدانەوەیەکی شیاوی ئەو دۆخانە بووە کە مێژووی حیزب پێیاندا تێپەڕیوە و ئەرکەکانی خۆی بەباشی جێبەجێکردوون. هەر بۆیەشە من چاوەڕوانییەکی زیاترم لە پەیامی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە نییە، کە پێشتر ڕایگەیاندووە کە (ڕاگەیاندنێکی حیزبی) بێت، چونکە بەڕاستی ئەمە سرووشتی ڕاگەیاندنی حیزبییە و ڕاگەیاندنی حیزبییش لە هیچ وڵاتێك و ئەزموونێکدا، نەیتوانیوە ببێتە سەرمەشق و نمونەی ڕاگەیاندنێکی نمونەیی.

(٢)

بەڵام وەرن با کەمێ وردتر بیر لەدۆخی ئێستای ڕاگەیاندنی حیزبیی لە وڵاتی خۆماندا بکەینەوە، وەرن با لەگەڵیاندا و بۆیان بیر بکەینەوە، بەبێئەوەی ئەم لەگەڵ و بۆ بیرکردنەوەیە، لەسەر حسابی ونکردنی دەنگی ڕەخنە و هێزی شیکردنەوەی جیدیی بێت. من پێموایە ئەم ڕاگەیاندنە دەیەوێت لەو دۆخە کلاسیکیەی خۆی بێتە دەرێ و گۆڕانکارییەك لە خۆیدا بکات، کە هەم وەك ڕاگەیاندنە حیزبییەکە بمێنێتەوە و هەم بشبێتە ڕاگەیاندنێکی ئەڵتەرناتیڤ. دەیەوێت هەم دڵی حیزب ڕازی بکات و هەم دڵی کۆمەڵگا، هەم بیروڕای ڕەسمی ڕەنگپێبداتەوە و هەم بشبێتە دروستکەری ڕای گشتی، دەیەوێت لاپەڕەکانی خۆی بەسەر خەبەر و دیداری ڕەسمیی و وێنەی لێپرسراوەکاندا و بەسەر ڕووداو و سکاڵا و ناڕەزایی هاووڵاتیاندا، دابەشبکات. بەکورتییەکەی دەیەوێت هەم ئەرکێکی ڕەسمی لە ئاست حیزب و هەم ئەرکێکی ئەخلاقییش لەئاست کۆمەڵگادا،

جێبەجێ بکا. بۆ تێناگەن؟ ڕاگەیاندن دەیەوێت هەر تەنیا جێبەجێکەر و ئاراستەکەر نەبێت، بەڵکو کاریگەریبەخش و ڕۆشنگەریش بێت. بابڵێین دەیەوێت لەو قەدەرە دەرباز بێت کە تائێستا ڕاپێچیکردووە و دەیەوێت لادانێك لە مێژووی خۆیدا دروستبکات و لێرەشەوە داوامان لێدەکات لەگەڵیدا بیربکەینەوە..

(٣)

ئیشکردن بەرەو لادان لەو قەدەری تا ئێستا ئاراستەی کردووین، دروستکردنی دابڕان لەگەڵ ئەو ڕابردووەدا کە بەردەوام جڵەومان دەکا، کارێکی تەندروستانەیە، چ لەژیانی شەخسی و چ لە ژیانی پیشەیی و دەزگاییدا. چونکە هەموو ئیشکردنێکی لەوجۆرە لە دانپیانانێك بەو قەیرانەوە هاتووە کە ئێستا خۆمانی تێدا دەبینینەوە و دەمانەوێت لێی دەرباز بین. مەرج نیە هەرکاتێك لێمان بپرسن: (چۆنیت؟) یەکسەر وەڵامەکەمان: (زۆرباشم)، بێت. ئەگەر بەڕاستی باش نین، زۆر تەندروستانەیە لەوەڵامدا بڵێین: (باش نیم)، تاکو بەرامبەر ناچار بکەین لەئاست دۆخی ئێمەدا هەڵوێست وەربگرێت و لەگەڵماندا بیر بکاتەوە بۆ چۆنێتی دەرباز بوون لەو شتەی تەندروستی ئێمەی خستۆتە مەترسییەوە. ئیعتیرافکردن بە دۆخی قەیراناوی، بۆخۆی هەنگاوی یەکەمە بۆ ڕزگاربوون لە قەیران و دروستکردنی چاوێکی واقیعبین. کە دەڵێین (من باش نیم)، بەرامبەر ناچار بە بیرکردنەوە دەکەین و بیرکردنەوەش جۆرێکە لە چالاکی وجووڵە بەرەو گۆڕان.

لەلایەکی ترەوە، هەموو ئیشکردنێك بەرەو دروستکردنی دابڕان لەگەڵ ڕابردوودا، بریتییە لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی مێژوویەکی دیکە، کە نامانەوێت تیایدا ڕابردوو دووبارە ببێتەوە، چونکە بەم قەیرانەی ئێستای گەیاندووین و لەپشت ئەم خاڵەشەوە ئیشکردنی ئیرادە و بڕوابەخۆبوون هەیە. وزە خستنەکار و تواناپیشاندان بۆ گۆڕان و دابڕانی مێژوویی، لە خواستێکەوە هەڵدەقوڵێ، کە خواستە بۆ ئازادی و کرانەوەی زیاتر. خواستە بۆ بەشداریکردن و تێکەڵبوونێکی پتر لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگا و ژیانی هاوبەشمان، وەلێ ئەم خواستە بەبێ ئازادیی ڕەخنەگرتن و بەبێ بڕوابوون بە پرنسیپەکانی گفتوگۆی ئازاد، ناتوانێت بانگەیەنێت بە گۆڕانێکی نەوعی و کارا. کێشەی گۆڕانیش لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێمەدا، ئەوەندەی بانگەشەکردنە بۆ گۆڕان، ئەوەندە



ڕەخساندنی ئەو هەلومەرجانە نیە کە لە (گۆڕانی شێوە)وە دەمانگەیەنن بە (گۆڕانی نەوعی).

(٤)

کێشەی ڕاگەیاندنی حیزبەکانی ئێمە لەوەدایە کە گۆڕانی نەوعی کەمتر تیایاندا ڕوودەدات و هەمیشە گۆڕانەکان لەسەر ئاستە شکڵییەکانەوەن، گۆڕانن لە گواستنەوەی کادر و کارمەندەکاندا، نەك خستنەبەرکاری تواناکان، گۆڕانن لە ڕازاندنەوە و لایەنە تەکنیکیەکاندا، نەك لە خوڵقاندنی بەهای نوێ و نرخی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی تازەدا. گۆڕانن لە داڕشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستە سادەکانی زماندا، نەك دروستکردنی پرسیاری قووڵ لەناو زماندا. گۆڕانن لە تیراژ و ڕەنگکردنی لاپەڕە و بچووك و گەورەکردنی قەبارەدا، نەك لە دروستکردنی ستاندارد و پێناسەکردنی مەرجەکانی نووسیندا. هەربۆیەشە لەناو ئەمجۆری ڕاگەیاندنەدا هەمووکەس بۆی هەیە وەك نووسەر و ڕۆژنامە نووس دەربکەوێت و بابەت بڵاو بکاتەوە، هەروەکو چۆن بۆی هەیە لەناو بچێت و بپووکێتەوە. ئەگەر بمەوێ بە وێنەیەکی ئەدەبی تەعبیر لەم دۆخە بکەم، ئەوە ڕۆژنامەگەری ئاراستەکراو بە گۆڕستانێك دەچوێنم کە هەم شوێنی ناشتنی تەرمەکانە و هەم شوێنی پەیدابوونی تارماییەکانیش. ئێمە ڕۆژانە ئەکادیمی دەبینین لەسەر لاپەڕەی ئەم ڕاگەیاندنە دەبێتە ڕۆژنامەنووس، (بەبێ ئەوەی پرانسیپەکانی ڕۆژنامەنووسی لە نووسینەکانیدا ڕنگبداتەوە و بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەنووسە پیشەییەکان ناڕەزایی خۆیان لەمبارەیەوە دەرببڕن، بگرە زۆرجاریش کارەکانی ئەوان دوادەخرێن تا دڵی گرووپی ئەکادیمییەکان ڕازی بکرێ)، ئەندام سیاسی دەبینین دەبێتە کۆمەڵناس و دەروونشیکار (بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرەتاییترین مەبدەئەکانی کۆمەڵناسی و دەروونشیکاری و دیسانەوە: بەبێئەوەی کۆمەڵناس و دەروونشیکارەکان لەسەر بەهەڵە بەکارهێنانی زاراوە و مەنهەجەکانیان متەقیان لێبێت!)، کادری حیزبی دەبێتە ڕەخنەگری ڕۆشنبیران، بێئەوەی سادەترین دیسپلینی ڕەخنەگرتن ڕەچاو بکات و هەمدیسان: بەبێ ئەوەی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرەکان بتوانن بەرگریی لە حەیسییەتی خۆیان بکەن و هتد. هۆی هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕاگەیاندنی حیزبی، لەهەر وڵاتێکدا خۆی لەبەردەم دوو ئاستەنگدا دەبینێتەوە، کە یەکێکیان ناو دەنێم: (ئاستەنگی جەوهەری) و

ئەویدیکەیان: (ئاستەنگی گریمانەکراو). با لەسەر هەریەکێکیان هەڵوێستە بکەین و لە خەسڵەتەکانیان و ئامانجەکانیان بدوێین.

**ئاستەنگی جەوهەریی:**

ئاستەنگی جەوهەری ئەو ئاستەنگەیە کە لەجەوهەری ڕاگەیاندنەکەدا بوونی هەیە و لێی جیانابێتەوە، ئەویش ئەوەیانە کە ڕاگەیاندنی حیزبی ناتوانێت (سەربەخۆ) بێت و ڕەچاوی ئەو سنوورانە نەکات، کە دۆخی کایەی سیاسی ناوخۆ و دەرەوە بۆیان دەستنیشانکردووە. ئەم ئاستەنگە وایکردووە، کە ڕاگەیاندن هەمیشە لە ئاستێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە و لە پلەیەکی پێشبینیکراویشدا پێشبکەوێت و گۆڕانکاری لە خۆیدا دروستبکات، کەئەویش ئاستێکی شکڵییە نەك نەوعی. گەورەترین مەترسیی گۆڕانکاری لە ئاستی شکڵیدا بۆسەر ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە لەوەدایە، کە بەهۆی فشار و زۆریی فەرمانەکانەوە، ئەو توانا زەینی و عەقڵیانەی خۆی دامرکێنێتەوە، کە دەشێت گەرانتی دینامیکیەت و هەڵسووڕێنەری چالاکانەی ڕاگەیاندنەکە بن. ئەم توانایانە کاتێك ڕۆژانە و لە میانەی کارکردندا خۆیان لەبەردەم ئەو یاسا نووسراو و نەنووسراوانەدا دەبیننەوە، کە ڕێدەگرن لە جوولەی ئازادانەی زەینی ئەوان، ئیدی هێواش هێواش خۆیان لەگەڵ (کەش و هەوای بێ زیان)دا ڕادەهێنن و لە مرۆڤی پرسیارکەرەوە دەبنە کارمەندێکی جێبەجێکەر بۆ ئەوەی کارەکەیان لەدەست نەدەن.

ئەگەر بتوانین پێشبینی جۆرێ لە (لادان) و گۆڕانکاری لەم بوارەدا بکەین، ئەوە هەمیشە گریمانەی ئەوە لەئارادایە، کە ڕاگەیاندن لەم دۆخەیدا بەرەو (بوون بە ڕاگەیاندنی تاکەکەسێکی بەدەسەڵات)، یاخود ڕاگەیاندنی (گرووپێکی هاوبەرژەوەند لە دەسەڵاتداران) لابدات و تەرویجی ئەو بیروڕایانە بکات، کە بەلای ئەو کەس و دەستەیەوە پەسەندن و لەگەڵ میزاجیاندا دەگونجێن. واتە ئەگەر لادان لەم دۆخەدا ڕوویدات، لادانێك دەبێت لە خزمەتی کەسانێکی تایبەتدا نەك لە خزمەتی حیزبدا وەك یەکەیەکی گەورەتر لەو کەسانەی کە تیایدا دەسەڵاتدارن، کە زۆرجار بۆی هەیە ڕاگەیاندنەکە لە خزمەتی بەرژەوەندی کەسێتی خۆیاندا بەکار بهێنن، نەك بەرژەوەندی ستراتیژییەتی یەکە سیاسییەکەیاندا. خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەو ڕاگەیاندنەی بە



ئاراستەی کەسێك یان گرووپێکی ناو یەکەیەکی سیاسیدا لادەدات، بریتین لەمانەی خوارەوە:

(١) ڕۆشنبیرییەکی کاتی و ڕاگوزەر و ساکار لەسەر دۆخی کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنێت و زیاتر عەودالّی سەرگەرمیکردن و بەسەرکردنەوەیەکی ڕووکەشیانەی واقیعی کۆمەڵایەتیە و تەنیا بەلای دیاردەکاندا تێپەڕ دەبێ و خۆی لە گفتوگۆی گەرم و مشتومڕی قووڵ بەدوور دەگرێت. حاڵی حازر ئەم ڕەوتە لە بەشێکی زۆری بەرنامەکانی (تەلەفزیۆنی گوڵان)دا، دوای ئەو گۆڕانکارییەی بەسەریدا هات، دەبینینەوە کە بەناوی (تەرفیهییەت)ەوە ئاراستە دەکرێت. هەروەها لەو بەرنامانەدا کە بۆ یادکردنەوەی دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی کوردستان ئامادە کرابوون و تیایاندا زۆر جەخت دەکرایەوە سەر بەرنامەی سەرگەرمکەر و کامێرای شاراوە و گێڕانەوەی نوکتە و بەسەرهاتی خۆش، ئەم خاڵە بەباشی ڕەنگیدایەوە. هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا کۆمەڵگای ئێمە پێویستییەکی زۆری هەیە بە قسەکردنی جیدی و بەردەوام لەسەر هەموو مەسەلەکان.

(٢) تەنیا ئەو دەنگ و ڕەنگانە بەرجەستە دەکات، کە پێشتر تەئمینی کردوون و ئەو زمان و وشانەی پێبەخشیون کە سنوورەکانی ئەو تێناپەڕێنن. واتە بەلای ئەمجۆرەی ڕاگەیاندنەوە، وەرگر (بینەر و خوێنەر و بیسەر) دەکرێنە پرد و شەهادەتێکیان پێدەدرێت کە دەبێت بیدەن. بەواتایەکی دیکە، وەك (ژان بۆدریار) ساڵانێك بەر لە ئێستا گوتبووی، ئامانجی ئەم ڕاگەیاندنە ئەوەیە: (جەماوەر) بکاتە (زۆربەی بێدەنگ). زۆربەی بێدەنگ واتە ئەو کۆمەڵە گەورەیە لە کەسەکان کە لە میدیاکاندا شوناسی فەردیی خۆیانیان لێسەندراوەتەوە و یەك شوناسیان پێدراوە، خراونەتە سەر ئەو سکەیەی بە یەك سێت ووشە و زاراوە تەعبیر لەو شتانە بکەن ،کە دەبێت تەعبیریان لێبکەن. یەکێك لەو میکانیزمانەی زۆربەی بێدەنگ دروستدەکات، شێوەی داڕشتنی پرسیارە لەلایەن میدیاکانەوە، بۆنمونە: ئەگەر بەمجۆرە پرسیار بکرێت (ئایا ڕات چییە بەرامبەر ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١؟، یان: ئایا کەناڵی ئاسمانی بەدەستکەوتێکی نەتەوەیی دەزانیت؟ یاخود: پێتان وانییە دەبێت شارە خۆشەویستەکەمان خاوێن ڕاگرین؟) ئەوە ناڕاستەوخۆ بە پرسیارلێکراوەکەش گوتراوە: دەبێت ڕایەکی ئیجابی، بەڵام ناواقیعیانە دەربڕێت. بەمجۆرەش تاکەکەس دەخرێتە ناو بازنەیەکەوە، کە

بەپێویست دەبێت لە هەمووان بچێت و بواری بۆ نامێنێتەوە تاکو بیروڕای تایبەتی خۆی لەوبارەیەوە دەربڕێت. لێرەشەوە زۆربەیەك دروستدەبێت، لەگەڵە ئەوەشدا کە بەردەوام وشە سەرفدەکا، کەچی هێشتا هەر بێدەنگە و هیچ ناڵێت!

(٣) بۆ دامەزراندن و خستنەسەرکاری کارمەندەکان، ستافی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و پشتیوانیکەر، سوودێکی زۆر لە پێکهاتە تەقلیدیەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی وەردەگرن. بۆنمونە، وەك: پەیوەندی خوێنی و خزمایەتی و عەشیرەتی و هەروەها سوود لە پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانیش وەردەگرن و هەموو ئەوکەسانەی ناکەونە ناو یەکێك یان زیاتر لەم پەیوەندیانەوە، وێڕای مەهارەت و شارەزاییشیان، لەناو تۆڕی ڕاگەیاندنەکەدا جێگەیان نابێتەوە و وەك (کارمەندی نامۆ) تەماشایاندەکرێت، مەگەر بە تەزکییەیەکی زۆر بەهێز نەبێت. ئەم دۆخە لە ئێستای کوردستاندا، نەك هەر بواری ڕاگەیاندنی گرتۆتەوە، بەڵکو هەموو بوارەکانی دیکەی بڕیاردان و جێبەجێکردنیشی گرتۆتەوە، بەجۆرێك بۆی هەیە نوێنەرانی ئەندامانی عەشیرەتێك هەر لە فەڕاشەکانەوە تا حیمایەکان و بەرزترین پۆست، لە یەك وەزارەتدا دەستبەکار بن.

(٤) ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە تا قۆناغێکی دیاریکراو دەچێتە ژێر باری زەرەری ئابوورییەوە و لە ئاستێکدا دەوەستێت. چونکە ئەگەر نەشتوانێت قازانج بەدەست بهێنێ، ئەوە بەلای کەمەوە دەبێت ببێتە سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ بەڕێوەبردنی خۆی. یەکێك لەو میکانیزمانەی بۆ ئەم مەبەستە دەخرێتە کار، بریتیە لە کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان، ئەگەرچی بۆی هەیە ئامانج لەمکارە بەپلەی یەکەم تەسفییەکردنی (کارمەندە نامۆکان) بێت.

یەکێك لەو ئاکامە بەدانەی چاوەڕوانیی ئەم ئاراستەیەی ڕاگەیاندن دەکات، ئەوەیە: ناتوانێت (ڕای گشتی) دروستبکا و متمانەی خۆی وەك میدیایەکی بڕواپێکراو لەدەست دەدات، کە دەشێت زانیاری باوەڕپێکراومان لەسەر بارودۆخەکان بداتێ و ئێمەش بەپیر ئەو زانیاریانەوە بچین. ئەو ڕاگەیاندنەی لە ئیتالیا لەلایەن ئیمبراتۆری میدیاکانەوە (بێرلۆچکۆنی) کۆنترۆڵ دەکرێت دووچاری قەیرانی بێمتانەیی بۆتەوە، چونکە ئیدی خەڵك دەزانێت لەپشت هەر پەیامێکی ڕاگەیاندنەکانی بێرلۆچکۆنییەوە، پەیامێکی بێرلۆچکۆنی وەك شەخسێك، هەیە. نمونەیەکی پێچەوانەی ئەم بێ متمانەییە بە



میدیاکان، واتە نمونەی میدیایەك، کە متمانەی خۆی بەدەستهێناوە و خەڵك بەپیر بانگەوازەکانییەوە دەچن، ڕەنگە ئەو دۆخە بێت کە بەشێکی زۆری میدیاکانی ئێران لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکانی سەرەك کۆماریدا، پێیدا تێپەڕین: لەو ساتەوەختەدا میدیا توانی خۆی بکاتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانیاری سەبارەت بە گرنگیی هەڵبژاردنەکان و بەوجۆرەش توانی ڕێژەیەکی زۆر لە جەماوەر (بەتایبەتیش ئافرەتان) بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بانگهێشتن بکات.

(٥)

ئاستنەگی گریمانەکراو: ئەو دۆخەیە دەتوانین تیایدا گریمانەی دەرچوونێکی کاتی لە (ئاستەنگی جەوهەریانە) بکەین، کە ئاستەنگێکی (زگماکیانە)ی هەر ڕاگەیاندنێکی حیزبییە. واتە لەم دۆخەدا ڕاگەیاندن هەنگاو دەنێت بۆ جۆرێك لە گۆڕانکاری لەسەر بنەمای (سیاسەتێکی کەلتووری )یەوە، کە لەلایەن کایەی سیاسییەوە داڕێژراوە و تیایدا، نەك هەر تەنیا ڕەچاوی ئەو خاڵانە کراوە، پەیوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە و لە مێژووی حیزبدا ڕوویانداوە، بەڵکو بیریش لەو خاڵانە کراوەتەوە کە پەیوەندییان بە داهاتووەوە هەیە و ڕەوشی کۆمەڵگایان پێوە بەندە. لێرەشدا ڕاگەیاندن وەك بەشێك لە (پرۆژەیەکی گەورەتری کەلتووری) تەماشای دەکرێت، کە پێشتر بیری لێکراوەتەوە و بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و مەرجیش نیە لە ڕاپەڕاندنیدا هەر تەنیا ڕۆڵی کەسانێك لەبەرچاو بگیرێت، ئیلتیزامی سیاسییان بەو لایەنەوە هەبێت کە دابینکەری پێویستییەکانیەتی. بەڵکو بۆی هەیە کەسانێکی شارەزا، خاوەن توانا و مەهارەتی تایبەتیش ڕۆڵی خۆیانی تێدا بگێڕن..

ئەو لادانەی کە چاوەڕێدەکرێت بەهۆی ئاستەنگی گریمانەکراوەوە ڕوودات، بریتیە لە گۆڕانی ڕاگەیاندن لە (ڕاگەیاندێکی حیزبیی دەروەست)وە بۆ (ڕاگەیاندنێکی نیشتیمانیی بەرپرسیار)، بەبێ ئەوەی ببێتە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی سیاسی. ئەمە ئەو لادانە ئیجابییەیە، کە پێویستە و واچاوەڕوان دەکرێت ڕاگەیاندنی ڕەسمیی لە وڵاتی ئێمەدا بەپێی بەرنامە و سیاسەتێکی کولتوری بەرفراوان، کاری بۆ بکات و لە ئامانجەکانی نزیکی بخاتەوە. ئەمەش لەکاتێکدا کە بەبڕوای من، ڕاگەیاندنی حیزبیی ئاراستەکراو، لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆدا کۆتایی پێهاتووە، بەومانایەی کە هەردوو حیزبی

سەرەکیی لە کوردستاندا بوونەتە حیزبی دەسەڵات و ئیتر زەمینەی ڕاگەیاندنی تەرویجی شەرعییەتی خۆی لەدەستداوە.

لێگەڕێن با لەسەر بنەمای باسکردنی خەسڵەتەکانی ئەم ڕاگەیاندنەوە کە بەرەو لادانێکی ئیجابی هەنگاو دەنێت، لە گرنگییەکەی تێبگەین:

(١) ئەم ڕاگەیاندنە بە تەجاوەزکردنی ناکۆکی ئایدیۆلۆژیی نێوان هێزە (لە ئێستادا ناکۆکەکان و بە پشتبەستن بە سیاسەتێکی کەلتووری ی هەرێمیانەی بیرلێکراوە، ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەرهەم دەهێنێت، کە لە تێڕامانێکی قووڵەوە سەبارەت بە دۆخی کۆمەڵگا، هەڵقووڵابێت و هەوڵدەدات بەمەبەستی (بیناکردنەوەی کەسێتی کوردی)، هەموو هاوولاتیان بکاتە (وەرگر)ی خۆی و لە بەرهەمهێنانی تێڕامانی جیدیانەدا بەشدارییان پێبکات. لەدۆخێکی ئاوادا، هەردوو کەناڵی ئاسمانی کوردسات و کوردستان تیڤی (کە ئێستا من بە دەستکەوتێکی نەتەوەییان نازانم، چونکە هەر کەناڵەیان زیاتر گرنگیی بە خەبەرەکانی فەلەستین و ئاگرکەوتنەوەکانی ئۆستورالیا، دەدەن، وەك لەو ڕووداوانەی کە لە هەولێر و سلێمانی ڕوودەدەن!)، هەروەها هەفتەنامەکانی وەك (ڕێگای کوردستان و میدیا)، ڕۆژنامەکانی وەك (کوردستانی نوێ و برایەتی) و هتد، لە جیاتی ئەوەی وەك ئێستا ململانێیەکی شاراوە بکەن، دەکەونە بەردەم کێبەڕکێیەکی شەرعیانەی بەرهەمهێنی زانیاریی باوەڕپێکراو، کە ئامانجی بنەڕەتییان خزمەتکردن بێت بە کەسایەتی و هووشیاریی نەتەوەیی.

(٢) هەر ململانێیەکی شەرعیانە پێویستی بە دژەبۆچوون و ڕاگۆڕینەوە هەیە، بۆیە ئەمجۆری ڕاگەیاندنە زەمینەسازییەکی باش دەکا بۆ بەرجەستەبوونی (فرەدەنگی) و دەبێتە زەمینەیەکی شیاو بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ناکۆکییە فرەچەشنانەی لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا، بە ناکۆکیە سیاسیەکانیشەوە، ئامادەییان هەیە. بەرجەستەکردنی فرەدەنگی، جگەلەوەی پێویستییەکە لەبەردەم دیموکراتیزەکردنی خود دا (چونکە هەر دەنگێك دەنگی خودێکی سەربەخۆیە) و لەبەردەم دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگادا (چونکە دواجار هەموو خودە سەربەخۆکان لە ژیانێکی کۆمەڵایەتیانەدا، دەژین)، ئاواش دەبێتە بەڵگە لەسەر زیندوویی و جووڵەی دینامیکیانەی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوکاتەش پێویستیمان بەوە نابێت خێرا خێرا لەسەر ئاستی وتاربێژی و پیاهەڵدان، باس لەوە بکەین: (لە چ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا دەژین)، (کارێك هەموو کەناڵە حیزبییەکان دەیکەن و مەبەستیشیان ئەو دیموکراسیەتەیە کە حیزبێکی دیاریکراو دروستیکردووە)، بەڵکو خودی ئەو بەرجەستەکردنەوەیەی (فرەدەنگیی کۆمەڵگا)، دەبێتە بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی: کۆمەڵگای ئێمەش نامۆ نیە بەهەندێ بەهای دیموکراسیانە. دواجار دەتوانین بڵێین: ڕاگەیاندنێکی لەمجۆرە نەك هەر خەڵك و جەماوەر بەکار ناهێنێت و نایانکاتە زۆربەی بێدەنگ، بەڵکو دەبێتە پردێکیش لەنێوان ئۆرگانەکانی دەسەڵات، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و هاوولاتیانیشدا.


(٣) لەڕاگەیاندنێکدا کە دووچاری لادانێکی ئیجابی هاتبێت، چیدی توانای کارمەند و ڕاپەڕێنەرەکانی بەچاوەڕوانیکردنی (ئەوەی لەسەرەوە دێت)، ئیفلیج نابێت. ئەمەش ئەو دۆخەیە ڕاگەیاندنی حیزبیی ئاراستەکراو دووچاری هاتووە و لە جیاتی ئەوەی مەیدانی کارکردن تیایدا بۆ کارمەندەکان ببێتە شوێنی خۆ دروستکردن، ئەوە بۆتە شوێنی پووکانەوەی توانا زەینی و ڕۆشنبیری و مەعنەویەکانیان. ئاستەنگی گریمانەکراوی ڕاگەیاندن و ئەو لادانە ئیجابییەی دەشێت تیایدا ڕوودات، نەك هەر توانای کادر و ڕاپەڕێنەرەکانی خۆی دەتەقێنێتەو و دەبێتە قوتابخانەیەکی نموونەیی بۆیان، بەڵکو لەڕووی ئەخلاقییشەوە فێریان دەکات، چۆن بە ڕاسترین شێوە دەستیان بگاتە سەرچاوەی زانیارییەکانیان؟ چۆن ئەو زانیاریانە بە دەقیقترین شێوازی نزیك لەو واقیعیەتەی تەعبیریان لێدەکەن، دابڕێژنەوە؟ و چۆنیش ئەوەی گوزارشتی لێدەکەن، بخەنە خزمەت ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتیەوە؟.

(٤) خاڵی پێشوو نزیکی خستینەوە لە جەوهەری ئیجابیانەی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە، کە ئەویش دروستکردنی متمانەیە لە نێوان (کەناڵ) و (وەرگر)دا، ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی ئەو موعجیزەیەی پێیدەگوترێ: (ڕای گشتی). بەمانایەکی دیکە: (ڕای گشتی) بەرەنجامی ئەو متمانەیەیە، کە ڕاگەیاندن لەلای وەرگرەکانی دروستیکردووە.. کاتێك ڕاگەیاندن دەبێتە جێگەی متمانەی وەرگرەکانی، ئەوە ئەو زانیاریانەی لێوەی بڵاو دەبنەوە، خۆ بەخۆ وەك (زانیاریی باوەڕپێکراو) وەردەگیرێن و بەمجۆرەش ڕاگەیاندن دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی لە دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی یەکسانی جەماوەریدا. کاتێك هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا، هەموو هاوولاتیان هەمان بڕی لێکچووی

زانیاریان لەسەر دیاردەیەك هەبێت، ئەوکاتە دەتوانین بـاس لـە پێکهێنـانی ڕای گـشتی لەسەر ئەو دیاردەیە بکەین. ڕای گشتی ئەنجامێکی سروشتیانەی ڕێژەی ئـەو ڕۆشـنبیری و مەعریفەیەیە، کە بەیەکسانی لە کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە و ئامادەیی هەیە.

(٦)

لە کۆی تێڕوانیندا دەتوانم بڵـێم: ئامـانجی سـەرەکی ڕاگەیانـدنێکی ئاراسـتەکراوی حیزبـی، کـە خـۆی لەبـەردەم ئاسـتەنگی گریمانـەکراودا دەبینێتـەوە و دەیـەوێت لـە میدیایەکی تەرویجکەرەوە لابدات بۆ میدیایەکی نیشتیمانی، ئەوەیە کە دەیەوێت ببێتـە پردی پەیوەندی لە نێوان سێ کایەی جیاوازدا. ئەو کایانە بریتین لە کایەی هێـز، کایـەی یاسا و کایەی مەدەنی، کە سێ یەکەی جیاواز نوێنەرایـەتی کایـەکان دەکـەن: حیـزب، نوێنەری کایەی هێزە، حکومەت، نوێنەری کایەی یاسایە و دامەزراوەکانـیش نوێنـەری کایەی مەدەنین. لێگەڕێن بەهۆی ئەم هێڵکارییەوە کەمێ مەبەستەکە ڕوونتر بکەمەوە:






وەك لە هێڵکاریەکەدا دیارە، سێ دۆخی کاریگەریمان هەیە:

یەکەمین کاریگەری لەلای ڕاستەوە بۆ چەپ و بە شێوەیەکی ئاسۆیی، لـە کایـەی هێزەوە دەستپێدەکات و کاردەکاتە سەر کایەی یاسا و ئەویش کاریگەری خۆی دەکاتە سەر کایەی مەدەنی. ئەمەش بەمانای ئەوەی کە هێـز دەتوانێـت گوتـاری خـۆی لـە شێوەی یاسادا دابڕێژێت و یاساش لەسەر کایە مەدەنی و کۆمەڵایەتییـەکان پراکتیـزە دەکرێت، کەئەمەش شێوازە تەقلیدیەکەی ئیشکردنی دەسەڵاتە لەناو کۆمەڵگادا.

دووەمین کاریگەری لە سەرەوە دادەبەزێت بۆ خوارەوە، کە لەسـەر بنـەمای (فـەرمان دەرکردن)ـەوە بەڕێوە دەچێت. کایەی هێز، (حیزب و ئۆرگانەکانی) دەکاتە نوێنەری خۆی، کایەی یاسا، (حوکمەت و دەزگاکانی) دەکاتە نوێنەری خۆی و هەروەها کایەی مەدەنیش، (دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکان) دەکاتە نوێنەری خـۆی، بـۆ ئەوەی هەر یەك لەم نوێنەرانە کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگا جێبهێڵن.

سێهەمین کاریگەری بریتیە لە کاریگەرییەکی دوو لایەنە، کە ڕاگەیاندنی نیـشتیمانی بە دوو ئاراستەدا، دروستیدەکا:

ئاراستەی یەکەم: بریتیە لە گواستنەوەی فەرمان و زانیاریە بەرهەمهاتووەکان لـە دوو قۆناغەکەی پێشوودا، بۆ ناو جەرگەی کۆمەڵگا و دروستکردنی کەشێکی هێمن و گونجـاو بۆ ئەوەی توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا، بـەپێی (بەرژەوەنـدی خۆیـان) و بەرژەوەنـدی (هاوبەشی کۆمەڵایـەتی) بیریـان لێبکەنـەوە و هەڵوێـستی خۆیانیـان لەسـەر دەربـبڕن. بەدروستکردنی ئەم کەشە هێمن و گونجاوە، ڕێژەیەکی زۆر لە متمانە لەنێوان کەناڵـەکانی ڕاگەیاندن و خەڵکدا دروستدەبێت، کە ڕاگەیاندنێکی شێلگیر لەم قۆناغـەی ئێستای ئێمەدا پێویستییەکی زۆری پێیەتی. چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە ڕێژەی بەدگومانی و سڵەمینەوە لەسەر ئەو زانیاریانە کەمدەبێتەوە، کە ڕاگەیانـدن بـەناوی یاسـا و حوکمـەت و هتـد.وە پەخشیاندەکاتەوە.

ئاراستەی دووەم: ئەو کاریگەریەیە کە ڕاگەیاندن لەئەنجامی گواستنەوەی کەشوهەوای واقیع و ڕای گشتی هاووڵاتیان بۆ بەردەمی حیزب و ئۆرگانەکانی، حوکمەت و دەزگاکانی و دامـەزراوە کۆمـەڵایەتی و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکان و لەو شوێنانەشەوە، (بەڵام

به کاریگەرییەکی کەمهێزتر)، بۆ بەردەمی کایەکانی سەرەوە، دروستیدەکات. ئەم ئاستەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە.

بەمجۆرەش ئیلتیزامی ڕاگەیاندن دەبێتە ئیلتیزامێکی بەرفراوانتر لەو ئیلتیزامەی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراوی حیزبی لەسەر شانێتی، بەبێ ئەوەی ئەرکە سیاسیەکانی خۆی لەیاد بکات و بەبێ ئەوەی لەئاست واقیعی کۆمەڵایەتیشدا کەمتەرخەم و لەبەرامبەر کێشە و گرفتەکانیشدا هێندە دەستکورت بێت.

**چەند ئەنجامێک:**

بۆ من گرنگ نیە ناوی دەنێیت: ڕاگەیانی کوردی، یان حیزبی یان ئاراستەکراو، گرنگ ئەوەیە ئەم ڕاگەیاندنە لە قەیرانێکدایە و ڕزگاربوونیش لەم قەیرانە پەیوەندی نیە بە گۆڕینی تەکنیك و شێوازی دەرهێنان و شتی لەو جۆرەوە. بەڵکو پەیوەندی هەیە بە گۆڕینی ئەو عەقڵیەتەی کە پێیوایە دەبێت ڕێ و شوێن بۆ ڕاگەیاندن دابنێت. لێرەوە دەتوانین چەند ئەنجامێك بدەین بەدەستەوە:

(١) ئەگەر حیزبی نەتەوەیی بەرپرسیار بێت لە خەملاندنی ئەو کەش و هەوایەی، کە تیایدا نەتەوە دەبووژێتەوە و (کەسایەتی نەتەوەیی) دروستدەبێت، ئەوە نابێت ڕاگەیاندنی حیزبی ئاراستەکراو، بەرەو ڕاگەیاندنی کەسێك، یان گرووپێك لە (کەسە هاوبەرژەوەندەکانی ناو حیزب)، لابدات و ئامانجی ئەوە بێت، پەیامەکانی بەسەر زۆرترین ژمارەی خەڵکدا بسەپێنێ. بەڵکو پێویستە ببێتە زەمینەسازکەری دروستبوونی ڕاگەیاندنێکی نیشتیمانی، کە ئامانجی سەرەکیی دروستکردنی ڕای گشتییە.

(٢) تەنیا لە ڕێگەی دروستکردنی ڕاگەیاندنێکی نیشتیمانییەوە دەتوانین گەشە بە ناسنامەی کەلتووریمان بدەین.

(٣) پێویستە خواستی ئێستای ڕاگەیاندن ئەوە بێ، کە ببێتە جێگەی متمانەی خەڵك و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانیاری، هەروەها لە ستانداریزەکردنی زمانی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت.

(٤) تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بە ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکانی ئێستای کوردستان بڵێین: (دەستکەوتی نەتەوەیی)، کە لاپەڕەی هەر ڕۆژنامەیەکمان کردەوە، یان تەماشای هەر



کەناڵێکی تەلەفزیۆنیمان کرد، بەپلەی یەکەم ڕۆشنبیرییەکی کوردستانی تیایدا بەرجەستە بووبێت.

(٥) لە ڕاگەیاندنی نیشتیمانیدا، بوونی سانسۆر پەیوەندی هەیە بە ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە و بوونێکی شەرعیانەی هەیە. لەکاتێکدا لە ڕاگەیاندنی حیزبی و شەخسیدا، بوونی سانسۆر جگە لە پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی و حیزبی هیچ پاساوێکی دیکەی نابێت و ئەنجامەکەشی بە شێواندنی زانیارییەکان دەکەوێتەوە.

(٦) پێویستە لە ڕاگەیاندندا گۆڕانکاریەکان لە گۆڕانی شکڵییەوە بکرێنە گۆڕانی نەوعی.

**هەولێر**
**٢٠٠٢/٢/٢٨**

(*) لە تەوەرەی برایەتی بۆ ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە.

# بەشی چوارەم

# ئیَستاتیکا



# ئەدەب و فەلسەفە
## دوو پەنجەرەی کراوە بەسەر هەمان دیمەندا..(*)

(١)

**لە کاتێکدا** مێژووی فەلسەفە یەکێکی دیکەی لە هیگڵ فەیلەسووفتری بەخۆیەوە نەبینیوە، کەچی فەیلەسووفی ئەمەریکی ڕیچارد ڕۆرتی ( Richard Rorty) لە کتێبەکەیدا بەناوی: (ئەنجامەکانی پراگماتیزم)، هیگڵ بە (داهێنەری ژانرێکی ئەدەبی) ناو دەبات! لێرەشەوە ئێمە دەرگایەکی تازەمان لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە بۆ دەخرێتە سەر پشت. لەلایەکی دیکەوە، ئەفلاتوون و هیگڵ ئەو دوو فەیلەسووفەن کە هەر تەنیا لە ناوبانگی زۆر و فرە بەرهەمیدا یەکناگرنەوە، بەڵکو لە هەوڵدانیشیاندا بۆ سڕینەوە و لەناوبردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەدەب، لێکدییەوە نزیکن. بەلای ئەفلاتوونەوە دەبوو فەلسەفە شوێن بە ئەدەب چۆڵ بکات و هیگڵیش پێی وابوو دەبوو فەلسەفە بتوانێت جێگەی ئەدەب بگرێتەوە و ڕیشەکێشی بکات و مایەپووچی بکات.

مشتومڕی نێوان ئەدەب و فەلسەفە لە ئەفلاتوونەوە دەستپێدەکات: بۆچی ئەفلاتوون پێی وایە ئەدەب مانایەکی نیە و شاعیران لە دەوڵەتە ئایدیاڵیەکەی دەکاتە دەرەوە و ڕۆڵی ئەوان بە هەند ناگرێ؟

کاتێ ئێمە لە بارودۆخی ئێستادا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێین، پێمانوایە هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بگوترێ: چونکە پیشەی شاعیران بریتیبوو لە تەقلیدکردنەوەی جیهان(میمیسیس)، جا لەبەرئەوەی جیهان بۆخۆیشی تەقلیدێکە لە جیهانی باڵا، ئەوە شیعر وەك ژانرێکی ئەدەبی دەبێتە تەقلیدی تەقلید، لاساییکردنەوەی لاساییکراوە. بەم پێیەش شیعر هەنگاوێك دوورمان دەخاتەوە لە ڕاستیی جیهانی ئایدیاڵی و وێنایەکی ناڕاست و شێواوی ئەو جیهانەمان دەخاتە پێشچاو کە دوورە لە ئەسڵەوە. دیارە دەشزانین هەمیشە ئەسڵ، یان ئۆرگێناڵ لە



کۆپی و نوسخەی دووەم باشترە. کێشەکە هەر لەوەدا نەبوو کە شیعر تەقلیدە، بەڵکو لەوەدابوو کە ئەو گەنج و هەرزەکارانەی دەبوو بەرهەمە ئەدەبیەکان، بۆ نمونە شیعرەکانی (هۆمێر) بخوێننەوە، خۆیان دەکەوتنە لاسایکردنەوەی ئەوەی دەیانخوێندەوە، چونکە شتێکی ئاساییە مرۆڤ لاسایی ئەو بابەتانە بکاتەوە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان و سەرسامی دەکەن.

ئەم هەڵوێستە دژە ئێستاتیکییەی ئەفلاتوون، هەمیشە بەلای مێژوونووسانی فەلسەفەی یۆنانییەوە جێگەی سەرسووڕمان بووە. وەلێ ئەوەی بەلای ئەفلاتوونەوە گرنگ بووە (حەقیقەت) و (مەعریفە) بووە نەك جوانی و ئێستاتیکا، لێرەشەوە تێدەگەین بۆچی ئەفلاتوون لە کۆمارە ئایدیاڵیەکەیدا دژی شاعیران دەدوێ و دواجار شاربەدەریان دەکا. بەڵام هێندەش هەیە کە کتێبی (کۆمار) هەر باسی کۆمارێکی ئایدیاڵیی ناکات، بەڵکو باسی شێوازێکی پەروەردەکردنیش دەکا. بەپێی هەندێ لێکدانەوە، ئەفلاتوون دەیویست فەلسەفە لە سیستەمی پەروەردەدا ببێتە (دەرسێکی سەرەکیی) و جێگەی (پۆئیتیك) بگرێتەوە کە ئەودەم کەلتوورێکی زارەکی باو بووە و لە ڕێگەی سینە بەسینەوە دەگەیشتە نەوەکان و لە بەرنامەی خوێندندا گرنگیی پێدەدرا. لە گفتوگۆی (ئەیۆن)یشدا ئەفلاتوون کاتێ دەیەوێت جیاوازیی نێوان (جوانی) و (مەعریفە) بخاتە ڕوو، هەمان مەسەلە دەهێنێتەوە پێش و پێیوایە: نابێت شیعر وەك سەرچاوەیەك بۆ گەیشتن بە زانین تەماشا بکەین، چونکە شاعیر لەکاتی شیعر گوتندا لەخۆی دەردەچێت و بۆخۆیشی نازانێ چی دەڵێت.

ئەم کێشەیە کێشەی نێوان دوو سیستەمی پەروەردەکردن نیە بەهۆی شیعر و فەلسەفەوە، بەڵکو کێشەی نێوان دوو زمانی جیاوازیشە کە یەکێکیان زمانی شیعرە و نابێتە سەرچاوە بۆ زانین و ئەویتریشیان زمانی فەلسەفەیە و دەمانگەیەنێت بە ڕاستی ڕەها. ئەمەیە بەڵگەی سەرەکیی ئەفلاتوون بۆ جیاکردنەوەی ئەدەب و فەلسەفە، واتە جیاکردنەوەی پۆئیتیکا و فیلۆسۆفیا..

بەڵام ئایا دواجار ئەفلاتوون بۆخۆی بەکام زمان دەئاخڤێت و بەرهەمەکانی دەنووسێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە مێژووی فەلسەفەدا نەریتێکی باو هەیە، کە لەدوا ئەنجامدا، ئەفلاتوونیش بە (شاعیر) لەقەڵەم دەدات و دەیەوێت بڵێ: ئەم

فەیلەسووفە مەزنە یەکەم کەس بووە کە ژانرەکانی تێکەڵکردوون و بڕوای بە جیاوازیی نێوان ژانری فەلسەفە و ژانری شیعری، واتە پۆئیتیک، نەبووە. بەڵگەش بۆ ئەم لێکدانەوەیە گەلێ زۆرن و بەرهەمەکانی ئەفلاتوون پڕن لەو هێما و سیمبوول و دەستەواژە و ئارایشکردن و دیمەنسازیانەی کە دەشێت لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبییدا بەکار بهێنرێن و سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە دابین بکەن. بەکورتی: ئەفلاتوون وەك فەیلەسووفێك بە زمانی ئەدەب و لەناو فەزای زمانی ئەدەبییەوە دژی ئەدەب و شیعر قسان دەکات!

(٢)

لە ئەرستۆتالیسەوە ئەرکی پۆئیتیك (poetic) وەك دیسیپلینێك، ئەوە بووە کە پێمانبڵێت: ئەو خەسڵەتە چیە کە شیعر دەکاتە شیعر، واتە ئەو شتە چییە کە سنووری شیعر دەکاتە سنوورێکی تایبەت و سەربەخۆ و جیای دەکاتەوە لە سنووری ژانرەکانی دیکە؟

ئەرستۆ بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێت: ئەو خەسڵەتەی هونەر لە شتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە بریتییە لە (میمیسیس= mimesis)، واتە تەقلید و لاساییکردنەوە. هونەر بۆیە هونەرە کە تیایدا ڕەگەزی لاساییکردنەوە ڕەگەزێکی بنەمایی بێت، وشەی هونەریش لەم بەکارهێنانەیدا، هەر لە ئەدەب و لقەکانیەوە تا پەیکەرسازی و شمشاڵژەنیش دەگرێتەوە. بەمجۆرەش ئەوەی ئەفلاتوونی مامۆستا هرووژمی دەکردە سەر، ئەرستۆی قوتابی بەرگریی لێدەکات و لێرەشەوە دەکەوینە بەردەم ناکۆکیەکی بنەمایی لەنێوان دوو فەیلەسووفی مەزنی کلاسیکییدا.

بۆ ئەوەی لەم ناکۆکیە دەربچین، پێویستە بەجۆرێکی دیکە بڕوانینە دەقەکان و هەوڵدەین ئەو خەسڵەتەیان تیادا بدۆزینەوە، کە ناکرێت لەگەڵ خەسڵەتی دەقی تردا تێکەڵاویان بکەین. لێگەڕێن بە پەیڕەوی لە ڕەخنەگری ئینگلیزی (داڤید لەج) ئەو خەسڵەتە ناوبنێین خەسڵەتی نەگۆڕی دەق. ناکۆکیەکە لەوەدایە کە هەندێك فەیلەسووف (ئێستاتیکا) ڕەتدەکەنەوە، کەچی خۆیان شاعیرانە دەنووسن، لەکاتێکدا هەندێکی دیکەیان بەرگریی لە شاعیرییەت دەکەن، کەچی هەموو شتێکن شاعیر نەبێت! ئەفلاتوونی یۆنانی و سۆرن کیاکەگۆردی دانیمارکی هەردووکیان ئێستاتیکا و



شیعر وەك سەرچاوەیەك بۆ گەیشتن بەڕاستی و مەعریفە ڕەتدەکەنەوە، کەچی هەمووشمان دەزانین ئەمانە چەندە شاعیرانە بیریان دەکردەوە. ئەرستۆ نەخشەداڕێژی شیعرییەت و ئیمانۆیل کانت هی ئێستاتیکا بوو، بەڵام کەس ڕێگە بەخۆی نادات کتێبی (شیعر)ی ئەرستۆ و کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی)ی کانت لەگەڵ دەقی خەیاڵئامێز و شیعریی و ئەدەبیی ڕووتدا تێکەڵاو بکات. واتە هەرکات دەمانەوێت دەقێکی کانت یاخود ئەرستۆ بخوێنینەوە، وابیرناکەینەوە کە ڕووبەڕووی دەقێکی فەنتازیائامێز و ئیبداعی دەبینەوە، کە زمانی هەستیاریی تیایدا باڵادەست بێت، هێندەی ئەوەی بیر دەکەینەوە دەمانەوێ دەقێك بخوێنینەوە کە پڕە لە بەڵگەو سەلماندنی عەقڵانی و زمانی هزر تیایدا باڵادەستە.

بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین: دەقی کانت دەقێکە بە خەسڵەتی نەگۆڕەوە کە ناکرێت بخرێنە خانەی ئەدەبەوە، هەروەها ئەمە بۆ دەقی بەرتراند ڕاسڵ و فرێگە و پوتنام و کارناپ و هەندێکی تریش ڕاستە. کەواتە دەقی ئەمانە دەقی فەلسەفین بە خەسڵەتی نەگۆڕی خۆیانەوە. بەڵام هەموو دەقەکانی هایدگەر و دەقەکانی نیتشە خەسڵەتی نەگۆڕی فەسلەفیی خۆیان نیە. ڕێی تێدەچێت دەقی ئەم دوو فەیلەسووفە تێکەڵاو بەدەقی دیکە بکرێن و هەردووکیشیان لەلایەن ئەکادیمیستەکانەوە بەتوانجەوە بە (فەیلەسووفانی شاعیر!) ناو ببرێن. نمونەی نێوان دەقی شاعیرانەی فەلسەفی و دەقی فەلسەفیی خەسڵەت نەگۆڕ، دەشێت دەقەکانی سارتەر و کامۆ و باشلار بن کە دەکەونە سەر سنووری نێوان فەلسەفە و ئەدەب. کەچی هەرگیز هەڵەی وا ناکەین دەقی ئەدمۆند هۆسێرل لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیدا تێکەڵ بکەین، لەکاتێکدا دەقی ژاك دێریدا بەردەوام لەگەڵ دەقی فەیلەسووفە شاعیرەکانی دیکەی وەکو کیاکەگۆرد و نیتشە و هایدگەردا ناویان دێت. ناولێنانی فەیلەسووفێك بە (شاعیر)، هەمیشە ناولێنانێکی ڕەخنەییە و توانجێکی لە پشتەوەیە، بەمانای ئەوەیە ئەو فەیلەسووفە دەقی (ڕاستەقینەی فەلسەفی) بەرهەم ناهێنێت، واتە دەقێك بە خەسڵەتی نەگۆڕی خۆیەوە.

(٣)

بەڵام ئایا ناتوانین دەقە فەلسەفییەکان بەشێوەیەکی ئەدەبی بخوێنینەوە، یاخود وەك جۆرێ لە ئەدەب بیانخوێنینەوە؟ ئایا دەقە فەلسەفیە خەسڵەت نەگۆڕەکان ڕێگیری

لەو شێوە خوێندنەوەیە دەکەن؟ بۆ نمونە گرنگیی دەقی کانت سەبارەت بە ڕۆمانسیزمی ئەڵمانیی شتێکی حاشا هەڵنەگرە و لەم ڕێبازەشدا دەقی شیعری و دەقی فەلسەفی بەجۆرێك تێکئاڵاون و پێکەوە ڕێسراون، کە جیاکردنەوەیان کارێکی بێمانایە. هەروەها ئەگەرچی دەقی کانت لەئاستی مانادا، دەقێکی خەسڵەت نەگۆڕە و ناکرێ لەگەڵ دەقی غەیرە فەلسەفیدا تێکەڵاویان بکەین، کەچی کانت زاراوەی (ڕەخنە/ criticism)ی لە ئەدەبەوە وەرگرتووە و ئەم زاراوەیەش لەمانا ئەدەبییەکەی نەشۆراوەتەوە، کە ئەمەش بەسە تاکو لەبەر ڕۆشنایی مانای چەمکی (ڕەخنە)دا بەوجۆرەی لە مێژووی ئەدەبدا بەکارهاتووە، خوێندنەوەیەکی ئەدەبی بۆ دەقی کانت بکرێت. لەلایەکی ترەوە، هەر تەنیا فەیلەسووفەکان هەڵنەستاون بە خوێندنەوەی کانت، بەڵکو کانت لەلایەن تیۆلۆژ و سۆسیۆلۆژ و ئەدەبناس و زمانەوان و دەروونشیکارەکانیشەوە خوێندراوەتەوە و شیکراوەتەوە.

دەکرێ وەك ئەنجامگیرییەکی خێرا بگوترێ: تەنانەت بۆی هەیە دەقە خەسڵەت نەگۆڕە فەلسەفیەکانیش وەك دەقی ئەدەبی بخوێندرێنەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە گرنگیی بدرێت بە پێکهاتەی (تێکستییان)، واتە بە ڕێژەی بەکارهێنانی خوازە و ڕەمز و هێماکانیان وەکئەوەی (پاوڵ دی مان)ی ئەمەریکی، (جۆن لۆك) و (کانت) بەو شێوازە دەخوێنێتەوە. کەواتە جیاکردنەوەی دەق لەسەر ئاستی ئەدەبی و ئاستی فەلسەفی هەمیشە کارێکی ڕاست نیە، چونکە ئەم جیاکردنەوەیە تاکو ساتەوەختی خوێندنەوە بڕ دەکات و بۆی هەیە لە ژێر کاریگەریی جۆری خوێندنەوەدا، ئەدەبیبوونی دەقێك و فەلسەفیبوونی هزرێك شوێنی خۆیان بگۆڕنەوە. سنووری نێوان ئەدەب و فەلسەفە سنوورێکی ڕەها و چەسپاوی شوورابەند نیە، بەڵکو سنوورێکی شەففاف و جیوەییە. ڕیچارد ڕۆرتی کە لەسەرەتاوە ئاماژەم بە قسەیەکی دا، بەمجۆرە ئەنجامگیریی دەکات و دەڵێت: (دەبێت بە وێژدانێکی ئاسوودەوە بۆخۆمانی ڕوونبکەینەوە، کە پێویستە جیاوازی لە نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی فەلسەفیدا ڕەتبکەینەوە و برەو بە ئایدیای بێ جیاوازیی (دەق بەگشتی) بدەین). بەمجۆرەش ئەو ململانێیەی نێوان ئەدەب و فەلسەفە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە کە دەشێت بە



بزەیەکەوە بەجۆرێ لە (ئاشتبوونەوە)ی دوو ژانری ناو ببەین کە هەرگیز لەشەڕدا نەبوون!

(٤)

ئەم کتێبەی لەبەردەستماندایە هەنگاوێکە بەرەو ئەو ئاشتکردنەوەیە و دەیەوێت ماڵێکی هاوبەش بێت و هەردوو دەقی فەلسەفی و دەقی ئەدەبی لەم ماڵەدا جێبکاتەوە. ئەرکی هەر وەرگێڕێکی شێلگیریش لەبنەمادا دروستکردنی هەمان کەشی ئاشتبوونەوە و گفتوگۆئامێزە.. ئەوانەی لە دووتوێی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمەدا قسان دەکەن، بەدەگمەن دەکەونە خانەی بەرهەمهێنەرانی (دەقی خەسڵەت نەگۆڕ)ەوە. ئەوان هەم ئەو فەیلەسووفانەن کە پڕن لە عەشق بۆ ئەدەب و کاریگەرییان لێوەرگرتووە، هەم ئەو هونەرمەندانەشن کە بەرهەمە ئەدەبیەکانیان خاڵی نین لە هزر و لێکدانەوەی فەلسەفیی قووڵ و شێلگیر. من ئەم بەرهەمەم خۆشدەوێت، چونکە بوارم دەداتێ لە زمانی یەکەمەوە، واتە لەو زمانەدا کە فەیلەسووفان و ئەدیبانی ناو ئەم کتێبە پێی دەدوێن، چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو دوو ژانرەدا بدۆزمەوە کە بەشێوەیەکی ڕەسمی لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکانی لای ئێمە، بەتایبەتیش لەناو زانکۆکاندا و بەحوکمی جیاکردنەوەی بوارەکانی پسپۆڕیی خوێندن، لێکدی دابڕ کراون، وەك ئەوەی ئەدەب و فەلسەفە، یاخود فەلسەفەی ناو دەقی ئەدەبی و ئەدەبیەتی ناو دەقی فەلسەفی دوو خەسڵەتی هێندە جیاواز بن، کە نزیکبوونەوەیان لە یەکتر مەحاڵ بێت.

ئەم کتێبە بازدانە بەسەر ئەو مەحاڵەدا و کردنەوەی ئاسۆیەکی فرە ڕەهەندە لەبەردەم خوێنەردا، پەنجەرەیەکە هەردوو دیوی ئەو دنیایەی لێوە دیارە کە دیمەنێکی ئەدەب و ئەوی دیکەی فەلسەفەیە. دیوێکی لەسەر کارکردنی لۆژیکی هزر بەندە و دیوێکی لەسەر کارکردنی لۆژیکی هەستیاری وەستاوە. بەم دیودا لۆگۆس و بەودیودا میتۆس.

خاڵێکی دیکەی گرنگیی ئەم کتێبە بۆ من ئەوەیە، کە بابەتەکانی ناوی سەراپا (دەقی گفتوگۆیین). ڕاستە ئەم گفتوگۆیانە لە هەلومەرجێکی جیاواز لە هەلومەرجە کەلتووریەکانی ئێمەوە سەریانهەڵداوە، بەڵام دڵنیام خوێندنەوەی ئەم گفتوگۆیانە خۆی

لەخۆیدا دەبێتە گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان خوێنەری ئێمە و کەسانی ناو ئەم بەرهەمەدا. من هەمیشە هەستدەکەم، جگە لە شیعر، بەخوێندەوەی دوو ژانری ئەدەبی زیاتر دەخرۆشێم و دەبمەوە خۆم: یەکەم دانپیانانەکان ((اعترافات)) و لێرەدا شیعر و چیرۆك و ڕۆمانەکانیش بەجۆرێ لە دانپیانان لە قەڵەم دەدەم) و دووەمیش ژانری (گفتوگۆ). خوێندەوەی هەرگفتوگۆیەك بۆ من لەحوکمی کوشتنی بەشێك لە شەڕانیەت و گرژی و توندڕەوی ناو ناخی خۆمە، هەروەکو چۆن دوای هەموو چینێك گریان هەست بە ڕەهابوونێك لە قەهر و حوزن دەکەم. گریان و گفتوگۆ لە زمانی ئێمەدا جگەلەوەی لە پیتی (گ) دا هاوبەشن و یەك سەرچاوەی سەرهەڵدانیان هەیە، بەڵام لە بەرجەستەبوون و دەربڕیندا جیاوازن: هەردووکیان لە ناخەوە هەڵدەقوولێن بەڵام یەکەمیان لە فرمێسکدا و دووەمیشیان لە وشەدا بەرجەستە دەبێت. جیاوازیی نێوانیشیان ئەوەیە، کە گریان دەمخاتە باوەشی تەنیاییەوە، لەگریاندا تەنیا دەبم، بەڵام گفتوگۆ تەنیاییم دەسڕێتەوە و دەمخاتە بەرامبەر (ئەویتر). گریان کردەیەکی پاسیڤە و گفتوگۆ کردەیەکی ئەکتیڤ. لە پاسیڤبووندا خۆم دەپارێزم و لە ئەکتیڤبووندا خۆم دەسەلمێنم. لە پاسیڤبووندا نۆستالیژیا و یادوەری پەلکێشم دەکەن و دڵم گەرم دەبێ و پاشان دەگریم، لەئەکتیڤبووندا دێمەوە باوەشی هەنووکە و هەست بەبوونی خۆم دەکەم و پاشان دەکەومە قسەکردن و ئاخاوتن. گفتوگۆ هونەری بەدەنگهاتنە لە ئێستادا و شێوازێکە بۆ دروستکردنی ئایندە و بەردەوامی. گریان شێوازێکە بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو لەسەر حسابی ئێستا.

کەلتووری ئێمە کەلتووری گریان و فرمێسك و تەنیاییە، کەلتووری فەرامۆشکردنی ئێستایە لەسەر حسابی داهاتوو. ئێمە لەگەڵ ڕابردوومان گفتوگۆ ناکەین، بەڵکو بەسەر ڕابردووماندا دەگرین و لێرەوە بایەخێك بۆ ئێستامان ناهێڵینەوە، چونکە ئەو ئێستایەی گفتوگۆی تیا نەکرێت و تیایدا بایەخ نەدرێت بە کەلتووری گفتوگۆ، هیچ بەهایەکی نییە.

لە دەساڵی ڕابردووماندا بایەخێکی زۆرمان بەکتێبەکانی گریان دا، کە بەشێکی زۆری کتێبەکانی (مێژوو) و (یادداشتنامە) و (کەشکۆڵەکانی بیرەوەری) دەگرێتەوە و لەناویاندا ڕابردووی ئێمە دەلاوێنرێتەوە و ڕقی ئێمە تازە دەکرێتەوە و ئامادە



دەکرێینەوە بۆ جەنگی تر و پێکهەڵپڕژانی دیکە.. ڕەنگە لەگەڵ بەرجەستەبوونی نەوەیەکی تازەی نووسەر و وەرگێڕدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی دەیان دەنگی لاو لەناو بوارەکانی ڕەگەیاندنی کوردیدا و لەگەڵ پەیدابوونی چەندین دەزگای چاپەمەنیدا کە توانای گەنج بەڕێوەیان دەبەن و بەعەقڵێکی دیکەوە بیر لە بەرهەمهێنان و خوێندنەوەی کۆمەڵگا دەکەنەوە، ئیدی کاتی (کتێبەکانی گریان) بەرەو ئاوابوون بچێت و وەرزی (کتێبەکانی گفتوگۆ) هاتبێت.. کتێبەکانی گفتوگۆ، ئەو کتێبانەن کە شەڕانییەت و توندوتیژیمان تیادا دەکوژن و ئامادەمان دەکەن بۆ قەبووڵکردنی ئەوانیتر، بۆ ژیانێکی عەقڵانیی لە ئێستادا و بۆ دروستکردنی ئایندە. هیچ دوورنیە ئەم کتێبانە چارەنووسمان بگۆڕن و ڕووداوی مەزن لەناخی هەرکامێکماندا پەرپا بکەن. بەدووری نازانم بەهای ناو ئەم کتێبانە ئەو متمانەیەمان بۆ بگێڕنەوە کە کەلتووری تەور و شەڕانیەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا و هاوکات لەگەڵ پێگەیشتنی نەوەی ئێمەدا، سەرکوتیان کرد. دەشێت پانتایی سنگفراوانیی ناو ئەم کتێبانە، سەرمەشقێك بێت بۆ پیادەکردنی سنگفراوانی لەناو واقیعدا. دەشێت لەمەودوا بۆ بەگژداچوونەوەی واقیعی کۆمەڵگەکەمان و خەباتکردن لە پێناوی ئازادی و ژیاندا، پتر لەهەر شتێ پێویستمان بە کتێبەکانی گفتوگۆ هەبێت. ئەو کتێبانەی گرژیەکان خاو دەکەنەوە، ئەنجامی ململانێکان لە وێرانییەوە دەکەن بە ڕۆشنگەری، مرۆڤەکان لە کائینی بێدەنگەوە دەکەنە کائینی قسەکەر..

**هەولێر: ٢٠٠١/٣/١٣**

(*) پێشەکییە بۆ کتێبێکی وەرگێڕدراوی هاوڕێم ئازاد بەرزنجی بەناوی لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا، دەزگای سەردەم.

## لەودیو ستایشکردنی ئەدەبەوە (*)

(١)

**ئەدەب** جگە لە (ئەدەبیاتبوون)ی خۆی جێگەی هیچ شتێکی تر ناگرێتەوە و بە هیچ شتێکی دیکەش جێگەکەی پڕ نابێتەوە. ئەگەر بشێ باسی هزری ئەدەبی، ڕەنگی ئەدەبی، ڕووناکایی ئەدەبی و شێوەی میوانداریی ئەدەبیی بکەین، ئەوە ئەدەب هزری خۆی، ڕەنگی خۆی، تیشکی خۆی و شێوازی پێشوازیکردنی خۆی هەیە. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەرك و دەروەستیی ئەدەب، بەرجەستەکردنی ئایدیایەك و تێگەیشتنێکی دیار و ناسراو نییە کە دەشێت بە زمانێکی دیکە و بە دەربڕینی دیکە بەرجەستە بکرێ. ئەگەر بڵێین ئەدەب پێش هەموو شتێ ئەزموونە، ئەوە نوسینەوەی ئەو شتەی ئەزموونکراوە، ئەدەب دەخاتە بەردەم وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەپرسێت: ئایا ئەو ئەدەبە لەبەرامبەر ڕووداوەکەدا ئەدەبێکی ڕاستەقینەیە، یان ساختە؟ پرسیارێ، کە گومان لە حەقیقەتی ئەدەب دەکات و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە لەجیاتی ئەوەی ئەدەب خۆی گیرۆدەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بکات و بەرگریی لە ڕاستی و ساختەیی خۆی بکات، چاکترە مانایەك بەرهەم بهێنێ، کە پێشتر بوونی نەبووبێت، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەش کە لەسەر ئەزموونی ئەدەبیی دەکرێ، پرسیارێ بێت بە مانای نوێوە سەرهەڵدات. ژیانی ئەدەب لەوێوە دەستپێدەکات کە جیهانی خۆی بهێنێتە بەرهەم، جیهانی وشەیی خۆی.

(٢)

ئەدەبی ڕاستەقینە تەنیا بەئامادەیی خۆی، خۆی دەسەلمێنێ. پێویست ناکات ئەدەب هەڵگری پەیامێك بێت یاخود دەربڕی مانایەکی دیاریکراو. بوونی ئەدەب لە خۆیدا، بوونی ئەدەبە بۆخۆی. ئەو ئەدەبەی لە خۆیدا و بۆخۆی بوونی هەبێت، ئەدەبێکە ئێمەش دەتوانین بچینە ناویەوە، تیایدا بژین و ئەزموونی بکەین. چونکە



لە بنەمادا ئەدەب بووێکە لەناو بووەکاندا و دیاردەیەکە لە ناو دیاردەکاندا. ئەدەب لەوێدایە بۆخۆی، لێرەیە بۆ ئێمە و لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا ئامادەیە، بەڵام بە یاساکانی خۆیەوە و بەعەودالّییەکانی خۆیەوە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی دیکەی گەشە و پێگەیشتن.

هەموو ئەدەبێ دەربڕی بەرزترین پلەی خودێتی شاعیرە و تەنیا ئەو شاعیرەی خاوەنی خودێتی خۆیەتی دەتوانێ بانگەشەی شاعیرێتی خۆی بکا. ئەدەب بەواقیعیکردنی ئیرادەیەکە، کە ئاستێکی زمانیی خۆی، مۆسیقای خۆی، وێنەی تایبەتی خۆی هەیە. تەنیایی ئەدەب لەوەدایە کە بۆخۆی جیهانێکی تایبەت پێکدەهێنێ و بەو شێوەیەش، لەسەرووی هەموو ئەو شتانەوەیە کە خاوەنی جیهانی خۆیان نین.

(٣)

دەشێت ئەدەب نموونەی دنیای دەرەوە، نمونەی واقیع، بکاتە سەرمەشقی جیهانی خۆی و سەرلەنوێ دایبڕێژێ، بەڵام ئەوەی دەبێتە (نووسینی ئەدەبی) و (جیهانی ئەدەب)، هەمیشە شتێکی ترە و واقیعێکی تری لێدەکەوێتەوە. واقیعیترین جیهانی ئەدەب ئەوەیە کە نووسەر ناتوانێت لە سرووشتی خۆی، میزاجی خۆی و شێوەی خۆی و بە کورتی هەستیاریی خۆی بۆ وەرگرتنی شتەکان، خۆی دەربازکات. دنیای نووسەر لەو کابووس و خەون و ئازار و ئومێد و وێنایانە پێکدێت، کە ئەو بە جەستەو ڕۆح خۆی تێفڕێداون و لەسەر نەخشەیەکی تایبەت بەخۆی و بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەرگیز ڕاڤە ناکرێن، بە نووسین دایاندەڕێژێتەوە. بەم پێیەش ئەدەب دەریچەیەك بۆخۆی دەدۆزێتەوە، زمانی خۆی دەسازێنێ و لەگەرووی دەربڕینیەوە دەنگێك دێتە دەر، بەڵام دانسقەیی ئەدەب و بێ نمونەییەکەی لەو شتانەدایە کە هێشتا نەیگوتوون. لەدوا ئەنجامدا پرۆژەی هەموو ئەدیبێکی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە بتوانێت ئەدەب بکاتە سەنگەری بەرگریکردن لە دانسقەیی و تاکبوونی کەسایەتی خۆی. بتوانێت (من)ێك بەرهەم بهێنێت کە هەمیشە (من)ێکی دانسقە بێت. وەك چۆن شریخەی هەر هەورەبرووسکەیەك لە وەرزی

ڕەهێڵەدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێویستە ئاواش لە وەرزی ڕەهێڵەی ئەو واقیعەدا کە نووسەری ڕاستەقینەی تیادا دەژی، سەدای ئەدیب جیاواز بێت.

(٤)

خۆزگە ئەدەب بتوانێت جیهانێکی تایبەت و بەدوور لەدنیای داهێنەرەکەی بخاتە گەڕ. خەڵکانیتر چی لەئەدەب دەکەن، ئەوە کێشەی نووسەرەکەی نییە، کێشەی ئەدەب خۆیەتی.

(٥)

ئەدەب وەك نرخێك، وەك بەهایەکی داهێنراو، لە هیچ بوارێکی دیکەی بەرهەمهێنانی هونەی و مەعریفی چاکتر نییە و ئامانجی ئەدەبیش هەمان ئامانج نییە کە زانستە سرووشتییەکان، فەلسەفە، دەروونشیکاری، سۆسیۆلۆژی، ئایین و هەر بوارێکی دیکەی لەو بابەتە بۆخۆیانیان لەپێشچاو گرتووە. شێوازی ئیشکردنی ئەدەب، توانای ئەوەی دەداتێ کە بەشێوەیەکی تایبەت بمانجولێنێ و تەکانمان بدات و بەشێوەیەکی تایبەتیش کاریگەریی خۆی لەسەر ئێمە جێبهێڵێ. هەربوارێ لەبوارەکانی مەعریفە و داهێنان ڕەوایەتی خۆیان و هاندەری خۆیانیان هەیە و لێرەشەوە هەریەك لە بواری زانستەکانی سرووشت، فەلسەفە، دەروونشیکاری، سۆسیۆلۆژی و ئایین، بەپێی گوتاری خۆیان و لە چوارچێوەی تێرم و زاراوەکانی خۆیاندا، لەبارەی واقیعەوە قسان دەکەن. بەڵام ئەدەب ڕێك ئالێرەدا لەو بوارانە جیا دەبێتەوە، چونکە بوونی ئەدەب ڕەوایەتی خۆی لەوێوە بەدەست ناهێنێ کە قسەکردنە (لەبارەی واقیعەوە)، بەڵکو لەوێوەی دەهێنێ کە ببێتە (واقیعێکی تایبەت).

(٦)

بۆی هەیە ئەدەب لە باوەشی هزرە فەلسەفیەکانەوە سەردەربهێنێ، هەروەکو چۆن بۆی هەیە لە ئامێزی هونەری وێنەکێشان، پەیکەرسازی و مۆسیقاشەوە چرۆ دەرکا. بەڵام خۆزگە لەم بارودۆخەدا ئەدەب پارێزگاریی لە خەسڵەتی (ئەدەبیاتبوون)ی خۆی دەکرد و ناسنامەی خۆی لەدەست نەدەدا. ئەدەب بەر لەهەر



شتێ هونەرێکە و ئەو هونەرەی بەتەنیا وەکو (ئایدیا) و (شیکردنەوە) و (ڕاهێنانی هەندەسی) خۆی دەناسێنێ، هونەرێکی سەرنجڕاکێش نییە. ئەوەی ئەدەبییەت دەسازێنێ ئایدیا و شیکردنەوەکان نین، بەڵکو وشەکانن. ڕاستە زۆرجار فەلسەفە و ئەدەب هەوڵدەدەن هەمان دنیا بخولقێنن و پەیوەندی خۆیانی پێوە دەستنیشانبکەن، بەڵام گوتاری ئەدەبی و گوتاری فەلسەفی، لەگەڵ هاوبەشیشیاندا لە پانتایی زماندا، هاوناسنامە نین. پرسیارەکانی فەلسەفە پرسیارن لە دنیایەکی کۆنکرێتی، یان وێناکراو، لەکاتێکدا ئەدەب پرسیار و عەودالبوونە بە دوای خولقاندنی دنیایەکی ئەڵتەرناتیڤدا. خەسڵەتی هەرەسەرەکیی ئەدەب بریتییە لەوەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەڕێگەی زمانەوە کەشفی ڕووبەرە بێگانە و نائاشناکان دەکات. ئەدەب بەزمانکردنی ئەو ڕووبەرانەیە کە تائێستا دەستیان لێنەدراوە. بەم مانایە، ئەدەب هاوارێکە بەڕووی ئەو تەفسیرانەدا لەسەر دنیا، کە پێیان وایە چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، چونکە ڕووبەری ڕۆح بەلای ئەدەبەوە، بەرفراوانترە لەهەر تەفسیرێك و لە هەر چارەسەرێك.

(٧)

فەیلەسووفی نەمسایی (لودڤی ڤیتگنشتاین)، نووسیی: (ئەو شتەی ناتوانین لەبارەیەوە بدوێین، پێویستە لێی بێدەنگ بین). بەڵام ئەمە ڕێك ئەو سنوورەیە کە ئەدەب هەوڵدەدات لە ڕێگەی خولقاندن و نووسینەوەی دنیا تازەکانەوە، تێکیبشکێنێ. ئەدەب لە بنەمادا بوونێکی سنوورشکێنە، ئەدەب ئاخاوتنە لەبارەی هەموو ئەو شتانەی کە بۆ هەمیشە و یەکجارەکی هەموو شتێکیان لەبارەوە ناگوترێ و دەبێت بەردەوام لە نووسیندا دابڕێژرێنەوە و لەهەر داڕشتنەوەیەکیشدا لایەنێکی نەگوتراویان ئاشکرا دەبێت. لێرەشەوە ئەدەب هەر یەکالاکردنەوەی شتە نائاشکراکان نییە بە هۆی زمانەوە، بەڵکو لەوەدا کە زمانی ئەدەب زمانی ئازادییە، ئەوە ئەدەب فراوانکەری سنوورەکانی زمان خۆشییەتی بەبێ ئەوەی بانگاشە بکات، کە هەمووشتێ لە زماندا دەدرکێندرێ.

دەتوانین لێرەدا بپرسین: لەکوێدا زمانی ئەدەب دەبێتە زمانی ئازادی؟

لەو شوێنەدا کە ئەدەب دنیای ئاشنا جێدەهێڵێت و هەنگاو بەرەو خوڵقاندن و ئاشکراکردنی دنیایەکی نەزانراو دەنێت. هەرئەمەشە ئەدەب لە جیهانێکی داخراوەوە دەکاتە جیهانێکی کراوە: کرانەوەیی ئەدەب، واتە کرانەوەی بەڕووی دنیایەکی نەناسراودا، بەرەو هەرێمی ئازادی. داخراوەییەکەشی، واتە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو جیهانەی دەیناسین و تیایدا دەژین: جیهانی دەسەڵات و کۆیلایەتی و نایەکسانی، تەنانەت لە زمانیشدا، چونکە زمان لەو دیو دەسەڵات و کۆیلایەتی و نایەکسانییەوە نییە.

(٨)

لە ئەدەبدا عەوداڵیی، عەوداڵبوونە بەدوای بەدەنگهێنانی ئەو شتانەی دەنگیان نییە، شتە کپ و بێزمانەکان، بەڵام ئەدەب جوانیی خۆی لەوێدا دەپارێزێت کە هەموو شتێ نەڵێت و نهێنی خۆی ئاشکرا نەکات. جوانیی ئەدەب لەوەدایە کە فرە ڕەهەند بێت. کاتێ ئەدەب نهێنی خۆی ئاشکرا کرد، ئەوە لە تاکڕەهەندیدا نغرۆ دەبێت.

**نهێنی ئەدەب چییە؟**

(نهێنی) بریتییە لەو ڕەگەزە گرنگەی کە خوێنەر دەبەستێت بە ئەدەبەوە، تەنانەت دوای خوێندنەوەشی. ئەو ئەدەبەی هەڵگری نهێنی خۆی بێت، بەیەکجار و چەندین جار خوێندنەوە لە مانا بەتاڵ نابێتەوە. تەنانەت دوای تێپەڕینی سەدە و ساڵەکانیش. ئەدەبی ستایشکراو، ئەدەبێکە پڕ لە نهێنی و ڕاز کە هێزی ئەوەی دەداتێ لەگەڵ تێپەڕینی سەدە و ساڵەکاندا تازە ببێتەوە: لێرەوە خوێندنەوەی کلاسیکەکانی ئەدەب کارێکە لەبەردەم هەموو نوێخوازێکی ئێستادا..

(٩)

ئەگەر ڕاستبێ، کە هەموو ئەو شتانەی دەیانزانین لەڕێگەی زمانەوە دەیانزانین، ئەوە ناتوانین بڵێین بیرۆکە و ئایدیاکانی ناو سەرمان بەتەنیا هی خۆمانن! چونکە ئەگەر زمان سەرچاوەی زانینی ئێمە بێت، ئەوە دەبێت زوو دادان بەوەدا بنێین کە



جۆرەکانی نەرێت (بە نەرێتی ئەدەبییشەوە) لەڕێگەی زمانەوە بەسەرماندا سەپاون.. لێرەشەوە هەموو ڕەتکردنەوەیەکی ڕابردوو هەنگاوێکیشە بەرەو سڕینەوەی یادوەری. ئەدەبی نوێ لەئەنجامی سڕینەوە و ڕەتکردنەوەی ئەدەبی ڕابردووەوە لەدایك نابێ. بەڵکو سەرهەڵدانی (نوێ) ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە لەوەی پش خۆی. گەلێك بیرۆکە و ئایدیا هەن لە ماوەیەکدا کپ دەبن و دواجار چالاك دەکرێنەوە، یاخود وەکو فرمانێکی چاوەڕواننەکراو خۆیان دەسەپێننەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوە نییە: ئەدەبی ئێستای ئێمە بەبێ ئەدەبی پێشینەکان چۆن دەبوو؟ بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا دەشیا ئەدەبی نوێ سەرهەڵدات ئەگەر پێشتر ئەدەب بەزمانی ئێمە نەنووسرایە؟ ئەوەی بیەوێ خۆی وەکو نوێ پێناسە بکات، چاکە لەبیری بێت ئەو (نوێبوون)ـەی ئەو، تەنیا لەبەرامبەر شتێکی دیکەدا نوێیە، کە ئێستا ئیدی پێمانوایە (کۆن) بووە. ئەگەر نووسەرێ عەوداڵی گەیشتن (نوێ) بێت، ناتوانێ بەئەنجامێکی شیاو بگات ئەگەر بێت و نەکەوتبێتە کەشفکردنی ئەوەی لەپێش خۆیەوە هەبووە. (نوێ) تەنیا بەوە خۆی نادات بەدەستەوە کە خۆمان لە ڕابردوو جیابکەینەوە و بە نەفرەتی بکەین. بۆیە ناسینی نەرێتی ئەدەبیی ناو زمانێك، بۆنمونە زمانی کوردی، مەرجە لەبەردەم هەرنووسەرێکدا کە دەیەوێت ئەو نەرێتە ڕەتبکات و نەیەوێت جۆرە ئەدەبێك بنووسێ کە پێشتر نووسراوە.

ئەو کەسەی بەرهەمی کلاسیکەکان لەبەرئەوە دەچەپێنێ و بە کەم تەماشایان دەکا، چونکە لە (ڕابردوودان)، ڕێگە دەگرێت لە نوێبوونەوەی ئەدەب لە ئێستاشدا. ئەمەیە وەڵامی من بۆ ئەو کەسەی پێی وایە خۆ خەریکردن بە شاعیرێکی وەکو نالییەوە، (دوورکەوتنەوەیە لە تازەگەری)..

(١٠)

(ئێستا) هیچ مانایەکی نەگۆڕی نییە. ئەم دێڕەی (ئێستا) دەینووسم، ئێستای خۆی لەم کاتەدا تەی دەکات و کاتێ چەند چرکەیەك بەسەر نوسینیدا تێپەڕی، ئەو (ئێستا)یە دەبێتە (ڕابردوو). (ئێستا) هەمیشە ساتێکی تێپەڕیوە و نەك هەر

هەڵگری ڕەگەزێکی ڕابردوویشە، بەڵکو پڕیشە لە چاوەڕوانی لە بەرامبەر ئەو شتەی کە بەڕێوەیە بگات. بەڵام ڕابردووش مانایەکی تایبەت دەبەخشێتە هەنووکە: ڕابردوو بە مانای یادەوەری نەك نۆستالیژیا. جیاوازیی چییە لە نێوانیاندا؟ نۆستالیژیا: گەڕانەوەیەکی پڕ مەترسییە بۆ ڕابردوو، یادەوەری: گەڕانەوەیەکی پێویست!

ئەوانەی تەنیا لە ئەدەبی پێشینەکاندا بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێن، لە نۆستالیژیادا گیریانخواردووە چونکە دەیانەوێ بە ڕاکردن لە ئێستا و تێنەگەیشتن لە هەنووکە، ڕابردوو گەورەتر پیشانبدەن لەوەی کە هەیە (هەر بۆیەشە قەبارەی کتێبەکانی مێژووی ئەدەب هێندە گەورە و ژمارەی لاپەڕەکانیشیان زۆرن!). ئەدەبی نوێ ناتوانێ ببێتە هەڵگری ئەزموونی ئەدەبی پێشوو، شەڕی ئەدەبی نوێ، شەڕە بۆئەوەی خۆی ئەو شتانە ئاشکرا بکا، کە هەمیشە هەبوون و ڕەنگ و بۆی خودی خۆیان پێیبەخشێت. بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە پێناوی ئەوەی ئەزموونی ئەدەبی نووسەرانی پێشوو بناسێت، پێویستە خاوەنی یادەوەری بێت لەگەڵ ئەو ئەدەبەدا.

(١١)

ئەگەرچی ئەدەب هەردەم گرێدراوە بەو سەردەمەوە کە تیایدا دەنووسرێ و دەشچێتە ژێر کاریگەریی هەستی ئێستاتیکی و شێوازە باوەکانی (نووسین)ـەوە لەهەمان سەردەمدا، بەڵام هەمیشە هەڵگری شتێکی دوورە دەستیشە، شتێك کە هێشتا ئامادە نییە و هێشتا نەهاتووە و سەری هەڵنەداوە. بۆیە ئەدەب بریتییە لە هەوڵدان بۆ نوسینەوەی (ئێستا) پێش ئەوەی تێپەڕێت. بەڵام نوسین و زمان هەمیشە لەچاو هەستەکاندا دواتر دەگەن. ئەوەی هەستی پێدەکەین و ئەوەی لە زماندا وەك ئەزموونی ئەو هەستکردنە دەینووسین، لەڕووی کاتەوە، دوو شتی جیاوازن.

(١٢)

بۆچی شێرزاد حەسەن وەك چیرۆکنووسێك، کۆمەڵە وتارێك بەم هەموو جوانییە وەردەگێڕێت و لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی (لە ستایشی ئەدەبدا)، بڵاویان



دەکاتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە ماوەیەکی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بە تایبەتیش دوای ئەوەی پێشتر کتێبێکی دیکەی بە ناوی (بێ کتێب هەڵناکەم) خستە بەر چاوی خوێنەرەکانی.

بۆ کەسانێك لە نزیکەوە شێرزاد دەناسن، باش دەزانن کاتێك توورە دەبێت و حەوسەڵەیپاساو هێنانەوەی بۆ ئەو شتانە نیە، کە بڕوای پێیان هەیە و دەیانکات و هەندێك لە ئێمە بەدڵمان نین، ڕستەیەك زۆر دووبارە دەکاتەوە: (وازم لێبهێنن، دەنا سەری خۆم هەڵدەگرم). لە ڕاستیشدا ژیانی ئەم کابرایە زنجیرەیەکی سەیرە لە سەر هەڵگرتن و کۆچی بەردەوام: لە منداڵییەکانی گەڕەکی تەیراوەی هەولێرەوە بۆ ناو قوتابخانەکانی سلێمانی، لە ناو تۆڕی پەیوەندیی خێزان و بنەماڵەوە بۆ چنینی پەیوەندییەکی خۆشەویستی پڕ لە بەخشندەیی، لە جێهێشتنی ئەرکی مامۆستایەتییەوە بۆ وەئەستۆگرتنی وەزیفەیەکی ئازاد تر، سەفەر لە کوردستانەوە بۆ وڵاتی (فینەکان)، دواجاریش گەڕانەوەی لە ئەورووپاوە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ هەمان ژوور کە تیایدا زۆربەی کارت و نامەکانی بۆ هاوڕێکانی دەنووسی، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامیان لێبکات!

هەڵبەت هەندێك لەم سەفەرانە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، کە هیچ پێویست ناکات نووسەر بێت، دووبارە دەبنەوە. وەلێ، لە شێرزاد، مرۆیەکی بەخشندە و دەستبڵاوی بەرهەمهێنا و ئەو شوێنەی ئەم کابرایە بە ئاراستەیدا سەر هەڵدەگرێ، هیچکامێ لەو شوێنانە نیە کە پێشتر بۆیان چووە. من وای بۆ دەچم، لە بنەمادا سەرهەڵگرتنی شێرزاد هەرگیز بەمەبەستی گۆڕینەوەی شوێنێك نەبووە بە شوێنێکی تر. شاسەفەری ئەو بەردەوام بەرەو دنیای ئەدەب بووە و تەنیا لەوێدا توانیویەتی هێندە ئازادیی بەدەست بهێنێ، کە ئیدی پێویستی بە پاساوهێنانەوە نەبێت بۆ ئەو شتانەی بڕوای پێیانە و دەشێت ئێمە لێیان تێنەگەین، یا بە دڵمان نەبن، یاخود جورئەتی ئەوەمان نەبێ دانیان پێدا بنێین. لێرەوە، مانای دەستەواژەی (وازم لێ بهێنن) لە ڕستەی (وازم لێ بهێن، دەنا سەری خۆم هەڵدەگرم)ی شێرەدا، سکاڵایەك نیە بۆ بەتەنیا مانەوە و گۆشەگیری، بەڵکو هاوارێکە بۆ ئازادبوون. چونکە تەنیا مرۆڤی ئازاد لە فەزای شوێن و لە پانتایی ڕۆحییشدا، سەقامگیریی

خۆی بەدەست دەهێنێ. ئەوە تەنیا مرۆڤە نائازاد و دەستبەسەر کراوەکانن، کە ناچار دەبن بەردەوام کۆچ بکەن و بێ نیشتیمان بمێننەوە..

دنیای ئەدەب لە ئەزموونی ئەم مرۆڤەدا، ئەو هەرێمەیە لە نامەتریالێیەت کە پڕ بووە لە ئازادیی بۆ ڕۆحی نووسەرەکەمان. لێرەشەوە، دنیای ئەدەب بۆتە ئەو جیهانە دوور لە واقیعەی کە ڕەخنەگرەکان پێیانوایە، دەبێت ئەدەب (ڕەنگدانەوە)ی بێت.. ئەگەر ئەدەب و هەوڵە ئەدەبیەکانی شێرزاد ڕەنگدانەوەی شتێك و دۆخێك بن، ئەوە دەبێت ئەو شتە و ئەو دۆخە، دۆخی ئازادییەك بێت کە دنیای ئەدەب بۆ (خەیاڵ)ی شێرزادی فەراهەم کردووە. بۆیە کاتێك شێرزاد دەیەوێت (سەرهەڵبگرێت)، ڕاستەوخۆ بەرەو دنیای ئەدەب دەچێت، چونکە تەنیا لەوێدایە کە ئەو ناچار نیە پەیڕەوی لە یاسا و بنەما واقیعیە دەستوپێگرەکان بکات، کە ئێمە دەمانەوێت بەهۆیانەوە، منداڵییەکانی شێرزاد و ئازادییەکانی بەرزەفتە بکەین.

(١٣)

خۆشبەختانە هێشتاکەش لە وایعی ئێمەدا کەسانێك هەن لە (ستایشی) ئەم مرۆڤە بۆ ئەدەب تێبگەن و لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتەکانی کتێبە وەرگێڕدراوەکەی شێرزاد دا، پەیوەندیی ڕۆحیی خۆیان بە دنیای داهێنانی ئەدەبییەوە تازە بکەنەوە. ڕەنگە ئەمەش یەکێك بێت لە هاندەرە سەرەکیەکانی شێرزاد بۆ (ستایشکردنی ئەدەب). وەلێ ئایا ئەدەب هەمیشە ستاییش نەکراوە؟ ئایا مێژووی ئەدەب، لەهەمان کاتدا مێژووی سەرفرازی و شکۆداری ئەم بەرهەمە ئینسانییە نیە و نەبووە؟

ڕاستیەکەی لەپشت بانگەوازەکەی شێرەوە بۆ ستایشکردنی ئەدەب، ئەو نیگەرانییە بەدی دەکەم کە مەترسیی (پووکانەوەی ئەدەب)، یان (بێ بایەخبوونی ئەدەب) و (ئاوابوونی ئەدەب) هەست پێدەکا، بەتایبەتیش کاتێك ئەم نووسەرە لە دوا ڕۆمانیدا: (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) زەنگی مەترسیی (ئاوابوونی عەشق)ی بە گوێدا داین! بۆیە مێموایە چەندە ئەم کتێبە ستایشکردنە، هێندەش بانگەوازە بۆ وریاکردنەوەمان لە ئاست چارەنووسی ئەدەب لەم وڵاتەدا. چارەنووسێ



کە ئیدی ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە. بیهێنەرە پێشچاوی خۆت: هیچ کاتێ لە نیشتیمانی ئێمەدا، هێندەی ئێستا (کتێبە ئەدەبییەکان) بە چاپ و ڕازاندنەوەی هونەری و نەوعیەتی باڵای ئەوتۆوە نەکەوتوونەتە بازاڕەوە، وەلێ هیچ کاتێکیش تیراژی کتێبەکان هێندەی ئێستا نزم نەبووە. لەمەش کۆمیدیانەتر ئەوەیە، کە زۆر لە چاپخانە و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، بڕیاری پێشینەیان هەیە سەبارەت بە چاپنەکردنی شیعر و چیرۆك! زۆر لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان شانازی بە (فیکری بوون، فەلسەفی بوون و ڕەخنەیی بوون)ی خۆیانەوە دەکەن، کەچی جورئەتی ئەوەیان نیە خۆیان وەك بڵاوکراوەی ئەدەبیی ڕووت، پێناسە بکەن.. دەکرێ بپرسین: هۆی ئەم بێ ئەدەبییە چییە بەرامبەر بە ئەدەب؟ ئەم ترسە لە ئەدەب و لە بەرهەمی جیدیی خەیاڵ و فەنتازیا، بۆچی و لە کوێوە هاتووە؟

(١٤)

من پێموایە ئەم ترسە لە دوو خاڵی سەرەکییەوە هاتووە، کە یەکێکیان پەیوەندیی هەیە بە جەوهەری ئەدەب خۆیەوە و ئەویدیکەشیان پەیوەندیی هەیە بە دۆخی ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگاوە:

ئەدەب هەردەم بەرهەمهێنەری ترسێك بووە، هەمیشە هەڕەشەیەك بووە بۆسەر ئەوەی نەیویستووە بگۆڕێت و ڕەها و ئازاد بێت. ئەمەش لەکاتێکدا ئەدەب بەدرێژایی تەمەنی خۆی بانگەوازی بۆ گۆڕانکاری و ئازادیی کردووە. خاڵی جەوهەریی ئەدەب بریتیە لە دەوڵەمەندکردنی ئینسان بەهەموو ئەو شتانەی کە ناکرێت لە ڕێگەی دیکەوە پێیان دەوڵەمەند ببین. ترس لە ئەدەب و بەکەم تەشاکردنی و بایەخنەدان بە بەرهەمە ئەدەبییەکان، جۆرێکە لە کۆنپاریزیی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و خۆ دزینەوەیان لە دەروەستییەکی نەتەوەیی: وەختێك دەبا ئەوان ساڵانە بانگەواز بکەن بۆ خەڵاتکرنی چەندین کتێبی شیعری و ڕیوایی، کەچی تەماشا دەکەین خۆیان لەم کارە هەنووکەییە دەدزنەوە بەو بیانووەی کە گوایە ئەوان: (فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە) دەخەنە پێشەوە. بەڵام ئایا ئەم بایەخدانە بە فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە، بۆخۆی نیشانەی جیاکردنەوەیەکی هەڵەی جەوهەری

ئەم ژانرانە نیە لەجەوهەری ژانری ئەدەب، کە لە دواجاردا ئەنجامی بێ ئاگاییە لە هەریەك لە فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە و ئەدەبیش؟! مەگەر دابڕکردنی ئەدەب لە جەوهەری فەلسەفیانە و فیکرییانە و ڕەخنەییانە و دواجار ئێستاتیکیانەی خۆی، بێئاگاییەکی کوشندە نیە لە پەیوەندیی نێوانیان کە لەسەر پرنسیپی گۆڕانکاری و ئازادکردنی مرۆڤەوە دامەزراوە؟

هۆی دووەمی ترسان لە ئەدەب، وەك لە پێشاندا نووسیم: پەیوەندی هەیە بە دۆخی ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگاوە. ئێمە تادێت لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، کە ئاستی ڕۆشنبیری لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەستنیشاندەکرێت و ئەم دەزگایانەش لەپشت جۆرێ لە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی سەرگەرمکەرەوە وەستاون. واتە ڕۆشنبیرییەکی ئان و ساتی و سادەکراوەی حازربەدەست، کە پشتێکی زۆر دەبەستێت بە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا. تا دێت ڕۆشنبیریی گشتیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا (کە دەبوو نیشانەی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان و گۆڕینەوەی ئەزموونی خۆیان بێت لەگەڵ یەکتر)، دەبێتە ڕۆشنبیرییەك، کە مەهارەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا سنووری بۆ دادەنێت. جیاوازیی نێوان کەناڵە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامەکان، نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنیە لۆکاڵەکان و گۆڤارە ڕەنگاوڕەنگەکانی تایبەت بە هونەر و سینەما و خانمەکان و وەرزش و هتد. لە (جیاوازیی گوتاریی) ئەوانەوە نەهاتووە، بەڵکو جیاوازییەکە لە ئاستی ئیمکانیات و شێوەی خۆڕازاندنەوەی تەکنەلۆژیانەی هەرکامێکیاندایە. لە وڵاتی ئێمەدا، هەرگیز بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پێناوی گەیاندنی پەیامێکدا نەبووە، بەڵکو تەکنەلۆژیا خۆی بۆتە (پەیام)!. ئەگەر وانیە، بۆچی هەتا ئێستاش ڕۆشنبیرە بەرهەمهێنەرەکانی ئێمە لەدەرەوەی سنووری ئەم دەزگایانەن و بۆچی بەدەگمەن نەبێت، کارمەندانی پەیامی تەکنەلۆژیا، نابنە ڕۆشنبیری خاوەن پەیام؟!

لەناو ئەم هەلومەرجانەدایە کە ئەدەب، وەك بەرهەمهێنانێکی پڕ دەردەسەری و خاوەن جیهانی سەربەخۆ، دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە بە پەراوێز دەکرێت. بۆیە پێویستە نەك هەر ئەدەبی جیدی بەرهەم بێت، بەڵکو دەبێت بەردەوامیش سەری خۆمان بەرەو جیهانی ئەدەب هەڵبگرین و ستایشیی بکەین. چونکە ئەدەب جگە لە



ئەدەبیاتبوونی خۆی، جێگەی هیچ شتێکی تر ناگرێتەوە و بەهیچ شتێکی دیکەش جێگەکەی پڕ نابێتەوە:

ئازادی، هیچ جێگرەوەیەکی نیە.

**٢٠٠١/٩/١٥ هەولێر**

(*) پێشەکییە بۆ کتێبی (لە ستایشی ئەدەبدا)،لە وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن. دەزگای ئاراس، ٢٠٠١

## فڕین بە شێوازێکی دی(*)

**یاخیبوون**، هەوڵدان بۆ خۆدیتنەوە لەو دیو سنوورە پەسەندکراوەکانەوە، شکاندنی نەریتە چەسپاوەکان و بە کورتییەکەی، تازەکاری و سەرپێچیکردن لە هەڵقەی پیرۆزی دەستە و گەلە، خاسیەتە هەرە دیارەکانی دەقی (نەوڕەس) پێکدەهێنن. جۆناتان، بەرلەوەی قارەمان و ڕابەر و پێشڕەوێك بێ، بەرلەوەی کەڵکەڵەی بوون بە مامۆستا و سەرپەرشتکار و پێشەواییکردن لەسەری دابێ، ویژدانێکی ڕاستەقینەیە، کە دەیەوێت بە حەقیقەتی خۆی بگات.

بە پێچەوانەی ئەو وێنایانەی کە لەسەر (قارەمان) لە بیرکردنەوەماندا جێگیر بوون و کاراکتەری ئەو قارەمانەش بریتییە لە مرۆڤێکی (هەڵبژاردە)، کە توانای (کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی هەیە)، تا دواجار چارەنووسیان لە (شۆڕش)ێکدا پێکەوە ببەستێتەوە و موعجیزەی مێژوو بەرهەم بهێنێ، قارەمانێتی جۆناتان ڕێك و ڕاست لەبەر ئەوەیە، کە ئەو، لە خۆیەوە، لە دەروونی خۆیەوە، خواستێ بەرەو شۆڕش و گۆڕان ڕاپێچی دەکا و ڕەوتێکی پێچەوانەیی بۆ بوون بە قارەمان هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە ئەمە یەکێ لەو خاڵە زۆر گرنگانە بێ، کە قارەمانێتی جۆناتان لە قارەمانەکانی ناو زەینی ئێمە جوێ دەکاتەوە و، پێدەچێت بە لێووردبوونەوەی زیاتریش لە جۆناتان، بتوانین گۆڕانێ لە وێنای خۆماندا بۆ قارەمان بهێنینە دی.

تەنیایی، یەکێ لە سیفەتە هەرە دیارەکانی جۆناتانە. لە کاتێکدا قارەمانەکانی ناو واقیعی ئێمە (بە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیشیانەوە)، بە قەڵەباڵغییەکی چڕ، دەست و پێوەندێکی زۆر و غوڵام و نۆکەری بێ ئەندازە، چواردەوریان گیراوە. بەڵام تەنیایی جۆناتان بەمانای دابڕانی ئەو لە گەلە تێنەگەین، چونکە جگە لەوەی ئەو چاودێریکەرێکی وردی هەموو ئەو دیاردە و شتانەیە، کە لەناو دەستەی نەوڕەساندا بەدیار دەکەون، بەهەمان شێوەش خۆ دوێنەرێکی چوستە، کە هەموو



دیاردە و بزاوت و یاسای هۆزی نەوڕەسان لە چوارچێوەی مۆنۆلۆژێکی چڕدا، هەڵدەسەنگێنێ.

کەواتە، خۆ دواندن سیفەتێکی ترە، کە قارەمانێتی جۆناتان لە قارەمانانی تر جوێ دەکاتەوە. ئەو لە تەنیاییەکانیا پتر لەهەر کاتێ، شۆڕشگێڕ تر و سەرنجڕاکێشتر و کەمدوو ترە.

کەمدوویی و مۆنۆلۆژ، ئەو خەسڵەتانەن کە لە جیهانی عارف و موتەسەووف و لای پاڵەوانی نووسەرە گەورەکانی جیهان دووبارە دەبنەوە: (دۆیستۆڤسکی ڕووس، پڕوستی فەرانسەیی، ئۆنامۆنۆی ئیسپانی و هتد.). کەمدوویی و مۆنۆلۆژ، دوو حاڵەتن لە سەفەری دەروونیا، بۆ پەیوەندیکردنی نەفس، یان (خود) بە خۆیەوە و، ئاقارێکن بۆ چڕکردنەوەی نیگای دەروون لەسەر (هەستیی) خۆی. وەلێ مۆنۆلۆژ، توانای ڕەوانبێژی و خوتبەدانی درێژخایەن کەم دەکاتەوە. لە مۆنۆلۆژدا، ڕستەکان کورتن و بە مانا و دەلالەتی هەمەچەشن بارگاوی بوون. بەجۆرێ کە بەتەنیا جارێ خوێندنەوە و گوێ بۆگرتن، خۆیان بەدەستەوە نادەن. ئەمەش دەقاودەق بە پێچەوانەی ڕەوانبێژی و بەدەم و دوویی و قسەحازریی دنیای قارەمانی قەڵەباڵغەوەیە. کێشەی ئەم قارەمانەش ئەوەیە، بەردەوام فڕێدەدات و لە بەرهەمهێناندا دەستەوەستانە. ئەو زۆر سەرسووڕهێنەرانە لە ساتی (ئێستا)دا ڕاماندەگرێ و بە حەپەساوی دەمانهێڵێتەوە، بەڵام توێشەبەرەیەکمان بۆ هەواری داهاتوو، ناداتێ. هێندەی دەیەوێ یەکمان بخات و لە قاڵبمان بدا، بوارمان بۆ نارەخسێنێ ئازادانە خەیاڵمان چالاك بێت.

کەواتە ئازادیدان بە خەیاڵ، خەسڵەتێکی دیکەی قارەمانبوونە بە شێوە جۆناتانیەکەی: خەیاڵ، بەرهەمهێنانی جیهانێکی ئازادە لە پێناوی خۆدەربازکردن لە کۆنترۆڵی گەلە و دەستەی نەوەڕەسان! تاریکستانێ نیە بۆ پەلەقاژێ و سەر لێتێکچوون، بەڵکو نیشتیمانێکە بۆ داڵدەدانی خودێتی لەبەردەم شاڵاوی دەستەدا. بکەرێ نەتوانێ خەیاڵ بکاتەوە، نایشتوانێ بوونێکی سەربەخۆی هەبێ. کێشەی زۆربەی قارەمانە دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەوەیە، کە ناتوانن بایەخ بە

خەیاڵ بدەن، هەر بۆیەشە بوونی ئەوان، بوونێکە لەدوای بوونێکی ترەوە: (بوونی کتێبە پیرۆزەکان، پەیمان و بەڵگەنامەکان و بەرنامە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان!).

جۆناتان نایەوێ لەودیو هیچ بوونێکی ترەوە بێت، ئەو دەیەوێ بوونی یەکەم بەدەست بهێنێ.

بە واتایەکی دی: ئەو شەیدای ئەزموونکردن و تاقیکردنەوە و فێربوونی هەموو ئەو هونەرانەیە، کە دەشێت هەر بووێك لە ماوەی تەمەنی خۆیدا پێیان بگات و فێریان ببێ. هەر لەبەر ئەمەشە، جۆناتان قارەمانێکە (دیسانەوە بە پێچەوانەی قارەمانە زەینییەکانی ئێمەوە)، بە توندی دژ بە (نەمری)یە! چونکە نەمریی سیفەتێکە، بە پێویست قارەمان ڕاپێچدەکات لە ژێر ڕکێفی شوێن و کاتدا بمێنێتەوە (ئەمەش ئەو حیکمەتەیە کە جۆناتان لە (چیانگ)ی پیرە نەوڕەسەوە فێری دەبێت).

(نەمربوون) خۆزگەیەکی مەرگخوازانەیە و تەمەنناى دەروونە بۆ لەناوبردنی جەستە و کوشتنی مەبدەئی چێژ. دەروونی مەرگخواز، ئامادەیی جەستە، لە واقیعدا، ڕەتدەکاتەوە ودەیکاتە پەیکەرێکی ووشك. بەڵام شەیدایی جۆناتان بۆ تاقیکردنەوەی بەردەوام و شکاندنی سنوورە دیارەکان، لەهەمان کاتیشدا، ئامادەکردنەوەی جەستەیە لە واقیعدا. ئەو ژیان بە پانتاییەکی نەبڕاوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی توانا و حەزەکانی دەزانێت و ناشیەوێت لە پاش مردنی، لەبارەیەوە: (واتە وات بڵاو بکەنەوە و بیکەن بە خواوەند)، چونکە ئەو: (تەنیا نەوڕەسێکە و حەز بە فڕین دەکا) و هیچیتر..

تێکەڵبوونی جۆناتان لەگەڵ نەوڕەسە یاخییەکانی تر و کۆکردنەوەیان، لە نیەتی بوون بە سەردار و ڕابەر و فەرمانداریکردنیانەوە، نەهاتووە. چونکە وەکو پێشتر هێمای بۆ کرا: جۆناتان سیفەتی ئەو کاراکتەرانەی زۆر بە کزی تێدان و چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ، تەختێ داگیر بکا!.. ئەوەی ئەو لەم هاودەمێتی و نزیکبوونەوەیە چاوەڕێی دەکا، گۆڕینەوەی ئەزموونەکانە لەناو دەستەی نەوڕەسەکاندا و کەڵەکەکردنی سەرمایەیەکی زۆرترە لە پێناوی فڕین بە شێوازێکی تر، نەك بەرهەمهێنانەوەی کەسێتی خۆی لە کەسێتی ئەوانیتردا، یاخود متووربەکردنی



خەسڵەتەکانی خۆی لەسەر پانتایی بوونی ئەوانیتر،( کە دیسانەوە ئەمەش سیفاتێکی دیاری قارەمانەکانی دنیای ئێمەیە). چونکە گەر ئەمەی بکردایە، ئەوا دەبووە دیکتاتۆرێ بەسەر خەیاڵ و جیاوازییەوە. دەبووە سەردارێکی دیکەی قەبیلەی نەوڕەسان و ئەرکی سەرەکیشی، دوای تێربوونی چیکڵدانەی، دەبووە پارێزگاریکردنی ئەو یاسایانەی پێشتر لێیان هەڵگەڕابووەوە!

بۆیە، بەبارێکی تردا دەتوانین بڵێین: شۆڕش و یاخیبوونی جۆناتان، شۆڕشێکە لە پێناوی هێشتنەوەی جیاوازیدا و ڕۆچوونێکە بە ناخی (خود)دا بۆ بەرگریکردن لە سەربەخۆیی خۆی. جا ئەگەر هەر حەزیش بکەین ناوێ بۆ قارەمانی جۆناتانی بدۆزینەوە، ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەو ناوە (قارەمانی ئاگایی) بێت. چونکە تەنیا دۆزینەوە و گەیشتنە بە ئاگاییەکی جۆناتانی کە لە دنیا پڕ فریوی قارەمانانی ئەمڕۆ ڕزگارمان دەکا. ئەو قارەمانانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، پتر لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان، ئامادەن و ئەرکی سەرەکییشیان هێشتنەوەی ئەو بونیادانەیە، کە ڕێگرن لە بەردەم ئازادیی خەیاڵ و بوونی تاکەکەسی ئێمە لە خۆیدا و بۆخۆی. هەر ئەم قارەمانانەیشن کە ژیانی کۆمەڵگای ئێمەیان کردۆتە مەیدانی مەرگخوازی و وێرانکاری، وەکئەوەی مرۆڤی کورد شایانی چێژبینین لە ژیانی خۆی نەبێت و بۆی نەبێت خۆی لە تاکڕەهەندیی دۆخی سەپا و، ڕزگار بکا.

پێموایە، هەر ئەمەشە بۆتە هاندەری هاوڕێی پڕکار و بەڕێزم: ئازاد بەرزنجی، تا بوارمان بۆ بڕەخسێنێ لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە، بە دنیای جۆناتان ئاشنابین و بە خۆماندا ڕۆبچین.

بۆچی نا ؟! ڕەنگە فێر ببین بیر لە شێوازێکی تری فڕین بکەینەوە..

**دانمارك: ١٩٩٦/١/٢٧**

* پێشەکییە بۆ کتێبی (نەوڕەس) لە وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی. دەزگای ئاراس ٢٠٠٢

# جوانیی مرۆڤ، جیاوازیی هونەر(★)

## هونەر و عەشق:

**پرسیار** لە بەرهەمی ئێستاتیکی، لە تابلۆ و کاریگەرییەکەی، پرسیارێکە لەلای هەموو ئەوانە سەرهەڵدەدات کە بەشێوەیەکی پیشەیی خۆیان بەهونەرەوە سەرقاڵکردووە، یاخود هەر تەنیا بەشێوەیەکی ڕاگوزاری بیر لە بوونی هونەر دەکەنەوە. لە ڕاستیشدا کەسمان ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین شتێك لە هونەردا هەیە، کە ناشێت بیری لێنەکەینەوە: لەلایەکەوە هونەر دەسەڵاتێك، یان کاریگەرییەکی تایبەتیی هەیە بەسەر دەماخی مرۆڤەوە، لەلایەکی دیکەوە بیر لەو توانایە بکەوە کە هونەر هەیەتی بۆ دەربڕینی ئازار و خەونەکانی مرۆڤ، لەلای سێهەمەوە توانای هونەر لە دەست خستنە شێوازی ئەزموونکردنی ئێمەوە بۆ جیهان، پاشان بێ سوودیی هونەر سەرنجمان ڕادەکێشێت و لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە هونەر جۆرە چالاکییەکی جیاوازە لەهەموو جۆرەکانی دیکەی چالاکی بەبێ ئەوەی بتوانین پێناسەیەکی شیاوی هەمەپەسەندی بۆ بکەین.

پێناسە بۆ هونەر گەلێك زۆرن، بەڵام بەدەگمەن ئەو پێناسانە خۆیان لە شوناس و حوکمە پێشینەکان لەبارەی هونەرەوە ڕزگارکردووە و دەتوانن گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ خودی (بەرهەمەکان)دا بهێننە ئاراوە. هونەر شتێك نیە بتوانین لەڕێگەی پێناسەکردنەکانەوە بیناسین، پێناسەکان ئەو فۆرمە زمانیەن کە لە سەرچاوە عەقڵانیەکەی زەینی ئێمەوە دێنە دەرێ و هەڵگری لۆژیکێکی تایبەتن، کە ڕێگەمان پێدەدەن بەجۆرێکی تایبەت بدوێین و بیر بکەینەوە. لەکاتێکدا بەرهەمی هونەری هەر تەنیا فۆرمێکی زمانی نییە و لە سەرچاوەیەکی عەقڵانی و زەینیی ڕووتیشەوە پەیدا نابێت. ئا لێرەشدا (هونەر) و (عەشق) لێکدی نزیکدەبنەوە: هونەر و خۆشەویستی دوو دیاردەن ناشێت بەهۆی پێناسەکردنەوە شوناسیان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە و لێیان



تێبگەین.. یا ئەوەتا دەزانین کە عەشق چیە و ئیدی پێویستیمان بە پێناسەکردنی نیە، یاخود نازانین و ئیدی چ پێناسەیەکی گونجاومان بۆی نیە!

## ئەزموونی ڕەنگ:

نازانم تۆ تەماشای تابلۆکانی هونەرمەند (عەبدولڕەحمان کلحۆ)ت کردوون، یاخود ئێستا دەچیت بۆ تەماشاکردنیان و چۆن دەیانبینیت؟، بەڵام من لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا، ژمارەیەکی زۆری تابلۆکانیم لەبەرچاودا بوون و بیریشم کردەوە کە هەندێ سەرنجی خۆم بۆ تۆ بنووسم، یاخود هەندێ شتت بیربخەمەوە تا بزانیت من چۆن ئەم تابلۆیانەم تەماشا کردوون.

یەکەم دانپیانانی من ئەوەیە کە پێت بڵێم: نەمتوانی بەزمانی مێژووی هونەر و بەپێی سیستەمی زاراوەیی ڕێبازە هونەرییەکان پێناسەیەکی شیاو بۆ ئەم تابلۆیانە بدۆزمەوە و ناونیشانێکیان بۆ دابنێم. ڕەنگە لەبنەمادا نەمەوێت پێناسەیەك بکەمە دەلاقەی ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ ئەم بەرهەمانەدا، ئەگەرچی تۆ لەمەدا ئازادیت.. هێندە هەیە بەلای منەوە (کلحۆ) زۆر سەرنجڕاکێشە، هەم لە سەرئاستی ڕووبەری تابلۆکان: (ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە دابەشکردنی ڕەنگ و ڕووناکی و بزاوتی فڵچە و شێوەی فیگەرەکانەوە)، هەم لەسەر ئاستی مانا و ئەو پەیامەی کە دەکرێت لەناو تابلۆکانەوە هەڵیهێنجین. ڕەنگە هەر ئەمەی دواییشیان ببێتە تێڕامانێکی خێرای ناو ئەم قسانە.

ئەگەر لەبیرت بێت، لە بەرهەمی هونەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی ئێمەدا، بەتایبەتیش لەم دە ساڵەی دواییدا، بەکارهێنانێکی بێ ئەندازەی ڕەنگە گەش و کراوەکان بەدیار دەکەوێت. لەناو کاری گەلێك لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی ئێمەدا، ئەوەی لە تێڕوانینی یەکەمدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئامادەیی ئەو هەموو ڕەنگ و وەردەکاریانەیە، کە لە تابلۆکاندا بەرجەستەبوون و یەکەم ئەزموونی دیداریانەی ئێمە و تابلۆ پێکدەهێنن. تادێت زمانی ڕەنگ لەبەرهەمی ئەو هونەرمەندانەدا باڵادەست دەبێت بەسەر ئاستەکانی دیکەی زمانی تابلۆدا، بەجۆرێ کە زۆرجار واهەست دەکەیت، ڕەنگ هەم (پێشزەمینە) و هەم (پاشزەمینە)ی تابلۆی پێکهێناوە و دەبێت لە

قوولاییەکانی ڕەنگدا بۆ فیگەرەکان بگەڕێین. û(فیگەرەکان) ئەو شکڵانەن کە لەناو تابلۆکەدا دەیانچوێنین بە شتێك و دەڵێین: (ئەوە لە فلان شت ئەچێت)، فیگەر شکڵێکە لە تابلۆدا کە لەشتێك دەچێت.

تابلۆکانی (کلحۆ) نمونەی ئەم لێکدانەوەیەن: لە زۆربەی ئەم کارانەدا ئێمە یەکەم ئەزمووغان ئەزموونە لەگەڵ پانتاییەکی ڕەنگییدا بەجۆرێ واهەستبکەین، کە هونەرمەند تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کۆمەڵێ ڕەنگ تێکەڵ بکات و هیچیتر. بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەشەئامێزە، چونکە بە کەمێ وردبوونەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەودیو ڕەنگەکانەوە، لەناو ئامێز و لە ژێر ئەو پەردەیەوە کە ڕەنگەکان دروستیان کردووە، جیهانێکمان لە فیگەر و دەربڕینی هەندەسی و تەعبیریی هەیە.. هەڵبەت لە هەندێك لە تابلۆکاندا فیگەرەکان بەرجەستەترن و دەتوانین لە نیگای یەکەمدا بیانناسینەوە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆری کارەکان داوەتمان دەکەن بۆ وردبینیەیەکی زیاتر لە قوولاییی تابلۆکان.

بەمانایەکی دیکە: ئێمە لەلای (کلحۆ) دوو جۆر مامەڵەکردنمان لەگەڵ فیگەردا هەیە: فیگەرێکمان هەیە بەشێکە لە (پێشزەمینەی تابلۆ) و بەئاشکراش دیارە، فیگەرێکیشما هەیە لە ناو، یان لەودیو پانتاییە ڕەنگییەکانەوە ئامادەیە و بۆتە (پاشزەمینە)ی تابلۆکە. لەو فیگەرانەدا کە لەگەڵ پاشزەمینەی تابلۆکاندا تێکەڵبوون، ئامادەیی جەستە، وەك یەکەیەکی دانەبڕاو لە تابلۆ، ئامادەییەکی کەمتری سەربەخۆی وەرگرتووە و نەبۆتە حەجمێکی بەرجەستە، لەکاتێکدا سەربەخۆیی ئەو فیگەرانەی دەکەونە پێشزەمینەی تابلۆکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ڕووخساری ئەو شکڵانەوەیە کە لە مرۆڤ دەچن. ڕووخسار کراوەتە کلیلی گەیشتن بە فیگەرەکان و کەسایەتی فیگەرەکان یەکسانکراون بە ڕووخساریان. لەناو ڕووخساریشدا بەتایبەتی گرنگیی دراوە بە تەعبیری چاو و بزاوتی دەم و لێو. واتە ئەوەی بە ڕوونی و بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا دەیبینین و لەڕووی شێوەوە قابیلی تەفسیرێکی دیکە نیە، بریتیە لە تەعبیرەکانی نیگا و جوڵەکانی لێو. بەمانایەکی تر، دەتوانم بڵێم (کلحۆ) مرۆی ناو تابلۆکانی لەو دوو بەشەی جەستەدا بۆ چڕ کردووینەتەوە، کە بێگومان هەردووکیان هەڵگری دەلالاتی تایبەت و سەرنجڕاکێشن.



**چاو:**

چاو ئاوێنەی ناخ و هەڵگری گشت ترس و کامەرانیەکانی ناوەوەی مرۆڤە، لەهەمان کاتیشدا سنووری نێوان دنیای دەرەوەی جەستە و دنیای ناخە. من کاتێ چاوم بەسەر دنیای دەرەوەدا دادەخەم، ڕاستەوخۆ نیگام پەرچ دەبێتەوە بۆ دنیای ناوەوەی خۆم و یەك جۆر ژیان دەژیم کە (ژیانی ناو ناخی خۆمە). وەلێ کاتێ چاو هەڵدەهێنم دوو جۆر ژیان دەژیم، چونکە نیگای من نیگای ناخێکی زیندووە کە دەڕوانێتە ناو پانتاییەکی دیکەی ژیان کە دنیای دەرەوەیە. تۆ وەك مرۆڤێکی زیندوو هاتووی بۆ تەماشاکردنی ئەم پیشانگایە و ئەمە ژیانی تۆیە لە دنیای دەرەوەدا، بەڵام کاتێك لەبەردەم تابلۆکاندا بۆ ساتێك چاو دادەخەیت و بیر لە تابلۆکان دەکەیتەوە، ئەوە دەگەڕێیتەوە بۆ ناو ناخی خۆت و لەوێدا درێژە بە ژیان دەدەیت.

فیگەری تابلۆکانی (کلحۆ)ش بەزۆری لە ئێمە دەچن: ئەو مرۆڤانەن کە لە دوو ژیاندا دەژین و دوو جۆر ئامادەییان هەیە: هەم لەناخی خۆیاندا و هەم لە جیهانی دەرەوەدا زیندوون. ئەم مامەڵە هونەرییەم لەگەڵ فیگەری مرۆڤی کورددا زۆر بەلاوە سەرنجڕاکێشە، بەتایبەتیش کاتێك بەراوردیان دەکەم بەو ڕێچکە هونەرییە زۆر زاڵ و باوەی ناو هونەری شێوەکاریی هاوچەرخمان، کە تیایدا مرۆڤی کورد لە جەستەیەکی زیندووەوە دەکرێتە لاشەیەکی مردوو. واتە ئەو ڕێچکە هونەرییەی کە دەیەوێت لاسایی واقیعی ژیانی مرۆڤی کورد بکاتەوە (بەتایبەتیش ئەو هونەرەی کە دەیەوێت (ڕەنگدانەوەی تراژیدیاکان)ی ئەم نەتەوەیە بێت!)، لەکاتێکدا کە دەبوو هونەر بەرهەمهێنانی واقیعێکی ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆ بەخشینەوەی بەها بە کەسێتی مرۆڤی کورد. بەهایەك کە بواری بۆ بڕەخسێنێت هەردوو ئاستەکەی ژیان بژی و ئەزموونی بکات..

**دەم و لێو:**

هەروەها بەهەمان شێوە (دەم و لێو)یش لەناو ئەم کارە هونەریانەدا هەڵگری دەلالاتی خۆیانن، کە ڕەنگە گرنگترینینان ئەو مەیلە قووڵەی ئینسان بێت بۆ قسەکردن و خۆ دەربڕین. ئینسان کاتێ هەردوو ئاستەکەی ژیان دەژی (ژیانی ناو ناخی خۆی و

ژیانی دنیای دەرەوە)، کاتێ هەم خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت و هەم جیهانی دەرەوەی لێئاشکرا دەبێت، ئیدی مەیلێکی سەرسووڕهێنەری بۆ خۆ دەربڕین لەلا پەیدا دەبێت و هەوڵدەدات پلەی ژیانی خۆی لە بێدەنگییەوە بەرز بکاتەوە بۆ سەر ئاستی دەنگ و سەدا و زمانپژان. واتە ئازادیی لە تەماشاکردن و بینین دا، دەبێتە ڕێگەخۆشکەرێك بۆ ئازادیش لە قسەکردندا. ئێمە ئەم بارودۆخە لەلای منالٚ بەڕوونی دەبینین: هەر کە منالٚ توانای خۆ جیاکردنەوەی لە شتەکان و دەوروبەری خۆی لەلا دروستدەبێت، واتە نیگای دەچێتە سەر ژیانی دەرەوە، ئیتر دەستیش دەکات بە گڕوگاڵ و دواندنی ئەو دنیایە لە ڕێگەی دەنگەوە. دەنگ دەبێتە جۆرێ لە خۆ سەلماندن و هەستکردن بە ئامادەیی و حزوور. دیارە وەك دەزانیت لە تابلۆدا دەنگ بەرجەستە نابێت، بەڵام (کلحۆ) بۆ بەرجەستەکردنی مەیل و ئیشتیاقی فیگەرەکانی بۆ ئاخاڤتن، گرنگییەکی تەواوی داوە بە بەرجەستەکردنی دەم و لێویان و بەوجۆرەش ئینسانی لە دوو ڕەهەند دا پێناسە کردووە: یەکەمیان ڕەهەندی مرۆڤێکی زیندووی خاوەن جەستە، دووەمیشیان ڕەهەندی مرۆڤێکی قسەکەر. لێرەشەوە ئەم تابلۆیانە توانیویانە لەسەر دوو ئاست دژی ئەو مامەڵەکردنە بوەستنەوە کە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە بەسەر مرۆڤدا سەپاندوویانە و ویستوویەتی مرۆڤێکی (بێ جەستە) و (بێدەنگ)ی لێبەرهەم بهێنێت. مرۆڤ لەواقیعی ئەم دە ساڵەی دوایی کۆمەڵگای ئێمەدا، تەنیا ئەوکاتە وەك جەستەیەکی زیندوو حسابی بۆ کراوە، کە ڕەوانەی سەنگەرەکانی شەڕ کراوە و تەنیا ئەوکاتەش وەك کائینێکی قسەکەر حسابی بۆ کراوە کە ناچار کرابێت لە بۆنەکاندا بە دەنگی بەرز درووشمەکان بلێتەوە..

**ئافرەت/ خاك:**

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەم کارانەی (کلحۆ)دا ئەوەیە، کە فیگەرەکانی بەزۆری ئافرەتن و ئافرەت بۆتە بەرجەستەکەری ئامادەبوونێکی ئینسانیی چڕ و خاوەن بەها و گەورەیی. هەڵبەت دەتوانین ئامادەیی ئافرەت لەم کارانەدا وەك دەلالەتی ئامادەیی خاك (نیشتیمان)یش لێکبدەینەوە، چونکە هەردووکیان سەرچاوەی بە پیتی و



فەڕ و بەردەوامی و زانەوەن. بەڵام من لێرەدا زیاتر حەزدەکەم لێکدانەوەکانم لەسەر (حزووری ئینسانیانەی ئافرەت) چڕ بکەمەوە.

ئافرەت لەم دەساڵەی دوایی ژیانی نیشتیمانی ئێمەدا، ژیانێکی بردەسەر کە بۆ ئەو پتر دۆزەخێکی نیشتیمانیی بوو تا ژیانێکی ئینسانی.. مێژووی تازەی ئێمە کاتێ بگاتە سەر باسکردنی پلەی کۆمەڵایەتیی ئافرەتان و باسکردنی هەلومەرجەکانی ژیانیان، ناتوانێت شەرمەزاریی خۆی داپۆشێت. چونکە زنجیرەی ئافرەتکوژییەکان، تێزابڕێژی و داپۆشینەکانی ئافرەتانی ئێمە و بەحەرامکردنی جەستە و بوونیان، شەرمەزارییە بۆ هەر مێژوویێك کە تیایدا باس لە ڕۆڵی مرۆڤانەی ئافرەتان بکرێت. دەتوانم بڵێم، لەدوای ڕاپەڕینەوە هەمیشە دەستێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەبووە بۆ ئەوەی ئافرەتان لە مێژووی هاوچەرخمان فڕێداتە دەرەوە و لەمکارەشدا هەرسێ گوتاری نەریتخواز و سیاسی و ئاییینی کۆمەڵگای ئێمە، وێڕای ناکۆکیەکانی ناوخۆشیان، هاوکار بوون و دەستیان هەبووە.

بەڵام کایەی هونەر لە کایەی نەریت و سیاسەت و ئایین جیاوازە و لێرەشەوە بەخشینەوەی بەها بە مرۆڤ دەبێتە خاڵیی بنەمایی ئەو جیاوازییە. ئافرەت لە تابلۆکانی (کلحۆ)دا، هەم بەرجەستەکەری ئەو توێژە نەفرەت لێکراوەیە کە چەندین ئاستی چەوسانەوەی لەسەرە و هەم بەرجەستەکەری مرۆڤیشە وەك کائینێك کە ژیانی ئاسایی خۆی لێ شێوێنراوە.

(دیسانەوە بەڵگەیەکی دیکەمان هاتە دەست کە تیایدا ئاشکرا دەبێت، هونەر ناتوانێت ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، بەڵکو دەبێت جێگرەوەی واقیع بێت و خاوەنی واقیعی خۆی بێت).

واقیعی هونەریش ئەوەیە کە پێویستە ناتەبا بێت لەگەڵ شەپۆلی باڵادەست و نرخە باوەکانی کۆمەڵگەدا. کاتێ لە کۆمەڵگەدا ئامادەگییەك بۆ مرۆڤ نەمابێت، هونەر مرۆڤ ئامادە دەکاتەوە، کاتێك لە کۆمەڵگەدا مرۆڤ نرخێکی نەبێت، هونەر نرخ بۆ ئامادەیی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، کاتێك لە واقیعدا مرۆڤەکان ناچار بە کۆچکردن بکرێن، هونەر لەناو تابلۆدا بەرجەستەیان دەکاتەوە.

**مرۆڤی شووشەیی:**

(کلحۆ) لەتابلۆکانیدا هەوڵێکی زۆری داوە خەسڵەتێکی شووشەیی و شەففاف بداتە مرۆڤ، ئەمەشمان لە جوڵەی فڵچە و دابەشکردنی ڕەنگەکاندا بۆ دەردەکەوێت. لە جوڵەی ڕەنگ و شێوەی وەشاندنی فڵچەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە هونەرمەندەکەمان بە هێمنی و بەکاوەخۆ ئیشدەکات و ئیشکردنیشی هاوشانە بە بیرکردنەوەی ورد لەو شتەی کە دەیەوێت وەك پەیامێکی هونەری بیگەیەنێت. ڕاستە ئەو نەیتوانیوە لەهەموو تابلۆکاندا هەمان ئاستی شەففاف و هەمان خەسڵەتی شووشەیی ببەخشێتە فیگەرەکانی، بەڵام ئیشکردن بە ئاراستەی شەففافیەتدا، بۆخۆی کارێکی جەوهەرییە. چونکە جەوهەر بەپێی سرووشتی نەگۆڕ و دابەشنەبووی خۆی، هەمیشە شەففا و شووشەییە، هەم لە ڕوونی و هەم لە ناسکیدا. جەوهەری مرۆڤ هەم شەففافە و هەم شووشەیی و ناسك، هەر بۆیەشە دەزگا داپڵۆسێنەرەکان هەمیشە دەیانەوێ یەکەمجار جەوهەری مرۆڤ بشێوێنن و لەو ڕێگەیەشەوە تێکی بشکێنن..

کاتێ لە هونەردا بەرجەستەکردنی سیفەتی جەوهەریانەی مرۆڤ دەبێتە شوێنی گرنگیپێدان، ئەوە بەمانای ئەوەیە خودی هونەرمەند لە جەوهەری خودی خۆیەوە نزیکە و ساتەوەختە ناسکەکانی ژیانی خۆی وەك مرۆڤێکی هەرەشەلێکراو تەی دەکات. لێرەوە ئێمە ساتەوەختێکی ڕاستگۆیانەی هونەرمەندمان بۆ بەرجەستە دەبێت کە تەکنیك و حساباتی هونەری نەیتوانیوە بیشارێتەوە. دەمەوێت بڵێم: بەکارهێنانی ڕەنگ لەم تابلۆیانەدا هێندەی ئەوەی بەرجەستەکەری ساتەوەختێکی سۆفیانەی هونەرمەندن لەگەڵ دنیای خۆیدا، ئەوەندە بەرجەستەکەری زەینیەتێك نین کە ویستبێتی بەپێی (قیاسات و حساباتی تیۆری)، تابلۆیەکی (ڕێکوپێك)مان بۆ وێنە بکات.

(کلحۆ) هەمان مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگدا کردووە کە دەفژەنێك لەکاتی زیکردا لەگەڵ دەفەکەیدا دەیکات و، کە سەماکەرێك لەگەڵ مۆسیقادا.. بەمجۆرەش ئەم تابلۆیانە (یەك دوو دانەیان نەبێت)، هەڵگری هیچ ئاستێکی ئایدیۆلۆژی نین و فیگەرەکان لە درووشمدان و پەیماندانی بێهوودە و ناڕاست ڕزگار کراون. تاکە پەیامی ئەم تابلۆیانە، ڕەنگە بانگهێشتنمان بێت بۆ ناو جیهانی ڕەنگ و ئاشنابوون بە جەوهەرێکی شەففاف و



شووشەیی، ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە دنیای ئێمە بەرەو دنیایەك هەنگاو دەنێت کە تا دێت هەموو شتێ تیایدا چوارچێوەیەکی ئاڵۆز و بیرۆکراتیانە وەردەگرێت.

***

لە ڕۆژگارێکدا کە زەحمەتترین ئاستی بوون ئەوەیە خودی خۆمان بین و پارێزگاریی لە شووشەییبوونی خۆمان بکەین، چونکە ئێستا ڕۆژگاری زیندووکردنەوەی نەریتەکانی (شەهامەت) و (ڕق ئەستووری) و (دەمارگرژی)یەو ئەمانەش لە دژی جەوهەری شووشەیی ئێمەن، هونەر دەبێتە هەڵگری پەیامێکی دژ بەم نەریتانە و بۆ ڕزگارکردنی (خود)ە ناسکەکەمان ئاستێکی فێمینیستانە بەخۆیەوە دەگرێت. هونەریش لەو کاتانەدا دەبێتە خاوەن زمانی تایبەت بەخۆی، کە لەشەپۆلی یاسا باوەکان جیابێتەوە و جەنگی خۆی لە دژی باو ڕابگەیەنێت.

(کلحۆ) ئەگەرچی لە دەربڕیندا شەرم و سنگفراوانییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، (ئەمەش خەسڵەتی زۆربەی دهۆکیەکانە)، بەڵام خاوەنی ئیمانێکی ڕەنگاوڕەنگە بە داهاتوو، بە مرۆڤ و بە هونەر. ئەگەرچی ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە نرخی مرۆڤ و گەورەییەکەی لە ناو گوتاری سیاسی و ئایینی و تەقلیدیی کۆمەڵگادا شوێنێکی ئەوتۆی داگیر نەکردووە و هەرئەمەشە هۆی دڵگەرمی و تۆرانە بەردەوامەکانی هاووڵاتیانی ئێمە لەم واقیعە، بەڵام دڵم خۆشە بەوەی هێشتا لەم نیشتیمانەدا مرۆڤ بەردەوام لەناو هونەردا لەدایك دەبێتەوە و دەبێتەوە خاوەنی جوانیی خۆی..

بۆ ساتێك دڵت خۆشکە بەوەی: تۆ لەناو ئەم پیشانگایەدا چەندە قەشەنگ و چەندە گەورەیت و هونەریش چەندە جیاوازە لە واقیع!؟

(*) بەبۆنەی کردنەوەی پیشانگای تایبەتیی هونەرمەند عەبدولڕەحمان کەلحو لە هەولێر، نوسراوەو ولە گۆڤاری پەیڤ، ژمارە: ١٨ و ١٩ی ٢٠٠١دا بلاوکراوەتەوە


كلحۆ







## ئەنفال:
## جەستەکانی ڕزاند، ڕووخسارەکانی نەمرکرد(*)

### سیحری جەللاد:

**جەللاد** بۆیە دەمانکوژێت بۆ ئەوەی چیدی ڕووخسارمان نەبینێت، چونکە ڕووخسار نیشانەی بوونی ئینسانیانەی ئێمەیە لە دنیادا و جەللادیش ئەو بوونەوەرەیە، کە نایەوێت جگە لەخۆی کەسی دی لە جیهاندا بژی. دیوی ئەو دیوی ئەم قسەیە ئەوەیە کە بڵێین: جەللاد دەیەوێت بەم کارەی نەك هەر تەنیا جیهان بۆخۆی داگیر بکات، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەشدایە بیکاتە جیهانێکی نائینسانی، چونکە ئەگەر ئێمە هەموومان کوژراین و ئەنفال کراین، ئەگەر هەموومان لە نیشتمان و شاری خۆمان تۆراین و بێحورمەتی بە گەورەیی ئینسانییمان کرا، ئیدی جەللاد لەگەڵ کێ خۆی بەراوورد بکات و کێ بکاتە ئاوێنە لە بەرامبەر خۆیدا؟ بۆیە چەندە وڵات و نیشتیمان لە مرۆڤەکان بەتاڵبکرێت و (مەرجیش نییە ئەمە هەر لە ڕێگەی ئەنفالکردنەوە بێت)، ئەوەندەش پانتایی جەللاد بەرفراونتر دەبێت و حوزووری ئینسان بچووکتر..

جەللاد لەم پرۆسەی تەڵاقدانی جیهان و دەستهەڵگرتنە لە ئینسانیەتی خۆی، پێویستییەکی زۆری بەوە هەیە ئەوەی دەیکوژێت ڕووخساری نەبێت و سیمای ئینسانیانەی شێوێنرابێت، چونکە وەکو فەیلەسووفی لیتوانیایی (ئیمانۆیل لیڤیناس) دەڵێت: ڕووخسار هەمیشە هەڵگری پەیامێکە کە قەتڵ و تیرۆرمان لێقەدەغە دەکات. بینینی هەموو ڕووخسارێك بیرهاتنەوەی ئەو ڕاستییەیە کە پێماندەڵێت: (تۆ بۆت نییە کەس بکوژیت).

### جەوهەری ڕووخسار:

ڕووخسار هەر ئەوەنییە کە بەدیار دەکەوێت و دەبینرێت، ڕووخسار هەر تەنیا دیاردەیەك نییە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرکی بکەین. بینینی چاوبەچاوی مرۆڤێکی تر بەمانای بینینی ڕەنگی چاوی ئەویتر و بڕگەکانی پێستی و تۆنی سیمای نیە، چونکە ئەو کەسەی کە دێت و تەنیا باسی ڕەنگی چاو و بڕگەی پێست و تۆنی سیمای ئەویترمان بۆ دەکات مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت، (ئەویتر) بچووکبکاتەوە، یان بیهێنێتە سەر ئاستی بوونێکی مەتریاڵی و ئاستی (شت)ێك، کە دەکرێ وەك هەر شتێکی دیکە وەسفی بکەین و بەمکارەش ڕێدەگرێ لە دروستبوونی پەیوەندییەکی ئینسانیانەی شەخسیی لەگەڵ ئەویتردا.

بۆیە تایبەتمەندیی ڕووخسار هەر ئەوە نییە کە لەلایەن چاودێرێکەوە، یان پزیشکێکەوە دەبینرێت و وەسف دەکرێت. ڕووخسار هەڵگری بێدیفاعی و ڕووتی و هەژاری خۆشیەتی. بەوجۆرەش ڕووخسار ئەو پانتایی بوونەیە کە هەمیشە لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی زەبروزەنگدایە. ڕووتووقووتیی ڕووخسار لەوەدایە کە مانای خۆی لە خۆیدایە و بە خۆیەوەیەتی، نەك لەشوێنێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ڕووخسار وەکو هەڵسوکەوت و جموجووڵەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەمان نییە تا لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت و بەپێی نەریتە ڕێگەپێدراوەکان بوونی خۆی بسەلمێنێت. ڕووخسار بەتەنیا هەموو ئێمەین و هەموو ئێمەش ڕووخسارمانین. لێرەوە جەللاد بە شکاندنی ڕووخسار و شێواندنی سیمامان، سەرجەمی مرۆڤایەتی ناو ئێمە دەشێوێنێت و تێکمان دەشکێنێت. پێویستە هەر لێرەشەوە تەماشای ئەو هەموو هەوڵدانانە بکەین، کە ئامانجیان نەك هەر شێواندن و داپۆشینی ڕووخسارە، بەڵکو دەیانەوێت ئاوێنەکان و ئارایشگاکانیش بتەقێننەوە کە تیایاندا حورمەتی ڕووخسار پارێزراوە.

ئەنفال پڕۆژەی کوشتنی گەورەیی ئینسانی کورد بوو لە ڕێگەی شێواندنی جەستە و ڕووخساریەوە. بەعس ئەو ڕژێمەیە کە ویستی لە ڕێگەی سیاسەتی ئەنفالکردنەوە، نەك هەر ژمارەیەکی زۆر کورد لەناو بەرێت، بەڵکو ئامانجی گرنگتری ئەوەبوو کە گەورەیی ئینسانیانەی ئەم میللەتە پووچبکاتەوە و ڕۆحێکی شێواومان تێدا دروست بکات، بەجۆرێ کە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو گەورەییە پێویستیمان بە چەندین شۆڕشی مەعنەوی و دەروونی هەیە تا بتوانین لە ناخەوە خۆمان دروستبکەینەوە.

مرۆڤی کورد لە دوای ئەنفالەکانەوە مرۆڤێکی برینـدارترە لەهـەر سـەردەمێکی دیکەی ناو مێژووی ئێمە، چونکە لەوکاتەوە هیچ پڕۆژەیەکی سیاسیی ئەوتۆ نەهاتۆتە ئاراوە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو گەورەییەی کە بەعس لە مرۆڤـی ئێمـەی سـەندەوە و بێحورمەتی پێکرد. لێرەشەوە ئێمە تەنیاترین نەتەوەی ناو مێژووی هاوچـەرخین، کـە ڕابردوو ئینسانیەتی لێسەندووینەتەوە و ئێستامان پڕە لـە نائومێـدی و داهاتووشمـان ئەو یۆتۆپیایەیە کە دەبێت وەك شـوێنی بەدەسـتهێنانەوەی گـەورەییمان و گـەورەیی ئەنفالکراوەکان تەماشای بکەین.

**بەرجەستەکردنەوەی ڕووخسار:**


لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەك هەیـە کـە پێمـان دەڵێـت: بـە کوشـتن و شـێواندنی ڕووخسار چەندە ئینسانیەتی ئێمە بێ حورمـەت دەبێـت، بـە بەرجەسـتەکردنەوەی ڕووخساریش ئەوەندە دەبینەوە بـە مـرۆڤ. یەکـەمیان هێـزی مـەرگ و شـەڕانیەت بەڕێوەی دەبات و دوومیشیان هێزی ژیاندۆستی.
عەشق یەکەمین هێزی ژیاندۆستییە و هونەریش هێزی دووەمیان. مرۆڤ کـە عاشـق دەبێت گەورەترین مەترسیی بۆ سەر جـەللاد و پـڕۆژە مەرگدۆسـتانەکەی دروسـت



دەکات: چونکە یەکەم پاڵنەری عەشق لەلای مرۆڤ، لە بینـین و ناسـینەوەی ڕووخـساری دوو ئینـسانەوە دەستپێدەکات، کە یـەکتری وەك مـرۆڤ دەناسـنەوە و خۆیان لە تەنیایی ڕزگار دەکەن. دەشێت ئێمـە وەك فەرد و گرووپی گەورە گەورە لـەناو بـچین و ئـەنفال، کۆقەبرەکانی بە جەستەمان پڕ بکاتەوە. بـەڵام ئێمـە لە خەون و یۆتۆپیادا درێژەمان هەیە و هونەریش ئەو پانتاییە ڕاستەقینەیەیە کە تیایدا هەنگاو دەنێین بـۆ بـەدیهێنانی یۆتۆپیاکانمـان لـە ڕێگـەی گێڕانـەوەی حورمەت بۆ ڕووخساری ئینسانییمان.
لێرەوە بە بڕوای من گرنگیی تابلۆ ئەنفالییەکانی



ئەم پیشانگایە لـەوەدا نـین کـە (ئـەنفال) وەك زووڵمێـك لـە یادوەریمانـدا زینـدوو دەکەنەوە و دەشییێت ئەمەش لە دێڕێکی کۆمیدیانەی وەك: (ڕنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال لە هونەردا) کورتبکرێتەوە، بەڵکو گرنگییەکەیان لەوەدایە کە بـەردەوامیی دەبەخشن بە خەونی ئەنفالکراوەکان لە ڕێگەی بەرجەستەکردنەوەی ڕووخـساریانەوە لەبەر چاوی ئێمەدا. گرنگیی ئەم تابلۆیانە ئەوەیە کـە دیـداری چاوبەچـاوی نێـوان ئێمە و ئەنفالکراوەکان تازە دەکەنەوە.



بێگومـان وەختێـك ڕووخـسار لەسـەر ئاسـتی جەستەیی، ئەنفال دەکرێت و فڕێدەدرێتە ژێر گڵەوە و بـە ڕزیـن و بۆگـەنکردن مـەحکوم دەکرێـت و دەکرێتەوە کوتێك گۆشت، فۆرمی خۆیشی لەدەست دەدات و دەبێتە شـتێکی تۆقێنـەر. ئەمـەش ئـەو بارودۆخەیـە کـە هونەرمەنـدی ئـەم پیـشانگایە ویستویەتی بەهۆی هەڵاوساندن و پیشاندانی چرچ و لۆچی لە ڕاددەبەدەری سەر سیمای مرۆڤەکانیـەوە، تەعبیری لێبکات. وەلێ ئێمە پێـشتر گوتمـان، کـە ڕووخسار هەر تەنیا لە برگە و ڕەنگی چاوو و تۆنی پێـستدا کـورت ناکرێتـەوە، بـەڵکو ڕووخـسار بەرجەسـتەکەری هـەموو ئینـسانیەتی ئێمەیـە.
ئینسانیەتی ئێمەش چییە جگە لەو خـەون و ئـاوات و ئومێـدە جەوهەریانـەی کـە ژیانی خۆمانیان بۆ تەرخاندەکەین و بەهۆیانەوە نرخێك بە بوونی خۆمان دەبەخشین. ئەم بەشەی ئینسانیەتی مرۆڤ شتێك نیە بە کوشتن و ئەنفال لـەناو بـچێت، چـونکە ئەوانەی دەکـوژرێن و ئـەنفالکراون، هـەرگیز لـە ڕەهەنـدی جەسـتەییاندا بـچووك ناکرێنەوە: کەسمان تەنیا وەك کوتە گۆشتی ڕزیوی ژێر گڵ و سیمای تۆقێنەر بیر لـە ئەنفالکراوەکان ناکەینەوە، بەڵکو ئێمە هەمیشە وەك مرۆڤی تەواو، وەك کەسانێك کە دەبوو جەوهەری خۆیان، واتە خـەون و ئومێـدە ئینـسانییەکانیان بهێننـە دی،

یادیـان دەکەینــەوە. ئەمــەش پێــچەوانەی چـاوەڕوانییەکانی جـەللادە و سـەرەتای دۆڕاندنی پرۆژەکەیەتی.
هونەرمەندەکەمان بۆ ئەوەی ئەم دۆڕانەی جەللاد نومایش بدات، هـاتووە خـەون و ئومێد و ژیاندۆستیی ئەنفالکراوەکانی بەهۆی ڕەمزەوە بۆ بەرجەستە کردووین (واتە بەهۆی ماسییەکانەوە).

ماســییەکان ئــەو ڕەمزانــەن کــە نــەگۆڕیی جەوهــەری خــەونی ئینــسانیانەی ئەنفالکراوەکان پێکدەهێنن، هـەر بۆیەشـە زۆر بـە دیققەتـەوە و بـەبێ شـێواندنی شێوەی ماسی، بەرجەستە کراون. ئەگەر ماسییەکان بە ڕەمزی خەونە ئینسانیەکان بچوێنین، ئەوە لەهەمان کاتیشدا خاڵی هاوبەشی نێوان جەوهەری خەونەکانی ئێمـە و خەونی ئەنفالکراوەکان پێکدەهێنن کە هەردوکیان خەونن بۆ ژیانێکی ئینسانی و لەپێناوی مرۆڤایەتیەکی بـەهاداردا. کەواتـە ئـەوەی ئێمـە بـە ئەنفالکراوەکانـەوە دەبەستێتەوە، بەردەوامییدان و نرخدانانی بەردەوامە بۆ گەورەیی ئینـسان، شـتێك کە جەللاد وایدەزانی بـە کوشـتن و ئـەنفالکردن لـەناوی دەبـات. لێرەشـەوە ئێمـە بەردەوام بەرپرسیارین لەئاست ڕێزگرتنی ژیاندا ئەگەرچـی بۆخۆشـان لـە ژیـانێکی ناخۆشدا بژین، چونکە ژیان لەم ساتەدا هەرتەنیا ژیانێك نیە بۆ ئێمە، بەڵکو ئێمـە لەجیاتی ئەنفالکراو و هـەموو کەسـێکی دیکـەدا دەژیـن، کـە لـەم نیـشتیمانەدا خەونێکی ئینسانی هەبووە و ئێستا لە ژێر زەوییــەوە ڕزیــوە. هــەر لەبــەر ئــەوەی جەللاد بۆ چرکەیەکیش هەست بەسەرکەوتنی خۆی نەکات، دەبێت پەیوەنـدیمان بـە ئەنفالکراو و کیمایی بارانکراوەکانـەوە نەپـچڕێنین و ئـەوەی لـە ڕێگـەی دیکـەوە ناتوانین بەدی بهێنین، لە هونەردا بەرجەستەی بکەین و بەدەستی بهێنین.

هەولێر ۲/٤/۲۰۰۱

(*) بەبۆنەی کردنەوەی پیشانگای تایبەتی محمد هاشم، لە هەولێر ۲۰۰۱

# نووسین و فیگەر(*)

**لەو** لێکۆڵینەوەیەمدا لەسەر پڕۆژەی (وشە و ڕەنگ) کە بەناوی (هونەر و بانگهێشتن)ەوە بڵاومکردۆتەوە[١] خۆم بەدوور گرتووە لە هەموو جۆرە شیکردنەوەیەکی کۆنکرێتیی (ناوەڕۆك)ی تابلۆکان. واتە نەمویستووە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چەند تابلۆیەکەوە، پارسەنگیٚ بهێنمە دەست تاکو بەهۆیەوە لەسەرجەمی ئەو دنیایە تێبگەین کە هەر تابلۆیەك تەعبیری لێدەکا و لەڕێگەیەوە جیهانی خۆی دەهێنێتە بەرهەم. دروستکردنی (پارسەنگ) و ئیدیعایەکردن بۆ ئەوەی (دوایین قسە)مان لەسەر بەرهەمێکی هونەریی کردووە بەکارێکی بێهوودە ئەزانم، چونکە پێموایە هێندەی ژمارەی بینەری ئەم کارانە، بواری ڕاڤەکردنی تابلۆکان لە ئارادایە و ناکرێ لە پێشەوە (چاوی تیۆریی) بۆ بینەر/خوێنەر دروستبکەین و داوای لێبکەین بەو چاوانە تابلۆکان ببینێ.. ئەمەش بەمانای کەمکردنەوەی (بەهای تیۆریی) نییە، بەڵکو ئەوەی منی لەو باسەدا بەخۆیەوە سەرگەرمکردووە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕاڤەیەك لەڕاڤەکان دەربارەی (چۆنێتی ئیشکردنی کاری هونەریی) کە ئیمکانمان بداتێ پرسیاری دیکە لەبارەی پەیوەندیی هونەر بە ژیانی ئێستای خۆمانەوە بکەین. لێرەوە بەلای منەوە گرنگبوو لەسەر ئاستی چۆنێتی ئیشکردنی پڕۆژەی (وشە و ڕەنگ)ەوە،(وەکو نمونەیەك بۆ هونەری تاراوگە)، سەرەتایەکی قسەکردنی تیۆریی دابمەزرێت لەبارەی ئەم هونەرەوە و خەسڵەتەکانی پێناسە بکرێن. واتە پڕۆژەکە وەکو سەرجەمێکی لێکدانەبڕاو تەماشا بکەین کە هەڵدەستێ بە دروستکردنی (ئاڵوگۆڕێکی تایبەت بەهۆی هونەرەوە) و ئەم ئاڵوگۆڕەش پێش هەموو شتێك لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات، نەك لەنێوان دەزگاکانی هونەردا.

ئێستاش هەر سوورم لەسەر وەرگرتنی پڕۆژەکە وەکو سەرجەمێك و دەمەوێت خۆم بەدوور بگرم لەهەموو خوێندنەوەیەکی (ناوەڕۆك)ی تاکە تابلۆ، یان (شیکردنەوەی تابلۆ)، بەڵام ئەم مەرجە ڕێگەمان لێناگرێ کە شیکردنەوەیەکی کۆنکرێتی



لەسەرهەندیٚ جۆر(Typ)ی کارەکان ئەنجام بدەین، واتە ئەو شیکردنەوەیە لە یەك کاتدا تاکە تابلۆیەك بە نمونە دەهێنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا بتوانیٚ ئەو نمونەیە وەك نوێنەری چەند جۆر تابلۆی هاوخەسڵەت بخاتە ڕوو. ئەمەش نەك بەنیازی ئاشکراکردنی (ناوەڕۆك)ی تابلۆکان، بەڵکو بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان بۆ پەیوەندیی نێوان (نووسین) و (فیگەر). نەك بەمەبەستی لێکدانەوەی (مانای دەقی نووسراوی سەر تابلۆکان) لەبەرامبەر (پەیامی ڕووبەرە ڕەنگییەکان)دا، چونکە لەوێدا بەچەندین زمانی جیاوازیی ئەوتۆ نووسراوە کە من تێیان ناگەم، بەڵکو تەنیا بەمەبەستی پەیوەندیی نێوان نووسین و وێنەکان. بۆ ئەوەی کارەکەمان ئاسان بێت، تابلۆکانی (وشە و ڕەنگ) دەکەین بە سیٚ گرووپەوە، یان جۆری تابلۆوە، کە هەر یەکەیان خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەش بەبیٚ ئەوەی بڵێم: ئەم سیٚ گرووپە هەموو کارەکان دەگرێتەوە، یاخود بانگەشەی ئەوە بکەم کە دەشێت لەسەر هەمان جیاکردنەوە و دابەشکردن تەماشای هەموو کارەکانی ئەم پڕۆژەیە بکەین.

## یەکەم گرووپی تابلۆکان:

لێگەڕێن با بەڕێکەوت تابلۆی ژمارە (٢ و ٣) هەڵبژێرین و کەمیٚ تەماشایان بکەین. ئەم دوو تابلۆیە هەم لەڕووی فیگەرەوە، واتە ئەو بەشەی ڕێبوار ئیشی تیاکردووە و هەم لەڕووی نووسراوەوە زۆر لە یەکتری جیاوازن و دووکەسی تەواو جیاوازیش نووسینیان لەسەر نووسیون. هەروەها مۆتیڤی تابلۆکانیش لەڕووی قەبارەو فۆرم و ڕەنگەوە تەواو جیاوازن (جگە لەهاوبەشییان لەڕەنگیی (زەرد) دا) و ئەوەی کە هەردووکیان لە ناوەڕاستی کارتۆنەکاندا نیشتەجیٚ کراون. بەڵام دەتوانین بەڕوونی ببینین کە نووسراو لەسەر تابلۆی ژمارە[٢] زۆر لەو نوسینە بڕیاردەرترە کە لەسەر تابلۆی ژمارە[٣] دەیبینین، ئەمەش کار دەکاتە سەر شێوەی نیگا و بینینی ئێمە بۆ تابلۆکە بەبیٚ ئەوەی زۆر سەرنجمان بەلای ناوەڕۆکی نوسینەکەدا ڕابکێشریٚ. لە ڕاستیشدا ئەوەی ئێمە لە تابلۆی ژمارە (٢)دا دەیبینین، بریتییە لە دروستبوونی قووڵاییەك بۆ فیگەری تابلۆکە بەهۆی چڕی تێکستە نووسراوەکەی دەوروبەریەوە.



بەمانایەکی دیکە: ئەگەر لەو ڕوانگە و دەلاقەیەوە تەماشای فیگەرەکە بکەین کە دیمەن و فۆرمی نووسراوەکە دەیسەپێنێ دەکات، ئەوە دەبینین نووسراوەکە فۆرمی (ڕیزێك پلیکانە)ی وەرگرتووە، یان بۆتە پەیژەیەك، تا لێوەی (بڕۆینە خوار) بۆ سەر پانتاییە ڕەنگییەکە، یاخود لە پانتاییە ڕەنگیەکەوە پیایدا (بێینەوە سەرەوە) بۆ سەر ڕووبەرە گشتییەکە. شێوەی نووسینی سەر ئەم تابلۆیە کارێ دەکا کە وابزانین لە بنار شانۆیەکی یۆنانی یان ڕۆمانییەوە دەڕوانینە شوێنی دانیشتنی بینەران، یاخود لە ڕیزەکانی دواوەی شوێنی دانیشتنی بینەرانەوە، دەڕوانینە قووڵایی سەکۆی شانۆکە! لەنێوانی ئەم دوو ڕوانینەدا ئەو پانتاییە بەرجەستە و دروستبووە کە بە قووڵایی تابلۆکە ناوی دەبەین. هەروەها دەتوانین بڵێین: نووسین لەم تابلۆیەدا خاوەنی (ئاگایی)ـەکی پترە لەسەر خۆی وەکو لەو برە ئاگاییەی ڕووبەرە ڕەنگییەکە لەسەر



خۆی هەیەتی. نووسین لێرەدا بەهۆی ڕوونی و بەرجەستەییەکەیەوە، ئاگایانە فەرمانمان پێدەدا ببینە (خوێنەرێکی چالاك) تابتوانین کۆدی دەقە نووسراوەکە بکەینەوە و ناوەڕۆکی پەیامەکەی لێکبدەینەوە. لێرەوە (ئاگایی نووسین) واتە ئاگایی نووسەر بەوەی کە ڕۆژگارێ ئەو تێکستەی لەسەر تابلۆکە نوسیوێتی، لەلایەن خوێنەرانێکەوە وەکو تێکستێکی نوسراو دەخوێندرێتەوە نەك وەکو بەشێ لە ڕووبەری تابلۆیەکی هونەریی. لێرەشەوە نووسەر ئاگاییەکی تەواو بەکار دەهێنێ تاکو بە ڕوونترین و شەففافترین شێوە دێڕ و وشەی تێکستکەی دابڕێژێت و ڕەچاوی خاڵبەندی و ڕەهەندە تەکنیکی و جوانکارییەکانیش بکا (هاتنەوە سەری دێڕ، تێکەڵنەکردنی ڕستەکان و جیاکردنەوەی وشەکان لەیەکتر و هتد..)

بەڵام لە تابلۆی ژمارە (٣)دا نووسین ڕۆڵێکی تەواو جیاوزی هەیە. واتە بۆتە پاشزەمینەیەك بۆ فیگەرە ڕەنگییەکە و لێرەشەوە بۆتە هۆی بەرجەستەکردنی ڕووبەرە ڕەنگیەکە. نووسین، وێنەکە ڕووندەکاتەوە و سەرنجی بینەر لەسەر خودی وێنەکە چڕ دەکاتەوە. بەمانایەك لێرەدا نووسین خۆی دەکاتە (قوربانی)یەکی فیگەر و تەنانەت خەریکە دەستهەڵگرێ لەوەی نووسین بێت. پانتایی نووسراو لێرەدا خەریکە دەتوێتەوە و ڕوونیی خۆی لەدەست دەدات و لێرەشەوە فەرمانمان بەسەرا دەردەکا تاکو وەك بەشێ لە ڕووبەری گشتیی تابلۆکە ببینین نەك وەکو پارچە نووسراوێ کە پاش فیگەرەکە لەوێدا نیشتەجێکراوە و پێویستیی بە (خوێندنەوە) هەیە نەك (تەماشاکردن). نووسین لەم تابلۆیەدا هەمان ڕۆڵی پەردەی پشتەوەی وێنەگیراوەکان لە ستۆدیۆی وێنەگرتندا دەبینێت کە بەرجەستەییەك دەبەخشێتە وێنەگیراو..

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێ ڕۆڵی ئەم دوو شێوە نووسینەی سەر ئەم دوو تابلۆیە شیبکەینەوە، ئەوە سەبارەت بە سنووری ڕووبەرە ڕەنگییەکان یەك دەوریان هەیە: نووسراو لەم دوو ئیشەدا تێکەڵ بە مۆتیڤەکان نابێت و سنووری فیگەرەکان ناشکێنێ. لە دەرەوە، یان لە پاڵ سنووری فیگەرەکاندا دەمێنێتەوە، ئەمەش لەهەمان ئەو کاتەدا کە وەکو تێکستێکی سەربەخۆ خۆی دەناسێنێ (وەکو لە تابلۆی ژمارە (٢)دا)، یاخود خۆی لەگەڵ ڕووبەرە ڕەنگییەکە دەگونجێنێ (وەکو ئەوەی لە

تابلۆی ژمارە (٣)دا) دەیبینین. هەمان لێکدانەوە بۆ تابلۆی ژمارە: (٧، ٩، ١٠، ٢١، ١٩و ٢٤)یش هەر ڕاستە.

دەکرێت ئەم تێکەڵنەبوونی نووسینە بە ڕووبەرە ڕەنگییەکان، بە ترسێکی کەلتووری دابنێین کە ناهێڵێت نووسەرەکان سنووری (پیرۆزیی تابلۆ) ببڕن و تێکبشکێنن، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازیی ئەو (پێشینە، پیشە، تەمەن، ڕەگەز، ئایین و زمانە)ی نووسەرەکان هەیانە. واتە نووسەرەکان هەر پێشینە و پیشە و تەمەن و ڕەگەز و ئایین و زمانێکی زگماکیان هەبێ، ترسێکی یەکسانیان هەیە لە ئاست تەجەللا و دانسقەیی و پیرۆزیی تابلۆدا.. ئالێرەشدا لێکچوونێکی بونیادمەند (ستراکچراڵ) لەنێوان دنیای ئەم نوسەرانەدا پێکهاتووە، یاخود ڕاستره بڵێم: ئاشکرا بووە. ئەم لێکچوونە بونیادمەندە وادەکا ئەم نووسەر و شاعیرانە بەهەموو ئەو جیاوازیانەی لەئاستەکانی دیکەی ژیان و کار و ئاین و پایەی کۆمەلایەتی و پیشەیی و هتد. دا لەگەڵ یەکتری هەیانە، ئەوە لەئاستی (ڕێزگرتن) و (ترس) لە شکاندنی ئۆرگیناڵیەتی تابلۆکاندا وەکو یەك ڕەفتار بکەن! واتە ئەوەی نووسەرێ، هاووڵاتییەکی یابانییە و یەکێکی دی پەنابەرێکی بێکاربووی کوردە لە لەندەن، نەبێتە هۆی جیاوازیی ئەوان لە ترسیاندا بۆ شکاندنی سنووری پیرۆزیی (تابلۆ) و پیرۆزیی سیستەمی (تابۆ). (تابلۆ) لای ئەمان (تابۆ)یەکە و مەشرووعییەتی تابۆکانیش لە پیرۆزییەکەیان و ترسە سەپێنەرەکەیانەوە هاتووە. ئەم ترسە بەپلەی یەکەم بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانن بەشێوەیەکی خۆبەخۆ و (سپۆنتانت) بنووسن وەکو ئەوەی لەنامەکەی ڕێبواردا داوایان لێکراوە..

لەڕووانگەیەکی دەروونشیکارانەوە (ئەم زاراوەیە لە ئازاد بەرزنجیی هاوڕێمەوە فێربووم): شکاندنی ترسی کەلتووری و لێرەشەوە ترسی تاکەکان لە (تابۆ) کارێکی گرانە، چونکە ئەوەی کە لەسەر تابلۆیەك بنووسین بەمانای کردنی گوناهێکی گەورەیە و پێخستنە ناو قەڵەمڕەوێکی یاساخە کە کەلتوور بۆی دەستنیشان کردووین. تاك چەندێ بەهۆی شوێنگە و پیشەو پلەی خوێندن و شتی لەم بابەتەوە سنووری ئازادیی خۆی فراوانکردبێ، هێشتا پابەندی ئەو ترس و یاساخەیە کە کەلتوور لەسەر (نەشکاندنی تابۆکان) لە جیهانبینینی ئەو تاکەدا چاندوێتی و سەقامگیری کردووە.



ئەم بابەتەش سەرەتایەکی گرنگمان دەخاتە بەردەست بۆ قسەکردن لەسەر ئەو وەهمەی ئایدیۆلۆژیستە ڕەهاخوازەکانی وەك کەلتووری ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی دروستیانکردووە و لە ڕێگەیەوە باس لە (پێشکەوتن)ڕەها و نموونەیی کەلتووری خۆیان دەکەن لە بەرامبەر کەلتوورە (سەرەتایی)یەکان، یاخود (دواکەوتووەکان)دا. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە لە مێژووی بەشەرییەتدا بەشێوەیەکی ڕەها کەلتوورگەلێکی پێشکەوتوو، یان پاشکەوتوومان نییە، هەروەکو چۆن ناسنامەیەکی فەردی و تەنانەت کەلتووریی جێگرتوویشمان نییە. چونکە لە بنەمادا کەلتوور و ناسنامە لەو جۆرە پانتاییانەن کە بەردەوام لە (بارودۆخی دروستبوون)دان لە پەیوەندییان بە کەلتوور و ناسنامەکانی دیکەوە و ئەمەش سیمایەکی ڕێژەیی دەدات هەموو کەلتوورەکان. دەشێت لە ساتەوەختێکی مێژووییدا کەلتوورێ وەك نمونەی شارستانی و پێشکەوتوو خۆی بناسێنێ و شوێنی لێوەفێربوون بێت، بەڵام ئەم ئاستەی ئەو کەلتوورە ناتوانێ سنوور لەبەردەم گەشەی کەلتوورێکی دیکەدا دابنێ کە بەرەو ئاستێکی دیکەی شارستانی و پێشکەوتن گەشە دەکا.. وەکو نمونەیەکی سادە دەتوانین بڵێین: لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتدا، لەیەك ساتی مێژووییدا فەندەمەنتالیزمی ئایینی و لەهەمان کاتدا شەپۆلێك لە هزری مەعنەویت هەیە (کە لە بەرهەمی هونەریی بەگشتی و لە مۆسیقادا بەتایبەتی بەرجەستە بووە)، لەهەمان ساتیشدا بزووتنەوەی چاکەکاری ئایینی و بزاڤی مەدەنی و بزووتنەوە موداراخوازەکانت هەیە. هەموو ئەمانەش سیمای کەلتووریی ئەم کۆمەڵگایانە پێناسە دەکەن بەبێئەوەی ڕەگەزیی کەلتووریی بن لە ئاستێکی نمونەیی و ڕەها و گەردوونییدا.

**دووەم گرووپ:**

لە تابلۆی ژمارە (٨)دا دەبینین نووسراو تەواو لە ڕووبەری ڕەنگیی و فیگەرەکان نزیکبۆتەوە، بەمانایەك دەتوانین بڵێین ئەو ڕووبەرەی (داگیر کردووە) و (دەستی بەسەردا گرتووە). لێرەدا نووسین لەسەر وێنەکە نیشتەجێبووە بەبێ ئەوەی بیەوێ بڕیاردەر بێت، وەکو ئەوەی لە تابلۆی ژمارە (٢)دا بینیمان، یاخود بەبێ ئەوەی سەربەخۆیی خۆی بدۆڕێنێ وەکو لە تابلۆی ژمارە (٣)بەرچاو دەکەوێ.

5 6



7 8

ئەوەی نووسین لە تابلۆی ژمارە (٨)دا کاری لەسەر دەکات و لە ڕاستیدا هەندێ لەکارەکەشی بە ئەنجامگەیاندووە، جگە لەوەی ڕووبەرە ڕەنگیەکە دەپارێزێ، بریتیە لە هەڵوەشاندنەوە(دیکۆنسترەکشن)ی چڕیی وێنەکە و ڕاپێچکردن و پەرتەوازەکردنی ڕەگەزەکانێتی بەهەموو لایەکدا. نووسەری ئەم تابلۆیە نە وێنایەکی (تصور) (تابۆ)یانەی بۆ پیرۆزیی و دانسقەیی وێنەکان هەیە، نە ترسێکی فەردی و کەلتووریش لە ئاست شکاندنی سنوورەکانی کاری هونەریدا. بەمانایەکی دیکە، نووسەری ئەم تابلۆیە خۆی لە دنیای ترس لە پیرۆز و سیستەمی تابۆ و یاساخەکان ڕزگار کردووە.

بەڵام ئەم پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەیە هەرتەنیا نایەوێ وێنەکە خراپ و وێرانبکات، یاخود بە هێزی ووشە و ڕیزکردنی پیت و ڕستەکان بە ڕاست و چەپدا، فیگەرەکە داپۆشێت. پرۆسەی تەفکیك، وێرانکاری و دارماندن نییە، لەڕاستیدا ئەوەی تەفکیك لەم کارەدا دەیکات بریتییە لە فراوانکردنی سنووری فیگەرەکان و،



دەیەوێت لە نێوان جیهانی ناو تابلۆکە و ئەو دنیایەدا کە لەبەشیی سپیایی تابلۆکەوە دەستپێدەکات و تێکەڵ بەدنیای بینەر دەبێت، پەیوەندییەك بهێنێتە ئاراوە.. نووسین لێرەدا دوای ئەوەی دێتە ناو ڕووبەرە ڕەنگییەکەوە، لەگەڕانەوەیدا، یاخود لەبەردەوامیی سەفەرەکەیدا لە چەپەوە بۆ ڕاست، هەندێ ڕەگەزی وێنەکە بەرەو دەرەوە، واتە بەرەو جیهانی دەرەوەی وێنەکە لەگەڵ خۆی دەبات، کە لێرەدا ئەو ڕەگەزە ڕەنگە پرتەقاڵییەکەیە.

بۆئەوەی لەمە تێبگەین، پێویستە نووسینەکە وەکو باڵندەیەك بهێنینە پێشچاوی خۆمان کە بەناو ڕەنگبارانێکدا دەفڕێ و کاتێ لەو سەرەوە دەردەچێت، ڕەنگێکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئەوە دەبینین نووسین لەم تابلۆیەدا بۆتە (ڕێپیشاندەر) و ڕێگای جوڵەی بەردەوام پیشانی فیگەرەکان دەدات بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی دەرچێت. هەروەها دەشتوانین ڕەنگگۆڕینی نووسراو بەشێوەیەکی میتافۆریانەش وەکو پرۆسەی (وەرگرتن و بەخشین) لێکبدەینەوە و بڵێین: نووسین کە نوێنەر و نیشانەی ئۆرگینالێتی نووسەرەکانە و لەجیاتی ئەوان سەفەر دەکا (لەمبارەیەوە بڕوانە بەشیی چوارەمی هونەر و بانگهێشتن، ئۆرگینالێەت لەنێوان خەبەر و خۆ دەربڕیندا: ل٢٨-٨٨) لەبەرامبەر ئەو ئیمکانیەتانەشدا کە دێنە سەر ڕێگای سەفەرەکەی (گۆڕینەوەی ئەزموون، فێربوونی ڕێزگرتن لە جیاوازیی و کاریگەریی وەرگرتن و هتد.) خۆی دەکاتەوە و ڕێگاکانی (بەخشین) و (وەرگرتن) بەکراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەم وەرگرتن و بەخشینە جیاوازە لەو پرۆسەی سەرگەرمیکردنەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان دەیخەنە بەردەستمان و بینەرێکی ساکارمان لێدروست دەکەن کە هەموو شتێکمان پاش تاوێ لەبیر بچێتەوە. بەخشین و وەرگرتنی ناو پڕۆژە هونەریەکەی ڕێبوار سەعید، هاوشانیشە بە پەروەردەبوون و گەشەکردنی عەقڵی و زەینیی لایەنە بەشداربووەکانیش وەکو تاکە مرۆڤی سەربەخۆ.

لایەنێکی دیکەی ئەم پرۆسەی وەرگرتن و بەخشین و کرانەوەیە، بەشێوەیەکی باشتر لە تابلۆی ژمارە (١١)دا دەبینرێت. لەو تابلۆیەدا نووسین نەك هەر ڕەنگی ئاسایی خۆی (کە بە شێوەیەکی گشتی ڕەشە) لە ژێر کاریگەریی ڕەنگی سەرەکیی وێنەی ناو تابلۆکە(ڕەنگە شینە کاڵەکە) گۆڕیوە، بەڵکو هەوڵیشیداوە ڕەگەزەکانی

ناوەڕۆكی وێنەكە سەرلەنوێ بنەخشێنێتەوە، یان وەكو پۆڵ ڕیكۆر دەڵێت، بەرجەستەیان بكاتەوە (refiguration)[٢] . بۆنموونە تەماشای نووسراوە بەشەپۆلبووەكەی بەشیی سەرەوە و شێوەی دێڕە نیوە بازنەییەكانی خوارەوە بكە، كە لاساییكردنەوەیەكی فۆرمی كەشتییەكەیە بە ووشە. لێرەدا نووسراو هەم بابەتی خوێندنەوە و هەم بابەتی تەماشاكردنیشە. واتە لەیەك كاتدا هەم بەشێكە لەسەرجەمی تابلۆكە و هەم بەشێكیشە لە ڕووبەری ڕەنگی و فیگەرەكان.



ئەمەش بەبێ ئەوەی لەو كاتەدا كە دەبێت بە (وێنە)، خەسڵەتی خۆی وەكو نیشانەیەكی زمانیی ڕووت لەدەستبدات. نووسراو لێرەدا هەر ناوەڕۆكێكی هەبێت و ناوەڕۆكەكەی بەهەر مانایەك بێت، ئەوە (فۆرم)ی خۆی لە (ناوەڕۆك)ی وێنەكەوە وەرگرتووە. ئەوەی نووسراو دەیكات بریتیە لە لاساییكردنەوە و دووبارە سازدانەوەی





چیرۆكەكانی ناو تابلۆكە بەوەی خۆی وەكو وێنە پیشان بدات، بەبێ لەدەستدانی كاركردیی زمانیانەی خۆی. واتە بەبێ ئەوەی (بەوێنەبوون)ی ڕستەكان ڕێگربن لەوەی بتوانین وەكو ڕستەی زمانیی مانادار بیانخوێنینەوە. هەربۆیشە ناتوانین لێرەدا بڵێین: نووسەر، یان نووسەری (وێنەساز= نقاش)ی ئەم تابلۆیە بەشێوەیەكی خۆبەخۆ ئەزموونێكی ستاتیكیی خۆی نووسیوەتەوە (هەروەكو نامەكەی ڕێبوار سەعید داوای دەكا) بەڵكو ئەم نووسەرە هەستاوە بە ڕاڤەكردنێكی (ئاگایانە)ی ناوەڕۆكی تابلۆكە و بەرجەستەكردنەوەی بەپێی پلانێكی عەقڵانی و، بە ئیمكانیەتەكانی تێكستی نووسراو. ئەگەر ئەم وێنەیە وەكو داستانێك، بەسەرهاتێ یان حەكایەتێ وەربگرین، ئەوە ڕەنگە بشتوانین پەیوەندیی نێوان وێنە و نووسراو، وەك پەیوەندی نێوان بارودۆخێكی سئەزموونكراو) و (گێڕانەوە)ی ئەو بارودۆخە ئەزموونكراوە بە (زمان)، لەقەڵەم بدەین.

لێرەشەوە پرۆژەی (وشە و ڕەنگ) قۆناغەكانی پێشووی مێژووی هونەرمان بەیاد دەهێنێتەوە. چونكە لە قۆناغەكانی پێشووی مێژووی هونەردا، بۆنموونە هونەری میسۆپۆتامیا، بەهەردوو لقەكەیەوە: ئاشووری و بابلی، هونەری میسریی كۆن و هەروەها هونەری ئیسلامی و سەدەكانی ناوەڕاستی مەسیحیەت پڕن لەو جۆرە كارانەی كە هەم وێنە ڕەنگدانەوەی مانای ناوەڕۆكی نووسراوە، هەم نووسراویش شەرحی وێنە و وێناكراوەكان دەكات[٣]


### سێیەم گرووپی تابلۆكان:

سێهەمین نمونەی جۆری تابلۆ و پەیوەندیی نێوان نوسراو و فیگەر لە تابلۆكانی ژمارە: (٤، ٤١، ٩١، ٢٠ و ٣٢)دا دەبینین. لەم جۆرە كارانەدا دەتوانین بەڕوونی ببینین كە نوسراو نەدەیەوێت بڕیاردەر بێت، وەكو لە گرووپی یەكەمدا بینیمان، نەدەشیەوێ لاسایی ناوەڕۆكی فیگەرەكان بكاتەوە، وەكو لە زنجیرە تابلۆی دووەمین گرووپا بینیمان. لە گرووپی سێهەمدا، نووسراو لەدەوری مۆتیڤەكان و ڕووبەرە ڕەنگییەكان ئامادەبوونێكی پشتیوانیكەری هەیە. نووسین هەم چوارچێوەی نیشانە زمانیەكانی خۆی دەپارێزێ (واتە دەكرێ بخوێندرێتەوە)و بۆ خوێنەر وەك تێكستێ مانای هەبێ،




15



13 14 15 16

بەواتایەکی تر: نووسراو ڕەهەندێکی سەمبوولی بەخۆیەوە دەگرێ کە دەکرێ بەئاسانی لەگەڵ تابلۆ ئاییینی و زەخرەفەکردنی تێکستە پیرۆزەکان و میعماریدا بەراووردی بکەین. ئەمەش بەومانایەی کە نووسین لەهەر یەکێ لەو بوارانەدا دوو ئەرکی هەیە: یەکەم وەك یەکەیەکی زمانیی کە دەشێت بخوێندرێتەوە و ماناکانی



لێکبدرێتەوە و هتد. بەڵام بەبێئەوەی لە بەرجەستەکردن و هەڵکۆڵینیدا ڕەچاوی شێوەی نووسینەوە لەسەر کاغەز و تۆمارەکان و کتێبەکان کرابێت (ئەمەش بەهۆی گەورەکردنی لە ئەندازە بەدەری)، دووەم ئەرکیشی بریتییە لە ڕەهەندە دیداری و دیمەنەکەی وەك بەشێ لە یەکەیەکی گەورەتر کە دەشێت گومبەز و منارە و لادیوار و هتد. بێت.

**دوا وتە:**

دەمتوانی پتر لەسەر ئەم خاڵانە بوەستم و لە پەیوەندیی نێوان نووسراو و فیگەرەکان، یاخود لەسەر دەسەڵاتی فیگەر بەسەر نووسراودا زیاتر ڕابمێنم. ئەم کارەش دەکرێ بەهۆی دروستکردنی هەندێ تێرمی دوالیستییەوە ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە: دوالیزمی (ڕووناکی/تاریکی)، (ڕێکخستن/فەوزا)، (نێر/مێ)، (پاسیڤ/ئاکتیڤ) یان دوالیزمی (نەرم/ڕەق). هەریەکێ لەم جووتانە گەلێ ڕەهەندی تری پەیوەندیی نێوان نووسراو و فیگەرەکانی ئەم تابلۆیانەمان بۆ ئاشکرا دەکەن(بۆنموونە لەسەر ئاستی دەلالەتە جنسییەکانی نێوان نووسین و فیگەر و ڕەنگەکان)، بەبێ ئەوەی لەو زمانانە تێبگەین کە نووسراوەکانیان پێنووسراوە.. لێرەدا دەوەستم، بەو هیوایەی بینەر/خوێنەر خۆی هەوڵی ئەمکارە بدات و گەلێ پەیوەندیی دیکەی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە بدۆزێتەوە و بتوانێت لەهەمان کاتدا بیانبەستێ بە دیاردە مێژوویی و سۆسیۆ/کەلتوورییەکان کۆمەڵگای ئێمەوە. چونکە ڕەخنەی هونەری ڕووت و شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی تابلۆ، بەبێ دروستکردنی ئەو پەیوەندییە لە ئیشکردنێکی میکانیکی و سارد و سڕ زیاتر هیچیتری لێدەرنایەت.


پێویستە ڕەخنەی ئێمە بتوانێت لە یەك کاتدا هەم تێگەیشتن بێت لە بەرهەمی هونەری و هەم لە جیهانیش، ئەمەش نەك تێگەیشتنێکی بەجیا و دوور لەیەکتری ئەم دوو دنیایە، بەڵکو تێگەیشتنێ کە ئەو دوو دنیایە بەیەکەوە ببەستێ. چونکە جیهانی دەرەوەی کاری هونەری و جیهانی ناو کاری هونەری نەك هەر دوو یەکەی سەربەخۆ نین، بەڵکو دوو جیهانی پێکەوە بەستراوی ئۆرگانیکیشن. ئیشی ڕەخنەیی و میتۆدی زانستیی ئەوەیە ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە بەبێ ئەوەی بانگەشەی دوایین قسە و

ڕاستی لەسەر دنیای بەرهەمی هونەری و لەمەڕ جیهانەوە بکا. ڕەخنەگری هونەری و ڕاڤەکاری ڕاستەقینەش کەسێکە دەتوانێت بڕوای بە چوارچێوەیەکی تەئویلی دیاریکراو لەق ببێت و ڕەتی بکا، ئەمەش لەبەرئەوەی:

یەکەم: بۆی دەردەکەوێ کە ئەو چوارچێوەی ڕاڤەکردنە چیدی ناتوانێت بەشێوەیەکی پێویست تیشك بخاتە سەر ئەو لایەن و بونیادانەی بەرهەمەکان، کە بەلای ڕاڤەکارەوە گرنگن،

دووەم: یان لەبەرئەوەی لەساتەوەختێکدا ڕەخنەگر بۆی دەردەکەوێ ئەو تیۆرەی پشتی پێبەستووە هەڵگری ناکۆکی و دژایەتیی ناوخۆییەتی و،

سێهەم: یاخود لەبەرئەوەی ناتوانێت ڕوانگەی پێویست لەسەر بەرهەمەکە و بە بەڵگەی تەواوەوە و بەپشتیوانی ئەو چوارچێوە تەئویلییە بخاتە ڕوو.



17 18 19 20

لەم بارودۆخانەدا ڕەخنەگری ڕاڤەکار بەڵگەی تەواوی بەدەستەوەیە تاکو دەست لە شوێنگە تیۆرییەکەی پێشووی هەڵگرێ. بە پێچەوانەشەوە، کاتێ ڕەخنەگرێ بە



کەرەستەی تیۆرییەکی تایبەت هەڵدەستێ بە ڕاڤەکردنی بەرهەمێکی هونەری، دیاردەیەك یان ساتێکی کەلتووری و مێژوویی، ئەوە بڕوای هەیە کە دەشێت ئەو تیۆرەیە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن بەکاربهێنێ و بیخاتە گەڕ. هەڵبەت هەموومان دەردی وازهێنان لە ئایدیا و بیروا ناوازەکانمان تاقیکردۆتەوە و هەمووشمان ئەو دامودەزگایانە دەناسین کە لەسەر بیروڕای نارەواوە دامەزراون. هەروەها لای هەمووشمان ئاشکرایە کە ئەو دامودەزگایانە هەموو هەوڵێ دەدەن تاکو نەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەخنەگرەکانیاندا و لێرەشەوە خۆیان دەکەنە (دەستەیەکی داخراو) کە لەناو هەریەکێکیاندا زنجیرەیەك دۆگم دەخرێنە گەڕ کە لەلایەن (بڕوادارەکانیانەوە) کاریان پێدەکرێ و بەپیرۆز دەکرێن تا سەرئاستی تیرۆریزم و ئاژاوەنانەوە... گرنگیی کاری ڕەخنەیی ئەوەیە کە نەبێتە دامودەزگایەکی داخراوی نارەوا، هەروەکو چۆن گرنگیی کاری ڕەخنەگریش ئەوەیە نەبێتە بڕوادارێکی ملکەچ لەبەرامبەر دۆگمەکانی تیۆرەدا. ئەمەش ئەو ڕاستییە سادەیەیە کە پێویستە بنکەکانی فێرکردنی هونەریی لە کوردستاندا بۆ پەروەردەکردنی ڕۆحییەتێکی کراوەی ڕەخنەیی هەنگاوی لێهەڵبهێننەوە و ئازادیی تەواو بۆ خەیاڵ و هزری قوتابیان دەستەبەر بکەن..

**پاییزی ٩٩، دانمارك**

**پەراوێز و سەرچاوە:**

(١) ڕێبوار سیوەیلی: دنیای شتە بچووکەکان. کۆمەڵێ وتار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی ١٩٩٩، ل ل: ٥٩-١١٦ هەروەها بڕوانە:

Rewbwar S: Kunst og invitation. Roskilde University , Denmark: November 1999

(٢) سەبارەت بە چەمکی (بەرجەستەکردنەوە) لەلای ڕیکۆر، بگەڕێوە بۆ ڕ.سیوەیلی: نووسین و بەرپرسیاری (١٩٩٧) لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری بینین، ئەمەریکا، ل ل: ٤٩- ٥٥

(٣) هیلینە گاردنەر: هنر در گذر زمان. تهران: آگاه ١٩٨٦

(*) گۆڤاری ئایندە، ژمارە: ١٢ی ٢٠٠٠

21



22




They say: wind of exile carried him away
He is astray in foreign lands
They don't know I gave him asylum in my heart
Which he will not leave until the last whisper of life.
Kemal Mirawdeli

23


1999
ALFARKH
ISRAEL
PALESTINE

24

## فۆتۆگرافی:
## ڕاستییەکی بینراو، درۆیەکی ڕووناك!

**فۆتۆگرافی** وێڕای هەر پێناسەیەکی دی، کە دەکرێ بۆی بکرێت، شێوەیەکی تەعبیرکردنی مرۆڤە لە خۆی.. دەتوانین بە راووردی بکەین بە وشەی (نوسین) و وەکو نوسینیش دەتوانرێ بۆ تەعبیرکردن لەهەر شتێك بمانەوێ بەکاری بهێنین: هەر لە بواری دەقێکی بچووکی یەکڕستەییەوە تا ڕۆمانێکی دە بەرگی.. بۆیە دەتوانین بڵێین: فۆتۆگرافی زیاد لە سیمایەکی هەیە و هەر دیاردەیەکیش فرە سیما بێت، ناکرێ لە یەك پێناسەدا کورت بکرێتەوە، ئەوانەش کە ئەم کارەیان کردبێت لە ڕوانگە و پێگەی جۆربەجۆرەوە دواون و گەلێ جاریش ترش و ماشیان تێکەڵکردووە. دیارە ئەم قسەیە والتەر بنیامین و ڕۆلان بارت و سۆزان سۆنتاگ و جۆن بێرگەر و کەسانێکی دیکە ناگرێتەوە. چونکە ئەوان بەلایکەمەوە شتەکان تێکەڵ ناکەن، ئەگەر نەتوانن بەڵگەی پێویستی بۆ بهێننەوە!.

بۆ نمونە، بارت لە سێ شوێندا و لە سێ پێگەی جیاوازەوە لەم دیاردەیە دواوە: جارێك لە وتاری (مانای سێهەم)دا، بە نمونە هێنانەوە لە فیلمی بێدەنگ، وەك (زمان) پێناسەی کردووە، جارێکی دیکە لە وتاری (ئاخاوتنی وێنە)دا، باس لە (پڕوپاگەندەی وێنەیی) دەکات و جاری سێهەمیش دوای مەرگی دایکی، لە ڕوانگەیەکی زۆر شەخسییەوە فۆتۆگرافیەکانی خۆی لە شێوەی چەند (گوتراو: Fragment)ێکدا ڕیز دەکات و کتێبێکی لێدەکەوێتەوە بەناوی (ژوورۆکەی ڕووناك)، کە هەرکەس بیخوێنێتەوە، نەك هەر فۆتۆگرافیی لەلا خۆشەویست دەبێت، بەڵکو ئارامییەکیش دەکەوێتە ژیانیەوە. (ئەرێ بەڕاست ئەگەر من ئەو کتێبەم نەخوێندباوە، چۆن ئەو هەموو ساڵانە بەرگەی ژیانی تاراوگە و تێکشکانە گەورەکەمم دەگرت؟!)

بەهەمان شێوە (سۆزان سۆنتاگ)ی ئەمەریکی لە ڕوانگەی جیاواز و لێکدوورەوە کتێبێك دەنووسێ بەناوی (لەبارەی فۆتۆگرافییەوە) کە گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، هەم لەڕووی تیۆرییەوە و هەم لەڕووی ئێستاتیکییەوە. پیر بۆردیۆی فەرەنسیش گفتوگۆ لەبارەی وێنەکانی بنەماڵە و خێزانەوە دەکات و گەلێ ئەنجامگیری سۆسیۆلۆژی وەگیر دەکەوێ. بەهەمان شێوە کەسانێکیش هەن لە ڕوانگە تەکنیکیەکەوە ئەم دیاردەیەیان شییکردۆتەوە و پێکهاتەی میکانیکی کامێرایان بە هەند وەرگرتووە.

لە دنیای ئەکادیمیشدا فۆتۆگرافی منالێکی نامۆیە، کە بەشێوەیەکی گشتیی، نە دەچێتە ژێر سەیوانی زانکۆکان و نە لە سێبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکاندا جێی دەبێتەوە. لە دنیای ئێمەشدا فۆتۆگرافی ئەرکێکی پراکتیکی پێبەخشراوە و زۆرجار لە دائیرەکانی نفوس و مروور و تاپۆوە ناچارمان دەکەن بە ڕەسم گرتنی خۆمان و، تا دێت دیمەنی ڕیزبوونی کامێرا گەڕۆکەکانی بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانی و دەوری قەڵای هەولێر، بەخۆیان و سندوقە ڕەشپۆشەکانی بەیانیانی زووەوە، لەناو دەچن و فۆتۆگرافەکانیش بەخۆیان و گیرفانی بەتاڵ و پەنجە بە دەرمان سووتاوەکانیانەوە، عەوداڵی کەسابەتێکی دیکە دەکرێن..

وەلێ نابێت ڕۆڵی فۆتۆگرافی و گرنگییەکەی هەر لە هۆڵی زانکۆ و پەیمانگاکانەوە دیاری بکەین، چونکە هەموومان لەوەدا کۆکین، کە فۆتۆگرافی لە جیهانی مۆدێرندا یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیکردن و، گرنگیی بەرهەمە دیدارییەکان لەهەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵگادا هەستیان پێدەکرێت.

زۆرجار دەگوترێ فۆتۆگرافی لەپەیوەندییەکی نەپساودایە بەو بوارانەوە کە نەستی گشتیی مرۆڤەکانیان لێ پێکهاتووە: واتە ئایین، مەسرەف، بەها کەلتورییەکان، یادوەری، غەریزەکان و تەجەللا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەو کەسانە کەمن، کە لە کاتی قسەکردنیاندا لەسەر کۆنەستی مرۆڤەکان، پەنا بۆ قسەکردنێکی تیۆری لەسەر فۆتۆگرافی دەبەن. ڕاستە فۆتۆگرافی وەك سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری تەماشای دەکرێ، بەڵام هێشتا بەهەمان ئەندازەی ئەوەی کە فێربووین وشەکان بخوێنینەوە، فێرنەبووین ڕەسمەکان بخوێنینەوە.

فۆتۆگرافی ئاستێکی زمانە و وەکو ئاستەکانی دیکەی زمان بۆی هەیە هەم شێوێنەر و هەم فرە ماناش بێت. ڕەنگە بێسوود نەبێت لێرەدا جەخت لەسەر مانای وشەی (فۆتۆگرافی) بکەمەوە: ئەم وشەیە بە مانای (نوسینی ڕووناکی) دێت، یاخود (نوسین بە

ڕووناکی) دەگرێتەوە و ئەمەش پێماندەڵێت، کە مرۆڤێك بە ناوی فۆتۆگراف، قەڵەمەکەی دەخاتە کار و لە بری ئەوەی بە مەرەکەب بنووسێت، بە ڕووناکی دەنووسیٚ!. لێرەوە دەتوانین فۆتۆگرافی وەك زمان بچوێنین بە تێکستێك، کە دەبێت بخوێندرێتەوە و ڕاڤەبکرێت و لێی حاڵی ببین.

هەموو فۆتۆگرافییەك دەتوانێت جۆرەها خوێندنەوە بهێنێتە بەرهەم، ئەمەیان پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە دەیخوێننەوە و تەماشای دەکەن و ڕاڤەی دەکەن. لە هەموو تەماشاکردنێکی فۆتۆگرافیدا کۆمەڵێك مەرجی باوی شێوەی خوێندنەوە و یادوەری خۆیان دەسەپێنن کە ئێمە لەسەریان ڕێککەوتووین. بۆ نمونە ئەو مەرجە کەلتووریانەی کە ئێمە لەناویاندا پەروەردە بووین و وەك شتێکی سرووشتی پەسەندمان کردوون و دەڵێی چاویلکەیەکن لە منداڵییەوە کراونەتە چاومان، بەڵام زۆرجار لە ئاست لێکدانەوەیەکی دیکەی ماناکانی فۆتۆگرافیدا، کوێر و نابینامان دەکەن..

***

فۆتۆگرافی وەك دیاردەیەکی تەعبیری و لەوێشەوە وەك جۆرێك لە زمان، پەیوەندیی هەیە بە چەند نیشانەیەکی سیمیۆتیکییەوە (زانستی نیشانەکان)، کە فەیلەسووف و زماننناسی ئەمەریکی چارڵس پیرس باسی لێوەکردوون و دابەشیکردوون بە سەر سیٚ ڕەهەندەوە: ڕەهەندی (ئیندیکسی)، ڕەهەندی (ئیکۆنی) و ڕەهەندی (سیٚمبولی). بەمانایەکی تر، هەموو نیشانەیەك سیٚ لایەنی هەیە: کاتێك بابەتێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەیارمەتی ڕووناکی، لەسەر ڕووبەر و پانتاییەك دەرکەوێت، پێیدەگوتریٚ: نیشانەی ئیندیکسی (بۆ نمونە شوێنپێی ئاژەڵێك لەسەر بەفر). ئەو بابەتە دەبێتە (ئیکۆن) ئەگەر پەیوەندییەك لە نێوان وێنەگیراو و وێنەکەدا، لەسەر بنەمای لێکچوونەوە دروست ببێت، (وەك ئەو فۆتۆیەی ئەو ڕۆژە لەبەردەم پەیکەری ئیبنولمستەوفیدا، لەسەر قەڵا گرتمان و لە خودی خۆمان دەچێت)!. لایەنی (سێمبوولی)ی نیشانەکان کاتێك دروستدەبێت، کە لەسەر بنەمای زنجیرەیەك یاساوە دامەزرابێت و هەموومان لەسەریان ڕێککەوتبین: وەك ئەو فیگەرەی لەسەر دەرگای ژووری بەڕێوەبەر هەڵواسراوە و پێماندەڵێت: (چوونەژوورەوە قەدەغەیە)! یاخود وەکو ئەو



فیگەرەی کە لەسەر دەرگای ئاودەستی چێشتخانەکانە و پێماندەڵێت: ئەمەیان (ئاودەستی پیاوانە) و ئەوەیان هی (ئافرەتان)..

وەك یاسایەکی گشتی، فۆتۆگرافی هەموو ئەم لایەنانە لە خۆی دەگریٚ، وەلیٚ هەندیٚ جۆری فۆتۆ زیاتر جەخت لەسەر لایەنی ئیندێکسی و هەندێکی تر لەسەر لایەنی ئیکۆنی و هەندێکیشیان لایەنی سێمبوولی دەکەنەوە. هەر ئەمەشە وادەکا مرۆڤ نەتوانێت شتێکی یەکگرتوو لەسەر فۆتۆگرافی بڵێت، یان پێناسەیەکی سەرجەمگیر بۆ ئەم دیاردەیە بکات. بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت شتێك بەناوی (مێژووی فۆتۆگرافی)یەوە بنووسین، ئەوە مانای وایە کە لەو بڕوایەداین شتێکی هاوبەش هەیە بەناوی (جەوهەری فۆتۆگرافی)یەوە، کە وێڕای کات و شوێن، هەموو فۆتۆکان پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆیە چاکترە لەبری ئەوەی مێژوویەك بۆ فۆتۆگرافی بنووسینەوە، باس لە (فرەمێژوویی) ئەم دیاردەیە بکەین.

***

فۆتۆگرافی کوڕی ڕۆژگاری سەرهەڵدانی پیشەسازی و بڕوای فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمە بە ئەگەری هەبوونی (ڕاستییەکی زانستی). ئەم میدیایە لە کاتێکدا پەیدا دەبێت کە لە بواری هونەردا مشتومڕ لەسەر پەیوەندیی نێوان واقیع و ڕەنگدانەوەی واقیع، لە نێوان (واقیع) و (نوێنەرایەتیکردن)ی واقیع، بەهەر لایەکدا شەپۆلی دەدا. پرسیاری سەرەکیی ئەمە بوو: ئایا دەبێت هونەر بەشێوەیەکی (بابەتیانە) ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕاستەقینە بێت، یاخود خۆی تەسلیمی جوانی و میتافیزیکا و ئەخلاق و بەها بەرزەکان بکات؟

هاوشان بە سەرهەڵدانی سەرەتایی دیاردەی فۆتۆگرافی، شەپۆلێکی ڕیالیستانە لەهەمان سەردەمدا دەبینرێت، کە خۆی لە ڕۆمانی واقیعی، یادداشتنامەنووسی و ئەدەبی بەڵگەنامەییدا دەردەبڕێت و لە هەمان سەردەمیشدا هەواڵنامەکان و مۆززەخانە مێژووییەکان سەرهەڵدەدەن، کە هەموو ئەمانە ئاشکراکەری ئەو بڕوا باوەن بە هەبوونی پانتاییەك بەناوی (واقیعی) و (ڕاستەقینە).

قەدەری فۆتۆگرافی لەو بەڵێنەدایە کە پێی داوین بۆ سڕینەوەی سنووری نێوان مۆدێل و کۆپییەکەی و هەروەها بۆ تەحقیقکردنی ئەو یۆتۆپییایەی کە لە ئێستادا ئەگەری دۆزینەوە و گەیشتنەوە بە ڕابردوومان دەداتیٚ. گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ هەر لە

سەرەتای سەرەتاوە، ویستویەتی ناسنامەی خۆی بەهۆی ڕەسمەوە سازبکات و شێوەیەکی پێببەخشێت و تێیبگات. وێنەی سەر ئەشکەوتەکان و نومایشە سێبەرئاساکانی چاخی بەردین، بەڵگەی ئەم قسەیەن..

لەگەڵ دۆزینەوەی کامێرا و تەکنیکی شتنەوەی فیلمیشدا، ئەم ڕەوەندە خێرایی هەورەبرووسکە بەخۆیەوە دەگرێت. لە ساڵانی (١٨٣٠ و ١٨٤٠)ـەکاندا، مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم میدیا تازەیەدا فێ دەیگرێ و بیروڕای باو ئەوەیە کە چاوێکی (بابەتیانەی واقیعبین) دۆزراوەتەوە. لەو سەردەمەدا کامێرای فۆتۆگرافی بەشێوەیەکی میتافۆریانە وەسفی دەکرا و بە: (پێنووسی سرووشت) و (ئاوێنەی بیر تیژ) ناوی دەبرا.. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنە پۆزەتیڤانەیەشدا بوو، کە ئەبیستیمۆلۆژیا، یان تیۆرەیەکی مەعریفی تایبەت بە فۆتۆگرافی دامەزرا، کە بڕوای وابوو کامێرای فۆتۆگرافی بەشێوەیەکی میکانیکی واقیعێکی ڕاستەقینەی بابەتیانە بەرهەم دەهێنێتەوە و هەمان تیۆرە لە ئێستاشدا تێگەیشتنی زۆربەمان لەسەر فۆتۆگرافی پێکدەهێنێت. کێ هەیە لە ئێمە گومانی هەبێت لە واقیعیەت و حەقیقەتی فۆتۆکان؟

لەلایەکی ترەوە، شێوەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی فۆتۆگرافیەکان لەلایەن زۆربەمانەوە لەو ڕاستییەوە هاتوون، کە ئێمە گومانمان لە حەقیقەتی ڕەسمەکان نیە، بۆ نمونە بڕوانە ڕەسمی ڕۆژنامەکان، ئیدیعایەکان و وێنەکانی خێزان و هاوڕێیانمان.. بەپێی ئەو تێگەیشتنە، فۆتۆکان پەنجەرەیەکن بەرەو دنیای واقیعی، بەبێ ڕەخنە قەبووڵیان دەکەین و بیرمان دەچێتەوە کە ڕەسمەکان تەنیا دەربڕینێکی دیداریانەن. هەر لەبەر ئەم خاڵەشە کە زەحمەتە دەمامکەکان لە ڕووخساری فۆتۆگرافی بکەینەوە و لە پێناسەیەکی جەوهەریدا کورتی بکەینەوە. چیمان لە دەست دێت، جگە لەوەی کە بڵێین: فۆتۆگرافی هەیە و تەواو: ئەوەی دەیبینیت خودی خۆمم، ئەوەشیان باوکمە و ئەوەش تۆیت!

ئەم تێگەیشتنە لە فۆتۆگرافی کارێکی کردووە کە فۆتۆگرافە پێشڕەوەکان بەردەوام پێویستییان بەوە هەبێت خۆیان ڕوونبکەنەوە و زۆریشن ئەو فۆتۆگرافە مەزنانەی کە (مانیڤێست)ی جۆربەجۆریان لەمەڕ جیاوازیی کارەکانیانەوە نووسیون. بەلای هەندێکیانەوە، فۆتۆگرافی شتێکی غەریزی، شهوودی و هەستیارانەیە، لەلای هەندێکی تریان بریتیە لە هەڵقەی زنجیرە ڕەفتارێکی دەقیق و بیرلێکراوەی ڕەوەندێکی ڕۆشنبیری، بەلای هەندێکی دیکەوە دیاردەی فۆتۆگرافی شێوازێکی تایبەتی نیگا و تەماشاکردن و بوونە لە جیهاندا و بەلای دەستەیەکی تریشەوە وێنە ئامرازێکی هونەرییە وەك هەر ئامرازێکی دیکە.

بەدرێژایی سەدەی بیستەم فۆتۆگرافەکان و تیۆریستەکان سەرقاڵی دابڕاندن و پێناسەکردنی فۆتۆگرافی بوون وەك دیاردەیەکی تایبەت. لە بواری تیۆری و پراکتیکیشدا گەڕان بەدوای فۆرمێکی تایبەت و ئۆنتۆلۆژیایەکی تایبەت بە فۆتۆگرافی، ئەرکێکی بەڵگەنەویست بووە. خاڵی هاوبەش ئەوەبووە کە بگوترێ: فۆتۆگرافی وەختێك فۆتۆگرافیە کە ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، بەرلەوەی ڕەسمێك بێت! بەم پێیەش وەك (بێرنیس ئابووت) گوتویە: ڕیالیزم جەوهەری فۆتۆگرافیە.

ڕەخنەگر و تیۆریستەکانی وەك (بنیامین و بارت و سۆنتاگ)یش لە بیرکردنەوەیەکی (جەوهەریانە)وە قسە لەسەر فۆتۆگرافی دەکەن. ئەوان هەوڵدەدەن شتێکی گشتی بڵێن، کە باسکردنی فۆتۆگرافی وەك جۆرێك لە (زمان) بگرێتەوە، واتە جەوهەرێکی زمانیی پێببەخشن. دەیانەوێ ئەو شتە ڕوونبکەنەوە کە فۆتۆگرافی وەك میدیایەك لە هۆیەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕ جیا دەکاتەوە، کە شێوەی دەربڕینەکەیەتی. لەژێر کاریگەریی ئەمانیشدا کۆمەڵێك تیۆریسینی نوێ لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگەی (پێش زەمینەخوازی)دا، ڕاڤەی فۆتۆگرافییان کردووە. مەراقی ئەمان ئەوەیە بزانن ئاخۆ فۆتۆگرافی چۆن لەناو گوتاری دامەزراوەکاندا بەکار هاتووە و بە چ شێوەیەکیش (مانا) هەمیشە پەیوەستە بە پێشزەمینەوە، واتە بەو کۆنتێکستەوە کە ماناکە لێوەی سەری هەڵداوە؟ دروشمی ئەم گرووپە ئەوەیە کە دەڵێن: فۆتۆگرافی بۆخۆی هیچ ناسنامەیەکی نیە، خەسڵەتەکانی خۆی لەو فاکتەر و دامەزراوانەوە دەهێنێتە دەست کە پێناسەی دەکەن و دەیخەنە مەیدانی کارکردن و بەکارهێنانەوە.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمیشدا کۆمەڵێك لە فۆتۆگراف و تیۆریستەکان، هەموو تێگەیشتنێکی جەوهەریانەیان لەبارەی فۆتۆگرافییەوە هەڵوەشاندەوە و ڕەخنەیان لە دیاردەی فۆتۆگرافی وەك میدیایەك گرت، کە دەتوانێت حەقیقەتەکانی واقیعمان بۆ باس بکات. لێرەوە فۆتۆگرافی کرایە بەرهەمهێنەری ئەو مانایانەی کە (مەبەستن بگەیەنرێن) و هەموو (حەقیقەتێکی فۆتۆگرافیانە) خرایە بەر گومانی هەڵوەشاندنەوە.

وەکو (میدیایەکی هەلپەرست) پێناسە کرا، کە لە بەرەبەیانی لەدایکبوونیەوە هەستاوە بە دروستکردنی درۆ و سازدانی خەسڵەتگەلێکی ئاراستەکراو لە دەوروبەری ناسنامەی مرۆڤ و ئایدیۆلۆژیە سیاسیەکان و کەسایەتیەکان و هتد. بەڵگەی قسەکانی ئەم دەستەیەش لە گرنگیدانی جیهانی مۆدێرن بە شەپۆلەکانی وێنە و زنجیرەی ڕیکلامەکانەوە دەهێنینە دەست، کە چۆن ئایدیۆلۆژیا دەیەوێت خۆی لە ڕێگەی وێنەکانەوە تازە بکاتەوە و سەرلەنوێ بەرهەم بهێنێتەوە و دەست بەسەر واقیعیدا بگرێت.

***

لەگەلێك ڕووەوە ئەم هەلومەرجەی گەشەسەندن، (دیاردەی فۆتۆگرافی) لە ناوجەرگەی بۆمبەستی پرسیارێکدا بەجێهێشتووە: چۆن هونەرێك دەتوانێت بەردەوامبێت، لەکاتێکدا بانگەشەی مردن و کۆتاییهاتنی کراوە و بە میدیایەکی درۆزن و شێوێنەر لەقەڵەم دراوە؟. ئەم پرسیارە خۆی لە خۆیدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئاراستەیەکی دیکەی قسەکردن لەسەر دیاردەی فۆتۆگرافی، کە دەیەوێت پردێك لە نێوان تێڕوانینەکانی پێشوودا ڕایەڵ بکات. واتە پردێك لە نێوان ئەو تێڕوانینەدا کە بەلایەوە فۆتۆگرافی وەکو پەیامێکی عەفەوی و بێ ئاماژە و کۆدە و (کونێکە بەرەو ڕابردوو)، لەگەڵ ئەو ڕوانینەشدا کە فۆتۆگرافی بەلایەوە میدیایەکی خاوەن ئاماژەیە و بارگاوی کراوە بە پەیامی ئایدیۆلۆژی بەمەبەستێکی تایبەت و دیاریکراو لە پێناوی کاریگەری بەخشیندا.

هەڵبەت دەمەوێ ئەوە بەیاد بهێنمەوە، کە ڕەسمی فۆتۆگرافی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاسایی بە واقیعەوە نیە، هەموو ڕەسمێك بەوەدا کە چوارچێوەیەکی هەیە و بەشێك و چرکەساتێك لە واقیع وشك دەکا، دەبێتە ئامرازێکی نوێنەرایەتیکردن. ئەوەی دەیبینین خودی واقیع نیە لەبەر چاوماندا، بەڵکو (واقیع شێوەیەکی) کاغەزییە! لێرەشەوە هەموو ڕەسمێك، چاودێریکەرێك (واتە خودی فۆتۆگرافەکە) ڕاپێچدەکاتە ناو دنیای خۆیەوە و لەهەمان کاتیشدا شتەکان لە ئێمەی بینەر نزیکدەخاتەوە کە پێشتر بەچاوی کەسێکی دیکە بینراون. هەموو فۆتۆگرافییەك ئاشکراکەری سیمای دوو ڕوویی خۆیەتی: ئەوەی کە هەبووە و ئەوەی کە فۆتۆیەکە دەبێتە نیشانە و شایەتی ئەو



هەبوونە. دووڕوویی فۆتۆگرافییەکان لایەنێکی ڕاستەقینە و لایەنێکی درۆزنانەیان هەیە، ڕاستەقینەکەیان ئەوەیە کە ئێمە بەچاوی کەسێکی دیکە تەماشای جیهان و بابەتێك دەکەین، نەك تەماشای جیهان وەك ئەوەی کە هەیە. لایەنە درۆزنەکەشی ئەوەیە کە فۆتۆگرافیەکان ئێمە بەو جیهانەوە دەبەستنەوە، کە لە ڕووی کات و شوێنەوە لێمانەوە دوورە.

***

لەنێوان ئەم ڕاستی و درۆیەدا پانتایی چێژبینین لە تەماشای فۆتۆکان دەستپێدەکات، کە چاوێکی دیکە پێش ئێمە بینیونی و ئەوەتا ئێمەش لەسەر ئەم پارچە کاغەزانە تەماشایان دەکەینەوە:

تەماشای پووشکە بەقوونەیەك، کە لەسەر گۆپکی درەختێك نیشتۆتەوە و دەمباتەوە بۆ دنیای منداڵیم، کە پڕ بوو لەو فەنتازیایەی پێیدەگوتم: پووشکە بە قوونەیەك بگرە و لەسەر پشتی دانیشە و بفڕە لەگەڵیا با لێرە دوور.. دوورت بخاتەوە. تەماشای ڕیزێك دڵۆپە ئاو کە لەسەر گەڵایەك بەدوای یەکتردا قەتارەیان بەستووە و من دەزانم لە مێژە تێکەڵبوون، لە نووکی گەڵاکەوە چۆڕاونەتە خوار و لە داوێنەوە مێروولەیەکی گەڕۆکیان بۆتاوێ ڕەچڵەکاندووە و تلیساندۆتەوە! تەماشای چۆلەکەیەکی سەرمابردەڵەی سەر تەلێ، کە وا دەزانێت خۆریش دەنکە گەنمە و ئاوڕی داوەتەوە تاکو لە هەلێکدا بە دەنووك دایگرێتەوە.. تەماشای کرێکارە خەولێکەوتووەکانی بەیانیانی زوو، کە پاچ و خاکەنازەکانی لایانەوە، نیشانەی ئەو شەڕە سەختەن کە دەبێت مرۆڤ، لێرە لەگەڵ ژیاندا بیکات.. تەماشای منداڵانی نەعل لەپێی قاچ و قوول ڕەشی گەڕەکی ئاوارەکان، ...

منیش تا منداڵییە لەدەستچووەکانی خۆم.. تا گەیشتنەوە بە هاوڕێ ئاوارەکانم.. تا گریان و فرمێسك، تا بەرەنگاربوونەوەی واقیعێکی نایەکسان و دڕندە، تەماشا دەکەم.. واقیعێك، کە پێش من چاوی فۆتۆگرافەکان بینیویانە و لێی ڕاماون و بەرەنگاری بوونەتەوە، بەوەی کە چرکەساتێکی لەسەر ئەم پارچە کاغەزانەی پێشچاوم بۆ ووشك کردووم، چرکەساتێکی هەمیشە زیندوو..

# شاملوو:
# پێیەکانی لەسەفەر کەوتن،
# شیعرەکانی: نەء(*)

**هێندە** بە پێوە بوو تا قاچێکیان بڕییەوە و ویستیان تا ئەبەد بێدەنگ لەسەر گازی پشت ڕاکشێ. ئەو شەوە درەنگەش کە لە ڕادیۆوە گوێم لە خەبەری مردنەکەی بوو، ئەستێرەکان ڕژانە چاومەوەو شەماڵ بۆنی شیعرەکانی ئەوی گرتبوو.

شاملوو وەك جەستە، یەك ساڵ کەمتر لەسەدەی بیست و یەکەمدا ژیا، بەڵام دڵنیام لە کتێبەکانی ئەم سەدەیەدا بە باخێك دەچێ لە هەر ساتێکدا ژیان و مرۆڤ بکەونە مەترسییەوە، سێبەری گوڵ و درەختەکانی ئەو باخە داڵدەیان دەدەن. تێدەگەم بە مردنی ئەو، ئێمە دڵنیاییەکی خۆمانمان لەدەست دا، تازە هەرگیز لە تاران و هەر شوێنێکی دیکەی جیهان، هەست بەو دڵنیاییە ناکەین کە پێشتر هەستمان پێدەکرد و لێرەشەوە لەبەردەم هرووژمەکاندا تەنیاتر دەبین.. ڕەنگە خەمگینتریش و بێدەسەڵاتتریش.

کە قاچیان بڕییەوە، تێگەیشتم: ئەوەی تەکنەلۆژیای جەنگ و کۆنترۆڵ ناتوانێ ئەنجامی بدات، زانستی پزیشکیی مۆدێرن لەناو خەستەخانەکاندا تەواوی دەکات و تەکنیکەکانی ئەمیان خۆی دەگەیەنێتە نادیارترین و ئالۆزترین شوێنی ئەندامەکانی جەستەمان. ئەم زانستە بێباکانە لەسەر جەستەی شیعریش خۆی تاقیکردەوە و ڕەنگە ئەمەش بە سەرکەوتنێك لێکدرابێتەوە.. وەلێ بڕینەوەی قاچێکی مرۆڤ، هەر جۆرە چارەسەرییەکیش بێت و بەهۆی هەر بەڵگەیەکەوە پاساوی بدەینەوە، هێشتا ناتوانێت دەستدرێژییەك نەبێت بۆسەر مافی ئەو مرۆڤە بۆ بەردەوامیی لە ڕۆیشتن و پیاسە و سەفەردا، بۆ ئامادەیی ئەو مرۆڤە لەسەر شەقام و ناو باخچە و سەکۆی هەڵپەڕینەکاندا..

***



تەکنیکی پزیشکی لە بڕینەوەی قاچێکی مرۆڤدا، هەر بەڵگەیەکی هەبێت، ناتوانێ خزمەتکردن نەبێ بە (کەلتووری دانیشتن). کەلتووری دانیشتن دیاردەیەکی سەدەی بیستەمییە کە گوتاری تەکنیکی پیشەسازیی دروستکردنی کورسی و قەنەفە و جۆرەکانی دیکەی ئەسپابی ڕازاندنەوەی ماڵ، لە پشتییەوە ئامادەیە. ئەم گوتارە پێماندەڵێ: (دانیشە، تۆ دەبێت پشوو بدەیت)، (دانیشە بە پێوەبوون جوان نیە)، (دانیشە، تا ببیتە مرۆڤێکی مۆدێرن)! و (دانیشە، تا مەدەنیەتی خۆت بسەلمێنی!). بەڵام مانای ئەودیوی ئەم گوتارە ئەوەیە کە دەیەوێت پێمان بڵێ: (بمکڕە، چونکە من دەمەوێ مەسرەف بکرێم، مەسرەفم بکە، با مۆدێلەکانم بگۆڕم، بەکارم بهێنە تا هەست بە موڵکایەتی تایبەتی بکەیت و خۆشبەخت بیت!، بمکە بەهی خۆت، تاکو بازاڕەکانم گەرم بێت..).

ئالێرەوە ئێمە دەبینین مۆدێرنیتە نەك وەکو نرخ و بەها و پرنسیپەکان، نەك وەکو بیرکردنەوە و مافی مرۆڤ و هەستکردن بە دەروەستی و هتد، بەڵکو لە شێوەی مۆدێلەکانی کورسی و قەنەفە، لە سەرئاستی کردنەوەی هوتێل و شوێنەکانی سەرگەرمی و پشوودان و کات بەسەربردن و مۆدێلی جۆربەجۆری سەیارەکان، دەگاتە لای ئێمە، بەبێ ئەوەی ئەم شتانە خۆشبەختمان بکەن، بمانکەن بە مرۆڤێکی مۆدێرن و مەدەنی و هتد. هەمووی ئەم دیاردانە، برەودانن بە جۆرێك لە جۆرەکانی (کەلتووری دانیشتن) و فەرامۆشکردنی پێیەکانمان، کە لەهەمان کاتیشدا خاڵی پەیوەندیی ئێمەن بە زەوی و خاك و کۆمەڵگاو مرۆڤەکانی دیکەوە. ئەمەش لەکاتێکدا کە زیاتر لەهەر سەردەمێ پێویستیمان بە ڕۆیشتن و سەفەر و کۆکردنەوەی ئەزموون هەیە. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم :هیچ کاتێ وەك سەدەی ڕابردوو و ئەم سەدەیە مرۆڤ دنە نەدراوە بۆ لەبیرکردنی پێیەکانی خۆی، بۆ قەبوولکردنی حاڵەتی (دانیشتن) وەك جۆرێ لە تەسلیم بوون و پاسیڤبوون و ڕەزامەندیی لە ئاست ئەوەی پێیدەبەخشرێت و بە مەرگی سەر تەختێکی نووستن لە خەستەخانەیەکدا کۆتایی پێدێت. مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا لەهەر لاوە ناچار دەکرێ هەنگاوێ لە خەباتکاریی شارستانیانەی خۆی، لە عەرەقڕشتنی سەدەها ساڵی تەمەنی خۆی بۆ هەستانە سەرپێ و بوون بە مرۆڤی تەواو، پاشگەز ببێتەوە و بگەڕێتەوە سەر ئاستی چۆکدادان و ئیکلام کێشان.. ببێتەوە بەو کائینە بێدەسەڵاتەی

که هێشتا پێی نەگرتووە و لە دۆخی کڕنووش بردن و بێدەسەڵاتی و موحتاجبووندایە بە ئەوانیتر. لەهەرلا ناچار دەکرێین بگەڕێینەوە بۆ دۆخی سەرەتایی، کە تیایدا پەیوەندیی ئێمە بە جیهان و ژیانەوە لە ڕێگەی دەم و کۆمەوە بوو: لە دەمەوە دەمانخوارد و لە کۆمەوە دەرماندەهاویشتە دەرەوە. لەبەرئەوە: کەلتووری دانیشتن، کەلتووری دەم و کەلتووری کۆمە: کەلتوورێکە پێماندەڵێ: (دانیشە، حەزت لەهەر چییەکە بۆت ئامادە دەکەم.. ها، بخۆ و بچۆ خۆت خاڵی بکەوە، بەڵام بێدەنگ بە)، (دانیشە، ئەم کورسییە بۆ خۆت و چۆنت دەوێ، کارمەندەکانت بتۆقێنە، بەڵام چۆڵی مەکە!)، (دانیشە، ئەم وەزیفەیە بۆخۆت و چیت دەوێت بیکە، بەڵام ملکەچ بە)، (دانیشە، ئەم دەسەڵاتە بۆ خۆت و چۆنت دەوێ ئاوا ڕەفتار بکە، بەڵام بیرت نەچێ لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆتدا، بەرژەوەندی هەمووان بخە ژێر پێتەوە..)

***

که پێیەکانمان لە دەست دەدەین، بمانەوێ و نەمانەوێ زمانیشمان لە دەستداوە. زمان وەك سەرچاوەیەکی سازدانی دنیا و وەکو هۆکارێکی پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، زادەی قۆناغێکە کە ئینسان توانی تیایدا پێبگرێت و لەسەر قاچی خۆی بوەستێ. ئەمەش قۆناغێکی گەشەکردنی هووشیاری و جەستەیی بوو، کە لە هەستانە سەرپێدا، ئاسۆی دیکەی لێدەرکەوت و ئیشتیاقی بۆ فراوانبوونی جیهانی خۆی و ئاگایی ئەو بەرامبەر چێژی ئەم فراوانبوونە، هانیدا زمانیشی لە کۆمەڵێ دەنگی پچڕ پچڕەوە ببێتە یەکەیەکی دەستووری و وشەکان بێنە گۆ و پڕ بن لە مانا. مرۆڤ نەیدەتوانی لە ئاست ئەو خۆشییەدا بێدەنگ بێت کە هەستانە سەرپێ پێی بەخشی. بۆیە دەشێێت دروستبوونی یەکەمجاری زمان وەك سیستەمێکی پەیوەندیکردن زادەی ئەم بارودۆخە بێت. واتە بارودۆخێ کە تیایدا مرۆڤەکان بەهۆی هەنگاوی پێیەکانیانەوە وردە وردە پەرش و بڵاودەبنەوە، لە یەکتر دوور دەکەونەوە و لێرەشەوە پێویستییان بە دەنگ و وشە دەبێت بۆ یەکگرتنەوە و شوناسکردنی شوێنی یەکتر، بۆ ناوهێنانی یەکتر و دەربڕینی هەست و پەیامی خۆیان بۆ یەکدی.

بەڵام لەدەستدانی پێیەکانمان و تەسلیمبوونەوە بە کەلتووری دانیشتن، زمانیش لە ئاستی هۆکارێکی پەیوەندییەوە دادەبەزێنێتەوە سەر کۆمەڵێ ناڵە ناڵ و نووزە نووز و



دواجار قوولپی گریان و پاشان کپبوون و خۆخواردنەوە و دواجار بێدەنگییەکی هەمیشەیی.. بۆیە کاتێ پێیەکانمان لە دەست دەدەین، ئیدی وشەکانیش دەئالۆزکێن، ماناکان دەژاکێن، پەیامەکان ناگەن و پەیوەندییەکان دەبنە پەیوەندیی، یاخود موحتاجیی یەکلایی ئێمە بە کەسانێکی تر. یاخود ڕاسترە بڵێم: ئەوکاتەی قاچمان دەبڕنەوە و لە جێدا دەکەوین، ئیدی دەکەوینە بەر سێبەری ئەو بەزەییەی کە نزیکەکانمان لە ئاستماندا دەینوێنن، جا ئەمە لە خۆشەویستییەوە بێ، یان تەنیا ئەرکێك بێت و ئەوان بە ڕەزامەندیی خۆیان، جێبەجێی بکەن.

شاملوو وەك جەستە نەیتوانی کۆتایی ساڵانی تەمەنی خۆی لە شاڵاوی ئەو کەلتوورە بپارێزێت، کە ئەوی بە زۆر دەبردەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی بێدەسەڵاتی و زەلیلیی مرۆڤ و بەزۆر دەیکردە کۆیلەی دانیشتن: سەرەتا قاچی بڕایەوە، پاشان لە جێدا کەوت و دواجار زمانی شکا و وشەکانی تێکئالۆزکان و پێوستیی بە کاسانێك هەبوو ئاگایان لێی بێت. شاملوو نەیتوانی لە سەر ئاستی جەستەدا بۆ هەمیشە بە پێوەبێت، بەڵام ئەو پێشتر بە درێژایی چەندین ساڵ، لە دنیای شیعردا گەشتی هەمەچەشن و سەفەری پڕ مانای ئەنجامدابوو، کە هەموویان هەوڵدانی شاعیرێ بوون بۆ گرێدانەوەی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورە سیاسی و جوگرافی و کەلتووری ەکان. بەم پێیەش شاملوو، چەندە شاعیری نەتەوەی خۆیەتی هێندەش هی دنیا و هی ئێمەش. دیارە ئەمەش بەومەرجەی کار بۆئەوە بکەین تا ئەو شاعیرە مەزنە بکەینە هی خۆمان لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانیەوە..

تەنیا کەسێ ئێستا لە خەیاڵمدا بێت و بشێت بە بارودۆخی شاملوو بەراووردی بکەم، حەمەی ماملێی خۆمانە.. مەرگی ئەمیشیان جۆرێ بوو لە تەسلیمبوونەوە بە مناڵییەکانی مرۆڤ و ملکەچکردن بۆ حوکمەکانی جەستە: ئەویش ساڵەهای ژیانی ماڵنشین کرا، پاشان زمانی شکا و دواجار یادوەریی خۆی لەدەستدا، بەڵام دوای ئەوەی دنیای ئێمەی پڕ کردبوو لەدەنگ.. ئەویش وەك شاملوو، کاتێ لەسەر کورسیی مەرگ بۆ یەکجاری چاوی لێکنا، بۆ ئەوە نەبوو ئیتر پشوو بدات و خۆی بخاتە باوەشی گەرمی پاسیڤبوونەوە، بەڵکو هێندە بە عەشقی مرۆڤ و ژیانەوە قوورس ببوو، نەدەکرا چیدی بەپێوە بێت. شاملوو نەیتوانی کۆنترۆڵی لێوەکانی بکات و حاڵی گەیشتە

ئەوەی بەردەوام لیکێکی زۆر بە دەمیا بێتە خوار، کە دەکرێ ئەمە بەسەرەتای هێڵنجی ڕشانەوەی ئەو لێکبدەینەوە لە ئاست بۆگەنیی دنیایەکدا کە تیایدا: (بۆن بە دەمتەوە دەکەن، نەکا وتبێتت، خۆشمدەوێی.. عەزیزم). مامليش لە کۆتایی تەمەنیدا بە پرۆسەیەکی هاوشێوەدا تێپەڕی، کە بریتیبوو لە: ڕەتکردنەوەی ناشیرینیەکانی جیهان، لە ڕێگەی لە دەستدانی یادوەرییەوە. ئەو گەیشتە ئەو پلەیەی کە نزیکەکانیشی نەناسێتەوە. هەردووکیان چوونە شوێنێ، کە نەدەبوو هیچ پۆخڵەواتێکی ئەم دنیایە لە ڕێگەی جەستەیانەوە بگوێزنەوە بۆ ئەوێ. ئێمە سەبارەت بە مەرگی ئەوان هیچمان لەدەستنایەت جگە لەیەك شت: بەردەوام بە پێوەبین و لە سەفەردا..

لە دنیایەکی هێندە پڕ ستەمدا ژیان، کە ئیدی جەستەی خۆیان بەخشییەوە بە مەرگ. ئەو شەوانەش کە هەواڵی مردنیانم بیست، لە دوو شوێنی جیاوازی ئەم جیهانەدا بووم: کۆپنهاگن و هەولێر، بەڵام لە هەردووکیاندا ئەستێرەکان ڕژانە چاومەوەو شەماڵ بۆنی شیعر و گۆرانیەکانی ئەوانی گرتبوو.

٢٠٠٠/٨/٣

(*) بۆجاری یەکەم لە گۆڤاری نما و بۆ جاری دووەمیش لە گۆڤاری ڕەهەند، بڵاوکرایەوە.

# مرۆڤدۆستیی خودا(*)

**لە ڕیوایەتی** ئایینە تاکخوداییەکانی وەك یەهودیەت و مەسیحیەت و ئایینی ئیسلامدا ئادەم ئەو یەکەمین مرۆڤەیە، کە یەزدانی مەزن بە دەستی خۆی خەڵقی دەکات و تا سنووری زوویرکردنی یەکێك لە مەلاییکەتە هەرە گەورەکانی، کە ئیبلیسە، بەرگریی لێدەکات. لێرەشەوە ئادەم هەر تەنیا مژدەی سەرهەڵدانی یەکەمین مرۆڤ نیە لە وێنەی یەزداندا، بەڵکو ئاشکراکەری یەکەمین بەدەنگهاتن و بەرگریکردنی خوداشە لەسەر ئەم مرۆڤە لەبەرامبەر ئەوانەدا کە نایانەوێت هەبێت. خودا هەر تەنیا فۆرمێکی دیکە لە بوونەوەر خەڵق ناکات، بەڵکو فۆرمێکی دیکەی ململانێش دەهێنێتە ئاراوە، کە یەکەمین هەوڵی مرۆڤدۆستانەی لێبەرهەم دێت. ئەدی ئەو هەموو بەرگرییەی یەزدان لە ئادەمێك، کە وەك دەزانین لە قوڕ و ئاو دروستکراوە، لە ئاست دەمارگیریی ئیبلیسدا، ئەگەر بە مرۆڤدۆستیی خودا و هەوڵدانی ئەو بۆ جێکردنەوەی مرۆڤ و حورمەت لێگرتنی بە مرۆڤدۆستی لێکنەدەینەوە، بە چی لێکی بدەینەوە؟ ئەگەر خودا یەکەمین مرۆڤدۆست و مرۆڤویست نەبێت، بۆچی ئەم کائینە لە ئاستێکدا دروستدەکات، کە بە شایانی ئەوەی بزانێت فریشتە ئاسمانیەکان کڕنووشی بۆ ببەن؟

لێرەوە تێدەگەین کە زانستی تیۆلۆژیای ئەم سێ ئایینە گەورەیەی جیهان، لەو شوێنەدا کە قسە هاتبێتە سەر مرۆڤدۆستیی خودا و حورمەتی یەزدان لەبەرامبەر مرۆڤدا، کەمتەرخەم بوون و بەدەگمەن نەبێت گرنگییان بەم ڕەهەندەی کاراکتەری یەزدانیی نەداوە. لە ڕاستیشدا ئێمە هێندەی بە یەزدان و دەسەڵاتە بەرفراوانەکەی تۆقێنراوین و کارێك کراوە بەردەوام ئینسانیەتی خۆمان لەلا بچووك ببێتەوە و بوونی خۆمان لە دنیادا بە هیچ تەماشاکەین، هێندە ڕانەهاتووین جوانیی ژیان و گەورەیی مرۆڤانەی خۆمان بەپێی مەبدەئێکی یەزدانی پەروەردە بکەین. پرسیاری هەرە سەرەکیی ئەوەیە: ئەگەر یەکێك لە بنەما هەرە گرنگەکانی ئیمانی دینی بڕواهێنان بێت بە بوونی یەکتایی یەزدان و ڕێزگرتن بێت لە هەموو ئەو شتانەی یەزدان



خەڵقیکردوون، ئایا دەکرێ ئیمانهێنان بە یەزدان لە ئیمانهێنان بە مرۆڤدۆستیی یەزدان و لەوێشەوە لە ئیمانهێنان بە مرۆڤ خۆی جیا بکەینەوە؟

بەمانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم، ئایا دەکرێ بڕوادار بین بە خودا بەڵام ڕێزێکمان بۆ مرۆڤ خۆی نەبێت کە یەکێکە لە جوانترین دروستکراوەکانی یەزدان؟ ئایا هەموو بێ ڕێزییەك لە ئاست مرۆڤدا، هەموو بچووککردنەوەی گەورەییەکەی و هەموو ترساندنێکی لە ئاست ژیاندا، دواجار بێ ڕێزیی نییە بە یەزدان و بچووککردنەوەی بازنەی ئیمان؟ چۆن دەکرێ وەك یەهودی و مەسیحی و مسوڵمان ئیمان بەیەزدان لە ڕێزگرتنمان لە مرۆڤ جیا بکەینەوە و ئایا هەموو زەلیلکردنێکی مرۆڤ، هەموو سووکایەتیپێکردنێکی و دەستدرێژییەك بۆ سەر گەورەییەکەی بەناوی ئیمان خۆیەوە و لە پێناوی ئایین خۆیدا، دواجار ناڕاستەو خۆ هێنانە خوارەوەی ئەو ڕێزە نیە کە یەزدان بۆ مرۆڤی داناوە؟ کاتێك من ڕێگەم پێنەدرێت وەك مرۆڤ لە دنیادا، کە شوێنی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنمە، خۆم بم و بەردەوام بازنەی تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانم بە هۆی هێڵە حەرامەکانەوە لێ تەسکبکرێتەوە و بترسێنرێم و تەنانەت هەڕەشەشم لێبکرێت، ئیدی چ ڕێزێکم بۆ مایەوە و لە کوێدا گەورەیی خۆم بەدەستهێنا؟ مرۆڤ بۆیە گەورەیە و خاوەنی بەهاداریی خۆیەتی، کە ئازادبێت لە دروستکردنی مرۆڤایەتی و تاقیکردنەوەی ئینسانیەتی خۆیدا و بواری هەبێت سوود لەهەموو ئەو توانایانەی وەربگرێت کە وەك ئینسان خاوەنیانە و بۆ بەرجەستەبوونی ئینسانیەتی خۆی دەبێت بیانخاتە گەڕ. دەزگا و مەرجەعە ئایینیەکان تا ئەو شوێنە یارمەتیدەری منن کە سنوورەکانی ئیمانم بۆ ڕوونبکەنەوە و لە خزان و تەئویلی هەڵەم بپارێزن، وەلێ لەو کاتەوە کە دەبنە هەڕەشە لەسەرم و بازنەی ئەزموونەکانم تەسك دەکەنەوە و لەئاست ژیاندا دەمترسێنن و دەخزێنە ناو وردەکارییەکانی ژیانی شەخسیمەوە، ئیدی سنوور بۆ ئەو ئینسانیەتەم دادەنێن کە پێویستم پێیەتی بۆ ئەوەی بازنەی ئیمانمی لەسەرەوە بەرفروان بکەم. من تەنیا ئەو کاتە دەتوانم ئیمانداری تەواو بم، کە بوارم هەبێت ئینسانێکی تەواو بم و لە چوارچێوەی بەردەوام گەشەپێدانی ئینسانیەتی خۆمدا، بازنەی ئیمانداریيم فراوان بکەم. هەر ڕێگرێك لەبەردەم بەئینسانبوونمدا، دەشبێتە ڕێگر لەبەردەم ئیمانداربوونمدا.

مرۆڤدۆستیی یەزدان لەوەدایە کە منی بۆ هەمیشە وەك ئینسان خەڵقکردووە و ئەو فۆرم و جەوهەرەی پێبەخشیوم کە سیفاتی ئینسانیانەی منیان تێدا نیشتەجێن و من بەو سیفاتانەوە دەتوانم کائینێکی ئیماندار بم. هەر کاریگەرییەکی دەرەکی، هەر ترسێك یان بارودۆخێکی تایبەت کە ببێتە هۆی دابڕکردنم لە ژیان و هەڵخلیسکانم لە سیفاتە ئینسانیەکانم، دەبێتە هێزێکی گومڕا کە دوورم دەخاتەوە لە بازنەی ئیمان هێنانێك لە پێناوی ئیمان خۆیدا و ناچارم دەکات (ترس) بکەمە هۆی ئیمانداریيەکەم، ئەمەش لە کاتێکدا کە ترس کەمکردنەوەی ئینسانیەتی منە و پەیوەندیی من بە یەزدانەوە پەیوەندییەکی بێ هۆکار و بێ سەبەبە. واتە من تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵقکراوی دەستی یەزدانم، پەیوەندییەکی بێ هۆم بە یەزدانەوە هەیە و یەکەمین بوونەوەرم کە بەبێ مەودا لە یەزدانەوە نزیکم و یەزدان لەهەموو ساتەوەختێکدا چاودێریم دەکات. متمانەی یەزدان بە منی مرۆڤ ئەوەیە، کە منی بە (مرۆڤ) داناوە و وەك مرۆڤێکیش دنیای بۆ کردوومەتە گۆڕەپانێکی خۆ تاقیکردنەوە. متمانەی منیش بە یەزدان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ دروستکراوی دەستی خۆیم و لەبەرئەوەی دەشزانم بوونی ئەو بوونێکی یەزدانییە و بوونە لە ئاستی کەماڵدا، ئەوە بڕوایشم وایە کە بوونی منیش بوونێکی ئینسانییە و ناکرێت من بە سیفاتی نا ئینسانییەوە بوونی خۆم درێژە پێ بدەم. هارمۆنیا و هاوسەنگیی ئیماندارانەی مرۆڤ لەم متمانە دوولایەنەوە سەرچاوە دەگرێت.

ترس و تۆقاندن و خۆ بچووککردنەوەو ملکەچی بۆ کەسەکانی تر و بۆ دەزگا و مەرجەعەکان، تەنانەت بۆ ئەوانەشیان کە بە ناوی ئایینەوە دەدوێن، هەروەها بەپووچ تەماشاکردنی ژیان و دنیا، من لە ئینسانیەتی خۆم دادەبڕن و لێرەشەوە پەیوەندیی نێوان من و یەزدان زیانی پێدەکەوێت و هارمۆنیای نێوانمان تێکدەچێت. چونکە هەموو ئەو بارودۆخانە من لە ئینسانیەتی خۆم بەتاڵ دەکەنەوە و دەیکەنە بوونێك لەناو ترس و دڵەڕاوکێ و بەدگومانیدا، لە کاتێکدا دەبێت من بەتەواوی خۆم بم و بە ئازادیی تەواوە مرۆڤ بم تاکو بتوانم مرۆڤێکی ئیماندار بم. لێرەوە بڕوام وایە، مرۆڤی ئیماندار مرۆڤێکی ئازادە لە مومارەسەکردنی ئینسانیەتی خۆیدا، ترس و ملکەچی و دڵەڕاوکێ ئازادیی مرۆڤ زەوت دەکەن و دەیخزێنن بەرەو ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە



ناتوانین وەك کردەی ئینسانیی پێناسەیان بکەین. ئیماندارە ڕاستەقینەکان مرۆڤگەلێکن بەردەوام پانتایی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی بەرفراواندەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان یەزدان و مرۆڤ هاوسەنگیی خۆی لەدەست نەدات و (ئیمانهێنان لە ترسەوە) نەبێتە جێگرەوەی (ئیمانهێنانێکی ئازاد) کە خەسڵەتی ئاسایی و سرووشتیانەی پەیوەندیی نێوان یەزدان و مرۆڤە.

ئەو فۆرم و جەوهەرە چۆن بناسمەوە کە سیفاتە ئینسانیەکانی منی تێدا نیشتەجێن و دەتوانم لە ڕێگەیانەوە مرۆڤێکی ئیماندار بم؟ بەوەدا دەیانناسمەوە کە خۆم وەکو ئینسانێك قەبووڵکەم و تێبگەم لەوەی کە من تێکەڵێکم لە ناکۆکی و دژایەتی، لە تاریکایی و ڕووناکایی و لە سادەیی و ئاڵۆزی و لە جەهل و دانایی. ئازادیی من لەوەدایە کە خۆم بم وەك ئەوەی کە هەم، واتە تا ئەو شوێنەی جەوهەری ئینسانیانەی خۆم لە دەست نادەم و هەموو سیفات و کردەوەکانم لە کۆتاییدا دەبنە پێناسە بۆ مرۆڤبوونەکەم.

ڕەنگە یەکەم سیفەتی هەر مرۆڤێکی ئیماندار و ئازاد، ئازادی ئەو بێت لە هەڵەکردندا. ئادەم بەخواردنی میوەی حەرام، نەك هەر هەڵەیەکی کرد، بەڵکو سیفەتێکی ئینسانیانەی خۆیشی ئاشکرا کرد، چونکە ئەگەر هەڵەکردن سیفەتێکی ئینسانیانەی ئادەم نەبوایە، ئەگەر لە جەوهەری ئینسانیانەی ئەودا شتێك نەبایە بەناوی ئازادیی هەڵەکردن، ئەوە خواردنی میوەیەکی قەدەخەکراو لە باخچەکانی بەهەشت، بە سەفەری ناو سارا و جەنگەڵەکانی سەر زەوی کۆتایی نەدەهات.

مرۆڤ وەك دروستکراوی یەزدان بۆچی هەڵە دەکات؟ دیارە لەبەر ئەوەی هەڵەکردن ڕێگایەکە دەمانباتەوە سەر بەخۆدا چوونەوە و خۆپارێزی لەو هەڵانەی کە زیان بە پرۆسەی بە ئینسانبوونمان دەگەیەنن و هەڵماندەخلیسکێنن. بەخۆداچوونەوە و پەشیمانی و پەیماندان بەوەی کە دووبارەیان ناکەینەوە، جۆرێکی پەیوەندیی ئیماندارانەی مرۆڤە لەگەڵ یەزداندا. کەواتە من دەبێت ئازادبم لە هەڵەکردندا تا ئەو شوێنەی لەسەر ڕێچکەی ئینسانبوونم ناخلیسکێم، بۆ ئەوەی بتوانم لە ئەنجامی بەخۆدا چوونەوە و داوای لێبووردنەوە، پەیوەندیی بە خودای خۆمەوە بکەمەوە. ئەم قسەیە کوشتنی مرۆڤێکی تر ناگرێتەوە و بۆمان نییە لە دوای کوشتن و شێواندنی مرۆڤێکی

تر داوای لێبووردن بکەین و هەروا بە ئاسانیی بگەڕێینەوە بۆ مەداری پەیوەندییەکی ئیماندارانە. چونکە کوشتن و شێواندن و تێزابرێژی ئەو سنوورانەن کە ئێمە لە ئینسانیەتی خۆمان لادەدەن و ئەو ساتەوەختی خزانەن، کە ئێمە لە مەداری پەیوەندییەکی ئیماندارانە بە یەزدانەوە دەپچڕێنن و لەهەمان کاتیشدا کردەیەکمان لێوەشاوەتەوە کە بۆتە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆمەڵگا و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانی ناوی. واتە هەم بوینەتە مەترسییەك بەسەر پەیوەندیی نێوان مرۆڤ بە یەزدانەوە و هەم بە مەترسییەکیش لەسەر پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە.

ئا لێرەدا پێویستە بەپێی ئەو یاسایانە سزا بدرێم کە هاوسەنگیی بارودۆخیی کۆمەڵگایان لە ئەستۆیە، چونکە کردەوەکەی من هەر بەتەنیا منی وەك تاکە مرۆڤێك لە ڕێچکەی ژیانێکی ئینسانیانە هەڵنەخزاندووە، بەڵکو کاریگەریی خۆیشی هەبووە بۆسەر ژیانی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان.

مەبەستمە بڵێم: کەس بۆی نییە بەناوی خوداوە سزای ئەوانەمان بدات، یاخود هەڕەشەیان لێبکات و مافەکانیان زەوت بکا، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەڵەیەك دەکەن، چونکە سزاکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمەڵگاوە دەردەچن و سزاکانی خوداش لە لایەن خودا خۆیەوە. مرۆڤدۆستیی خودا شتێك نیە ئێمە بتوانین هەروا بە ئاسانی سنوورەکانی دیاری بکەین و دەستبخەینە ناو کاروبارەکانیەوە، چونکە ئەم کارە نەك هەر جۆرێکە لە خۆبەرزکردنەوەی مرۆڤ بۆ سەر ئاستی یەزدان، بەڵکو دەشبێتە هۆی تێکەڵکردن و شکاندنی ئەو سنووری تەفسیرەی کە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ کرداری هەڵە دەکرێ، لەگەڵ ئەو سنووری تەفسیرەی یەزدان بۆ کردەوەی چەوت دەیکێشێ. بێگومان لەبەرئەوەی مرۆڤ کائینێکی میزاجییە و لەژێر میکانیزمی خەسڵەتە دەروونییەکانیدا سنووری (هەڵە) و (ڕاست) جیا دەکاتەوە، ئەوە ئەم سنوور جیاکردنەوەیە بە پێی گۆڕانی میزاج و سایکۆلۆژیای مرۆڤیش، دەگۆڕێت. وەلێ لەبەر ئەوەی یەزدان میزاجیانە بڕیار نادات و پارسەنگەکانی ئەو بۆ جیاکردنەوەی هەڵە و ڕاست جیاوازن لە پارسەنگە ئینسانیەکان، ئەوە سزا بڕینەوەکانی ئەویش لە هی مرۆڤ جیاوازن.



ئەوانەی بەناوی یەزدانەوە بەسەرماندا دەقیژێنن و دەیانەوێ ژیانمان لەبەر چاو بخەن، هیچ ناکەن لە شێواندنی کاری یەزدان زیاتر، چونکە بەو کارەیان شتێکی بنەمایی لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە بریتیە لەو ڕاستییەی کە دەڵێت: یەزدان ژیانی بە ئێمە بەخشیوە و هەموو نیعمەتێکی ئەم دنیایەشی لە پێناوی مرۆڤدا دروستکردووە. مرۆڤدۆستیی یەزدان ئەوەیە کە دەیەوێت ئێمە بەتەواوی مرۆڤ بین و مرۆڤبوونی خۆمان بکەینە ڕێگایەك تا بتوانین بە ئازادیی بەسەریدا بڕۆینە ناو گۆڕەپانی ئیمانەوە. هەر هێزێك لەسەر ئەو ڕێگایە خۆی قووت بکاتەوە و بیەوێت ڕێگایەکی دیکەمان بۆ دابنێت کە دوورمان بخاتەوە لەوەی بە ئینسانییەتی خۆمان بگەین، ئەوە دژی خواستی یەزدان و مرۆڤ دۆستییەکەی دەوەستێتەوە.

**ئیمان و لێبووردن:**

ئەگەر وەك لە پێشاندا نووسیم، ئیمانی مرۆڤ ئیمان بێت بە خودایەك، کە خەسڵەتەکانی لەپلەی کەماڵدا بن، ئەوە ناکرێت پرۆسەی ئیمان لە لێبووردن و هەڵکردن لەگەڵ ئەوانیتر و قەبووڵکردنی ئینسانەکان بەهەموو فرە ڕەنگیی خۆیانەوە، لێکدی جیا بکەینەوە. ئەگەر دواجار ئیمان گەیشتن بێت بە کەماڵی یەزدان، ئەوە نابێت هیچ سنوور و مەرجێك هەبێت لەبەردەم بەرەو پیرەوەچوونی کەماڵدا. گرتنەبەری ئەو ڕێگایەی کە لە خەسڵەتە یەزدانییەکانمان نزیکدەخاتەوە و دەبێتە هۆی پتەوبوونی ئیمانداریمان، بە تووڵەڕێگاکانی بەدگومانی و دڵپیسیی و توندڕەویدا تێپەڕ نابێ، بەڵکو دەچێتەوە سەر ڕاستەڕێی لێبووردن و سنگفراوانی و هەڵکردن لەگەڵ هەموو فرە ڕەنگی و جیاوازییەکانی دنیادا. ئیماندار کەسێکە خۆی لەسەر فرەڕەنگی و فرە سیمایی دنیا و دەوروبەر ڕادەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە فرەڕەنگی و فرە خەسڵەتیی یەزدان تێبگات و پێی قەبووڵ بکرێ.

لێبووردن خەسڵەتێکی ئیماندارانەیە، بەو مانایەی ئیمان بەرەوپیرەوەچوونی هەمەڕەنگیی و ڕۆیشتنە بەرەو فراوانترین سنووری بوون، کە بوونی یەزدانە. کاتێك جیهان و ژیان و بوونی مرۆڤ لە یەك ڕەهەندا بچووکدەکەینەوە، ئەوە هیچ پانتاییەك بۆ لێبووردن و هەڵکردن و سنگفراوانیی ناهێڵینەوە، چونکە لێبووردن واتە لێبووردن

له بەرامبەر (جیاوازی) و پیشاندانی سنگفراوانی له ئاست ئەو بارودۆخانەی که بە هی خۆمانیان نازانین و له بارودۆخی ئێمه ناچن، بەڵام لەگەڵیاندا هەڵدەکەین چونکه دەزانین که جیاوازیی خەسڵەتێکی یەزدانییە و ناکرێت بە پێوەرە ئینسانیەکانی خۆمان (که زادەی میزاجی هەردەم گۆڕاومانن)، ئەندازەیان بگرین. ئیمان و لێبووردن لێکدی جیا ناکرێنەوە، چونکه ئەگەر ئیمان هەوڵدان بێت بۆ قەبوولکردنی یەزدان وەك ئەوەی که هەیە، ئەوە لێبووردن هەوڵدانە بۆ قەبوولکردنی مرۆڤ وەکئەوەی خودا دروستیکردووە. ناکرێت له چوارچێوەی ئیماندا لەگەڵ خودا میهرەبان بین و بەسەر مرۆڤ و بووەکانی تریشەوە ببینە جەللاد و ڕێگەیان لێبگرین لەوەی که ئیماندارانە بژین.

ئەگەر ئیمان بەرەو پیرەوەچوونی کەماڵ بێت و کەماڵییش کرانەوەی ڕەها بێت لەئاست فرەڕەنگیی بووندا، ئەوە ناکرێت سیفەتێکی نێرانە بدەینە پاڵ ئیمان. مەبەستمە بڵێم: سەرچاوەی ئیمان لایەنی نێرانەی کەسایەتی مرۆڤ نیە و له مرۆڤێکیشدا که نێرایەتی باڵا دەست بێت، مەداری ئیمان تەسك دەبێتەوە. بەڵگەی ئەم قسەیەم لەو ئەدەبیاتەوە دەهێنم، که ئیماندارە گەورەکانی جیهان بۆیان بەجێهێشتووین و پڕن له ئیشراق و شاعیرییەت و ئاوێزانبوونی مرۆڤ لەگەڵ دەوربەری خۆیدا: زاهیدە هیندییەکان و خوداناسە یەهوودی و مەسیحییەکان و دواجار سۆفی و عاریفە گەورەکانی دنیای ئیسلام، ئەدەبیاتێکیان بۆ بەجێهێشتووین که لەلایەکەوە، تەبایە لەگەڵ بنەما شەرعیی و ئوسوولییەکانی ئەو ئایینانەدا و لەلایەکی تریشەوە پڕن له شاعیریەت و تەمەننای توانەوە و فەنا و ڕۆحێکی مێیینەیی.

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: ئیمان بنەمایەکی مێیینەی هەیە و پارسەنگی جیاکردنەوەی (ئیمانی ڕاستەقینە) و (ئیمانی درۆ)، بەرێژەی ئەو بنەمایەدا دەستنیشان دەکرێت. دیارە ئەمەش خەسڵەتێکی هاوبەشیی نێوان ئیمان و عەشقە و هەردووکیان لەڕەهەندی مێیینەیی کەسایەتی مرۆڤەوە ئاو دەخۆنەوە، هێندە هەیە ئیمان خۆشەویستییە بۆ یەزدان و عەشقیش خۆشەویستییە بۆ مرۆڤ..

کاتێك لەم بنەمایە تێدەگەین که بڕوانینە دوو جۆر بەکۆمەڵبوونی مرۆڤەکان. بۆ نمونە با بە خێرایی بڕوانینە ساتەوەختی بەکۆمەڵبوونی مرۆڤەکان له مەراسیمی حەج



و بەکۆمەڵبوونی جەماوەری خەڵك له ساتەوەختی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا. لەهەردوو ئەم بارودۆخەدا بەکۆمەڵبوونێکی بێ ئەندازەی مرۆڤەکان دەبینین، بەجۆرێ که له هەردووکیاندا خەسڵەتی تاکبوونی مرۆڤ لەناو خەسڵەتی دەستەجەمعیانەدا دەتوێتەوە و هێزێکی گەورەتر دروست دەبێت، که لەسەرووی هێزی تاکەکەسەکانەوەیە. شۆڕش و ڕاپەڕینەکان ئەم بەکۆمەڵبوونەی مرۆڤ بە ئاراستەی خەسڵەتی نێرانەییدا دەبەن و دەیکەنە هێزێکی له خۆ دەرچووی ئاراستەکراو، که خاڵیی نییە له توونددڕەوی و حەزی دەستبەسەراگرتن. لەکاتێکدا کۆبوونەوەی مسوڵمانان له مەراسیمی حەج دا، پتر له شەپۆلی مەندی دەریایەك دەچێت، که دەیەوێت لەناو خۆیدا ئارام بگرێت و ڕەهەندیی مێیینەیی هێندە زاڵ دەبێت بەسەریاندا، که گریان ببێتە تاکه دەربڕی ئەو بارودۆخە و پاکژبوونەوە ڕوودات.

لێرەوە دەمەوێت بڵێم: ئیمان بارودۆخێکی تایبەت و شەخسیی مرۆڤە و وەکو بارودۆخێکی شەخسیی مرۆڤیش لەڕێگەی هەستەکان و توانا حیسسیەکانی مرۆڤەوە خۆی ئاشکرا دەکات. واتە مرۆڤ چەندە له ئیماندا قووڵ ببێتەوە هێندەش له ناسینی هەستیارانەی خۆیدا قووڵ دەبێتەوە و ئازادیی بۆ هەستەکانی دەستەبەر دەکا و هەستەکانیش له ناسینی یەزدان و کەشفکردنی جیهانی مەلەکوتیدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. ڕێك ئا لێرەشدایە که ڕەهەندی مێیینەیی دەبێتە خەسڵەت و سەرچاوەی سەرەکیی ئیمان و ڕێگە بۆ مرۆڤ خۆشدەکات که باوەش بۆ بوونی خۆی و باوەش بۆ جوانیی و ژیاندۆستیی و فرەسیمایی بکاتەوە. لێرەوەیە ئێمە تێدەگەین عارف و سۆفییەکان له دنیای ئیسلامدا چەندە خوداویست و خوداپەرستن، ئەوەندەش فێمینین (انسوی)ن! و ئەمەشمان له زمانی ئەواندا بۆ ئاشکرا دەبێت، که زۆربەی جاران زمانێکی شیعریی و پیرۆزمەندە.

ڕەنگە لێرەوە و بە لەبەرچاوگرتنی قسەکانی پێشوو، بتوانین نزیکییەك له نێوان گوتاری ئیمان و گوتاری هونەردا بەدی بکەین و جیاوازیی ئەم دوو گوتارەش، بۆ نمونە: له هەردوو (گوتاری سیاسی) و (گوتاری وەرزشی) جیا بکەینەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە: گوتاری ئیمان و گوتاری هونەر هەردووکیان لەیەك سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە که ڕەهەندی مێیینەیی کەسێتی مرۆڤە. هەردووکیان ئیش

لەسەر هەستیاری و ئارامی و هارمۆنیەت دەکەن و ڕۆح پاکژ دەکەنەوە. بۆنمونە: کاتێك هونەرمەندێکی وەك (زەکەریا) دێت و لە گۆڕەپانی یاریگای هەولێردا، دەتوانێت بە گۆرانییەکانی ویژدانی هەزاران کەس بخرۆشێنێت و ئەو شوێنەی ناخی گەنجەکان بدوێنێت کە ڕێگەیان پێدەدات خۆیان بن، ئەوە کارەکەی لە کاری ئەو شاعیرە عارفە نزیکدەبێتەوە کە بە هۆی دنیای شیعرەکانییەوە، ڕەهەندی مرۆڤبوون لە ئینساندا کەشف و بەرفراوان دەکات وێڕای تێپەڕینی چەندین ساڵ و نەوە بەسەر بەرهەمەکانیدا. هەردوو ئەم کارە وەزیفەیەکی ئیماندارانە جێبەجێ دەکەن و ڕەهەندی مێینەیی کاراکتەری مرۆڤ گەشە پێدەدەن و بەرجەستەی دەکەنەوە. لە کاتێکدا دەشێت هەمان گۆڕەپانی یاریگای نێودەوڵەتیی هەولێر، سەبارەت بە گوتاری سیاسی و وەرزشی یان خوتبەی مەلایەك، شوێنێك بێت بۆ لە زاخاودانەوە و چڕکردنەوەی نێریێتی خۆیان و بزواندنی ڕەهەندی نێرانەی خەڵك تا هانیان بدەن بۆ ڕاپەڕین و حەماسەسازی و جیهادکردن. بەڵام (زەکەریا) بە هۆی گۆرانییەکانیەوە کارێك دەکات گەنجەکان هێندە بخرۆشێن و ببنەوە بە خۆیان کە ئیدی ماچ و خۆشەویستی ببەخشنەوە و دڵنیا بن لەوەی، کە ئەوە خۆیانن لەوپەڕی هەستیاریدا چێژ لە ژیان دەبینین. زەکەریا مرۆڤبوونی ئێمە ئاراستە ناکات بەرەو شوێنێکی دیکە، لە ئاراستەکردنی بەرەو ناخی خۆمان زیاتر، بەڵکو کارێك دەکات ئێمە سنوورە قەدەخەکانی کەلتوور بشکێنین، کە هەمیشە سانسۆرمان دەکەن و لەو ڕێگەیەشەوە بوارمان بۆ دەڕەخسێت بە چڕترین و ئازادترین شێوە خۆمان بین. لەکاتێکدا ڕێی تێدەچێت ئاخاوتنی سیاسیەك، یان کەش و هەوای یارییەکی تۆپ تۆپێن، مرۆڤبوونی ئێمە بەرەو شوێنێ ئاراستە بکات کە حەماسەی خۆ بەکوشتدان و بڕەودان بە شەڕ هاندەری هەرە سەرەکیی بێت و کاراکتەری نێرانەیی کەسایەتیمان بوارمان نەداتێ مرۆڤبوونی خۆمان تەحقیق بکەین.

ئیمان و هونەر، هەردووکیان دوو پرۆسەی ئازادبوونی مرۆڤن تاکو لە ئەزموونی ژیانی خۆیدا لە کەماڵ نزیك ببێتەوە و ئەو هاوسەنگییە بەدەست بهێنێتەوە کە مرۆڤ بۆ ناسینی خودا و ناسینی خۆی پێویستیی پێیەتی. لێرەشەوە دەتوانم بڵێم: دابڕکردنی ئازادیی لە ئیمان و خواناسیی لە مرۆڤدۆستی و ژیانویستیی، گەورەترین مەترسین



لەبەردەم ئەزموونی ئایینییدا. هەر ڕێگرێك لەبەردەم ئازادیی مرۆڤدا ڕێگریشە لەبەردەم پەیوەندیی ئازادانەی مرۆڤ بە یەزدانەوە و مرۆڤێکیش کە نەتوانێت بەتەواوی مانا مرۆڤبوونی خۆی تەحقیق بکات و لەژێر زەبری تەفسیر و لێکدانەوە میزاجییەکانی پیاوانی ناو دەزگا ئایینییەکاندا، بتۆقێنرێت و زەندەقی ببرێت و ژیانی لەبەرچاو پووچ بکرێ، ناتوانێت پەیوەندییەکی بێ هۆ، بە یەزدانەوە بکات. هەموو ئەو هێزانەی، هەموو ئەو کاریگەریانەی، هەموو ئەو تەفسیرانەی کە بە ناوی ئایینەوە، بەدگومانی و ترس دەخەنە دڵمانەوە و ژیان و ئەزموونی ئینسانییمان لەسەر ئەم عەردە دەخەنە مەترسییەوە، لە ڕاستە ڕێی ئیمانێکی پتەو لامان دەدەن و ئەمەش دژ بە مرۆڤدۆستی و مرۆڤویستی یەزدانە. یەزدان بۆیە مرۆڤی لە مەلایکەتەکان جیاکردەوە، چونکە بە جیاواز دروستیکرد و بۆیەش لە بەهەشت وەدەری نا تاکو بە هەموو عەیب و نەقسەکانییەوە لەسەر زەوی ئینسانییەتی خۆی تەحقیق بکات و بیکاتە ڕێچکەیەك بۆ گەڕانەوە لای خودا. سزای هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەم سەفەرەی مرۆڤ، سزاگەلێکن کە خودا خۆی، لە زەمەنێکی دیکەدا بڕیاریان لەسەر دەدات و کەس بۆی نیە لێرە بەناوی خوداوە ژیانمان لێ بشێوێنێت. شێواندنی ژیان لە ئینسانەکان بەهۆی چاندنی بەدگومانییەوە بێت لە دڵیاندا، کە سادەترین جۆری شێواندنە، یاخود بەهۆی هاندانیانەوە بێت بۆ کوشتنی یەکتر کە دزێوترین جۆری شێواندنە، دەستێوەردانێکی غەیرە ئیماندارانەیە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا و دەریدەخات کە ئێمە هیچ لە مرۆڤدۆستیی خودا تێنەگەیشتووین. چونکە بەدگومانکردنی مرۆڤ لە ژیان و هاندانی بۆ ئەوەی بەهەر هۆیەك بێت مرۆڤەکانی دیکە بکوژێت، لەو شوێنگەیەوە، لەو ڕوانگەیەوە ڕوودەدات کە چیدی خودامان لێوە دیار نییە و هەربۆیەشە ئاسانە فەتوا بۆ قەتڵی ئەوانیتر دەربکەین.. لەو شوێنەشدا کە خودامان لێوە دیار نامێنێت، چیدی بۆ خۆشمان مرۆڤ نین. من تەنیا ئەو کاتە دەتوانم ئیمانداری تەواو بم، کە بوارم هەبێت ئینسانێکی تەواویش بم.

**٢٠٠١ /٦/٢٣ هەولێر**

(*) هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە: ٣٣٦ی ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠١

## بێدەنگیی شیعر (*)

**دەبوو** مرۆڤ لەدایك ببێت بۆ ئەوەی شیعر بێتە دنیاوە، وەلێ دواجار ئەوە مرۆڤە چاوەڕوانیی لە شیعر هەیە و لەبەردەمیا دۆش دادەمێنێ. ڕاستە تەمەنی مرۆڤ زیاترە، وەلێ تەمەنی شیعر پڕ ئەزموونتر و دەوڵەمەندترە لە هی مرۆڤ: چونکە ئەزموونی شیعر لە هەمان کاتدا ئەزموونی مرۆڤیشە. بەمجۆرەش، شیعر دوو جار لە کێشە و ململانێدا ڕۆژگاری بەسەر بردووە و باجی دوو جۆر ژیانی لێسەندراوە.

لە (ئەفلاتوون)ی فەیلەسووفەوە، شاعیرەکان بەر نەفرەت کەوتوون و شیعریش تاوانی ئەوەی خراوەتە پاڵ، گوایە لە (حەقیقەت)مان دوور دەخاتەوە. (حەقیقەت!)؟ ئەمەیە ئەو وشە گومڕاکەرەی بە درێژایی سەدەکان، شیعری وەکو بوونەوەرێکی بە زەرەر و زیان لە قەڵەمدا و بەسەریا قیژاندی: (تۆ، ئەی شیعر! حەقیقەتت نیە)..

ئێمە دەزانین کە ئەفلاتوون کۆمارێکی خەیاڵیی دروستکرد (بیریشمان نەچێت: خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە!) و تیایدا گوتی: ئەم دنیایە نوسخەیەکی دنیای بەرزی (ئایدیا)کانە. ئەو پێی وابوو، کە نابێ شاعیرەکان لە کۆمارەکەیدا جێگەیان بکرێتەوە، چونکە بەلای ئەوەوە: دنیای ئایدیاڵی (نەك ئەم جیهانە)، دنیای (ڕاستەقینە) بوو. دنیای ئایدیاڵی، دنیایەك بوو کە نەدەشیا لەڕێگەی شیعرەوە بیناسین وشیعر لە حەقیقەتی ئەو دنیایەی دوور دەخستینەوە. وەلێ ئەم قسەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شیعر و شاعیرەکانی لە ڕیزی گێرەشێوێن و تێکدەراندا ڕیز دەکرد، بۆخۆی دان پێدانانێکیش بوو بەو حەقیقەتەدا کە دەیگوت: دنیای شیعر جیاوازە لە دنیای ئایدیاکان. یاخود بەواتایەکی تر: شیعریش خاوەنی حەقیقەتی خۆی بوو. حەقیقەتی شیعریش شتێ نەبوو لە دنیای ئایدیاکاندا، بەڵکو شتێ بوو لە دنیای مرۆڤەکاندا. هەر لەبەر ئەم خاڵەیشە، کە شیعر و مرۆڤ، وێڕای جیاوازیی تەمەنیشیان، لێکدی جودا ناکرێنەوە و حەقیقەتی شیعر لەهەمان کاتیشدا، حەقیقەتی مرۆڤە.



بەڵام ئایا حەقیقەتی مرۆڤ چییە؟ شیعر دەیەوێ چی بڵێت و مرۆڤ فێری چی بکات؟ لەبەرامبەر پرسیارگەلێکی ئاوادا، دەکرێ بە وەڵامێکی زۆر سادە بڵێین: تاقە داواکارییەکی شیعر لە ئێمە ئەوەیە، کە بە ڕاستەقینەترین و خاوێنترین شێوە مرۆڤ بین و تێبگەین لەوەی: حەقیقەتی ئێمە لە مرۆڤبوونی ئێمەدایە.

لەسەر ئەم پەیامە بوو، واتە لەسەر ئەوەی چۆن مرۆڤ بە خاوێنترین و ڕاستەقینەترین شێوە مرۆڤ بێت، کە شیعر بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، وەك ئەوەی پێویست بوو، بواری خودئارایی و هەناسەدانی پێنەدرا. مرۆڤ بە درێژایی ئەو (سەردەمە تاریکانە) وەك ڕۆشنگەرەکان دەیانگوت، کرایە کۆیلەی کەنیسە و دەسەڵاتی دەزگا ئایینییەکان. لەو سەردەمەدا بەرلەوەی مرۆڤ (مرۆڤ) بێت، واتە بەرلەوەی بتوانێت ئازادانە ئیش بە توانا و حەز و چێژەکانی خۆی بکات و لەو ڕێگەیەشەوە لە خودی خۆی نزیك بکەوێتەوە و جەوهەری ئینسانیی خۆی بناسێ، دەبوو سەر بۆ یاسا ئاسمانییەکان شۆڕ بکات و بکەوێتە غولامیکردن بۆ پیاوانی کەنیسە، کە خۆیان بە سەرچاوەیەکی ڕەوا دەزانی لە دەستنیشانکردنی قەدەری مرۆڤ و زیندەوەرەکاندا. یاخود لە سەردەمانێکی تر و لە سەر زەمینەکانی دیکەی دنیا، شیعر کرایە دەنگێکی مەراییکەر لەبەردەم کۆشکی پاشا و سوڵتاندا و لە باشترین دۆخیشدا، کرایە هۆکارێك بۆ سەرگەرمی و بەجۆشهێنانی مەجلیسی عەیش و تەرەب.

دیارە ئەمە ئەو بارودۆخە ناهەموارە بوو کە تیایدا شیعر نەیدەتوانی براوە بێ. نەك بڵێی شیعر نەبوو، بەڵکو ئەویش وەك مرۆڤ دەچەوسایەوە و نەیدەتوانی ئازادانە هەناسە بدات. بێگومان هەر لەناو ئەم هەلومەرجانەشدایە کە کۆچ و خەڵوەت و بێدەنگی، دەبنە سێ خەسڵەتی چەسپیو بە شیعرەوە و شاعیری ڕاستەقینە دەبێتە کائینێکی موسافیری تەنیای دەروون پڕ لە جۆش..

دەبوو ڕووداوێك ڕوو بدات تاکو جەوهەری ژیانی مرۆڤ بە پارسەنگی دیکە هەڵسەنگێنرێت، جیاواز لەوەی پیاوانی ئایینی سەپاندبوویان، کە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر شیعر، چونکە شیعر یەکێك لە توانا گرنگەکانی مرۆڤە لە ژیاندا. جیابوونەوەی کەنیسە لە دەوڵەت، دەسەڵاتی ئاسمانی لە دەسەڵاتی سەرزەوی، یاسا

ئاسمانیەکان لە یاسا عەقلانیەکان، ئەو ڕووداوە گرنگە بوو، کە بێگومان بووە هۆی ئەوەی بارودۆخی نێوان مرۆڤ و شیعریش گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو گۆڕانە، چیتر ئاسمان و یاساکانی کەنیسە، کە زۆرجار لە پەرچکەرەوەی میزاجی پیاوانی ئایینی زیاتر نەبوون، بڕیاری چارەنووس و هەڵسوکەوتی مرۆڤیان نەدەدا. بەڵکو مرۆڤ خۆی بووە بڕیاردەر و سەروەری ژیانی خۆی. ئەمەش هەنگاوێ بوو کە دەشیا شیعر و حەقیقەتی شیعری، لە سێبەریا هەناسەیەك بدەن و لەو ڕێگەیەشەوە: مرۆڤ لە حەقیقەتی خۆی نزیك بخەنەوە.

وەلێ، بەداخەوە کارەکە هەروا ئاسان نەبوو. کێشەکە لەوەدا بوو، تازە مرۆڤ ببووە سەروەری دنیا و خۆی بە چەق و خاڵی سەرەکیی دنیا دەزانی و، وەسوەسەی ئەوەی چووبووە سەرەوە، کە دەست لە ژیانی ئاژەڵ و سرووشت وەربدات و بیانخاتە خزمەت ژیانی خۆیەوە. بێگومان لەسەدەکانی پاشتردا ئەنجامە تراژیدیەکانی ئەو دەستێوەردانە، ئاشکراتر دەرکەوتن.. بۆیە دەرکەوت مرۆڤ نەك هەر حەز و ئارەزووی بەلای شیعردا زیادی نەکردووە، بەڵکو ئەمجارە زیاتر (شەڕ)ی خۆش ویستووە. واتە بۆتە کۆیلە و ملکەچی شەڕ، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شاعیر هەندێجار نائومێد و گەلێ جاریش گۆشەگیر بێت.

شیعری کلاسیکی باشترین دەربڕی ئەم دوولەتبوونەیە: لەلایەکەوە شیعرێکە لێوانلێو لە خۆشەویستی و ستاییشکردنی مرۆڤ و لەولای تریشەوە، پڕە لە وەڕسبوون لەئاست دنیایەکی شەڕانی و پووچ و پیس بوودا. دنیایەك کە بەبێ مرۆڤ، بێ مانایە و بێ مانابییەك، کە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە! قەدەری شاعیری کلاسیکی ئەوەیە دەبێت هەم لە دژی پیسیی دنیا و هەم لەدژی لادانی مرۆڤ لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی، بوەستێتەوە. لەم ململانێیەدا، حەقیقەتی شیعر سوور بوو لەسەر گەیاندنی پەیامی خۆی: بەردەوام ئەو دەسەڵاتەی بە بیری بەشەریەت دەهێنایەوە، کە مرۆڤی لە شەڕ دوور دەخستەوە، واتە: دەسەڵاتی (خۆشەویستی).

کەواتە، ئەگەر لەپشت دۆشدامان و چاوەڕوانیی مرۆڤ لە شیعر، دەرس وەرگرتنێك هەبێت، بێگومان ئەو دەرسە خۆشەویستییە. مرۆڤ بەو تەمەنە زۆرەیەوە بۆیە لەبەردەم شیعردایە، چونکە پێویستی بە خۆشەویستیی ئەوانیتر هەیە. شیعر یادهێنەرەوەی



پەیوەندیی مرۆڤە بە مرۆڤی ترەوە. شیعر، بە پێچەوانەی میزاج و ڕەفتارەکانمانەوە، مرۆڤایەتی ئێمە لە ئاست یەکتردا قووڵتر دەکاتەوە.

ئێمەی کورد، بۆ یەکەمجار لە ڕێچکەیەکی شیعریدا، ئەو نائومێدبوونەی شاعیر و ئەم سووربوونەی (حەقیقەتی شیعر)ەمان لە پێناوی قووڵبوونەوەی مرۆڤبوونی خۆماندا، لە زمان (نالی) گەورەوە بەرگوێ کەوت. نالی لە پشت هەموو شانازییەکی ئینسانیانەی ئێمەوەیە، چونکە ئەو بۆخۆی شاعیرێکی مرۆڤدۆست و خەمخۆرێکی بە مشوور بوو. واتە هەوڵدانی بەردەوامی بۆ ئەوە بوو، کە مرۆڤ لە شەڕانییەت و ڕق و کینە دوور بخاتەوە و بیخاتەوە سەر ڕێگای مرۆڤبوون بە خاوێنترین شێواز. ئەمەش داڕشتنی بیروڕایەك بوو لە شیعری کوردیا، کە ئینسانی دەخستە پێش هەموو شتێکەوە. وەلێ لەهەمان کاتیشدا بیروڕایەکی ئەخلاقیانەی بەرز بوو لە ئاست هەموو زیندەوەرێکدا، چونکە هیچ مرۆڤدۆستییەك بەبێ نەوعدۆستی مانای نیە.

نالی هەرگیز نەیگوت: (ڕزگارتان دەکەم). ئەمەش قسەی هیچ مەزنە شاعیرێ نەبووە، بەڵکو بەردەوام گوتی: ئێمەی مرۆڤ لە مەداری ئینسانیەتی خۆمان لاماندا‌وە و لەو کانگای خۆشەویستییە دوور کەوتوینەتەوە، کە هەر مرۆڤێ بۆ سەلماندی ئینسانبوونی خۆی پێویستی پێیەتی. نمونەیشی بۆ ئەو مرۆڤانەی تووشی ئەم لادانە هاتبوون، دەستەگەلێکی نێو کۆمەڵگای ئێمە بوون، کە لە سۆفی و مەلا و دەروێش و شێخەکان و هتد. پێکهاتبوون و (زیکری بە هەلهەلە)یان، میزاجی نالییان دەشێواند. تەنانەت شاعیرەکەمان بۆ بەرجەستەکردنی ئەم نارەزاییەی خۆی لەدەست ڕەفتاری نامرۆڤانە و لەهەمان کاتیشدا ناژیرانەی مرۆڤی (هاوڕەگەز)ی سڵی نەکردەوە لەوەی، خۆی بە (هاونەوع)ەکانی بەراوورد بکات و خۆشحاڵیی شاعیرانەی خۆی بەمجۆرە دەربڕێت:

**چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت (نالیا)**

**هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ**

ئەگەر لەناو هاوڕەگەزەکانتدا زمانی لێکحاڵی بوون و تەبایی نەمابێت، ژیان کۆتایی نەهاتووە، نائومێدیی گەورە دەستی پێنەکردووە و بێدەنگیی هەمیشەیی نابێت داگیرمان بکا، بەڵکو ئەمە سەرەتایە بۆ ژیان و لێکدی تێگەیشتن لەگەڵ هاونەوعەکاندا. ئەمەش دەرسێکی گەورەیە و دیارە هەرئەوەش بوو شێوازی نالیی مەزن، تا مرۆڤ لەو غروور و

لوتبەرزییەی ئاگادار بکاتەوە، کە لە ئەنجامدا دەیکردە کۆیلە و دەستبەسەری خۆی. لەڕاستیشدا، مرۆڤ هەمیشە کۆیلەی غرووری خۆیەتی و بەشێکی زۆری تێکشکانی شۆڕەشە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خۆبەکۆیلەکردنەی مرۆڤ بۆ غرووری خۆی. غرووڕێك، کە شیعرییەتی شۆڕش بەتاڵ دەکاتەوە. پێموایە هەر ئەمەشە جیاوازیی نێوان شۆڕشی شاعیر و شۆڕشی شۆڕشگێڕان. شۆڕشگێڕ تا ئەو کاتەی غرووری بێدار دەبێتەوە، بە شۆڕشگێڕی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا شاعیر شۆڕشگێڕێکی هەمیشەییە!

مرۆڤدۆستیی نالی، گەلێ جار بە ئەنجامێکی ناخۆش و تراژیدیانەش دەگەیشت، بەڵام ئایا شاعیرێ بە تاقی تەنیا، کە لە کەشکۆڵەکەیدا جگە لە وشە و خۆشەویستی هیچیتر شك نابات، لەبەرامبەر دەوروبەرێکی دڵڕەق و سووپایەك مرۆڤدا، کە ئەو دەوروبەرەیان ڕەخساندووە، چی پێدەکرێت؟

**نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتیە**

**من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم**

ئەمە بێدەنگیی شیعر نیە لەئاست ئاژاوەی دنیادا، بەڵکو تاکایەتی شاعیر و بارودۆخەکەیەتی لەناو ئاژاوە و ڕەزالەتێکدا، کە شاعیرەکە نایەوێت ببێتە بەشێك لێی. بۆیە دەچێتە قوژبنی تەنیایی خۆیەوە و بە ئاوازێکی خەمبار لەسەر دوو ئاست دەکەوێتە خەمخواردن. لە ئاستی یەکەمدا، خەم لەخۆی دەخوات، چونکە بەتەنیا ماوەتەوە و نایەوێ لەهەمان قوڕاودا مەلە بکات، کە هەموو تێی کەوتوون. لە ئاستی دووەمیشدا خەم لەهەموو عالەم دەخوات، چونکە بۆتە شانۆی قین و ناتەبایی و بێ نرخبوونی مرۆڤ.

بێگومان شاعیر لەبەرئەوە خەم لە دنیا ناخوات چونکە ئەو بە زگماك حەزی لە گۆشەگیری و خەمخواردنە. شاعیرەکان هەمیشە لە هۆزی خۆشیی و بەختیارین. بەڵکو ئەو خەم دەخوات لە نەگەیشتنی ئەو مژدە و پەیامانەی، کە دەشیا مرۆڤایەتیان کامەران کردبا و مرۆڤیان بە حەقیقەتی خۆی گەیاندبا. کەواتە ئەوەی دەبێتە هۆی گۆشەگیریی شاعیر، بریتیە لە هەڵسوکەوت و ناکۆکیی ناپەسەندی ئێمە لەگەڵ یەکتردا. هەر ئەم بارودۆخە ناپەسەندەش کە مرۆڤەکان لە نێو خۆیاندا دەیسازێنن، شاعیر دووچاری خەم دەکات و شیعر دەکاتە مەیدانی دەربڕینی خەم و نائومێدی. لێرەوە بوو کە لەسەرەتاوە



نووسیم: تەمەنی شیعر پڕ ئەزموونتر و دەوڵەمەندترە لە هی مرۆڤ: چونکە ئەزموونی شیعر لە هەمان کاتدا ئەزموونی مرۆڤیشە.

مرۆڤدۆستی کوردیی لە شیعردا، ئەگەر تایبەتمەندییەکی هەبێت جیای بکاتەوە لە ئایدیۆلۆژیای مرۆڤدۆستی (واتە: هیومانیزم، کە بڕوایەکی بێ ئەڵتەرناتیڤە بە مرۆڤ)، ئەوە لەوەدایە کە تێکەڵێکە لە تاریکی و ڕووناکی، لە خەمناکی و کەرنەڤاڵ، لە ئومێد بەخۆبوون و لە نائومێدبوون لە دەوروبەر. شاعیری کلاسیکی کورد، لە یەك کاتدا دەیەوێت شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە بکات و لە هەمان کاتیشدا کوردبوون عەزابێکە لەسەر ڕۆح و جەستەی. لەو کاتەدا دەیەوێت بۆ بێگانەی بسەلمێنێ کە کوردیش مافی ئەوەی هەیە (خودانی خۆی بێت و دیوان)ی خۆی هەبێت، لەدەست ئەوانە سەری خۆی هەڵدەگرێ کە ئەو لەبەردەم بێگانەدا بەرگریی لێدەکرد. کەواتە لە جەوهەری مرۆڤدۆستیی کوردانەدا، شاعیر بووێکی دوو لەتبووە لە نێوان: خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و نائومێدبوون لە شێوازی مرۆڤبوون. ئەم ڕێچکەیە بە نالی کۆتایی پێنەهاتووە.

گۆران و چەند شاعیرێکی دیکەش هەڵگری هەمان ڕۆحی دووپارەن، ئەوانیش گیرۆدەن بە دەست مرۆڤێکەوە، کە هەم شایانی خۆشەویستییە و هەم جێگەی نائومێدبوون. هەڵبەت، شاعیرێ لەبەر ئەوە مرۆڤی خۆشناوێ، تا خەم و نائومێدییەکانی خۆی لە ڕێگەی شیعرەوە بە گوێدا بدات. بەڵکو مرۆڤدۆستیی شاعیر لەوەوە هاتووە، کە ئەو بۆخۆی کەسێکە ئاستی تێگەیشتنی لە ئینسانبوونی خۆی، بە ئاستێکی ئازاراوی گەیشتووە، چونکە ئاگایی و هووشیاری، هەردەم ئازار و کۆژانێکیشە. لێرەشەوە ڕەنگە شاعیرەکانمان یەکەمین ئەو مرۆڤە کوردانە بن ئەزموونی ئەو ئازارەیان چەشتووە، کە زادەی هوشیارییان بووە بەرامبەر بە کوردبوون و مرۆڤبوونی خۆیان. ئەوان یەکەمین کەسانێکی ئەو نەوەیەن کە تێدەگەن کوردبوونەکەیان سەرچاوەی چەوساندنەوەکەیانە وەك مرۆڤ. بۆیە نرخی مرۆڤبوون لەلای ئەوان دەبێتە شتێکی گرانبەها و کەسێکیش لە نرخ و بەهای ئینسانیانەی خۆی ئاگا نەبێت و ڕێزی لێنەگرێ، ناشتوانێت پێمان بڵێ: چۆن مرۆڤ بین و بەختیاریی مرۆڤانە مانای چیە؟!

وەلێ، ئەوەشمان بیر نەچێت، شاعیر هەرئاوا بە ئاسانی ئەزموونەکانی خۆیمان ناخاتە بەردەست و نهێنی گەیشتن بەو خۆشبەختییەمان بۆ نادرکێنێ، کە لە مرۆڤبوونی خۆماندا

پێی دەگەین. ڕاددەی کرانەوەی ناخ و دڵی شاعیر لە ئاستماندا، پەیوەندیی بە ڕاستگۆیی ئێمەوە هەیە لە کاتی گوێگرتنماندا بۆ حەقیقەتە شیعرییەکەی. ئەگەر ڕاستگۆیانە گوێمان نەگرت، ئەوە تووڕەیی شاعیر چاوەڕێمان دەکا، زۆرجاریش ئەو تووڕەییە دەبێتە (بێدەنگی). لەم ڕووەیشەوە، (هەردی) نمونەیەکی دیکەی بێدەنگبوونی شاعیرە لە دنیای ئەدەبیی ئێمەدا.

***

ئایا ئێمە هەرگیز لە خۆمانمان پرسیوە: بۆچی لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، کە پێویستیمان بە دەنگە، شاعیر (بێدەنگی)ی دەکاتە پیشە و، ئایا تێگەیشتووین بێدەنگبوونی شیعر چ مەترسییەك لە ژیانی ئێمەدا، دروست دەکات؟

نامەوێت وەڵامێکی سادەی ئەم دوو پرسیارە بدەمەوە، بەڵام وەك سەرەتایەك بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم، دەتوانم بڵێم: بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەو مێژووەمان کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات و هەتا ئەم ساتەوەختەش، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ئێمە وەك نەتەوە بە زنجیرەیەك لە بیرکردن و غەدری ئەوانیتردا، تێپەڕیوین. وەلێ پتر لەهەر ماوەیەکی مێژوویی تریش تەسلیمی شەڕانیەت بووین و کارمان بە شەڕانیەتی خۆمان کردووە. بگرە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، زیاتر لەهەر کاتێکی تر، دەسەڵاتی شەڕ و هێزی وێرانکەری کینەی، لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەسپاند. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەستیاریی و زەوقی جوانناسانەی ئێمەدا. ئامادەیی گەورە و دووبارەوەبووی جەنگ، هاوشان بوو بە کۆچ و لەناوچوونی شتە جوانەکان. ئامادەیی بەردەوامی شەڕ، وایکرد، کە ئێمە نەڕەنەڕ و هاوارهاواری ژەنراڵ و سەردارەکانی جەنگمان بە گوێ خۆشتر بێت، وەك لە ئاوازی ئەو حەقیقەتە شیعرییەی شاعیرەکان دەیاندا بە گوێماندا. دیارە هەموو پلەیەکی ملکەچی و کۆیلەییمان بۆ سەردارەکانی شەڕ، یەکسانیش بوو بە هەنگاوێ دوورکەوتنەوەش لە حەقیقەتی شیعر. چەندە لە شەڕدا نغرۆبووین، ئەوەندەش لە شیعر بەتاڵ بووینەوە. بەجۆرێ کە ئێستا شەڕ بۆتە ئایدیالی ئێمە و ئەو ڕێگایەیە کە دەشێت لەهەر کاتێکدا بەسەریدا بڕۆین. تەنانەت لە بەشێکی بەرچاوی ئەو شیعرەشدا کە هەیە، شەڕ ئامادەیە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی



شیعر بەگشتی لە زمانی ئێمەدا شەففافیەتی خۆی لەدەست بدات و ڕیشەی خۆی بە ڕۆحی ئادەمییەوە، بپسێنێت!

بەمجۆرە، ئێمە ئێستا لە قۆناغی (نامۆبوون بە شیعر)دا، ژیان بەسەر دەبەین و (حەقیقەتی شیعر) تەنیا بە دروستکراوێکی ناو خەیاڵی شاعیر خۆی، دەزانین! لەو کۆمەڵگایەشدا کە خەیاڵ ڕێزێکی بۆ نامێنێتەوە و (شیعر هەڵبەستن) لەگەڵ (درۆهەڵبەستن)دا یەکسان دەکرێ، نەفرەتێکی هاوچەرخانە لە شیعر، بەرهەمهاتووە و ئەم نەفرەتە لەشیعر بۆتە چەکێکی دەستی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەش، کاتێ لەگەڵ مەراسیمی پڕ (زریقەوباق)ی کردنەوەیاندا، ڕایدەگەیەنن: (ئامادە نین شیعر چاپ بکەن)! چیدی پێویستیمان بە ئەفلاتوون نیە، ئەفلاتوونیەتی دژ بە شیعر، لەهەموو کاتێ زیاتر لەناوماندا دەژی..

لەناو ئەم بارودۆخەدایە کە شاعیری جیدی، بەناچاری، گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت و (بێدەنگی)ش دەکاتە پیشە. ئەگەرچی ئەو لە بێدەنگبوونیشدا ڕەچاوی ئەخلاقێکی بەرز دەکات و بە بێدەنگبوونەکەیشی، زۆر شت دەڵێت. لێرەوە دەکرێ هەوڵبدەین بۆ وەڵامدانەوەی دووەمین پرسیار، کە تیایدا گوتم: ئایا تێگەیشتووین بێدەنگبوونی شیعر چ مەترسییەك لە ژیانی ئێمەدا، دروست دەکات؟

بێگومان بێدەنگیی شیعر، بەمانای غاییب بوونی شیعرە لە ژیانی مرۆڤدا. بە مانای ئەوەیە، لە ژیانی ئێمەدا شوێنی پێویستییەك بەتاڵ و چۆڵە و ئەو پێویستییەش پێویستییەکی ئینسانییە. کەوابێ، بێدەنگیی شیعر، یاخود نامۆییمان بە شیعر، ئەوەش دەگەیەنێ کە ئێمە بە ئینسانیەتی خۆشمان نامۆین. یاخود بەمانای ئەوەیە: ئەو توانا و حەز و چالاکیانەمان سەرکوت کردوون، کە لەڕێگەیانەوە (بە خاوێنترین شێوە دەبینە مرۆڤ).

لە نالییەوە تا گۆران، ئەرکی شاعیر بریتیبووە لە ئاگادارکردنەوەمان لە مەترسییەك، کە مەترسی دەرچوونمانە لە مەداری بەشەریەت و لادان لە ڕێگاکانی خۆ سەلماندنێکی مرۆڤانە، لە خۆشەویستی و تەبایی و لێبووردەیی. ئەوەبوو نالی سەری خۆی هەڵگرت و ملی دایە بەر ژیان و مەرگی تاراوگە. گۆران بەر لەوەی تووشی شێرپەنجەی جەستەیی ببێت، دەوروبەر و هەلومەرجەکانی ژیان تا ئاستی سەرەتان ئازاریاندا و بەئاشکرا

ڕوویکردە (مانگ) و گوتی، خۆی بپارێزێ لە درەوشانەوە بەسەرماندا، نەبا (پیس) ببێ! هەردیی شاعیریش بەیداخی (شۆڕشی نائومێدی) هەڵکرد و لە پاشانیشدا بە (بێدەنگبوون) تۆڵەی لێکردینەوە. وەلێ زەنگی مەترسی هیچکامێ لەم شاعیرانەمان نەبیست و بەردەوامبووین لە بێ موبالاتی بە (حەقیقەتی شیعر). هەرگیز دانمان بەوەدا نەنا، کە دەشێت لە ڕێگەی تریشەوە، جگە لە ئاژاوە و کوشت و بڕ، مرۆڤبوونی خۆمان بسەلمێنین. لەسەرو هەموو ئەمانەیشەوە، هەرگیز بەوچاوە تەماشای دنیامان نەکرد، کە دەشێت جێگەی بەختیاریمان بێت.

کەواتە بەمانایەکی تر، مێژووی شیعری ئێمە، مێژوویەکە لە (خەمخواردن)ی شاعیرەوە بۆ (نەفرەت)ی شاعیر و پاشان بۆ (بێدەنگبوون)ی شیعر ڕێگای تەیکردووە. ئەمەش مێژوویەك نیە بە دڵخوازی شیعر بێت، چونکە مێژوویەکی سەپاوە بەسەر شیعردا.

دیارە کاتێك شیعر بێدەنگ دەبێ و شاعیر ئاوارەی گۆشەی تەنیایی دەکرێ، گریمانەی ڕوودانی هەموو ڕووداوێکی پڕ مەترسی لە ئارادایە. یاخود دەتوانین بەکاریگەریی لە (دیستۆیڤسکی)یەوە، کە گوتی: (لەو شوێنەی خودا نەبێ، هەموو شتێ ڕوودەدا)، بڵێین: لە غاییبوونی شیعردا هەموو شتێ شیاوە. بەمجۆرەش شاعیر لە بەرامبەر دنیایەکدا بێدەنگیی هەڵدەبژێرێت، کە جێگەی ئەوی تیا نابێتەوە، یاخود بۆخۆی نایەوێت ببێتە بەشێ لەو دنیایە. بێدەنگیی لە کردەیەکی دەروونیی پاسیڤەوە دەبێتە هەڵوێستێکی مەبدەئی لە ژیان و هەلومەرجەکان: شاعیر نایەوێت پاکێتی شیعر و حەقیقەتی شیعری لە زۆنگاوی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکاتە قوربانی. دیارە ئەمە بەمانای ئەوە نیە، شاعیر لەناوماندا نیە و دەرگای جیهانی لە ڕووی خۆیدا داخستووە. لەبەرئەوەی، ئەو لە پێش هەمواندا مەترسیی ڕووداوەکان هەستپێدەکات، ئەوە بەوپەڕی هەستیارییەوە تەماشامان دەکا و دەمانبینێ چەندە بە تەنیاین و چۆن ڕۆژگار یاری بە چارەنووسی مرۆڤانەمان دەکات.. عەزابی گەورە شاعیر دەیچێژێت، کاتێ بە پێچەوانەی سیاسەتمەدارەوە، دەبینێت کە هیچ شتێ نەماوە جێگەی شانازیی هەموومان بێت و تازە هیچ سێمبوولێ کۆمان ناکاتەوە.

ڕەنگە دوای ئەو هەموو ساڵانەی کە کوێرانە ملمان دانەواند بۆ دیکتاتۆریەتی سیاسەت (بەهەموو چەشنەکانیەوە)، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە مل بدەینە بەر فەرمانەکانی



دیکتاتۆریەتی شیعر، ئەگەرچی دیکتاتۆریەت لەهەر فۆرم و مانایەکدا، سیمایەکی دزێوی هەیە و ئەگەرچی شیعر جێگرەوەی سیاسەت نیە! وەلێ ئەگەر یەکەمیان بەرەو کوشتارگا و ڕەشبینیی ڕەوانە کردین و دەیکات، بەوجۆرەش لە خۆمانمان دوور دەخاتەوە، ئەوە دووەمیان بەرەو خۆشەویستیی بۆ ژیان و مرۆڤ و دەوروبەرەکەمان هاندەدات و فێرمان دەکا چۆن بەرەو ناخی ئینسانیەتی خۆمان ڕۆچین. دیسانەوە: ئەگەر زەبری سیاسەت ناچارمان دەکات سەربەخۆیی خۆمان لەدەست بدەین و بکەوینە بەرەی ئەملاو ئەولاوە، ئەوە زەبری شیعر، بەر لەهەر شتێ سەربەخۆیی و بێلایەنی خۆمانمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەهەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە شیعر بە پێچەوانەی سیاسەتەوە نالێت: ڕزگارتان دەکەم، وەلێ وامان لێدەکات بە چاوێکی دیکە لە ڕێگاکانی ڕزگاربوون بڕوانین.

هەڵبەت ڕێی تێدەچێت پیاوانی سیاسییش، وەك شاعیری گەورەی ئەڵمانی (هۆڵدرلین) گوتویە: (لە کۆتایی تەمەنیاندا خولیای جوانپەرستییان بکەوێتەوە سەر) وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە تازە ئەوان هەرگیز نابن بە شاعیر. چونکە ڕاستە شیعر جێگرەوەی سیاسەت نیە، وەلێ خۆیشی جێگرەوەی نیە.

لە بێدەنگیی شیعردا، شتێ لە ژیانی ئێمەدا کەمە، کە بە هیچ شتێکی دیکە جێگەکەی پڕ نابێتەوە. بێدەنگیی شیعر، نوقسانیەکی مەعنەوی گەورەیە لە ژیانی هەموومان‌دا و تەنیا لە نوقسانیە مەعنەویەکانیشدایە، تاکە مرۆڤ تێکەڵ بە گەلە دەبێتەوە و زەوق و سەلیقەی تاکەکەس لەژێر زەبری چێژ و شێوازی گەلەمرۆڤدا دەپووکێتەوە و بوار بۆ داهێنان و ژیانێکی جیاواز و فرە ڕەنگ نامێنێتەوە. لەم کۆستەدا، هەرتەنیا دەوروبەر و هەلومەرجەکان بەرپرسیار نین، بەڵکو شاعیران خۆشیان بەرپرسیارییەکی گەورەیان لەسەر شانە، کە تەنیا بە داهێنانی گەورە باربوو دەکرێتەوە.

(*) ڕەشنووسی یەکەم: کۆتایی ٩٦ نووسراوە و لە بۆنەیەکدا پێشکەشکراوە، دواجار لە ٢٩ی/٩/٢٠٠٢ دارێژراوەتەوە.

# شیعرییەتی بوون(*)

(١)

**ئایا** شیعر دەتوانێت سەرچاوەیەکی مەعریفی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ دنیا و بوون و دەوروبەردا؟ بەمانایەکی دیکە: ئەگەر یەکێ لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی پێکهاتەی شیعری، (خەیاڵ) بێت، ئایا دەشێت لە پرۆسەی شوناسکردنی دنیا و مانا بەخشین بە بوون، پشت بەم ڕەگەزە ببەسرێت و خەیاڵ بکرێتە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بۆ ناسینی دنیا؟

ئیمانۆیل مۆینەر لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا نووسیبووی: (خەیاڵ بەوەی بمانباتەوە ناو خۆمان و دامانبڕێ (لە دەوروبەر)، ڕۆڵی سەرەکیی خۆی ناگێڕێت، بەڵکو تەنیا ئەوکاتە هەڵدەستێ بە ڕۆڵی خۆی کە بمانخاتەوە ئەو حاڵەتە پێغەمبەرانەیەی لەودیو ئاگایی و مانا سادەکانەوە، پەیوەندییەك لە نێوان ئێمە و واقیعیەتی ڕەهادا دروستدەکات، کە زۆر دڵنیاتر و دەوڵەمەندترە لەو پەیوەندییەی لەڕێگەی هەستە سنووردارەکان و چەمکە ڕووتەکانەوە دروستدەبێ).

مۆینەر بەم وتەیەی دەمانخاتە سەر ڕێگای ڕاستەقینە بۆ گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی پێشوو سەبارەت بە ڕۆڵی شیعر لە شوناسکردنی جیهان و دەوروبەردا. ئەو هەر لە سەرتاوە جیاوازیی دەکات لەنێوان دوو جۆر خەیاڵدا: خەیاڵێك کە دابڕمان دەکا لەدەوروبەر و خەیاڵێك کە لەودیو ئاگایی و مانا سادەکانەوە بتوانێت پەیوەندییەك لە نێوان ئێمە و دنیادا دروست بکا. من ئەم جۆری دووەمی خەیاڵە، ئەم پەیوەندیکردنەوەیە بە دنیا و دیاردەکانیەوە بە (خەیاڵێکی داهێنەر)، یاخود (خەیاڵی مەعریفی) ناودەبەم. واتە خەیاڵێك کە لە ڕێگەی تەجاوەزکردنی ئەو ئاستی شوناسەی بەهۆی هەستەکانەوە پێیدەگەین، پەیوەندییەکی قوڵتر و دڵنیاتر لە نێوان ئێمە و بووندا بەدی دەهێنێت و بوونی سادەی ئێمە بەرزدەکاتەوە بۆسەر ئاستی بوونێکی پێغەمبەرانە. واتە بوونێك، کە ئەزموونکردنی بوون چیدی قەدەرێك نیە مرۆڤ بەبێ



ئیرادەی خۆی ملی بۆ کەچ بکات، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە پەیامهێنەری بوونی خۆی، بوونی خۆی دەکاتە هونەر و دەیخوڵقێنێ. ئەمەش ئەو مانایەیە کە یۆنانیەکان بەخشیبویانە بەچەمکی شیعریەت، واتە (پۆیسیس) کە پاشان دێمەوە سەر ئەم باسە.

زۆر پێش مۆینەر، مەزنەفەیلەسووفی یۆنان، ئەفلاتوون، لە گفتوگۆی (فایدۆن)دا لە زمان سوکراتی مامۆستایەوە گوتبووی: ئەو ڕەمزییەتەی لە فەنتازیای داهێنەر (خەللاق)وە دەپشکوێ، دەتوانێ زۆر زیاتر لە هونەری بەڵگەهێنانەوەی دیالێکتیکی، کە ڕێکخستنێکی لۆژیکی بە دیاردەکان دەبەخشێ، ڕوونکردنەوەمان (لەسەر شتەکان) بداتێ. ئەفلاتوون بۆخۆشی وەك داهێنەرێکی خەیاڵفراوان، گفتوگۆکەی لەمەڕ (مەرگ)ەوە بە گێڕانەوەی ئەفسانەیەك لەبارەی (نەمری)یەوە کۆتایی پێدەهێنێت و سوکرات ددان بەوەدا دەنێت، کە (چەندە موغامەرەیەکی جوانە مرۆڤ باوەڕ بەو ئەفسانەیە، واتە ئەفسانەی نەمریی بهێنێت)!

مانایەکی دیکەی ئەم قسەیەی سوکرات ئەوەیە، کە بڵێت ئەگەرچی نەمریی دروستکراوێکی ئەفسانەییە و ئەفسانەش زادەی خەیاڵە، بەڵام چ جوانە کە لە خەیاڵیشدا بیر لە (نەمریی) بکەینەوە.

چەندین سەدە لەوەدوا ئیمانۆیل کانت جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە فەنتازیا، بەمانایەك لەماناکان، پلەیەك لە ئاوەز، یاخود عەقڵی پەتی بەرزترە، چونکە دەتوانێت ئایدیاکانی جوانی، یان (بیرۆکە ئێستاتیکیەکان) بەرهەم بهێنێ و ئەمانەش وێناکانی فەنتازیان، کە (کەرەستەیەکی زۆرمان بۆ بیرکردنەوە پێدەبەخشن)، بەبێ ئەوەی هیچ بیرێکی تایبەت بتوانێ جێگەیان بگرێتەوە، یان بەبێ ئەوەی هیچ زمانێك بتوانێت تەعبیر لەو بیرۆکانە بکا، یاخود بتوانێ ڕوونیان بکاتەوە.

لەم گوتانەی کانت دا بەئاشکرا دیارە، کە فەنتازیا جۆرێکە یاخود سەرچاوەیەکی بیرکردنەوەیە بەبێ ئەوەی لێرەدا چەمکی (بیرکردنەوە) بە بیرکردنەوەی عەقڵانی ڕووت لێکبدەینەوە و بەبێ ئەوەی زمانیش وەك سنوورێکی عەقڵ و هەڵگری خەسڵەتەکانی عەقڵ بتوانێ تەعبیر لەو وێنایانە بکات، کە فەنتازیا بەرهەمیان دەهێنێ.

دواجار دەتوانین ناوی گاستۆن باشلار بهێنین، کەئەویش وەك کانت، تیۆریزەکەرێکی زانست بوو، بەڵام بە ڕۆحێکی شاعیرانەوە. باشلار لە یەکێ لەدوا بەرهەمەکانیدا (شیعرییەتی خەون)، دەڵێت: (هەندێ خەونی شیعری تێڕامانن لە ژیان، (ئەم خەونە شیعریانە) فراوانیی بە ئاسۆکانی بیرکردنەوەمان دەبەخشن، ئەمەش بەوەی متمانەمان بە گەردوون زیاتر دەکەن).

(٢)

لە هەموو ئەم لێکدانەوانەدا بۆ شیعر و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، ئەم هونەرە وەك سەرچاوەیەکی تایبەتی پشت پێبەستراو بۆ شوناسکردنی بوون و ژیانی مرۆڤ، لێکدراوەتەوە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە بزانین چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی وێنە خەیاڵییەکانەوە بیربکاتەوە، بەبێ ئەوەی سێمبوولە بەرهەمهاتووەکان ببنە شوێنێ بۆ خۆشاردنەوە، لەکاتێکدا کە چیدی ناتوانرێ بەشێوەیەکی عەقڵانی بیربکرێتەوە؟ بەمانایەکی دیکە، ئایا شیعر و پەنابردن بۆ شیعر نیشانەی بێدەسەڵاتی مرۆڤە لە ئاست بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیانە لە بوونی خۆی، یاخود شیعر وەك جۆرێ لە بیرکردنەوەی تایبەت لە ژیان و بوون، ئاسۆکانی تێگەیشتنمان لە خۆمان و لە ژیان بەرفراوان دەکات بەجۆرێ کە متمانەمان بە گەردوون زیاتر بێت، وەك باشلار دەڵێت؟

وەلێ متمانەبوون بە گەردوون، بە جیهانی دەوروبەر و بە دنیای خۆمان مانای چی دەگەیەنێت؟ ئەو وزەیە چییە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو متمانەیە و بۆچی ئەگەر نەمانتوانی شاعیرانە بڕوانینە ژیان، ئاسۆکانی ڕوانینمان تەسك دەبنەوە و متمانەمان بەگەردوون نامێنێ، کە ئەمەش مانای پێچەوانەی قسەکەی باشلارە؟

متمانەی مرۆڤ بە گەردوون هیچ ناگەیەنێ بێجگە لەوەی کە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا هەست بەئارامی و ئاسوودەیی بکات و ئازاد بێت. واتە گەردوون بە شوێنی ژیانی پڕ بەهاداریی خۆی بزانێت و دنیای دەوروبەری خۆی بەشوێنی وەدیهاتنی خەونەکانی. تەنیا ئەوکاتەی مرۆڤ متمانەی بە ژیانی خۆی هەیە دەتوانێت خەون ببینێت و خەون تێڕامان بێت لە بوون و ئەنجامی ئەمەش فراوانکردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت لە ژیانی خۆی. ئەو مرۆڤەی ناتوانێ ژیانی خۆی وەك پانتایی خەونبینین و ئاسوودەیی ببینێ، ناشتوانێ متمانەی بەو دەوروبەرە هەبێت کە تیایدا دەژی، چونکە



لەوێدا ژیان بۆ ئەو جگە لە تەنیایی، لەخودنامۆیی و کۆیلەیی و ستەمکاری، هیچ مانایەکی دیکەی نابێت. لەڕاستیدا ئەو دیدەی کە شاعیران بە مرۆڤی هەردەم خەمبار و ئەفسوورده و گرینۆك و بێدەسەڵات لە ئاست کێشە کۆنکرێتیەکاندا وەسفدەکا، هەر لەبنەماوە ڕەوایەتی بەو ناحەقیە دەدات کە بۆتە هۆی نەهێشتنی متمانە لە نێوان شاعیر و دەوروبەریدا، لەنێوان ئینسانێکی هەستیار بە ژیان و ژیانێکی ئینسانیانەی بەهادار. گریانی شاعیران و تەنیاییەکەیان لە بێدەسەڵاتی و کەمتوانایی ئەوانەوە نەهاتووە، بەڵکو لە کوژرانی ئەو متمانەیەوە بە بوون هاتووە، کە شاعیر دەیتوانی لە سایەیدا بە جوانترین شێوە مرۆڤ بێت.

خەیاڵی شاعیرانە، یان خەونبینینی شیعری ئەو ڕێگایەیە کە بیرکردنەوە دەیگرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی ڕەوتێکی دیکە بۆ ژیان و بۆ سازدانی پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ ژیاندا. بەم مانایەش شیعر نەك هەر بێدەسەڵاتیی مرۆڤ نییە لە ئاست بیرکردنەوەی عەقڵانیانە لە بوون و ژیانی خۆی، نەك هەر خۆدزینەوەی مرۆڤ نیە لە ناو ڕەمزەکاندا دوای ئەوەی ناتوانێ بەشێوەیەکی عەقڵانی بیر بکاتەوە، بەڵکو ڕێگای گەیشتنە بە ژیانێکی پڕ بەها و، شیعریش تەعبیرە لە پەیامی ئەو بوونەی کە مرۆڤ تیایدا دەتوانێت بە جوانترین شێوە مرۆڤ بێت.

متمانە بە بوون، واتە ئاگایی بەبوون وەك بارودۆخێکی بەهادار بۆ ژیان و گەشەکردن و ململانێ. متمانە بە بوون لە ئاگاییەوە، لە هووشیارییەوە بەرامبەر دۆخەکانی ئەو بوونە، واتە چاوهەڵهێنان بە بوون وەك بوونێکی ڕۆشن و هەوڵدان بۆئەوەی ئەو بوونە بکەینە (بوونی خۆمان) بەوەی تیایدا داگیرسێین و پرشنگدار بین!، کەئەمەش بەمانای ڕازاندنەوەی جیهانە بە (ژیان لە ناویدا) و بەمانای تەسلیمبوونی مرۆڤە بە ژیان وەك کائینێکی زیندووی ژیاندۆست. شیعر شایەتمان هێنانە بە ژیان لە پرۆسەی ئیمانداریی و متمانەماندا بە بوون. ئالێرەوە، هایدگەر گوتەنی: (پەیوەندیی مرۆڤ بە بوونەوە، هەمیشە پەیوەندییەکی شاعیرانەیە)، چونکە ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای ژیاندۆستییەوە دروستدەبێت. بەمانایەکی دیکە: ژیاندۆستیی ئەنجامی متمانەیە بە بوون و شیعریش دۆخی تێڕامانی مرۆڤە لە ژیانی خۆی وەك بوونێکی زیندووی ئاگا بە بەهاداریی ئەو بوونە.

بەڵام لەو کەلتوورەدا کە بوون بەهادارییەکی نامێنێت، کە ئیمان و متمانەیەك بە بوون نەماوە و ژیان تیایدا بە لوتکەی ڕیسوایی خۆی گەیشتووە، شیعر وەزیفەی گەورەتری بۆ دروست دەبێت: شیعر دەبێتە سەنگەرێ بۆ بەرگریکردن لە ژیان و ژیاندۆستیی لەبەرامبەر لەشکری مەرگدۆستی و شەهادەتپەرستی و خوێنپەرستیدا. شیعر دەبێتە وەڵامێکی گوماندارانەی ڕووناکی بەخش لە بەرامبەر هرووژمی گشت بەدگومانییەکدا، کە دەیەوێت پووچی و تاریکایی بە ژیان و بوونمان ببەخشێت و بمانکاتە بووێکی بێ موبالات و نادەروەست و ساردەوەبوو..

ئا لێرەوە شیعر هەرتەنیا گەمەکردن نیە لەناو زماندا، هەر تەنیا بازبازێن نییە لەناو تەکنیکەکان و فۆرمەکانی نووسیندا، هەر بەیاننامە دەرکردن و مانیڤێست و ململانێی بێسوود نیە لەسەر دروستکردنی مێژوویەك و زیندووکردنەوەی بەڵگەنامەکانی ئەو مێژووە، لەسەر بونیادنانی ئەم، یان ئەو ڕەوت و ڕێبازی شیعریی تازەگەرانە، نوێخوازانە و ڕەسەنخوازانە و هتد. هەر لێکترازاندنی شێوازەکانی تەعبیر و هەر بەتەنیاش سوود وەرگرتن و تێکەڵکردنی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکە و ورێنەی شیعریی نیە.. ئەگەرچی هەموو ئەمانەش لە سیاقی خۆیاندا و لە ئامادەکردنی پێناسەیەکدا بۆ شیعر، دەوری خۆیان هەیە. بەڵام مادام شیعر شێوازێکی دیکەی شوناسکردنی جیهان و مرۆڤ بێت، مادام شیعر کەرەستەی بیرکردنەوەمان بخاتە بەردەست (وەك کانت دەڵێت)، مادام خەیاڵکردنەوە جۆرێك بێت لە موغامەرە و متمانەمان بە گەردوون زیاتر کات (وەك باشلار دەیگوت)، ئەوە شیعر پێش هەموو شتێك، جۆرێکە لە دەروەستی و ئیلتیزام بە ژیان و گەردوون و بوونەوە.

(۳)

شیعر ئیلتیزامە بە بوونەوە، چونکە شیعر بەر لە سازدانی هەر جۆرە خەسڵەتێك و هێنانەکایەی تازەگەری و شەڕکردنی لەسەر مێژووی سەروەریی خۆی، بریتییە لە بەرهەمهێنانی تەئویلێك سەبارەت بە بوون و گەردوون و جیهان و دیاردەکانی ناوی لەلایەن مرۆڤی شاعیرەوە، مرۆڤێ، کە ئاگایە بە بوون، کە شعوری هەیە بە ژیان. بەمانایەکی دیکە: شیعر لە ئەنجامی تێکشکانی هەموو تەئویلکردنێکی دیکەیە لە



ژیان، دوای ئەوەی ئەو تەئویلکردنانە (شعوریان بە بوون نامێنێ) و ژیان لەناو یەك مانادا، یەك سیاقدا، یەك چوارچێوەدا سەقامگیر دەکەن و بوون دەکەنە بوونێکی تاکڕەهەند.

شیعر ئەنجامی تێکشکانی ئایینە (کە بەڕای هەندێ باسکاری وەك کریستۆف کلۆدویل: ئایین سەرچاوەی شیعر خۆیەتی) دوای ئەوەی ئایین لە تقووسە مەعنەویەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە و تەئویلکردنی مەعنەوی و ئیشراقیانەی مرۆڤ بۆ ژیان و بوون لەناو یەك تەعبیردا گیر دەدات، کە تەعبیرکردنیەتی بە توند و تیژی و شەڕ و چەك بەکارهێنان. شیعر ئەنجامی تێکشکانی تەئویلکردنێکی سیاسیانەیە لە ژیان، دوای ئەوەی سیاسیەت لە (هونەری ئیدارەکردن)ـەوە بچووکدەبێتەوە بۆ سەر ئاستی هەندێ فێڵی بەرژەوەند پەرستانە و ململانێی نابەجێ و پەیمانرێسی و پەیمانشکێنی.. ئەنجامی تێکشکانی مێژووە، دوای ئەوەی مێژوو ئەرکی خۆی لە مانابەخشین و زەخیرەخستنی (ئەزموونە هاوبەشەکانی نەتەوە)یەکەوە، بەمەبەستی بەردەوام دروستکردنی نەتەوە خۆی، دەگۆڕێ بۆ تۆمارکردنی ئەو ناکۆکی و دەستدرێژیانەی دەستەیەك لە کۆمەڵ بەسەر هەموو کۆمەڵگادا دەیسەپێنن و مێژووی کۆمەڵگا ملکەچی مێژووی حیزب و خێڵ و دەستە و گرووپەکان دەکات.

***

لەناو ئاژاوەی ئەم جۆرە تەعبیر و تەئویلانەوە بۆ بوون و ژیان و دوای تێکشکانیان لە ئاست فراوانکردنی ماناکاندا، شیعر جەوهەری خۆی لە ئاستە فۆرمالیستییەکەیەوە بەرزدەکاتەوە بۆسەر ئاستی بەرگریکردن لە بوون و ڕزگارکردنی بەها و نرخەکانی بوونی ئینسان لە دەست ئەو سیستەمانەی پووچکردنی ئەو بوونەیان کردۆتە ئامانج. کە دەڵێم شیعر دەروەستییە لە ئاست بووندا، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: بەومانایەی شیعر تەئویلە لەسەر بوون و ژیان، ئەوە بەپێویست دەروەستیی شیعر، دەروەستیی مرۆڤە لە ئاست بوونی بەهادارانەی ژیانی خۆیدا. ئەمەش بەو مانایە نییە کە گوتبێتم: ژیانی بوونەوەرەکانی دیکە ژیانێکی بەهادارانە نییە و بەتاڵە لە شیعرییەت.. پێدەچێت ساتەوەختی شیعریی لەلای باڵندە و ئاژەڵ و خشۆکەکان و سرووشتیش هەبێت: کەسمان ئینکاریی لە شیعرییەتی فڕینی هەندەسیانەی پۆڕ و قاز

و قورینگان ناکەین.. کەسمان نابینا نین لە ئاست دیمەنی شیعریانەی ڕەوە ئەسپێکی ملکەچبوو بۆ چۆڕی ئاوی کانییەك، کە ئەم دیمەنە پڕە لە سنگفراوانی شاعیرانەی حەیوان! کێ هەیە فێڵی بۆقێکی نێر و سینەی شەففافی پڕ نەغمەی بۆ نزیکبوونەوە لە بۆقە مێیەکان و لە بەر تریفەی مانگەشەوی پڕ جریوەی ئەستێراندا، سەرنجی ڕانەکێشابێت؟ دواجار بڕوانە شیعرییەتی وردەنازی بەلاڵوك و سینەی پڕ خوێنی هەنار و بێدەنگیی بەرد!..

لەهەموو ئەم نمونانەدا شیعریەت ئامادەیی هەیە، بەڵام ناتوانێت ببێتە تەئویلێك و پێبەخشینی مانایەك بە ژیانی ئەوان. ئەمەش لەبەرئەوەی شیعر تەنیا دیاردەیەکی مرۆڤانەیە و تەنیا مرۆڤ دەتوانێت شاعیرانە دەروەست بێت لە ئاست ژیانی خۆیدا و ئەو دەروەستییە بکاتە دەربڕینی شیعریی. واتە لە ڕێگەی لێکدانەوەی ژیانی خۆیەوە، لەڕێگەی بەردەوام چاوگێڕانەوە و دووبارە بیر و خەیاڵکردنەوە لە ژیانی خۆی، ئەو ژیانە مانادار بکات و دەوڵەمەندی بکات و دواجار بەردەوامیی پێببەخشێت.

بەم واتایەش، شیعر زمانپژان و بەدەنگهاتن و چنینی بوونە لەناو زماندا، زمانیش چالاکی و ئەکتیڤبوونێکی عەقڵیی مرۆڤە لەئاست بارودۆخی ژیانی خۆیدا. یاخود دەکرێ بگوترێ: بەکارهێانی زمان لە ئاستە ئیبداعییەکەیدا، سازدانی جیهانێکی یۆتۆپییە، جیهانێك کە دەبێت وەك جێگرەوەی ئەم جیهانە پڕ هەراسانی و ناهەمواریيە قسەی لەبارەوە بکرێ. ئەمەش نەك لەبەرئەوەی دەتوانین یۆتۆپیا بخەینە جێگەی واقیع، یان بەهۆی قسەکردن لەسەر یۆتۆپیاوە، خۆمان بدزینەوە لە قسەکردن لەسەر کێشەکانی واقیع، بەڵکو لەبەرئەوەی یۆتۆپیا، وەك مۆدێلێکی ئایدیاڵی تەماشا بکەین، بیکەینە ئاوێنەیەك تاکو خەوشەکانی واقیعی لە بەردەمدا بخوێنینەوە.

کەواتە شیعر گوتاری دەروەستییە لەئاست (بەردەوامکردنی ژیانی بەهادارانەی مرۆڤدا)، دوای ئەوەی گوتاری سیاسی و ئایینی و مێژوویی دەیانەوێ ژیان لەڕێگەی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و فەتوا و فەرامۆشییەوە بوەستێنن. دوای ئەوەی ناتوانن یۆتۆپیایەك بهێننە دی و هەموو مۆدێلێکی ئەلتەرناتیڤ دەکوژن.. هەربۆیەشە هەڵەیەکی گەورەیە شیعر وەك جۆرێ لە ڕاکردن لەواقیع و بێدەسەڵاتیی مرۆڤ لە



ئاست بیرکردنەوەی عەقڵانیدا تەماشا بکەین، یاخود وەك خۆتاقیکردنەوەی شاعیر لەبواری ڕەوانبێژی و زمانپاراویی و تەکنیکەکانی عەرووز و بەلاغەتدا، لێکیبدەینەوە. شیعر ساتەوەختێکە لە عەقڵ، دوای ئەوەی عەقڵ لەسەر ئاستی سیستەمە گوتارییەکانی وەك سیاسەت و ئایین و مێژوو، شیعرییەتی خۆی دەدۆڕێنێ. شیعر داهێنەر و تازەکەرەوەی زمانە، دوای ئەوەی زمان لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بەردەوام مەسرەف دەکرێ و کۆن و بێ کارکرد دەکرێ.. شیعر تێڕامانێکی چڕی مرۆڤە لە بوون، دوای ئەوەی تێڕامانەکانی دیکە لە بوون لەژێر زەبری سادەکردنەوە و بێمانایی و ڕواڵەتگەراییدا خۆیان دووبارە و چەندبارە دەکەنەوە.

ئەگەر شیعر ساتەوەختێك، یاخود پلەیەکی تایبەتی دەرکەوتنی عەقڵ نەبوایە، ئێستا ئێمە نەماندەتوانی لە عەقڵانیترین دەق و لێکدانەوەکانی فیکری بەشەرییدا، هەر لە گفتوگۆکانی ئەفلاتوونەوە تا عەقڵانیەتی ئیبن الروشد و تێڕامانەکانی دیکارت، تا کاتیگۆرییەکانی کانت و تا شیکردنەوەکانی مارکس و تا دەقەکانی کیرکەگۆرد و نیتشە و دواجار لەبیری زۆربەی فەیلەسووفانی عەقڵانیی ئەم سەدەیەشدا، (شیعرییەتی عەقڵ) و (عەقڵانیەتی شیعریی) بخوێنینەوە، کە ڕەنگە تەئویلی هایدگەری و باشلاری لە نمونە هەرە بەرجەستەکانی ئەم قسەیە بن.

(٤)

**شیعر وەك (ڕووداو):**

شیعر وەك ئاکتیڤبوونێك لە زماندا و پاشان وەك پلەیەکی دەرکەوتنی عەقڵ و دواجار وەك تەئویلێکی مرۆڤ لە چاوگێڕانەوەی بە ژیانی خۆیدا بەمەبەستی بەرهەمهێنانی فرەمانایی بۆ بوون و فراوانکردنی ئاسۆکان و دروستکردنی متمانەیەك لە نێوان خۆی و گەردووندا، ناتوانێت (ڕووداو)ێك نەبێت. دەبێت شیعر وەك هەر ڕووداوێکی دیکە تەماشا بکەین، کە چرکەی ڕوودانەکەی نازانین و ناتوانین بیزانین و بۆمان نیە بیزانین. تەنیا شتێ دەستمان پێی ڕادەگا: بەرهەمی ئەو ڕووداوەیە، ئەنجامێکی تەعبیر لێکراوە، خەبەرێکە لەسەر ڕووداوەکە نەك خودی ئەوەی ڕوویداوە.

ئێمە تەنیا ئەو دەقەمان لەبەر چاوە و دەتوانین پەیوەندیی پێوە ببەستین و بوونێکی ماتەریالّی هەیە، کە وەك (شیعر) هاتۆتە بەردەستمان. لەسەر زەمەن و چرکەساتی ئەو ڕووداوەی شیعرەکە نیشانەی ڕوودانەکەیەتی، هیچ نازانین.

کەواتە ڕاستە کە گوتراوە: شیعر ڕووداوێکی (غەیرە مێژووییە) و وەك ڕووداوێکی غەیرە مێژووییش ناتوانین وەك دیاردەیەکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ناتوانین لەناو قۆناغە مێژووییەکاندا سنووربەندی بکەین، ناشتوانین وەك دیاردەیەك لە دیاردەکانی سەرخانی کۆمەڵایەتی بیخوێنینەوە. خوێندنەوەی شیعر لە چوارچێوەی هەریەکێ لەو کایانەدا کە ناوم بردن، بەرهەمەکە لە جەوهەری خۆیەوە وەك ڕووداوێك، دادەبەزێنێتە سەر ئاستی دیاردەیەکی دیاریکراو کە دەبێت لەیەکێ لە خانەکانی زمانی ئەدەب، مێژووی ئەدەبیات و سۆسیۆلۆژیا و دەروونشیکاریی ئەدەبدا نیشتەجێی بکەین. هەریەکێ لەم چەمکانە بەو حوکمەی چرکەساتی ڕووداوەکە خانەبەندی دەکەن، ئەوە ڕووداوەکەش وەك دیاردەیەکی غەیرە مێژوویی دەکەنە ڕووداوێکی مێژوویی و بەمەش لە ڕووداوی دەخەن، ناوی بۆ دەدۆزنەوە و سادەی دەکەنەوە بۆ سەر ئاستی یەکێ لەم دۆخانە:

زمانی ئەدەبی: ناوبردن و سەقامگیرکردنی شیعر لە ژێر خانەی زمانی ئەدەبدا، شاعیر دەکاتە داهێنەری زمانی ئەدەبی، زمانێك کە لە (توانا) و (بەهرەمەندی) ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ و (خودی شاعیر) دەکرێتە سەرچاوەی ئەو ڕووداوەی کە ئێمە وەك (شیعر) پێمان گەیشتووە و دەتوانین لەسەر کاغەز، یان هەر مەتریالّێکی دیکە کە بتوانێت شیعرەکە بەرجەستە بکا، پەیوەندی پێوە ببەستین. واتە ڕووداوەکە دەبەستین بە ئامادەیی خودی شاعیرەکە و بەهرەمەندیی و توانایی ئەوەوە لە بەرهەمهێنانی شیعرەکەدا. واتە بوونی شاعیر دەکەینە پێشمەرجی بوونی شیعر و شاعیر دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی شیعرەکە وەك تێکست، وەك بەرهەم و هتد..

**با نیوە بەیتێکی مەحوی بکەینە نمونە:**

(بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد/ لەئیبتیداوە بەیتێ، موناسیبی دیوان. ئەمە دەربڕینێکی شیعرییە کە مەحوی شاعیر (داهێنەریەتی)، بەڵگەیە



لەسەر (زەخیرەی زمانی ئەدەبیی) ئەو شاعیرە و توانای ئەو لە واتاسازی و چڕکردنەوەی مانادا دەردەخات و هەموو ئەمەش بەهرەمەندی و سەلیقەی بێ نمونەی مەحویمان وەك کەڵەشاعیرێك بۆ دەسەلمێنێ.

مێژووی ئەدەب: ناوبردنی شیعر وەك دیاردەیەك لە مێژووی ئەدەبدا، شاعیر دەکاتە دەربڕی شوێنگەیەکی زەمانی و مێژوویی، کە تیایدا زمانی ئەدەبیی لە ئەنجامی کردەی شاعیرانەوە پەیوەست دەکرێ بە (شوێنگەیەکی مێژوویی) و (زەمەنی)ی دیاریکراوەوە. واتە دیسانەوە بوونی شیعر دەکرێتە بەڵگە لەسەر بەهرەمەندی شاعیر و ئەمەش دەبەسترێ بە (قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی ئەدەب)ەوە کە شاعیرەکە دەربڕیەتی و توانیوە ئەسپی خۆی تێدا لنگ بدات!.

با هەمان بەیتە شیعری مەحوی سەرلەنوێ بخوێنینەوە:

(بنوسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد/ لە ئیبتیداوە بەیتێ، موناسیبی دیوان ئەم زمانە شیعرییە پڕە لە مانای ئاینیی و جیهانبینی سۆفیگەرانەی شاعیرەکەی دەسەلمێنێ، کە ئەمەش پەیوەندیی هەیە بە قۆناغێك لە مێژووی ئەدەبیی کوردییەوە کە تیایدا تەسەووف وەك دیاردەیەك لە شیعردا، بە لوتکەی دەربڕینی خۆی دەگات. لێرەوە شیعری مەحوی نمونەیەکی سەرکەوتووی شیعری سۆفیانەیە لە قۆناغێکی تایبەتیی مێژووی ئەدەبی کوردیدا. بەم پێیە شیعرەکە دەبێتە سەلمێنەری مێژووی ئەدەب و قۆناغەکانی و گرنگیی بە شیعر دەدرێ لەبەرئەوەی وەك کەرەستەیەك ناوەڕۆکی ئەو قۆناغە مێژووییانەی ئەدەب پڕ دەکاتەوە.

سۆسیۆلۆژیا و دەروووناسیی ئەدەبیی: ناوبردنی شیعر وەك دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژی و دەروونشیکاری ئەدەبیات، کردەی شاعیرانە دەکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە زەمینەی دروستبوونی شیعر، زمانە ئەدەبییەکەی و شوێنگە مێژووییەکەی ببەسترێ بە شوێنێکی تایبەتی (پانتایی کۆمەڵایەتی) و (زەینییەوە) و شیعریش بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتی و زەینی و دەروونیە لێکبدرێتەوە:

دیسانەوە بەیتەکەی مەحوی دەخوێنمەوە:

(بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد/ لە ئیبتیداوە بەیتێ، موناسیبی دیوان... کاتێ ئەم شیعرەمان وەك بەڵگەی (توانایی) و (بەهرە)ی شاعیرێتی

مەحوی، بەپێی پرنسیپەکانی (زمانی ئەدەبی) و (مێژووی ئەدەب)، وەرگرت و مەحویشمان وەك شاعیرێکی (سۆفی) لە قۆناغێکی (مێژووی ئەدەب)ی کوردیدا ناساند، ئەوە شیعرەکە خودبەخود دەبێتە دەروازەیەکی باش بۆ ئاشکراکردنی (نەفسیەتی) سۆفی و ئەو (زەمینە کۆمەڵایەتیە)ی کە تەسەووف تیایدا دەربڕینی ئەدەبیی بۆخۆی دەدۆزێتەوە، یاخود قۆناغێکی خۆی تەیدەکات و هەموو ئەمەش لە شیعرەکەدا ڕەنگدەداتەوە. لێرەوە مەحوی دەبێتە ئەو شاعیرەی کە بەشێوەیەکی تایبەت و بەپێی بەهرەمەندی و سەلیقەی شیعریی خۆی ئەسپی خۆی لەم مەیدانەدا تاو داوەو ئەرکی ئێمە ئەوەیە بەپێی پرنسیپەکانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و دەروونشیکاریی ئەدەب، لەم پەیوەندییە و ڕۆڵی مەحوی لە گەشەپێدانی شیعری سۆفیانەدا ئاشکرا بکەین و باس لە بنەماکانی تەسەووف بکەین وەکئەوەی لە سەرچاوەکانەوە پێمان گەیشتووە. بەم پێیەش شیعر دەبێتە سەلمێنەری زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا دەروونێکی سۆفیگەرانە گەشە دەکات.

(٥)

لەهەموو ئەم بارودۆخانەدا بوونی شاعیر و ئامادەیی لە پێش بەرهەمەکەیەوە وەك خودێکی داهێنەر، مەرجێکی سەرەکییە، واتە هیچکامێ لەو سێ/چوار خانەیەی ناوم بردن ئامادە نین بەبێ گرنگیدان و ئەولەویەت بەخشین بە خودی شاعیر، ڕەسمیەت بە شیعر ببەخشن. بەلای ئەو ئاراستانە و هەر بوارێکی دیکە، کە بیەوێت شیعر لە چوارچێوەی چەمکە ئامادەکان و لەوەپێش بڕیار لەسەردراوەکاندا پێناسە بکات و لە ژێر زەبری دیکتاتۆریەتی مانای ڕێبازەکانی شیکردنەوەدا هەڵیسەنگێنێ، ناتوانێت شیعر وەك (ڕووداو) ببینێت. چونکە بەهۆی ڕێکخستنەوەی دیاردەکان، لەوانەش دیاردەی شیعری، لەناو چەمکە ئامادەکانی ڕێبازەکانی شیکردنەوەدا، ئەوە هەڵدەستین بە سادەکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی ئەو دیاردەیە. دیاردەکە بەهەموو ئاڵۆزیی و نادیاری و نائارامییەکانی خۆیەوە لەناو سادەیی و ئاشکرایی و ئارامیی چەمکەکانی شیکردنەوەدا بچووك دەکەینەوە و کپی دەکەینەوە.

کاتێ دەتوانین شیعر وەك ڕووداوێك لەناو بووندا ببینین، کە توانیبێتمان بوون وەك پرۆسەیەك ببینین کە هەمیشە لەدۆخی (دروستبوون) و (ڕوودان)دایە. شیعریش



یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە ئەم دۆخی دروستبوون و ڕووداوهەڵگرە، ئەم دۆخی ئاڵۆزی و تێکچڕژانە بەرجەستە دەکاتەوە. بۆیە ناتوانین و هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر لەناو چەمکەکانەوە و بەهۆی قوتابخانەکانی شیکردنەوەی ئەدەبی و سۆسیۆلۆژییەوە، بگەڕێینەوە بۆ شیعر، چونکە ئەم گەڕانەوەیە شیعر تەنیا وەك (بەرهەم) دەبینێت، نەك وەك (ڕووداو). واتە جێپێی ڕووداوەکە دەبینێت و ئەمەش خودی ڕووداوەکە نیە. ئەم ڕوانینە ڕەهەندە مێژووییەکەی شیعر دەبینێت نەك ڕەهەندە غەیرە مێژووییەکەی. ئەم ڕوانینە بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر بڕیار و حوکمە پێشوەختەکانی تیۆرە، مێژوو، سۆسیۆلۆژیا و دەروونشیکاریی ئەدەب و لێرەشەوە ئەو ڕوانگەیە بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا دەسەپێنێت کە پێشتر لەلایەن شارەزایانی ئەو ئاراستانەوە بڕیاریان لەسەر دراوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەگشتی و شیعری بەتایبەتی.

بەڵام کاتێ شیعر وەك ڕووداو دەبینین، ئەوە خود بەخود بەرهەم دەبێتە شتێ کە لەو ڕووداوە جێماوە و وەك دیاردەیەکی مێژوویی دەکرێ ئەزموونی بکەین. بەرهەم دەبێتە پاشکۆی ڕووداو، واتە دەبێتە ئەو نیشانەیەی کە دەمانباتەوە سەر شوێنی ڕووداوەکە و لەپاش ڕووداوەکە بەجێماوە. ئەمەش بە پێچەوانەی شیعرەوە وەك ڕووداو، کە دیاردەیەکی غەیرە مێژووییە و ناکرێ ئەزموونی بکەین. ئەو دیاردەیەی کە وەك دیاردەیەکی مێژوویی سەرهەڵدەدات، دیاردەیەکە سنووری لێتێکگەیشتن و تەئویلی خۆی لەگەڵ خۆی هێناوە، چونکە لە ڕێکەوتێکی (مێژوویی تایبەت)دا سەریهەڵداوە و لەناو سیاقی مێژوویەکی تایبەتیشدا نیشتەجێدەکرێ و دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئاشکراکردنی ڕێبازێك و نەفسیەتێکی دیاریکراو، یاخود بەهرەی شاعیر و نووسەرانمان بۆ ڕووندەکاتەوە. هەموو ئەمانەش تێڕوانینێکی سنووردار بەرهەم دەهێنن نەك تێڕوانینێك کە سنووری خۆی بەپێی ئاسۆی ئیحتیمالە جیاوازەکانی خوێندنەوە دەستنیشاندەکات. واتە هەمەڕەنگی خوێندنەوەکان لە قۆناغەجیاجیاکانی مێژوودا، دەستنیشانی هەمەڕەنگی تەئویلەکانیش دەکات و بەمەش مانای (ڕووداو) یەکسان ناکرێت بە مانای (بەرهەم).

لەم جیاکارەیەوە، دەمەوێ بڵێم: ئێمە ناتوانین شیعر وەك ڕووداو پێناسە بکەین و ناشتوانین ئەزموونی بکەین. چونکە ڕووداوەکان، ڕووداوی دانسقە و دووبارەوە نەبوون و شیعریش وەك ڕووداو هەمیشە ڕووداوی تاکەکەسێکە کە شاعیرە و ناکرێ ئێمە بچینە شوێنی شاعیر و هەمان ڕووداو ئەزموون بکەینەوە کە ئەو کردوێتیە (بەرهەم). ئەوەی ئێمە پێی هەڵدەستین و لەڕێگەیەوە شیعرەکە دەکەینە ئەزموونێك بۆخۆمان، بریتیە لە پرۆسەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو بەرهەمە. لەڕێگەی ڕاڤەکردنی بەرهەمەوەیە کە دەتوانین شیعر بناسین و ئەزموونی بکەین، بەبێ ئەوەی پێویستیمان بەوە هەبێ لەژێر زەبری چەمکە باوەکانی شیکردنەوەدا و بەپێی ئەو ئاراستەیەی دەستنیشانیانکردووە، ماناکانی شیعر سنووردار بکەین. تێنەگەیشتن لە شیعر وەك ڕووداو، واتە بەستنەوەی ساتەوەختی سەرهەڵدانی شیعرەکە بە (پێگەیشتوویی) (بەهرەی شاعیر)، (زەمینەی کۆمەڵایەتی و فاکتەرە دەروونناسیەکان) و قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبەوە و لێرەشەوە هەڵدەستین بە سەپاندنی مانای چەمکەکان و یاساکانیان بەسەر شیعردا.

ڕاڤەکردن جۆرێکی دیکەی چالاکییە کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەردەوامیبەخشین بە دۆخی دروستبوون و بەردەوامیدان بە بوون. ئەم چالاکییەش جۆرێکە لە چاوپیاگێڕانەوەی مرۆڤ بەو ئاسۆیانەدا کە هەلومەرجەکانی ژیان بۆی دەستنیشانکردوون، مەرجە بۆ فراوانکردنی ماناکانی بوون و سنوورەکانی ژیانێکی بەهادار. ڕاڤەکردنی شیعر وەك ڕووداو، واتە خۆدەربازکردن لە هەر یاسایەکی ئامادە و مەرجێکی پێشتر بڕیارلەسەر دراو، واتە دۆزینەوەی یاسا تایبەتیەکانی هەر بەرهەمێك لەناو خۆیدا.

لێرەوەیە پێویستە لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا پێناسەیەك بۆ شیعر بەرهەم بهێنینەوە و لە ڕێگەی شیعرەوە، بەهۆی خەیاڵئامێزترین چالاکیەکانی عەقڵەوە، بتوانین وەڵامی شیاو بۆ پرسیارەکان بدۆزینەوە و دووبارە پەیوەندی بە بوونەوە بکەین تاکو بەردەوام بتوانین بە جوانترین شێوە مرۆڤ بین.





گرنگیی شیعر بۆ ئێستای ئێمە ئەوە نییە کە شێوازی شاعیران و قۆناغە شیعرییەکانیان و ڕۆڵی ئەوان لە مێژووی ئەدەبدا بەپێی چەمکەکانی شیکردنەوە ڕێکبخەینەوە و بەرهەمەکانیان لە بە خوێندکارەکان لەبەر بکەین، (کە ئەمە کارێکە لەناو قوتابخانە و زانکۆکانی ئێمەدا ئەنجامدەدرێ)، هەروەها گرنگیی شیعر بۆ ئێستای ئێمە لەوەشدا نیە کە پیشانی بدەین کێ (کەڵەشاعیرە) و ئەسپی خۆی لەکام سەنعەتدا تاوداوە (کەئەمە کارێکە مێژوونووسانی ئەدەب شانازیی پێوەدەکەن). دیسانەوە لەوەشدا نیە ئاشکرای بکەین: کێ و کام گرووپی شاعیران بۆ یەکەمجار چ تەکنیکێك و بانگەشەیەکیان بۆ چی کردووە (کە ئەمەش ئیدیعایەکە لەناو گرووپ و حیزبە شیعرییەکانەوە دێتە دەر). بەڵکو گرنگیی شیعر لە ئێستای ئێمەدا لەوەدایە، وەکو پانتاییەك ببینین کە تیایدا بوونی ئێمە بوونێکی بەهادار و بوونی ئینسانیەتێکی دەروەستە لەناو ژیانێکی دژوار و بەئاستەمدا.

شیعر لەوێوە گرنگە کە شیعری ژیان و بوون بێت، شیعری ژیاندۆستی بێت بۆئەوەی ئێمە هەست بە شیعرییەتی ژیان بکەین، بۆئەوەی متمانەمان بە بوون بەرفراوانتر بێت. ئەمەش هەمان ئەو تێگەیشتنەیە لە شیعر کە لەلای یۆنانیەکان باوبوو: واتە شیعر وەك جۆرێك لە هونەر یاخود (تەخنە: Techne) بەمانای سازدان(Poeisis) و خەڵقکردن لەپێناوی مەبەستێکی کارا و ئامانجێکی دیاریکراو بۆ ژیانی مرۆڤەکان. بۆیە جەوهەری ئەم پێناسەیە دەمانخاتەوە بەردەم وەڵامی پرسیارەکەی سەرەتامان کە تیایدا پرسیمان: ئایا شیعر دەتوانێت سەرچاوەیەکی مەعریفی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ دنیا و بوون و دەوروبەردا؟ بەمانایەکی دیکە: ئەگەر یەکێ لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی پێکهاتنی شیعر (خەیاڵ) بێت، ئایا دەشێت لە پرۆسەی شوناسکردنی دنیا و مانا بەخشین بە بوون، پشت بەم ڕەگەزە ببەسرێت؟

پێموایە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕوونتر بێت، چونکە هەموو تەخنەیەك، هەموو سازدان و (پۆیسیس)ێك داوای ڕێژەیەکی دیاریکراو لە (شارەزایی) و (زانیاری)، لە (تێڕامانی عەقڵانی) و (ژیریتی)مان لێدەکات. شیعریش وەك

پرۆسەیەکی سازدان و بیناکردن و داهێنان، لەم یاسایە بەدەر نیە و ناکەوێتە دەرەوەی سەرچاوەکانی دیکەی شوناسکردنی مرۆڤەوە بۆ جیهانی دەوروبەر و ناخی خۆی، لەبەرئەوەی لەم هونەرەدا پشت بە ڕەگەزی خەیاڵ دەبەستێت. خەیاڵ بۆخۆی ڕەگەزێکی سازێنەر و شوناسکەرە، وزەیەکی کارایە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆشەو کەنارانەی بوون، کە عەقڵی پەتی نایانگاتێ. کاتێ کانت دەیگوت: (فەنتازیا، بەمانایەك لەماناکان، پلەیەك لە ئاوەز، یاخود عەقڵ بەرزترە) ڕێك ئەم مانایەی بۆ شیعر و فەنتازیای شیعری لەپێشچاو گرتبوو. لێرەشەوە شیعریش ئەو سەرچاوە مەعریفیەیە کە مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دنیا و بووندا پەنای بۆ دەبات و لە ڕێگەیەوە بوونی خۆی و ژیانی خۆی دەسازێنێ و فراوانی دەکات بەوەی کە شاعیرانە تیایدا بژی و تیایدا ڕۆشن و داگیرساو بێت.

(٨)

ئەم تێگەیشتنە لە شیعر، بەلای کەمەوە چارەنووسی دوو نەوەی لە شاعیرانی ئێمەی دیاریکردووە: نەوەی هەشتاکان و نەوەی نەوەدەکان. (لێرەدا نەوە بەمانای تەمەن بەکارناهێنم، بەڵکو مەبەستم نەوەی شیعریە). دوو نەوە کە لەناو شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ژیاندا چاویان کردەوە و لەلایەن (کەلتووری تەور)ەوە هەڕەشە لە ژیان و بەهاداریان دەکرا. ئەم شیعرە ڕێك و ڕاست وەڵامێك بوو بۆ ئەو تێکشکانەی گوتاری سیاسی و ئایینی و مێژوویی لەبەرامبەر ژیانی کوردیدا دووچاری هاتبوون و مرۆڤی ئێمەیان بەرەو پشتکردنە ژیان و زوولّمەتی مەرگپەرستی هاندەدا. شیعری ئێمە لەسەر دەستی چەند ئەزموونێکی شیعری و بە شاهیدی هەڵبژاردەیەکی ئەو بەرهەمانەی پێمانگەیشتوون، لەم دوو دەیەیەدا پشتیکردە هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە پێشتر شیعر لە مێژووی ئەدەبی ئێمەدا، لەڕێگەیانەوە بەخۆی دەبەخشین. ئەوەی بەلای منەوە لە شیعری هەشتاکان و نەوەدەکاندا جێگەی سەرنجە، تازەکاریی فۆرمالیستانەی ڕووت، دەرکەوتنی ڕەوتی جیاجیا و کاریگەریی وەرگرتن نییە لە ڕۆشنبیریی شیعری ناوچەکە، بەتایبەتی شیعری هاوچەرخی فارسی و شیعری جیهانیی. بەڵکو پتەوبوون و قووڵبوونەوەی ئەو پەیوەندییەیە کە شیعر لەنێوان مرۆڤ و ژیان و دۆخەکانی بووندا بەدی دەهێنێ. شیعر لێرەدا چیدی هەر هەوڵدانێك نییە بۆ



دەرچوون لە فۆرم و پلەکانی زمان و ئەزموونی قۆناغە شیعرییەکانی پێشتر، بەڵکو ئەو وزە شوناسکەرەیە کە لەپشت تێکشکانی گوتاری ئەدەبی و سیاسی و ئایینی و مێژووییەوە، پێناسەی دنیا و بوون دەکاتەوە و وێنای خۆی بۆ ژیانێکی سادەتر و ئینسانیتر و پڕ بەهاتر دادەڕێژێت. ئەزموونی شیعریی شاعیرانی ئەم دوو دەیەیە هێندە تایبەتی و تاکگەرایە، هێندە لە (دنیای ژیان)ەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە ناتوانین جگە لە ناولێنانی بە (ڕووداوی شیعری) و( شیعر وەك ڕووداو)، ناوێکی دیکەی لێبنێین.

ئەوەی لەم ڕووداوە شیعرییە بۆ ئێمە ماوەتەوە و بەردەوامیش دەچێتە سەری، کۆمەڵێ بەرهەمە کە ئیدی ناشیێت لە دەروازەی چەمکەکانی زمانی ئەدەب، مێژووی ئەدەب، سۆسیۆلۆژیا و دەروونشیکاریی ئەدەبییەوە بچینەناوی و بەپێی پسپۆڕیی و بانگەشەکانی ئەم ڕەوتی خوێندنەوانە ڕاڤەی بکەین. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە زۆربەی بانگەشە ڕەخنەییەکانی ناو دنیای ئێمە، لەگەڵ هەموو ئەو ناوانەی بۆخۆیانیان دۆزیوەتەوە:(ڕەخنەی مارکسی، بونیادگەری، سیمیۆلۆژی و پاش بونیادگەری و هتد) نەیانتوانیوە پێبەپێی ئەم شیعرە ڕێکەن و پێناسەی فەنتازیا شوناسکەرەکەی بکەن.

تێگەیشتن لەم شیعرە وەك ڕووداو و شیکردنەوەی بەرهەم و شوێنپێکانی ئەم ڕووداوە، بەهۆی کۆمەڵێ چەمك و هێڵکاری و تێکەڵکردنی بێ موناسەبەی هەندێ ئیجتیهاداتی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و مەعریفییەوە نایەتە دی، کارێ کە ئاراستەکانی ڕەخنەی باوی ئێمە لێوەی ڕووبەڕووی شیعر و دەقەکان دەبێتەوە. بەلای منەوە ئەم جۆرە شیعرە لە هەستیارییەکی قووڵی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێ کە ئەو مرۆڤە هەستدەکات پانتاییەك بۆ ژیان و بەهایەك بۆ بوون نەماوە. لێرەوە پڕۆژەی شیعریی هەردوو دەیەی ناوبراو، ئەنجامی فەشەلێکی گەورەی هەموو ئەو تەئویلانەیە کە تیایاندا بوونی بەهادارانەی مرۆڤی ئێمە نەبۆتە کێشەیەك و نەبۆتە هۆی ئەوەی گوتاری ئەدەبی ئێمە (بە زمان و مێژوو و سۆسیۆلۆژیا و ڕەخنە و دەزگا و ئەکادیمیاکانیشییەوە) بتوانێ تەئویلێکی جیاوازتر لەو تەئویلە مەرگپەرستانەیە بەرهەم بهێنێ کە گوتاری سیاسی دەیخواست و لە ڕێگەیەوە بەهای ژیانی مرۆڤی

ئێمەی لە خۆبەکوشتدان و مەرگدۆستیدا بچووکدەکردەوە و ئەمەشی بەسەر مێژووی ئەدەبیی ئێمەدا سەپاند تا ببێتە مێژووی ڕاگەیاندنی ئەو خواستە. هەربۆیەشە ئەگەر بشیێت باس لە خیانەتی گوتاری سیاسی و دەستکورتیی ئەو گوتارە بکەین لە ئاست واقیعی کۆمەڵگا و گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا، ئەوە دەبێت هێندەش باس لە خیانەتی مێژووی ئەدەب و ئاراستەڕەخنەییەکانی بکەین بەوەی کە تەسلیم بە گوتاری سیاسی و مێژووەکەی بوون و هەردووکیان لە یەك خاڵدا بەتێکشکان گەیشتن کە خاڵی یەکگرتنەوەی ئەوانبوو لە بێتواناییاندا بەرامبەر بەرهەمهێنانی تەئویلێکی دیکە بۆ ژیان و بۆ بوونی کوردیی، وەك بوونێکی بەهادار.

❊❊❊

شیعری دوو دەیەی ڕابردووی ئێمە نەوەی ئەم تێکشکانە قووڵەیە، نەوەیەك کە لەناو مەترسی و ئاژاوەکانەوە، لەبەرەی پێشەوەی ئەو جەنگانەوە کە دژ بە بەهاکانی ژیانی هەڵگیرسابوون، خەیاڵە شیعرییەکەی وەك هێزێکی شوناسکەر و بەرگریکەر لە ژیان و ئینسانیەتەکەی، دەخاتە کار. پڕۆژەی ئەم نەوە شیعرییە هەربەتەنیا پووچکردنەوەی ئاستێکی جوانناسی ئەدەبی و شیعریی و ململانێکردن نیە لەگەڵ دامەزراوە ئەدەبییەکاندا، بەڵکو پڕۆژەی بەرزکردنەوەی پلەی ژیانیشە لە ئاستی مەرگدۆستییەوە بۆ ئاستی ژیانپەرستی. خەیاڵی مەعریفیانەی

ئەم نەوەیە، هەر بەتەنیا دووبارە بیرکردنەوە نیە لە فۆرم و تەکنیکە ئەدەبییەکان، بەڵکو ئەم خەیاڵە مەعریفیە بریتییە لەو ڕێگایەی کە بیرکردنەوە دەیگرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی ڕەوتێکی دیکە بۆ ژیان و بۆ سازدانی پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ ژیاندا بە نیازی پتەوکردنی متمانەی ئێمە بە بوون.

ئەم پڕۆژەیە خۆدزینەوە لە پەیداکردنی ڕێگاچارەی کۆنکرێتی و بێتوانایی نیە لە ئاست بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیانەی پەتیدا، بەڵکو پڕۆژەیەکی هووشیارانەیە کە شیعر تەعبیرە هەرە سەرەکیەکەیەتی و هەڵگری جیهانبینیەکەیەتی. ئەم پڕۆژەیە سەرەتایەکی دیکە و ڕێگایەکی دیکەمان دەخاتە بەردەم بۆ مانەوە لەناو بووندا، بۆ چاوهەڵهێنان بە بوون، وەك بوونێکی ڕۆشن و هەوڵدان بۆئەوەی ئەو بوونە بکەینە



بوونی خۆمان بەوەی تیایدا داگیرسێین و پرشنگدار بین!، کەئەمەش بەمانای ڕازاندنەوەی جیهانە بە (ژیان لە ناویدا) و بەمانای تەسلیمبوونی مرۆڤە بە ژیان وەك کائینێکی زیندووی ژیاندۆست. ئەمەیە ئەو شیعرەی کە شایەتمان بە ژیان دەهێنێت لە پرۆسەی ئیمانداریی و متمانەماندا بە بوون و پەیوەندیی مرۆڤ بە بوونەوە، لەئاستی پەیوەندییەکی پاسیڤەوە هەڵدەگێڕێتەوە بۆسەر ئاستی پەیوەندییەکی شاعیرانە، چونکە ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای ژیاندۆستییەوە دروستدەبێت. بەمانایەکی دیکە: ژیاندۆستیی ئەنجامی متمانەیە بە بوون و شیعریش دۆخی تێڕامانی مرۆڤە لە ژیانی خۆی وەك بووێکی زیندووی ئاگا بە بەهاداریی بوون.

دوو دەیە بەسەر ئەم ئەزموونەدا تێپەڕی و هێشتا دەزگاڕۆشنبیرییەکان و دامەزراوە کەلتووری یەکان، وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، متمانەیان بەو پڕۆژەیە نەکردووە کە ئەزموونی نەوە نوێیەکان هێنایانە دی. هێشتا ئەم ئەزموونە ڕێگەی پێنەدراوە تۆڕەکانی مەنهەجی ئەکادیمی ببڕێت و بچێتە ئەودیو شورای پسپۆڕەکانی ئەدەب و حیزبە شیعریەکانەوە کە هێشتاش بە ستاتیکای کێش و قافیە و خاڵبەندی و عەرووز و بەلاغەوە، ڕووبەڕووی بەرهەمی ئەدەبی دەبنەوە. ڕەنگە ئەمەش باشترین بەڵگە بێت لەسەر دژواری ئەو ڕێگایەی کە ئەم نەوەیە، ئەم نەوە خەیاڵاویە بۆ بە (تەخنە)کردنی بوون، بۆ بیناکردنی بوون وەك هونەرێك، وەك (پۆیسیس)، گرتبێتیە بەر..

(چلەی هاوینێ، هەولێر، ساڵێ لە ساڵەکان!)

(❊) لە گۆڤاری شیعرستان، ژمارە: ٨

# پاکژبوونەوە لە ڕەنگدا![*]

(١)

**ئەزموونی** ڕۆح و ئەزموونی جەستە بەهەمان خێرایی ڕێناکەن و تێناپەڕن: بۆی هەیە جەستەیەکی ماندوو خاوەنی ڕۆحێکی تەڕ و پڕ لە خۆزگە و تەمەننا بێت و، ڕێشدەکەویٚ ڕۆحێکی بەئەزموون و خەستە لەناو جەستەیەکی تەندرووست و هێشتا بزێودا، گێنگڵ بدات و خۆی بخواتەوە. شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرە پڕ کار و دەگمەنانەی ئێمە، کە لەناو جەستەیەکی بزێو و پتەودا خاوەنی ئەزموونێکی ڕۆحیی دەوڵەمەندە. لەدوای قەسیدەی (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێك)ەوە، خاڵی وەرچەرخان لە شیعری شێرکۆدا بەدیار دەکەویٚ و لەو قەسیدەیەوە شاعیرەکەمان دەرگا لەسەر پانتایی بەرفراوانی ڕۆح دەکاتەوە و ڕێگە دەدات ناخە پڕ ئەزموونەکەی بکەوێتە قسە کردن و حەکایەتی ماندووبوونی خۆی ڕیوایەت بکا.

ئەوەی لە شیعرە جیدییەکانی دوای ئەو قەسیدەی شێرکۆ وە دەیبینین و گوێمان لێی دەبێت، ڕۆچوونێکی قووڵە بەناو ماناکانی فەردبوون و مرۆڤبوون و پرسیارە وجودیەکاندا و، شێوازی شاعریش لەم سەفەرە چارەنووسسازەیدا بریتییە لە شەففافبوون و خۆڕووتکردنەوەی تەواو لەبەردەم زمان و جیهانی پڕ نهێنی وشەکاندا.

بەبڕوای من لە دوای ئەو قەسیدە گەورەیەوە، ئیدی شێرکۆ بێکەس ڕەوتێکی تازە سەبارەت بە ئەزموونی شیعریی خۆی دەگرێتە بەر و لێرەشەوە سەرلەبەری قۆناغی شیعریی خۆی و هاوکاتەکانی دووچاری گۆڕانێکی گرنگ دەکات. بەمانایەکی تر: ئیدی شێرکۆ وەك مرۆڤێك بەبێ هیچ حوکمێکی پێشینە و وێناکردنێکی پێشوەخت لەسەر دنیا، دێتە ناو ژیانەوە و سەرلەنویٚ لەناو خودی زمانی شیعریدا لەدایك دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت و وێناکردنێکی ناشیعریانەی ژیان و دنیا بکات. دەمەوێت بڵێم: لەم قۆناغە تازەیەی شاعیرەکەماندا، دنیا ئەوە نیە کە مرۆڤێك ئەزموونی کردووە و پاشان دێت ئەم ئەزموونە لە شیعردا بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵکو دنیا لەناو خودی ئەزموونە شیعرییەکەیەوە دەستپێدەکات و پانتایی



قەسیدەکانیش دەبنە جیهانێکی سەربەخۆ و بە درێژایی مانەوەش لەناو ئەو دنیایەدا شاعیرەکەمان وەك فەردێك و وەك مرۆڤێك دروستدەبێت.

خەسڵەتی هەرە دیاری ئەم قۆناغە لەوەدایە کە دەرگا بۆ هەستەکان دەخرێتە سەر پشت و زمانیش وەك ڕووناکاییەك بەرەو قووڵایەکانی بوون و تەمەننا و حەز و ترسەکانی مرۆڤ، پەخش دەبێتەوە. شێرکۆ ئیتر نابێتە پردێك لە نێوان ئێمە و دنیای دەرەوەماندا، لە نێوان ئێمە و نەتەوە و ڕەمزەکانیدا، لەنێوان جەماوەر و ڕەوتی سیاسیی باودا، لەنێوان ئەزموونی تاکەکەسی و ئەزموونی بەکۆمەڵی و مێژووییماندا، بەڵکو ئەو لەڕێگەی وەستانیەوە لەسەر کێشە شەخسییەکانی و لە سایەی ئازادیبەخشین بە هەستەکانی و لەگەڵ ئیعتیرافکردنیدا بە خۆزگە و ترسەکانی، ئێمەش بە خودی خۆمان و توانا فەردییەکانمان و یادوەری شەخسیمان ئاشنا دەکاتەوە. بەمجۆرەش، خوێندنەوەی شیعری شێرکۆیی هەرتەنیا نابێتە پرۆسەیەك بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەیەك لەسەر دنیا، بەڵکو دەمانخاتە بەردەم پرۆسەیەکی ناوەکی ئەوتۆ، کە ناچارین تیایدا بەدوای خۆماندا بگەڕێین، بەبێ ئەوەی هەستبکەین بەوەی، کە دەبێت ئەو گەڕانە بەناو شفرەکانی مێژوویەکی گەورەتردا بڕوات کە مێژووی نەتەوە و کۆمەڵگایەکە.

(٢)

*من ئەمجارە، یان: ڕەنگی شیعر ئەگۆڕم*
*بە ڕەنگیٚ زمان نەیدیبیٚ و*
*وشە هەرگیز تیا نەفڕیبیٚ و*
*کاغەز خەوی پێوە نەبینیبیٚ*
*یان: نانووسم و، ئەو ڕەنگە کۆن و زەقانە*
*هەر بۆ شاعیری خوێخانە بەجێدێڵم! (ڕەنگدان، ل: ١٧١)*

قەسیدەی (ڕەنگدان) ئاستێکی دیکە و پلەیەکی دیکەی هەمان ڕێچکەیە، کە شێرکۆ لە قەسیدەی (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێك)ەوە گرتوێتیە بەر. ڕەنگدان قەسیدەیەکە شەففافتر لەهەر بەرهەمێکی دیکەی شاعیر و بیٚ گوناهتر لەهەر ئەزموونێکی دیکەی شیعریی ئەم مرۆڤە. ڕەنگدان بەرلەوەی ڕۆچوون بێت بەناو

جەستەی نیشتیمان و مێژوو و یادەرییەکی بەکۆمەڵیدا، ڕۆچوونە بەناو جەستەی تاکەکەسێکدا، کە پڕە لە توانایی و هەستیاریی سەرسووڕهێنەر بۆ بەرجەستەکردنەوەی خەیاڵ و ئەزموونە شەخسیەکانی. لە ڕەنگدانا، شێرکۆ خۆی دەداتە دەست خەیاڵێکی شیعری، کە توانای هەبێت خودێتی مرۆڤ لەناو زماندا دروستبکاتەوە و قەدەری خۆی وەك تاکەکەسێکی زیندوو دەستنیشان بکا.

بەبڕوای من، ئەم قەسیدەیە بەشێکی گرنگ لەو بوونە چەپێنراو و بێدەنگکراوەی ناو ناخی شێرکۆی ڕزگار کرد، کە هەمیشە دەیکردە قوربانیی لەبەردەم ئەو ئینتیمایەدا کە لەقەسیدەکانی تردا، شێرکۆی دەبەستەوە بە ساتەوەختە هاوبەشەکان و مێژوویەکی نا شەخسییەوە.

لێرەشەوە، ڕەنگدان پەنجەرەیەکی گرنگە بۆ بینینی شێرکۆی مرۆڤ وەکئەوەی پەیڕەوی لە سرووشتی خۆی دەکات و داوەتمان دەکا بۆ سەفەرێك، کە تیایدا ئینسانێك بە هەموو خۆزگە فیتریەکانی خۆیەوە دێتە قسەکردن و چەپێنراوەکانی ناو ناخی ئێمەش دەهەژێنێ. بەمجۆرەش شاعیرەکەمان لەو مرۆڤە دەچێت کە لە ناو یەکێك لە هۆزە سەرەتایەکاندا خۆی لە ڕەنگ هەڵکێشاوە و بەدوور لە هەر ئایدیۆلۆژیا و حوکمێکی کەلتووری پێشوەخت، لەگەڵ ئاوازێکی خرۆشێنەردا سەما بۆ ژیان و بوون دەکات. ئەم سەماکردن و خۆتەسلمکردنە بە دنیای فرەڕەنگی، ئەم تێکەڵبوونەوەیە بە سرووشت لە ڕێگەی ستایشکردنی ڕەنگەوە، ناشێت وەڕسبوونێك و هەڵوێست وەرگرتنێکیش نەبێت لە ئاست هەموو ئەو هێزانەدا کە مرۆڤ لە دنیای شەففافی خۆی دوور دەخەنەوە.

شێرکۆ بەم قەسیدەیەی، نەك هەر خودێتی مرۆڤ لە گومڕابوونە کەلتووری و ئایدۆلۆژیاکان ڕزگار دەکا، بەڵکو شیعریش دەخاتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی، کە تیایدا مرۆڤ تێکەڵ بە سرووشت و شتەکان دەبێتەوە و دەگاتەوە بە ئاساییش و هاوسەنگیی بێ گوناهانەی خۆی. مرۆڤ لەم قەسیدەیەدا خۆی بە ڕەنگ پاکژ دەکاتەوە تا جوانیی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، تا ببێتەوە بە خۆی...

**هەولێر: کۆتایی١١ی ٢٠٠١**

(*) بەبۆنەی دەرچوونی قەسیدەی (ڕەنگدان)ی شێرکۆ بێکەسەوە.

## له ستاییشی کتێب دا(*)

### (دوو شت شایانی ئەوەن لە جێگاشدا لێیان جیا نەبیتەوە: ئافرەت و کتێب)

**والتەر بنیامین**

**ساڵێك** بەر لەئێستا، کاتێ بەبەردەمی دەزگای موکریانیدا دەڕۆیشتم، خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو ئاخۆ لە هەفتەی داهاتوودا چ بەرهەمێکی دیکەی گرنگ لەچاپ دێتە دەر و بەخوێندنەوەی، دەرگایەکی دیکە لەسەر پرسیارە بێشوومارەکانی خەیاڵ ئاوەڵا دەبێت. وەلێ پێنجشەممەی هەفتەی ڕابردوو لەم ڕۆژنامەیەدا، ڕاپۆرتێکم لەسەر ئەو دەزگایە خوێندەوە، زیاتر لەوەی دوو ساڵەی تەمەنی یاد بکرێتەوە، ڕاپۆرتەکە بۆنی ڕاگایەندنی مردن و ئیفلیجبوونی ئەو دەزگایەی دەگەیاند و لێرەشەوە تێگەیشتم لەوەی ئەگەر سیاسەتێکی کەلتووریی داڕێژراوت نەبوو، چۆن میزاجی شەخسیی دەبێتە پێوەر لە کاروباری ڕۆشنبیریدا و ئەمەش چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە.

ئەوە خەونی هەر خوێنەرێکی شێلگیرە لە کەش و هەوایەکی وادا بژی، کە لەبەرنامەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا و لە سەرفکردنی مانگانەکەیدا، دوای دەرکردنی پارەی دەرمان و دکتۆر و کرێ خانوو، حسابێکی تایبەتیشی بۆ کتێبکڕین کردبێت و پەلەی بێت لەم دەزگای بڵاوکردنەوەی کتێبەوە بچێت بۆ ئەویتر، تاکو دوایین بەرهەمەکان بکاتە هاوڕێی خۆی. کتێب و مرۆڤ مێژوویەکی سەرسووڕهێنەر پێکەوە ژیاون: لەهەرکوێدا مرۆڤ پێویستی بە ناساندنی خۆی هەبووبێت پەنای بۆ کتێب بردووە و لەناو کتێبەوە هاتۆتە دەر، لە هەر شوێنێکیشدا کەوتبێتە مەترسییەوە، چۆتەوە ناو کتێب و کتێب داڵدەی داوە. هێرۆدۆت کە یەکەم مێژوونووسی یۆنانیە، لە مێژووەکەی خۆیدا باس لەوە دەکا، کە دەیەوێت (کتێبی مێژوو بکاتە پەندێك بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خۆی بیر نەچێتەوە و ئەو جەنگانە دووبارە نەکاتەوە کە ماڵوێرانییان بەسەردا سەپاندووە). لێرەشەوە کتێب لە چارەنووسی مرۆڤدا دەبێتە ئەو زەمینەیەی کە ناهێڵێت ئێمە دووجار لە قووڕێکدا بچەقین و بەم پێیەش کتێب لە ژیاردا ڕۆڵێکی ڕزگارکەر دەبینێت، بێگومان بە خۆڕاییش نییە هەموو کتێبە ئاسمانییەکان هەڵگری پەیامێکن بۆ ڕزگاریی مرۆڤ!



لێرەوە دەمەوێت بڵێم، زیندوویی میللەتێك بە ژمارەی شوێنەواری قەڵا و سەنگەرەکانیدا هەڵناسەنگێنرێت، چونکە ئەوانە پاشماوەی ئەو جەنگ و نائارامیانەن کە ڕۆژگارێك زیندوویی ئەو میللەتەیان خستۆتە مەترسییەوە. ئەوەی زیندوویی نەتەوەیەك دەسەلمێنێ ژمارە و نەوعییەتی ئەو کتێبانەن کە نەوەکانی پێشوو بەجێیان هێشتوون تاکو نەوەکانی پاشەڕۆژ بەهۆیانەوە پێناسەی خۆیان بکەنەوە. هەموو جەنگ و شمشێربازییەکانی سەلاحەدینی ئەییووبی، کە ئەم ڕۆژانە زۆر قسەی لەبارەوە دەکرێ، هێندەی ئەوە نابێت وەك زەردەشتی هاوڕەگەزی، کتێبێکی بۆ جێهێشتباین. یۆنانیەکان کاتێ پێناسەی خۆیان دەکەن باسی داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی هۆمیرۆس دەهێننە پێش. (دۆن کیشوەت)ی سێرڤانتس ناسنامەی ئیسپانیەکان و (کۆمیدیای یەزدانی)ی دانتێش هی ئیتالییەکان. ئێرانییەکان لەئاستی ڕۆحیدا (شانامە)ی فیردەوسی بە ڕزگارکەری خۆیان لە دەسەڵاتی ئەوسای عەرەب دەزانن و دانیمارکیەکان بەبێ چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانی (هانس کریستیان ئەندەرسن)، تەنیاترین میللەتی سەر ڕووی زەوی دەبوون. هیچ شەرمیش نییە بڵێم: سەبارەت بە ئێمەی کوردیش هەردەم ژمارەی پاشا و میر و ئاغا و سەرۆك حیزبە ناکۆکەکانمان زیاتربوون لە ژمارەی شاعیرە تاراوگەکراوەکانمان. هەمیشە بریقەی شمشێر و لوولەی تفەنگەکان ڕێزدارتربوون لە قەڵەم و دەسنووسی نووسەرانمان. ئەی خودا! ئەگەر میراتی ڕۆحیی کلاسیکە گەورەکانی وەك جزیری، خانی و نالی و مەحوی و هاوچەشنەکانیان نەبوونایە، ئێستا ئێمە لە چ بیابانێکی مەعنەویدا دەژیاین و چەندە میللەتێکی بچکۆلەتر بووین؟!

هۆی هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلتووری کتێب و کتێب وەك بەشێك لە ناسنامە، نەبۆتە بنەمایەك بۆ خۆناساندنی ئێمە. لە گوتاری سیاسیی ئێمەشدا نەك هەر ستاییشی کتێب نەکراوە، بگرە کتێبیش کراوەتە پاشکۆی تفەنگ و دەسەڵاتی تفەنگ. ئێستاش بەشێکی زۆری ئەوانەی لە دنیای تفەنگەوە هاتوون متمانەیان زیاتر پێدەکرێ وەك لەوانەی لە دنیای کتێبەوە هاتوون.. ئەوانەی مەهارەتیان لە دەستپیسیدا هەیە، لەچاو ئەوانەدا کە مەهارەتیان لە دەستپاکیدا هەیە، زیاتر جێگەی خۆیان کردۆتەوە. لێرەوە لە وڵاتی ئێمەدا هیچ شتێك نییە بمانەوێت قسانی لەبارەوە بکەین و نەمانباتەوە سەر سیاسەت و ڕەخنەگرتن لە سیاسەت، بۆیە ڕەخنەگرتن لە سیاسەت وەك ئەوەی لە واقیعی ئێمەدا هەیە، بنەمای هەر ڕەخنەگرتنێکی جیدیە کە بیەوێت لە سیاسەتدا

گۆڕانێك دروست بكا و لە دوا ئەنجامیشدا هەر لە خزمەتی سیاسەت خۆیدا بێت! بێگومان ڕاستییەك هەیە نابێت بیرم بچێت، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دنیای كتێب لە وڵاتی ئێمەدا گۆڕان و بەرەوپێشچوونێكی باشی بەخۆیەوە بینی، كە بە بڕوای من لە كردنەوەی پیشانگای هاوبەشی سلێمانی، لە (١٥/١٠/ ٢٠٠١) دا ئەو گۆڕانە گەیشتە قۆناغێكی ئومێدبەخش و پاشانیش لە پیشانگاكانی لەوە دواتردا كە دەزگا كوردییەكان لە شارەكانی دی بە هاوبەشی كردیاننەوە، دەركەوت كە كتێب و ستایشكردنی كتێب، فاكتەرێكی گرنگە لە ئاساییكردنەوەی بارودۆخی گرژیی وڵاتی ئێمەدا. من پێموانییە ئەم دەستكەوتە ئومێدبەخشە ئەنجامێكی لۆژیكی پلانێكی ئاگایانەی حیزبەكان بووبێت، وەلێ ناكرێت وەك خاڵێكی پۆزەتیڤ بۆیان تۆمار نەكەین و لەهەمان كاتیشدا ڕەخنەیان لێبگرین، كە بۆچی كتێب و پەرەپێدان بە دنیای كتێب هەتا ئێستاش نەبۆتە بەشێك لە سیاسەتی كەلتووریی دەسەڵاتی سیاسی. ڕەنگە هۆی یەكەمی ئەمكارەش ئەوە بێ، لەناو ئەو دەزگا و مەكتەب و وەزارەت و شوێنانەدا كە تایبەتن بە كتێب و دەستگیرۆیی پڕۆژە كەلتوورییەكان دەكەن، كەسانێك داندراون كە نامۆن بە كتێب و ڕۆشنبیری. كاتێك ئەمەشمان بۆ ئاشكرا دەبێت، كە دەبینین لە ئاستی كەلتووری و ڕۆشنبیریدا چالاكییەكی ئەوتۆ بەدی ناكەین لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی دەكرێنە سەر كۆمەڵگاكەمان، ئەگەرچی هەر تەنیا لەئاستی هووشیاركردنەوەشدا بێت..

ڕۆڵی دەزگاكانی چاپ و پەخشی كتێب سەبارەت بە ئێمەی كورد زۆر گەورەترە لەوەی كە تەنیا لە بڵاوكردنەوەی چاپكراوەكاندا بچووكی بكەینەوە و چارەنووسیان بدەینە دەست میزاجی مەكتەبی ڕاگەیاندنی حیزبەكان و كارمەندە نەشارەزاكانی ناو وەزارەتەكانی ڕۆشنبیری.. ئێمە میللەتێك نین بتوانین بە هێزی تفەنگ هیچ شەڕێك لە نەیارەكانمان، كە ژمارەیان ڕوو لە زیادبوونە و تا دێت نەخشەی ئەهریمەنی دادەڕێژن و ئێمەش درێغیمان نەكردووە لە موجامەلەكردنیان، ببەینەوە. ئێمە میللەتێكین لە جەنگی تفەنگدا قارەمانیی و گیانفدایی گەورە دەنوێنین، وەلێ نایبەینەوە. بەڵگەشم ئەوەیە هێندەی ئێمە لە بۆنەكاندا بەسەر تەرمی شەهید و قوربانییەكاندا دەگرین، یادی شكۆی سەركەوتنەكانمان ناكەینەوە، چونكە هەمیشە ژمارەی قوربانیەكانمان زیاتر بوون. وەلێ لە جەنگی كتێب و بەرهەمهێنانی كەلتوورێكی هیومانیستیانەدا، بەتایبەتی لە شیعردا، گەرچی كەم، بەڵام سەركەوتنی درەخشانمان هێناوەتە دەست. بۆیە ڕۆڵی دەزگاكانی



بڵاوكردنەوەی كتێب، دەبێت لەپەیوەندی بە خۆراكێكی ڕۆحی و مەعنەویەوە هەڵبسەنگێنرێت كە میللەتێك بۆ مانەوەی خۆی و بەردەوامیی خۆی پێویستی پێیەتی. ئەم بۆچوونە پێویستە لە سیاسەتی كولتوریی ئەم وڵاتەدا ڕەنگبداتەوە و كارێك بكرێ هەر ماڵێكی كورد، كتێب بە بەشێكی گرنگ لە ناسنامەی خۆی دابنێ. خۆشەویستكردنی كتێب پێویستی بە بەرنامەیەكی كەلتووری هەیە، كە ئاسانكاری دەكا بۆ ئەوەی لە هەر باخچەیەك و شوێنێكی گشتیدا، كوختێكی كتێب هەبێت و لە كتێبخانەی سەرەتاییترین خوێندگای ئەم وڵاتەدا بە هەرزانترین نرخ دەستمان بە بەرهەمەكان بگات. دەكرێ هەر لە ڕێگەی سیاسەتێكی كەلتوورییەوە كارێ بكرێ، منداڵانی ئەم وڵاتە ورك لە دایك وباوكیان بگرن تا لە بازاڕ كتێبیان بۆ بكڕن. پێویستە سیاسەتێكی ئەوتۆ ژمارەی كتێبدۆستەكانی ئەم وڵاتە بهێنێتە ئاستی ژمارەی گۆشتخۆری ڕۆژانی هەینیی سەیرانگاكان!

***

كاتێك دەزگایەكی بڵاوكردنەوەی كتێب لەپەلوپۆ دەخەین و چارەنووسی بە هەڵواسراوی دەهێڵینەوە، بەتایبەتیش كاتێك ڕەچاوی نەوعیەتی بەرهەمەكانی ناكەین، نەك هەر تەنیا ڕێدەگرین لەوەی كتێب ڕۆڵی خۆی لە كۆمەڵگادا بگێڕێت، بەڵكو ئەو متمانەیەش كە ئەو دەزگایە لەماوەی تەمەنی خۆیدا دروستیكردووە لەلای نووسەر و خوێنەران دەدۆڕێنین. ئەمەش لەكاتێكدا متمانە پێوەری سەركەوتن وبەردەوامیی هەر دەزگایەكە، كە نابێت بدۆڕێنرێ و ئەمكارە پێچەوانەی سیاسەتێكی كەلتووریی تەندروستە كە دەیەوێت بەشداری بكا لە دروستكردنی ناسنامەی نەتەوەییماندا. لەبیرمان نەچێت: ئێمە لە وڵاتێك و بارودۆخێكدا دەژین كە هێزە دەرەكییەكان تادێن سیاسەتێكی توندڕەوانەتر لەئاست میللەتەكەماندا پەیڕەوی دەكەن و دەیانەوێ سیمای كۆمەڵگاكەمان یەكسان بكەن بەو ڕەسمەی ئەوان لەدرێژەی سیاسەتەكانی تردا، لە زەینی خۆیاندا بۆ ئێمەیان كێشاوە و دەشیانەوێ لەبەرچاوی دنیاشدا حەقیقەتی ئێمە ئەو وێنەیەی ئەوان بێت. بەپێی ئەو ڕەسمە ئێمە خەڵكانێكی (شەڕانگێز) و (نا شارستانین) تا ئەو پلەیەی كە دەبێت هەموو ئامرازەكانی تەكنۆلۆژیای مۆدێرنی جەنگمان لەسەردا تاقیبكەنەوە. مۆدێرنە بەرلەوەی لەچوارچێوەی ڕۆشنبیری و كەلتووری و ئابووریدا گەیشتبێتە ئێمە، لە شێوەی دەبابە و فڕۆكە و قومبەلەدا گەیشتۆتە چیا دوورەدەستەكانمان! منداڵەكانی ئێمە بەرلەوەی هزرڤان و زانا و داهێنەرەكانی عەقڵانیەتی ڕۆشنگەر بناسن، فێری ئەوە بوون

دەنگی زرێپۆش و ناپاڵمەکان لەیەکدی جیا بکەنەوە. جا ئەمە چ لە ڕێگەی فشاری دەرەکییەوە بێت یاخود بەهۆی هاوکار و دەستەندەخۆرەکانیانەوە بێت لەناو کۆمەڵگادا، چ بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەوە بێت کە مرۆڤمان لەبەرچاودا لێدەکەنە کائینێکی زەلیل، چ بەهۆی شێواندنی پانتاییە مرۆییەکانەوە بێت لە ڕێگەی تەقاندەوە و تێزابرێژیی و یاساخکردنی جەستەوە.

هەروەها لەبیرمان نەچێت کە سیاسەتی زۆر لە ڕێکخراوەکانی جیهان کە ئێستا لە کوردستاندا چالاکن، لەبەرنامە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکاندا ناچارمان دەکەن لەژێر چەتری ئەو پلانە کەلتووری و پەروەردەییەدا بمێنینەوە، کە دڵی پایتەختی ڕژێمە داگیرکەرەکان ڕازی دەکات. بەولای تردا، نابێت لەبیرمان بچێت، کاتێ دەزگاکانی کتێب و بڵاوکردنەوەی کەلتوور پیشانگاکانیان دەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و کتێبخوێن، کە لەدەوری هیچ شتێکی دیکەی حیزبەکان کۆنابنەوە، دەورەیان دەدەن و وێڕای دەستکورتی، تەماعی کتێبکڕین داگیریان دەکا. (لە پیشانگایەکدا سێ قوتابیی زانکۆم بینی، ڕاوێژیان بە یەکتر دەکرد تا چۆن بە هەرسێکیان کتێبێکی هاوبەش بکڕن، کە نرخەکەی نەیدەکردە شەست دینار!)، ئەمە جگە لەوەی کاتێك نوسەر و شاعیر و ئەکادیمیەکانی دوورە وڵات بەسەفەر دەگەڕێنەوە، یەکەمین پرسیاریان ئەوەیە (ئاخۆ چەند کتێبی باش بڵاوکراونەتەوە) تا لەگەڵ خۆیاندا بیانبەنەوە هەندەران. ئەم حەماسەتە بۆ کتێب و بڵاوکراوەکانی ئێرە، بەتایبەتی لەلای نوسەران و ئەکادیمیەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان هەستی پێدەکرێ، کاتێ تەماشامان دەکەن و بەو نەزاکەتەی خۆیانەوە پێماندەڵێن: (ئاغا گیان، لە کتێب و نوسراوگەلی خۆتانمان بێبەش مەکەن). (لە کەلار پیاوێکی نابینام بینی کە پارە دەدات بۆ ئەوەی کتێبی بۆ بخوێننەوە!).

هەموو ئەم ڕاستییانە دنەمان دەدەن بۆ ئەوەی بڵێین: ئەگەر بڕیارە ئەڵتەرناتیڤێکی دژەکەلتووری لەبەرامبەر ئەو کەلتوورە سەپاوەدا دروستبکرێ، کە ئامانجی شێواندنی کەسایەتی نەتەوەییمانە و ساڵەهایە لە بەرنامەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی ئەم دەڤەرەدا کاری پێدەکرێ، پێویستە ئەو ئەڵتەرناتیڤە کوردانە بێت و ئامانجیشی دروستکرنەوەی خودێتی وگەورەیی شکێنراوی مرۆڤی ئەم دەڤەرە بێت. حیزبە کوردیەکان پێویستە سەربەرز بن بەوەی لە قۆناغێکی مێژوویی ئەوتۆدان، کە جەبری ئەو مێژووە چاوەڕوانیان لێدەکات دروستکردنەوەی کەسایەتی پێشێلکراوی مرۆڤی ئەم وڵاتە ببێتە خاڵێکی گرنگ



لە سیاسەتی کەلتووری و ڕۆشنبیرییاندا. ئەگەر لە هەموو خاڵەکانی دیکەدا (لوتبەرزیی سیاسی) ڕێگەیان پێنادات هاوکاریی یەکدی بکەن، ئەوە پێویستە لەهاوکاریی بەرنامەی کەلتووری و کاری چاپ و بڵاوکردنەوەدا کەمێ دەستڕەنگینتر بن و هیچ ڕێگرێك لەبەردەم پرۆژە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا قوت نەکەنەوە. چونکە کتێب ڕەگەزێکی گرنگی ژیاری هەر میللەتێکی زیندووە. هەڵبەت لەمەشدا پشت بە ڕاستییەکی مێژوویی دەبەستم و لە مێژووی هاوچەرخماندا کتێبێك بە نمونەی یەکخستنی نەتەوەییمان دەهێنمەوە کە بێگومان هەموومانی لە تاریکاییەوە گواستەوە بۆ ڕووناکی. لێرەدا بیر لە کتێبی (خوێندنەوەی کوردی) نەمر (ئیبراهیم باڵدار) دەکەمەوە کە سێمبولێکی زیندووە لە ژیانی کەلتووری و پەروەردەیی میللەتی ئێمەدا.

بەمجۆرە ئێمە ئێستا پتر لەهەر کاتێکی دیکە، پێویستیمان بە دارشتنی سیاسەتێکی کەلتووری هەیە کە تیایدا بیر لە کوردبوون کرابێتەوە نەك حیزبی بوون. بیر لە مێژووی میللەتێك کرابێتەوە نەك مێژووی حیزبێکی سیاسی.

❊❊❊

بەمافی خۆمی دەزانم کاتێ دەزگایەك دەکەوێتە بەردەم چارەنووسێکی نادیار، بێدەنگ نەبم، چونکە بەرگریی ئێمە لە ئاست کتێب و ڕۆشنبیرییەکی کراوەدا بنەمایەکی گرنگە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی کراوە. هەروەها بەمافی خۆمی دەزانم کاتێ بەبەردەمی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی کتێبدا ڕادەبوورم، بیر لە کتێبەکانی بکەمەوە، چونکە وەك والتەر بنیامین دەڵێت: (دوو شت شایانی ئەوەن لە جێگاشدا لێیان جیا نەبینەوە: ئافرەت و کتێب)، کە بێگومان ئەمەش بەرزترین ستایشە لە ئاست کتێبدا کاتێ دەمانەوێ هاوشان بە مرۆڤ تەماشای بکەین.

هەولێر

٢٠٠٢ /٧/١٠

(❊) برایەتی، ژمارە: ٣٧٣٧ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/١٤

## (دایکانێکم هەن،
## میهرەبانترن لەگەڵای درەخت...)(*)

### دایک و مێژوو:

زۆر پێدەچێت چەمکی (داییك) لە مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێمەدا، کە زۆر ستایشکراوە، چەمکێك بێت لە هەناوی کەلتووری باوکسالاریەوە بەرهەمهاتبێت نەك لە واقیعی ژیانی ئەم نەتەوەیەوە. چونکە بەڕاستی دایك وەك (مرۆڤێکی زیندووی ناو واقیعی کۆمەڵایەتی) زیاتر لەوەی ئەو کائینە بێت کە ستایشکردنەکان باسیدەکەن، بەشان و باڵیدا هەڵدەدەن و لە ئاستێکی ئەفسانەییدا بەرجەستەی دەکەنەوە، مرۆڤێکی ستەملێکراوی چەوساوەیە و ژیان بەهەموو ئازار و کۆژانەکانییەوە بەکۆڵییەوەیەتی. ڕەنگە سادەترین و لەهەمان کاتیشدا نزیکترین پێناسە بۆ دایك ئەوە بێت بگوترێ: دایك ئەو مرۆڤەیە کە ژیانی تایبەتیی خۆی ناژی. مرۆڤێك کە ژیانی تایبەتی خۆی نەژی، لەبنەڕەتدا هەر ناژی، بەڵکو ژیان وەك لافاوێکی خوڕ لەگەڵخۆی دەیبات و دواجار، لەداوێنەوەڕا، بەلقی درەختی تەمەنەوە هەڵیدەواسێت. هەربۆیەشە کاتێك هەست بەبوونی دایکمان دەکەین، کەئیدی ئەو پیر بووە و ئەزموونێکی زۆری لەپشتخۆیەوە کەڵەکە کردووە، کە خاڵی نییە لە سکسووتان، ناکامی و بێوەژنی و ڕەشپۆشی.. زۆربەی دایکەکانی ئێمە کاتێك باسی ژیانی تایبەتیی خۆیانت بۆدەکەن و حەکایەتی پڕ لە بەسەرهاتی ئەو ژیانەت بۆ دەگێڕنەوە، لەهەمان کاتدا مێژوویەکت بۆ دەگێڕنەوە کە مێژووی نەتەوە و هەڵچوون وتێکشکانەکانێتی. کاتێك من تەماشای دەستە چرچ و لۆچەکان و سیمای ماندووی دایکانی خۆمان دەکەم، کاتێك دەبینم جەستەیان تەمەنێکی زۆری لەژێر ئەو کراسە ڕەشانەوە بردۆتە سەر کە بوونەتە بەرگی ڕەسمیی دایکانی ئێمە، هەرتەنیا پرۆسەی بەسالاچوونی جەستەیەکم بیرناکەوێتەوە لەمیانەی ژیانی تایبەتیی خۆیدا، بەڵکو دەشبینم کە چۆن تێهەڵکێشێك لەنێوان جەستەی دایکان و



جەستەی نەتەوەدا دروستبووە و جەستەی دایکمان بۆتە مێژووی نەتەوەکەمان! تەنانەت دەتوانم بڵێم: ئەوەی مێژوو لەبیری کردووە و لەپەراوێزیشدا جێگەی بۆ نەکردۆتەوە، ئەوەتا لە دڵ و کەلێنەکانی ڕۆحی دایکەکانماندا، لە بۆچڕووکی هەناسەکانیان و لە هەنسکی گریانەکانیاندا تۆمار کراوە. سەرم دەسوورِمێ ئێمە خاوەنی ئەمجۆرە دایکەین و کەچی هەتا ئێستا پەیکەرێکمان بۆ نەکردوون، شەقامێك، باخچەیەك نەخۆشخانەیەك و شارێکمان بەناوی ئەوانەوە ناوزەد نەکردووە..

### دایک و ئاو:

ڕاستە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، دایك و ئاو، دایك و تەڕایی و دایك و شوێنە شێدارەکان هاوقەدەرن و بەدەگمەن دایکێك دەبینیت دوور لەکانی و دوور لە گۆزە و دوور لە بەلووعەی مەتبەخ، کە دیارە ئەمەش پەیوەندییەکی سادەی لەنێوانیاندا دروستکردووە و دیسانەوە بۆتە سرووشبەخشی خەیاڵگەی پیاوسالارانە تا وەسفی (ئافرەت لەکەنار ئاودا)، بکاتە یەکێك لەوێنە شیعریە هەرە بەناوبانگەکانی خۆی، وەلێ پەیوەندیی ئاو و دایك، ئاو و ئافرەت، زۆر لەوە قووڵتر و دێرینترە.

دایك و ئاو هەر تەنیا لەوەدا لێکدی نزیك نابنەوە کە ژیانبەخشن، بەڵکو ئەو دوو هێزەیشن کە خاوێنی بە ژیان دەبەخشن و مەیلی بەردەوامبوونمان تێدا تازە دەکەنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە: دایك و ئاو هەرتەنیا لەسەرچاوەی بوونەوە نزیك نین، بەڵکو خۆیان سەرچاوەن بۆ بوون. بوون لە بنەمادا بوونە بۆ بەردەوامی لەبەرامبەر هێزێکدا کە بەردەوامیی بوون دەسڕێتەوە و ئەو هێزەش



مەرگە. دایك هەرتەنیا كارگەیەك نییە بۆ بەرهەمهێنانی (شێرەكانی نەتەوە)، وەكئەوەی عەقڵیەتی پیاوسالاری فێری كردووین، بەڵكو گەرانتی بەردەوامیی ژیانە لەئاست هەڕەشەی سڕینەوە و بێبایەخكردنی ژیانێكی بەهادارانەی ڕەگەزی مرۆڤدا. هەروەك چۆن ناتوانین بیر لە سرووشت بكەینەوە بەبێ ئاو، ئاواش بیركردنەوە لە بوون و لە ژیان بەبێ بیركردنەوە لە داییك مەحاڵە. تراژیدیای ئێمەی كورد لەوەدایە، كە لە مێژووی هاوچەرخماندا هەردوو مەترسییەكە ئامادەن: وشكەساڵی و ساڵانی بێبارانی سیمای سرووشتیانەی وڵاتی ئێمەیان گۆڕی و تێگەیشتین لەوەی ئەو چیاو لێرەوار و دۆڵ و دەشتاییانەی ڕۆژگارێك سەنگەر و پەناگە و بژێودەرمان بوون، لە ڕۆژگارێكی دیكەدا كە ئاو ووشك دەكا، بۆیان هەیە شەقار شەقار ببن و زەوی لەئاست هەنگاوەكانماندا دەمبكاتەوە و جەستەمان بەرەو تاریكاییەكان هەڵلووشێت و لە قووڵاییەكانیەوە چەندین خشۆك و گیانەوەری نەناس سەر دەربهێنن! لەلایەكی دیكەوە، شەڕەكان و پرۆسەی كۆكووژی و ئەنفالكردنەكان، هەڕەشەیەكی ترسناكبوون كە وایانكرد چەندین هەزار ئافرەت لەمافی دایكایەتی بێبەش بن و بێوەژنی و قەیرەیی ببێتە چارەنووسیان. لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی سروودی جەنگخواز و شەیپووری شەڕكەرانەوە، جەنگ لە وڵاتی ئێمەدا، ئافرەتی هێنایە سەر پلەی سفری ژیانبەخشی و بێدەسەڵاتترین ئاستی بوونی پێبەخشی.

گەورەترین ستایشكردنی ئاو ئەوەیە كە تیایدا باس لەجوانی ماسی بكەیت، هەروەكچۆن گەورەترین ستایشكردنیش لە ئاست دایكدا ئەوەیە كە باس لە جوانیی ژیان بكەیت. ڕۆڵەی ڕاستەقینەی دایك، ژیانە نەك ئێمە.

### دایك و حەكایەت:

لەیەك كاتدا بۆی هەیە دایكێك زیاد لە منداڵێك و حەكایەتێك زیاد لە قارەمانێكی هەبێت، كەئەمەش فراوانی و پانتایی بەرینی جیهانی دایكایەتی و حەكایەتەكانمان بۆ ئاشكرا دەكات. كاتێكیش دایك دەبێتە حەكایەتخوان، ئیدی هەموو پانتایی ژیان، هەموو پێدەشتی بوون بەڕوومانندا دەكرێتەوە. هەر لەبەر



ئەمەشە دەتوانین بڵێین: ڕیشەی تەنیایی مرۆڤ لە هەلومەرجەكانی ژیانەوە نایەت، بەڵكو لە ژیانێكی بێ حەكایەتەوە دێت، ژیانێكی بێ دایك..

ئەو دابڕانە جەستەییەی دوای هاتنە دنیاوە لەنێوان منداڵ و دایكدا ڕوودەدات و دایك لە منداڵ دوور دەخاتەوە، دابڕانێكی كاتییە، چونكە دواجار دایك لە پەنجەرەی حەكایەتەكانەوە دێتەوە ناو دنیای منداڵ. مێژووی جەستەمان لەوكاتەوە دەستپێدەكات، كە ڕیتم و ئاوازی دەنگی دایك دێتە ناویەوە، تا ئەو كاتە تاقە دەنگێ كە جەستەی ئێمە دەیبیستێ، دەنگی ناوەوەی خۆیەتی: دەنگی خووڕەی خوێن بە دەمارەكاندا، دەنگی هەناسە و ترپەی دڵ و خۆكێشانەوەی جومگەكان و هتد. یەكەمین دەنگێ كە لەدەرەوە دێت و جیهان دەهێنێتە ناو لەشمانەوە، دەنگی دایكە.. جەستە بەبێ دەنگی دایك و بەبێ ئەو جیهانەی لە ڕێگەی دەنگی دایكەوە دێتە ناوێوە، جەستەیەكی بەتاڵە. بۆیە زیانبەخشترین ستەم و بەزەبرترین ئازار لەسەر جەستە ئەوە نییە كۆنترۆڵ بكرێت و ئەشكەنجە بدرێت، بەڵكو ئەوەیە بەتاڵ بكرێتەوە لە حەكایەت، چونكە ئەو جەستەیەی لەحەكایەتەكان بەتاڵكرابێتەوە، بەئاسانیش دەستەمۆی شەڕانیەت و جەنگ و زووڵمەت دەكرێت.

حەكایەتەكانی داییك پڕن لە تۆوی ئەو یاخیبوون و ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەیە، كە پاشتر لە قۆناغەكانی ژیاندا پێویستیمان پێیەتی بۆ بەردەوامبوون. ڕاستە دایك وەك جەستە لێمان جیادەبێتەوە و لەناو كێشەكانی ژیان و ململانێكانیدا جێمانندەهێڵێت، وەلێ حیكمەتی ئەو لەڕێگەی حەكایەتەكانیەوە لەئێمەدا بەردەوامی وەردەگرێ. لێگەڕێن بڵێم: مرۆڤ لەو كاتەوە بێ سەرپەرست نییە كە دایك و باوكی بایۆلۆژیی دەمرن، بەڵكو (هەتیوی و چەتیوی)ی ڕاستەقینە لەوێوە دەستپێدەكات، كە دایكێك نەبووبێت حەكایەتێكمان بۆ بگێڕێتەوە، كە نەتوانین وەك داییك حەكایەتەكان بۆ یەكتری بگێڕینەوە..

### دایك و منداڵی:

ئەگەر پێتوایە داییك بەهەمان شێوەی تۆ دەڕوانێتە گەورەبوون و قۆناغەكانی تەمەنت كە خۆت هەستیپێدەكەیت و تیایدا دەژیت، بە هەڵەدا چوویت! لەڕاستیدا

لەچاوی دایکانەوە ئێمە هەرگیز گەورە نابین و داییك هەرگیز دەست لە وێنەی منداڵیی ئێمە هەڵناگرێت.. ڕەنگە ئەمە بەخشندەترین پەیوەندیی دایك بێت لەگەڵ ئێمەدا، چونکە ئەوکاتەی واهەستدەکەین تەمەنێکمان بردۆتە سەر و ژیانێکی دیکەمان بۆخۆمان دروستکردووە، ئەوکاتەی لەسەفەرێکی دوورەوە گەڕاوینەتەوە و ئەو دەمەی پێمانوایە زۆربەی خەونەکانمان هاتوونەتە دی، دایك دێت و منداڵیمان پێدەبەخشێتەوە. منداڵییەك کە ئێمە لەبیرمان کردبوو، یان ڕەوتی ژیان لێیسەندبووینەوە یاخود دۆڕاندبوومان..

کاتێك دایك منالّیمان پێدەبەخشێتەوە، دوایین بەڵگەنامە و کارتی دەرچوون لەو قوتابخانەیە وەردەگرین کە ناوی ژیانە و نمرەکانی، نەك لەسەر دەرسی کیمیا و ماتماتیك، بەڵکو لەسەر ئەو لاساری و تۆران و وورك و مانگرتن و پێکەنین و حەزانە تیادا تۆمارکراون، کە منداڵیی ئێمەیان پێکهێناوە. تەنیا ئەوکاتە تێدەگەین کە پێگرتن و هەڵچوونی قاچەکانمان و بەرزبوونەوەی باڵامان لەچاو بالای دایکماندا، درۆیەکی گەورەیە و تەمەن لەگەڵماندا کردوویەتی، چونکە ئێمە هەمان منداڵەکەی جارانین و ئەو دەستەی ئێستا دەیخەینە سەر شانی ئەو هەمان دەستی منداڵییە کە جاران لەخوارەوە هەڵماندەبڕی و دەمانخستە دەستی دایکمانەوە تا لەگەڵ خۆی بمانبات.. (ئەوە دەستی منە کە خیانەتی لەدەستی دایکم کردووە و دەمەوێت لەودیو تارمایی چاویلکەکانمەوە پیشانیبدەم، کە ئەوە منم ئاگام لە دایکمە). وەلیٚ لە ڕاستیدا من هەمان منداڵەکەی جارانم، منداڵە پڕ ترس و گومانەکەی پێش هەڵچوونی جەستە و جیابوونەوەم لە زەوی، کە لەگەرمایی دەستەکانی ئەوەوە هەستم بە دڵنیاییەك دەکرد.. ئەو هەرگیز ناگۆڕێت، ئەوەی گۆڕاوە و ماسکەکانی پۆشیون،ئەوەی خۆی دەشارێتەوە و درۆ لەگەڵ خۆی دەکا، منم!.





**بۆنخۆشیی دایك:**

مەبەستم لە بۆنی خۆشی داییك، ئەو بۆنانە نین، کە لەناو شووشەی عەتری ئەودیو جامخانەی دوکانەکانەوە داندراون. بەڵکو مەبەستم لەو بەرامەیەیە، کە لە سەرکەیی و سەرپۆش و نوقڵ و چوکلێت و پارەی گیرفان و ناو فەقیانەی کراسەکانیانەوە، لە ژێرچەنە و ملوانکە و مێخەکبەند و لاگیرە و گوارە و بازنگ و بەرماڵ و تەزبیحەکانیانەوە هەڵدەستێت و پڕماندەکات لە ژیان.. من هەگیز چوکلێتێك و پارەیەك و دەستەسڕێکم لە دایکم وەرنەگرتووە بۆنێکی خۆشی لێوە نەهاتبێت، کە هەرگیز لەناو شووشەی عەترەکاندا پەیدا نابێت.. ûخۆشترین خەولێکەوتنم ئەوەیان بووە کە لەسەر سەرینەکەی ئەو بووە، لەژێر لێفە ئەستوورەکەیەوە، یان بە عەباو کەواو کۆڵوانەکەی ئەو خۆمم داپۆشیوە و ئیتر پڕبووم لەخەون بینین، لە فەنتازیا و لە فڕین... چ هەستکردنێکە بە دڵنیایی کاتێك لەژێر کەواکەیەوە لەترسان خۆت حەشار دەدەیت و لەپڕ بۆنێکی خۆش، کە دەشێت لە پشتێنەکەیەوە بێت، هەموو ترسێکت لەسەردا دەڕەوێنێتەوە؟ چ کامەرانیەکە کاتێ هەستدەکەیت ونبوویت و بزرکراویت و کەچی لەنکاو شەماڵی بۆنی ئەو دەتباتەوە ئامێزی و بەیەکتر شاد دەبنەوە؟ چ ئەفسوونێکە لە دوورترین سەفەرەوە، لە دوورترین وڵاتەوە، لە جەنجاڵترین شارەکانی دنیا و لە ژوورەکانی بەندیخانەوە، ئاوات بە تام و بۆنی خواردنەکانی دەخوازین؟

ئەوەی دوای مەرگیشی سوکنایی بە ڕۆح دەبەخشێت، ئەوەی ناهێڵێت لە منالّیمان دابڕێین و بۆ هەمیشە سەرگەردان بین، ئەو بۆنە خوداییەیە لەدایکەوە دێت و هەمیشە لە یادوەریماندا بوونی ئەو بەرجەستە دەکاتەوە. ئەوە قەدەری هەموومانە، کاتێك پیر دەبین و مەرگ لەدەرگامان دەدات، جارێکی دیکە دڵمان پڕ دەبێتەوە لەگریان: ئایا ئەو گریانە بۆ چییە؟ مەرگ پێیوایە لەترسی ئەو دەگرین، وەلیٚ ئەوە دوا گریانی ماڵئاواییە لە بۆنی خودایی دایك..

**فرەدایکی:**

دایکەکان لە سرووشتی خۆیاندا تەواوکەری یەکترن و درێژبوونەوەیەکی دایکانەن بەناو توونی پێچاوپێچی بووندا. هەربۆیەشە مرۆڤ کاتێك دەیەوێت ئەزموونی بوون

له فره ڕەهەندی و بەرفراوانیی خۆیدا بکا، هەمیشە زیاد لە دایکێکی هەیە، کە هەریەکەیان کەلێنێکی بۆ پڕدەکەنەوە و لە کونجێکی بووندا دالدەی دەدەن. لەبنەمادا بوون بەقەد ژمارەی دایکەکان، سەرچاوەی هەیە بۆ ژیان، بۆیە ئەو کەسەی دەیەوێت ژیانێکی دەوڵەمەند و تێر بژی، پێویستی بە زیاد لە دایکێك و بە زیاد لەسەرچاوەیەکی بوون هەیە. لەلایەکی دیکەیشەوە: ئەو دایکەیان کە لەڕووی بایۆلۆژییەوە دەمانهێنێتە دنیاوە، هەر بەتەنیا سەرچاوەیەك نییە بۆ بوون و ژیانی ئێمە، بەڵکو میهرەبانیی ئەو، سێبەری بەسەر ژیانی زۆر کەسی دیکەشدا کردووە. جوانیی دایك لەوەدایە کە بەخشندە و سەخییە لە بەخشینەوەی دایکایەتی خۆیدا، چونکە ژیان بۆ ئەوان لە بەردەوامیدا جوانە.

دەمەوێت ناوی دایکەکانم بهێنم، ناوی ئەو دایکانەی هەتا ئێستا جوانیی بوونیان بەسەردا بەخشیومەوە، ئەوانەیان کە مردوون و حەکایەت و بۆنی دایکایەتیان بۆ جێهێشتووم، ئەوانەشیان کە ماون و هەموو ڕۆژێ لە ئاوی ژیانم هەڵدەکێشن و بەجەستەی خۆیان مێژووی نەتەوەکەم و مرۆڤبوونم دەنووسنەوە:


تەلا یونس ئیسماعیل: ئالتوونێك، سەراپا لێبووردەیی و ئەو کەسەی پڕە لە ئاشتی. دایکە قەرەجەکەم کە گوایە ڕۆژگارێك شالاوم بۆ مەمکەکانی بردووە وتینوێتی منالانەی خۆمم پێشکاندوون، خازینەت و خاجەمیل هەموو ئەوانەی شیریان پێبەخشیم و گەورەیانکردم.. شوکریخان: دایکی هەشتاکانی گەڕەکی تووی مەلیك، کە ئەو شەقامە بەبێ ئەو نە جوانە و نە شەقام.. حاجی ئامینە، ئەو دایکەی بە دووعاکانی دەنگم بە ئاسمان دەگەیەنێت و بە شمشێرەکەی بەلا لەسەرم دوور دەخاتەوە.. دایە کیەستن، ئەو دایکەی لە دانیمارك بەدنیای هێنامەوە و سەرلەنوێ زمان و گڕوگاڵی فێرکردمەوە، تا باوەڕ بهێنم بەوەی: دەشێت مرۆڤێك لە دوو نیشتیماندا لەدایك ببێت.. سەعدیەخان: دایکی عەشق و دایکی شیعریم. ئامەخانی جۆلا: دایکی هەدادان و ڕەنج کە لە پەنجەکانیەوە شیلە دێتە خوار و ژیان لە سلێمانیدا بەبێ ئەو شتێکی کەم دەبێت.. دایکی هاوڕێکانم، دایکی قوتابیەکانی زانکۆ، دایکی ناو کتێبەکان، دایکی ناو ڕۆمان و فیلم و سەفەرەکان و



ئەوانەی هێشتا نەمناسیون و نەمدیون و دایکانی دنیا.. بەبێ ئەوان، ژیان مەحاڵ دەبوو، ئەگەر ژیان جوانییەکی تێدا بێت، ئەوە لە بەخشندەیی ئەوانەوەیە!

هەولێر ٢٠٠٢/٢/١٤

(*) ناونیشانەکە دێڕێکی شاعیر (سهراب سپهری)یە بەکەمێ دەستکارییەوە. لە ژمارە ٣ی گۆڤاری شاووشکا دا، بلاوکراوەتەوە.



**سێپتەمبەری ٢٠٠٠ بارێی بچووك، سیوەیل**



## لە بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:

### ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی هزری:

- **دیاردەگەرایی تاراوگە**، چاپی یەکەم: دەزگای باران، سوید ١٩٩٥. چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢
- **سۆفیستەکان**، چ١ ستۆکهۆڵم ١٩٩٨، چ٢ دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩
- **دنیای شتەبچووکەکان**، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چاپی دووەم، ڕەنج ٢٠٠٥
- **کتێبی نالی**، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠١
- **قەفەسی ئاسنین**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٣
- **مێژووی هزری کۆمەڵایەتی**، زنجیرەی هزر و کۆمەڵ ٢، هەولێر ٢٠٠٣
- **هاوکاتی و هاوشوناسی**، دەزگای سپیرێز، دهۆك ٢٠٠٤
- **لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی**، دەزگای سپیرێز، دهۆك ٢٠٠٤، چاپی دووەم، کتێبخانەی سۆران، هەولێر ٢٠٠٤
- **نووسین و بەرپرسیاری** (لێکۆڵینەوە)، چاپی دووەم بە دەستکارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦
- **زانکۆ: لە مۆدێلەوە بۆ واقیع. چاپی یەکەم، دەزگای گەنجان، سلێمانی، ٢٠٠٧**

### بەرهەمی ئەدەبی:

- **گۆرانییەك بۆ گوندە سووتاوەکان** (شیعر)، کۆپنهاگن ١٩٨٩
- **کۆپنهاگن!** (شیعر)، کانونفرهنگ ایران، دانمارك ١٩٩٤
- **زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال** (شیعری) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٠
- **من و مارەکان** (چیرۆك) مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی ١٩٩٩

## گفتوگۆ:

ـ مرۆڤ وەك بەخشندە، **چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦**

## وەرگێڕان:

ـ ئەفسانەی خۆشەویستی (**سەمەد بیهرەنگی) ئەفسانەچیرۆك، چاپخانەی سەركەوتن، سلێمانی ١٩٨٣**

ـ **دەنگی پێی ئاو** (سهراب سپهری) چ١، ١٩٨٩، چ٢ كۆپنهاگن ١٩٩٠

ـ **در امدی بر شعر معاصر کُردی**، (شیعری هاوچەرخی كوردی بە فارسی)، كۆپنهاگن، ١٩٩٠

ـ **پیدرۆپارامۆ** (ڕۆمان)، خوان ڕۆلفۆ (بەهاوكاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، سلێمانی **١٩٩٩**

ـ **دەروازەكانی كۆمەڵناسی** (منوچهر محسنی)، بەهاوكاری كۆمەڵێ وەرگێڕ، دەزگای موكریانی، هەولێر ٢٠٠٢

ـ **ئەلبوومی كیژی جنۆكان** (چیرۆكی منداڵان لە دانماركییەوە)، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

ـ **خۆبەكۆیلەكردن** (ئەتین دۆلابۆتی) بە هاوكاری لەگەڵ مراد حەكیم. دەزگای موكریانی، هەولێر٢٠٠٥.

ـ **ژیان كورتە** (ڕۆمان)، یۆستین گۆردەر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر ٢٠٠٥

**بەرهەمی داهاتوو:**

ـ لە فیلۆسۆفیاوە بۆ فۆبیاسۆفیا

ـ كەلتووری تەور

ـ مێژووی هزری كۆمەڵایەتی بەرگی یەكەم.

ـ سۆفیستەكان: لە ستایشی فەلسەفەی كەمایەتیدا



## یاداشت